- خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

- سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

- بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

- مۆتیڤ و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل


# ڕامان

124

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ ئەیلوولی ٢٠٠٧


ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


**● سەروتار**

– پەیامی ڕۆژنامەنووسیی جنێوفرۆشی نییە/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– بەرزاییەکانی ئەزمر، بەرزاییەکانی وەزەرینگ/
نەزەند بەگیخانی/ 5
– دەسپێکی دەسپێکێکی نوێ/ زانا خەلیل/ 7
– بۆ ئیل بیس پێرسرلی/ سەلاح کەریم حوسێن (سورخی)/ 9
– هەلبەستەکا سەرکێش/ ئاخین وەلات/ 10
– غەزەلێک بۆ درەخت/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 11
– سازی ئەفسووناوی جیهان/ جەبار جەمال غەریب/ 14
– تاوان/ بەکر دەروێش/ 25
– سالمەندان/ پەرویز جیهانی/ 27
– چەرخوفەلەک/ لە فارسییەوە: محەمەد ئەمین شاسەنەم/ 29

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ ڕێزدار (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)ی
نووسەر و وەرگێڕ/ ئا: خەبات ڕەسووڵی/ 36
– دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی میللی (سەڵاح داودە)/
ئا: وشیار ئەحمەد ئەسوەد/ 48

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– کاریگەری نووسینەکانی عیشقی لە بەرهەمی گۆراندا/
ئامر طاهر/ 54
– بەراوردێک لە نێوان لەیل و مەجنوونی عەرەبی و فارسی و تورکی
و کوردیدا/ د. کەمال مەعرووف/ 65
– مەسعوود محەمەد ئیستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد/
هەندرێن/ 74
– هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێت-دا/ ڕەهبەر مەحموودزادە/ 86
– دەسەڵاتی ئەفسانە/ لە عەرەبییەوە: سەڵاح حەسەن پاڵەوان/ 94

**● وتار**

– چۆن شتەکان دەرک دەکرێن/ زەیتۆ شێخانی/ 108
– زەردەشت/ فەرەیدوون حەکیم زادە/ 113
– هزرەیلی شیعری تی. ئێس. ئیلیەت/ لە فارسییەوە:
عەبدولخالق یەعقووبی/ 117
– ئەو پۆل ئێلوارەی من ناسیم/ فەرهاد پیربال/ 121

**● هزر و فەلسەفە**

– داندرۆف: تیۆری کۆمەڵگای دوای قۆناغی
سەرمایەداری/ د. حەمید عەزیز/ 126
– ماهییەتی سۆز و خۆشەویستی لە سایکۆلۆژیادا/
سەعید محەمەد نووری/ 139
– قوتابخانەی شێوەیی لە دیدی (جۆرج زیمیل)ەوە/
لە عەرەبییەوە: شوکور سلێمان/ 146

**● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**

– تیۆرەکانی واتا/ سەلام ناوخۆش/ 150
– ڕۆڵی شۆڕشی پێوەندیکردن لە بەجیهانیکردنی
ڕاگەیاندندا/لە عەرەبییەوە:محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری/159

**● مێژوو - کەلەپوور**

– ڕوانینێک لە ڕۆشنبیری دانیشتوانی ئوستانی عیلام/
لە فارسییەوە: عەباس سلێمان سمایل/ 165

**● هونەر**

– بەرلیناله و فیلمی کوردی: بیانوویەک بۆ خۆمانیفێست
کردن/ بەکر عەلی/ 172
– گرۆتۆڤسکی: وەڵام بۆ ستانیسلافسکی/
لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم/ 179
– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 186
– جیهانی نوێ/ لە فارسییەوە:
کەمال عەبدوڵڵا حەسەن/ 191

**● خوێندنەوەی کتێب**

– ڕۆژە خۆشەکانی ڤیلێت/ هاشم سەڕاج/ 193

**● نامە**

– کۆتایی بەشێک لە کتێبی مێژوو.. نامەکانی
گۆنتەرگراس و کنزا بوروا ئووئە/ لە فارسییەوە:
بەدرەدین ساڵح/ 197

**● ئێستێک**

– دوو کۆڕی زمانەوانی/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 200

سەروتار

له پەراوێزی كولتوورەوه

# پەیامی ڕۆژنامەنووسیی جنێوفرۆشی نییه

(١ - ٢)

سەرنووسەر

* ئەگەر نووسین بە هەموو كایەو بوارەكانی خۆیەوه بریتی بێ له شێواز و وەک بیفۆن دەڵێ: (شێواز ئینسانەكه خۆی بێت)، ئەوه بێگومان لەو شێوازەوه كەسایەتی و ڕەوشت و ئاستی ڕۆشنبیری و تەنانەت جۆری پەروەردەی ئینسان بە دەردەكەوێ، چونكه (شێواز)ی ئەو كەسە، كەسەكەی پێ دەناسرێتەوه و ئاستی ڕۆشنبیری و كەرەسەكانی دەستی و بوێرییەكەی بەدەردەخات، كاسەش ئەوەی لێ دەڕژێ كه لەناویەتی، بوێریش بەشێكه له بیر و هزری كەسەكه كه هێزی كەسایەتی و مەنتیقی ئەو كەسە دروستی دەكات، واتە قەت بوێری گێرەشێوێنی و جنێودان و سووكایەتی بە خەڵک كردن و ناوزڕاندن نییه، چونكه بۆ ئەم كارانە هەموو كەس دەتوانێ بەڵانسی خۆی لەدەست بدات. ئاژاوەگێری و تۆمەت بەشینەوه هەمووكەس پێی دەوێرێ و دەتوانێ موماڕەسەی بكات، بەڵام هەموو نووسەرێک ناتوانێ قورس خۆی ڕابگرێ و بڵانسی خۆی تێک نەدا!.

* ناكرێ و نالوێ بەناوی ئەوەی ڕۆژنامەنووسێكی لاوه، چی دەیەوێ بیكات و بیڵێ بەبێ گوێدانە هیچ داو و نەریت و پرەنسیپ و ئەخلاقیاتێكی ڕۆژنامەوانی، چونكه ئەگەر ئەو كەسەی لە ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێكدا سووكایەتی پێدەكرێ، تۆمەتباریش بێ، ئەوه تۆمەتبار بەپێی یاسا (بێتاوانه) تا تاوانەكەی بەسەردا دەسەپێ ، ئەوەش لە كاتێكدایە كه دیقەت و لێكۆڵینەوەی وردی یاسایی لەگەڵ دۆسییەكەیدا دەكرێ، نەک هەر بە نوقڵانە لێدان و گومان كردن له نرخی خەڵكی بهێنرێتە خوارێ. جاری واش هەیە ڕۆژنامەنووسی لاو و كەم ئەزموون دەست بۆ مەسەلەی زۆر حەساس دەبەن، بەبێ ئەوەی بزانن بەم كارەیان درز و كەلێن دەخەنە ناو ڕیزەكانی گەلەكەیانەوه و هەڕەشە لە ئایندە و ئاسایشە نەتەوەییەكەی دەكرێ، لەو باسانەش باسوخواسی ناووناوبانگی بنەماڵەیی و خانەوادەیی، مەزهەبی و تایفی و ئایینی پڕ مەترسی دەورووژێنن، یان جاری وا هەیە دادگا كێشەیەكی یەكلایی نەكردووەتەوه، كەچی ئەوان دەچن كنەی تێدا دەكەن و بە ئیشتیهای دڵی خۆیان قسە هەڵدەڕێژن.

* ئەگەر پەیامی ڕۆژنامەگەری بۆ خۆی گەیاندنی (هەواڵ)ـه بە گەرما و گەرمی و بە ڕاستگۆیی، هەروەها پێشكەش كردنی ڕیپۆرتاژ بێ لەبارەی ئەو دیاردانەی لەناو كۆمەڵگادا زەقن، لەم دوو ئەركەی ڕۆژنامەوانیشدا بەهیچ شێوەیەک ناكرێ (ڕۆژنامەنووس) بیروڕای خۆی بخاتە دووتوێی (هەواڵ)ەكانەوه، یان ئاراستەی (ڕیپۆرتاژ)ەكەی بەو ئاقارەدا ببات كە خۆی حەزی پێدەكات، چونكه لەم حاڵەتەدا كارەكەی لە پەیامی ڕۆژنامەگەری دەردەچێ و ئەوسا دەبێ ناوێكی دیكەی لێ بنێین. كه دەگوترێ ئەمڕۆكه ڕۆژنامەگەری كوردی تووشی بێ سەروبەری و ئاژاوەگێڕی هاتووه، لەبەر ئەوەیە كە ڕۆژنامەگەری كوردی خەڵكانێكی زۆری تێكەوتووه كە سیفەتی ڕۆژنامەنووسیان تێدا نییه و ئەوانە بە كەیف و ئارەزووی خۆیان شەلم كوێرم هیچ نابوێرم كەوتوونەتە تانەو تەشەردان و ناو زڕاندن و سووكایەتی كردن بە پیشەی ڕۆژنامەگەری و بەخەگرتن بەنووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورە و لێهاتوو كه ئەوانە سەرمایە و گەنجینەی نەتەوەیەكن، داخەكەم كەسیش نییه لەوجۆره كەسانە بپێچێتەوه و تا ئێستا هیچ یاسایەک نییه ڕێگە لەوجۆره دەمشڕانە بگرێ و سنوورێكیان بۆ دابنێ.

* لەوەش كارەساتبارتر ئەوەیە كەسانی نەفس نزم و ترسنۆک و لاواز و بوودەڵە كە لەوەتەی هەن پیشەیان شان تەكاندن و ماستاو ساردكردنەوه و كاسەلێسییە، لەجیاتی ئەوەی ئەوجۆره كەسانە كە نامۆن بە دنیای ڕۆژنامەگەری و نووسین و داهێنان بەنزمی تەماشا بكەن تا گۆشەگیر بكرێن، دێن و دەكەونە ماستاو ساردكردنەوه و مەرایی كردن بۆیان و دەست لە پشتیان دەدەن تاكو بەلای ئەواندا نەچن و لەبارەی پۆخڵەواتی ڕابردووی پڕ لە شەرمەزارییان نەنووسن و لاپەڕە ڕەشەكانیان هەڵنەدەنەوه، ئەوانە بەو جۆره خۆ

ڕەپێش کردن و خۆبردنە پێشەوە و مەرایی کردنە وا دەزانن دەتوانن خۆڵ بکەنە چاوانی خەڵکی و بەو چەواشەکاری و چاووڕاو و بوودەڵییە خۆیان بشارنەوە، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە وەک وشتر مورغیان لێهاتووە، واتە سەریان لەناو لم نقووم کردووە و وادەزانن هەموو گیانیان شاردراوەتەوە.

* سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر دروشمی پاراستنی ئازادی بیروڕا دەربڕین و نان نەبڕینی ڕۆژنامەنووسان داکۆکی لە ئەندامانی خۆی دەکات، ئەمە کارێکی جوانە، بەڵام پێویستە پێش هەر شتێ لامێژ و مشەخۆرەکان لە ڕۆژنامەنووسە ڕاستەقینەکان هەڵاوێرێ، چونکە ئەو دروشمە ناکرێ بۆ ئاژاوەگێر و گێرەشێوێنان بێ و سوودی لێوەربگرن، یان هەر ناکرێ ڕیزەکانی خۆی لەو جۆرە کەسانە پاک نەکاتەوە، پێویستە وەک داکۆکی لەوانە دەکات و بەیاننامە بۆ پشتگیری کردنیان دەردەکات کاتێ ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی و یاسایی دەبنەوە، بەهەمان شێوەش دەبێ کەرامەتی ڕۆژنامەنووسە چاکەکان بپارێزێ کاتێ بەهەوەنتە بەر چەقۆ دەدرێ. دەمێکە وتراوە (ئینسان تەنیا بەنان ناژی) من دەپرسم نان لەکەرامەتی ئینسان گەورەترە کاتێ تووشی ناوزڕان دەبێتەوە؟ سەندیکاو نێوەندی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری دی بۆ خۆیان سەنگ و قەوارەی هەر ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک لەناو نێوەندەکە لەهەموو کەس باشتر دەزانن، کاتێ لەلایەن کەسانی جاهیل و جنێوفرۆشەوە پەلامار دەدرێن ناکرێ نقەی لێوە نەیەت و هەڵوێستی بەرانبەر بەو نامۆیانەی ناو بارودۆخی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی نەبێ کە بێ پەروا دێنە مەیدانەوە، چونکە ئەم جۆرە دیاردانە سەرەتا بە حاڵەتی تاک و تەرا دەست پێدەکەن، یان ناکرێ هەڵوێستی دووفاقانە بگیرێتە بەر.

* وەک ئەو هەڵوێستە بەرانبەر بەجنێوفرۆشان و دەمشڕان نییە و نابینرێ، تا ئەم لەحزەیەش یاسایەک نییە ڕۆژنامەنووس و نووسەری ڕاستەقینە لە کەلبەی ناهەقی بپارێزێ، کارەکان بە پێچەوانەش دەکەونەوە، چونکە لەکاتێکدا خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەیە جنێوفرۆش گۆشەگیر بکرێ تا هیچ نەبێ بە خۆیدا بچێتەوە و هەوڵ بدات لە داهاتوودا بە ئەدەبانەتر بێتە حزوور، کەچی کارەسات لێرەدا ئەوەیە کەسانێ هەبن لەبەر خاتری چاوی کاڵی «جنێوەکان»ی خەڵات و ئافەرین بکرێ، هەڵبەتە ئەم کارە خەڵکانی دی هان دەدات کە چاو لەو جنێو فرۆشە بکەن، تا بەڵکو ئەوانیش بەهۆی کاری جنێوفرۆشی وناوزڕاندنی خەڵکییەوە خەڵات و بەرات بکرێن، واتە جنێوفرۆشی دەبێتە قاعیدە و ڕێچکەیەک و دواتر کەسانی دیکەش بەو ڕێگایانەدا دەڕۆن و هەر ئەو ڕێگایە تاقی دەکەنەوە، لەجیاتی ئەوەی پێشی لێبگیرێ.

* وەک پێشتر وتوومە ڕۆژنامەنووسی ئاخر زەمان هەوڵ دەدات بەناو ژووری نووستن و ناو داڵان و حەوشەی ماڵەکانیشدا پیاسە بکات و قسە لە بچووکترین تایبەتمەندیی کەسەکان بکات، ئەوەش لەبەر ئەوەیە سنووری کاری خۆی نازانێ، لەکاتێکدا وەزیرێک بەقەدەر بێژەرێک قات و بۆینباغ ناگۆڕێ، ئەو دێت و باسی ژمارەی قاتەکان و بۆینباغەکانی دەکات، بگرە تەمەنناش دەکات بچێتە جێگەی ئەو و بەقەدەر ئەو قات و بۆینباغی هەبێ، کە ئەمە لە هیچ شوێنێکی ئەو دنیایە جێگەی ڕەخنە و گلەیی نییە، چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووسی قسەکردن و گفتوگۆ کردنی قووڵ و قورسە لەبارەی بەرنامە و کاری حکوومەت و شێوەی ئەدا کردن و جێبەجێ کردنی پرۆژەکان و قووڵکردنەوەی هەست و گیانی لێپرسینەوە لەلای ئەندامانی کۆمەڵ و قاودانی گەندەڵی لەکاتی ئیشوکار ڕاپەڕاندندا، کەچی دەبینین خەڵکی بە شتی لاوەکی و لابەلایی خەریک دەکرێن و شتە جەوهەرییەکانیان لەبیر دەبرێتەوە.

* ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆی کورد لەناڵیش دەدات و لە بزماریش دەدات، لەگەڵ دز و لەگەڵ قازیشە، خۆشی نازانێ یاسا و چەسپاندنی یاسای دەوێ، یان یاسای دارستان و جەنگڵستانی دەوێ؟ چونکە دەبینین لەلایەک داوای یاسا و جێگیر کردنی یاسا دەکات، لەلایەکی دیکەوە هانی خەڵکی دەدات بۆ سەرپێچی کردن و کاری نایاسایی، یان سەرپێچی کردن لە یاسا دەکرێتە مانشێت، وروژاندن و هاندانی خەڵکی بۆ هەڵگەڕانەوە لە دامودەزگا شەرعییەکانی خۆی دەگرێتە بەر، کە ئەمەش جۆرێکە لە سەرلێشێواوی، چونکە خواشی دەوێ و خورماشی دەوێ، بەخۆشی نازانێ لە چ سەنگەرێک وەستاوە و تەقە لەکێ دەکات؟

* جاران جنێوەکان کە ئاراستەی یەکتری دەکران زیاتر لەحزبەکانەوە دەستی پێدەکرد، بۆیە دەڵێم لەحزبەکانەوە دەستی پێدەکرد، چونکە بەهۆی ئامێری ڕاکاڵەوە ئەو جنێوانە دەدران و خەڵکی دەمشڕ دەهێنرانە سەر ئەو جیهازانە و دەکەوتنە جنێوی سووک و بازاڕی دان بەیەکتری، ئەمڕۆکە خەریکە سایتە کوردییەکان شوێنی جیهازەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ دەگرنەوە و بەو ئاراستەیەدا دەبرێن و بۆ تەسفییەی حیساباتی سیاسی هەمان کار و ئەرکیان پێ دەسپێردرێ، بەڵام نەختێ لەسەردەمی شەڕی جیهازەکان ماقووڵتر و وەستایانەتر ئەو کارە جێبەجێ دەکرێ.

* ئەوەی کە زیاتر گومانەکە خەست و چڕ دەکاتەوە ئەوەیە کە جنێودان و ناوزڕاندنەکە بەهەڵبژاردنی کەسانێک کۆتایی پێ دێ کە بەلایانەوە مەبەستە تەنیا ئەوانە بخەنە ناو بازنەی جنێو و ناو زڕاندنەکانەوە، واتە کارەکە کارێکی ئینتیقائییە، بۆیە سەرنج بدەن دەبینن لەپاش ڕاپەڕین ئەوانەی زۆرترین پەلامار و هێرش دەکرێتە سەریان، زۆریان کەسانی دڵسۆز و پەرۆش و غەمخۆر و جدی و کاریگەرن، هەر هیچ نەبێ ئەوانە زۆرینەی ئەو کەسانەن کە هێرش دەکرێتە سەریان کە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا کار دەکەن، ئەگینا بەدەیان کەس هەن کە شایەنی ئەوەن لێیان لەهەڵڵا بدرێ و ڕیسوا بکرێن، چ لەوانەی پێش ڕاپەڕین، چ ئەوانەی دوای ڕاپەڕین، کەچی خۆیان لە ئاستی ئەوانە گێل دەکەن و لەباشترین حاڵەتدا زۆران کەس هەن کە شتی ناجۆر و کاری ناپاکانەی ناڕەوایان لێ وەشاوەتەوە، کەچی ناوی ئەوانە لە کولەکەی تەڕیشدا نایەت، چونکە ئەوەندەی مەبەستیان لێدانی کەسانی بەرچاو و ناسراو و ئیشکەرە، ئەوەندە مەبەستیان ئەو جۆرە کەسانە نییە.

* ئەمڕۆکە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیش بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لەکاری گەندەڵی، گەندەڵی وەک دیاردەیەک کە ڕاگەیاندنەکان زەقیان کردەوە و ئێستە بووەتە وێردی سەر زاران، باس لەهەموو جۆرە گەندەڵییەک دەکات، تەنیا گەندەڵی بواری ڕۆژنامەڤانی و ڕاگەیاندنی بواردووە و زۆر کەم نەبێ ئەگینا خۆی لەقەرە نادات، تۆ بزانە چەندین ڕۆژنامەوان و پەیامنێر کاتێ دەگەنە لای هەر بەرپرسێک داوای دەسکەوت و ئیمتیازاتی لێ دەکەن. جاری وا هەیە لەنێوان ڕۆژنامەنووس و گەندەڵکاران ژێراوژێر ڕێکدەکەون بۆ ئەوەی زۆر کەتنی زەق و گەورە دیزە بەدەرخوونە بکەن تا پەردەپۆش بکرێ، ئایا ئەوە جۆرێک لە گەندەڵی و کاسە لێسی نییە ڕۆژنامەنووس چاو لە زۆر هەڵە و کاری ناڕەوا بپۆشێ و بەدەم چەورکردنێک خەڵکی بە شتی پەراوێزییەوە سەرقاڵ بکات؟

# بەرزاییەکانی ئەزمڕ، بەرزاییەکانی وەزەرینگ (١)

نەزەند بەگیخانی
(بەریتانیا)

پێشکەشە بە «تۆ»



من ئەوم
کاترین
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە
دەدەمە شەقەی باڵ
لە لووتکە نەسرەوتەکانی ئەزمڕ
لە باوەشی هیڤکلیف ئارام دەگرم

من وەرزێکم پڕ لە زریکەی زریان
لە زەمەنێکی ناوەخت هەڵمکرد
لەسەر گردە نیگەرانەکانی ئەزمڕ
من هەورە تریشقەم
دەشریخێنم
من دەمێکە لە ناخی ئەو خاکە شپرزەیە هەڵکشاوم
چەشنی برووسکە
بەرەو بەرزاییەکانی وەزەرینگ
پانتایی عەشقێکی پڕ لە گێژاو

من ئەوم
زارۆکێکی زیتەڵ
لەبەرزاییەکانی وەزەرینگ
لە وەرزی تۆفانەوە دێم و
لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ
گوێ لە حەیرانی ئەو خاکە دەگرم
وەک بوومەلەرزە
من ڕادەچڵەکێم
جەستەی چیا بە قودرەتی تاسەی من دەجووڵێ
تۆ کرووزانەوەی دڵی ئەم بەردانە نابیستی؟
هەڵبزرکانی ڕەنگی ئەم تاڵە گیایانە نابینی؟
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
من ئەوم
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە دێم
دەستی هیڤکلیف دەگرم و
پەنجەرەیەک دەکەمەوە
کە دەمێکە لەسەر حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات داخراوە

**من ئەوم**
**ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق**
**لە فەزای نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ**
**دەدەمە شەقەی باڵ**
**من بەفڕین ئاماژەکانی پێک نەگەیشتنی ئەو دوو تەنە**
**دەنووسمەوە**
**تەنی نووری ڕۆژهەڵات و**
**تەنی فزوولیەتی ڕۆژئاوا**

**من ئەوم**
**ئەوەتا دەستەکانم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ سەوز بوون**
**لەوێ من پێشوازی لە هیثکلیف دەکەم**
**پەنجەکانم وەک مۆم دادەگیرسێن**
**تەماشام نیگای خۆڵ ڕۆشن دەکاتەوە**
**من تارمایی عاشقێکم**
**لە نێوان دوو پانتایی**
**گوزەر دەکەم**
**لە سپێدەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێم**
**لەبەر دەرگای خوداکان**
**دەبمە درەختێک لە تیشک**
**لە ڕۆژئاواش**
**لەناو ژووری خەڵوەت**
**لە پشت هەنگاوە هەمیشەییەکانی تەنهایی**
**من بەخۆم دەگەم**

**من ئەوم**
**گزنگێکی ڕێحانی لەسەر پەرچەمی با**
**لە هەڵکشانمدا لە نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ**
**من دەبمە شینەشاهۆ**
**دەدەمە شەقەی باڵ**
**ئەی هیثکلیف**
**تۆ بیابانێکی پڕ لە گەردەلوولی حەسرەت**
**چاوەڕوانی فڕینم بکە**
**لە بەرزاییەکانی ئەوێ**
**من دێم و**
**لە پەنجەرەی کۆشکێکی قرمزییەوە**
**دەستەکانم درێژ دەکەم**
**چەشنی ئەسحابە**
**لەسەر ڕوخسارت بەدوای جارانی خۆمدا دەگەڕێم**
**لەسەر ڕوخسارم بەدوای خۆتدا دەگەڕێی**

**من لە باخچە هەمیشە بە ئاگاکانی ئێرەوە**
**دێمە ناو ژووری سووتانی تۆ**
**لە کەنارەکانت ڕادەکشێم**
**جەستەت پڕە لە بۆنی منداڵی من**
**جەستەم پڕە لە ئازاری ڕۆژهەڵات**
**ئاوێنەیەک پڕ لە تەماشای کچ و کوڕە قەرەجەکان**
**ئێمە جەستەمان پڕە لە چرپەی لێکدابڕان**

**ئەوە منم**
**ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق**
**لەنێوان داکشانی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و**
**هەڵکشانی نشێوییەکانی ڕۆژئاوا**
**من گڕێکی نوورانیم**
**بەرزاییەکانی ئەزمڕ پڕن لە ڕەشەبا**
**لە هاواری هیثکلیف**
**وەزەرینگ-یش پڕە لە زەنگوڵی عەشق**
**ئێدگار لینتن (٢) لە ناوەوەڕا دەگریا**
**منیش گزنگێکی ڕێحانیم لەسەر پەرچەمی با**
**لە ئاسمانی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا**
**حزوورێکی هەمیشەیی نادیارم**
**پڕم لە هێما**
**هێمای ئیشراق لەسەر خاکێکی نائارام**

**من ئەوم**
**لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ دێمەوە**
**گزنگێکی ڕێحانیم**
**لە خەڵوەتگای وەزەرینگ من زیکر دەکەم**
**تەنێکی تەنکم**
**نیوەم هی ئێرەیە و**
**نیوەکەی دیکەم هی ئەوێ**
**من نە لەوێ پڕم**
**نە لێرە کامڵ**
**لەسەر ڕووبەری ئەو تێکەڵ نەبوونە**
**سەرگوزەشتەیەک دەمنووسێتەوە**
**عاشقێکم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ و وەزەرینگدا**
**بەدوای ئاوێتەبوونی دوو ڕۆحدا وێڵم**
**حزووری هەمیشەیی پیاوێکی نادیار**
**من بە دوای ڕۆحانیەتی تۆدا دەدەمە شەقەی باڵ**

کاڤەر شام. هاوینی ٢٠٠٧

(١) «بەرزاییەکانی وەزەرینگ» ناوونیشانی تاکە ڕۆمانی ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیز، ئێمیلی برۆنتییە (١٨٤٧).
وەزەرینگ شوێنێکە لە یۆرکشیەر و لە زمانی ناوچەکە واتای «زریان» دەگەیەنێ. کاترین و هیثکلیف دوو پاڵەوانی سەرەکی و عاشقی یەکترین.
(٢) ئێدگار لینتن هاوسەری کاترینە.

# دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ

زانا خەلیل

### دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ

بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەم
دەبێ لەدەستپێکەوە دەست پێبکەم..
بۆ ئەوەی دەستپێکی ژیانێکی نوێ دەست پێبکەم
دەبێ لەپێناوی (ڕازیکردن) خۆشەویستی نەکەم.
نابێ لەپێناوی ڕازیکردن خۆشەویستی بکەم.
بۆ ئەوەی دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ نوێ دەست پێبکەم
دەبێ تەنیا لەپێناوی خۆشەویستی خۆشەویستی بکەم.

### کۆکی و ناکۆکی

پێدەچێ کۆکی ناخۆشتربێ لەناکۆکی
یان ناکۆکی خۆشتربێ لە کۆکی
گەرنا بۆچی هەموو دنیا کۆکە لەسەر ناکۆکی؟

### ٧٧ ساڵ

٧ ساڵە، تەنیا ٧ جار خیانەتت لە ژنەکەت کردووە.
بەڵام ٧ ساڵ بەرلەوەی ژن بێنی
بە ٧ ساڵ خیانەتت لە ٧٧ ژن کردبوو.
بۆیە ئێستا لە ٧ سەعاتدا
ملیۆن جار گومان دەکەی
ئاخۆ لە ماوەی ٧٧ ساڵدا
ژنەکەت تەنیا جارێ خیانەتت لێدەکا!؟

### شاعیری ڕەش

شاعیرێکی سپی لەنێوانی دوو ژووری ڕەشدا ئێرە و ئەوێ دەکا.
شاعیرێکی سپی لەنێو دوو ژووری ڕەشدا دانیشتووە.
شاعیرێکی سپی لەسەر دوو ئاوێنەی ڕەشدا
بەڕەشی دەنووسێ: ڕەش ڕەش.

لەنێو دوو ژووری ڕەشدا
لەسەر دوو ئاوێنەی ڕەشدا



بەبەغایەکی ڕەش و بە قەڵەمێکی ڕەش
پۆرترێتی شاعیرێکی ڕەش دروست دەکا ڕەش ڕەش.

### سەفەری مەیموونەکان

لە ئۆقیانووسێکی قووڵایی دیاری ئەزەلیدا
ملیۆنان مرۆڤ لەنێو کەشتی زەمەندا
ڕووە و خاڵێکی زانراو لە ڕێدان.

لە ئۆقیانووسێکی قووڵایی دیاری ئەزەلیدا
ملیۆنان مەیموون لەنێو کەشتی زەمەندا
نایانەوێ بزانن
بەرەو کوێ لەسەفەردان!!

### سێرک و خۆشەویستی

مەیموونێکی جوان
پرتەقاڵەکانی نێو لەپی هەڵدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
هەڵیدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
هەڵیدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
کە لە سێرک تەواو بوو.. زانی
زانی ئەوانە پرتەقاڵ نەبوون پیاو بوون!
لەگەڵ ئەوەشدا.. پێکەنی.

### هەمیشە زمانێک ماوە بۆ زمانی شیعر

هێشتا دەرفەتێک ماوە بۆ دەرفەت.
هێشتا ڕێکەوتێک ماوە بۆ پێشوازیکردن لە ڕێکەوت.
هێشتا چارەنووسێک ماوە بۆ گۆڕینی چارەنووس.
هێشتا دەم و لێوێک ماوە بۆ ماچ.
هێشتا زمانێک ماوە بۆ زمانی شیعر.

هێشتا دەرفەت ماوە بۆ ژنێک
بەدزی مێردەکەی گۆرانی بۆ دراوسێکەیان بڵێ.
هێشتا ڕێکەوتێ ماوە بۆ پیاوێک
چرقەی نیوەڕۆ بە پێدزکێ بچێتە ماڵی ژنێک.
هێشتا چارەنووسێک ماوە
کە ئاگر لە هەموو چارەنووسێ بەردا.
مەترسە لە ژیان لەو کاتەی کە لەمەرگ دەترسێ.
مەترسە لە مەرگ لەوکاتەی کە لە ژیان دەترسێ.
هەمیشە دەمو لێوێک ماوە بۆ ماچ.
هەمیشە زمانێک ماوە بۆ زمانی شیعر.

# بۆ ئیل بیس پێرسرلی

سەلاح کەریم حوسێن (سورخی)
(سوێد)



منی پەمەیی و مێشە خۆڵەمێشییەکان
لە یەک پیاڵەدا مەی دەخۆینەوە
کە من بێم
ئەوان دەفڕن
کە ئەوان دێن
من دەڕۆم
ئا گیانی گیانە پاکەکەم
ئاسمان پەردەی ڕۆحی مردووەکانمانە
بەسەرماندا دادراوەتەوە
هەموو ڕۆژێ پێ بەسەر جەستەی
مردووەکاندا دەنێین و بەسەریاندا بازدەدەین
ئای بۆ هێلانەیەک لە ئاسماندا
چۆن بەسەر زەویدا بڕۆم
نەشتوانم ڕوو لە ئاسمان وەربگێڕم
لە ئاسمان زیز نیم و ناشتوانم زەوی جێبهێڵم
من و مێشە پەمەییەکان
لەگەڵ شەیتانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆح سپی
لە یەک پیاڵەدا دەخۆینەوە
گێژ و مەست دەسووڕێنەوە
بە ماچێک دێمەوە سەر سەما
دەترسێم تۆ نەبی و خۆشەویستیم ڕوو لە خوا کا
ڕوو لە بەرد و ڕوو لە خۆمیش
دەترسێم لە جیاتی تۆ
بەرد و چنگێک خۆڵ و درەختێک لە باوەش بگرم
ماچی دیوارێک بکەم و ڕووشم لە ئاو و ئاسن
لە هەمان پیاڵە
من و گوڵی ناو گوڵدانەکەم
لەگەڵ مێشەکاندا دەخۆینەوە
بەشی تۆ ئەی هاوڕێکەم
ئیل بیس دەهێڵمەوە

ئابی ٢٠٠٧ ستۆکهۆڵم

ئیل بیس پێرسرلی: گۆرانیبێژێکی ئەمریکییە لە وڵاتەکەی خۆی نازناوی پاشای گۆرانی دراوەتێ.

# هەلبەستەکا سەرکێش

ئاخین وەلات
(ڕۆژئاوای کوردستان)

**ئەڤ سبا خوناڤگرتی**
**ژ بایەکی هێنک ڤەدژە**
**هەر تشت دقەرمە**
**وهن ب هن**
**ترس د چاڤادا دمەیێ**
*** * ***
**ئەڤ چیایێن ل ریز**
**یەک ب یەک**
**ل پێش چاڤێ من**
**مەزن دبن**
**بلند دبن**
**و ژ سییا خوە دڕەڤم**
*** * ***
**تاویمە**
**د شەڤڕەشییێ دا دلکومم**
**و د کانگەهێن تیپادا**
**ل تە دگەڕم**
**تو نە خۆیایێ**
**نە خویایێ**
*** * ***
**د خوە دا کۆمدبم**
**ژ هەلبەستەکا سۆر دفوورم**
**و ئەز باش زانم**
**تو هەلبەستەکا سەرکێشێ**
**ب پێنووسا من ناکێ**
**و د سەرکێشیا من دا**
**کەدی نابێ**
**کەدی نابێ...**



ئەڤ هەلبەستە ژ دیوانا «هەلبەستنا بێ زمان» رووپەلێن (٦٢–٦٣) هاتییە وەرگرتن کو ل سالا (٢٠٠٠) ێ ل بەیروت– لوبنان هاتییە چاپکرن و، ژ رێنووسا کوردی–لاتینی هاتییە ڤەگواستن ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.

# غەزەلێک بۆ درەخت

سیاوەش کەسرایی

لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

تۆ بەژنی بەرزی ئاواتی ئەی درەخت
بەردەوام ئاسمان لە باوەشتا خەوتووە
تۆ باڵا بەرزی ئەی درەخت
دەستت پڕە لە ئەستێرە و گیانت لێوڕێژە لەبەهار
تۆ شۆخ و شەنگی ئەی درەخت!
کاتێ با هێلانە دەکا
لەنێو لق و پۆپی تۆدا
کاتی کە با
قژی سەوزت شانە دەکا

کاتێ سازی نەرمی بارانە لێدەدرێ
لەبەزمی سارد و سرپیدا
تۆ سترانبێژێکی خەمبار و دەنگخۆشی ئەی درەخت!
لەژێر پێتا
ئێستا شەوە و ئەو شەو گەستووانەی چاویان
هێشتا بەیانی نەدیوە
تۆ لەکوێ بۆ ڕۆژ و هەتاو
پڕ بە چاوت
لەدەشتی ڕازاوە دەڕوانی ئەی درەخت!

تۆ بە هەزار دەمار خۆتت
لە گیانی خاک گرێ داوە
لە هەورە گرمە مەترسە
باکت لە برووسکەش نەبێ تۆ خۆڕاگری ئەی درەخت!
سەرهەڵێنە
سەربەرز بە ئەی وەکو هیوا سرک و سڵ
لەگەڵ ئێمەی ئەی تاقانەی
هەمیشەتەنیا ئەی درەخت.



## لەم شەوگارەدا

شەفیعی کەدکەنی

لەم شەوگارەدا
کە گوڵ لەگەڵا و گەڵا لە سروە و سروەش لە هەوری
ئاسمان دەترسێ.
لەم شەوگارەدا
کە ئاوێنەکان لەگەڵ وێنەکەی خۆیان غەوارەن
کانیاوەکانیش سروود و ڕازی خۆ دەشارنەوە
ئاوا وشیار و دەریا ئاسایی
بە تەنیا هەر تۆی گۆرانی دەچڕی.

بە تەنیا هەر تۆی کەوا دەستری
سروودی خوێنی پامال کراوی شەهیدەکان و مەرگ و
قەلاچۆ.
بە تەنیا هەر تۆی کەوا تێدەگەی
زمان و ڕازی ئاوازی سازی هیوا براوان.

لەسەر ترۆپکی ئەو دارە بەرزە
هۆنراوەبێژی باخی بێ گەڵای!
لەوێ بمێنە تاکو ببیستن سۆزی ئاوازت
ئەو درەختانەی لەگەڵ لاوێن و چرۆدا خەوتوون.
لەوێ بمێنە با ئەو دەشتانەی ڕوونی ئاوێنەن،
گوڵی دەم ڕووبار
تەواوی ڕق و بێزاری خۆیان لەدەست سەردەمی تالان و
برۆ
پاکی ببیستن لە ئاوازی تۆ.

تۆی خەمبارترین سروودی ژان و شایەری سەردەم
تۆ باراناویترین هەورێکی کە دەگری بەکوڵ
لەسەر باخاتی زەردەشت و مەزدەک
تۆ تووڕەترین ڕقی هەڵدەقوڵێی
لە کووپە و جامی فرمێسکی خەیام.

لەم شەوگارەدا
کە گوڵ لەگەڵاو
گەڵا لە سروە و
سروە لە هەور و
هەوری ئاسمانیش لەخۆی دەترسێ
کانیاوەکانیش سروود و ڕازی خۆ دەشارنەوە
لەم ڕۆژگارە بڵقەتاقە*دا
ئاوا وشیار و دەریا ئاسایی
بە تەنیا هەر تۆی گۆرانی دەچڕی.

## شۆخ و شەنگ

محەمەد عەلی سپانلوو

زەمان سترانی هێمنایەتییە و
بارانەش لیزگە مرواری هەڵدەواسێ
بە بسکی زێڕینی خاتوونی پایزدا
دانیشتووە خاتوون لەبەر دەرگانەی هاوینی سوورا
کەوانەی زیوینی مانگیش
تا هەتایە وەکو گوارە ئاوێزانە
بە پەلکی نەرمی گوێیەوە
تۆ وەکو ئاو بێگەردیت و وەکو بای شەماڵیش بەرزی
تۆ وەک بڵێسە بەتینی.
لەرەی نیانی شنەبای
وێنەی بزەی
وەکو بیرەوەری زەوی
بەربلاویت و خەواڵوو
پەردەت بەسەر پێدەشتەکاندا کێشاوە...
هەوا چاوی چاوەڕوانی
لە ڕێگەی بۆنی گزنگی بەرەبەیانی بڕیوە
بۆ میوانییەکی نزیک دەچین، هەستە،
بووکی شۆخ و شەنگی من، بووکی مێژوویی!

## ئاوەدانت دەکەمەوە وەتەن

سیمین بێهبەهانی

وەتەن دیسان ئاوەدانت دەکەمەوە
بەخشت و قوڕی گیانی خۆم
کۆڵەکە بەر میچ و بانت دەدەمەوە
بەکوت کوتی یەسقانی خۆم
هەمیسان بۆن بەگوڵەکانتەوە دەکەم
بەتاسەی لاوەکانتەوە
هەمیسان خوێن لە ڕوخسارت دەشۆمەوە

**به فرمێسکی ڕەوانی خۆم**
**هەمیسان ڕۆژێکی ڕووناک دەردەکەوێ**
**تاریکی لەماڵ وەدەرنێ**
**بەژنی بەرزی شیعرەکانم دەخەملێنم**
**بەشینای ئاسمانی خۆم**
**گەرچی سەدان ساڵە مردوو هەڵدەستمە پێ**
**لەناخی گۆڕیچەکەمدا**
**دەتۆقێنم دڵی نەیاری داگیرکەر**
**بەناڵەی بێ ئەمانی خۆم**
**گەرچی پیرم، بەڵام هێشتا توانام هەیە**
**– ئەگەر هەلی فێربوون هەبێ–**
**ئەشقی لاوی لەدڵما دەبووژێنمەوە**
**هەروەکو منداڵانی خۆم**
**حەدیسی «حب الوطن» بەتامەزرۆیی**
**بەشێوەیەک دەردەبڕم**
**گیان بێتە بەر ئەو وشانەی لەدڵمدان**
**کە ببزێوم زمانی خۆم**

***   *   ***

**هێشتا هەر لەسینگمدایە تین و تاوێک**
**کڵپە و بڵێسە دەستێنێ**
**بڕوا ناکەم تازە دابمرکێتەوە**
**وا بۆتە پۆلوو گیانی خۆم**
**دیسان هێز و توانات پێ دەبەخشینەوە**
**(گەرچی شیعرم خوێناوییە)**
**دیسان بەگیان ئاوەدانت دەکەمەوە**
**گەلێ زیاتر لەتوانی خۆم**

سەرچاوە:
صدای شیعر امروز ایران، گزینش، بهمن مه آبادی و احـد منطقی تبـریزی، چاپ دوم، انتـشـارات تلاش، تبریز.

* بلـّـقـــەتاڤ: شـــەوی زۆر تاریک، شـــەوەزەنگ، ئەنگوستەچاو.

# سازی ئەفسووناوی جیهان

جەبار جەمال غەریب



بەدوای کاریکتەریکدا دەگەڕام، کاریکتەریک ڕۆڵێکی مامناوەندی لە چیرۆکێکدا بدەمێ، زۆر لەو کاریکتەرانەی خەڵقم دەکردن بەو ڕۆڵە ڕازی نەدەبوون و حەزیشم نەدەکرد ڕێگای ژیانێکی ئازادیان لێبگرم، بڕیام دا بگەڕێمەوە مەملەکەتی مێشکم و یەکێک لەو کەسانە بەخەبەر بێنم کە هەمیشە حازر و ئامادە چاوەڕێم دەکەن. چاوەکانم داخست و بە مێشکمدا شۆڕ بوومەوە، جادە و کۆڵانەکانی ڕووناک بوون، دەرگای ماڵەکانم دەکردەوە و ژوورەکانم دەپشکنی، برادەرەکانی منداڵیم کە هەموویان ئێستا گەورەبوون و ژنیان هێناوە بەسەرکردەوە، هەموو ئەو هاوڕێیانەشم هێنایە بەرچاوم کە لە کوللیە لەگەڵم بوون.

سەرم لەو هەموو خەڵکە سوڕما کە لە ڕێڕەوی ژیانمدا کەوتوونەتە سەر ڕێم، ئەو هەموو دۆست و هاوسێی و ژن و پیاوە، ئەو هەموو کوڕ و کچە شەرمن و شەڕانی و لەخوا نەترسانە، هەمیشە ئەوەم لەبیر بوو کە دەبێ کەسێک بدۆزمەوە و بیکەم بە کاریکتەری چیرۆکە تازەکەم، کە هێندەی هەموو دنیا دڵم پێی خۆشە، بەڵام ئەو کەسە کوا؟ بۆنی دەکەم و هەستی پێ دەکەم و نایبینم، ئەوەتا لەدوای ئەو کۆڵانەوەیە، نا با سەر بەو ماڵەشدا بکەم، با ڕۆژەکانی سەربازیشم بێنمەوە بەرچاو، بزانم لەو هاوەڵە عەرەبانەی هەمبوون، کەسێک بە کەڵکی ئەو کارە نایە. ئەوەتان هەموویان وەستاون. ئەوە نووری شێوەکار، ئەو بە دەیان دانیشتن وێنەیەکی بە زەیتی لەسەر پارچە خامێک کێشام و دواتر حوسێن سەلمان کە نەزانترین و نەخوێندەوارترین کەسی سەربازگەکەمان بوو گوتی:

– ئا، ئەوە لووتی سیاکۆیە، ئەوە چاوەکانیەتی، ئەوە گوێ و ڕوومەتی و چەنەگەی هەمووی ئەوە، بەڵام وێنەکە

ئەونییە، زۆر زۆر لێکدوورن.
لەولاتر ئەوە نوهاد سوبحی دکتۆر، بە خۆی و دەرمانە کۆن و دەرزییە کولەکانییەوە، ئەوە مەهدی سالْحی عەینەکچی بە خۆی و پێکەنینە زۆر سادە و پاکەکەیەوە، کورە ئەوە قاسم ئنتەیش قامە ئەو پیاوە دڵگەورە و خۆشەویستە. هەر هەموو ئەو کەسانەی ناسیومن، ئەوە محەمەد ساتووری درندە و بێرەحم. لە کۆلانێکی دیکە یەکێک هاواری لێکردم گوتی؛
- من، منیشت لەبیر نەچێ، مەحموود شاکر ئیحسان ئەلهیانداوی.
هەرچەندە ژوورێک لەولاترەوە، لە پەنجەرەی نهۆمی سەرەوە، دەنگێک، دەنگێکی ئاشنا و هەوەسگر بانگم دەکات، هەر بەناوی خۆمەوە دەڵێ ؛ «من، من ئیلهامی پیاوکوژ»
- تاکە شوێنە کە پیاوکوژی تێدا بەختەوەری بێت، ئیلهام بە خۆی و ئەو قژە خورماییی و چاو سەوز و رانە سپییانەیەوە، کە تا ئێستا بە هەمان خۆشی و لەزەتەوە گوێم لە دەنگی تابیعە کۆنەکەیەتی، بانگم دەکات و دەڵێ:
- من، من هەر بە کراس و پێلاو و سوخمەی ئەو رۆژەوە دێم کە لە ژووری رۆنیۆ چاوەرێت بووم.
دەڵێم:
- کچێ ئەوە پیاو کوشتن نییە، مۆڵەتم دە جارێ عەشیرەتێک بەنیازی منن.
دواتر دەڵێم:
- تۆ بۆ ئەو کارە نابی، من کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکێک، دەشێ ئەو کەسە هەر لەناو چیرۆکەکەمدا بمرێت. بکوژرێت.
ئەو پێدەکەنێ و ددانە سپییەکانی دەردەکەون و ئەوەندەی دیکە جوان و دلبەرتر دەبێ، دەڵێ:
- لە من مەترسە، نەک چیرۆکێک هەزار چیرۆکت بۆ کاول دەکەم و بۆ خۆم، هەروەک خۆم دەگەرێمەوە.
هەندێ جار رامولیە کە ئەو کارێکتەرە ناگەرێتەوە، گەرانەوە و نەگەرانەوە سیحرێکیان تێدایە، بەلام سیحری نەگەرانەوە پر نهێنی ترە و سیحری گەرانەوە کاریگەرترە.
نازانم ئەو ئەسپە ژنە عەرەبە بۆ ئەوەندە پیاوکوژە، بۆ ئەوەندە درندە و وەحشییە لەگەڵ قوربانییەکانی. راستە کارێکتەرێکی ئاوا بێ خەنجەر و گوللە چیرۆکەکەم دەکاتە گۆمی خوێن و هەڵپەی ژیان، دەترسم لە دەستم بەرەڵابێت و من بە هەموو کبریا و فیزی خۆمەوە پەت کات و بە دوای خۆیدا رامکێشێ.
هەمیشە لە دوای ئیلهام حەنانم بیردەکەوێتەوە، دەزانم ئێستا دەیبینم یان لەو دیوی پەنجەرەکەیەوە، بانگم دەکا، دوو دڵم ئەویش بە کەڵکم بێت، هەندێ جار هەست دەکەم ئەو کارێکتەرە دەبێ پیاوبێت، ئیلهام دوا قسەی بەهەوادا دەنێرێ «برۆ کوردی مێشک بەرد و خەسیو، بە خەونیش کچێکی وەک منت نایەتە سەر رێ، برۆ ئەوە حەنانە بە خۆی و پرچی بن لەچکە رشکنەکەی و بن باڵە بۆگەنەکانی ژێر جوبە ئەستوورەکەی چاوەرێتە»
حەنان چوار ساڵ لە ئیلهام گەورەتر بوو، ئەو تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو، مێردەکەی کە دەرویشی حوسێن بوو، بۆ ئەوەی لە سەربازی دوورکەوێتەوە و بیبەخشن، گوللەیەکی لە دەستی خۆی دابوو، بەلام ئەوە چەندجارە دەستی لە شوێنی جیاجیاوە دەبرنەوە کەچی برینەکە هەر هەڵدەداتەوە، ئەو ژنە عەرەبە شیعە مەزهەبە بێپەروا دەیویست بە جوبە و لەچکی گەورە و پان و پۆریەوە جەستەی لە ئاگری بشارێتەوە، بەچاوی گەورە و فراوانییەوە لەودیو مێزەکەوە دەروانێ و هیچ جووڵە و کەسێکی لێ ون نابێت، دەڵێت:
- ها، کوردی شاخاوی، هەنگوینەکەمان تەواو بووە، خەمێکمان لێ بخۆ.
من پەلەمە نامەوێ بوەستم، دەڵێم:
- ئەمجارە من کارێکم هەیە، کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکێک کە دنیا بێ ئەو چیرۆکە، ناتەواوە!
ئەو دەڵێ:
- کارێکتەرێک؟
تۆزێک لەچکەکەی توند دەکاتەوە و بە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەوە بەردەوام دەبێت
- دنیا بە چیرۆکێک تەواو دەبێت؟
گوتم:
- ئا، تەواوی تەواو.
ئەو دیسانەوە دەستی بۆ لەچکەکەی برد و گوتی:
- دنیا بە دەستێک تەواو دەبێت بۆ مێردەکەم.
من تاسام، چ ژنێک لە مێشکمدا نیشتەجێیە، تاسام و خەریک بوو بمرم، نەک بە وردی و ئەقڵی جوانی کە

بەڵێ دنیا بۆ ئەو دەستێکە و بەس، نا من بەو وشەی مێردە تاسام، وشەی مێرد لەسەر زمانی ئەو، من بە وشەی مێرد گێژ بووم لەناو دەمیدا، مێردی لە مرۆڤێکی سادە و بەستەزمانەوە بۆ کردمە منارەیەک، بۆ کردمە شمشێرێک، ئا مێردی بۆ کردمە نوقڵێک لە دەمیدا، تەنها بۆ یەکجار مژین بتوێتەوە. ئەو ژنە تەنها درۆیەک بوو، درۆیەکی گەورە و سادە، بێدەسەڵات و ملکەچ لە تەنیشت جەستەیەوە وەستابوو، جەستەیەک جلوبەرگی هەموو دنیا نەیدەشاردەوە.. لەپڕ، بێ ئەوەی دەسکاری لەچکەکەی کات، گوتی:

–بۆ تاساوی کەمم چیرۆک بۆ گێڕاویەوە.

من تەواو گۆڕام و بۆی نووشتامەوە و گوتم:

– تا مردن قەرزداری چیرۆکەکانتم. بێ ئەو چیرۆکانەی تۆ کوا دەمتوانی لەناو ئەو هەموو مەینەتیەی ئێرەدا بژیم.

بە سادەیی گوتی:

– لەبیرت ماون؟

بە ئەدەبەوە گوتم:

– هەرگیز ناتوانم داستانەکانت لەبیرکەم. حوسێن تا ئەبەد لە ناخی مندا خوێنی لێدەڕژێ، پێش تۆ من وامدەزانی بیابان تەنها حوشتر دەلاوێنێتەوە، تەنها بەدویەک لەو پەڕی غەمباریدا بەرانبەر ئاوابوونی خۆر شمشاڵ لێدەدات، لای تۆ بیابانم ناسی، حوشترێک، ئەوەی تۆ ناوت نا، حوشتری زەرد، هەزار ساڵە بەخۆی و تەرمێکەوە ون بووە، هەرگیز وێنەی ئەو پیاوەم لەبیرناچێتەوە کە چوو ئاو بێنێ، لە وەختی گەڕانەوەدا چل و دوو تیریان لێدا و ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی نەکەوێ و ئاوەکە بۆ بگەیەنێتە حوسێن.

ئەو گوتی:

– بێوەفا بڵێ حەزرەتی حوسێن.

ئێستاش لەگەڵ ناوی حوسێن ڕادەچڵەکێم، تەرمێک هەزار ساڵە بە کۆڵی خەڵکەوە، تاکە تەرمە زەمەنی خوێنی ناوەستێ، ئەو ژنە مێرد ئیفلیجە نائومێدی حوسەینە، هەرگیز ئەو وێنەیە لەبەر چاوم ناسڕێتەوە، ئەو وێنەیەی حەنان بە ترس و لەرزە و لەژێر جوبەکەی شاردبوویەوە و دواجار بە یادگار دای بە من، وێنەی ئەسپێک ئەسپێکی سادە و بێخاڵ، پەڵەیەک خوێن بە ملیەوە بوو، خوێنێک بە بۆنی توندیەوە، هەر کەس ئەو وێنە ببینێ، کە هەرگیز ناوی حوسێنیشی نەبیستبێ دەزانێ ئەوە خوێنی ئەسپێکی سەرگەردان نییە، دەزانێ ئەوە خوێنی مرۆڤە، ئەوە خوێنی شەهیدێکە، ئەو ئەسپە سوارەکەی گلاوە، چەند ژنێک لەباوەشیان کردووە، ئەو ژنانە تەنها و تەنها گلۆڵەی کەوتووی عەباکەیان و دەستیان دیارە، چ حەسرەتێک لەو دەستانەدایە، چ گفتوگۆیەکی پڕ نهێنی و ئینسان سڕکەر لەنێوان ئەو دەستانە و یاڵ و لمووز و گەردنی ئەو ئەسپە دێتە بیستن. من ڕووی تێدەکەم و دەڵێم «هەرگیز لەبیرم ناچێ، ئەی ئەو کۆترە برینداراانە»

ئەو لەوپەڕی حوزنیدا دەڵێت:

– ئەو کۆترانە ڕۆحی نازداری حەزرەتی عەلی چوکەڵەن، ئەو فریشتەیەی خودا، ئەو فریشتەیەی دنیا بەڕاستی چاوەڕێی بوو.

ئەو جارە کەمێک وشک و ڕەق گوتم:

– ئەی بەندەی حوسێن، من ئەمڕۆ ناتوانم نە چیرۆکەکەی تۆ و نە چیرۆکی فریشتەکانی خودا بگێڕمەوە، تەنها و تەنها کارێکتەرێکم دەوێت، بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم، لە چیرۆکێکدا کارەکانم بۆ ڕاپەڕێنێ.

گوتی:

– کارەکانت چین، چیت لێی دەوێت.

من گوتم:

– ناکرێ هەر ئاواپێت بڵێم، سەرەڕای ئەوە هەڵەم کرد، کارەکانی من نا، کارەکانی خۆی ئەو دەزانێ بۆچی دێتە ناو چیرۆکەکەمەوە.

ئەو گوتی:

– کوردی بەدبەخت کارت بە کارەکانی ئەوەوە چییە، خەریکی هەنگەکانی چیا بە، بۆ هێندە پڕ نهێنی بووی، ڕاست و دروست بدوێ.

من گوتم:

– باشە، کاری هیچمان نییە، سندووقێک هەیە، نازانم چی تێدایە، نازانم لە کوێیە، ئەو کارێکتەرە دێت و من لەو نهێنییە ڕزگار دەکات.

ئەو گوتی:

– کام نهێنی.

من گوتم:

– نهێنی ناو سندووقەکە.

ئەو گوتی:

– ئەو سندووقە کلیلێکی تێدایە.

گوتم:

-چیدیکه

ئەو گوتی:

– ئەو کلیلە ژمارەیەکی لەسەر نووسراوە، ئەگەربیانکەیتەوە بە پیت ناوی حوسێن دەردەچێ، لە دیوەکەی دیکەی نەخشەی شوێنێک کراوە، بێگومان ڕەمزە، دەبێ بمبەی، با ئەو نەخشەیە ببینم، هەموو نهێنییەکانت بۆ ئاشکرا دەکەن.

دەمویست ئەو ژنە جێهێڵم، دەمویست لەو کۆڵانەی مێشکم تێپەڕم، ناکرێ ئەوەندە کات بەفیڕۆ دەم، لەگەڵ کەسێک کە دڵنیام بۆ ئەو کارە نابێ، ئەو بەدوای نهێنی خۆیدا دەگەڕێ.

جارێ تەواو دوور نەکەوتبوومەوە، پیاوێکی باڵابەرزی چوارشانە، پیاوێک هەموو لەشی فێڵ و نهێنی بوو، تاکە نیگای سادەی نەبوو، دەستە پان و قورس و بەگرێیەکانی خستە سەر شانم و گوتی:

– با ژن ئێمەت لەبیر نەباتەوە.

بەڕاستی ئەو پیاوە دەنگیشی ئاسایی نەبوو، دەنگی لەوە دەچوو بە بیابانێکی زیەڵێندا تێپەڕێت جا بگاتە گوێم، دەنگێکی وشک، وشک بەڵام پڕ گرێ، تاکە شتێک لەگەڵ سروشتی ئەو پیاوە ناکۆک بوو، قژ و سمێڵە زەردەکەی و چاوە قاوەییە کاڵەکانی بوو، لەوە دەچوو لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا لە دیلێکی ستاندبێ، کازم حەنتوش بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە کۆڵانێکی دیکەی مێشکم لەبەردەم دوکانە قەسابییەکەی لە سەعدوون، بە خۆی و ئەو هەموو خوێن و پانتۆڵێکی کاوبۆی بێڕەنگەوە، دیسانەوە پێکەنی و گوتی:

– جوجکە گورگ خەریکە منت لەبیر دەچێ.

گوتم:

– ئەی کوڕی حەنتوشی هەزار برین هەرگیز تۆم لەبیر ناچێ، بەڵام من کارێکی زۆر بەپەلەم هەیە.

ئەو هەر بە دەنگە گڕە پڕ دڕکوداڵەکەی، گوتی:

– جوجکە گورگ لەوانە گەڕێ، بڕۆ ژوورێ لە پشت پەردەی دوکانەکە ژنێکم بۆ داناوی، ژنێک تەنها و تەنها سێ شەو لای مێردەکەی بووە، بڕۆ ژوورێ لە من زۆر دەترسێ.

گوتم:

– بۆ خاتری خودا حەنتوش، دڵ و جەرگی ئەو ژنانە خۆ دڵ و جەرگی مەڕ و بەرخەکانت نییە وا لەت و پەتییان دەکەی، ئازادی کە.

ئەو پێکەنی و گوتی:

– خۆت گێل مەکە، خۆ زیندانیم نەکردووە، خۆی کاسبی دەکات، سێ ڕۆژە بەخێوی دەکەم، من کوڕی کەرم پیاوەتی لەگەڵ تۆ دەکەم.

کچێکی باڵا بەرز، لەو دیو کەلاکی هەڵواسراوی مەڕە سەربڕاوەکانەوە، بە حەزێکی وەحشیانەوە تەماشای کردم و پێکەنی. گوتم:

–من نە بۆ سەردانی تۆ هاتووم و نە بە دوای ژندا دەگەڕێم، من کارێکتەرێکم دەوێ بۆ چیرۆکێک، چیرۆکێک چاوەڕێم دەکات.

ئەو گوتی:

– من بەرە، لەگەڵتم، چی گرێ هەیە بۆت دەکەمەوە، ئەو کچەش دێنم، من بەڕاستی قەسابم کوردی دەست و پێ سپی.

من گوتم:

– من قەسابم ناوێ، دەشێ شمشاڵ ژەنێکم بوێ. دەشێ شێوەکارێکم بوێ، بەڵام قەساب نا.

ئەو هاواردەکات:

– کوڕە کوردە کەرە، ئیش بە قەساب نەبێ بەکێ دەکرێ، دەبڕۆ نووری بەسراوی بەرە، ئەوەی وێنەکەی تۆی دروست کردبوو لە سەگ چووبایە لە تۆ نەدەچوو.

من دەتاسێم و خەریکە بگریم و گوێم لە دەنگی خۆمە دەڵێم:

– نووری، ئەوەی کچە نەجەفییە چاو سەوزەکە حەزی لێدەکرد، من لە چاوەکانی ئەودا زانیم نووری تەمەنی کورتە، کورتە هێندەی تەمەنی ڕێحانەیەک، نووری هەر بەهۆی ڕەنگەکانییەوە لەسەر ئەو ڕەنگە سوورەی مەڕەکانی تۆ لە سێدارە درا، من کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکەکەم، جەنازەیەک چی لێ بکەم.

نووری بە دشداشەیەکی سپی و جووتێ نەعلی پانەوە لەو سەری کۆڵان، لە لاپەڕەیەکی دیکەی مێشکمدا سەر دێنێتە دەر و فلچەی بۆبە کردنەکەی بە دەستەوەیە، دەڵێ:

– ئای هاوڕێی ڕۆژی تەنگانەم، من بوومە جەنازە و کارێکت پێم نەماوە، من بۆیە چوومە بەردەم سێدارە تا تۆی نامۆبارەک لە شوێنێکدا زیندووم کەیەوە، کەچی

دیاره بۆ کارێکتەرێکی بێ کەڵک و لاوەکیش دەست نادەم.

من زۆر پەژموردە و بێ دەسەڵاتانە گوتم:

- من حەز دەکەم لەو سێدارە نەحلەتییە داتگرم لەگەڵ خۆمت بەرم، من نازانم دواتر چیم لێدەکەی، دەتبەم و لەناو مێرگێک لە گوڵە نێرگز دەتنێژم، گوڵێک لەوانەی پێیان دەڵێن گوڵی سلێن، ئەو جۆرە گوڵەی هێندەی باڵای خۆت درێژ دەبێت، ئەو گوڵەت بۆ دەکەم بە کێل و لە ژوور سەرتی دەچێنم.

من لە خەمی ئەوەشدا بووم نووری نەتوانێ دڵی ئەو گوڵەی سلینە لە تەنهایدا بداتەوە، چونکە ئەو گوڵە تاکە گوڵێک دەبێ لە شێوەی خۆی، گوڵێک تاک و تەنها، شەرمن و بێدەنگ، تا مانگ هەڵنەیەت و بانگی نەکات نا پشکۆێ و دەم ناکاتەوە.

دواتر گوتم:

- من ئەو گوڵەت لە ژوور سەر دەچێنم هەرچەندە ناشزانم لەگەڵ هەستانەوەت لەم دنیا، یان لەو دنیا بە شمشێرەکەت چەند لەتی دەکەی.

نووری هەر بەو جلانەوەی یەکەم ڕۆژناسیم، لە ژوورێکی پەنای مێشکمدا کە یەک تاکە ژوور لەو لای ژووری ئیلهام و حەنانەوە بوو گوتی:

- کوڕی باش من تەنها دەتوانم فلچەی وێنەکێشان بەدەستەوە بگرم، تەنها دەزانم ڕەنگەکان تێکەڵ کەم، لەبیرتە چەند بە کێشانی وێنەکەتەوە خەریک بووم.

من بە دەنگێک، کە دەنگی خۆم نەبوو، گوتم:

- ئەوەیە مەترسی گەورە، کە وێنە کێشەکان دەبنە جەللاد، چیرۆکنووسەکان دەبنە ڕموەشێن و شاعیرەکان ژەهرڕێژ. نووری بەستەزمان تۆ نازانی کێ لە ناخی تۆدا نووستوە، کەس نازانێ کێ لە ناخی تۆدا بەخەبەر دێت، بەهرە و حیکمەت و جوانی لەبەردەم ئەو پیاوەدا هیچ نین، نووری برام تۆ، ئینسانەکانی ڕۆژهەڵات لەو گۆڕانە جیۆلۆجییەی بەسەریان دێت دەبنە بەرد، بەرد بە هەموو جۆرەکانی، تەنها پەیکەرتاشەکان دەزانن کێی لە ناخدا بە ئاگا دێن. تۆ لەو ڕۆژهەڵاتەدا بەردی و وەستا باشیەکەت ئارەزووکات دەتکاتە ڕابەری ئاشتی و حەزیشی لێ بێت دەتکاتە قەڵغانی شەڕ و دەتوانن لەو بەردەی تۆ سەگێکی نووستوو بەخەبەر بهێنن.

نووری بەهەمان شەرمنییەوە کە لەبەردەم ئەفسەرەکان دەوەستا، گوتی:

- هاوڕێ گێلەکەم تۆ کەنگێ ئەوەندە فەیلەسووف بووی، باشە وێنەکەی بۆم کێشای ماوتە؟

گوتم:

- بۆ نا، کەوتبوو ماڵی خزمەکانم، چونکە تا من گەڕامەوە ماڵێکم نەمابوو، دیوارێکم نەما، بۆ ئەوەی وێنەی پێداهەڵواسم، هەروا بە ئەمانەت لە ماڵی خزمێکم دانا. ئەوەندەیان خۆش ویستبوو هەرکەس ویستبووی بۆ خۆیم بەرێ، لە ناوەندەوە کردبوویانە دووبەش، خاڵێکم چاوێکم و لاسمێڵێکم و چەند ددانێکی ژەنگاویی بەرکەوتبوو، ئەو پوورەم کە کوڕەکانی ئەنفال کران چوارچێوەکەی کردبۆ هێلانەی کۆترەکانی کوڕە هەرە چکۆلەکەی، یەکێکی دیکەیان دەستێکم و پارچەیەک لە کراسە شینەکەم و هەندێ لە گوێێ چەپمی بەرکەوتبوو، ئەو هەر بەسەر سێدارەکەیەوە، گوتی:

- وەک من شوێن بزر نەبووی، بۆنتم خستۆتە ناو هەموو ماڵە خزمەکانت.

من گوتم:

- ئێستا دەبێ برۆم بەدوای کاری خۆم کەوم، کارێکتەرێکم دەوێت بۆ چیرۆکێک، مەرج بێت دوایی بێم و ورد ورد بۆتی بخوێنمەوە.

ئەو گوتی:

- ئا کەسێکت دەوێ بەشەکانی وێنەکەت بۆ کۆکاتەوە؟ ها کەسێکت دەوێ ددانە ڕزیوەکانت لە کەسێک و چاوە بێ حوکم و سمێڵە هەتاو بردووەکەت لەکانتۆرێک و گوێیە مشکییەکانت لە باخەڵی یەکێکی کەدا بۆ بدۆزێتەوە؟ ها پیاوی ئەمانەت یادگاری خۆشەویستان وا هەڵدەگیرێ؟

من شەرمەزار و بێ حەوسەڵە، ئەو ناهێڵێ قسە بکەم و دووبارە دەڵێ:

- یان کەسێکت دەوێ بەدوای کوڕەکانی پوورتدا بگەڕێ، تەنها من شوێنی ئەوان دەزانم.

من دەڵێم:

- پەیمان بێت، بچم هەموو پارچەکانی وێنەکە کۆکەمەوە، لەهەر هەموو خزمەکانم تووڕە بم، چونکە من دەزانم ئەوان هەر بۆ گاڵتە ئەو بەشانەی منیان بردووە، نە بیریان کردووم و نە خۆشیان ویستووم، دەڵێم براینە ئەو ددانەی منتان بۆ چییە کە ناتوانن جارێک بیانشۆن، کوا

بۆ جارێک چاویلکەکەتان بۆ سڕیمەوە، قەت بۆنێکتان لە سمێڵەکانم هەڵسوو، شەرت بێ لەو پوورەشم تووڕە بم کە بەستەزمانە چوارچێوەکەی کردۆتە هێلانە کۆتر بڵێم خنکام لەناو ئەو هەموو جیقنەدا، بەڵام دەبێ ببووری من ڕەنگەکانی تابلۆکەم دەست ناکەوێتەوە، ئەو ڕەنگانە بەر خاڵێکی دیکەم کەوتن ئەویش ئەوە چەند ساڵێکە مردووە و لەو هەموو سامانەی هەیەتی تەنها ڕەنگەکانی منی لەگەڵ خۆی بردووە، تۆ هەر ڕێگام بدە بڕۆم و ئەو کارێکتەرە بدۆزمەوە دڵنیام زۆر نزیک بوومەوە لێی.

خۆم لەو دەدزمەوە و بەخێرایی لە کۆڵانە چۆڵ و بێدەنگەکانی مێشکم تێدەپەڕم، نازانم ئەو کۆڵانانە هی چ زەمەنێکن و چۆن بووە ئەوەندە بەتاڵن، بەڵام پێشیان دڵخۆشم، چونکە خاوێن و دڵ ئارامکەرەوەن. ئیدی ڕاناکەم و هێواش تێدەپەڕم، ئارەزوو دەکەم ئەو کۆڵانانە درێژ ببنەوە، درێژ ببنەوە بۆ ئەو سەری دنیا، ئەوانە هەر بەناو کۆڵانن، دەنا وەک شەقامە قیرتاو و پڕ دارەکانی لەندەن ڕەنگاوڕەنگن، دارەکان بە تەمەنن و ئەستوور و پتەون، لەبەرزییەوە لقە عاشقەکانیان تێکەڵ یەکتر بوونەتەوە، لە هەموو سووچێکی ئەو شەقامانەی لەندەن عەشقێک بە تاسەوە هەر بە ڕەنگی عەشقەوە چاوەڕێیە. ئەو کوڕ و کچانەی دەیانەوێ شتێک لە جوانییەکان لای خۆیان بهێڵنەوە، لەناو زبڵدانەکانی شاردا بۆ ئەبەد نەڕزن، دەبێ لێرە، لەو کۆڵانە لەندەنییە ئارامانەدا لەگەڵ دارێک، لەگەڵ شۆڕەبییەک ژوان دانێن. ئیدی دەکرێ لێرە کەسێک، کارێکتەرێک بۆ چیرۆکەکەم هەڵبژێرم، هەر لەوێ تاریکییەک دەبینم، تاریکاییەکی کپ، لە خنکان کپتر، تەواو شارەزای ئەو شوێنە کپەی مێشکم نیم، بۆیە دەچمە پێش و دەرگایەک بە ڕەنگی تاریکییەکە دەبینم، دەچمە پێش لە نزیکەوە دەرگایەکە سەوزێکی تۆخە، دەرگاکە ڕادەکێشم و توندە، زۆر توندە، دەسکەکەی بە دەستمەوە دێت و پشتاو پشت وەک تایە گلۆر دەبمەوە، پێش ئەوەی بکەومە هەڵدێرێکەوە، هەر لە پەنا ئەو کورسییانەی غەمبار و تەنها لەوێ جێمابوون کەسێک دەمگرێتەوە، هەردووک دەستم دەگرێت و بەلچ و لێوە ئەستوور ئەستوورەکەی بە ئینگلیزی دەڵێت:

– ئەو دەرگایانەی عەشق کە داخران ئیدی هەرگیز ناکرێنەوە.

من لە چاوە بێ ئەنداز فراوان و بێئەنداز ڕەشانەیدا خۆم دەبینم، ڕەنگ پەڕیو و زەرد، وەک هەمیشە لە باوەشم دەکات، خەریکە لەناو جەستەی نەرمیدا ون، ون بم. جا ئەو کچە قولەڕەشە ئەفریقاییە بێڕادە نەرمە.

هاوار دەکەم و دەڵێم:

– نەلوین نۆمۆمبا مەکە،

نەلوین پێدەکەنێ و ددانە سپی و پان و ساغەکانی دەردەکەون، دیسانەوە بە خۆیەوەم دەکوشێ و ماچم دەکات، منیش دەڵێم.

– شاجوانی ئۆگندە.

ئەو دەڵێ:

– لەو کاتەوە چەندان شاجوانی دیکە هەڵبژێردران.

من دەڵێم:

– من تەنها تۆیان لێدەناسم. تاکە شاجوانی.

ئەو دەڵێ:

– با بچینە ئەو دیو، لەسەر کورسییەکانی مەیدانی وەرزشەکە دانیشین و جگەرە بکێشین.

من دەڵێم:

– نەلوین، ئێستا نا، زۆر شت هەیە ئێستا تۆ نایانزانی، من کوڕە بێباک و دڵسووکەکەی جاران نیم. دەبێ بگەڕێم کەسێکم دەوێت، کەسێک، بیکەمە کارێکتەری چیرۆکەکەم، کەسێک متمانەم پێی بێت و هەموو شتێکی خۆمی بدەمێ و...

ئەو دەڵێ:

– لە من باشتر، من دێم، متمانەت بەمن نییە.

من دەڵێم:

–کەسێک متمانەم پێی بێت، ئەو هەڵم خەڵەتێنێ.

ئەو دەڵێ:

– بۆ هێندە کەری، وەرە دەچینە ئەودیو کەسی لێ نییە من نەفەس لە جگەرەکەم دەدەم و تۆش لە من.

من دەڵێم:

– لە مەمکە قیت و خڕ و پڕ شوکولاتیانەی تۆ خۆشتر و جوانترم نەدیوە.

من دوای نەلوین حەزم چۆ ڕەنگی قاوەیی تۆخ، حەزم چۆ مۆتەی سەر بەقاوە، حەزم چۆ قاوەی خەست و لیتەیی. بەڵام من ئێستا دنیام لەسەر شان بارە دەبێ کارێکتەرێک بدۆزمەوە، ئەمانەتەکانی هەموو بدەمێ، لە کولەکەی ڕۆحمەوە تا دەرپێ کورتە دڕاوەکەم، هەر هەموو ژیانم ئەویش ڕێک و باریک، بێموبالاتانە و سارد و

سادە فێڵم لێ بکات و ئاورم لێنەداتەوە.
ئەو گوێ ناداتە ئەو هەستە سەیر و سەمەرانەی من، دەستم دەگرێت و دەمبا لەو دیو لە دوورترین کورسی دادەنیشین. لە باوەشم دەکات و دەڵێ.
– هاوڕێ غەمگینە کوردەکەم، چۆن بەرگەی ئەو هەموو زەردبوونە دەگری، ئەو چاوە زەردانەی تۆ لە بیابانە وشکەکانی هەموو دنیا پڕ حوزنترن.
دواتر دەڵێ:
– ئەی هاوڕێ هیچ نەدیوەکەم. بەو چاو و دەنگ و هەناسەتەوە چۆن دەژی. هەموو ئەو شادییەی لە مەیموونەکانی ئەفریقاوە فێری بووم تۆ خەریکە لێمی دەستێنییەوە.
من دەمەوێ دەستی بگرم و قۆپچەکانی کراسە سپییە ئاوریشمەکەی نەکاتەوە، دەمویست حاڵی کەم کوڕەکەی جاران نیم، ئەو کوڕە نیم بتوانم شوکولاتەی سنگی بلێسمەوە، ئەویش دووکەڵی جگەرە درێژ و قورسەکەیم بەسەردا کات.
پێستی لووس لووس وەک شوکولاتە، من گوتم:
– ئەی مرواری ڕەش، ئەی ژنی کیشوەری مێ، من هەموو لەزەت و حەزەکانی خۆمدایە چۆلەکەیەک، چوێلەکەیەک لە شەڕی براکوژیدا هێلانەکەی سووتا و ئاوارە بوو، ڕستە جوان و زمانە شیرینەکەی خۆم دایە گەنجەکانی وڵاتەکەم کۆچیان کرد و بردیان. کوولەکەی رووحی خۆمم دایە ژنێک، ژنێک لە تەریقبوونەوەدا مرد، من ئێستا جگە لە قەڵەمێک لە پووش وشکتر هیچی دیکەم نییە.
کارێکتەرێکم دەوێت، کارێکتەرێک خۆشی بوێم، خۆشم بوێ تا پلەی مردن، دوامکەوێت و بۆنی شوێن پێکانم کات، بۆم بگریەت و بیرم کات. منیش هەموو شتەکانی خۆمی بدەمێ، بۆنی پێستم و بۆنی عەترەکانم، تەمەنم و گۆرانییەکانم، دەرگای چیرۆکەکانمی بۆ بخەمە سەرپشت، ڕستە و وشەکانی پڕ پڕ کەم لە شیعر. ئەویش بە سادەیی سەر بڕینی چوێلەکەیەک، سەرم بڕێت و خیانەتم لێ بکات و هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە تاکە وشەیەکی ئینگلیزیم بۆ بنێرێتەوە، یان تەزوویەک کە لە بن پەنجە تووتەی حەشارم داوە.
من دەمەوێ برۆم و نەلوین پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دووکەڵی جگەرەکەی کە من هەست دەکەم کۆکاینیشی تێدەکات، بە هەموو ژوورەکانی مێشکمدا بڵاودەکاتەوە.
مامۆستا فیراس لەوسەری ڕاڕەوێکی داخراوی مێشکم چاوەڕێیە و ئەو نازانێ کچەکەی کە لەگەڵ ئێمە دەیخوێند لە کام ژووری لای من جێ هێشتووە، ئەو هەمیشە ئاگای لە ماچ و موچەکانمان هەیە. نەلوین دەڵێت:
– من بەرە هەرگیز خیانەتت لێناکەم.
من دەڵێم:
– نا ئەو کەسە دەبێ خیانەتم لێ بکات، دەشێ ژنیش نەبێت، لەوانەیە هاوکار و هاوڕێیەکم بێت.
ئەو بە زمانێکی سەیر و پڕ مۆسیقا دەڵێت:
– ژیان ئەوەیە بەگونتدا تێدەپەڕی نەک بە عەقڵتدا.
من لە ژێر دارمۆزەکان گەورەبووم، من ئەوەندەی گڵم خواردووە نانم نەخواردووە. من ئەوەندەی لەژێر باراندا خەوتووم نیو ئەوەندە لەناو ماڵدا ڕانەکشاوم. مەیموون و مێروولەکان لە من نزیکترین تا خەڵک، تۆ بۆ ئەوەندە لە مێروولەیی خۆت دوورکەوتوویتەوە!
نەمزانی چۆنی بۆ ڕوون بکەمەوە، چۆن تێی بگەیەنم، گوتم:
– وەختێک خۆشەویستی بگۆڕینەوە بە ڕق.
ئەو گوتی:
– بۆ هێندە شێواوی، با وەک سەگ بژین، تەواو وەک سەگ بە سەعات جووت بین و یەکتری بگرین دواتر پشت بکەینە یەکتر بۆخۆمان بە وەفا بین.
گوتم:
– ئێستا تێگەیشتی شوکولاتە.
چاوە ڕوونەکانی لەبیر خۆم دەبەمەوە، دەڕۆم کارێکتەرەکە بدۆزمەوە، من بەو هەموو یادەوەرییەوە، لە کۆڵانێکی مێشکم، لە پەنایەک، لە ژوورێک، لەسەر ڕێگایەک ناتوانم ئەو کارێکتەرە بدۆزمەوە. هاتمە دەر و ئەوم بەجێ هێشت، ئاوڕم دایەوە تەماشای نەدەکردم ئاوی بە مەمکە شوکولاتیەکانیدا دەکرد، سێ قۆپچەی کراسە تەسکەکەی کردبۆوە، ئەو هەرگیز ستیانی لەبەر نەدەکرد، گۆی مەمکی قیت و ڕێک بۆی دەڕوانیم، چاوی تا دوا پلە بچووکردبۆوە، جارێ هەر تامی شوکولاتەم لە دەمدا بوو.
لە شەقامێکی قەڵەباڵغی مێشکم لەناو دەیان کەس، ناوپاسێکی سیخناخ، کەسێک کە گۆچانەکەی بە دەستی چەپ گرتبوو، دەڵێت:

– کورده گێژەی هاوڕێم، ئەوەتام، من ئەو کارێکتەرەم تۆ دەتەوێ،..

زانیم وەیس کە قوتابییەکی خەڵکی سوریا بوو، لە قوولاییی زاکیرەمدا ئاگای لە هەموو گەڕانەکانم بووە، بە هێمنی و وردی نابینایەکەوە ئارامی گرتووە، یان زانیویەتی هەر دێمە ڕێگای، گوتم:

– لەناو ئەو هەموو خەڵکە، چۆن منت ناسییەوە هەی بێ ئیمان.

– هەرکەس یەکجار دەنگی ببیستم هەرگیز لەبیرناکەم.

یەکترمان ماچ کرد و گۆچانەکەی بەرلاسمتی چەند کەس کەوتن، ئەو کەسانە بێ مۆڵەت هەروا کەوتبوونە مێشکی منەوە؛ گوتم:

– برا شیرینە نابیناکەم، تۆم بۆ کاری گەورە هەڵگرتووە، کارێک تەنها بە کوێرێک دەکرێت، ئەویش ڕووناککردنەوەی دنیایە، ئێستا کارم بە کارێکتەرێکی بچووک و سادە هەیە.

پێکەنینێکی شەیتانانەی کرد و گوتی:

– بچووک، حەنان، یان سومەییە، یان سەحەری مەمک گەورە.

گوتم:

– نا وەیس ئەوانە خوشکمن، خوشک.

گوتی:

– هەی زۆڵ لەو قسە بێمانایانە گەڕێ ، وەرە با ئەوشەو پێکەوە بین.

یەکەم جار کە وەیسم ناسی دەبوو هەموو دەرسەکانی لەسەر کاسێت بۆ بخوێنمەوە، هەر کە بووە ئاشنای کچەکان ئیدی کاری بە من نەما و دەیگوت دەنگی ئەوان ڕوونتر و خۆشترە، بەو شەوە درێژانەی زستان دەچووە ژێر بەتانییەکەی و گوێی لە وانەکانی دەگرت کە یەکێک لە کچەکان پێشتر بۆی خوێندبۆوە، دنیایەک کاسێتی بە دەنگی کچان هەبوو، هەر ئەوەش وای کرد لە هەموو وانەکانیدا بە نایاب دەرچێ، لە دەنگیانەوە وەسفی کچەکانی بۆ دەکردم، من کە کچەکانم دەناسی و لەگەڵیان دادەنیشتم، بە وەسفەکانی ئەو ڕادەچەنیم، شەوانی دوور و درێژمان بە وێناکردنی کچەکانەوە بەسەر برد، ئەو لە دەنگیان و لە نەبرە و هەناسەیانەوە وەسفی دەکردن، ئەویان ئەلف بە درێژ و ناسکی دەڵێ ئەویان لەسەر پیتی «ت» زمانی دەگیرێ و «سینی» ئەوی تریان وەکو دوشکردنە، دال کردنەوەی دەرگایە و میم لای یەکێکی دیکەیان نووسـتنە. ئەم وێنانەی وەیسی نابینا بۆ کچەکانی دەکرد زۆر ڕاستەقینەتر بوون لەو شکڵ و شێوەیەی هەموو بەیانییەک لە زانکۆ کچەکانم تێدا دەدیت.

ئەو دەیگوت:

– لە پشت ئەو دەنگەی سەحەرەوە کچێک وەستاوە ڕووت سکی تۆزێک ئەسمەرە و ڕانەکانی سپی سپین، جەستەی هاوار دەکات و خۆی دەستی بە دەمییەوە گرتووە، دەیگوت «گوێت لەو دەنگە نەرم و شیرین و حەڵوایەی ڕەنا بێت، دەنگێک بە توندی با لە باوەشت دەکا»

ئەو دەیگوت:

– کوردەی برام، تۆ وەک من گوێی لێ بگری لە باوەشی ئەو دەنگەدا دەخنکێی. کارت بە چاوەکانت نامێنێ.

دواتر وەیس پێدەکەنی و دەیگوت:

گوێ لەو دەنگە بگرە، لە پشت ئەو دەنگە پان و پڕ ورشەی هەناسەیە، هەست دەکەم تەنانەت لووتی بۆ ئەوە دەبێ لەگەڵی جووت بیت.

من کەمێک نیگەران دەبم و دەڵێم:

– کوێرەی زۆڵ تۆ گوێ لە دەرسەکانت دەگریت، یان سێکسیان لەگەڵ دەکەی.

ئەو دەڵێ:

– جگە لە کەرێکی وەکو تۆ، کێ ئەو لاپەڕە بێدەنگانەی بۆ لەبەر دەکرێن.

من گوتم:

– فەیلەسووفەکەم ئێستا تەنها بۆ ئەوە هاتووم، کارێکتەرێکم دەوێت، ڕۆڵێکی بچووکی لە چیرۆکەکەمدا هەیە و خۆی شاردۆتەوە، دەنگی کاسێتەکانی تۆ بە ڕۆمانێک نانووسرێتەوە.

ئەو دەڵێ:

– من بەرە، بە هەموو دەنگەکانمەوە، پەیمان بێت تا سەر ئێسقان دڵسۆزت بم.

– دڵسۆزی چۆن حاڵی بووی؟

ئەو گوتی:

– هەموو شتەکانت لێوەردەگرم، ببمە جێگای بڕوات، ئەوەندە لێت نزیک بم، بێ من نەژی، هەر لەو کاتەی کە

بەبێ هەناسەی من هەڵناکەی و خۆت بە کوڵک و پێستەوە بەمن دەسپێری، منیش خیانەتێکت لێ بکەم بەرگەی نەگری و تەواوی تەمەنتی لەسەر دانێی، یان هەر بتۆپی.

یەکەم جارە لەو گەڕانەمدا هێندە گیرۆدەی کارێکتەرێک بم، یەکەم جارە ئەو هەموو مرۆڤانەی دنیا نەتوانن جێگای کەسێکم بۆ پڕکەنەوە، چەندان ئەوەندەش مرۆڤی خۆم هەیە، ئەو مرۆڤانەی خۆم خەڵقم کردوون، سوپای ئەو مرۆڤانەش بەسەر دەکەمەوە. نازانم بۆ خەڵق کردنی هیچ کارێکتەرێک دانەماوم، هەروەک دیوەکەی ناو فانۆسی سیحری، زۆر لەوەش زووتر بە دەستمەوە دێن، دەشێ وەیس کارێکتەرێکی باش بێت، من دەتوانم چی بدەم بەو پیاوە کوێرە و دواتر ئەو خیانەتم لێ بکات، من لەتاو ئەو خیانەتەی بمرم، نا من هەرچی بۆ پیاوێکی کوێر بکەم هەرگیز چاوم لێی نییە، خوای دەکرد ئەو بەر شەقی دەدام و هەزار جار فێڵی لێ دەکردم.

ئەوتا ئەو کاتە لەبەردەمم وەستابوو، ڕێگای شەقامێکی گەورەی مێشکمی گرتبوو؛ گوتی:

– نا، من دەتوانم خیانەتت لێ بکەم، دەتوانم دوای ئەو کچە کەوم کە خۆشت دەوێت، دەنگی تۆمارکەم و بیهێنمە ناو نوێنەکانمەوە. هەر بەو کوێریەی خۆم بچمە ژوورەکەی ئەو کچەی ناوت ناوە «نیاسوو» لەباوەشی کەم و هەڵیگلۆفم، غەرق غەرقی کەم.

گوتم:

– نا، نیاسوو ڕێگات نادات، تۆ ناتوانی ئەو خیانەتەم لێ بکەی.

گوتی:

– نا، تۆ سەرەتا هەموو شتەکان بە من دەبەخشی، دڵنیایی و خۆشەویستی و متمانە. من متمانەی کوردێکی وەک تۆم بۆچییە کە دەزگیرانەکەی پێ فریو نەدەم. من متمانەی کەسێکی وەک تۆم بۆ چییە داڵغە بە خوشکەکەیەوە لێنەدەم.

من کەمێک سووربوومەوە و گوتم:

– نیاسوو بە قسەکانی تۆ هەڵناخەڵەتێ، ڕووت تێناکات و بە پیاوت نازانێ، ئەو خەون بە منەوە دەبینێ، قەڵەمەکەی، دەفتەر و ئۆکسفۆردەکەی، پێڵاوەکانی و دەرپێ ڕەنگاو ڕەنگ و پاقلاوەییەکەی ژێرەوەی، خاڵە قاوەییەکەی سمتی هەر هەمووی بۆنی منی لێدێت. بۆنی منی داوتە خوشکەکانی، دایکی لە بۆنی مندا غەرق کردووە، ژوور و بەتانییەکەی بۆنی منی لێدێت. ئەو هەرگیز کەسی لەگەڵ من لێ تێکەڵ نابێ، کەس بە من ناگۆڕێتەوە. ئێستا ڕێگام دە بڕۆم و کارەکەم تەواوکەم، لە دۆزینەوەی ئەو کارێکتەرە کارێکی گرنگترم نییە.

ئەو هێندەی دیکە لێم هاتە پێش و گوتی:

– گوێ بگرە هەی بێ مێشک، تۆ هەرگیز نهێنی پیاوێکی کوێرت بۆ کەشف ناکرێ، شارەزای سیحرەکانی من نیت، تۆ تەنها هەڵم بژێرە، هێندەم خزمەت کە قەرزدارت بم، ناوی خۆتم بدەیە، هێزی خۆتم بدەیە، پارە و سیحرەکانیشت، خۆشت بوێم و هۆگر و ئاڵوودەم بە، بزانە چۆن بێ ئەوەی ئاگاداربیت، چۆن نیاسوو هەڵدەخەڵەتێنم. لەگەڵی دەنووم و عاشقم دەبێت، هەموو جوانی و خۆشی و شتەکانی تۆم دەداتێ، وادەکەم تفت لێ بکات و هەرگیز ناوت نەهێنێ. بێزی لێت بێتەوە. تۆ نازانی ژن وەک پیاو گێل و کەر و بێ دەماغ نییە، ئەوەندە گیرۆدەی ئەو دنیا ڕۆمانسییە پڕ درۆ و فێڵە نییە، ئەو سادە و ساکارە، ئەو گوڵە و ژیان و زیندوویەتییە، ئەو دەتوانێ هەموو ڕۆژێ عاشق بێتەوە، تۆ ئازادی کە، تۆ چاوە ئەفسووناوییە حیزەکانتی لێ دوورخەوە بزانە چۆن عاشقم دەبێت و بۆ کوێری و قوڕ بەسەرییەم دەمرێت، منیش لەدڵەوە هەر پێت پێدەکەنم و گاڵتەت پێدەکەم، تۆ ئەو دەم شێت شێت دەبیت و دەدەیتە ئەو کێوانە، هار دەبیت و چاوت دەردەپەڕێ و دەمریت، تۆ نازانی من لە کوێوە دەچمە ناوی، لە کوێوە گیرۆدەی دەکەم.

من هەر بەڕاستی دڵم کەوتە پەلەپەل، گوتم:

– وەیسی برام، دەزانم تۆ پیاوێکی پڕ نهێنی، خۆشم دەناسم هەموو کەس دەتوانێ هەڵ خەڵەتێنێ، بەڵام خیانەتی پیاوێک شێتم ناکات، خیانەتی پیاوێک بەس نییە، ئەو چیرۆکەی من بەوەندە تەواو نابێت.

سەرەڕای ئەوەش خیانەتی پیاو لەبیردەکرێت، جارێکی دیکە نایەتەوە ڕێگامان. دەتوانم تۆ بە هەموو خیانەتەکانتەوە لەبیرکەم. بۆ ئەبەد لەبیرت کەم.

وەیس مات بوو، نەمدەزانی وا زوو دەبەزێ، ڕۆژێک لە نهۆمی خوارێ پێکەوە خواردنمان ساز دەکرد، لەپڕ کارەبا کوژایەوە، من نەمدەزانی چۆن بچینەوە ژوورەکەی

خۆمان، ئەو گوتی وەرە دەستی من بگرە. من شارەزام، من لە تاریکیدا شارەزای دنیام. ئەو دەیگوت من زۆر دەمێکە چراکانم کوژاندۆتەوە. هەر ئەو ڕۆژە ویرام لێی بپرسم لە تاریکیدا چۆن دەبینی؟ ئەو گوتی بەلای تۆوە تاریکی چییە، تاریکی لە خوار ڕووناکییەوەیە؟ تاریکیش ڕەنگەکانی خۆی هەیە. من لە قوولایی بووندا دەژیم، خودا پێش ئەوەی ڕووناکی خەڵق کا چۆن بینیوبەتی؟ بنەپێم هێندەی کەللە سەری سەد چاوساغ عەقڵی تێدایە. پەنجەکانی کوێرێک، نینۆکەکانی سەد هێندەی چاوەکانی ئێوە دوور بینترن، وەرە لەو بێکارەباییە بە پلیکانەکاندا دەستت بگرم و بتبەمەوە ژوورەکەی خۆت، با قۆریە چاکەشت بە من بێت.

من خێرا گوتم:

– نا من وابیر ناکەمەوە، بەڵام توخوا پێم بڵێ چۆن هەست بە جوانی کچەکان دەکەی؟

ئەو گوتی:

– تۆ ئێستا تەنها ڕەنگی جلیان و شێوەی دەموچاویان و قژیانت دێتە بەر چاو، من لە قوولایی دەنگیانەوە دەیانبینم، هەناسەیان کە لە ناخیان دێتە دەر، گەرموگوڕییان لە پێستیانەوە، لە پەنجەکانیانەوە، تۆ تا دەمری لەزەتی «لەمس» نازانی، نامەی بەرەدەست و دەموچاوەکان تێناگەی. ئێوە جگە لەوەی قژ هەندێ داو و مووی ڕەشمارین هیچی دیکەی لێنازانن. کوێرێک، کوڕە من نەبێ کەس کەس نازانێ قژ مانای چییە. بۆ ئەوەی زیاتر وەختم لەدەست نەچێ گوتم:

– وەیسی برام با ئەو شەقامە دوور و درێژەی مێشکم بۆ تۆبێ، بە تەنها لێرەدا بژی. من دەگەڕێمەوە لات ئێستا دەبێ بڕۆم کارێکی گرنگترم هەیە.

ویستم سووچێک، پەنایەک لە مێشکم بدۆزمەوە، ئارام و هێمن بۆ چەند ساتێک تێیدا دانیشم، دانیشم و تۆزێک چاوەڕێ بم، بەڵکو ئەو کارێکتەرەی دەمەوێ بێت، لە چاڵێک لەوانەی بۆ خۆشاردنەوە و پەنادان هەڵیانقەندبوو، چاڵێک سی دانە ساڵ دوور لێرە و سی دانە ساڵ دوور لە ئێستا دانیشتم و چاوەڕێ بووم.

* * *

من لەو دووریە خۆم پەنادابوو، وەک منداڵێکی گریا و ترساو چاوەڕێ بووم. دەنگی دەرگا هات، دەرگای مێشکم نا، دەرگای حەوشە، ئەی خودایە کەنگێ بیر بکەمەوە، چۆن لەو دوورییە بگەڕێمەوە، چۆن ئەو زەمەنە دوور و درێژە ببڕم، چۆن لە تەمەنی منداڵییەوە بفڕمە ناو تەمەنی پیاوێکی کامڵ. دەبێ بەسەر چەندان خەرەندا بفڕم تەنها تەماشاکردنیان ژیانت لێدەستێننەوە.

گوێم لێیە، وەک لە قوولایی خەوێکدا بم گوێم لێیە، یەکێک دەرگا دەکاتەوە. کەسەکەی ئەودیو لە من دەپرسێ، بانگم دەکەن

– کوڕە وەرە خوار تۆیان دەوێت.

خێرا هەڵدەستم، دەگەڕێمەوە ناو ژیانی ئاساییم، نە کۆڵانی مێشک و نە هیچ. دەچمە بەردەرگا هاوسێیەکی ئاشنام کە من ناوەکەیم نایەتەوە بیر دەستم دەکوشێ. لە دڵی خۆمدا دەڵێم دەشێ ئەوە کارێکتەرەکە بێت کە دەمەوێ. ئەو دەڵێ:

– کارێکم کەوتۆتە لای تۆ دەبێ لەگەڵم بێی.

دەڵێم:

– با تۆزێک خۆم پۆشتە کەم.

دەڵێ:

– پێویست ناکات.

دەستم دەگرێت، وەک بەرخێک دوای دەکەوم، کۆڵانەکەی خۆمان دەبڕین، دەچینە ئەوپەڕی شەقامەکە، چەند کۆڵانێکی نارێک و باریک دێنە پێشمان، ئەو قسە دەکات، من نامەوێ تێبگەم، لە بیری خولقاندنی کارێکتەرەکەمدام، کۆڵانەکان دوورودرێژن، پێیەکانم خوار دادەنێم، سەرەتا هەستم دەکرد خەڵکانێکمان لەگەڵە. ئێستا تەواو تەنهاین، لەبیرم نییە چاویلکەی خوێندنەوەکەم دانێم، باش نابینم، دەمەوێت هەست بە دەستی بکەم، من دەستی دەگرم، تێدەگەم جلێکی نەرمی لەبەرە، نازانم قوماشەکەی وایە، یان کۆنە. وەیس بایە دەیزانی، نابینایی بۆ ئێستە باشە. بارانێک کە نازانم بارانی چ وەختە دەبارێت. کۆڵانەکان زۆر درێژن. پێدەچێ هی سەردەمێکی دیکەبن، بە کۆڵانە باریکەکانی کۆیە دەچن، زۆر درێژتر، حەز دەکەم بگەینە دەرگایەک، هەر دەرگایەک بێت، دەبێ دیوار بکاتە دەرگایەک، پێموایە دەگەینە دەرگایەکی تەنەکە، حەزم لە دەرگایەکی تەختەی کۆنی بەنەخشە، پێش ئەوەی بیکەینەوە پیرێژنێک ئەوانە کەس تەمەنیان نازانێ، پرچیان سوور سوورە، لەو دیو دەرگاکە بکاتەوە، لە پشتییەوە سندووقێکی تەختە بە دیواری بەرانبەر هەڵنرابێ، بە ڕەنگی پیرۆزەیی

نەخشێکی خواروخێچی لێکرابێ هەروەک ئەو جارەی لەسەر قەڵات لەگەڵ هاوڕێیەکم وێنەی یەکترمان دەگرت. بەڵام ئێستا نازانم ئەو هاوسێ ئاشنا و موحتەرەمەم بۆ کوێم دەبات؟

بایەک لێم دەدات و کراسە باراناوییەکەم بە سنگەوە دەنووسێنێ من بۆ چەند دەقیقەیەک دوای ئەو نەحلەتییە کەوتم، قەڵەمەکەم هەر بە دەستەوەیە. متمانەی تەواوم بەو هاوڕێ دڵسۆزەم هەیە، پێی دەڵێم:

– برای ئازیز زۆر درەنگ کەوتین نەمدەزانی هێندە دوورە.

ئەو ئاوڕێکی لێدامەوە و زەردەیەکی بێباک و سادەی کرد و گوتی:

– هەر ئێستا ئەو کارە بە تۆ نەبێ ناکرێ، تۆش جێگای بڕوای منی.

گوتم:

– ئەو دیوارە دوورودرێژانە چین، بۆ دەرگایەکمان نایەتە ڕێگا؟

ئەوجارە ڕوونتر پێکەنی و گوتی:

– شارەزایان نی! خۆ تۆ خوێندەواری، لەو کتێبە کۆنانەی کتێبخانەکەت، لەو لاپەڕە زەردانە، قەت ناوی ئەو شار و دیوارانەت نەخوێندۆتەوە؟

پرسیم:

– چ شار و دیوارێک؟ من بۆ چەند چرکەیەک لەگەڵ تۆ هاتووم تا کارێکت بۆ بکەم.

ئەو گوتی:

– هەموو ئەوانەی بۆ ئێرە دێن بۆ چەند چرکەیەک دێن، پێم بڵێ گوێت لە سازێک نییە؟

من سەرسام و ترساو، بە گوێییەکانی وەیس گوێم گرت.

لە ناخمەوە دەنگێک هاواری کرد:

– ئەوە سازەکەی ئۆرفیچسە، ئێرە جەهەندەمە، تا هەدێس ئاگادار نییە بگەڕێوە، تا کێربێروس سەگی کۆڵانەکانی جەهەندەم بەئاگا نەهاتووە بگەڕێوە.

لەو تاریکییە قووڵەدا سازێک ناخمان دەبڕێ و دیوارەکان وردە وردە دەتەپێن.

هاوسێکەم گوتی:

– تا ئەو سازە دەنگی بێت ئەو سەگە سێ سەرە بەئاگا نایەت.

چەند پلیکانەیەک چووینە خوارێ، دەرگایەکی بەردینی کردەوە، کووپەیەکی گەورەی شینی کۆن کۆنی لێبوو، سەرەکەی هەڵگرت و سازێکی درێژ و باریکی تێدا بوو، بێدەنگ دەری هێنا. منی هەڵگرت و زۆر بە ئاسانی خستمیە ناو کووپەکەوە، سەرەکەی نایەوە و گوێم لێ بوو دەیگوت:

– من بۆو سازە هاتبووم، سازەکەی ئۆرفیچس. ئەو سازەی دۆزەخی هێمن کردبۆوە، ئیدی دۆزەخ پێویستی بەو سازە نییە، دەبێ بیبەمەوە سەر زەوی.

من هەر لەناو کووپەکەوە، گوتم:

– بابێم من لەو سازە وەستام.

ئەو زۆر بێباکانە گوتی:

– نا، تۆ ئەو کارێکتەرەی پێویستم پێیەتی، لێرەبە با سەگە سێ سەرەکەی دۆزەخ نەزانێ سازەکەم بردووە.

من گوتم:

– ئاخر من کارێکم هەیە، من چیرۆکەکەم تەواو نەکردووە، تەنها تاکە کارێکتەرێکی ماوە.

ئەو گوتی:

– کارێکتەرێک خیانەتت لێ بکات.

گوێم لێ بوو، نووسراوی سەر دەرگا بەردینەکەی دەخوێندەوە:

«هەر کەس ڕێگای دەکەوێتە ئێرە، هێمن بێت و سەر دانەوێنێ لە پشت ئەو دەرگایەوە سازە سیحرییەکەی جیهان نووستووە»

٢٠٠٧/٧/٢٠ – ٣/١٥

# تاوان

**بەکر دەروێش**
**(خورماتوو)**

هەرچۆنێ بوو تاوانی کوشتنەکەی مستەر هابیلیان خستە ئەستۆی من و بڕیاری ئیعدام کردنیان دام، هەرچەند سەرەتا وا دیار بوو سەرۆکی دادگا بە بڕیاری دادگا قایل نەبوو بێت، بەڵام دەستەی سوێند خۆران بەو بەڵگانەی بەدەستیانەوە بوو قایل بوون و کوشتنەکەی مستەر هابیلیان خستە ئەستۆی من. ئەوان کاتێ تەنیا دەریاوانەکان و کەشتیەکانیان بینی دوو دڵ بوون، بەڵام دوای ئەوەی کە بەمەسەلەی پیاسەکەی من و مستەر هابیلیان زانی بڕوای تەواویان هێناو وتیان کاری کوشتنەکە مسۆگەرە، من هەر لەسەرەتاوە چۆن دەمزانی بێتاوانم ئاواش دەمزانی تاوانی ئەو پیاوکوژییەم دەخەنە ئەستۆ، چونکە تازە کار لە کار ترازا بوو ئەوان بە بەڵگەکانیان قایل ببوون، بەوەی من مستەر هابیلم کوشتووە، کەچی ئەوەی ڕاستی بێت، مستەر هابیل لە دەریاکەدا خۆی خۆی خنکان، هەرچەند من ئەوە یەکەم جارم بوو مستەر هابیل ببینم، ئەویش ڕۆژێک بوو لەسەر دەریای نەزۆکی تەمەنم دەگەڕام، چاوەکانم، گوێچکەکانم، هەستم، نەستم، لە جێگەیەکی تری ئەو دەریایەدا لە مۆڵەتدا بوون، بینیم کابرایەک بە تەنافی ژانەکانیدا خۆی هەڵواسیوەو تەماشای شەپۆلەکانی دەریای ژیانی دەکات، هێندەش بە ئاستەم هەنگاوی دەنا ، بیووە جێگای گومانی هەموو کەسێ، ئەم کێشەیە پێوەندی بەمنەوە نییە؟ کە ئاوام گوت لەبەر خۆمەوە، ئەو لە ژماردنی کەرەسە بێکەڵکەکانی سەر ڕۆخی دەریاکەدا بوو ، لەوێ کەلاکی دوو کەشتی کۆن، پاڵەپەستۆیەک، لێرە من، لەوێ ئەزموونێکی سووتاو ، کەلاکی ماشینێک، لێرە کۆمەڵێ وشە ، لەوێ خۆی، کە لە ژماردنی ئەمانەش بووەوە، دەستی برد لە گیرفانی پاڵتۆکەی شووشەیەک مەراقی دەرهێناو هەڵیقوڕان، دواییش بە پەیژەی دەریاکەدا بەرەو بەرزترین شوێنی ڕۆخەکە سەرکەوت، بە هیوای ئەوەی



دەریاوانەکان لە نزیکەوە ببینێ، هەستم کرد دەریاکە بە شەپۆلەکانی ختووکەی بۆشایی بیرەوەرییەکانی دەدات، ئەویش بەفڕین و نمایشی پۆلێ باڵندەی گەوج هەڵبەتە بایەخێکی زۆری دا، منیش ئەو هەلەم بە دەرفەت زانی و چاوم لە ئاوابوونی کەشتییەکانی نزیک بەندەرەکە هەڵخست کە ڕەشەبایەکی شێت کەشکۆڵەکانیانی هەراسان کردبوو، کەلاشم کردەوە بینیم مستەر هابیل هەنگاوەکانی بەسەر چەوی ڕۆخەکەدا کێش دەکاو گەواڵەی تەزێکی پڕ لە مەراقیش شانەکانی لەشی هەڵدەتەکاند، وا دیاربوو نیازی بوو لە دەریاکەدا مەلە بکا، بۆیە خۆی لە تەماشاکانم دەشاردەوە، چونکە کچێکی قەیرە کە لە بوتڵی مەراقەکانیدا گۆچ ببوو، لە دەریاکەدا مەلەی دەکرد، بەڵام کە ئێمە لێی نزیک دەبووینەوە، ئەو لە نێو شەپۆلەکاندا خۆی دەشاردەوە، کە لێشی دوور دەکەوتینەوە مچووڕکەی حەزێکی ژیلەمۆیی ژێر پێمانی دەبرژان، مستەر هابیل بە کش و ماتی بە ئاستی کەرەڤانە چۆڵەکاندا هەڵکشا، لەوە دەچوو تەمایەکی هەبێت، چونکە هەرکە کچەکەی لێ ون دەبوو یەکسەر شەپۆلەکانی دەپشکنی و بەدوایدا دەگەڕا، کە مستەر هابیل بەرەو ڕووم گەڕایەوە پێم وت: ئەبێ ئەمڕۆ کێ بۆشایی نێو حەزەکانمان بۆ پڕکاتەوە جگە لە قەیرەکەی خۆمان؟ وادیار بوو مستەر هابیل تا ئەو کاتە هەستی بەبوونی من نەکرد بوو، چونکە کە ئاوام وت زۆر بە شپرزەییەوە سەیری کردم و بە تووڕەییەوە وتی: کابرا تۆ کێی و چی گەیاندووتییە ئێرە؟ وتم: منیش وەک خۆت دەریاوانێکی ئەم دەریا نەزۆکەی ژیانم؟ کە گوێی لە وەڵامەکەم بوو ڕووی گەشایەوەو بزەیەکی بۆ کرد و وتی: کەواتە تۆ ئەو کەسەی کە ساڵەهای ساڵە لەسەر ڕۆخی ئەم دەریایە بەشوێنتا دەگەڕێم، وتم: بۆچی؟ وتی: تا ببیتە شایەتی ئەوەی کەمن ساڵانێکە لە سینەی پڕ داخمدا خۆشەویستی کچێکی قەیرەم هەڵگرتووەو دەمەوێ وەک چەپکە گوڵێک پێشکەشی کەم، کەچی ئەو ڕازی نابێت لێم وەرگرێ؟ پێش ئەوەی من وەڵامی بدەمەوە، ئەو لە بەرزترین شوێنی ڕۆخەکەوە خۆی هەڵداوە نێو دەریاکەوەو شەپۆلەکانیش خێرا لووشیان کردو گوم بوو؟ لەو ڕۆژەوە من پێ دەخەمە سەر هەر مشتە لمێکی ئەو ڕۆخە، هەست بەناڵەی گیانی مرۆڤێکی خنکاو دەکەم، کە زۆرێک لە ڕوخسارەکانی مستەر هابیلی تێدایە، ئەم مشتە لمە پاشماوەی جەستەیەکە بە ئاگری بێوەفایی سووتاوە، بۆیە هەمیشە خوێنێکی ڕەش لە پەراسووەکانیەوە دێتە دەرو دەڕژێتە قوڕگی دەریاکەوە، لەوانەشە پێی منی بەرکەوتبێ و زامەکانیم کولاندبێتەوە؟! ئەوە بوو پاش ماوەیەک لە چاوەڕوانی شەپۆلەکان لاشەی مستەر هابیلیان توڕدایە سەر ڕۆخەکە، لێی نزیک بوومەوە بینیم بەحاڵ گیانی تێدا ماوە؟ بۆیە منیش لەولایەوە ڕاکشام و جگەرەیەکم گرتێبەردا، دووبارە کە سەیرم کرد جگە لە تارماییەک هیچی ترم نەبینی، دەریاکەش بەشەپۆلەکانی خێرا شوێن پێکانمانی دەسڕییەوە، لە پڕ تارماییەکەی مستەر هابیل هەستایە سەرپێ و بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی: تۆ تاقەکەسێکی کە بەم مەرگەی من دەزانی، وەسیەتەکەت لەبیر نەچێ و بیگەیەنیتە ئەو قەیرە خاتوونە؟ ئیتر لەو ڕۆژەوە نە مستەر هابیلم بینیەوەو نەناویشیم بیست، تا ڕۆژی دادگایی کردنم کە تۆمەتی کوشتنەکەی ئەویان خستە ئەستۆم، ئەوسا تەواوی ڕووداوەکەم بیرهاتەوەو ویستم وەسیەتەکەی مستەر هابیلیان بۆ باس کەم، وەلێ تازە کار لەکار ترازاوەو کێ بەوە باوەڕ دەکات کەمن مستەر هابیلم نەکوشتووە؟

# سالمەندان

**پەرویز جیهانی**
**(زوریچ)**



ئاڤرەکی سار و سەرسەری دا قۆتیکا نامەیان. چ نامە تێ دا تونەبوون. بێمە ئیدە تەڤی تاژیێ خوە کو ل دەوسا کورِ و کچ، برا و برازی، خووشک و خوشکەزا، بووک و ژن و ژنبرا و دش و نەبی و نەبیچرکان دگەل دژیت، ل دەرگە را دەرکەت. هەرچەند کو دەستەک شال و شەپکێ نوو ل بەر کربوو، سەرێ خوە لایەکی دا شەکربوو، ئو رووییێ خوە جۆتتیخ کور کربوو، لێ کەوناتی بەلەنگازی و تەنێتی ژ سەر و سوکوم و هەژ ولڤ وگڤ و رێڤەچوون و کەفت و لەفتێن وی دبارین. سڤانگا کراسێ وی، کو کراڤاتا وی یا گولگولی بینانی خەلێتکا تاژییێ وی پێ ڤا داردا ببوو، ژ ئوسکورا وی یا قەرچمی را فرە دیار دکر.

دەستەکی ب دۆخا خەلێتکا تاژی را گرتبوو، و ب دەستێ دی ژی گۆپالێ خوە را گرتبوو، ئو دابوو دوو تاژیێ خوە. تاژی وەکە هەسپەکی جەهخۆر ل پێش وی دا ئۆرخە دبوو و دلەزاند. هندەک جاران ژی هە ئەو ل دوو خوە را دکشاند. لێ مێرکی ل بەر لێڤا خوە دا دمووچاندێ. و تاژی ل سەر خوە دا دزڤراند. هەوا سایی و ئەسمانێ شین و تاڤا گەش و شیرۆگەرم دەما تاژیی سازکربوون. تاژی دسمسمی و عەرد پێکۆل دکر و ل سەر توومێن گولان و ل پێسیرا دیواران ڤا پەلەمیزک درِەشاند و ب کەیفخۆشی ل سەر خودانێ خوە دا دزڤرِی. هەردویان ل بەر تاڤا جانڤەژین ب نەرمە پیاسەیان ئارام، ئارام خوە گیهاندن رەخ پێلەکانەکێ. ل ناڤا گولێن سۆر و زەر و بنەفشەیی را کو هەردو رەخێن پێلەکانێ دابوونە بەر خوە، تەڤ هلکشیان ئەیوانگەها رێستۆرانا سەرێ کۆلانێ. دەما کو هلدکشیان، ب دەرابا پێلەکانێ را گراتبوو. ب بێهنکوتک ل سەر کەت و ل پشت هەمان وێ ماسەیێ کو د قەومی ژ هەزار جاری زێدەتر لێ روونشتبوو، جی گرت.

مەیگێڕ وەکە هەر جار ب گرنژین هات و ل بەر ماسێ وی راوەستا و پرسی: گەنماڤەک؟

– ئەرێ گەنماڤەکێ دگەل لیمۆنێ.

پشتی دەمەکە کورت، مەیگێڕ ب سینیەک زیڤین کو ئاڤخۆرکەک بەژنبلندە لیڤڤەکری تژی گەنماڤەک زەرکمەر کربوو، و لەتەک لیمۆن ژی ب لێڤا وێ ڤا دالقاندبوو، هات و ل بەر ماسە راوەستا و گەنماڤ ب ئارامی دانی سەر ماسێ و دیسان ب گرنژین گۆت:

نۆشی جان بە.

کالۆ ل وێ دەمێدا کو سەرێ وی ل سەر ئوسکورێ دهەژکی، بەرسڤ دا:

– زۆر سپاس!

کەفەک سپی وەکە شاشکەک کەڤەر ل سەر سەرێ ئاڤخۆرکێ کەتبوو. ب دەستێن لەرزۆک ئاڤخۆرک هلدا و ب هژمەکاری، دو گولپێن تو بێژی هلچنی قافێ خوە. کەفا گەنماڤێ دەڤ و لێڤێن وی سپی کرن. پێ پشتا دەستێ خوە کەفا ل سەر دەڤ و لێڤێن خوە پاقژ کر. تاژی ژی ل ژێر ماسێ وی ل سەر هەردو لەمێن خوە کەتبوو و چوور مابوو ب چاڤێن خوە یێن زەرە زەیتوونی ل ژێر ماسێ پێشبەر دنهێری.

ل هەمبەری وان پیرەژنەک ل ناڤ سالان دا چوویی، دگەل بۆنجیێ خوە ل پشت ماسێ ل پێشبەری وان روونشتبوو. قاوەیەک ل بەر بوو، و جاری گولپەک لێ ددا، و ب ڤەخوارنا هەر گولپێ را ئاڤرەکی سار ددا مێرک و تاژیێ وی. گژکا سەرێ وێ وەکە هێلوونا پیرە دالاشەکێ ئالیزیبوو. مێرک ژی هەی بن ڤا لێ دنهێری و هەی ژی خوە ب گەنماڤا خوە ڤا دخاپاند. ڤەخوارنا ئاڤخۆرەکەک گەنماڤێ و فنجانەک قاهوێ دەمژمێرەک خشت خایاند.

پشتی وی هندێ کو مێرکی کۆتاترین دلۆپا بنێ ئاڤخۆرکێ کشاندە قافێ خوە، بێی وێ هندێ کو ل پسوولا بوهایێ گەنماڤێ بنێرە مزدا گەنماڤێ ژ کیسکێ خوە دەرانی و ل دوو را بەرێ خوە ل سەر مەیگێڕی دا کر و گازی کرێ: مزاخ!

مەیگێڕ کو کیسکەکێ مەزن وەکە بەرکابکا تەشیرێسێن کورد پێ ڤا دار دا ببوو، هات و ل بەر ماسێ کالۆ راوەستا. کالۆ ئەو پرسیارا کو ژ سەدان جاری زێدەتر ژێ کربوو، دیسان ژێ پرسی. مەیگێڕی ژی دیسان وەکە سەدان جارێن پێشین بەرسڤا نەرێنیێ دا پرسیارا وی و ئەو کرە خۆرتەکی چاردە سالی. ل دوو بەرسڤا مەیگێڕی کربوو باشەلا وی دا، وەکە بەخشیش کرە ناڤ دەستێن مەیگێڕی و ژ جی رابوو، کەسپکێن چاکێتێ خوە پەڤ خست، گۆپالێ خوە دا بەر خوە و خالێتکا تاژیێ خوە راگرت و ب دلەکی خوەش ژ هەیوانگەها رێستۆرانێ دەرکەت. ل بەر دەرێ هەیوانگەهێ تاژیێ وی و بۆنجیێ پیرێ مرجێن هەڤ. لێ کالۆ خەلێتکا تاژی ل سەر خوە دا راکێشا و ل پێلەکانان دا داکەتە خوارێ. رەشێشکێن بارانی گولێن رەخ پێلەکانێ تەڕ کربوون. گول ل ژێر خوناڤێن بارانێ دا چلمسی دهاتن خوویانێ.

پشتی دەمەکە کورت خوە گیهاندە دەرگێ مالا خوە. دیسان ئاڤرەکی سار دا قۆتیکا نامەیان. ڤێ جارێ چاڤێن وی ل قەلشا دەرکێ قۆتیکێ را ل تشتەکی سپی کەت. زانی نامەیەک ژێ را هاتیە. دەرێ قۆتیکێ ڤەکر و نامە ژێ دەرانی. ل دلێ خوە دا گۆت:

«گەلۆ ئەز کەتمە بیرا کێ؟»

ب گەهشتنا ئۆدا خوە را پاکێتا نامێ ڤەکر و ل پشت شووشێن ستوورە بەرچاڤکێ را ب سەرەکی لەرزۆک خەریکی خوەندنا نامێ بوو:

هێژا موولێر بەگ

دگەل سلاڤان، ئەم تە پێ دحەسینن، کو کچا تە ناڤێ تە ل ڤێ مالێ دا دایە نڤیساندنێ. ب دلۆڤانیا خوە رۆژا چارشەمبیێ ل دەمژمێرا نەهـ و نیڤێ ژبۆ داگرتنا پرسیارنامێ و دیتنا جی سەرەکی ل مە بدە. ئەم ل بەندا تەنە.

**بەرپرسا مالا سالمەندان**
**١٩٩٩/٦/١٢**

**تێبینی**: ئەڤ کورتە چیرۆکە مە ژ کتێبا (ئالۆلە) وەرگرتییە رووپەلێن (١٠٣- ١٠٥) کو وەشانێن (دۆز)ێ یە و ل سالا (٢٠٠٥)ێ ل چاپخانەیا (جان مەتباعەسی) ل ستەنبولێ هاتیە چاپکرن و، مە ژی ژ تیپێن لاتینی ڤەگواستییە سەر رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.

# چەرخوفەلەک

عەلی خودایی
لەفارسییەوە: محەمەدئەمین شاسەنەم
(بۆکان)



خەریکی لەبەرکردنی خاولیەی حەمام بوو کە دەنگی ژنەکەی بیست.

– درەنگە" زوو کە.

گوتی: "ئەوە هاتم."

بەدەست، هەڵمی ئاوێنەکەی سڕی. ڕیشی تاشیبوو. دەرگاکەی کردەوە.

ژنەکەی گوتی: «لەخۆیدا درەنگە، خاوە خاویش دەکەی؟ لیباسەکانتم لەسەر تەختەکە داناوە. دوو کراس و گۆرەوی و شۆرتێکیش لە ساکی سەفەردایە. پێم وا نەبێ شتێکت کەم و کەسری بێ. ئەگەر دەزانی شتێکی دیکەت دەوێ بیڵێ، با دوایە پرتە و بۆڵە نەکەی.»

لەنێوەڕاستی دیوەکە ڕاوەستابوو و دەستی بە ڕوومەتی دا دەهێنا.

– هەتا خۆت ویشک دەکەیەوە... زوو کە. دەرفەتێکی زۆرت نییە. خۆت درەنگ دێیەوە و دەڵێی زووکە ناگەمێ، ئێستا کێ وە درەنگی خستووی؟

گوتی: «کێ خاوە خاو دەکا خانم؟ دەرفەتم هەیە.» چووە دیوی نووستن خۆی ویشک کاتەوە.

– خانم! خانم! چی لەبەر کەم؟ کوا چاویلکەم؟

– لای مێزەکەیە، لەپاڵ چراکە.

لەسەر تەختەکە دانیشت. کۆت و شەڵواری خۆڵەمێشی و کراسی سورمەیی. دەستی برد و چاویلکەکەی لەلای چراکە هەڵگرت.

– کاتژمێرەکەم کوانێ؟

کوڕەکەی هات و گوتی: «من هەڵمگرتووە بابە، فەرموو.»

کاتژمێرەکەی وەرگرت. لاقی ویشک ببوونەوە. سەری ویشکەوە کرد، ئۆد کلۆنی لە خۆیدا و جلەکانی لەبەر کرد. خاولیەکەی لەسەر تەختەکە دانا.

دەنگی ژنەکەی هات: «ساز بووی؟... خاولیەکەت

لەسەر تەختەکە دامەنێ. لە حەمام هەڵیواسە.»
کابرا، خاولیەکەی هەڵگرت.
– ساز بووم. تۆ پەلەی کۆبوونەوەی ئەمشەوتە. ئەگەر پێت خۆش نییە، زەنگ لێدەدەم بۆ ئاژانس، تاکسی بنێرێ.
– خۆم دەتبەم.
خاولیەکەی لە حەمام هەڵواسی. ژنەکە شاڵەکەی لەملی کوڕەکەی دەپێچا. کیفەکەی هەڵگرت.
– سازی؟
– زۆر دەمێکە سازم.
– سەرمات نەبێ، میسواک و ریش تاشەکەتم لەژێر جلەکانت داناوە.
چراکانی کوژاندەوە.
– کلیل هەڵگرە با شەوێ لەبەردەرگا نەمێنیتەوە.
دەرگاکەی پێوەدا، سواری ماشین بوون، کوڕەکە دەرگای حەوشەی کردەوە. کە ماشێنەکە چووە دەرێ دەرگای پێوەدا. وەرێ کەوتن.
ژنە گوتی: «دەرگاکەت چاک پێوەدا؟»
کوڕە گوتی: «پێوەم داوە».
ژنە گوتی: «کارەکانی سبەینێت کردووە هەتا لەوێ بۆڵەبۆڵ نەکەی؟»
کوڕە گوتی: «بابە چیم بۆ دێنی؟»
ژنە زەفتەکەی هەڵکرد. پیاوەکە لەپشت چرای سوور وێستا. چاوی لەمیلی بێنزین کرد.
– باکەکەم پڕ کرد.
– خالی نابێ، شوێنێکمان نییە بچین. ئەویش تاقە شەوێک. بەم کوڕەوە. جەنگەی تاقیکارییەکانیەتی. کوێمان هەیە بچین؟ خۆ تۆش زوو دێیتەوە. تەنیا پێی بلێ پرتەو بۆڵە نەکا. ریش تراشەکەشت.... وەبیرم هاتەوە کە پێم گوتی:... لەکیفی سەفەرەکەتدایە.
چرا سەوز بوو و وەرێ کەوتن. کە گەیشتنە شارێ، ژنەکە گوتی:«خۆ پەلەت نییە. بۆ وا بەتوندی دەڕۆی؟ خۆ هەڵیان نەبڕیوی؟» پیاوەکە لاقی لەسەر پێدالی گازەکە لابرد.
کوڕە گوتی: «چیم بۆ دێنی بابە؟»
ژنە گوتی: «هەر لەبیری چی دێنی چی دێنی دای. چیت کردووە هەتا شتێکت بۆبێنێ؟»
کە چراکانی فڕۆکەخانە وەدەرکەوتن، کوڕە گوتی: «بابە نەتگوت.»
ژنە گوتی: «خۆ دەستوورنامەکەت پێیە؟»
پیاوەکە گوتی: «ئێوە مەیەنە ژوورێ. بگەڕێنەوە.»
ژنەکە گوتی: «وە درەنگ ناکەوێ؟ هیوادارم.خۆ برسیت نییە؟»
کاتێ گەیشتنە فڕۆکەخانە پیاوەکە دەنگی زەفتەکەی کەم کردەوە و گوتی: «گەیشتین.» وێستا. لەتاریکی شەودا ڕوومەتی ژنەی ڕامووسی.
ژنە گوتی: «زوو وەرەوە.»
کوڕە دەستی خستە ملی باوکی.
ماشێن حیسابێکم بۆ بێنە.
ژنە گوتی: «جوان چاو لێکە، شتێکت کەموکەسری نەبێ.»
پیاوە گوتی: «هەموو شتێکم پێیە، کاغەزەکانم هەڵگرتووە. ئێوە بگەڕێنەوە.»
دابەزی و کیفەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگای چوونە ژوورەوەی فڕۆکەخانە ڕۆیشت. لەو بەری شووشەکانی هۆڵی چاوەڕوانی، دەستی بۆ هەردووکیان ڕاوەشاند. کە بلیتەکەی پەسند کرا چوو بۆ هۆڵی فڕین. ویستی جگەرەیەک داگیرسێنێ. شەمچەی پێ نەبوو. دەستێکی بەسەریدا هێنا. هێشتا هەر خاو بوو. دەنگێک لە بڵیندگۆوە گوتی: «مسافیرەکانی فڕینی ژمارە ١١٦ی ئیسفەهان بۆ تاران...»
فڕۆکەی ٧٢٧ بەچرا هەڵکراوەکانی پەنجەرەکانیەوە. «بریا چاییەکیان پێ بدایەین، چاییەکی گەرم.» لە پلیکانەکان وەسەر کەوت. هەر لەم ریزانەی پێشەوە... لە ریزی پێنجەم، یان شەشەم بوو کە دانیشت. سەندەڵی خالی زۆر بوو. فڕۆکەکە لە شیرازەوە هاتبوو. میواندارەکە نوقڵی هێنا. هەڵی گرت.
گوتی: «خانم ڕۆژنامەی ئەمڕۆتان لەلایە؟»
میواندارەکە گوتی: «بۆتان دێنم.»
نوقڵەکەی لە زاریدا سووڕاند. مزر. گەرمای نێو فڕۆکە و وێنەیەکی تەختەتی جەمشید لەڕووبەڕوویدا و پشتی بەرزی سەندەڵی فڕۆکە، کە ئەو بە ئاسوودەییەوە پاڵی پێوەدابوو. چاوی قوچاند. فڕۆکە بەهێواشی کەوتە ڕێ. کە چاوەکانی هەڵهێنا، فڕۆکە بەرز ببۆوە. بەتاقە زەنگێک کە لێدرا، دیتی ڕستەی «پشتێندەکان ببەستن» کوژاوە. مزرایی پاشماوەی نوقڵەکەی قووت دا.
میواندار گوتی: «کاکە ببوورە...»
پیاوەکە سەری هەڵێنا و گوتی: «سپاس.

ڕۆژنامه...؟»

میواندار گوتی: «دەیهێنم. ببوورن. ئێوە ئاغای سەلیمین؟»

گوتی: «بەڵێ، بەڵێ. بۆ خۆمم.»

میواندار گوتی:«خانمێک لەمنی پرسی... چەند ڕیز لە دوای ئێوەوە دانیشتوون. گوتی پرسیار بکەم بزانم ئێوە سەلیمین؟»

پیاوەکە گوتی: «بەڵێ بۆ خۆمم. کێ پرسیویە؟» لەجێگاکەی هەستا و هەتا کۆتایی فڕۆکەکەی ڕوانی. ئاشنایەکی وەبەر چاو نەهات. گوتی:«لەکوێیە؟»

میواندار گوتی: «بەدوای مندا وەرن.»

پیاوەکە دەستی دا کیفەکەی و وەدوای میواندار وەڕێ کەوت. چەند ڕیز دواتر، لەلای پەنجە، ژنێک دانیشتبوو، کیفەکەی لەسەر سەندەڵی پەنای خۆی دانابوو.

میواندار گوتی:«ئەم خانمە بوو.»

پیاوەکە گوتی: «سپاس. سڵاو خانم. من سەلیمیم.» چاوێکی لە ژنەکە کرد و دوایە پێکەنی و گوتی: «زۆر سپاس. سڵاو خانمی فەرەهمەند. سڵاو.»

خانمی فەرەهمەند گوتی: «سڵاو ئاغای سەلیمی.کەس لێرە دانانیشێ.»

پیاوە دانیشت و گوتی: «لەکوێ بووی؟»

ژنە گوتی: «تۆ لە کوێ بووی؟»

پیاوەکە گوتی: «من کە هەموو کاتێ لە ئیسفەهانم.»

- منیش هەر لە شیرازم، ئاغای سەلیمی.

پێکەنی. پیاوەکە کیفە دەستییەکەی خۆی لەسەر لاقی دانابوو و کیفەکەی خانمی فەرەهمەندیشی لەسەر کیفەکەی خۆی.

- ماندوو دەبی، کیفەکە لەسەرێ دانێ.

پیاوە گوتی: «دەترسم لەبیرم بچێ، ژنەکەم زۆری ڕاسپێری کردووم.»

هەردووکیان بە پێکەنینەوە.

پیاوە گوتی: «لەمێژ ساڵە یەکترمان نەدیوە شەهلا.»

شەهلا گوتی: «دە دوازدە ساڵ دەبێ.»

پیاوە گوتی: «ئای پیبری!» و شەهلا سەری ڕاوەشاند.

پیاوە گوتی:«تۆ نا. من خۆم دەڵێم.»

شەهلا گوتی: «جیاوازییەکی نییە. چەند منداڵت هەیە؟»

پیاوەکە گوتی: «تاقانەیەک. کوڕێک. ئەی تۆ؟»

شەهلا گوتی: «سێ دانە. دوو کوڕ و کچێک.»

پیاوەکە گوتی: «ئەی چۆن خۆت دەرباز کرد؟»

گوتی: «دایکم نەخۆشە. کەسی لەلا نییە. برا گەورەکەشم حوسێن، عەمەلیاتی دیسکی هەیە و... بەکورتی تێکەولێکەیە. مۆڵەتی مەجبووریم وەرگرتووە. منداڵەکانم سپاردووە بە موحسین و گوتم دەچمە لای دایکم. چەند ڕۆژێ دەمێنمەوە و دەگەڕێمەوە.»

میواندار بە کالیسکەکەیەوە هات.

- چای دەخۆنەوە؟

شەهلا گوتی: «هەڵبەت». چەکمەجەکانیان کردەوە. پیاوە پەرداخە نایلۆنییەکانی هەڵگرت و لەسەر مێزەکەی دانان. دوایە کەوچک و قەندە پاکەتییەکان. چاییەکە گەرم بوو. پیاوە گوتی: «چەندەم ئیشتیا لەچایی بوو!؟»

ژنەکە گوتی: «دڵم بەرایی ئەوەی دەدا لەم سەفەرەدا شتێکم بۆ پێش بێ.»

چاییەکەیان بێ قەند خواردەوە. پیاوەکە پەرداخە نایلۆنییەکانی لەنێو یەک خست. دەنگی تاقە زەنگی «پشتێندەکان ببەستنەوە» هات. میواندار پەرداخەکانی کۆ کردەوە و سەر میواندار گوتی سەفەرێکی خۆش بۆ مسافیرەکان بە ئاوات دەخوازم.

کاتێ فڕۆکەکە لەسەر هێڵ وێستا، پیاوەکە هەستاو لە ڕێڕەوی نێوان سەندڵییەکان ڕاوێستا و ڕێگای بۆ شەهلا کردەوە پێش کەوێت. کە لە پلیکانەکان هاتنە خوار، کابرا گوتی: «حەتمەنە چەمەدانێکی زەلام..»

شەهلا گوتی: «بەپەلەی؟»

کابرا گوتی: «نا».

کابرا بەدەستێک چەمەدانەکەی شەهلای هەڵگرت و بەوی دی کیفە سەفەرییەکەی خۆی. کە لە فڕۆکەخانە هاتنە دەرێ، پرسی: «کەسێ بەدووتا دێ؟»

- نا، کەس نایەت.

کابرا گوتی: «دەتگەیەنم».

شۆفیی تاکسی فڕۆکەخانە چەمەدانەکەی وەرگرت و لە سندووقی دواوەی ماشینی خست.

کابرا گوتی: «ماڵی دایکت هەر لەو شوێنەی جارانە؟»

شەهلا گوتی: «هەر لەوێیە».

بە شۆفیرەکەی گوت: «لەپێشدا خانم بگەیەنە، دوایە من بەرە بۆ هوتێلێک».

پاشان نیشانییەکەی گوت.

شەهلا گوتی: «هوتێل بۆ؟»

کابرا پێکەنی. شۆفیری تاکسیش لە ئاوێنەکەوە

چاوێکی لێ کردن. شەقامەکان چۆڵ بوون و تاک و تەرا چرای دووکانەکان هەڵکرابوون.

کابرا گوتی: «برسیت نییە؟ دەکرێ هەر لەم دەوروبەرە شتێک بخۆین.»

شەهلا گوتی: «نا. دایکم چاوەڕێمە. دەبێ هەرکە گەیشتمە شیراز تەلەفۆنی بۆ بکەم بڵێم گەیشتووم. چێشتم بۆ منداڵەکان دروست دەکرد، بڕێکم خوارد.»

کابرا گوتی: «ئێستاش پیاسە دەکەی؟»

شەهلا گوتی: «جار جارە»

کابرا ویستی جگەرەیەک داگیرسێنێ. پاکەتی جگەرەکەی دەرهێنا. کردییەوە.

– دەکێشی شەهلا؟

شەهلا گوتی: «نا. تا کەنگێ لە تاران دەبی؟»

کابرا گوتی: «دوو ڕۆژ. زوو دەگەڕێمەوە. بۆ کاری ئیداری هاتووم. دەبێ لەم ئیدارەوە بۆ ئەو ئیدارە هەڵێم.»

شەهلا گوتی: «تکایە بچۆ نێو ئەم کۆڵانە. بڕێک پێشتر. لای ئەو ماشێنە سوورە. بەڵێ ئێرەیە. گەیشتین.»

کابرا دەرگاکەی کردەوە شەهلا دابەزی. شۆفیر چەمەدانەکەی هەڵگرت.

کابرا گوتی: «سلاویان بگەیەنە. بەدیتنت... زۆر..»

شەهلا گوتی: «منیش هەروا. زۆرتر. با بچینە سەرێ.»

کابرا چەمەدانەکەی لە شۆفیری تاکسی وەرگرت و بۆ لای دەرگاکە چوون.

– مزاحیمت نابم. دوای ئەم هەمووە ساڵە پێم خۆشە دایکت ببینم، بەڵام دەرفەت کەمە. گەرچی من سبەینێ ئێوارێ پاش ئەوەی بەیانییەکەی لەتاران هەڵاتەکەم تەواو بوو، بێکار دەبم. بێجگە لەوە تۆ دەتەوێ تەلەفۆن بکەی. منیش هەر دەبێ زەنگێ لێ بدەم. هەڵبەت ئێستا ژنەکەم لەماڵ نییە.

شەهلا گوتی: «لەکوێیە؟»

کابرا گوتی: «کۆبوونەوەیان هەیە. شەڕە چەقە دەکەن».

شەهلا گوتی: «ئێمەش ئەمشەو چەقەچەق دەکەین».

شۆفیرەکە لەنێو تاکسیەکە دانیشتبوو و چاوی لێ دەکردن.

شەهلا گوتی: «باشە زەنگ لێدە».

کابرا گوتی: «برێ درەنگتر». دوایە بەهێواشی گوتی: «با سبەی شەو پێکەوە شێو بخۆین».

شەهلا گوتی: «حەتمەن. تۆش نەتگوتبایە، خۆم بانگهێشتم دەکردی. زەنگم بۆ لێدە»

ژمارە تەلەفۆنەکەیگوت و کابراش نووسی، چاویلکەکەی لەچاوی کردەوە. شەهلا لەزەنگی ماڵەکەی دا و گوتی: «ئیدی بڕۆ».

کابرا سواری تاکسی بوو. تاکسییەکە دەوری لێدا و کابرا دیتی دەرگاکە کراوە و شەهلا پیرێژنێکی لە ئامێز گرت. کابرا بۆ خوداحافیزی دەستی ڕاوەشاند، بەڵام شەهلا نەیدی.

شۆفیری تاکسیەکە، هەم لەم دەوروبەرانە هوتێلێکی نیشان دا. کابرا گوتی: «ئێرە تەواوە».

ژوورێکی ڕوو لە شەقامی گرت، بەهارەخەوێکی چکۆلەی هەبوو. بەهارەخەوەکە کورسی ڕاحەتی لێ بوو. دانیشت. ویستی زەنگ بۆ ماڵی لێدا. زوو بوو. ویستی زەنگ بۆ شەهلا لێدا. زوو بوو. هەستا و چووە دیوەکە. کیفی سەفەرەکەی کردەوە. ویستی جلەکانی هەڵواسێ. تاقەتی نەبوو. ویستی بیرلە شەهلا بکاتەوە. گەڕاوە بەهارەخەوەکە. کزەبایەکی سارد لە ڕوومەتی دەدا. لەسەر سەندەڵییەکە دانیشت. دیتی لە نهۆمی دوازدەیەمی هوتێل، بە تەنیا لەسەر سەندەڵی دانیشتووە. چاوی بەماشێنەکان کەوت و چراکانی شەقام و بڕێک دوورتر چەرخوفەلەکی گەورەی شاری یاری کە چراکانی هەڵدەبوون و دەکوژانەوە.

بەیانی ڕۆژی دوایی کە لە خەو هەستا، دیتی دەرگای بەهارەخەوەکە کراوەتەوە. کیفی سەفەرەکەی لەسەر تەختەکەوە کەوتبووە سەر مووکێتی نێو دیوەکە و بلاو ببۆوە. خۆشی بە کۆتەوە لەسەر تەختەکە خەوتبوو.

هەستا. وە درەنگی کەوتبوو. هەر لەو سەرەوە داوای کرد ماشێنێکی بۆ بێنن.

کیفەکەی هەڵگرت و بەڕیشی نەتاشراوەوە سواری ئاسانسۆر بوو و هاتە خوارێ. وەبیری هاتەوە هێشتا زەنگی بۆ ئیسفەهان لێ نەداوە: «دوایە لێی دەدەم».

لە نزیک دەرگای هوتێل، ماشێنەکەی دیت. بە شۆفیرەکەی گوت: «ئێستا دێم». تامی زاری ویشک و ناخۆش بوو.

– بەپێوە چاییەک دەخۆم. زوو دێم.

چووە چێشتخانە و گوتی: «چایی. چایی».

چاییە گەرمەکەی بەپەلە هەڵقوڕاند و ڕۆیشت.

بیخەنە سەر حیسابی دیوی... من سەلیمیم.

پاشان لەم دیو بۆ ئەو دیو. لەم ئیدارە بۆ ئەو ئیدارە. کیفەکەی دەکردەوە و بەدوای کاغەزەکاندا دەگەڕا.

– ئەوەتانێ.

دوایە هەر شەقام بوو و پشتی چراسوورەکان. ماشێن حیسابەکەی وەبیرهاتەوە. لە پلیکانەکان دەچووە سەرێ. لەدواییدا لەگەڵ شۆفێرەکە لە یەکێ لە پیتزا فرۆشیەکانی شەقامی ویلا نانی خوارد.

بە شۆفێرەکەی گوت: «پێم وا نەبوو ئەم هەموو هەڵات هەڵاتەم دەبێ... ماشێن حیسابێکم دەوێ. هەڵبەت لە ئیسفەهانیش هەیە، بەڵام کوڕەکەم داوای کردووە. دەبێ بیکڕم». برێ ڕاوەستا. دوایە گوتی:«دەبێ بۆ ژنەکەشم بکڕم». پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: «بریا شەهلاش لێرەبوایە».

شۆفێر گوتی: «شەپ هەڵێنیتەوە لەماشێن حیساب دەکەوێ کاکە. دەتبەمە شوێنێکی باش. دڵنیابە». پیاو گوتی: «دوێشەو هاتووم». دوایە بیری کردەوە بە شۆفێرەکە چی؟!

شۆفێر گوتی: «بەتەنیا هاتووی؟»

کابرا هیچی نەگوت. چراکانی پیتزا فرۆشییەکە ڕووناکییان کەم بوو.

شۆفێرەکە گوتی: «لێرە بەجێی ئاوجۆی کارخانە، هی دەستکردیشیان هەیە. ئاوجۆی تورکیەشی لێیە.»

کابرا گوتی: «دەی...»

شۆفێرەکە گوتی: «ئەگەر کاری ئیداریت ماوە با بڕۆین، دەنا بچین بەدوای ماشێن حیساب بکەوین».

لەپیتزا فرۆشییەکە هاتنە دەرێ.

شۆفێرەکە گوتی: «دەستت خۆش بێ».

کابرا گوتی: «شایانی ئێوەی نییە».

سواری ماشێنەکە بوون و وەڕێ کەوتن.

شۆفێرەکە گوتی: «حەتمەن عەترێ، پارچەیێ، شتێکی وا بۆ خانمەکەت دەکڕی».

کابرا گوتی: «دەیکڕم».

کە گەیشتنەوە هوتێل، کابرا سێ ماشێن حیسابی کڕیبوو. بۆ ژنەکەشی شووشەیەک عەتر.

خوداحافیزی کرد و چووە دیوەکەی خۆی. بەستەکان وکیفەکەی لەسەر مێزەکەی پەنای ئاوێنەکە دانا. کەوشەکانی داکەند «خۆی ڕووت کردەوە» یەکسەر بۆ حەمام ئاوێکی بەخۆیدا کرد و هات لەسەر تەختەکەی درێژ بوو.

سەعات حەوت لەخەو هەستا. ئێوارە بوو. ژمارە تەلەفۆنەکەی دیتەوە.

گووشییەکەی هەڵگرت و ژمارەی شەهلای گرت. کە دەنگی شەهلای بیست، گوتی: «شەهلا، منم. ببوورە درەنگ زەنگم لێدا».

کابرا گوتی: «سازی؟».

شەهلا گوتی: «سازم، بەڵام دایکم زۆر ناساغە».

کابرا گوتی: «یانی..!؟» بێدەنگ بوو.

شەهلا گوتی: «دێم، بەڵام دەبێ زوو بگەڕێمەوە».

شەهلا گوتی: «ئەلۆ... ئەلۆ؟»

کابرا گوتی: «باشە. دێم بە شوێنتدا. نیوسەعاتی دیکە».

شەهلا گوتی: «سازم. سەرچاوم».

گووشییەکەی دانا. هەستا. چووە بەر ئاوێنەکە. کراسەکەی لۆچاوی بوو. ڕیش بە ڕۆژێک ڕوخساری ڕەش داگەڕاندبوو. قژیشی ئاڵۆز و پلۆز. سەروچاوی شۆرد و قژی داهێنا. بڕۆسی دەویست. کەوشەکانی لەلای دەرگاکە دیتەوە و لەپێی کرد. وەبیری هاتەوە هێشتا زەنگی بۆ ئیسفەهان لێ نەداوە. گەڕاوە گووشییەکەی هەڵگرت و ژمارەکەیدا. کە دەنگی ژنەی بیست. چاوێکی لە ئاوێنە کرد. گوتی: «سلاو. دوێنێ شەو خۆشتان ڕابوارد؟»

ژنەکە گوتی: «وا دیارە تۆ خۆشترت ڕابواردووە. ئەوە لەکوێی؟»

کابرا گوتی: «زۆر باش گەیشتم. لێرەم. دوێشەو زوو خەوتم. ئەمڕۆش هەر هەڵاتووم، ویستم بەیانی زەنگ لێ دەم، گوتم ڕەنگە خەوتبێتی».

ژنە گوتی: «تانەم لێ دەدەی؟ خەوتبێتی. خەوتبێتی».

کابرا تاقەتی نەبوو. گووشییەکەی دانا. ئەگەر دوایی پرسیاری کرد، دەڵێم تەلەفۆنەکە کە هەڵبڕا. تەلەفۆنچی هەرچی کردی و کڕاندی نەیتوانی ژمارەکە بگرێتەوە. بۆ ئەوەندە بە تەلەفۆن قسە دەکەی؟» کۆتەکەی لەبەر کرد و لەدیوەکە چووە دەرێ.

ئەگەر لەدەرگای دا، هەر دەتگوت شەهلا لەپشت دەرگایە. کردییەوە. کابرا پێکەنی.

گوتی: «چ زوو!»

سوار بوون. کابرا گوتی: «دەی بۆ کوێ بچین خانمی فەرەهمەند؟»

شەهلا گوتی: «شوێنێ هەر لەم دەور و بەرانە».

چوون بۆ چێشــتــخــانەیەک هەر لەم دەور و بەرانە چێشتخانەکە تاریک نەبوو.

شــەهلا گــوتی: «زۆر ڕوونە. با لە نزیک پەنجــەرە دانیشین».

دانیشتن. شەهلا لە پەنجەرەکەوە چاوی لەدەرێ دەکرد «گوڵفرۆشییەکەی ئەوبەری شەقام و بەستەنی فرۆشی پەنای گوڵفرۆشییەکە. گوتی: «ئەزقەزا هەمیشە لێرە گوڵم دەکڕی. هەر کە دەرگای دووکانەکەم دەکردەوە، زەنگی سەردەرگاکە، تەقەی لێ هەڵدەستا. دیگ دینگ. سروەیەکی فێنک بەبۆنی گوڵەوە، زۆرتریش گوڵی مریەم، ڕوخسارتی باوەشێن دەکرد. لە بیرتە؟ ئەو بەستەنی فرۆشییەش هەمیشە ولۆلە و توێشکی لەپاڵ بەستەنییەکە دادەنا».

کابرا گوتی: «چی دەخۆی؟»

شەهلا گوتی: «هەر شتێ بێ».

کابرا گوتی: «دەڵێن ئێرە ئاوجۆی تورکیەشی لێیە».

شەهلا پێکەنی.

کاتێ چێشتەکەیان داوا کرد، کابرا گوتی: «قسەی موحسینم بۆ بکە. تەلەفۆنت کرد؟»

شەهلا گوتی: «باش نییە. هەموو شتێ تێکەڵ و پێکەڵ بووە. زەنگم لێدا. گوتیان زوو وەرە. دوا نیوەڕۆش تەلەفۆنم کرد. ئارمان لەگەڵ سەهەند شەڕی کردبوو، موحسینیش لەگەڵ هەردووکیان. کچەکەشم قسەی لەگەڵ نەکردم. لێم زیز بووە. وەک سەگ بەسەر و گوێلاکی یەکتردا دەپرژێن. ئارمان نۆبەرەمە، دوایە کچەکەمە، سەهەندیش پاشەبەرەیە».

کابرا گوتی: «ئەرێ...» قسەکەی خواردەوە.

شەهلا گوتی: «چی؟»

کابرا گوتی: «ویستم... یانی کوڕەکەم داوای ماشێن حیسابی کردبوو. من سێیانم کڕی. دووان بۆ کوڕەکانی تۆ، بەڵام... بەڵام ئەوەندەم پەلە کرد لەبیرم چوو».

شەهلا گوتی: «بۆ کوڕەکانی من؟ من ئەوانم هەر لەبیر نەبوو. دوێشەو پەرۆشی دایکم بووم».

چێشتیان هێنا.

کابرا گوتی: «منیش لەبەهارەخەوی هوتێل دانیشتم و بیرم کردەوە. هەتا... ئەوەی کە...»

شەهلا گوتی: «بیرت لەچی دەکردەوە؟»

مێهران گوتی: «چووزانم.. وەک بڵێین بۆ نموونە سەردەمێ لەمەوبەر... بۆ نموونە دە پازدە ساڵ پێشتر بیرمان لەچی دەکردەوە، یان چووزانم بۆچی.. بەڵام ئەمڕۆ ڕیشم نەتاشی. نازانم. وەک تۆ کە ئەمڕۆ...».

شەهلا گوتی: «ئەمڕۆ لای دایکم هەر باسی تۆم کرد».

مێهران گوتی: «دوێشەو لە بەهارەخەوەکەوە چەرخوفەلەکێکم دی چراکانی هەر هەڵدەبوون و دەکوژانەوە».

شەهلا پێکەنی و گوتی: «تۆش هاتووی ماشێن حیسابت بۆ کوڕەکانی من کڕیوە».

مێهران گوتی: «ئێستاش پیاسە دەکەیت؟ بۆ نانەکەت ناخۆی؟»

شەهلا گوتی: «تۆ چی؟»

مێهران گوتی: «وەک سەگی پێ سووتا و وام، هەر لە هەڵات هەڵاتدام هەتا دووکەسی دیکەش بەدوای خۆمدا بێنم».

شەهلا گوتی:«من دەبێ چوار کەس بەدووی خۆمدا بێنم. دوای لەناکاودا هەموویان بەردەم و بێم بۆ ئێرە و کەسێک بۆ مردن ساز بکەم، مەلافەکانی بگۆڕم، حەمامی دەم، قژی داببێنم وکاتی حەبەکانی دەدەمێ، وەبیرم بێتەوە مخابن ئەوە دایکمە. چەندە پیر بووە. دوایەش باسی تۆی لەلا بکەم و دایکم پرسیار بکات ئێستا خەریکی چییە؟ زیندووە؟ منیش بڵێم بەڵێ، بۆ نەبێ؟ شەویش کە هاتمەوە، دایکم لای تەلەفیزیۆنەکە دانیشتبێ و پرسیار بکا خۆشت ڕابوارد؟ منیش بڵێم بەڵێ «قسەمان کرد» پێکەنین «کەوتینە بیری ساڵانی کەدەستی یەکترمان دەگرت و لەژێر باراندا پیاسەمان دەکرد»، یان کاتێ لەم گوڵفرۆشییەوە تێپەڕین. گوڵمان دەکڕی».

مێهران گوتی: «خانمی فەرەهمەند، ساردی کرد».

شەهلا سەری داخست. گوتی: «گوڵفرۆشییەکانی شیراز قەت فێنک نین».

مێهران گوتی: «ئەمڕۆ هەر پێم کرا لەم دیو بچم بۆ ئەو دیو».

شەهلا گوتی: «ژن و منداڵەکەت خۆش دەوێ؟»

مێهران گوتی: «تۆ چی؟»

شەهلا گوتی: «بەڵێ پێی ڕاهاتووم. بومەتە کابانێکی تەواو. گسک لێدان، قاپشتن» ئێوارانە ڕێنووس بەمیان، زانست پرسینەوە لەوی دیکە، شیو ساز کردن بۆ موحسین کە شەوانە هەر دێتەوە لەبەرانبەر تەلەفیزیۆنەکە درێژ دەبێ و دوای شیو خواردن، دەنگی پرخە پرخی حەوت

گەڕەک دەڕوا. ئێستاکە زۆر دەبۆڵێنم. بڕێ شەوان بە ماشێن دەگەڕێین. لەنێو ماشێندا، پیتزایەک، هەمبەرگەرێک دەخۆین. سەرتاسەری بلوارەکان دەگەڕێین و دەخولێینەوە هەتا یەکێ لە منداڵەکان دەڵێ بابە با بگەڕێینەوە، تەلەفیزیۆن فیلمی هەیە. دەگەڕێینەوە. چایی ساز دەکەم. دەیخۆینەوە. منداڵەکان دەخەون و منیش ئیسکانەکان دەشۆم. ئاو دەکەمە کترییەکە و لەسەر کوورەکەی دادەنێم، لەبەر ئەوەی بەیانی کە موحسین لە خەو هەستا، گڕی بداتێ. دوایە چراکان دەکوژێنمەوە و دەخەوم. وەک هەموو کەسێ برێک یەکتری هەڵدەگلۆفێن. پاشان هەڵدەستم سەرێکی دیوی منداڵەکان دەدەم، پەتۆکانیان بەسەردا دەدەمەوە و ئیدی دەخەوم. هەتا ئەوکاتە، موحسین خەون بە حەوت پاشاوە دەبینێ»

مێهران گوتی: «نانەکەت بوو بەدەمی مردوو». پاکەتی جگەرەکەی دەرهێنا و خوڵقی شەهلای کرد. شەهلا گوتی: «ناکێشم. لەبیرت چۆتەوە؟»

مێهران جگەرەیەکی هەڵگرت. بۆ شەمچە گەڕا. خزمەتکارەکە هات و فەندەکی بۆ هەڵکرد.

شەهلا گوتی: «تۆ چی دەکەی؟»

مێهران گوتی: «منیش.. چی بڵێم. وەک موحسین، یان وەک خۆم. باسی نەکەین. بەدیتنت زۆر... زۆر گەشامەوە».

شەهلا گوتی: «کای کۆنمان بە با کرد».

کاتێ لە چێشتخانەکە هاتنە دەرێ، شەهلا گوتی: «با بگەڕێینەوە. دایکم چاوەڕێیە. پێم گوتبوو زوو دێمەوە».

مێهران گوتی: پێم خۆش بوو پێکەوە پیاسە بکەین، بەستەنی بخۆین، هەتا بەردەرگای ماڵێ».

شەهلا گوتی: «بەتاکسی دەڕۆین».

مێهران گوتی: «خۆ چەند شەقاو زیاتر نییە».

شەهلا گوتی: «درەنگە. حەتمەن منداڵەکانیش تەلەفۆنیان کردووە. موحسین دڵ لەدوا دەبێ. دڵنیام».

مێهران گوتی: «باشە» دوایە تاکسی ڕاگرت.

کە گەیشتنە ماڵێ، دابەزین.

شەهلا گوتی: «پێویستی نەدەکرد دابەزی. تۆ بڕۆ. ماندووی».

مێهران گوتی: «بە پێیان دەگەڕێمەوە».

شەهلا ویستی لەزەنگەکە بدا. کابرا گوتی: «من لێی دەدەم». و دەستی شەهلای گرت. مێهران گوتی: «بریا پێکەوە سواری چەرخوفەلەک بوایەین».

ژنەکە لە زەنگی دا و دایکی گوتی: «کێیە؟»

– دایە منم.

بە کابرای گوت: «خوداحافیز ئاغای سەلیمی. خۆ دیتت، دایکم هێشتا نەمردووە و منیش زۆرم نارەحەتی ویژدانی نییە».

کابرا هیچی نەگوت. تەنیا دەنگی دەرگاکەی بیست. گیرفانەکانی بۆ دیتنەوەی جگەرە پشکنی.

هەرکە گەیشتە هوتێل خەوت و بەیانی لەبەر سەرما بەخەبەر هاتەوە. دەرگای بەهارە خەوەکەی پێوەنەدابوو. پەردەکان دەلەرانەوە. دەبوو کاتژمێری دە سواری فڕۆکە بێت و بگەڕێتەوە. خۆی شت. ڕیشی تاشی و دوایە کراسێکی دەهێنا و لەبەری کرد. گۆرەوییەکەی گۆڕی و دوایە کراس و گۆرەوییەکانی دیکەی لەکیفەکەی نا. لەبەر ئاوێنە قژی داهێنا و چووە بەهارەخەوەکە. بەیانی، دەستی بەسەر وڵاتدا گرتبوو. ماشێنەکان بەدوای یەکدا ڕیزیان بەستبوو. چەرخوفەلەکی ئاسنین لە دوورەوە دیار بوو. نەدەسوڕا. دەرگای بەهارەخەوەکەی پێوەدا. شووشە عەتر و ماشێن حیسابەکەی خستە کیفەکەیەوە و دوو ماشێن حیسابەکەی دیکەی لەسەر مێزی ئاوێنە دانا بۆ پێش خزمەتەکان.

لە ئاوێنەی ئاسانسۆرەکە لە خۆی ڕوانی. ماشێن لەبەردەرگا ڕاوەستا بوو. گوتی: «ئێستا دێم». دوایە ڕۆیشت هەتا پووڵی هوتێل بدا.

**سەرچاوە:**

**تمام زمستان مرا گرم کن، علی خدایی، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٩.**



# عەبدوڵڵا حەسەن زادە:
## یەکێک لەو هۆیانەی کە ئێمە ڕەخنەمان لە بواری وەرگێڕاندا زۆر کەمە، ئەوەیە کە بۆ خۆمان حەز ناکەین ڕەخنە لە کارەکانمان بگیرێت

**هەڤپەیڤین:**
**خەبات ڕەسووڵی**

وەرگێڕان پردی پێوەندی ڕۆشنبیری و کولتووری نێوان گەلانە، وەرگێڕی بەتوانا نوێنەری حەز و ویستی خوێنەری چالاکە بۆ هەڵبژاردنی شیاوترین دەق.

گەلێ جاران وەرگێڕانی شاکارێکی جیهانی لە نووسینی دەیان کتێبی ئاسایی کە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بە کەڵکترە و گۆشەیەکی باش لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە. ئەگەر وەرگێڕان لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەک پیشە چاو لێدەکرێ و خاوەن قەڵەم تەنیا سەرقاڵی کاری خۆی دەبێ، ئەوە هێشتا لە وڵاتی ئێمە خەونێکە و تا ئێستاش بە چەشنێک لە حەز و لەخۆبردوویی و شۆڕشگێڕی دەخوێندرێتەوە.

جگە لەوەی ڕۆشنبیری کوردی تووشی دەیان نەخۆشی جۆراوجۆر و کاریگەر بوون، وەرگێڕانی سەقەتیش پشتی ئەدەبی کوردی وەلەرزە خستووە و خەریکە وەک سنی نێو گەنم زەحمەتی چەند ساڵەی دڵسۆزانی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری بەفیڕۆ دەدات.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەمێژە لە پاڵ سیاسەت، ئەدیبیشە و دڵسۆزە بۆ زمانەکەی و شارەزایە لە کەلێن و قوژبنەکانی و دەیان کتێبی جێگای سەرنجی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بۆ تاوتوو کردنی گرفت و کێشەکانی وەرگێڕان و ئاشنابوون لەگەڵ ئەندێشەی ئەو نووسەر و وەرگێڕە بەتوانایە ڕامان بۆ ماوەیەکی کورت مامۆستای لە دنیای سیاسەت دوور خستەوە و بە باس و خواسی ئەدەبیات و وەرگێڕانەوە خەریک کرد.

**ڕامان:** ئایا وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی نەچۆتە قۆناغێکی دیکەوە و لە هەلومەرجێکی جیاواز لە ڕابردوودا نییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەپێشدا بەخێرهاتنتان دەکەم و لە ڕێگای ئێوەوە سڵاو لە خوێنەرانی گۆڤارەکەتان دەکەم. لە باری چەندایەتییەوە بێ گومان هەم نووسین و هەم وەرگێڕان، قۆناغێکی زێڕین دەبڕێ. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین لە هەموو مانگێکیدا بەقەد چەند ساڵ لە ساڵانی پێش ١٩٩١ چ لە نووسیندا و چ لە وەرگێڕاندا ئیش دەکرێت. ڕەنگە لەباری چۆنایەتییەوە دیسان ئەو قۆناغە جیاوازی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو هەبێ، بەڵام لەو بارەیەوە ڕەنگە گرفتی هەبێ کە ئەو بەرەو پێش چوونەی لەبارەی زۆری و چەندایەتییەوە هەیە لە باری چۆنایەتییەوە، ئەمن نایبینم.

هۆیەکەی ئەوەیە کە جاران ئەوانەی کاری وەرگێڕانیان دەکرد کەم بوون، کەسانێک بوون کە هەم لەکوردیدا دەسەڵاتیان پتر بوو، هەم لەو زبانەدا کە شتیان لێوە وەردەگێڕا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر تێکڕای وەرگێڕانەکانی ئەودەم بگرین لەگەڵ تێکڕای وەرگێڕانەکانی ئێستادا بەراوردیان بکەین لەباری پوختی و پاراوییەوە، کاری وەرگێڕان لە ساڵەکانی (١٩٧٠) و (سەرەتاکانی ١٩٨٠) پوختتر بوون. ئەمن ئارەزوو دەکەم نەک سانسۆر بە مانا ناخۆش و ناخۆشەویستەکەی، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرپرسانەتر و دڵفراوانەتر، هەروەها نووسەرەکان و وەرگێڕەکانیش، بەشێوەیەکی ئاوا بۆچوونیان هەبێ لەسەر وەرگێڕان و نووسین کە هەرچی نووسرا بەبێ چاوەدێری کردن لەباری زمان و چۆنیەتی وەرگێڕان، یان نووسینەوە بڵاونەبێتەوە. ئەمن زۆر زۆر دژی ئەوەم نووسین زیان بە قازانجی گشتی بگەیەنێ دەنا بڵێین لەبەر ئەوەی بیروبۆچوونی سیاسی تێدایە، سانسۆر بکرێ و نەهێڵن بڵاوبکرێتەوە، بەڵام چونکە هەم نووسین و هەم وەرگێڕان جگە لە بارە فکرییەکەی، سەروکاریان لەگەڵ زمان و کولتوور و ئەدەبی کوردیدا هەیە، ئەو شتەش کە دەکەوێتە سەر کاغەز خەڵک بە نموونەی چاو لێدەکەن و لێی فێردەبن، پێم وایە دەبێ ئەوە چاوەدێرییەکی وای لەسەر بێ، کە هەموو شتێک چە نووسین و چە وەرگێڕان بێ، پوختر بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

**ڕامان:** ئایا شتێک بەناوی نوێبوونەوەی وەرگێڕان و دووبارە وەرگێڕانی کتێبە وەرگێڕدراوەکانی پێشوو، سەرەڕای ئەم بۆشاییە گەورەیەی ئێستامان بەپێویست دەزانی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** مەسەلەکە دوو بەشە، یەکیان ئەوەیە کە زۆر لە شاکارەکانی دنیا نەکراون بە کوردی، ئەوە بە باوەڕی من جێگایەکی بەتاڵی هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا، لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە و کورد لە کاتی خۆیدا فریانەکەوتووە وەریانگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەمن پێم وایە ئێستاش جێیان هەر بەتاڵە و پێویستە خوێنەوارانی کورد لەفکری وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە بەنرخانەدا هەبن. ئەدەبیاتی جیهانی کە وەری دەگێڕی بۆ زمانی خۆت هەم فکرت دەوڵەمەند دەکات و هەم زمانت، چونکە لەبواری جۆراوجۆردایە، کەوابێ زۆر پێویستە ئەوانە بکرێن بەکوردی، ئەوەش وادەبێ کە دەزگا بەرپرسەکان مشووریان بخۆن و هەوڵ بدەن کەسانی شارەزا و بە ئەزموون و زمانزان و تەرجەمەزان، پەیدا بکەن و پێیان بسپێرن کە ئەو شتانە بکەنە کوردی. لەبەر ئەوە کە ئایا ئەو شتانەی وەرگێڕدراون، جارێکی دیکە وەرگێڕدرێنەوە، یان نا، ئەمن وەڵامەکەم ئاوا دەدەمەوە، بۆ خۆم کەم و زۆر کاری وەرگێڕانم کردووە. ئەگەر ئێستا بە وەرگێڕانی چەند ساڵ لەوەپێشمدا بچمەوە بۆ خۆم ڕەنگە لەچەند جێگا دەستی تێوەربدەم. ڕستەیەک بگۆڕم، یان وشەیەک بگۆڕم، بەتایبەتی ڕەنگە لە باری ڕێنووسەوە پێویست بێ پیاو پێیدا بچێتەوە. ڕێنووسی ئێستام پێ دروستترە لەوەی پێشتر، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوانەی وەرگێڕدراون هەموویان پێویستیان بەوەرگێڕانی دووبارە هەیە. بۆ وێنە حەسەن قزڵجی کردوویەتی، هێمن موکریانی کردوویەتی، هەژار موکریانی کردوویەتی، عەزیز گەردی کردوویەتی، شوکور مستەفا کردوویەتی، محەمەدی مەلا کەریم کردوویەتی، پێم وا نییە پێویستیان بە وەرگێڕانی دووبارە هەبێ، بەڵام ڕەنگە شتی واش هەبێ بێ ئەوەی بمەوێ ناو بەرم کە ئەگەر جارێکی دیکە تەرجەمە بکرێنەوە باش بێ. ناوی کەس نابەم، بەڵام هەر وەختی خۆی کە دەرچووە و بڵاوبۆتەوە، ئەمن ئارەزووم بووە کە ئەسڵی ئەو کتێبە ببینم و هەمبێ نەم بووە. ئەگەر بمبایە تەرجەمەم دەکردەوە، چونکە باوەڕم وابووە کە وەرگێڕدراوەکەی سەرکەوتوونەبووە. ئەوە ڕەنگە تێیاندا هەبێ بەشێکی کەمی، ئەو پەڕەکەی ڕەنگە دە،

**من بەشبەحاڵ ڕووناکبیری غەیرە سیاسی ناناسم، ئەو دووانەش قەت نابێ لێکتر جیا بکرێنەوە**

پازدە، لەسەدی ئەوانەی کە زوو وەرگێڕدراون، پێویستیان بەوە هەبێ کە جارێکی دیکە وەرگێڕدرێنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کە کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕ بووە، بەڵکو هەر کاتی خۆشی سەرکەوتوو نەبووە.

**ڕامان:** بەسەرنجدان بە ئێستای قۆناغی وەرگێڕان، وەرگێڕان بەهۆی دەزگای وەرگێڕانەکانەوە فۆرمی بزووتنەوەیەکی وەرگرتووە، ئایا بە بەراورد لەگەڵ هەوڵە پرش و بڵاوەکانی تاکەکەسی ڕابردوو، کامیان سەرکەوتووتر دەبینی؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** بەداخەوە بەرهەمی کورد هەمووی هەرکەم بووە. دەکرێ بڵێین هیچیان جارێ بەرهەمی خۆیان بەدەستەوە نەداوە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئیدیکە کە من و تۆ زیاتر لە ئێرانێ شارەزاین بە هەموودەزگاکانمان، ئەو دەزگایانەی کە بایەخ بەکاری وەرگێڕان دەدەن لەو دە، پازدە ساڵەدا ڕەنگە زیادم نەگوتبێ بەقەد (محەمەدی قازی)یان وەرگێڕان نەکردووە. ئەوەندی محەمەدی قازی بە تەنیا لەزمانی ئینگیزی و فەرانسی کردوونی بە فارسی، ڕەنگە بە هەموو دەزگاکان و تەنانەت بە هەموو تاکەکەسەکانیش ئەوەندەیان نەکردبێ بە کوردی، یان بەقەد یەکێکی وەکو د. ئیبراهیمی یوونسی. کەوابێ ئێمە لەو بارەیەوە دیسانەکانێ لە قۆناغی دارە دارە داین، بەڵام دیارە کاری دامودەزگاکان دەتوانێ زۆر بەرهەمدارتر بێ، چونکە کاری دەزگاکان ئەگەر بەڕێگای دروستی خۆیدا بڕوا، هەم هەڵبژاردنەکە هەڵبژاردنی تاکەکەسی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک کەسن کە پێیان وایە دەبێ فلانە بەرهەم بکرێتە کوردی، هەمیش چاوی لە هەموو تاکەکان هەیە ئەگەر دەزگایەکی جددی بێ، کاری هەموو ئەو کەسانە کە لە بواری وەرگێڕاندا قەڵەمیان گێڕاوە دەبینێ و کارەکانی بەباشترینەکان دەسپێرێ. بێگومان کاری دامودەزگاکان دەتوانێ بە بەهرەتر بێ تاکو کاری تاکە کەسی.

**ڕامان:** گرینگترین گرفتەکانی وەرگێڕان لە قۆناغی ئێستادا چییە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ڕەنگە تائێستاشی لەگەڵ بێ یەکێک لە گرینگترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەرگێڕان باری ماددی بێ. لەگەڵ ئەوەی ئێستا هێندێ دەزگامان هەن کە هانی خەڵک دەدەن بۆ وەرگێڕان، بەڵام وەرگێڕەکان دڵنیانین کە کارەکانیان بۆ چاپ دەبێ ئەگەر بۆیان چاپ دەبێ زۆرجار ئەو پاداشتەی کە وەریدەگرن تەماشا دەکەن ئەگەر چووبان کرێکارییان کردبایە زۆر زیاتریان وەدەست دەکەوت. یانی پاداشتێکی کەم دەدرێ بەوانە کە کاری فیکری دەکەن، بۆ وێنە لە ڕابردوودا لە بیرمە بۆ وەرگێڕانی کتێبێک کە ٣٠٠، یان ٩٠٠ لاپەڕەبوایە پاداشتەکەی دەگەیشتە ٤-٥، هەزار دینار کە ئەوکات ئەو ٤- ٥ هەزار دینارە دەیکردە ١٠- ١٥ هەزار دۆلاری ئەمریکایی، بەڵام ئێستا ڕەنگە ئەگەر کابرا کتێبێکی ٤٠٠- ٥٠٠ لاپەڕەیی چاپ بکات لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگە هەر ٦٠٠- ٧٠٠ دۆلاری بدەنێ. کە ئەو پاداشتە زۆر کەمە، چونکە هەر ئەو کەسە ئەگەر پێنج مانگ بخەوێ و مانگێک کرێکاری بکات دەتوانێ ئەو پارەیە بەدەست بێنێ. لە حاڵێکدا دەبێ چەند مانگ خۆی بەو کتێبەوە خەریک بکات. لایەکی دیکە وەکو گوتم ئەو هاندانە هەم بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکە و هەم بۆ هەڵبژاردنی وەرگێڕەکە لە ئارادا نییە. کەم وایە یارمەتی بدات نەک بە زۆری و چەندایەتی، بەڵام بەتایبەتی بە چۆنایەتی ئەو کارانەی کە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی کە پوختر و پاراوتربن، پێم وایە ئەو دوو کۆسپە ئەگەر باسی بکەین، تەواو و بەس بێ.

**ڕامان:** ئێستا بێجگە لە ڕۆژنامەکان و کتێبەکان، کۆمەڵێک سایتی کوردیش هەن کە بەردەوام کاردەکەن تاچەندە لەو دۆخەی ئێستای بڵاوکراوەی کوردی ڕازی و ئایا توانیویەتی ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** لەباری بەربڵاوی ئەو بابەتانەی کە دەنووسرێن و دەکەونە بەرچاوی خوێنەران، چە بەشێوەی کتێب بێ، چە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بێ، چە لەسەر سایتە ئینتەرنێتەکان بێ، لەو بارەیەوە ئەدەبیاتی کوردی سەردەمێکی زێڕین دەبڕێ. من، یان دەرفەتم نییە، یان دەستم پێیان ڕاناگات هەموو ئەو شتانە بخوێنمەوە، یان تەمبەڵم، هەرهۆیەکی هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من شانازی پێوە دەکەم، بەڵام تا ئێرە باری چۆنیەتی بەش بەحاڵی خۆم لێی ڕازی نیم.

**ڕامان:** هەڵبژاردنی سووژەی وەرگێڕان لەلای ئێوە لەسەر چ بنەمایەک بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بۆیە گوتم دەزگاکان هەبن بۆ هەڵبژاردنی ئەوانە، چونکە ڕەنگە خەڵکی دیکەش هەروابێ. ئەمن کە شتێکم بۆ وەرگێڕان هەڵبژاردووە بەشی هەرە زۆریان، کتێبەکەم خوێندۆتەوە و بۆ خۆم پێم خۆش بووە و مادام پێم خۆش بووە، حەزم کردووە کە بیکەم بە کوردی، پێم وابێ خەڵکی دیکەش چێژی لێ وەردەگرێ. بێجگە لە (کوردستان و کورد) کە پێش ئەوەی بیبینم ئەمن ئارەزووم بووە بیکەمە کوردی، ڕەنگە لەبەر ئەوە کە (د. قاسملوو) تێکۆشەرێکی حیزبی دیموکرات بووبێ، یان تێکۆشەرێکی ناسراو بووبێ، بەڵام بەهەرحاڵ زۆر ئارەزووم بوو بە زمانێک هەبێ کە بتوانم وەری بگێڕم. دوایە بە عەرەبی دەستم کەوت و کردبم بە کوردی کە پەشیمانیش نەبوومەوە، چونکە بەڕاستی لەباری مێژووییەوە زۆر گرینگ نییە، بەڵام لەباری سیاسی و ئابوورییەوە تا ئەوکات باشترین کتێب بوو کە لە بارەی کوردستانەوە نووسرابوو. ئێستا ڕەنگە کتێبی باشترمان هەبێ، بەڵام تا ئەوکات باشترین کتێب بوو لە بواری خۆیدا. دەنا لەباری مێژووییەوە وەکو پێشەکی بۆی نووسراوە، ئامانجیش نووسینی مێژوو و جوگرافیای کوردستان نەبووە، بەڵام چونکە بۆ دەرەوە نووسراوە ویستوویەتی سەرەتایەکیشی بۆ دابنێ. کورد و کوردستان بەجۆرێک بە خوێنەرەکانی بناسێنێ . جا ئەوجار باسی ئابووری و سیاسەتەکەی بکات. بۆ بەرگی یەکەمی (ئینجە مەمەد) زۆرم تاریف بیستبوو. ئەوکاتیش هەموو کەسێک پێی وابوو هەر بەرگێکە، تەنانەت زۆر بەدوایدا گەڕام تا دەستم کەوت و لەکۆتاییشدا کتێبەکەم بەخاوەندارێتی خۆم وەدەست نەکەوت دۆستێک هەیبوو بە ئەمانەت لێم وەرگرت و وەرم گێڕایە سەر کوردی، بەڵام وەرگێڕانەکانی دیکە بۆ خۆم هەڵم بژاردوون. مەرج نییە هەڵبژاردنی من هەڵبژاردنێکی تەواوبێ. ئەگەر دەزگایەک هەڵی بژێرێ و هەموو لایەنەکان لێکبداتەوە ڕەنگە هەڵبژاردنێکی باشتر بکات بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و فیکری کوردی.

**ڕامان:** بۆچی تائێستا کەمتر کتێبی کوردی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە بێگانەکان، بە بڕوای ئێوە لاوازی نووسینی ئێمەیە، یان کێشەی سیاسی و نەتەوەیی بەربەست بووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن پێم وایە کورد لە مێژە قسەی هەیە بۆ خەڵکی بکا، وانییە نەی بووبێ. ناڵێم ئێمە گەیشتووینەتە میللەتەکانی دیکە، بەتایبەت میللەتە پێشکەوتووەکانی دنیا، بەڵام دیسان قسەمان هەیە بۆ خەڵکی. بەرهەمی باشی کوردی هەیە کە تەرجەمە بکرێنە سەر زمانەکانی دیکە، بەڵام کە تەرجەمە نەکراون ئەوەش بەشێکە لە بێ کەسی و بێ دەرەتانی کورد. مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: «فەقیری خۆشە قۆرتی ناخۆشە» جا ئەوەش وایە میللەتێکی دواکەوتوو کە لە هەموو بارێکەوە دوا کەوتووە. خەڵک ئەو بایەخە بەزمانی کوردی نادەن، کە بێن زمانەکە فێربن و بەرهەمەکە بخوێننەوە و گرینگیشی پێ بدەن و وەری بگێڕن. ڕەنگە ئەو کەسانە کە دەتوانن بەرهەمیش لە کوردی ڕابکەنە ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانیایی، یان تەنانەت زمانەکانی دەوروبەرمان، ئەوانە کە زمانەکان باش دەزانن، ئەوانەشمان بەداخەوە زۆر نەبن. جا لەبەر ئەوە بەرهەمی ئێمە کەمتر وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی دیکە. بەو حاڵە ناکرێ ئێمە گلەیی لەوکەسانە نەکەین کە زمانەکانی دیکە دەزانن و نەهاتوون زیاتر لەوەی کە ئێستا کراوە بابەتەکانی کوردی وەرگێڕن. زۆر شتی تازەی تێدایە، ئەگەر تەنانەت فیکری تازەشی تێدانەبێ. خۆ لانی کەم کۆمەڵی کوردەواری بەدنیای دەرەوە نیشان داوە.

**ڕامان:** ناشیرینترین جۆری وەرگێڕان لەلای تۆ کامەیە و بۆچی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ڕەنگە ناشیرینترین جۆری وەرگێڕان مومکین نەبێ پیاو ئاوا بە ئاسانی دەستی لەسەر دابنێ، چونکە ئەگەر من بڵێم ناشیرینترین جۆر ڕەنگە ئەوەبێ کە کابرا زمانی کوردی نەزانێ، زمانەکەی کە لەوەوە تەرجەمە دەکا، نەزانێ، هونەری تەرجەمە نەزانێ و جا ئەو دەم بێت و شتێک لەزمانێکی دیکەوە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، کە ئەمە ڕەنگە تەنیا گریمانە بێ، بەڵام کە بە کردەوە سەیر دەکەین، جاروبار دەیبینم بێ ئەوەی قامک لەسەر کەسێک دابنێم، لەجیاتی ئەوەی بابەتەکە وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، دەچێ وشەکان مانا دەکاتەوە. یانی وشە بە وشە فارسییەکە، عەرەبییەکە، تورکییەکە، یان ئینگلیزییەکە دەکاتە کوردی. لە ئەنجامدا شتێکی وای لێ دەردەچێ کە هەر کەس زۆر کەم لەزمانە ئەسڵییەکە بزانێ، چاکتر لەزمانە ئەسلییەکە تێ دەگات تا ئەو کوردییەی کە ئێستا

کەوتۆتە بەردەستی. خراپترین تەرجەمە ئەوەیە، (دیارە تەرجەمەی خراپی دیکە هەیە) کە کابرا بە کەیفی خۆی دەست لە دەقەکەوە وەردا چی پێ خۆش بوو بنووسێ و چی پێ خۆش نەبوو لای بدا، یان شتی خۆی تێکەڵ بکا، ئەوانە هەموویان ناشیرینترین جۆری تەرجەمەن. تەرجەمە شتێکیان لەسەر گوتووە کە دەڵێت: «ئەگەر جوان بوو ئەمین نییە و ئەگەر ئەمین بوو جوان نییە»، بەڵام بە بڕوای من دەکرێ وەرگێڕانێک هەم جوان بێ و هەم ئەمینیش بێ.

یانی ئەو مەتڵەیە کە نووسەر لە دەقەکەیدا باسی لێ دەکا، دەکرێ بە ئەمانەتەوە بێنییە سەر زمانی کوردی بێ ئەوە مانای وشە بە وشە بکەی و جوانی و ڕێکوپێکی نووسینەکەی خۆت تێک بدەی.

**ڕامان:** خەڵکانێک لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕۆژنامەی کوردی هەر لەسەرەتای دەستپێکردنییەوە نوخبەی سیاسی دای مەزراندووە، نوخبەی ڕۆشنبیری دای نەمەزراندوە و زۆرتر کاری چەکداری کردووە تا ڕۆژنامەگەری، بە بڕوای ئێوە تێکەڵ کردنی ئەرکی ڕۆشنبیری و ئەرکی ڕامیاری لەنێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا ئایا لە قازانجی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو، یان زەرەری پێگەیاندووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەبنی ڕا ئەمن لەگەڵ لێک هەڵاواردنی ئەو شتانەدا نیم، زۆرم پێ سەیرە کە دەڵێن سیاسییەکان، یان ڕووناکبیرەکان. بۆ سیاسییەکان تاریک بیرن؟ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن مقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرچووە، ڕووناکبیر بوو، بەڵام سیاسی نەبووە؟ ئەو ڕاست لەبەر بیروباوەڕی سیاسی هاتووە و ئەو ئاگاهییە سیاسییەی هەیە کە دەبێ خزمەت بەزمانەکەی خۆی و بەمیللەتەکەی و بە دۆزی میللەتەکەی بکا. کەوابێ لێک جوداکردنەوەی ئەو دووانە کارێکی زۆر دروست نییە. ڕاستە، ڕووناکبیر هەیە حیزبی نییە، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ڕووناکبیری غەیرە سیاسی ناناسم. ئەو دووانە قەت نابێ لێک جودا بکەینەوە. بەو حاڵەش پێم وایە ئەگەر لەسەریەک بێنین مێژووی کورد لێک بدەینەوە ڕووناکبیرانی نێو حیزبە سیاسییەکان نە لە ژمارەدا کەمترن و نە لە تواناکاندا لە خوارترن لە تێکڕای ئەو ڕووناکبیرانەی کە وەکو گوتم سیاسین، بەڵام ئەندامی حیزبەکان نین. کەوابێ پێم وایە تێکەڵاوبوونی سیاسەت لەگەڵ کاری فیکری و فەرهەنگی زەرەری بەهیچیان نەگەیاندووە. هەم خزمەتی بارە ڕووناکبیرییەکەی کردووە و هەم هاوکات خزمەتی کێشەی سەرەکی کوردی کردووە، کە لەنێو هەموو بەرنامەی حیزبە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوەی کورددا گرینگیدان بە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بەشێکە لە ئامانجە سیاسییەکە. لە ڕاستیدا شوناسی نەتەوەیی ئەگەر چەند شت بێ، یەکەم شتیان زمانەکەیەتی. کەوابێ لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دووانە لەبەرانبەریەکدا دابنێین نیم.

**ڕامان:** مەرجی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرهەنگی و کولتووری، شۆڕشی سیاسییە، یان دەکرێ قۆناغەکان پشت سەری یەکتر نەبن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێم وایە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆن، ئەو دووانە زۆر زۆر ئاسان نییە بڵێین بە تەواوی لێکیان جودا دەکەینەوە. با نەڵێین شۆڕش، چونکە شۆڕش مانایەکی قووڵتری هەیە. بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی بەزەحمەت دەتوانین لە بزووتنەوەیەکی سیاسی جودابکەینەوە، بەتایبەتی ئەگەر بڵێین بزووتنەوەی فەرهەنگی میللەتێکی وەکو کورد لە بزووتنەوەی سیاسی جودا دەکەینەوە. ئێمە دەورانێکی زۆر پیاوانی فیکر و ئەندێشەمان بووە. ڕووناکبیرن، ئەهلی فەرهەنگن، بەڵام چونکە بیری نەتەوەیی و سیاسییان نەبووە هاتوون فیکرەکانی خۆیان بەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەربڕیوە، بە کوردی نووسین ئەوکاتە سەرهەڵ دەدا کە ڕووناکبیری کورد هەست دەکا بۆ خۆی میللەتێکە جیا لە دەوروبەرەکەی. کەوابێ لێک جوداکردنەوەی ئەوانە کارێکی ئاسان نییە و ئەوەی کە هاندەرە بۆ ئەو بەشە لە فیکری کورد کە بەزمانی کوردی دەنووسرێ سیاسەت و بیری سیاسی و نەتەوەییە، دەنا ئەگەر ئەوەی لەگەڵ نەبێ بۆ ئەو زۆر ئاسانترە، چونکە دەبینین لەمێژوودا وایە خوێندەوار بوونەکەی بەڕێگای زمانێکی دیکەدا بووە و بۆ ئەو زۆر ئاسانترە. هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ زۆربەی زۆری نووسەرەکان نووسین بە فارسی ئاسانترە تا بە کوردی، کەوابێ کاتێک دێ کە بە کوردی دەنووسێ. ئەوەی کە ئەو فیکرەی پێ دیکتە دەکا، کە دەبێ فیکرەکانی بەکوردی بنووسێ، بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەییە، بۆیە پێم وایە ئەویان هاندەرە. بە هەرحاڵ ڕەنگە ئەوەیانم بەخراپ لێ وەرگیرێ، بەڵام ئەمن وە دواخستنی بیروباوەڕی سیاسی

لەبیروباوەڕی فیکری و فەرهەنگی بە شتێکی دروست نازانم و لەبەرانبەر یەکتر دانانیان بە دروست نازانم. پێم وایە ئەگەر فیکری سیاسی نەبووایە ئێستاش ئێمە بە عەرەبی و بەتورکی و بە فارسیمان دەنووسی. کارمان بەکێشمەکێشی ئێملای کوردی نەبوو کە ئێستاش فێرنەبووین و هەریەکەی بەجۆرێکی دەنووسین.

**ڕامان:** گرینگی وشیاری نەتەوەیی لە پاراستنی زماندا بە چە مانایەکە و یانی چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هۆشیاری نەتەوەیی ڕەنگە مەجبوور نەبێ هەر لەخزمەتی پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردیدا خۆ بنوێنێ. بۆ دەربڕینی نیشانەکانی هۆشیاری نەتەوەیی، چونکە هۆشیاری نەتەوەیی لە ئینساندایە، دەبێ بەکار و بە هێندێک کردەوە دەری ببڕی کە تۆ هۆشیاری نەتەوەییت هەیە. جا ئەوە ڕەنگە لە زۆر بواری دیکەی غەیری نووسین هەبێ، بەڵام پێم وایە یەکێک لە ئەرکەکان کە هۆشیاری نەتەوەیی بە تاکی سەر بە نەتەوەی کورد، یان نەتەوەیەکی دیکە دیکتە دەکا. یەکێک لەو ئەرکانە ئەوەیە کە خزمەت بە زمان و بە کەلەپوورەکەی خۆی بکا تا ئەو شوناسە جیایە لە دەوروبەرەکەی بسەلمێنێ، چونکە ئەگەر سەرنجتان دابێ نەک فارس، چونکە بەهەرحاڵ کورد و فارس ڕیشەی زمانی هاوبەشیان هەیە و دەڵێن بەشێکە لە زمانە ئێرانییەکان و ئەویش بەشێکە لەزمانە هیند و ئەورووپاییەکان. تورکەکانیش ئیددیعا دەکەن کە کورد تورکی شاخین. هەر تورکن، بەڵام تورکی دێهات و شاخ و چیاکانن. تەنانەت عەرەبەکانیش زۆرجار ئیددیعایان کردووە کە کورد میللەت نییە، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. جا بەبێ یەکێک لە ئەرکەکانی ڕووناکبیر (کە بیری نەتەوایەتی ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی)، خزمەتە بەزمانەکەی بۆ ئەوەی زمانەکەی وەک زمانێکی سەربەخۆ نیشان بدا بە قەولی عەرەب دەڵێ: «قائم بالذات»ە و سەربەخۆیە لەوانەی دیکە.

**بەرهەمی باشی کوردی هەیە کە تەرجەمە بکرێنە سەر زمانەکانی دیکە، بەڵام کە تەرجەمە نەکراون ئەوەش بەشێکە لە بێ کەسی و بێ دەرەتانی کورد**

**ڕامان:** بە بەراورد لەگەڵ ئەو کتێبە زۆرانەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەرگێڕدراون، ڕەخنەی وەرگێڕانمان نییە، ئەمە بەچی تێ دەگەی و چۆن تەماشای ڕەخنەی وەرگێڕان دەکەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەگەر بێ ئەدەبی نەبێ لەبەر ئەوەیە کە نە وەرگێڕمان زۆرە، نە ڕەخنەگری وەرگێڕانمان هەن، یان بڵێین نە بوار بۆ ئەوە هەیە. ئێستا ئەگەر ئێمە یەکێک بێنین بیەوێ ڕەخنە لە خەڵکی بگرێ، ڕەخنە بە مانای واقیعی خۆی نە بەمانای ئیراد گرتن و عەیب گرتن. بێ بەرهەمێک کە ئەتۆ کردووتە بە کوردی هەڵی سەنگێنێ و لایەنە باشەکان و لایەنە خراپەکانی لێک بداتەوە نووسەرەکە واتە قەڵەم بەدەستەکە، وەرگێڕەکە بەوە خۆشحاڵە کە لایەنە باشەکانی گوتووە، بەڵام بەهۆی ئەوە کە خاڵە لاوازەکانی وەدەرخستووە بەدڵنیاییەوە دڵی لێی دێشێ و بەشێوەیەکی زۆر خراپ وەڵامی دەداتەوە. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەبیرمە یەکێک لە کارەکانم «گێلە پیاو» کە کردم بەکوردی دانەیەکم بۆ خوالێخۆشبوو «حەسەن قزڵجی» بەدیاری نارد، نامەیەکم لەگەڵی نووسی داوام لێ کرد بۆم هەڵی سەنگێنێ. ئێستاش لە قەبریشدا هەر سپاسی دەکەم کە ڕەخنەی لێ گرتبوو، دیارە لایەنە باشەکانی باس کردبوو و لایەنە خراپەکانیشی دەرخستبوو. یەکێک لەو هۆیانەی کە ئێمە ڕەخنەمان لە بواری وەرگێڕاندا نییە، نەک نییە، بووە بەڵام زۆر کەمە، ئەوەیە کە لە جێدا بۆ خۆمان زۆر حەز بەوە ناکەین کە ڕەخنە لەکارەکانمان بگیرێت، چونکە ئەگەر ڕەخنەیەکی واقیع بینانە بێ لەگەڵ ئەوەی لایەنە باشەکان دەردەخا، دەچێ لایەنە لاوازەکانیشیان بەچاو دادەداتەوە. لەجیاتی ئەوەی خۆشحاڵ بین لەوەی کەیەکێک هەیە وشیارمان دەکاتەوە، پێی قەڵس دەبین و دڵمان دێشێ، ڕەنگە جواب بدەینەوە.

نامەوێ ناو بێنم، بەڵام شتی وا لەنێو نووسەران و وەرگێڕانی کورد دا بەداخەوە یەکجار زۆرە. یانی ئەو شەڕە قەڵەمانە زۆرجار لەسەر شتی زۆر چکۆلە بوون و جێی داخ ئەوەیە هێندێ جار لەنێو گەورەترین نووسەرەکان و ڕووناکبیرانی کوردیشدا بووە.

**ڕامان:** زۆرجاران جۆرە تێکەڵاوییەک و بەناو یەکدا چوونێک لەنێوان زمانەوان، زمانزان و زمانناس-دا دەکەوێتە بەرچاو، بەڕای تۆ شوێنی وەرگێڕ لەو نێوەدا زیاتر لەکوێیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن زۆر بە ئاسانی ناتوانم

فەرق لەنێوان زمانەوان و زمانناسدا دابنێم، چونکە لە واقیعدا پێم وایە ئەوانەی زماننـاسن، لە زمانەوانیش شارەزان. زمانناس بەو کەسانە دەڵێن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر زمان کردووە و ڕیشەی زمانەکان دەبەنەوە سەریەک و دەتوانن ڕیشەی وشەکان بدۆزنەوە، ئەوانە لەباری دەستووری زمانیش کە کاری زمانەوانە شارەزان، بەڵام بە باوەڕی من زمانزان دەتوانێ، زمانەوان، یان زمانناس نەبێ.

وەرگێڕ کە فیکر دێنێتە سەر کاغەز، فیکرێک دێنێتە سەر کاغەزکە ئی خۆی نییە، (کە ئەوە زۆر گرینگە) ئەو کاتە دەتوانێ لە باری زمانەوانییەوە زۆر سەرکەوتووبێ. ئەگەر بمانەوێ زمانەوانی لەگەڵ زمانناسی لێک جودا بکەینەوە، یانی زمانەوانی پێوەندی بدەین بەکارکردن لەسەر قواعید و ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی و زمانناسی بگێڕینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕیشەی زمان و ڕیشەی وشە و لقەکانی زمان و ئەوانە، ئەوکاتە نووسینەکە زۆر جوان دەبێ کە وەرگێڕ دەسەڵاتی بەسەر زمانەوانیشدا هەبێ، بەڵام ئەوەی کاریگەری هەیە لەسەر ئیستێتیکای وەرگێران، زمانزانییە، چونکە زمانزان بێ ئەوەی هیچ لە ڕێزمانی زمانی کوردی بزانێ، یان لە ڕێزمانی عەرەبی، فارسی، یان هەر زمانێکی دیکە بزانێ ئەو قسانەی دەیانکا، دەقاودەق لەگەڵ ڕێزمانی زمان ڕێک دێنەوە. زانستی ڕێزمان کە دانراوە خۆ خەڵک دانەنیشتووە قروقەپ تا ڕێزمانی بۆ دادەنێن، ڕێزمانە کە لەزمانەکە هاتۆتە دەرێ. کەوابێ ئەوەی لەکاری نووسین، یان وەرگێراندا کاریگەرە و ڕۆڵی بڕیاردەری هەیە زمانزانییە. کابراکە زمان بزانێ دروست قسان دەکات و هەموو دەستوورەکانی زمان لەنووسینەکەیدا هەیە بەبێ ئەوەی وشەیەک لەڕێزمان بزانێ دەبینی کابرایەکی نەخوێندەواری کورد قسان دەکات، هیچ زمانەوان و زمانناسێک ناتوانێ عەیبی لێ بگرێ، کەچی لێی بپرسە بۆ وادەڵێی نازانێ بۆ وادەڵێ.

**ڕامان:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کورد وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی بیر لە وەرگێران بکاتەوە و خۆی لە بازنەی ویستی دەزگای وەرگێرانەکان کە زۆرتر مەبەستیان بازرگانی کردنە ڕزگار بکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن ئەو پرسیارە بە دوو بەش تەماشا دەکەم. ئەمن ناڵێم هێندەی گەورە بکەینەوە بڵێین پرۆژەیەکی نەتەوەییە و شتێکی زۆر بنەڕەتییە لە تەواو و کامڵ کردنی قەوارەی نەتەوەیی کورد شتی ئاوا نییە، بەڵام یەکێک لە ئەرکە نەتەوەییەکان بۆ دامودەزگا فەرهەنگییەکانی کورد بایەخدان بە بواری تەرجەمەیە. کەوابێ بە باوەڕی من دەبێ ئەو کارە حەتمەن، دەزگا بەرپرسەکان مشووری لێ بخۆن. ئەوەی کە دەڵێن باری بازرگانی نەبێ دوو بواری هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە بۆ وێنە وەرگێڕێک، نووسەرێک دەتوانێ شتەکانی باری بازرگانییان هەبێ یانی شتێک بکاتە کوردی کە بزانێ زیاتر لە بازاڕ مشتەری هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە دەزگا بەرپرسەکان ئەگەر هان بدەن بۆ ئەوەی کە نووسەرەکان شتی باش بنووسن، وەرگێڕەکان شتی باش وەرگێڕن ئەوەش باری بازرگانی هەیە. بە پێچەوانەوە. ئەمن پێم وایە. ئەگەر دابنێین وەرگێڕێکی باشمان هەیە، بەڵام دەچێ ئەو ئیشە دەکات کە بازاڕ دەیەوێ. ناچێ شتێکی زانستی بکاتە کوردی، چونکە قازانجی کەمە. ڕۆمانێک زۆر پتری لێ دەفرۆشرێ لە کتێبێکی زانستی ئابووری، چونکە ئەو سەد ئابووریزان دەیکرێ ڕۆمانەکە ئەگەر کەمێک سەرنجڕاکێش بێ پێنج هەزار کەس دەیکرێ، جا دەزگایەکی بەرپرسی دەچێ ئەو ناتەبایی چارەسەر دەکا. دەچێ ئەو پارەیەی کە لەبەرهەمە بازرگانییەکەوە دەست وەرگێڕ دەکەوێ، بەو ڕادەیە پارە دەدا بە وەرگێڕ بۆ ئەو کارە نەکا. مادام دەسەڵاتی بەسەر وەرگێراندا دەڕوا، دەچێ کارە زانستییەکەی پێ دەکا، ئەوەیان نابێ بەکارێکی بازرگانی ناوبەرین. ئەوەیان خزمەتە.

**ڕامان:** ڕەوتی ڕۆژنامەگەری و شەونامەنووسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کامە ئاقار دەڕوات و کاریگەری ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەسەر ئەو ڕەوتە تا چەندەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەی پێی دەگوترێ شەونامەنووسی دەکرێ بڵێین ئێستە نەماوە. واتە دەکرێ نووسینەکانی ئێمە وەکو پارتە سیاسییەکان بەجۆرێک لەجۆرەکان بە مانای شەونامە لە قەڵەم بدەین بۆ؟ چونکە حەقیان نییە ئێستا بە ڕۆژ دەرکەون. ئاخر شەونامە بەوە ناڵێن، ئێستا زۆر کەس دەڵێن نابێ بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان، چونکە مانگی دووجار دەردەچێ. نا ئەویش ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامە لە بەرانبەر شەونامەدایە. لەبەرانبەر ئەوەدا نییە کە حەوتەنامەبێ دەتوانێ بە مانگێک جارێک دەرچێ وەکو ڕۆژنامە دەرچێ. ڕەنگە ئێستا ئەوە

نەبێ، چونکە بواری هێندە پێشکەوتوو لە میدیادا پەیدابوون کە ئیدی پێویستییان بەو جۆرە کارانە نەماوە، بەڵام بێ گومان ئەوەی کە دەتوانێ لەو بوارەدا خزمەتی زیاتر بکا، کارە ئاشکرایەکەیە، کاری شەونامە ناتوانێ خزمەتی بەرچاوی هەبێ، لەبەر ئەوە خەڵکێکی زۆر ناتوانێ بەدەستی بێنێ و ئەگەر بەدەستیشی هێنا ناتوانێ بە ئاسانی لەلای خۆی ڕای بگرێ، بۆیە عادەتەن شەونامە نووسین و شەونامە بڵاوکردنەوە ئی ئەو میللەتانەیە کە دەسەڵاتی خۆیان بەدەست خۆیان نییە، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و زاڵم بەسەریاندا حاکمە.

ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە ڕووی زیاتر لە ڕۆژنامەنووسی ئاشکرا هەیە، لەگەڵ هەموو ئەو بەهایەی کە بۆیان داوە ئۆپۆزیسیۆن بەمانای ئۆپۆزیسیۆنی قەدەغە کراو بەداخەوە زۆر کاریگەری لەسەری نییە بۆ؟ چونکە ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن دەری دەکا ناتوانێ ببێتە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسی کوردی ئێران، ناتوانێ لە بازاڕی ڕۆژنامەنووسیدا خۆی بنوێنێ، ئەوەی دیکە ئەگەر پێیان بڵێین ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئۆپۆزیسیۆن خۆ مەرج نییە حەتمەن چەکی بەشانەوە بێ و قاچاخ بێ، دەکرێ بڵێین بەشدارییەکیان هەیە. بۆ وێنە هەرچەندە ئێمە شتێکمان بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی کوردی نییە، بەڵام بەهەرحاڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی جاروبار زیرەکانە خۆی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی ئێران ڕێک خستووە. بۆ وێنە جەماعەت هاتن و خۆیان لەگەڵ (جبهە مشارکت) ڕێک خست، ڕەنگە زۆریشیان باوەڕ پێی نەبووبێ، بەڵام ئاسان نەبوو یەکێک بڵێ ئەمن لایەنگری حیزبێکی سیاسی کوردیم، بەڵام ئاسان بوو بڵێ من دۆستی حیزبێکم کە سەرۆک کۆماری وڵات، سەر بەوە، یان ئێستا شتێک بەناوی (جبهە متحد کرد) هەیە کە دەتوانین ناوی ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی لێ بنێین. ئەوانە کاریگەرییان هەیە، بەڵام زیاتر ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە ڕۆژنامەنووسی نابێ بڵێین ئازاد، بەڵکو ڕۆژنامەنووسی ئازا بەدەستی هێناوە. یانی ئەوان حازر بوون بەهاکەی بۆ بدەن، بەڵام نەیەڵن وشەی کوردی لە گەرووی نووسەری

## خەڵک قڕوقەپ دانەنیشتووە تا ڕێزمانی بۆ دانێن، چونکە ڕێزمان لە زمانەکە هاتووەتە دەرێ

کورددا بخنکێ، زیاتر کاریگەرییەکە دەتوانین بۆ ئەوان بگێڕینەوە.

**ڕامان:** بۆ زیاتر وەرگێڕانەکانت لە بواری ڕۆماندا بووە و ژانرەکانی دیکەت کەمتر تاقی کردۆتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە لەوانەیە حوکمەکە تەواو ئاوا نەبێ، چونکە یەکەمین و دووەمین وەرگێڕانی من ڕۆمان نەبوون. شتی دیکەشم هەیە کە ناوی خۆمم لەسەر دانەناون کە هیچیان ڕۆمان نین، بەڵام ئەوەی کە دەتوانین بڵێین بەشی زۆری ئەو شتانە کە من کردوومنەتە کوردی و بەناوی خۆم بڵاوبوونەتەوە، چونکە زۆر شتم نووسیوە و زۆر شتم تەرجەمە کردووە کە بەناوی خۆم بڵاونەبوونەتەوە، یان بێ ناو بڵاوبۆتەوە، یان بەناوێکی وەرگیراو بڵاوبۆتەوە، بەڵام ئەوە زیاتر لەبەر ئەوە بووە کە ڕەنگە بۆ کەسێک کە کاری نووسین و وەرگێڕان نییە و وەرگێڕان بۆ ئەو، کارێکی لاوەکییە، ڕەنگە تەرجەمەی بابەتێکی زانستی، فەلسەفی زۆر ئاسان نەبێ، دەتوانم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە. بێجگە لەوە کە کتێبم خوێندۆتەوە و دیتوومە کتێبەکەم پێ خۆشە، لەبەر ئەوە پێم خۆش بووە بکرێتە کوردی. تەنانەت جارێکیان لەبیرمە یەکەمین بەرگی حەمەدۆکم کە کردبووە کوردی بۆ دۆستێکم ناردبوو نامەیەکی بۆ نووسیبووم هەم گەیشتنی کتێبەکەی پێ ڕاگەیاندبووم هەم بە قەولی خۆی سپاسی کردبووم و هەم پیرۆزبایی لێ کردبووم کە چیم هەڵبژاردووە. ئەگەر سەرنجیش درابێ ئەو شتانەی کە من تەرجەمەم کردوون. بێجگە لە کتێبێک ئەوی دیکە تەنیا ڕۆمان نین. بۆ وێنە حەمەدۆک تەنیا ڕۆمان نییە. حەمەدۆک کارێکی خەباتگێڕانەیە. فەلسەفەی سیاسییە، پێم وایە بۆ هەموو پێشمەرگەیەکی کورد پێویستە حەمەدۆک بخوێنێتەوە. بەتایبەتی بەرگی سێیەمی. کە باسی لە پێوەندی خەباتگێڕێکی ڕێگەی ئازادی لەگەڵ خەڵک دەکا و دەڵێ کە دەتوانێ چەندە کاریگەر بێ لە چارەنووسی ئەودا. بۆ وێنە کتێبێکم کرد بە کوردی «دان چەرموو» لەو بارەیەوە وانییە. زیاتر لەباری کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەوە دەتوانین پەیامی نووسەرەکە وەربگرین. تەنانەت «گێلە پیاو» ڕۆمانێکی تەواو ڕەخنەگرانەیە. وانییە شت بگێڕێتەوە، شت ناگێڕێتەوە پەیامی هەیە بە خەڵکی دەڵێ. حەمەدۆک هەروایە. هێندێک کاری دیکەم کردووە کە عادەتەن ناوی

منیان لەسەر نییە ئەوانە هەمووی هەروان.

**ڕامان:** لەم دواییانەدا باسێک لە ئارا دایە بۆ نووسین بە زمانێکی ستانداردی کوردی هەڵبەتە بەڕێزتان بیروڕای جیاوازی زمانەوانان لەم ڕووەوە دەبیستن و ڕای تایبەتی ئێوە بۆ ئەم کێشەیە لەم قۆناغە هەستیارەدا بۆ بەهێزکردن و پتەو بوونی هەستی نەتەوەیی تا چەندە بە پێویست دەزانن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن پێم وایە بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی بێ گومان کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام زمانی ستانادرد لەو بارەیەوە گرینگە. مەبەست لە زمانی ستانداردیش ئەو زمانەیە کە بۆ خوێندنەوە و نووسین بەکار دێت، جاروبارە دەڵێن زمانی یەکگرتووی کوردی، زمانی یەکگرتووی کوردی مومکین نییە هیچ میللەتێک، زمانی یەکگرتووی نییە. هەموو میللەتێک زاراوەی جۆراوجۆری هەیە و هەردەبێ وابێ، بەڵام زمانی ئیستانداردیانی زمانێکی یەکگرتوو بۆ خوێندنەوە و نووسین، ئەوە جێگیربوونی شوناسی نەتەوەیی و جێگیربوونی یەکگرتوویی نەتەوەییە. بە باوەڕی من زۆر گرینگە. ئەو زمانەش ئەمن وا تێدەگەم بە بڕیار دروست نابێ. دەبێ لێی گەڕێی بۆ خۆی بیکا. ئێستا هێندێک کەس دەیانەوێ زمانی کوردی دروست بکەن. بۆ وێنە کابرا بەوە زمانی کوردی دروست دەکات دەڵێ: «ئەوڕۆ دەچمە هەولێرێ، ئێوارە دزەڤرم» ئەوە زمانی یەکگرتووی کوردی نییە. ئەوە زمان نییە. زمانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لێی گەڕێی بۆ خۆی دروست بێ. بەڵێ کە ڕێزمان دروستی کرد لە پاشان لە جیاتی ئەوەی وشەکان لە زمانەکانی دراوسێ لە دەرەوە وەربگری، یان بەناحەق داتاشی، لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە دەیهێنی، بەڵام زمانی ئیستاندارد هەروەک گوتم هیچ کات بە بڕیار دروست نابێ. بۆ وێنە زمانی عەرەبی، زۆر کەس پێیان وایە بۆیە ئەو لەهجەیەیە کە قورئان بەو لەهجەیەیە. لە حاڵێکدا زمانی عەرەبی و ئەو زمانەی کە هەیە بەسەدان و هەزاران ساڵ پێش قورئان هەبووە. قورئان بەو لەهجەیە هاتۆتە خوارێ. ئەوە چی دروستی کردووە، ئەو جێگایەی کە ئێستا پێی دەگوترێ عەرەبستانی سعوودی. ئەو جێگایە دوو شتی گرینگی تێدابوو یەکیان بازاڕێکی بە ناوبانگی عەرەبەکان بوو بەناوی بازاڕی عوکاز کە ساڵی دووجار هەموو عەشیرەکانی عەرەب لەوێ کۆدەبوونەوە هەم بازرگانیان دەکرد و هەم ئەوەی پێی دەڵێن موفاخەرە، (خۆهەڵنان)، یەکێک شیعرێکی دەخوێندەوە و یەکێک وتارێکی جوانی دەخوێندەوە و لە مێژووی خۆیدا و بۆ ئەوەی خۆی هەڵنێ بەسەر ئەوەی دیکەدا. هەموویان ناچاربوون زمانێک هەڵبژێرن. ئەگەر هەر کەس بەزاراوەی ناوچەی خۆی قسە بکات نابێ، ئەو زاراوەیەی کە دەتوانێ زاراوەی هەموویان بێ، زاراوەی ئەو ناوچەیەیە کە بازاڕەکەی لێی پێک دێت. هۆیەکەی دیکە مەسەلەی بتخانە بوو، بتخانەی کەعبە هەبوو، خەڵک دەهات زیارەتی دەکرد. باشە یەکێک کە دێتە ئەوێ دەچێتە کاروانسەرایەک دەبێ زمانی کاروانسەرادارەکە بزانێ، بۆ ئەوەی پرسیاری ڕێگایەک، جێگایەک بکا دەبێ زمانەکە بزانێ. ئایین، سیاسەت و تەنانەت تەریقەت زۆرجار بوونە مایەی پێکهاتنی زمانی ستاندار، بۆ وێنە کاتێک دەبینی تەریقەتی نەقشبەندی کە لە هەورامانە، ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە کە (مەولەوی تاوەگۆزی) ناوی خۆی بەخۆیەوەیە گەورەترین بەرهەمی ئەدەبی کوردی بەهەورامی دەخوڵقێنێ، بەباوەڕی من مەولەوی ئێستاش گەورەترین بەرهەمی کوردییە، بە هەورامی نووسیویەتی، چونکە دەیەوێ شێخ لێی حاڵی بێ، یان دەسەڵات. دەسەڵات لەجزیرە و بۆتان هەیە. عەلی حەریری لەنێوەڕاستی ئەو جێگەیەی کە پێی دەڵێن سۆران، بەرهەمەکەی بەبادینی دەنووسێ.

سەرنج دەدەی، یانی دەبێ لێی گەڕێی بۆ خۆی دروست بێ وانییە بە بڕیار بێ. ئێستا ئەو هەولانەی کە هەن بۆ ئەوەی کە دوو زمان، یان سێ و چوار زمانی کوردی دابنێن، بەش بەحاڵی خۆم بە هەولێکی پڕ مەترسی دەزانم، لەسەر یەکپارچەیی میللەتی کوردی بە مەترسی دەزانم.

**ڕامان:** ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان جەنابتان لە شاری بەغدا بوون ئاگاتان لەچالاکییەکانی کۆڕی زانیاری کورد هەبوو، دۆستایەتیتان لەگەڵ زۆربەی ئەندامەکانی ئەو دەزگایەدا هەبوو، کۆڕی زانیاری کورد لەوڕۆدا چۆن دەبینی، پێت وایە بە ئەرکەکانی خۆی ڕاگەیشتبێ، ئەگەرنا پێت وایە دەبێ چ بکرێ باشە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن پێم وایە کۆڕی زانیاری ئەوکات لەبەغدا سەرەتایەکی زۆر باشی دەست پێ کردبوو پیاو کە دەچوو بۆ کۆڕی زانیاری لە ساڵانی دەست پێکردنیدا و بەتایبەتی پێش ئەوەی کە ئەوەی پێی دەڵێن

نسکۆی حەفتاو پێنج ڕوو بداو ئەوەی بەسەردابێ، کە دەچووی لەوێ کوردایەتیت دەدی کە لە هەموو ئۆرگانەکانیدا دەجوولێ، یانی باوەڕبکە کە لەکۆڕی زانیاری کوردەوە دەچوویە کۆڕی زانیاری عیراق، بەشی عەرەبییەکەی وەکو لە شارێکی قەرەباڵغەوە بچییە کوێرە دێیەک و وێرانەیەک وابوو.

سەرتاسەری جموجۆڵ بوو. کاری خۆیان کرد، بەڵام دیارە کە نوشستیەکەی حەفتا و پێنجی بەسەردا هات دەوڵەتی عیراق دەستی کرد بە وەرگرتنەوەی ئەو دەسکەوتانە و وێرانی کرد. ئێستا ئەمن زۆرم ئاگا لە تێکۆشانی کۆڕی زانیاری کوردستان نییە، بەڵام زۆر ئارەزوو دەکەم کۆڕی زانیاری کوردستان، ئەگەر دەگونجێ کارەکانی کۆڕی زانیاری کورد بە دەست بێنێتەوە کە بەداخەوە زۆر کەمی ڕەنگە وەدەست بکەوێ، چونکە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا کە ڕاپەڕینی ٢٠٠٣ بەسەرداهات تاڵان کرا، تاڵانیش نەکرا بۆ کورد، پێم وابێ بەشێکی زۆری ئینسانەکان بۆ خۆیان تاڵانیان کرد. ئەو کتێبخانە جوانەی بەتاڵان چوو. یانی دروستی بکاتەوە، ئەوەش بەوە دەبێ کە بێ دەمارگرژی ناوچەیی بە (طریق أولى) بێ دەمارگرژی حیزبی، بگەڕێن لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو زاراوەکاندا خەڵکی شارەزا، بەتایبەت لە بواری زماندا پەیدا بکەن و بێنن لە خزمەتی بگرن. پێم وایە ئەو کارە کارێکی زۆر پێویستە و ئەرکێکی زۆریش پیرۆزە. هەر لێرەدا ئیزن دەخوازم داخ و کەسەری خۆم لە مەرگی ناوەختی دکتۆر ئاوڕەحمان حاجی مارف کە وابزانم وەک ئەندامی کۆڕ و تەنانەت سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کوردستان ناوی هاتبوو، دەرببڕم. ئەو هەم زمانەوانێکی گەورە بوو، هەم ئەزموونی کۆڕی زانیاری کوردی هەبوو.

**ڕامان:** ڕۆشنبیری کورد لە ئێران وابەستەیە بە ڕۆشنبیری فارسەوە لەعیراق و سووریە ڕۆشنبیری عەرەب زاڵە و لەتورکیەش ڕۆشنبیری تورکی، چۆن دەتوانین خۆمان ببینە خاوەنی کەسایەتی و پێگەی کولتووری تایبەت بەخۆمان و لە پاشکۆیەتی ڕزگارمان بێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێم خۆش نییە ناوی بنێم وابەستەبوون. بەتایبەتی لە قۆناغی ئێستاماندا، دەتوانین بڵێین (متاثره) لە کولتووری میللەتانی حاکم، لە ئێران بێ گومان کاریگەری فەرهەنگی فارسی بەسەرەوەیە، لە وڵاتانی سووریە و عیراقدا عەرەبی و لە تورکیە تورکی، بەڵام بەتایبەتی لەقۆناغی ئێستاماندا ناکرێ پێی بڵێین وابەستەیە، چونکە وشیارانە، یان نا وشیارانە هەموو ڕووناکبیرێکی کورد لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی لەو پێوەندە زیاد لە ئەندازەیە ڕزگار بکاو بەرەو پێوەندییەکی توند و تۆڵ لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بچێ، یانی ڕەنگە بەشێکی نا وشیارانە بێ، بەڵام بەدوای شوناسی تایبەت بەکورددا دەگەڕێن. تەنانەت جاروبار ئەمن پێم وایە کورد لەوە زەرەری کردووە. ئەمن زیاتر دەتوانم باسی کوردی ئێران و عیراق بکەم. هێندێک وشەی کوردی لە باشووری کوردستان هەیە کە کاتی خۆی لە فارسی وەرگیراوە و فارسیەکە، کە هاتۆتە نێو کوردی باشوور خراپ بەکارهێنراوە. کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی ئەو شوناسەی خۆی بەدەست بێنێ و تێکەڵاوبێ، سەرنج نادەنە ئەو وشانە و ناڵێن ئەو وشەیە تێک چووە و خراپ بووە، لە ڕستەدا بەکاری دێنن، بۆ وێنە ئەتۆ لە کوردی ئێرانی دەبینی دەنووسێ (شەڕئەنگێز) شەڕ ئەنگێز ئەسڵەن لەهیچ جێگایەکی دنیا مانای نییە، یان کوردی ئێران دەبینی دەڵێ (کوجا مەرحەبا) کوجا مەرحەبا بەڕواڵەت دەستەواژەیەکی فارسییە، لە ئێران و تاجیکستان و ئەفغانستان فارس زمان هەن. ئەو (کوجا مەرحەبا)یەیان بۆ بنووسە تەواوی ئەو دەیان ملیۆن فارسە هیچی نازانێ (کوجا مەرحەبا) یانی چی؟ چونکە شتێکی فارسییە و لەنێو کورددا دروست کراوە و بە هەڵە دروست کراوە. یانی مەبەستم ئەوەیە ئەوەندە دەیانەوێ خۆیان لە فەرهەنگەکانی دەوروبەر جودابکەنەوە نەک دوژمنایەتی بکەن، چونکە دوژمنایەتی بکەن زەرەر دەکەن، بەڵام شوناسێکی سەربەخۆ بەخۆیان بدەن، کە تەنانەت کارلێکەری نێگەتیڤیش لەبەشەکانی دیکە وەردەگرن، بەڵام بەگشتی پێم وایە ئایندەی ئەو ڕەوتە دەبێ بەچاوێکی پڕ لە ئومێدەوە چاو لێ بکەین. فەرهەنگی کوردی، شوناسی تایبەتی خۆی بەرە بەرە بەدەست بێنێ، بەڵام دیارە ئەوکاتە بەتەواوی جێگیر دەبێ (ئەویش بە ئاسانی نا)، کە کورد بوونی تایبەتی و یەکپارچەیی خۆی هەبێ. دەنا تەنانەت ئەگەر فیدرالیزم لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، پیادە بێ. کورد لەو تێکەڵاوییە، یان ئەوەی کە ناوت نا وابەستەیی حەتمەن ڕزگاری نابێ. بەتایبەتی کە ئەو دوو خەتەشمان هەبێ و لە سێ بەشی کوردستاندا بەخەتی عەرەبی بنووسین و لەبەشێکیدا کە بەتەنیا

بەقەت هەموو بەشەکانی دیکەیە بەلاتینی بنووسین، ئەوەش وادەکا کە ئەو شوناسە یەکپارچەیە هەر مسۆگەر نەبێ.

**رامان:** بەلای ئێوەوە پێناسەی ڕۆشنبیر چییە و دواتر دەمانەوێ بزانین بەپێی بیروڕای جەنابتان ئەرکی ڕۆشنبیر بۆ هۆشیاری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی دامودەزگا نەتەوایەتییەکان لەو قۆناغەی ئێستادا چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** قەت نامەوێ خۆ لە پێناسەی ڕووناکبیر بدەم، چونکە ئەوەی کە گوتراوە لە ناساندنی ڕووناکبیردا هیچی کامڵ نییە. یانی ڕووناکبیریش لەگەڵ ئەوەی کە باسەکە ئاڵۆزترە وەکو هێندێک شت وایە کە هەموو کەس دەزانێ چییە، بەڵام کەس ناتوانێ پێناسەی بکات. هەموو دنیا بێنە بڵێ «ئاو»م بۆ پێناسە بکەن کەس نازانێ ئاو چییە. یانی پێناسەکانی بۆ بڵێ کەس لێت تێناگا و نازانێ باسی چی دەکەی (دیارە مەبەستم تەرکیبە کیمیاوییەکە نییە) ڕووناکبیریش تاڕادەیەک هەموو کەس دەزانێ چییە. سیمایەک لە ڕووناکبیر لە مێشکی خۆیدا دروست دەکات، بەڵام وەکو پێناسە، پێناسەکە ئاوا بە ئاسانی ناکرێت. بۆیە منیش نامەوێ خۆی لێ بدەم، بەڵام ئەرکی ڕووناکبیران لەڕاستیدا دەکرێ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بڵێین لە یەکتر نزیکە. ئەویش ئەوەیە کە ڕووناکبیر بەشێکە لە کۆمەڵ کە هۆشیاری سیاسی، مێژوویی و جوگرافیایی و هەموو ئەو شتانەی زیاترە. دەبێ هەوڵ بدا ئەو هۆشیارییە دەرخواردی کۆمەڵ بداتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لەو باسانە کە ئی خۆیانە و ژیانیان و بوونیانی پێوە بەستراوە ئاگادار بکاتەوە. لەسەریەک، ڕەنگە ڕووناکبیری بێ تەفاوتمان هەبێ، بەڵام ڕووناکبیری کورد بە گشتی پێم وایە بە ئەرکەکانی خۆی ڕاگەیشتووە. ئەمن پێم خۆشە لە هەموو شتێکدا بارە باشەکە ببینم نەک بارە خراپەکە.

**رامان:** ئێوە وەک ڕۆشنبیرێک مومارەسەی کاری سیاسیتان کردووە، تا چەندە سیاسەت خزمەت بە فەرهەنگ دەکات، یان بەپێچەوانەوە فەرهەنگ تا چەندە خزمەت بە بواری سیاسەت دەکات و بەرەو پێشەوەی دەبا؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێم وابێ، هەردووکیان خزمەت بە یەکتر دەکەن. ئەگەر بیری سیاسی و نەتەوەیی نەبوایە هەر لەنێو کورد دەڵێم، فەرهەنگی کوردی بەشێوەی مۆدێرنی خۆی پەیدا نەدەبوو، چونکە فەرهەنگ ڕیشەی لەکۆمەڵگادا هەیە. زۆر لە شتە فەرهەنگییەکان کۆمەڵ پێش لەخوێندەواربوونیش هەیەتی. فەرهەنگ خۆ شیعر و نووسین نییە. دیزە و گۆزەڵە دروست کردنیش و دابونەریتی ژن گواستنەوە و مردوو ناشتنیش هەموو پێکەوە بەشێکن لە فەرهەنگی میللەتێک. ئەوە وایە بەڵام بەشێوەی مۆدێرنی خۆی لەپاش ئاگایی و هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی دێتە بەرەوە. کەوایە بێ گومان سیاسەت خزمەت بە فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک دەکا، بەڵام هاوکات فەرهەنگ، یان ڕووناکبیری، یان قەڵەم و نووسین، زۆر خزمەت بە سیاسەت دەکەن. یانی سیاسەت ناچێتە نێو خەڵک ئەگەر لەڕێگای مەسەلە فەرهەنگییەکانەوە نەبێ. بە شیعر نەبێ، بە نووسین نەبێ، بە چیرۆک نەبێ، ناچێتە نێو خەڵک، یان بە وتاری سیاسی نەبێ. ئەمن لەبیرمە جارێکی مامۆستایەکی بەناوبانگ حەمەی مەلا کەریم، شتێکی نووسیبوو لەسەر حیزبی دیموکرات و بەباشی هەڵی سەنگاندبوو. ئەوکات ئێمە لەگەڵ ئەوەی دامودەزگای چاپ و شتی ئاوامان نەبوو، بەڵام شتێکمان دانا بوو، لە واقیعدا ڕەمزی بەناوی «بنکەی پێشەوا»، کتێبمان چاپ دەکرد هەر لەبەر ئەوەی کتێبی کوردییە. ئیمکاناتێکی زۆر کەمیشمان هەبوو. شتێکی ئاوای نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دیموکرات لە هەموو حیزبەکان زیاتر خزمەتی زمانی کوردی کردووە. حیزبەکانی دیکە بەکوردی خزمەتی خۆیان کردووە، بەڵام حیزبی دیموکرات خزمەتی زمانی کوردی کردووە، بەڵام زمانی کوردیش خزمەتی بەحیزبی دیموکراتی کردووە. فکری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشی هەرە زۆری بەزمانی کوردی چۆتە نێو کۆمەڵانی خەڵک، یانی پێم وایە نووسینی کوردی بەرهەمی فیکری سیاسی و هۆشیاری نەتەوەییە، هەتا ئەوە نەبووە، فەرهەنگی نووسراوی کوردی لەئارادا نەبووە.

**رامان:** بەشێوەیەکی گشتی ماسمیدیای کوردی (ڕاگەیاندنی کوردی) تا چەندە توانیویەتی شوێن پێی ڕووداوە خێراییەکانی ئەم قۆناغە هەڵی بگرێ و بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی ڕووداوەکاندا بێت و دای پۆشێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیسان گوتم پێم خۆشە بارە باشەکانی شتەکە ببینم، من لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەدا نیم کە هەموو شتێک نەفی دەکا. پێم وایە ماسمیدیای کوردی لە ماسمیدیای دراوسێکانی خۆیان کە

ئیمکاناتەکەیان زۆر زیاترە لەئی کورد، ئەزموونی کاریان زۆر زیاترە، ڕابردووی نووسینیان زۆر زیاترە، ئێمە دەڵێین (١٠٩) ساڵە ڕۆژنامە دەردەکەین، بەڵام ئێران چەند سەدساڵە، عەرەب چەند سەد ساڵە، یانی لەو بارەیەوە کە قسە دەکەین پێم وایە توانیویانە وەڵامی مەسەلەکان بدەنەوە و دای پۆشن. خەڵکی هۆشیارکەنەوە لە کێشەکان، پێم خۆشە کەموکوڕییەکان ببینین، بەڵام بە چاویلکەی ڕەشەوە تەماشاکردنەکەی بەناحەق دەزانم.

**ڕامان:** ڕۆمان جۆرێک ڕیتمی هەیە و ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە وەرگێڕاندا چۆن ئەو ڕیتمە دەپارێزی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن ئەزموونی خۆم لە وەرگێڕاندا ئەوەیە کە پێم خۆشە بڵێم زۆر خاکەڕایانە، وەرگێڕان وەک زانست و وەک هونەر فێرنەبووم و هیچ مامۆستایەک ڕێنوێنی نەکردووم، تەنانەت تا چەند ساڵێک بەر لە ئێستا شتێکیشم لەسەر هونەری وەرگێڕان نەخوێندۆتەوە، بەڵام لەوەرگێڕاندا ئەمن قەولم بەخۆم داوە و عەهدم کردووە بەوانەی شتیان لێ تەرجەمە دەکەمەوە کە حەتمەن ئەمانەت ڕەچاو بکەم، پێشم وایە لەو بەشەدا سەرکەوتوو بووم، چونکە لەگەڵ خۆم ڕاستگۆ بووم و هەوڵم داوە کە حەتمەن ئەمانەتەکە ڕەچاو بکەم. یانی ئەمن ئەوەی بە هۆشیارییەوە لە بیرم بێ، تاقە یەک وشەم لەبیرە کە جۆرێکی دیکەم تەرجەمە کردووە. ئەوەی کە نووسەر گوتوویەتی ئەوەم نەگوتووە. ڕستەکەش دەڵێم هیچ ئیشکالی تێدا نابینم. لە ڕۆمانی «گێلە پیاو»دا دانەر لە زمانی قارەمانی داستانەکەوە دەڵێ: «نازانم ئەوانە چۆن لێک بدەمەوە، باوەڕم بەخودای نییە». ئەمن ئەو کەلیمەیە پێم وابوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا تۆزێک گرانە، وام لێ کردووە کە دەڵێ «باوەڕم بە قەزا و قەدەر نییە» دەنا هەموو وەختێک ئەو ئەمانەتەم ڕەچاو کردووە. شتێکی دیکەم لەبەرچاو گرتووە. ئێستە نازانم ئەگەر کاری تەرجەمە بکەم سەردەکەوم و ئەوەم بۆ دەکرێ، یان نا؟ بەڵام جارەکانی دیکە بەدەستیشمەوە هاتووە. ڕستە فارسییەکەم خوێندۆتەوە و کە خوێندوومەتەوە، بە خێرایی دووکارم کردووە یەکیان ئەوەی کە بزانم ئەو ڕستەیە ئەگەر بەکوردی بیڵێم چۆنی دەڵێم. نەک فارسییەکە بێنم وشە بەوشە مانای کەمەوە. ئەوەی دیکە ئەوەیە هەوڵم داوە بۆ تەرجەمەی ئەو ڕستەیە خۆم بەرمە حاڵەتی ئەو کەسەوە. بۆ وێنە کابرا لێقەوماوێکی سەرلێشێواوە. داخێک دەردەبڕێ هەوڵم داوە لەوەزعی ئەودابم، یان ڕقی هەستاوە و هەڕەشە دەکا، یان خۆشحاڵە، یان شتێکی عاشقانە دەڵێ. هەوڵم داوە خۆم بێنمە جێگای ئەو کەسە. جا ئەو جارە بەو زمانە و بەو هەستەوە قسەکانم بکەم. ئێستا لەوەدا چەندە سەرکەوتوو بووم و چەندە سەرکەوتوو نەبووم. قەزاوەتەکەی بەمن نییە بەو کەسانەیە کە بەرهەمەکانیان خوێندۆتەوە.

**ڕامان:** وەک دوایین پرسیار، لای ئێوە وەک خوێنەرێکی گۆڤاری ڕامان. کە لەو ژمارەیە بێتەوە پێی دەنێتە دوازدە ساڵەی تەمەنی گۆڤارەکەوە، پێتان وایە ئەو گۆڤارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵێکی بچووکی گێراوە لەخزمەت کردن بە زمان و ئەدەبی کوردی، تا چەندە ئاگاداری ئەو هەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەڵێین دانان بە گوناحان لە قورسایی گوناح کەم دەکاتەوە. با ئەوە بڵێم نەک هەموو ژمارەکانی بەشی هەرە زۆری ژمارەکانی ڕامانم نەدیوە، بەڵام ئەوەندەی کە دیومە ڕامان وا دەبینم کە سەکۆیەکی ئازادە بەتایبەتی بەرەو ڕووی نووسەران و قەڵەم بەدەستانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە کراوەیە. لەو بارەیەوە بە باوەڕی من کاریگەری باشی هەبووە. هەم قەڵەمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێرە ناساندووە، هەم هاوکات بۆتە هۆی ئەوەی کە قەڵەمەکانی باشوور لە بازنەیەکی بەربڵاودا خەڵک لە ڕۆژهەڵات دەستی پێیان ڕابگات و بیان خوێنێتەوە. لەوبارەیەوە پێم وایە خزمەتی باشی کردووە، هیوادارم هەر لەبەرەو پێشەوە چووندابێ و سەرکەوتووبێ.

**ڕامان:** دەستت خۆش بێ و زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونت.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەستی تۆش خۆش بێ و ماندوو نەبییەوە.



# سەڵاح داودە:
# شارەزاییم لە گشت مقامەکاندا هەیە، دەهۆڵ و زوڕناش خەریکە مۆدیلیان نامێنێ

ئا: وشیار ئەحمەد ئەسوەد
(کەرکووک)

ئەوەندە سادە و ساکارە، تا لە نزیکەوە نەیناسی و لە تەکیا نەدوێی، دنیا پڕ لە بەرائەتەکەی نابینی و ناشزانی چی لە بارەوە بنووسی و چۆنی لە بارەوە بدوێیت. ناسینی من بۆ (سەڵاح داودە) دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵیم، کە هەردووکمان خەڵکی گەڕەکێکین، ئەویش (شۆڕیجە)ی کەرکووکە، کە یەک لە گەڕەکە کورد نشینە زۆر گەورەکانی ئەو شارەیە. ئێمە لە زەماوەندەکاندا (سەڵاح داودە و فایەق داودە)مان وێکڕا دەبینی دەهۆڵ و زوڕنایان دەژەنی.. فایەق دەهۆڵ و سەڵاحیش زوڕنا.. ئەودەم چ سەرەدەریمان لە هونەر دەرنەدەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان ڕۆژانە لە ئێزگەی کوردی دەنگیان دەبیستراو لە تەلەفزیۆنیش گۆرانییەکانیانمان دەبینی، بۆیە خەڵکی شار بە بەراورد لەگەڵ چاوەشەکانی دیکەی کەرکووکدا، ئەو دوو کەسایەتییەیان زیاتر خۆش دەویست... لەبەر ئەوەش کە سەڵاح داودە شارەزاتر و دەنگخۆشتر بوو، بۆیە ڕێزی زۆر و بایەخی زۆرتریشی پێدەدرا.. ئەوەشم لە یادە لەو سەردەمەی کەرکووکدا، ئەوانەی دەوڵەمەند و لە خانەوادە کوردەکان بوون و زەماوەندیان سازدەکرد، سێ شەو و سێ ڕۆژ، یان حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەهۆڵ و زوڕنایان دەکوتا، لە دوا شەویشدا کە بۆ بەیانی بووکیان دەگواستەوە (ئەگلەنجە)یان ساز دەکرد، ئەگلەنجەش جۆرێک لە شەوارە گرتن بوو، بەڵام بە ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاوە، کە ئەودەم لە

سەرجەم ئەگلەنجەکاندا منداڵ و گەورە، ژن و پیاو کۆ دەبووینەوە، بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگ و گۆرانییەکانی سەلاح داودە بگرین، کە ئەودەم گەنجێکی باڵا بەرزی زۆر جوان و دەنگێکی هەرچەندی بلێی ناسک و سازی هەبوو، بەلام بەهەمان دەستووری ئێستا کەوا و سەڵتەی لەبەر و جامەدانیشی لەسەر دەکرد، گرێیەکی پەرچەمیشی لە جامەدانییەکەوە دەردەکرد، کە تاکو ئێستاش لەلای ئێمەی کەرکووکیان سەلاح داودە بەو پەرچەوە دەناسرێ.

بۆ مێژوو دەیلێم و نامەوێ ئەوەش لە بیرکەم کە لە هەموو ئەگلەنجەکاندا هونەرمەندی گەورەی خوالێخۆشبوو (ئەحمەد داودە) باڵەبانی (نەی) بۆ دەژەنی.

سەلاح داودە لە سەرەتای گەنجێتییەوە وەک هونەرمەندێکی میللی دەنگخۆش ناسرا، ناویشی زۆر بە فراوانی بلاو بووەوە، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا گرنگی زۆری پێدەدرا و گۆرانییەکانی کەوتنە سەرزاران و دەگوترانەوە.. ئەو لە گەنجێتییەوە ئەهلی زەوق بوو، ئێستاش ئەگەرچی تەمەنی گەیشتۆتە ٧٢ ساڵ و تەندروستیشی زۆرباش نییە، بەلام کە گوێی لە تۆنەکانی مۆسیقا دەبێت و دەنگی گۆرانی گوتنی لێهەڵدەبرێ، دەست و پەنجەکانی هەڵدەبرێ و دەست دەکاتە چەقەنە لێدان و شان هەڵتەکاندن، بەجۆرێک هەمان ئەو زەوقەی سەردەمی گەنجێتی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی خولق و سەلیقەی دڵداری کردنی نەماوە، بەلام هەر کچۆڵەیەکی جوان سەرنجی ڕابکێشێ، بە سەعات گۆرانی بە بالادا هەڵدەلێ و ماندووش نابێت.

## خانەوادەیەکی هونەرمەند

سەلاح داودە وەک هەر یەکێک لە چاوەشەکانی دیکەی کەرکووک نییە، ڕاستە وەک پیشەیەک لە زەماوەندەکاندا بژێوی ژیانی لەسەر زوڕنا ژەنینە، بەلام ئەو چ بەکارە هونەرییەکانی، یان هەڵسوکەوتی لە نێو خەڵکدا، هەمیشە خۆی وەک هونەرمەندێکی گەورە و هاوکات وەچەی خانەوادەیەکی هونەرمەندیش دەرخستووە، بۆیە کاتێک دەیدوێنی، بەر لەوەی باسی توانا هونەرییەکەی خۆی بکات، شانازی بە باوک و باپیرانی خۆیەوە دەکات و دەڵێت: (کاکەبرا، عەلی مەردان ڕەحمەتی لە گۆرانی و مەقامویژییا، شاگرد خلەی بارام چاوش بابام بی)...

ئاخر کاک سەلاح ڕاست دەفەرموێ، چونکە هونەرمەندی گەورە عەلی مەردان-یش باسی ئەوەی کردووە کە لە هونەری مەقامدا، (خدر بارامی چاوش) یەک لە مامۆستاکانی بووە کە دەکاتە باپیرە گەورەی سەلاح داودە، هەروەها (محەمەد خدر)یش کە باوکی کاک سەلاحە، دیسان یەک لە مەقامبێژ و هونەرمەندە میللییە ناسراوەکانی ئەو دەڤەری گەرمەسێرە بووە، لەبەر ئەوەی سەلاح داودە یەک لە دۆست و هاوڕێ فرە ئازیزەکانمە، بۆیە زوو زوو یەکدی دەبینین، کەڕەتێکیان ئەم دەمەتەقێیەمان کرد:

* ئەرێ کاک سەلاح باوک و باپیریشت هەر دەنگخۆش بوون، دەنگی تۆ دەچێتەوە سەر کامیان؟

– وەلا برا، باوکم دەنگی فرەخۆش بی، فەقەت هەنێ قەبەبی، ئیمما خلەی بابام دەنگی ناسکی وەلاوەبی، وابزانم دەنگ من ئەڕواتە بان ئەو.

* ئەی کەسەردانی عەلی مەردانت کرد لە ڕادیۆی بەغدا، چی پێ گوتی؟

– ئاە برااااا، زەمانێ فرەخۆش بی، ئەو ئانە گەنج بیم، ڕۆیمە بەغا بۆ ڕایدۆن، مامۆسا عەلی مەردان پێمی وت برا تۆ فەحست گەرەک نییە، ئێوە خۆتان ئوستاد مەقاماتن، هەوەختێ گەرەکت بی، بێ ئەیراکە و گۆرانی و مەقامت بۆ تەنجیل ئەکەم... ئەتر هە ئەو ئانە هەنێ گۆرانی خۆشم چڕی و هاتمەوە دیا.

## دەنگ و گۆرانییە میللییەکان

سەلاح داودە لە دەنگە میللییەکانی گۆرانی میللی و فۆلکلۆری کوردییە، ئەو مەقامبێژێکی زۆر شارەزایە، خۆی زیاتر وەک باشترین مەقامبێژی (ئەڵلا وەیسی) دەناسرێ، بەلام ئەوەشی سەلماندووە کە قودرەتی خۆی لە مەقامەکانی (خاوکەرو قەتارو ئای ئای و خورشیدی و مەسنەوی و....) زۆری دیکەش، چی کەمتر نییە لە شارەزاییەکەی بۆ (ئەڵلا وەیسی)، بەلام ئەوەی لە دەنگی ئەم گۆرانیبێژانەدا فێری بووین و بۆمان دەرکەوتووە، سەرجەم ئەو دەنگە میللیانە، کە سەلاح داودەش یەک لەوانە، ناتوانن لە بۆتە میللییەکە و میلۆدییە سادەکان خۆیان بترازێنن، بۆیە دەبینین سەرجەم گۆرانییەکانی سەلاح داودە، یان میللین، یاخود وتنەوەی گۆرانییەکانی (حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و حوسێن عەلی گورجی



و...) هونەرمەندە کۆنەکانی دیکەن، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە بەرهەمە تۆمار کراوەکانی، ئەوەمان ڕوونتر بۆ دەردەکەوێ کە سەلاح داودە، زیاتر لە ئەدای مەقامەکاندا هونەری باڵا دەنوێنێ، خۆی سروشتی سەرجەم دەنگە میللییەکان بەوجۆرەن، هاوکات لە ڕووی مۆسیقاشەوە تەنیا لەگەڵ ئامێرە ژێدار و فووداەرەکاندا دەگونجێن، یان ڕاستترە بڵێم توانا هونەرییەکەی ئەو دەنگانە، لەگەڵ ئامێرە مۆسیقاییە میللییەکاندایە، دەشکرێ زۆرێک لە هونەرمەندە ناودارەکان بکەینە نموونە، وەک: (نووری باریکەیی- شکور خەیات- خەیروڵڵا خەیات- ئەحمەد فەرەج- شەوکەت کاکەیی- شکور جەیران- ئەحەی خولە سنەیی... و... و...)

زۆری دیکەش... هاوکات ئەگەرچی سەرجەم ئەو هونەرمەندە میللییانە لە گۆرانی گوتندا هەموو بایەخیان دەکەوێتە سەر فۆلکلۆر، بەڵام هەر یەکەشیان بە چەند بەستەیەک دەناسرێن و وەک ئەوەیە خاوەنی یەکەم و ڕاستەقینەی ئەو گۆرانیانە بن، کە سەلاح داودەش زیاتر بە گۆرانییەکانی (ڕاوەستاوە لەو بانە و هاتەوە شۆخی شیرین و خڕنگە خڕنگە) دەناسرێتەوە.

(داودە) عەشیرەتێکی گەورەی دەڤەری گەرمیانە، وەک جوگرافیاش دەکەوێتە ناوچەی (دووز و ئەلبوسەباح و حەوتە غارو.. و...) سنوورێکی فراوانی هەیە، بەڵام ئەم هونەرمەندە کە بە سەلاح داودە دەناسرێ، خۆی داودە نییە، بەڵکو (کەلهوڕ)ەو لە دایکبووی ساڵی (١٩٣٥- ئەلبوسەباح- دووز)ە، ئەو کە لەساڵی ١٩٤٧وە هەست بە خۆشی دەنگی خۆی دەکات، ئیدی لەسەرجەم کۆڕو دیوەخان و ئەو ئاهەنگانەی کە باوکی بەشدارییان تێدا دەکات، هەر لەگەڵیدا دەبێت و لەویشەوە فێربووە، بەڵام لە ١٩٥٧دا کە تەمەنی ٢٢ ساڵ بووە، لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد داودە چووەتە ڕادیۆی بەغدا و چەند گۆرانییەکی تۆمار کردووە، ئیدی هەر بەهۆی ئەحمەد داودەوە کاک سەلاحیش بە داودە ناودەبرێ و دواتریش وەک نازناوێک بە ناوەکەیەوە دەلکێ... بەهۆی دۆستایەتیشەوە چەند کەرەتێک ئەم باسەم لە تەکیدا کردۆتەوە، بەڵام کاک سەلاح هەمیشە شانازی بەنازناوەکەیەوە دەکات و دەڵێت (فەخر وەلەقەب داودەوە ئەکەم، چونکم ڕەحمەتی ئەحمەد داودە ئەو لەقەبەی بۆم دانا).

لەبەر ئەوەی زۆری لە بارەوە وتراوە و بڵاویش کراوەتەوە، زیاتریش لەم چەند ساڵەی دوای ڕووخانی ڕژێم، بەتایبەتیش لە کتێبەکەی هەردەوێڵ کاکەیی (مەقام و موزیکی فۆلکلۆری کوردی- سەلاح داودە بە نموونە) وردتر باسی مەقام و گۆرانییەکانی کراوە، بۆیە من لێرەدا هەوڵی ئەوەم داوە هێندێ دەرگای دیکەی لێبکەمەوە، بەڵام ئەگەر بە ئاماژەیەکی کورت و بە پەلەش بێت، دەهێنێ ئەوەندە بڵێین کە سەلاح داودە بە درێژایی تەمەنی هونەری خۆی، ڕێژەیەکی زۆر مەقام و گۆرانی تۆمار کردووە، لە ناسراوترین مەقامەکانی (خاوکەر و ئەڵڵا وەیسی و بەیاتی سەرەکی و ئای ئای)ن، ئەو بەستەو گۆرانیانەش کە بە سەلاح داودە دەناسرێنەوە (ڕێزە بەرێزە- هاتەوە شۆخی شیرین- خرنگە خرنگە- دەنگی یار نایە- ڕاوەستاوە لەوبانە)ن.

بۆ ئەوەی پێکەوە لە باخچە ڕازاوەکەی (ڕامان) پشوویەک بدەین و دەمەتەقێیەک بکەین، هێدی هێدی شۆڕبوومەوە (شۆڕیجە)، ئەو گەڕەکە میللییەی سەلاح

داوەی تێدا گەورەبووە، ئەگەرماڵیشی نەناسییەوە، لە منداڵ و گەورەی ئەو گەڕەکە پرسیاری بکەیت، گورج دەستت دەگرن و دەتبەنە بەر دەرکەیان، من لە مێژە هاتوچۆی دەکەم و پێویستیم بە پرسیار نەبوو، ئەو بەشێوە زارە گەرمیانییەکەی خۆمان دەدوێ، بەڵام من بە دەستکارییەکی زۆرەوە دەینووسمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە هێندێک وشە و دەستەواژەی ئەو شێوە زارە، گەر وەک خۆی بهێڵرێتەوە، شیرینتر دەنوێنێ، هاوکات لە شان و شەوکەتی کاک سەلاحیش دەوەشێتەوە.

گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەکەی و تەق تەق تەق، لە دەرگام دا، بە کەوا و چاکەتەکەیەوە دەرگای لێکردمەوە و لە خۆشیا شاگەشکەبوو و باوەشی بۆ گرتمەوە (بە ڕاستی هەرچەندی بڵێین کابرایەکی عەشایەری و میواندۆستە)... تەنکە ڕیشێکی سپی هێشتبووەوە، بە فەرموو فەرموو بردمیە ژوورەوە، بەڵام ماڵ چی ماڵ، کافر بەحاڵی نەبێت، رووبەری ئەو زەویەی شرە خانووەکەی لەسەر دروستکراوە (٨٠م٢) تێناپەڕێنێ، دوو ژووری زۆر بچووک و حەوشەیەکی بچووکتر، سەقفی ژوورەکانیش بە پلێت و چینکۆ داپۆشرابوو، کە ماڵەکەی دەبینی، بەلاتەوە سەیر دەبێت کە هونەرمەندێکی وا گەورە و ناودار، ئەمە ژیان و گوزەرانی بێت، بەهەرحاڵ دەمەتەقێیەکەمان نیو سەعاتێکی خایاند پێم وت:

* ئەرێ ئەم تەنکە ڕیشە چییە هێشتووتەوە، خۆت پیر کردووە؟

– ئێ خۆ برا منداڵ نابمەوە، تازە خەلاس، ڕۆییمان، عومر ئەڕوا و ناگەڕێتەوە.. (لە دەستم چوو بەخوا هەرگیز نایەتەوە).

* نانا برام، ناز و نووز مەکە، هەنێ پرسیارم هەیە و ئەمەوێ دیمانەیەکت لە تەکا بکەم؟.

– بەخوا مامۆسا جاڕس بووم ئەوەنە سوالم لێبکەن و جواب بدەمەوە، ئاخر ئەم هەموو موجەلە و جەریدەیە هیچیان لێ سەوز ناوێ.

* ئاخر ئەم بایەخ پێدانەی میدیاکانیش بە نرخترین سەروەتە بۆ تۆ؟

– ئەم سەروەتەی باسی دەکەیت، هیچ نان و ئاوم نادا.

* ئەرێ ئەوە چییە، ئەمڕۆ بۆچی وا قسەت وشک و ڕەقە؟

– نا برا نا، خێرهاتن وەبان چاوەکەم.

* ماشەڵڵا تاکو ئێستاش جوانییەکەی جارانت لە دەست نەداوە؟

– ڕۆیی ڕۆیی، ئەوەشمان ڕۆیی و ئەتر نایەتەوە.

* دە هەنێ باسی دڵداری و گەنجێتی خۆتمان بۆ بکە؟

– کە تازە هەڵئەسام گەنجێ پوختە و قۆزبیم، گشت ڕۆژێ کەڕەتێ و دوو کەڕەت خۆم ئەشۆری، عەتر و ڕیحەم لە خۆم ئەدا و بۆنم ڕۆژەڕێییەک ئەڕۆیی، فرە حەزم لە کەشخەیی بی، خاسەتەن کە ئەڕۆییمە ناو شایی، خۆم کەشخەتر ئەکرد، فەقەت وەڵڵاهی لە ڕووم نە ئەهات دڵداری بکەم، کچە جوانەکان وەعالەم ئاشکرا شەڕیان پێم ئەفرۆشت، منیش حەزم لێبوو، بەس وەڵڵاهی فرە شەرمم ئەکرد، گەلێ جار تەعلیقشیان لێم ئەدا، بەس من سوور ئەبوومەوە و سەرم دا ئەگرت، بە نمرە کەڕەتێکیش ئەگەر کچێک زۆر تەئسیری لێم بکردایە، بەس وەچاو دڵداریم لێلیا ئەکرد و ئەتر جورئەتی هیچ شتێ ترم نەوی.

* ئەی قەت وانەبووە کچێکت خۆش ویستبێ و گۆرانی بەسەرا بڵێی؟

– بەرێ وەڵڵا زۆر وام کردووە، چونکە شەرمم ئەکرد لەگەڵ کچا قسە بکەم، بۆیە چەند جار بە گۆرانی تەسکینی دڵ خۆم داوە، گۆرانی (خرنگە)م بەسەر کچێ خڕپلەیا وتووە، گۆرانی (کوێستانم خاڵ خاڵ)ش هەروا بوو، زەمانی کۆنیش کە گۆرانیمان ئەوت، زەلامەکان لە حەوشە، یان لە ساحەیەک پێکەوە دائەنیشتین و کچ و کاڵیش لە بان خانگەوە سێریان ئەکرد، منیش چەند کەڕەت گۆرانی (ڕاوەستاوە لەوبانە)م وەبان کچا وتووە.

* ئەی بە دڵداری ژنت هێنا؟

– ناوەڵڵا هەر وەعەشایەری خۆمان.

* کەی ژنت هێنا؟

– تەقریبەن (٤٠) ساڵ ئەبێ

* چەند منداڵتان هەیە؟

– وەخۆم و پاکیزەی ژنم و منداڵەکانەوە (١٠) کەسین، حەوت کوڕ و کچێکم هەیە (زەینەل و عەباس و دڵشاد و دلێر و ڕەعد و ئەحمەد و محەمەد و کچەکەشم ناوی حەنانە).

* منداڵەکانت گۆرانی ئەڵێن؟

– بەس زەینەل و عەباس، هەردووکیشیان دەنگیان فرە خۆشە، زەینەل دەنگی عەینەن گەنجێتی خۆمە،.. عەباس فەقەت گۆرانی ئەچڕێ، ئیمما زەینەل زوڕناش لێئەدا.

* ئەی بۆچی هانیان نادەیت گۆرانی تۆمار بکەن؟
– وە ئەولیـا هەزار کـەڕەت پێیـانم وتووە، چییـان لێبکەم خۆیان تەمەڵن.
* مـاوەیەک تۆیش کـەوتیـتـە بەر شـاڵاوی تەرحـیل، بیستم لە کاتی تەرحیل کردنا زوڕنات لێداوە؟
– تەرحـیـل فـرە نـاخـۆش بوو، ئەوەنەی نەمـاوی دڵم بتەقێ، فـەقـەت بۆ ئەوەی خۆم وا پیشـیـان بدەم کە هیچ منەتیـان نازانم، بۆیە ڕۆییـمـە بان لۆریەکـە، ئیـتـر هەر لەبەردەم قـاپییـەکـەی مـاڵ خـۆمـانەوە هەتا گـەییـمـە چەمچەماڵ، بۆ خۆم هەر زۆڕنام لێئەدا.
* بەر لە ڕووخـانی سـەدام، مـاوەیەکی زۆر لە گـۆرانی دوور کەوتیتەوە؟
– ئاخـر ئەوەش هەر لە ترسـابوو، چونکە من لە دوای تەرحیلەکە و هەزار فـڕوفـێڵ هاتمەوە کـەرکـووک، ئیـتـر ئەترسـام و نەمئەوێرا خـۆم بخەمەوە بەرچاو، ئەو زەمانە ژیانی ناو کەرکووک وەک جەهەننەم بوو.
* زۆر کەس وا تێگەیشتوون کە فایەق داوەد براتە؟
– ناوەڵڵا برام نییە، فەقەت ژنەکەی فایەق خوشکمە.
ئێـمـە گـشت وەخـتێ پێکەوەین، بۆیە خـەڵـک وا تێـئـەگـەن، ئیـتـر چی بکەین ڕزقـەکـەمـان وایە، بۆشـاییـەکـانیش پێکەوە ئەڕۆین، من زوڕنا لێـئـەدەم و فایەقیش دەهۆڵ لێئەدا، ئێمە شەریکین.
* لەگەڵ فایەقا گۆرانیتان بە دوو قۆڵی وتووە؟
– پێکەوە گـۆرانیـمـان تەسـجـیل کـردووە، بەڵام هەر یەکەمان بەجیا، بە دوو قۆڵی نەمانوتووە.
* سـەرنجی سـروشـتـێکی سـەیرم لە دەنگی تۆداوە، ڕاستە تەمەن هەندێک کاری کردۆتە سەر دەنگت، بەڵام هەر جارێک گۆرانی دەچڕی، دەنگت جۆرە کـەرخـیـەکی تێکەوتووە، کـەچی دوای سـەعـاتێک لە گـۆرانی وتن، ئەوجـا دەنگت دەکـرێـتـەوە و دەگـەڕێیـتـەوە سـەردەمی گەنجیت؟
– جاران گەنج بووین گۆرانیمان زۆر ئەچڕی، ئەوەش بۆ دەنگم پڕۆڤـەبوو، بەڵام ئێـسـتـا جگە لەوەی ئەخـتـیـار بوومـە، گـۆرانیش کـەم کـەم ئەڵێم، ئەمـەش تەئسـیـری کـردۆتە سـەر دەنگم، ئێـسـتـا ژیان زەحـمـەتتـرە، هەر ڕاکەڕاکەمانە بۆ لوقـمـەیێ نان، وەختێ گـۆرانی ئەچڕم، هەست ئەکـەم تاقـەت جـارانم نەمـاوە، بەس ئانێ گـەرم ئەبم، دەنگم ئەکرێتەوە و نەختێ باشتر ئەبم.
* بۆ ئەم دەنـگ و قـۆناغـەی ئێـسـتـات چ مـەقـامـێک زیاتر ماندووت ئەکات؟
– من گشت مەقامەکان ئەزانم، ئێستاش ئەتوانم خاس بیانچڕم، فەقەت (ئەڵڵا وەیسی) دەنگ و قەوەتی فرەی گەرەکە.
* بابێینە سەر زەماوەندەکان و دەهۆڵ و زوڕنا؟
– برام ئەوەش خەریکە مۆدێلی بەسەر دەچێت.
* چۆن؟
– جاران زۆربەی خەڵک شایی و زەماوەندیان بە دەهۆڵ و زوڕنا دەگێڕا، ئێستا ئەوە نەماوە، تیپە مۆسیقاییەکان بە ئۆرگێکی یامـاهـا شـایی گـڕ ئەدەن، پارە زۆرەکـە بەر ئەوان دەکەوێ، ئیـمـا بە نسبەت ئێمە ئیشـمـان تەنیا ئەوەندەیە کـە زاوا و بووک لە مـاڵەوە ئەچنە بازاڕ و ساڵۆن و وێنە ئەگرن، هەتا ئەگەنە هۆڵی ئاهەنگەکەیان لە یانەکاندا، لە وێوە ئیشیان بە ئێمە نامێنێ و ئیتر تیپە مۆسیقاییەکان ئیش ئەکەن و ئێمە ئەبێ بگەڕێینەوە.
* مەبەستت ئەوەیە پارەی کەمتان بەر دەکەوێ؟
– ئەرێ وەڵڵا کەمە، بەس چیبکەین، هەر ئەبێ بڵێین نیعمەڵڵا.
* تۆ ئەوەندە فـەقـیـرۆکـە و شـەرمنی، ئەی چۆن پارە وەرئەگری و شاباش ئەخوێنتەوە؟

– من نەشاباش وەرئەگرم و نە ئەشیخوێنمەوە، ئەوەیان عاید وە فایقە و ئەو فرە ئازایە.
* ئاگـام لێـیـە جـارجـارە ئەخـۆیـتـەوە و سـەرت گـەرم ئەکەیت؟
– جاران مەشروبم ئەخواردەوە، فەقەت ئێستا ئەوەندە زەوقم لێی نەماوە، جار بەجار ئەگەر بیرەیەک بخۆمەوە، وەحەیات خۆمش ئەوەندەم نەخواردۆتەوە کە سەرخۆش بم.
* ئاگام لێیە لە کۆنەوە تاکو ئێستاش ڕۆژانە لە ماڵەوە هەر بە پیاسە دێیتە بازاڕەکەی شۆڕیجە بۆ چایخانە و هەر بە پیاسەش ئەگەڕێیتەوە، بەتایبەتی ئێستا خۆت نەخۆشی، ئەی ماندوو نابیت؟
– وە عـەکسـەوە، کە وەپا ڕێئەکەم سیحەتم خۆشتر ئەوێ، لەو ڕێگایەش دڵم ئەکرێتەوە.
* ئەی چیتە؟
– چوزانم... دنیایێ نەخۆشیم هەیە، ئەختیار بیمان.
* ئەی چایخانەکەی حەمە گوڵناز؟

– وەگشت عـالەم نـایگۆڕمـەوە، من و شـۆڕیـجە وەک ماسی و بەحرمان لێ هاتووە، دەرچمە دەرەوە ئەخنکێم.

* بەم دوایـیــە و دوای نـەمـــانی حکومـــەتی بەعس، دەستت کردەوە بە گۆرانی چڕین، ئێستا هەست و زەوقت چۆنە؟

– کـورە بـرا ئێسـتـاکـە فـرە مـورتاحم، لەوەتی سـەدام نەماوە چەند کەڕەت لە ئاهەنگ و میـهرەجانا گۆرانی و مەقامم چڕیوە، چەند گۆرانیشیـان بۆم تەسجیل کردووە، سەندیکای هونەرمەندانیش لە کەرکووکا زۆر خزمەتمیـان کردووە و گش مانگێ مەعاش وەرئەگرم، هەزار ڕەحمەت لە قەورەکەی مەلا مستەفا و ماڵ حوکمەت کوردستـان ئاواوێ مــانـگی ۳۰۰ هەزار دینار مــەعــاش ڕێز لێنانم ئەدەن پێ.

* هەمـوومـان ئەزانین ئەو بڕە پارەیە بە بەراورد لەگـەڵ گەورەیی خۆت و هونەرەکەت زۆر کەمە؟

– کــورە کــەمی چی، زۆر زۆر مــەمنوونم، وەحــەیات باوکمش شتی وەهام بۆ نەکراوە.

* دانیشتن لەگەڵ تۆ بێزاری نییە، بەڵام هەست ئەکەم تەندروستـیت باش نـییـە و منیش مـاندووم کـردی، چی دیکە دەڵێیت؟

– فەقەت گەرەکمە یەکتریان خۆش گەرەک بێ، وەزع کەرکووک خراوە و دوژمنیشمان زۆرە، با وەخاسی پشت یەکتری بگرین بەشکم سەرئەکەوین و کەرکووک بڕواتە بان کوردستان، ئەوسا وەکەیف خۆمان گۆرانی ئەچڕین و حەفلە ئەکەین.

* دەزانم پرسـیـاری زۆرمـان مـاوە لە سـەلاح داودەی بکەین، بەڵام بەڕاست ئەو گەورە هونەرمەندە تەندروستی باس نییە و گوزەرانیشی بە باشی هەڵناسووڕێ. بەپێی شارەزایی خۆم، سەلاح داودە هێشتا توانایەکی دەنگی و هونەری باشی هەیە، خـــۆزگــە وەزارەتی ڕۆشنبــیــری حکومــەتی کــوردســتــان بایەخی زیاتری پێــدەدا، بەو مەبەستەی بە مۆسیقا و تەکنیکی نوێی تۆمارکردن مەقام و گۆرانییەکانی بۆ تۆمار بکاتەوە، ئەوەندەش من بزانم، کاک سەلاح زۆر تەماحکار نییە، تەنیا داواکاری ئەوەیە بایەخ و گــرنگی بە هونەرەکــەی بدرێ و ســوود لە شارەزاییەکەی وەربگیرێ.

# کاریگەری نووسینەکانی عیشقی لە بەرهەمی گۆراندا

ئامر طاهر
(فەڕەنسا)

## پێشەکی

لەوانەیە لە ڕووی زۆری ژمارە و جۆری سەرچاوەی کاریگەریی ئەدەبی، شیعری (عەبدوڵڵا گۆران) لە چاو هی شاعیرانی سەردەمی خۆی لە لوتکەدا بێت. ئاشنایەتی تێر و تەسەلی گۆران لەگەڵ زمانانی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی و ڕووسیدا بواری پێ بەخشی لەگەڵ جیهانی هەست و نەستە شیعرییە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی بیانیدا ئاشنا ببێت و هەندێ جار شێواز و ڕێکاری نووسینەوەی شیعرییان پێڕەو بکات و پێیانەوە کاریگەر بێت. ئەمەش لە ڕووی دابونەریتی داهێنانی ئەدەبی دیاردەیەکی ئاسایی و بگرە ساخلەمیشە. لەوەتی پەیدابوونی هونەری نووسین، پێوەندی کاریگەری لەنێوان نووسەراندا هەبووە و دەشمێنێت تا ئەو کاتەی نووسەر باوەڕی بەوە هەبێت کە ئەدەبیش وەکو هەر بوارێکی تری ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی پێویستی بە بزووتنەوە، گۆڕانکاری و پێشڤەچوون هەیە. سەلماندنی بوونی ئەم جۆرە پێوەندییانە لای گۆران، لەوانەیە لە چاو شاعیرانی تر هەندێ ئاسانتر بێت. لەبەر ئەوەی خۆی دانی پێناون و وەرگێڕانەکانیشی شایەتی لەسەر دەدەن. لە چاوپێکەوتنە ناودارەکەیدا لەگەڵ (عەبدولڕەزاق بیمار) دەڵێت: «پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتنە کایەوە و بڵاوبوونەوە، ... وە من بە تەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە.(١)» دیارە چۆن گۆران لە یەک پاراگرافدا هەموو ئەو سەرچاوە ئەدەبیانەی چێژی لێ وەرگرتوون و پێیان کاریگەر بووە، خستۆتە ڕوو.

پێگەی شیعری فارسی بە هەردوو جۆری کۆن و هاوچەرخەوە لەم ڕووەوە جێی بایەخ و تێڕامانە. لە گوتارێکیدا بە ناونیشانی «ڕەخنەی وێژەیی چییە؟»



**عیشقی**

گۆران بۆمانی ڕوون دەکاتەوە بۆچی گرنگە کە هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد شارەزای زمان و ئەدەبی فارسی بێت: «... لە ڕەخنەی وێژەییدا ئەوەی لە سەردەمی کۆنا لە عەرەبیمان وەرگرتووە زۆرتر لە ڕێگای زمانی فارسییەوە پێمان گەیشتووە، جگە لەوەش نزیکی زمانی کوردی لە فارسی و هاوبەشی ئەم دوو زمانە لە یەک سەرچاەی (میثۆلۆژی- عیلمی اساطیر- ئەفسانەدا) و لە یەک سەردەمی مێژووی کۆنا، لەگەڵ تێکچوونی چێژی هونەری هەردوو لامان ئەم پێوەندییە گرنگانە گشتیان پێویستییەکی تەواو پێویست ئەخەنە سەر شانی نەک تەنها وێژەوانەکان و ڕەخنەوانەکان، بەڵکو هی هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردی وێژەدۆست، کە تەقەڵلا بدات بۆ فێربوونی زمانی فارسی و شارەزایی پەیدا کردن لە وێژەی فارسیدا. (٢)» گۆران شەیدا و تامەزرۆی شیعری کلاسیکی فارسی بوو. بۆیە بەشێکی بەرچاوی وەرگێڕانەکانی بەر ئەم شیعرە کەوتووە. چوارینەکانی «خەیام»ی کەڵە شاعیری فەیلەسووفی ئێرانی بە قەڵەمی بەهرەمەندی کەشوهەوایەکی کوردانەیان بە خۆوە گرتووە(٣) «پرسیارێکی ناصر خوسرەو» ناونیشانی شیعرێکی ئەم شاعیرە فارسی زمانەیە کە گۆران کردوویەتی بە کوردی. «ئاهەنگی موغان»ی غەزەلە بەناوبانگەکەی حافظ شیرازی و «تەرجیع بەندێکی بەناوبانگ» لە هاتفی ئیسفەهانیش لە بەهرەی وەرگێڕانی گۆران بێ بەش نەکراونەتەوە (٤). ئەمانە کۆی ئەو وەرگێڕانانەن کە لە شیعری کلاسیکی فارسییەوە لە بەرهەمی گۆراندا جێیان بۆ کراوەتەوە. لەم ڕووەوە گۆران ئاوڕی لە شیعری هاوچەرخی فارسیش داوەتەوە. لەوانەیە لە دووتوێی وەرگێڕانەکانی گۆران، خوێنەرێکی شارەزای ئەدەبی نوێی فارسی وا هەست بکات کە بایەخدانی گۆران بە شیعری هاوچەرخی فارسی ناگاتە پلەی شەیداییەکەی بەرانبەر بە شیعری کلاسیکی فارسی و تا لوتکە ناڕوات. چونکە هیچ ناونیشانێک لە نیما یوشیجی باوکی شیعری نوێی فارسی نە لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا، نە لە گوتارە تیۆرییەکانیدا نابینرێت (٥) بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە شیعری هاوچەرخی فارسی لەلایەن گۆرانەوە فەرامۆش نەکراوە و ئەوەندەی پێی خۆش بووە، هەوڵی ناسین و لێ تێگەیشتنی داوە و لەناو وەرگێڕانەکانیشیدا جێی بۆ کردۆتەوە. میرزادەی عیشقی و ئەبو تورابی جەلی دوو شاعیری ئێرانی سەرەتای سەدەی بیستەمن کە سەرنجی گۆرانیان ڕاکێشاوە. «هێزی گەل» و «خەباتی گەل» وەرگێڕدراوی دوو شیعری شاعیری ڕەخنەگری ئێرانی ئەبو تورابی جەلین (٦) و «هەیاسی و کاکە عابیدین»یش وەرگێڕاوی مەسنەوییەکی ڕامیارییە لە میرزادەی عیشقی (٧). لەبیرمان نەچێت کە شیعری «بت»یش لە شیعری هاوچەرخی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و تا ئێستا (ئەوەندەی ئێمە ئاگاداری بین) ناوی خاوەنی دەقە فارسییەکە بە دڵنیاییەوە ساغ نەکراوەتەوە. باس کردنی گشت ئاکار و ئەنجامەکانی کاریگەری شیعری کۆن و هاوچەرخی فارسی لە شیعری گۆراندا بابەتێکی یەکجار بەرفراوانە و لەم گوتارەدا جێی نابێتەوە. بۆیە لێرەدا ئێمە تەنیا لە کلاوڕۆژنەی نووسینەکانی میرزادەی عیشقییەوە ئاوڕ لە بەرهەمی گۆران دەدەینەوە و لێی دەکۆڵینەوە. ئەرێ بەرهەمی عیشقی تا چ ڕادە ئیلهامدەری بەهرە شیعرییەکەی گۆران بووە؟ ئایا کاریگەرییەکە هەر بە وەرگێڕانی مەسنەوییەک سنووردار دەبێت، یان ئەو سنوورە دەبەزێنێت و لەنێو بازنەیەکی گەورەتردا خۆی دەنوێنێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەمانەوێت لە میانەی ئەم باسەماندا وەڵامی بۆ بدۆزینەوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو جەرگەی باسەکەمان، پێویستیمان بەوەیە لە دەرگای شیعری هاوچەرخی فارسی بدەینەوە و پێشەکییەکی کورت لە بارەی عیشقی و بەرهەمەکەیەوە بخەینە ڕوو.

### میرزادەی عیشقی شاعیر و ڕۆژنامەنووس

سەید محەمەد ڕەزا ناودار بە میرزادەی عیشقی کوڕی

حاج سەید ئەبولقاسمی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٣ زایینی لە شاری هەمەدان لەدایک بوو. لە مەکتەب فێری خوێندن و نووسین بوو و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا و لە فێرگەی (ئولفەت) دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کرد و لە (ئالیانس)ی فەرەنسیش قۆناغی ئامادەیی خوێند. پێش ئەوەی باوەڕنامەکەی لە ئالیانس وەربگرێت، لە کۆمپانیای بازرگانێکی فەرەنسیدا وەکو وەرگێڕ دەستبەکار بوو و لە ماوەیەکی کەمدا توانی بە جوانی بە فەرەنسی قسە بکات. لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەرەو ئەستەنبۆل کەوتە ڕێ. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران و لە ساڵی ١٩٢١دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خۆی کە ناوی «قرن بیستم» (سەدەی بیستەم)ی لێ نابوو، لە چاپ دا. وێڕای بڵاوکردنەوەی گوتارە ئاگرینەکانی لە بواری ڕەخنەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەی بە شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی و هاوڕێیانی دەنەخشاند. لەوانە شیعری «افسانە»ی نیما یوشیج بوو کە بەشێکی وەکو سەرەتای تێڕوانینێکی تازە لە هونەری شیعر، بۆ یەکەم جار لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرایەوە.

کۆی نووسینەکانی عیشقی لە دووبەشی شیعر و پەخشان پێک دێت. پەخشانەکان بریتین لە کۆمەڵێ گوتاری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕەخنە ئامێزی دژ بە دەسەڵات و شێوازی بەڕیوەبردنی دەوڵەت لەلایەن دوا شایەکانی قاجار و ڕەزاشای پەهلەوی. چەند پیەسێکی شانۆیی بە شیعر و پەخشان نووسیوەتەوە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەر لەو کەشوهەوایەدان. شیعرەکانیشی دوو بەشن. هەندێکیان لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە کلاسیکن و هەندێکی تریش دەچنە نێو خانەی - وەکو خۆی ناویان لێ دەنێت- «ئەدەبی تازە»وە و ناوەڕۆکیان بە گشتی لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی دەرناچێت. هەر بەهۆی ئەم ڕەخنانەش بوو کە لە لوتکەی گەنجێتی لە ساڵی ١٩٢٤ و لە ماڵی خۆی بەدەستی پیاوکوژانی دەسەڵات تیرۆرکرا.

جا ئەو تازەییە چی بووە کە عیشقی بەشێکی بەرهەمەکەی پێ ناوزەد کردووە؟

### تازەگەری لە بەرهەمی عیشقیدا

عیشقی-ش وەکو هەندێ لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی هەستی بەو ڕاستییە کردبوو کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەستێک بەسەر یاسا و ڕێساکانی داڕشتنی شیعری فارسیدا بکێشرێت و هەوڵی تازەکردنەوەی بدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دژی لاسایی کردنەوەی بێ قەیدومەرجی شیعری ئەوروپی بوو. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت کە لە ڕووی تەکنیکەکانی هۆنینەوەی شیعری و لەچاو هاوتاکانی، لە تازەگەرییەکەیدا ڕەفتارێکی پارێزکارانەی نواند و جگە لە یەک دوو سەرپێچی بچووک لە یاسا کۆنەکان، بەرهەمەکەی ئەنجامێکی وەرچەرخێنەری لێ نەکەوتەوە.

لە هەندێ شوێنی دەگمەنی سەرروای شیعرەکانیدا، ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە لە ڕووی درکاندن و بیستنەوە لەیەک دەچن، بەڵام لە ڕووی شێوازی نووسینەوە جیاوازن (سەروا بۆ گوێ لەجیاتی سەروا بۆ چاو). وەک دوو وشەی «گنە» (گوناه) و «قدح» (٨) لەم نموونەیەی خوارەدا:

**نظام السلطنه، سر خط از دو پادشه دارد**
**که اینسان مرد و مردانه سر از بهر کله دارد**
**خداوند این نگهدارنده ما را نگهدارد**
**گذشت انگه که میگفتند: می خوردن گنه دارد**
**بزن جامی بجام من چه خوش چوئی قدح دارد** (٩)

....

تازەیی شیعرەکانی لە ڕووی کێشەوە لە تێکەڵکردنی کێشەکاندا خۆی دەنوێنێت کە لە چەند دانەیەکی شیعرەکەیدا بەدی دەکرێت. وەکو لە شیعری «در نکوهش روزگار»دا:

**از عدم آوردەاند و می برندم در عدم**
**زندگی راه مزارست، از رحم در هر قدم**
**اندرین ره فتنه است و شور و شر و هم و غم**
**کاش میدانستمی این نکته را اندر رحم**
**تا که میکردم رحم بر خود مزار**
**روزگار، ای روزگار**(١٠)

ئەمە یەکێکە لە کۆی هەشت کۆپلەکەی شیعرەکە. دێری یەکەم تا چوارەمی بە کێشی ڕەمەڵی (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلون) و دێری پێنجەمی بە کێشی (فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلان) و هی کۆتاییش بە (فاعیلاتون فاعیلان) نووسراونەتەوە. هەمان سیستەم لە کۆپلەکانی تردا دووبارە دەبێتەوە. دیارە مەبەستمان لە تێکەڵاوی کێشەکان لێرەدا جیاوازی ژمارەی هەنگاوەکانە نەک هی جۆریان لە دەریایەکەوە بۆ دەریایەکی تر. نیمایوشیج پێی وایە ئەم دیاردەیە لە ئازادی کلاسیکی

شیعری ئەورووپی دەچێت و عیشقی لەم ڕووەوە خاوەن پرەنسیپ و بیرۆکەیەکی دیار نییە.(١١)

سەرنجڕاکێشتر لە کێش و سەروا لە بەرهەمی عیشقیدا لەوانەیە نووسینی «ئۆپێرا» و «ئۆپەرێت» بێت کە لەگەڵ پیەسە شانۆییەکانیدا دەچنە نێو خانەی بەرهەمە درامییەکانیەوە. عیشقی شەیدای هونەری درامی و شانۆ بوو. نووسینە درامییەکانیشی جۆراوجۆرن. «جمشید ناکام» تاکە دەقی شانۆیی عیشقییە کە تەواو بە پەخشان نووسرابێت (١٢) و لە ڕووی جۆری ئەدەبییەوە لە ئەدەبی فارسیدا تازە نییە. لە ئێران هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و لە ژێر کاریگەری دەقە درامییەکانی فەرەنسی بەتایبەتی بەرهەمەکانی مۆلیێر، شانۆ وەکو ژانرێکی ئەدەبی (بە مانا ڕۆژئاواییەکەی)، سەرەتا بە وەرگێڕان و پاشانیش بە داهێنانی بەرهەمی هاوشێوە، پەیدابوو و پەرەی سەند (١٣).

«ایدەآل» و «کفن سیاە» دوو شیعرن کە عیشقی لە نووسینیاندا سوودی لە دیالۆگ (وەکو ڕەگەزێکی ژانری درامی) وەرگرتووە (١٤). «حلواء الفقرا» بەیەک پەردە و «بچە گدا و دکتر نیکوکار» بە دوو پەردە (کە لەلایەن خودی شاعیرەوە بە ئۆپەرێت ناوزەد کراوە)، دوو دەقی شانۆیین کە هەندێ دێری شیعریان تێدا بەدی دەکرێت؛ بەڵام لە گفتوگۆکانیدا بە گشتی لایەنی پەخشان زاڵە (١٥). لەوانەیە بەرچاوترین و بەناوبانگترینیان ئۆپێرای «رستاخیز شهریاران ایران» بێت کە عیشقی لە ساڵی ١٩١٥ و پاش ئاشنایەتی لەگەڵ «ئۆپێرا»ی تورکی لە ئەستەنبوڵ، بۆ نمایشی شانۆیی نووسیویەتی (١٦). خودی عیشقی لەبارەیەوە لە ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٢١ی ڕۆژنامەی «قرن بیستم»ی خۆیدا دەڵێت: «لە ئەستەنبوڵ نووسەرە گەورەکانی عوسمانی بەردەوام پێیان دەوتم: زۆر سەیرە ئێران کە لە سەرچاوەکانی ئەدەبی جیهانە، ئۆپێرای نییە! ئەو قسانە لە ئەنجامدا هەست و زەوقە هەژارەکەمیان خستە ژێر ئەرکی ئامادەکردنی ئۆپێرایەک بە زمانی فارسی. (١٧)» ئەم ئۆپێرایە کە لە لێکدانەوەی کۆمەڵێ غەزەل و مەسنەوی پێک هاتووە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەربڕینی غەم و پەژارەی شاعیرە بەرانبەر بە لەناوچوونی دەسەڵاتی پاشا ئێرانییەکانی سەردەمی پێش ئیسلام. ئۆپێراکە پاش گەڕانەوەی نووسەر بۆ ئێران پێنج جار لە ئیسفەهان و جارێکیش لە تاران نمایش کرا و بووە جێی سەرنجی ئامادەبووان (١٨). عیشقی لەژێر ناونیشانی ئۆپێراکەیدا جەخت لە



**گۆران**

سەر پێشڕەوبوونی خۆی لە نووسینی ئەم ژانرە بە فارسی دەکات و دەڵێت:

«ئەم هۆنراوەیە، یەکەم دەقی شانۆیی هۆنراوە (ئۆپێرا)یە کە بە زمانی فارسی نووسراوە و نمایش کراوە.»

ئێستا با بزانین لەم تایبەتمەندییانەی بەرهەمی عیشقی کامەیان جێی سەرنج و بایەخی گۆران بووە و شوێن پەنجەی کاریگەری خۆی لە بەرهەمی گۆراندا جێ هێشتووە؟

## گۆران و عیشقی
### کاریگەری ناوەڕۆکی شیعری

وەکو گوتمان دەقی «داستانی مەسنەوی سیاسی هەیاسی و کاکە عابیدین» وەرگێڕاوی مەسنەوییەکی عیشقی-یە بە ناونیشانی لاوەکی (مثنوی سیاسی، یا داستان کاکا عابدین و یاسی) (١٩). ناونیشانی سەرەکی ئەم شیعرە لای عیشقی «جمهوری سوار و تفصیل جناب جمبول»ە. ئەم مەسنەوییە یەکەم بەرهەمی کۆی ئەم شیعرانەیە کە لە لایەن عیشقییەوە و لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا بۆ ڕەخنەگرتن لە خوازیارانی سیستەمی کۆماری و پاڵپشتە بیانییەکانی لە ژێر ناونیشانی «جمهوری نامە» و لە دوا ژمارەی ڕۆژنامەکەیدا چاپ کراون. عیشقی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو ئێرانەی لە دەست نەخوێندەواری، نەخۆشی، دواکەوتوویی و بێ سامانیدا دەناڵێنێت، جارێ هیچ

پێویستی بە سیستەمی کۆماری نییە و ئەوە دوژمنانی ئێرانن کە دەیانەوێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەم سیستەمە بەسەر گەلی ئێراندا بسەپێنن. ئەم بیروباوەڕە جەوهەر و هەوێنی کۆمەڵە شیعری ڕەخنەیی «جمهوری نامە» بوو کە بووە هۆی کوژرانی خاوەنەکەی.

ئەم مەسنەوییە دوو بەشە. بەشی یەکەمی بریتییە لە داستانی (کاکا عابدین و یاسی). بەگوێرەی داستانەکە «کاکا عابدین» لە گوندێکی کوردستاندا بە ناوی «قاسم آباد» کوێخا بووە و لە ماڵی خۆیدا دۆشاوی لەناو کووپەیەکدا کۆ دەکردەوە. «یاسی» (٢٠) ناوێک کە مرۆڤێکی خراپ و دراوسێی کوێخا بووە، لە هەبوونی دۆشاو لە ماڵی کوێخادا ئاگادار دەبێت و هەر ڕۆژ پاش دەرچوونی کوێخا لە ماڵەکەی، بە دزی خۆی دەخزێنێتە ناو ماڵەکە و لە دۆشاوەکە دەخواتەوە. بە کەمبوونی دۆشاو، کوێخا لە دزییەکە بە خەبەر دێت و بەدوای شوێن پێی دزەکە دەچێت تا دەگاتە ماڵی «یاسی». بانگی دەکات و بە دزی دۆشاو تۆمەتباری دەکات. «یاسی» کە دەزانێت ئیتر بوار بۆ پاساو هێنانەوە و بەرپەچدانەوە نەماوە، لێی دەپاڕێتەوە و داوای لێ دەکات ئەم جارە بیبەخشێت و سوێند دەخوات چی دیکە بە شوێن دزی دۆشاودا نەکەوێت، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک کە کوێخا لە ماڵی خۆی دەردەچێت، «یاسی» جارێکی دیکە هەوەسی دزی دۆشاو دەکات و ئەم جارە بۆ نەهێشتنی شوێن پێی خۆی، سواری کەری دەبێت. کوێخا کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و کووپەی دۆشاوەکەی بە ڤالایی دەدۆزێتەوە، یەکسەر بەدوای شوێن پێی دزەکەدا دەگەڕێت، بەڵام لەجیاتی شوێن پێ، شوێنی سمی کەر دەدۆزێتەوە. بە سەرسوڕماوی و پەنجە بەددەم لە خۆی دەپرسێت: ئەگەر دزەکە کەر بێ، کەر کەی پەنجەی هەیە بتوانێ دۆشاوی پێ بخواتەوە؟ خۆ ئەگەر «یاسی» دز بێ، جا «یاسی» سمی لە کوێ بوو؟

شاعیر لە بەشی دووەمی مەسنەوییەکەدا باسی هۆی هۆنینەوەی شیعرەکە دەکات و ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە کە «یاسی» وێنەی «حەزرەتی جەمبول» یان «ئینگلیز»ە کە لە ژێر پەردەی «بە کۆماری کردنی وڵات»دا بە تەمای بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانیەتی (٢١). ئەم بەشە هەندێ وردەکاری ڕامیاری ئێرانی ئەو کاتەی تێدایە کە بەکەڵکی گۆران نەهاتوون و لای بردوون. بۆیە دەقی وەرگێڕاوی بەشی دووەمی شیعرەکە لە دەقە فارسییەکەی زۆر کورتترە. (٢٢) کێشی کوردیش کەشوهەوا کوردانەکەی وەرگێڕانەکەی بەهێزتر کردووە.

عیشقی شیعرەکەی بەکێشی عەرووزی ڕەمەڵ هۆنیوەتەوە:

**کدخدایی بود کاکا عابدین**
**سرپرست مردم آن سرزمین**

فاعیلاتون فاعیلاتون فاعیلان
بەڵام گۆران کێشی خۆماڵی ٥+٥ی بەکارهێناوە.

**لە کوردستانا،/ لە قاسم ئاوا**
**کاکە عابدین/ ناوێک بوو کوێخا**

گۆران شاعیرێکی پێگیر بووەو دیوانی شیعرەکانی پڕە لە شیعری ڕامیاری. کاریگەری ئەم شیعرە لەگۆران تەنیا لە ڕووی ناوەڕۆکە سیاسییەکەیەوە بووەو لە ڕووی تەکنیکی شیعرییەوە شتی تازەی پێ نەبووە کە گۆران پێی کاریگەر بێت. کاریگەری تەکنیکی بەرهەمی عیشقی لە گۆران خۆی لە پەیدابوونی ژانرێکی نوێی ئەدەبیدا دەنوێنێت.

## بیرۆکەی درامی شیعری

لە وتەکانی خودی گۆران دیارە کە خۆی بەرهەمی عیشقی بینیوە و خوێندوویەتی: «عەشقی کوللیاتی شیعر و پەخشانی چاپکراوی لە سەرانسەری ئیراندا برەوێکی نەمری هەیە...» (٢٣) ئاگاداری تایبەتمەندییە تازەکانی بەرهەمی عیشقی بووە. هەر بۆیە پێشتر دەڵێت: «(عیشقی) شاعیرێکی بەهرەدار و نیشتمانپەروەری ئێران بوو، لە تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبی ئێراندا دەستێکی بەرزی بوو،....» لێرەدا گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە گۆران لەم ڕستەیەیدا تەنیا باس لە «شیعر»ی ئیرانی ناکات؛ بەڵکو دوو زاراوەی «شیعر» و «ئەدەب» بە جیا بەکاردێنێت. دیارە گۆران- یش وەکو خودی عیشقی- پێی وابووە کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تری عیشقیشدا کە لە ڕووی جۆرەوە «شیعر»یان پێ نەوتراوە، تازەگەری هەیە. ئێمە لە سەرەتای باسەکەماندا کاتێ لە «تازەگەری لە بەرهەمی عیشقیدا» دواین، بەکورتی ئەو هەنگاوە شیعری و ئەدەبیانەمان خستە ڕوو کە کاتی خۆی ڕەنگ و ڕوویەکی تازەیان دەبەخشییە بەرهەمی عیشقی. ئەوەی پێوەندی بە

شـیـعـرەوە هەبوو بێت، بریتی بوو لەلادانی جـوزئی لە هەندێ یاسـای کـێش و سـەروا، بەڵام ئەوە دەزانین کـە گـۆران لەم ڕووەوە پێـشـتـر سـەرنجی دابووەوە شـیـعـری تورکی و دیارە زیاتر ناوەرۆکی ڕامـیـاری شـیـعـرەکـانی عـیـشـقی سـەرنجی گـۆرانی ڕاکـێـشـاوە تاوەکـو ئاسـتـە تەکنیکییەکەیان.

وەرگـێـڕانی «مـەسنەوی سـیـاسی هەیاسی و کـاکـە عـابدین» بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاسـتـیـیـە، بەڵام تازەگـەری ڕاستەقینەی بەرهەمی عشقی خۆی لە ئۆپێرای «رستاخیز شـهریاران ایران»دا دەنواند. بابزانین گـۆران لە پێـشـەکی وەرگێڕانەکەیدا لەم بارەیەوە چیمان پێ دەڵێت: «عەشقی کوللییاتی شیعر و پەخشانی چاپکراوی لەسەرانسەری ئێراندا برەوێکی نەمری هەیە، بەم بۆنەیەوە بێ جێ نییە بخـەینەوە بیـر کـە ئەو گـۆرانیـیـەی بە هاوکـاری خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و شاعیری تەڕو پاراو (م. نووری)ی سلێـمـانی پێک هات: «ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین» ئاوازەکەی لەسەر پارچەیەک لە ئۆپێرای (رستـاخیز شـهریاران ایران) دانراوە کە هی خاوەنی تەرجومە عەشقی-یە. پارچەکە ئەمەیە: «دیشب کەمرا وضع وطن در نظر آمد دیدم کە زنی باکفن از قبر در آمد» تاد(٢٤)...» لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گۆران بە دوو هۆوە ئاگای لە ئۆپێراکەی عیشقی هەبووە. یەکـێـکـیـان بەهۆی گـۆرانیـیـەکـەوە کـە ئاوازەکـەی لە پارچەیەکی ئۆپێرای عیشقییەوە وەرگیراوە و ئەوی تریان بەهۆی کوللییـاتی شیعر و پەخشـانی عیـشـقی کە دەقی تەواوی ئۆپێـراکـە دەگرێـتـەوە خـۆی؛ هەر لەوێوە گـۆران دێری یەکـەمی ئۆپێـراکـەمـان بۆ دەخـاتە ڕوو. بۆیە زۆر ئەسـتـەمـە کە ئاگای لە تازەیی «ئۆپێـرا» وەکـو ژانرێکی ئەدەبی نوێ لە ئەدەبی فـارسـیـدا (بە گـوێرەی خـودی عـیشقی) نەبووبێت. پێمان وایە ئەم ئاشنایەتییە لەگەڵ «کوللیاتی» عیشقی بەگشتی و نووسینە دراميیەکانی بەتایبـەتی ئیلهـام دەری گـۆران بوونە لە نووسـینی ئەو تێکـسـتـانەی کـە لەبەرهەمی گـۆراندا لە «کـۆمـەڵەی شەشەم: ئۆپەرێت» و «کۆمەڵەی حەوتەم: پیەس لە یەک پەردەی کورتا» کـۆکراونەتەوە. (٢٥) مێـژووی نووسـینی دەقەکانیش پاڵپشتی ئەم بۆچوونەمان دەکات. مەسنەوی سیاسی «داستانی هەیاسی و کاکە عابدین»ی گۆران بە پێشـەکـییـەکەیەوە لە سـاڵی ١٩٥٣ نووسراوەتەوە، کە دەکرێ بە مێـژووی ئاشنایەتی گۆران لەگـەڵ «کـوللیـاتی عـیـشـقی»ش بژمـێردرێت. هەمـوو دەقـەکـانی دوو بەشی شەشـەم و حـەوتـەمی بەرهەمی گـۆرانیش یان لە هەمـان سـاڵدا، یان دواتر نووسـراون و هیچ کـامـیـان بۆ سـاڵانی پێش ١٩٥٣ ناگەڕێتەوە:

ساڵی ١٩٥٣:

ئۆپەرێت: ئەنجامی یاران (ل٣٤٧- ٣٥١)؛

پیەس لە یەک پەردەی کورتدا: دوشـمنـمـان مێـشـوولە (ل٣٦٣)، شـیـوەنی دارسـتـان (ل٣٦٤)، مـاسـتـاو... (ل٣٦٥- ٣٦٧)، ولاتی ئاوا (٣٦٨)، جـۆقی یۆنسـکۆ (ل٣٦٩- ٣٧٢)، موحاکەمەی مام چەوەندەر (ل٣٧٣- ٣٧٤)، نق و جق (ل٣٧٥- ٣٧٧)، خـۆزگـەی هەژار (ل٣٧٨).

ساڵی ١٩٥٩:

ئۆپێرا: ئەنجامی ئەژدەهاک (ل٣٥٢- ٣٥٩)

دیارە کـاریگـەرییـەکـە سـەرەتا خـۆی لە نووسـینی ئۆپەرێت، یان پیـەسی یەک پەردەییـدا دەنوێنێت، بەڵام چەند ساڵ دواتر گۆران وەکو عیشقی، ئارەزووی نووسینی ئۆپێرایەک دەکات بە زمانی کوردی بۆ ئەوەی لەسەر دەپی شانۆ نمایش بکرێت. خۆی لەبارەیەوە دەڵێت: «یەک دوو هەفـتە پێش جەژنی نەورۆزی ئەمسـاڵ (١٩٥٩) لەگـەڵ هونەرمەندی بەهرەدار کاک (قادر دیلان) بڕیارمان دا کە پێکەوە تەقـەللا بدەین بۆ بەرهەم هێنانی پارچەیەکی هونەری بۆ ئەوەی لە جەژنی باسکراودا پێشکەشی گەلی شارە خۆشەویستەکەمانی بکەین. بەری تەقەللای من لەم پێناوەدا بیرکردنەوە بوو لە دانانی ئۆپێرایەک کە ئەمەی لای خوارەوە یەکەم پەردەیەتی.» (٢٦) لێرەدا مەبەست لە «ئەنجامی ئەژدەهاک»ە، بەڵام دیارە بەخت یاوەری نەبووە و نەیتوانیوە وەکو عیشقی خەونەکەی بێنێتە دی: «لەبەر کەم و کوری ئەوکاتەی بەدەستمانەوە بوو، بڕیارمان دابوو کـە ئەو بۆ ئەم پەردەیە دەست بکات بە دانانی ئاوازە و پراوەکردن لەگەڵ تیپی ئاوازەو تیپی تەمسیل تا من لە دانانی پەردەی دووەم ئەبمەوە، وە بەم جـــۆرە بڕۆین تا ئۆپێراکە ئەگاتە ئەنجام، بەڵام داخەکەم کاک قادر بۆی نەکرا بەڵێنەکەی بێنێتە جێ. ئەمە بوو بەهۆی ساردبوونی منیش، وە بەم ڕەنگە دەستم لە پرۆژە هەڵگرت.» (٢٧)

دیاردەیەکی تەکنیکی کە خۆی لە دەقـە درامیـیـەکـانی گـۆراندا بەدیار دەخـات، زیاتر جـەخت لە بوونی ئەم کاریگەرییە دەکاتەوە.

## لەت کردنی دێڕی شیعری
## بە گوێرەی پێویستی دیالۆگ

پێشتر بە کورتی ئاماژەمان بە شیعری «افسانە»ی نیما یوشیج دا کە بەشێکی لە ساڵی ١٩٢٢ لە ڕۆژنامەی «قرن بیستم»ی عیشقیدا بۆ یەکەم جار چاپ بوو. دواتر لە ساڵی ١٩٢٤ عیشقی یەکەم بەرهەمی (بە وتەی خۆی) تازەی بە ناونیشانی «ایده آل» لە ڕۆژنامەی «شفق سرخ»ی عەلی دەشتیدا لە چاپ دا. خۆی لە پێشەکی شیعرەکەیدا لە بارەی تازەیی شیعرەکەوە دەڵێت: «من پێم وایە لەوەی هاوچەرخان بۆ شۆڕشێ لە شیعری زمانی فارسیدا کردوویانە، تا ئێستا ئەنجامێکی ویستراو بەدەست نەهاتووە، هەروەها پێم وایە لە تابلۆی یەکەم و دووەمی ئەم هۆنراوەیەدا، شاعیر لە بەدەیهێنانی شێوازێکی نوێ و خوازراو لە شیعری زمانی فارسیدا سەرکەوتوو بووە.» (٢٨) لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ باس لە سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانە دەکات کە پێش خۆی لە لایەن هاوتاکانی دراون، دان بەوەدا دەنێت: «کە سوودم لە ئەزموونەکانیان وەرگرتووە و هەرچی شتی باشم لێیانەوە بینیبێت، پێڕەوم کردووە و هەر خەوشێکیشم بینیبێت، خۆم لێی دوور خستۆتەوە... مەبەستم ئەوەیە کە ئەم سێ تابلۆیە (ایدەآل) باشترین نموونەی شۆڕشی شیعرین لەم سەردەمەدا...» (٢٩) عیشقی وردەکارییەکانی ئەم هەنگاوەمان بۆ باس ناکات و ناڵێت تازەیی شێوازە شیعرییەکەی لە چیدا بەرجەستە دەبێت. نیما لەلای خۆیەوە لە نامەیەکیدا بۆ «مفتاح» ناوێک لە بارەی ئەم شیعرەی عیشقییەوە دەڵێت: «یەکەم جار کە «افسانە»ی خۆم دایە ڕۆژنامەی گەنجێکی بەناوبانگ، شیعرەکەی بەدەستییەوە گرتبوو و بیری دەکردەوە، بەڵام تێدەگەیشت. پێی وتم: ڕێچکەیەکی چاکت دۆزیوەتەوە. دواتر «ایدەآل»ی خۆی نووسی و بۆی خوێندمەوە. ئەمەش نزیک بوو لە بەرهەمەکانی من...» (٣٠) دیارە نیماش باسی وردەکارییەکانی ئەم نزیکایەتییە ناکات، بەڵام بە خوێندنەوەی پێشەکی «افسانە» و بەراوردی شیعرەکان، خاڵێکی گرنگی لێکچوونیان بەدی دەکرێت. نیما لە پێشەکی شیعرەکەیدا کە لە شێوەی نامە ئاراستەی عیشقی کردووە، دەڵێت: «ئەم قاڵبە کە «افسانە»ی من تێیدا شوێنی گرتۆتەوە، شێوازی دیالۆگێکی سروشتی و ئازاد پیشان دەدات، لەوانەیە بۆ یەکەم جار جێی پەسەندی تۆ نەبێت... بە باوەڕی من لەم ڕووەوە ئەم قاڵبە دەتوانێ تایبەت بێ بە دراماکان و باشترین ساختمانە بۆ ڕەوانکردنی دراماکان. هەروەک چۆن جۆرەکانی تری شیعری، هەر یەکەو ناوێکی هەیە، منیش دەتوانم «افسانە»ی خۆم ناوی «درام»ی لێ بنێم و وابزانم لەوە باشتر ناوێکی تر نەبوو. لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەمە قاڵبێکە کە پێیەوە دەکرێ بەشێوەیەکی باش شانۆ دابنرێت...» (٣١) ئەو فاکتەرەی بە زەقی سیمایەکی درامی دەبەخشێتە «افسانە»ی نیما، دیالۆگە، بەڵام دیالۆگ لە شیعری کلاسیکیشدا هەبووە. لێرەدا نیما جەخت لە ئازاد و سروشتی بوونی دیالۆگ دەکات و ئەمە خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان دیالۆگی شیعری نیما و دیالۆگی شیعری کۆن.

ناوەڕۆکی «افسانە» دیالۆگێکە لە نێوان دڵدار «عاشق» و خۆشەویستەکەی «افسانە». شیعرەکە بریتییە لە تەرکیب بەندێکی پێنجینەیی (مخمس) بە کێشی موتەدارک و ئەمەش یەکێکە لە کۆپلەکانی:

**می توانستی ای دل، رهیدن**
**گر نخوردی فریب زمانه**
**آنچه دیدی، ز خود دیدی و بس**
**هر دمی یک ره و یک بهانه،**
**تاتو- ای مست!- با من ستیزی، (٣٢)**
**فاعیلون فاعیلون فاعیلون فەع**

وەکو دیارە دێڕەکان بە سەرواى- انه - پێکەوە بەستراون. دێڕی بەندیش (دێڕی پێنجەم) بەبێ سەروایە. بە درێژیی شیعرەکە دیالۆگەکان بەسەر «افسانە» و «عاشق»دا دابەش کراون و زۆربەی جاران لە ڕووی ژمارەی دێڕەوە قەوارەیەکی یەکسانیان نییە:

**افسانه: «من در این لحظه از راه پنهان**
**نقش می بستم از او برآبی.»**
**عاشق: «آه! من بوسه می دادم از دور**
**بر رخ او به خوبی- چه خوابی!**
**با چه تصویرهای فسونگر!(٣٣)**

دیارە هەر لە کۆنەوە وا باو بووە کە لە شیعردا قسەی هەر ئاخاوتنکەرێک لە سەرەتای دێڕێکدا دەست پێبکات و کۆتایی قسەکەی لە کۆتایی هەمان دێڕ، یان هی دێڕێکی تر بێت. بەرجەستە ترین ئازادی دیالۆگ لە

شیعری «افسانە»دا ئەوەیە کە هەندێ جار قسەکەر بۆی هەیە بە گوێرەی پێداویستی دیالۆگ ئاخاوتنەکەی بە پێچەوانەی نەریتە کۆنەکان لە ناوەوەی دێرەکەدا تەواو بکات و ناچار نییە چاوەڕێی کۆتایی دێرەکە بکات.
بۆیە قسەکەری تریش هەر لە وێوە واتا لە ناوەوەی دێرەکەوە بەردەوامی دەداتە دیالۆگەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی لەت کردنی دێری شیعری لە نێوان دوو قسەکەرەکە. بەم شێوەیە:

**افسانە: «من بر آن موج آشفتە دیدم**
**یکە تازی سراسیمە.»**
**عاشق: «اما**
**من سوی گلعذاری رسیدم**
**درهمش گیسوان چون معما (٣٤)**

باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە لەتەکان لە ڕووی کێش و سەرواوە سەربەخۆ نین، بەڵکو یەک دێر پێک دێنن و تەواوکەری یەکترین. لەم نموونەیەدا دێری دووەم کە بەردەوام قسەیەکی «افسانە»یە و بە کێشی (فاعیلون فاعیلون فاعیـ) هۆنراوەتەوە، بە قسەی عاشق بڕاوە و (اما)ی سەرەتای وەڵامەکەی کە لە ڕووی کێشەوە (لون فەع)ە، تەواوکەریەتی. واتا ئەگەر لەتەکان لە تەنیشتی یەکتر دابنێین، دێرێکی هاوشێوەی دێرە ساغەکانی تری کۆپلەکەی لێ دەردەچێت. بەم شێوەیە:

**من بر آن موج آشفتە دیدم**
**یکە تازی سراسیمە.» «اما**
**من سوی گلعذاری رسیدم**
**درهمش گیسوان چون معما**

ئاوهاش کێشی دێری دووەم بریتی دەبێت لە: (فاعیلون فاعیلون فاعیـ» «لون فەع).
ئەمەش هەمان کێشی دێرە تەواوەکانی تری شیعرەکە واتا (فاعیلون فاعیلون فاعیلون فەع)ە. دیارە شاعیر بە بەسەروا کردنی (اما) لەگەڵ (معما)دا وا پیشان دەدات کە وشەی (اما) لە ڕووی کێش و سەرواوە سەربەخۆ نییە و بە لەتی یەکەمەوە بەندە. بە هەمان شێوە لە نموونەی خوارەوەدا:

**افسانە: «کە زنو قطرە ای چند ریزی؟**
**بینوا عاشقا!»**
**عاشق: «گر نریزم**
**دل چگونە تواند رهیدن؟**
**چون توانم کە دلشاد خیزم (٣٥)**
**......**

دیسان دێری دووەمی ئەم دیالۆگە بە هۆی تەواو بوونی قسەی «افسانە» لە ناوەوە لەت کراوە. (فاعیلون فاعیلون) کێشی بەشی یەکەمی دێرەکە (بینوا عاشقا)یەو (فاعیلون فەع)یش کێشی لەتی دووەمی دێرەکە (گر نریزم) و ئەگەر پێکەوە نووسرابانەتەوە، کۆپلەکە ئاوها دەردەچوو:

**«کە زنو قطرەای چند ریزی؟**
**بینوا عاشقا!» «گر نریزم**
**دل چگونە تواند رهیدن؟**
**چون توانم کە دلشاد خیزم**

(فاعیلون فاعیلون/ فاعیلون فەع) کێشی لەتە لێکدراوەکانە کە هەمدیسان لەگەڵ کێشی دێرە ساغەکانی شیعرەکە یەکسانە. بۆ نیما ئەم جۆرە دیالۆگە بە «ئازاد و سروشتی» وەسف دەکات؟ بنەمای کاری نیما سروشتی گفتگۆی ئاسایی نێوان دووکەسە. کاتێ دوو کەس لە نێوان خۆیاندا گفتگۆ دەکەن، ئازادن لەوەی وتەکانیان بە گوێرەی پێویستی مەبەستیان کورت و درێژ بکەن و جگە لە پێویستی پەیامی قسەکەر، هیچ سنوورێکی دەستکرد نییە بۆ قەوارەکردنی کورت و درێژی قسەکان. قسەکەر بۆی هەیە لەو شوێنەی پێی خۆشە و ئامانجی قسەکەی هاتۆتە کایەوە بوەستێت، بەڵام لە شیعری کۆندا بە پێچەوانەوە قەوارەیەکی دیاریکراو هەبوو بۆ ڕادەی قسەکە. ئەویش سنووری نیوەدێر، یان دێر بوو و لە دیالۆگێکی شیعری کلاسیکدا قسەکان لە سەرەتای دێر، یان نیوەدێرێک دەستیان پێ دەکرد و لە کۆتایی هەمان یەکەی شیعری، یان یەکێکی تردا تەواو دەبوون. بە گوێرەی نیما گفتگۆی ئازاد و سروشتی لە شیعردا ئەو گفتگۆیەیە کە بۆی هەبێت لەو شوێنەی پێی باشە بوەستێت؛ جا با ناوەڕاستی دێریش بێت. (٣٦)
ئەمە لایەنی هەرە دیاری ئەو ئازادییەیە کە نیما لە پێشەکی «افسانە»دا باسی دەکات. هەر هەمان دیاردە لە «ایدەآل»ی عیشقیدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم بەرهەمە لە سێ تابلۆ پێک هاتووە و هەر تابلۆیەک بریتییە لە

تەرکیب بەندێکی پێنجینەیی و هەموو تابلۆکان سەرانسەر بە کێشی موجتەس هۆنراونەتەوە. ئەمەش یەکێکە لە دێرەکانی تابلۆی یەکەم:

**چو آفتاب پس کوهسار، پنهان شد**
**ز شرق از پس اشجار مه نمایان شد(٣٧)**
موفاعیلون فەعیلاتون موفاعیلون فەع لون

لە هەمان تابلۆدا دیالۆگێک لە نێوان گەنجێک (جوان) و خۆشەویستەکەی (مریم) ڕوو دەدات و دیالۆگەکان هەندێ جار دێرەکان لەت دەکەن. بۆ نموونە:

**(جوان): سلام مریم مهپاره**
**(مریم): کیست ایوائی!**
**(جوان): منم نترس عزیز، از چه وقت اینجایی؟**
**(مریم): تویی عزیز دلم، به چه دیر می آیی (٣٨)**

دیارە دێری یەکەم بە گوێرەی پێویستی دیالۆگ لەت کراوەتەوە و کێشی لەتی یەکەم (سلام مریم مهپاره) بریتییە لە (موفاعیلون فەعیلاتون مو) و کێشی لەتی دووەم واتا (کیست ایوائی!)، (فاعیلون فەع لون)ە و تەواوکەری کێشی لەتی یەکەمە. بەم شێوەیە:

**سلام مریم مهپاره/ کیست ایوائی**
**منم نترس عزیز، از چه وقت اینجایی؟**
موفاعیلون فەعیلاتون مو/ فاعیلون فەع لون

دیارە نیما بە هەڵەدا نەچووە کاتێ باسی نزیکایەتی نێوان «افسانە»ی خۆی و «ایدەآل»ی عیشقی دەکات. ئەم جۆرەی ڕێکخستنی دیالۆگەکان باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاستییە.

جا بۆچی ئێمە ئەم ڕوونکردنەوە دووروودرێژەمان خستەڕوو؟ لەبەر ئەوەی هەمان دیاردە لە شیعرە درامییەکانی (گۆران)دا دەبینرێت و ئەمەش بەڵگەیەکی تری کاریگەری بەرهەمی عیشقییە لە نووسینە درامییەکانی (گۆران)دا.

دەقی پیەسی «نق و جق» دیالۆگێکی شیعرییە لە نێوان چوار کەسایەتی (هەژار، نق، جق و سەرەک). جگە لە ڕێزی یەکەم، دووەم، سێیەم و چوارەم، هەموو دیالۆگەکان بە دێری شیعری و بەکێشی خۆماڵی ٤ + ٤ نووسراون. دێرەکانیش بە سەروای خۆماڵی کوردی، یان سەروای مەسنەوی پێکەوە بەستراون. بەم چەشنە:

**- قوربان، مەئموری نق، کارم،**
**عەرزو حاڵەکەی پێرارم؟**
**- کوڕە، کابرا، نەموت بڕۆ**
**لای جقە عەرزوحاڵی تۆ؟!(٣٩)**

ئەم سیستەمە بەبێ جیاوازی تا کۆتایی پیەسەکە بەردەوام دەبێت. تەنیا دوو دێری یەکەم نەبێ کە بەهۆی دیالۆگەوە لەت کراونەتەوە:

**هەژار:- قوربان کارم..؟**
**نق: - بەدەست جقە.**
**هەژار: - قوربان کارم..؟**
**جق: - بەدەست نقە. (٤٠)**

بە هەمان شێوە ئەگەر ئەم چوار لەتە پێکەوە بنووسرابانەتەوە و بەهۆی دیالۆگەوە جیانەکرابانەتەوە، ئاوها دەردەچوون:

**- قوربان کارم..؟ - بەدەست جقە.**
**- قوربان کارم..؟- بەدەست نقە.**
**- قوربان، مەئموری نق، کارم،**
**عەرزوحاڵەکەی پێرارم؟**

دیارە ئەمەش لە ڕووی کێش و سەرواوە لەگەڵ دێرەکانی تری شیعرەکەدا لە گونجانی تەواودایە. کەواتا هەمان چەمکی دیالۆگی سروشتی لەلایەن (گۆران)ەوە پێڕەو کراوەتەوە. هەمان شت لە ئۆپەرێتی «ئەنجامی یاران»یشدا دەبینرێت. دەقی ئەم ئۆپەرێتە دیالۆگێکی شیعرییە لە نێوان دوو کەسایەتی بەناوەکانی «وەنەوش» و «برزوو». لە دواییشدا کورسی کوڕان و کورسی کچان کۆتایی بە شیعرەکە دێنن. دەقی ئۆپەرێتەکە لە دێرگەلێکی کورت و درێژ پێک دێت و دێرە درێژەکان پێکەوە و دێرە کورتەکانیش پێکەوە دووبەدوو هاوسەروان. بەم شێوەیە:

**برزوو:**
**دایە، پار چەتە بووم، چەتەی نیشتمان a**
**لە شاخ هاتمە خوار b**

**لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان a**
**توش بووم یەکەمجار b**
**بۆم ڕوانی.. بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش c**
**سەرکوڵمی ئاڵ تر کرد زەردەخەنەی گەش! (٤١)c**

هەموو دێرە درێژەکان بە کێشی خۆماڵی (١١) بڕگەیی هۆنراونەتەوە، جگە لە سێ دێری یەکەم کە شەش بڕگەیین، هەموو دێرە کورتەکانی تری شیعرەکە (وەکو لە نموونەی سەرەوەدا) پێنج بڕگەیین، بەڵام کەمێ دواتر، دێرێکی پێنج بڕگەیی بە هۆی پێویستی دیالۆگ لەت کراوەتەوە:

**برزوو:**
**هەی داپیر! دەخیلم، چی یە خەبەرت؟**
**ئارامت بردم!**
**وەنەوش:**
**ڕۆڵەکەم، کەڵکەڵەی مەنیج لە سەرت**
**دەربکە...**
**برزوو:**
**– مردم!**
**بێگومان مەنیجی نازدار مردووە؟**
**وەنەوش:**
**نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردووە؛ (٤٢)**

وەکو دیارە دێری چوارەم بۆ دوو بەشی (دەربکە: سێ بڕگەیی) و (مردم: دوو بڕگەیی) لەت کراوەتەوە و هەردووکیان پێکەوە دێرێکی پێنج بڕگەیی پێک دێنن. بەم چەشنە:

**هەی داپیر! دەخیلم، چی یە خەبەرت؟ a**
**ئارامت بردم! b**
**ڕۆڵەکەم، کەڵکەڵەی مەنیج لە سەرت a**
**دەربکە... – مردم! b**
**بێگومان مەنیجی نازدار مردووە؟ c**
**نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردووە؛ c**

تەنیا لە ئاستی مانا نەبێت، لەتی (مردم) لە ڕووی کێش و سەرواوە سەربەخۆ نییە و بە لەتی پێش خۆی (دەربکە)وە بەندە و پێکەوە دێرێکی پێنج بڕگەیی پێک دێنن کە لەگەڵ دێری پێنج بڕگەیی (ئارامت بردم)دا هاوکێش و هاوسەروایە. واتا ئەگەر لەت کردنەکە نەبوایە، هەمان سیستەمی پێشووی قاڵببەندی (لە ڕووی کێش و سەرواوە) دووبارە دەبووەوە.

**ئەنجام**

بە چاوخشاندنێکی خێرا و ڕووکەشیانە بەسەر بەرهەمی گۆران، وا دەهاتە بەرچاو کە وەرگێڕانی مەسنەوی سیاسی «هەیاسی و کاکە عابدین» تاکە خاڵی کاریگەری بەرهەمی شاعیری ئێرانی عیشقی بێت لە هونەری شیعری (گۆران)دا، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی وردی مێژوویی و بەراوردی دەقەکان، وایان بۆ دەرخستین کە کاریگەرییەکە هەر بە ناوەرۆکی سیاسی مەسنەوییەکە نەوەستاوە، بەڵکو بە ناسینی بەرهەمە درامییەکانی عیشقی، بیرۆکەی نووسینی پیەسی درامی بە شیعر (وەکو ژانرێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا) لای گۆران دروست بووە و تەنانەت لە ڕووی تەکنیکیشەوە سوودی لێ بینیون.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

**(١) عەبدولڕەزاق بیمار، «دانیشتنێک لەگەڵ گۆراندا» *بەیان*، ژ ٢، ١٩٧٠، ل ٣٠.**

**(٢) ئومێد ئاشنا، *گۆران، نووسین و پەخشان و وەرگێڕانەکانی*، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠٢، ل ١٤١.**

**(٣) عەبدوڵڵا گۆران، *دیوانی گۆران*، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، ١٩٨٠، ل٤٨٧– ٤٩٩.**

**(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٤٦٧– ٤٧٣.**

**(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە: ئامر طاهر، *نیما یوشیج و عەبدوڵڵا گۆران، نوێکردنەوە و دابڕان*، دهۆک، سپیرێز، ٢٠٠٦.**

**(٦) عەبدوڵڵا گۆران، (١٩٨٠)، ل ٤٧٩ و ٤٨١.**

**(٧) هەمان سەرچاوە، ل ٤٧٤.**

**(٨) لە فۆنەتیکی عەرەبیدا دەربڕینی دوو کۆنسنانتی «ه» و «ح» یەکسان نییە، بەڵام لە فارسیدا ئەم پیتانە یەک دەنگن و**

هەردووکیان بە [هـ] دەدرکێندرێن: [گونەهـ] [قەدەهـ]. خودی عەشقی لە پێشەکی شیعرەکەدا بە ناونیشانی «نوروزی نامە، روش تازە من در نگارش» ئاماژەی بۆ دەکات. بڕوانە: میرزادە عشقی، *کلیات مصور عشقی*، تالیف و نگارش علی اکبر مشیر سلیمی، تهران،؟، ١٣٤٤/١٩٦٥، ص ٢٦٠.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل ٣١٣

(١١) نیما یوشیج، *ارزش احساسات و پنج مقاله در شعر و نمایش*، Saarbrucken، انتشارات نوید، ١٣٦٨/ ١٩٨٩، ص ٦٦.

(١٢) میرزادە عشقی، (١٣٤٤/١٩٦٥)، ص ١٩٤.

(13) Edward G. Browne, *A Literary History of persia*, vol. IV, Cambridge, Cambridge University press, 1959, p. 458 - 464.

(١٤) میرزادە عشقی، (١٣٤٤/١٩٦٥)، ص ١٧٣و ٢٠١.

(١٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٠ و ٢٤٢.

(١٦) خودی ئۆپێرای تورکیش لەژێر کاریگەریی ئۆپێرای ئیتالی و فەرەنسیدا هاتبووە کایەوە. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ٢٣١

(١٧) محمد قائد، *میرزادە عشقی*، تهران، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، ١٣٧٧/١٩٩٨، ص ٤٧- ٦٤.

(١٨) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(١٩) میرزادە عشقی، (١٣٤٤/ ١٩٦٥)، ص ٢٧٧- ٢٨٠.

(٢٠) گۆران کردوویەتی بە «هەیاسی».

(٢١) هەمان سەچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٢٢) لە مەسنەویی عشقیدا بەشی دووەم لە ٣٣ دێڕی فارسی پێک هاتووە، بەڵام وەرگێڕانەکەی لای گۆران تەنیا ٨ دێڕە.

(٢٣) عەبدوڵڵا گۆران، (١٩٨٠)، ل ٤٧٤.

(٢٤) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٢٥) شایانی وتنە کە ناولێنانی ئەم دوو بەشە لە لایەن خودی گۆرانەوە نەبووە و محەمەدی مەلاکەریم کە بە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانەکەوە خەریک بووە، بەم شێوەیە ناوی لێناون. «ئەنجامی ئەژدەهاک» لە لایەن خودی گۆرانەوە بە ئۆپێرا ناوی لێ براوە و لە پێشەکی «ئەنجامی ئەژدەهاک»دا بە بەشی یەکەمی ئۆپێراکەی ناوزەدی دەکات، بەڵام بەشەکانی تری نەنووسیوەتەوە و لەبەر کورتییەکەی لەلایەن محەمەدی مەلاکەریمەوە هەر بە ئۆپەرێت ناوزەد کراوە. بڕوانە پەراوێزی ل٣٥٢ی هەمان سەرچاوە.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٢٧) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٢٨) میرزادە عشقی، (١٣٤٤/١٩٦٥)، ص١٧١.

(٢٩) هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

(٣٠) نیما یوشیج، *نامەها* ، گردآوری، نسخە برداری و تدوین: سیروس طاهباز، *تهران*، دفترهای زمانە، ١٣٦٨/ ١٩٨٩، ص ٢٦٣.

(٣١) نیما یوشیج، *مجموعە کامل اشعار فارسی و طبری*، گردآوری و تنظیم سیروس طاهباز، چاپ پنجم، *تهران*، انتشارات نگاە، ١٣٨٠/٢٠٠١، ص ٣٧.

(٣٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٩.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

(٣٤) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

(٣٦) شایانی وتنە کە بیرۆکەی لەتکردنی دێڕی شیعری بە گوێرەی دیالۆگ ئەفرێنراوی بەهرەی داهێنانی نیما نییە. نیما زمانی فەرەنسی بە باشی دەزانی و خوێنەرێکی بەردەوامی شیعری فەرەنسی، بەتایبەتی شیعری ڕۆمانتیک بوو. ئەم دیاردەیەش لە بەرهەمی دوو شاعیری ڕۆمانتیکی فەرەنسی «ڤیکتۆر هۆگۆ» و «ئەلفرێد دۆ موسێ» دا بە فراوانی دەبینرێت، هەروەها ئەم هەنگاوە بریتی نییە لە «کێشی ئازاد»ی نیما کە بەهۆیەوە ناوبانگی دەرکردووە. یەکەم نموونەکانی تیۆری «کێشی ئازاد» پاش چەندین ساڵ کۆشش و بیرکردنەوە لە شیعرەکانی «ققنوس» و «غراب»ی نیمادا بەدیارکەوتن. بڕوانە: ئامر طاهر، ٢٠٠٦، ل ٣٣.

(٣٧) میرزادە عشقی، (١٣٤٤/ ١٩٦٥)، ص ١٧٤.

(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٧.

(٣٩) لەبەر ئەوەی نووسینەکانی نێو کەوانە لە دەقی ئۆپەرێتی گۆراندا پێوەندیان بە دەقی شیعرییەوە نییە و پێوەستن بەکاری نواندنی ئەکتەرەکان، ئێمە لە نموونەکانماندا لامان دان. بڕوانە: عەبدوڵڵا گۆران، ١٩٨٠، ل ٣٧٥.

(٤٠) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(٤١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٨.

(٤٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٠.

# بەراوردێک لەنێوان لەیل و مەجنوونی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردیدا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

(١-٢)

چیرۆکی لەیل و مەجنوون جێگای گومانی زۆر لە توێژەرەوەکانە هەندێ دەڵێن ئەم چیرۆکە بوونی نییە، بەڵکو داستانێکی ئەفسانەیی دەستکردە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە چیرۆکەکە لەڕووی هونەرییەوە شێواوە و ناکۆک و زێدەڕۆیی زۆری تێدایە، دیارە سەلماندنی بوونی ئەم چیرۆکە زۆر گرنگ نییە، جا مەجنوون بوونی هەبێ یان نەبێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، کە چیرۆکێکە لەنێو خەڵکدا باوە، بەتایبەتی لەناو عەرەبەکاندا بڵاوبۆتەوە، پاشان بۆ ناو گەلانی تر فارس و هیند و تورک و کورد گواستراوەتەوە، جا ئەو بابەتانەی کە ئەدیبان و مێژوونووسانی ئەدەبی خەریک کردووە، لە زمانی عەرەبی و فارسیدا، چیرۆکی دلداری (قەیس)ی کوڕی مەلووح و مەجنوونی کوڕی عامرە، توێژەرەوەکانی ئەدەب بەیتەکانی مەجنوونیان کۆکردوونەتەوە، دەڵێن گوایە بە دەیان دێرە شیعری بۆ زیادکراوە وەکو بابەتێکی فۆلکلۆری مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەو کارانەی کە مێژوونووسانی ئەدەبی پێوە خەریک کردووە، ئاسۆی مێژووی چیرۆکەکەیە، هەندێ دەڵێن (قەیس و لەیل) لەکاتی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەمەوی ژیاون، تەنانەت خاوەنی کتێبی (النجوم الزاهرة) مردنی قەیس بۆ ساڵی ٦٥ یان ٦٨ ﻫ دەگەڕێنێتەوە، کەچی خاوەنی کتێبی (شذرات الذهب) دەڵێ: مەجنوون لە ساڵی ١٧٠ﻫ کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمەش هەڵەیەکی مێژوویی چێ کردووە. هەندێکی تر پێیانوایە کە قەیس و لەیل دوو کەسایەتی خەیاڵین هیچ بوونێکی مێژوویی ڕاستەقینەیان نییە، بەڵکو ئەم دوو کەسایەتییە لە داهێنانی شاعیرێکی نەناسراوە، کە لە خۆشەویستەکەی بێبەش

بووە، وەکو ڕەمزێک کەسایەتی قەیسی هەڵبژاردووە، تاکو نهێنی خۆشەویستەکەی ئاشکرا نەبێ، بەم جۆرە هەواڵی چیرۆکی قەیس و لەیل وەکو هەواڵی جیاجیا شوێنی لە ئەدەبیاتی عەرەبی کردۆتەوە، بەتایبەتی لە بەشی دووەمی کتێبی (الأغاني) دا، تاکو لە چەرخی نوێدا، لەلایەن ئەحمەد شەوقی وەکو کارێکی تەواو بایەخ و گرنگی پێدراوە، شەوقی ڕۆڵی پێشڕەوی بینیوە لە کۆکردنەوەی ئەم چیرۆکە و خستنە ڕووی وەکو شانۆگەرییەکی شیعری تەواو لە چوارچێوەی ئەدەبی عەرەبیدا، بەڵام لەیل و مەجنوون لە ئەدەبی فارسیدا، لەو کاتەوە کە بۆ ئێران گواستراوەتەوە، شێوازێکی ئەدەبی کاملی وەرگرتووە، ڕۆڵی گرنگی ئەم کارەش بۆ شاعیری ناودار نیزامی گەنجەوی دەگەڕێتەوە، کە لە سەدەی شەشەمی کۆچی ژیاوە، ئەم چیرۆکەی بە (٤٥٠٠) دێرە شیعر نووسیوە، زۆر لە شاعیرانی تر شوێنی کەوتوون، وەکو ئەمیر خسرەو دەهلەوی، عەبدولڕەحمان جامی، هاتفی، هەریەک لەمانە ڕێکخەرێکی هۆنراوەیی بەناوی (لەیل و مەجنوون) هۆنیوەتەوە، هەروەها زۆر لە دیوانەکانی شاعیرانی ئێرانی ئاماژە بە ناوی (لەیل و مەجنوون) دەکەن، هەر لە سەدەی شەشەمی کۆچی تاکو چەرخی نوێ بەتایبەتی سەعدی شیرازی (٦٩٤ ک) و زۆرانی تر، پاشان ئەم چیرۆکە بەهۆی ئەدەبی فارسییەوە بۆ خاکی هیندستان چووە، (ئەمیر حەسەن دەهلەوی ٧٢٥ ک) ئەم چیرۆکەی بە چەند هەزار دێر نووسیوە، گۆڕانکاریشی لە چیرۆکەکەدا کردووە، لە چەرخی نوێشدا، چۆتە ناو ئەدەبی عوسمانلییەوە، شاعیرانی تورکیش بە جۆرێ دایانڕشتووەتەوە، کە بە ئەدەبی عەرەبی و فارسی کاریگەربوونە، ئەو شاعیرەی کە بە تورکی نووسیویەتی (شاهیدي الأذرنوي ٩٠٩ ک) دیارە خۆشەویستی وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و هەر لایەکیش داهێنان و ئەفراندنی تێدا کردووە، بەشێوازی تایبەتی خۆی دایڕشتووەتەوە، هیچ گومانی تێدا نییە، کە چیرۆکەکە پاش گواستنەوەی بۆ ئەدەبی ئێرانی بە ئەدەبی عەرەبی کاریگەر بووە، لەگەڵ پاراستنی هەندێ سیمای تایبەتی لە فارسیدا، کورتەی چیرۆکەکە بە عەرەبی دەخەینە ڕوو، قەیس کوڕی مەلووح، کوڕی موزاحیمی عامری، کە پێیان دەوت مەجنوون لەیلا، واتە شێتی لەیلێ، حەز لە لەیلێی کچی مەهدی دەکات، هەر لە کاتی منداڵیدا کە لە چیای (توباد) حوشترەوان بوونە، لەگەڵ گەورە بوونیشیاندا خۆشەویستییەکەیان جێگیر دەبێ، قەیس ئاماژە بەم خۆشەویستییە دێرینە دەکات و دەڵێ:

**تعلقت ليلى وهي غير صغيرة ولم يبد للأتراب من ثديها حجم**

**صغيرين نرعى البهم ياليت أننا الى اليوم لم نكبر، ولم تكبر البهم** (١)

(لەیلێ)ش ئاماژە بەوە دەکات کە دڵدارییەکەیان زۆر کۆنە و وەڵامی قەیس دەداتەوە و دەڵێ:

**كلانا مظهر للناس بغضا**
**وكل عند صاحبه مكين**
**وندفع بالتجميل ضعن قوم**
**وفي الأحشاء منك هوى دفين** (٢)

کە قەیس گوێی لەم قسانەی لەیلێ دەبێ، دەگەشێتەوە تاکو درەنگانێ لەلای دەمێنێتەوە، شەو بۆ ماڵێ دەگەڕێتەوە، زۆر هەوڵ دەدات کە خەو بچێتە چاوەکانییەوە، بەڵام بێ سوودە و دەبێتە درێژترین شەو بۆیە دەڵێ:

**نهاري نهار الناس حتى اذا بدالي**
**الليل هزتني اليك المضاجع**
**أقضي نهاري بالحديث وبالمعنى**
**و يجمعني والهم بالليل جامع** (٣)

بیروڕایەکی تر هەیە کە مەجنوون کوڕی بەکری کوڕی (علاب)ە، چاوی بە لەیلێ دەکەوێ و عاشقی دەبێ، مارەی دەکات، بەڵام نایگوازێتەوە، کارەکەی لەناو خەڵکیدا وا بلاودەبێتەوە، کە کوڕە مامی لەیلێ دەیبینێ، پێی دەڵێ کارەکەت کاری شەیتانە و لە خۆتی دوور بکەوە، مەجنوونیش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

**يا حبذا عمل الشيطان من عمل**
**ان كان من عمل الشيطان حبيها**
**منيتها النفس حتى قد أضربها**
**و أحدث خلفا مما أمنيها** (٤)

پاش ئەوەی خۆشەویستی (قەیس) مەجنوونی کوڕی عامر ئاشکرا دەبێ لە هەموو شوێنی باس هەر باسی لەیلێ و مەجنوون دەبێ، بەمەش خێزانی لەیل هەستیان بە شورەیی کرد بەرانبەر بەو خراپەکارییەی کە قەیس لەگەڵ کچەکە و کەس و کاریان کردوویەتی، نەیان هێشت کە قەیس لەیلێ ببینێ، باوکی قەیس بۆ لای باوکی لەیلێ دەچێ و خوازبێنی لەیلێ بۆ قەیس دەکات، بەڵام

باوکی لەیلێ نارەزایی خۆی دەردەبڕێ و لە دابونەریتی بیابانی دانابەزێ، لە هەمبەر ئەم ڕەت کردنەوەیەدا، قەیس زۆر نیگەران و نارەحەت دەبێ و باوکی هەوڵی زۆردەدات کە کچێکی تری بۆ بهێنێ، بەلاّم هیچ سوودێکی نابێ چونکە قەیس جگە لە لەیلێ کەسی تری ناوێ و دەڵێ:

**وقالو لو تشاء سلوت عنها**
**فقلت لهم فاني لا أشاء**
**وكيف وحبها علق بقلبي**
**كما علقت بأرشية دلاء** (٥)

هەندێکی تر ویستیان وێنەی لەیلێ بشێوێنن، بەلاّم قەیس هیچ بایەخی بە قسەی فیتنەچی و دووزمانان نەدەدا و گوێی لێ نەگرتن، بەڵکو وتی:

**يقول لي الواشون ليلي قصيرة**
**فليت ذراعا عرض ليل وطولها**
**وان بعينها لعمرك شهلة**
**فقلت كرام الطير شهل عيونها** (٦)

مەجنوون لەنێو کەس و کارەکەیدا دەبێ، پرسیاری لێ دەکەن، هیچ وەلاّمی نابێ، بۆیە پێی دەڵێن تۆ شێت بووی، ئەویش بەم جۆرە وەلاّمیان دەداتەوە

**اني لأجلس في النادي أحدثهم**
**فاستفيق وقد غالتني الغول**
**يهوى بقلبي حديث النفس نحوكم**
**حتي يقول جليسي أنت مجنون** (٧)

تەنیا هەر لەیلێ لە خەیاڵ بووە، کە چاوی بە لەیلێ دەکەوێ هۆش و عەقڵی هاتۆتەوە سەرەخۆ، لەیلێ کە بەو حاڵەی دەیبینێ بۆی دەگری و مەجنوونیش بەم جۆرە وەلاّمی دەداتەوە:

**أيا ليل بكي لي بعينك رحمة**
**من الوجد مما تعلمين و أعلم**
**أليس عجيباً أن نكون ببلدة**
**كلانا بها يشقي ولا نتكلم** (٨)

کاتێ قەیس باری دەروونی زۆر ناساز دەبێ و خۆراکی بۆ ناخورێ، دایکی قەیس بۆ لای لەیلێ دەچێ و پێی دەڵێ کوڕەکەم لەبەر تۆ شێت و شەیدا بووە دەیەوێ بتبینێ لەیلێ پێی دەڵێ بە ڕۆژ لەبەر کەس و کارم ناتوانم، بە شەو چاوم پێی دەکەوێ، کە شەو دادێ بۆ لای دەچێ و پێی دەڵێ: دایکت دەڵێ تۆ لەسەر من شێت بووی شوکرانە بۆ خوا بکە و لەسەر حاڵی خۆت بەردەوام بە، قەیسیش سەری بەرز دەکاتەوە و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و لەیلێش بۆی دەگری و دەڵێ:

**قالت: جننت على رأسي، فقلت لها الحب اعظم مما بالمجانين**

**الحب ليس يفيق الدهر صاحبه وانما يصرع المجنون في الحين**

**لو تعلمين اذا ما غبت ما سقمي وكيف تسهر عيني لم تلوميني** (٨)

(قەیس) لەگەڵ بێوەژنێک ڕێک کەوت بەناوی (سوعاد) کە لە گەڕەکی ماڵی لەیلێ دەژیا، کە هەواڵی لەیلێی بۆ بهێنێ، هەموو شەوێ لە ماڵی بێوەژنەکە یەکتریان دەبینی، بێوەژن لە خۆی دڵنیا نەبووە، بۆیە داوای لە قەیس کرد کە چیتر بۆ لای نەیەت، نەوەک گومانی لێ بکەن، (قەیس) بەم شێوەیە وەلاّمی دەداتەوە:

**فلا تزجريني عنك خيفة كاشح**
**بحالي فأني ما عملت كئيب**
**وقد حل بي ماكنت عنه بمعزل**
**لحبني، فموتي يا سعاد قريب**
**أجارتنا ان الخطوب تنوب**
**واني صب ما أقام عسيب**
**أجارتنا انا غريبان ها هنا**
**وكل غريب للغريب نسيب** (١٠)

لە ئاکامی ئەوەی کە قەیس سەردانی گەڕەکی لەیلێی دەکرد، کەس و کاری لەیلێ بڕیاریان دا کە بۆ شوێنێکی دوور بڕۆن شەوێ کە قەیس بەرەو ماڵی لەیلێ دەچوو، بینی کەسی لێ نەماوە، هەوار خاڵییە، بۆیە دەڵێ:

**أبوس تراب رجلك ياليلي**
**ولولا ذاك لم أدعى مصابا**
**وما بوس التراب لحب أرض**
**ولكن حب من وطيء الترابا** (١١)

کەس و کاری لەیلێ بۆ لای سوڵتان (مروان بن الحكم) چوون شکاتیان لە قەیسی کوڕی مەلوح کرد، مەڕوان نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ کەس و کاری قەیس هەنارد، داوای کرد کە قەیس واز لە ماڵی لەیلێ بهێنێ و بەلایانەوە نەچێ، ئەگینا خوێنی دەڕژێ، قەیس بەم شێوەیە وەلاّمی دەداتەوە و دەڵێ:

**ألا حجبت ليلى و آلى أميرها**
**علي يمينا جاهدا لا أزورها**

**وأوعدني فيها رجال أبوهم**
**أبي و أبوها خشنت لي صدورها**
**على غير شئ غير أني أحبها**
**وأن فؤادي عند ليلى أسيرها** (١٢)

به دوورکەوتنەوەی لەیلێ، قەیس کەوتە دەشت و سارایە، بۆیە خەڵکی زگیان پێ دەسووتا، بەرپرسیارانی دەوڵەت بڕیاریان دا کە هاریکاری بکەن، عەمری کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف چاوی بە قەیس کەوت و پێی سەرسام بوو، سۆزی پێ دا کە لەلای کەس و کاری لەیلێ ئاسانکاری بۆ بکات، بەڵام خێزانی لەیلێ بە نەخێر وەڵامیان دایەوە، وتیان کە قەیس گۆبەند و ئاریشەی بۆ ناونەتەوە، سوڵتانیش بڕیاری داوە کە خوێنی بڕژێ، جا بۆیە شایەنی ئەوە نییە کە کارمەندی خەلیفە، شەفاعەتکاری بۆ بکات، عەمریش واز دەهێنێ لە یارمەتیدانی، بۆیە لێی تووڕە دەبێ و هەجووی دەکات و دەڵێ:

**رددت قلائص القرشي لما**
**رأيت النقض منه للعهود**
**وراحوا مقصرين و خلفوني**
**آلى حزن أعالجه شديد** (١٣)

ئەم جارە (نۆفل کوڕی مەساحق)، چاوی بە قەیس دەکەوێ، سۆزی پێدەدا کە لەیلێی بۆ بخوازێ، جلوبەرگی ڕێکوپێک لەبەر قەیس دەکات، لەگەڵ هەندێ لە پیاوەکانی بەرەو ماڵی لەیلێ دەچن، بەو هیوایەی کە نۆفل بتوانێ باوکی لەیلێ ڕازی بکات، بەڵام ماڵی لەیلێ پێی دەڵێن دەتەوێ ئابڕوومان ببەیت، ئەم کارە نەکەیت، چونکە ئێمە مردن هەڵدەبژێرین ئەگەر واز نەهێنی و پەشیمان نەبیتەوە، بەم جۆرە نۆفلیش سەرکەوتوو نەبوو، چونکە باوکی لەیلێ دڵ بریندار بوو، هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی، قەیس لە بێ سۆزی نۆفل نیگەران و نارەحەت دەبێ و هەجوی دەکات و دەڵێ:

**وعار من الأرياش كاس من الهوى**
**من المال معدام لئيم الخلائق**
**ترى هل أنني ليل بعزمة صادق**
**كما هاج بي من نوفل بن مساحق**
**رأى خيفة في الناس منه على الرجا**
**ألم بقلب متطار الخوافق** (١٤)

کاتێ لەیلێش وەکو مەجنوون زیاد لە پێویست نەخۆش و نارەحەت و ماندوو بوو، عەقڵ و هۆشی لە سەرا نەمابوو، ئەوکاتە لە عێراق بوو، کە خێزانەکەی بیریان کردەوە بیبەن بۆ حەج، بەڵکو چاک دەبێتەوە، کاتێ هەواڵی نەخۆشی لەیلێ دەگاتە قەیس، قەیس هاواری لێ هەڵدەستێ و دەڵێ:

**يقولون ليلى بالعراق مريضة**
**فما لك لاتفنى وأنت صديق**
**شفي الله مرضى بالعراق فاني**
**على كل مرضى بالعراق شفيق** (١٥)

بەڵام لە (مەجنون لیلی)ی عەبدولڕەحمان ئەلمصطاویدا بەم جۆرە نووسراوە:

**يقولون ليلى بالعراق مريضة**
**فما ليتني كنت الطبيب المداويا**
**يقولون ليلى سودة حبشية**
**ولو لا سواد المسك ماكان غاليا** (١٦)

لەکاتی حەجدا، لاوێکی دەوڵەمەند بەناوی (ورد) چاوی بە لەیلێ دەکەوێ و بە جوانییەکەی سەرسام دەبێ، داخوازی دەکا، باوکی لەیلێش ڕازی دەبێ، تاکو شووکردنەکەی ببێتە هۆی ئەوەی قەیس لەیاد بکات، هەواڵی قەیس کۆتایی پێ بێت، مێردکردنەکەیان بەسەر لەیلێ سەپاند، لەیلێش جگە لە قەیس کەسی تری ناوێ، دەنگۆ هەیە دەڵێن کاتێ (لەیلێ) بۆ (ورد) دەست نیشان کراوە، لە هەمان کاتدا بۆ قەیسیش نیشان کراوە، بەڵام هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئەگەر قەیس هەڵبژێرێ، ئەم هەواڵە دەگاتە قەیس و قەیسیش دەڵێ:

**الا يا ليل ان ملكت فينا**
**خيارک فانظري لمن الخيار**
**ولا تستبدلي مني دنياً**
**ولا برماً اذا حب القتار**
**يهرول في الصغير اذا راه**
**وتعجزه ملمات كبار**
**فمثل تأيم منه نكاح**
**ومثل تمول منه افتقار** (١٧)

مێردکردنی لەیلێ گەردەلوولێکی لە هۆش و عەقڵی قەیس هەڵکرد، ئەم مێردکردنە مانای بێ بەش بوونە لە لەیلێ، بۆیە باوکی قەیس بیری کردەوە کە قەیس بۆ مەککە ببات تاکو خوداوەند لە عەشقی لەیلێ ڕزگاری بکات، بەڵام قەیس هەر لە گەڕانی ناو مەککەدا بوو، کە وتی:

**ذكرتك والحجيج لهم ضجيج**
**بمكة والقلوب لها وجيب**
**فقلت ونحن في بلد حرام**
**به لله أخلصت القلوب** (١٨)

لەکاتی گەڕانی ناو کەعبەدا لە قەیس دەپرسن، داوای پەشیمانیت لە خودای گەورە کردووە، ئەویش وەڵامیان دەداتەوە، دەڵێ بلێ، داوام کردووە لە خودای مەزن کە بە لەیلێم شاد بکات.

**وان اعط ليلى في حياتي لم يتب**
**الى الله عبد توبة لا أتوبها**
**يقر بعيني قربها ويزيدني**
**بها عجباً من كان عندي يعيبها** (١٩)

پاش ئەوەی قەیس لە حەج دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە ئەم دەشت و سارایە، جارێ بەرەو باکوور دەچێ تاکو شام و بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە تا سنووری یەمەن، خواردنیشی گیاوگۆڵ دەبێ کە لەو دەشت و سەحرایە شین دەبێ، زۆر بێ هێـز و لاواز دەبێ هەردەم بیـری لە چیـای (توباد) دەکردەوە، کە لەوێدا بە منداڵی لەگەڵ لەیلێ یەکتریان دەبینی و پێکەوە حوشترەوانیان دەکرد، بۆیە دەڵێ:

**وأجهشت للتوباد حين رأيته**
**وهلل للرحمن حين رآني**
**واذريت دمع العين لما رأيته**
**ونادى بأعلى صوته ودعاني** (٢٠)

دەڵێن جارێ قەیس لە گەشت و گەڕانیدا، چاوی بە لەیلێ دەکەوێ، زۆر دەگریێ و دەبوورێتەوە و دەڵێ:

**بكى فرحا بليلى إذ رآها**
**محب لايرى حسنا سواها**
**لقد ظفرت يداه ونال ملكا**
**لئن كانت تراه كما يراها** (٢١)

بەم جۆرە مەجنوون بە لاوازی و سەرگەردانی لەم چۆڵ و هۆڵە کۆچ دەکات، بە پەنجەکانی لەسەر لمێ ئەم دوو دێرە دەنەخشێنێ:

**توسد أحجار المهامة والقفر**
**ومات جريح القلب مندمل الصور**
**فيا ليت هذا الحب بعشق مرة**
**فيعلم ما يلقى المحب من الهجر** (٢٢)

بەم شێوەیە مەجنوون دەبێتە شەهیدی لەیلێ، بەڵام بۆ مـردنەکـەی هەندێ دەڵێن پێش قـەیس، لەیلێ نەخـۆش کەوتووە و گیانی سپاردووە، هەندێکی تر دەڵێن کاتێ هەواڵی مردنی قەس دەبیستێ ئەویش گیانی دەردەچێ، تاکو لە جیـهانێکی تردا پێک شاد ببنەوە بەم جۆرە کۆتایی بە ڕووداوێکی تراژیدیا دێت کە حیرۆکەکەی نەک لەنێو جیهانی عەرەبیدا، بەڵکو لە وڵاتانی ئیسلامیشدا بڵاوبۆتەوە.

**شانۆگەری (مەجنوون لەیلێ)ی ئەحمەد شەوقی**

چیرۆکی داوێن پاکی نێوان مەجنوون و لەیلێ بە دەیان هۆنینەوەی شیعری لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردیدا بەخۆ گرتوون، تاکو چەرخی نوێ ئەم هەواڵە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا دەگێڕدرانەوە، ئەحمەد شەوقی کە لە ساڵی ١٩٣٢ کۆچی دوایی کردووە، هاتووە ئەم چیرۆکەی خستـۆتە قـاڵبی ئەدەبی نوێ و بە هونەری شانۆگـەری دەربڕیوە، جا با بزانین ئەحمەد شەوقی چەند بە بنەما مێژووییەکەی چیرۆکەکە پابەندە و چ گۆڕانکاری و داهێنانی تێدا ئەنجام داوە.

کورتەی شانۆگەرییەکە، ئەحمەد شەوقی شاعیر لە شانۆگەرییەکەیدا بەخێرایی ژینگەی کۆچەری حیجاز دەخاتە ڕوو، پاشان شاعیری حیجازی (ابن زريخ) لە لایەن قـەیسـەوە بۆلای لەیلێ دەنێـردرێ کـە بە دەست نیـشـانی بکات، بەڵام لەیلێ ملکەچی داب و نەریتی سـارایە و هەوڵی یاخی بوون نادات، بۆیە قـەیس بە بیـانووی دار و ئاگر بەرەو مـاڵی لەیلێ دەچێ، کـاتێ قەیس و لەیل بەیەک دەگەن، قەیس خۆی لەبیر دەکات و ئاگـر دەگـاتە ناو لەپی دەسـتی، بێ ئەوەی هەسـتی پێ بکات، چونکە ئاگری دەروونی زۆر گەرمتر بوو.

بەشی دووەمی شانۆکە شاعیر وێنەی قەیس پێشان دەدات کـە لە کـەس و کـاری دوور کـەوتۆتەوە و سـارای کـردۆتە شـوێنی نیـشـتەجێ بوونی و وازی لە خـواردن و خۆراک هێناوە کە دایکی بۆی دەنێرێ، پاشان کـەس و کاری قەیس بەرەو کەعبەی دەبەن، بەو هیوایەی کە لەیلێ لەیـاد بکات، کـەچـی قـەیس داواکـارە کـە خۆشەویستییەکەی زیاتر بێ.

بەشی سێیەمی کارمەندی خەلیفە کوڕی عەوف لەلایەن خانەوادەی ئومەیە لە حیجازەوە بۆ ماڵی لەیلێ دەنێردرێ تاکو باوکی لەیلێ ڕازی بکات و لە قەیس ببوورێ، بەڵام باوکـی لەیـلێ پابـەندە بە دابـونەریـتی سـاراو ڕەتی دەکاتەوە، قەیس بە ناچاری ڕوو لە سەحرا دەکاتەوە.

بەشی چوارەمی، قەیس کە لەگەڵ (ورد) مێردەکەی لەیلێ بەیەک دەگەن زۆر تووڕە دەبێ، کەچی (ورد) زۆرباش مامەڵەی لەگەڵ دەکا و ڕێی پێ دەدا کە لەیلێ ببینێ، تاکو بۆی دەرکەوێ کە (ورد) لێی نزیک نەبۆتەوە و لەیلێ بە داوێن پاکی ماوەتەوە، ئەم ژیانە نامۆییەی لەیلێ، کاریگەری خراپی کردۆتە سەر باری دەروونی و نەخۆش دەبێ.

بەشی پێنجەم و کۆتایی، لەیلێ کۆچی دوایی دەکات، پاش ماوەیەک قەیس پێی دەزانی، بەخێرایی دەتاوێتەوە و دەکەوێت و گیانی دەردەچێ.

**شەوقی و چیرۆک و داستانی کۆنی عەرەبی**

پاش خستنەڕووی شانۆگەرییەکە، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە شەوقی بە داستانی دێرین، بەتایبەتی بە کتێبی (الاغاني) (ابو الفرج الأصفهاني) پابەند بووە، کە دیاردەی پابەندبوونەکەش زۆرە، ئەو ژینگە کۆچەرییەی کە شەوقی لە شانۆگەرییەکەیدا باسی لێوە دەکات، هەمان ژینگەی (ابو الفرج الأصفهاني) یە، کە دیکۆری شانۆگەرییەکە لە دەوار و دار خورما و سەحرا پێکهاتووە، لەبەر ئەوە شوێنی ژوانی مەجنوون و لەیلێ، هەروەک لە کتێبی (الأغاني)دا هاتووە، هەردووکیان لە قۆناغی منداڵیدا لە چیای توباد حوشترەوان بوونە

**جبل التوباد حياک الحيا**
**وسقى الله صبانا ورعى**
**فيک ناغينا الهوى في مهده**
**ورضعناه فكنت المرضعا** (٢٣)

ئەو هەواڵانەی کە لە ئەغانیدا باس کراوە، شەوقیش لە شانۆگەرییەکەیدا بە پەرۆشی بووە، قەیس بەرەو ماڵی لەیلێ دەچێ و داوای دار و ئاگر دەکات لەکاتی بەیەکتر گەیشتنیان، وتووێژ لە نێوانیاندا پەیدادەبێ، قەیس لەبێ ئاگاییدا، جلەکانی ئاگر دەگرێ، ئاگرەکە دەگاتە نێو لەپی، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، چونکە ئاگری دڵی بەجۆشترە.

**أنت أججت في الحشا**
**لاعج الشوق فاستعر**
**ثم تخشين جمره**
**تاكل الجلد و الشعر** (٢٤)

لەو دیاردانەی تر کە شەوقی بە چیرۆکەکەی ئەغانی کاریگەر بووە، سووربوونی بووە لە ناوبژیکردن لەنێوان قەیس و باوکی لەیلێ، بەتایبەتی ڕوولێنانی کوڕی عەوف لە باوکی قەیس بە مەبەستی ئاشناکردنەوەی پێوەندی نێوان قەیس و باوکی لەیلێ، هەرچەندە هیچ بەرێکی نابێ، بەڵکو کارەکەی قەیسی گرانتر کرد، قەیس زیاتر ئازار و ناڕەحەتی لە دووری لەیلێ کێشا.

**أناة أبا ليلى وحلما ولا يكن**
**عليک صغيان الظنون سبيل**
**رددتم ركابي واتهمتم زيارتي**
**وأجلب فتيان وضبح كهول**
**تأمل تجد جمعا مغيظا وكثره**
**تصول وما تدرى علام تصول**
**رؤس تنزى الشرفيها وراءها**
**نفوس ذئاب مالهن عقول** (٢٥)

هەروەها لەو بەڵگانەی تر کە شەوقی بە داستان و چیرۆکە کۆنەکان دەربەست بووە، چیرۆکی قەیس و ئاسکەکە، کە بەلای قەیسەوە، وێنەی لە وێنەی لەیلێ دەچێ، بۆیە دەیخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە، بەڵام لەناکاو گورگێکی دڕندەی لێ پەیدا دەبێ و ئاسکەکە دەکوژێ، قەیس لە تۆڵەی ئاسکەکە کە بە لەیلێ دەچێ، گورگەکە دەکوژێتەوە، بۆیە قەیس دەڵێ:

**رأيت غزالاً يرتعي وسط روضة**
**فقلت أرى ليلى تراءت لنا ظهرا**
**فيا ظبي كل رغدا هنيئا ولا تخف**
**فانك لي جار ولا ترهب الدهرا**
**فما راعني إلا وذنب قدانتحى**
**فأعلق في أحشائه الناب و الظفرا**
**ففوقت سهمي في كتوم غمزتها**
**فخالط سهمي مهجة الذئب والنحرا** (٢٦)

بەڵام لە شانۆگەرییەکەی شەوقیدا هەندێ گۆڕان ڕووی داوە، بەم شێوەیە:

**فقلت له يا ظبي لا تخش حادثا**
**فانك لي جار ولا ترهب الدهرا** (٢٧)

بەڵگەی تر کە شەوقی بە چیرۆکەکەی عەرەبی دەربەست بووە، چوونی قەیس بۆ کەعبە و داواکاری لە یەزدان کە خۆشەویستییەکەی بۆ لەیلێ زیاتر بکات، شەوقی لە سەرزاری زیاد کە هاوڕێی قەیسە دەڵێ:

**لقد سقناه بالأمس**
**فحج الكعبة الغرا**

**فلما لمس الركن**
**ومست يده السترا**
**وقلنا الان من ليلى**
**ومن فتنتها يبرا**
**سمعناه ينادي الله**
**من ساحته الكبرى** (٢٨)

له خالێکی تردا شەوقی لەگەڵ کتێبی (الأغاني) دا هاوڕایە، کاتێ دیدەنی نێوان (قەیس) و (ورد) مێردەکەی لەیلێ پێک دێ، قەیس هەواڵی لەیلێی لێ دەپرسێ، ئایا لە لەیلێ نزیک بۆتەوە، یان خۆی بە دوور گرتووە، دەبینین شەوقی بە پێچەوانەی دەقە عەرەبییە کۆنەکان، دیارە چیرۆکە عەرەبییەکۆنەکان دەڵێن (لەیلێ) و (ورد) ژیانی ئاساییان بردۆتە سەر، بەڵام لە لای شەوقیدا، لەیلێ ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە لە قەیس نزیک بووبێتەوە، هەروەها قەیس بە هەمان شێوە، لەبەر پیرۆزی و شکۆداری ئەوین، بەم جۆرە (ورد) لە وەڵامی پرسیاری قەیسدا دەڵێ:

**هبها نعم يا قيس هل**
**مع الحلال من تهم؟**
**المرء لا يسأل: هل**
**قبل أهله؟ وكم؟**
**أجل لقد قبلتها**
**من رأسها الى القدم** (٢٩)

شەوقی زیاد لە پێویست کەوتۆتە ژێر کاریگەری (أبوالفرج الأصفهاني)، زۆر دێری کتێبی (الأغاني) خستۆتە نێو دووکەوانەوە، تاکو خوێنەر بزانێ کە ئەو دێرانە لە ڕێکخستنی شەوقی نییە، بەڵکو لە ئامادەکردنی پاڵەوانی ڕاستەقینەی چیرۆکی قەیسی کوڕی مەلوحە، شەوقی زۆر سوور بووە، لەسەر بەرهەڵستی هەندێ دێر کە قەیس هۆنیویەتەوە، بۆ نموونە، لە کتێبی (الأغاني) قەیس دەڵێ:

**وداع دعا إذ نحن بالخيف من منى**
**فهيج أطراب الفؤاد وما يدري**
**دعا باسم ليلى غيرها فكأنما**
**أطار بليلي طائرا كان في صدري** (٣٠)

شەوقی بەم جۆرە بەرهەڵستی دەوەستێ و دەڵێ:

**ليلى، نداء بليلى رن في أذني**
**سحر لعمري له في السمع ترديد**
**إذا سمعت اسم ليلى ثبت من خبلي**
**وثاب ما صرعت مني العناقيد** (٣١)

شەوقی لە شانۆگەرییەکەیدا سوور بووە، لەسەر سەرپێچییە شیعرییەکاندا «هەندێ دەڵێن هۆگر و ئالوودە بووە، بەسەرپێچی کردنی شیعری عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی» (٣٢)

شەوقی لە زۆر ڕووداوەکانی شانۆکەیدا، بەکتێبی (الأغاني) دەربەست بووە، لەم ڕووەوە، د. محەمەد مەندور دەڵێ:

«ئەحمەد شەوقی لە شانۆگەرییەکەیدا، بە زۆر شتی پڕوپووچ و ئەفسانە پابەند بووە، کە خاوەنی کتێبی ئەغانی دەیگێڕێتەوە» (٣٣)

(د. محمد غنيمي هلال) دەڵێ: «وەکو دەردەکەوێ ئەحمەد شەوقی ملکەچی هەواڵ گێڕەوەکانی قەیسە، بەتەنگ ڕووداوەکانی مێژووییەوەیە، ئەم بەتەنگەوە هاتن و کاریگەربوونە لەلای خاوەنانی ڕێبازی ڕیالیزمی فەرەنسی بینیمان» (٣٤)

لەلایەکی ترەوە د. مەحموود شەوکەت دەڵێ: «شیعری قەیس کە لە ئەغانیدا باس کراوە، شەوقی بزواندووە، وەریگرتووە و بەرپەچی داوەتەوە، بێگومان شەوقی ڕووداوە جوداوازەکانی هەڵبژاردووە و دایڕشتۆتەوە» (٣٥)

## ئایا شەوقی سوودی لە هۆنینەوەکانی فارسی و تورکی وەرگرتووە

ئەو کتێبانەی کە لەسەر ژیان و ڕۆشنبیری شەوقی نووسراون، ئاماژە بەوە ناکەن کە زمانی فارسی زانیبێ، هەرچەندە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، چاپخانەی بۆلاقی میسری زۆر کتێبی فارسی بەچاپ گەیاندوون، هەروەها زیاتر لە بیست هەزار دەستنووسی فارسی لە (دار الكتب)ی میسری هەنە، لەوانە دەستنووسی لەیلێ و مەجنوون، لەوکاتدا زۆر لە شاعیر و نووسەرانی ئێرانی سەردانی میسریان کردووە، هەندێکیان کتێبی خۆیان بڵاوکردووەتەوە، جگە لە دەرچوونی گۆڤاری فارسی لە میسردا، کە خاوەنەکانیان لەبەر زۆرداری قاجارەکان و پاشانیش ڕەزاشا هەڵاتوون.

جا ئەگەر بەڵگە نەبێ کە شەوقی فارسی زانیبێ، بەڵام بەڵگە زۆرە کە شەوقی زمانی تورکی زانیوە، چونکە کتێبخانەکەی زۆر دیوانی تورکی تێدابووە، زۆر جار

سـەردانی تورکـیـای کـردووە و ئاگـاداری هەندێ لە هۆنینەوەکانی تورکی بووە، کە خاوەنەکانیان بە چیرۆکی نیـزامی گـەنجـەوی کـاریگەر بوونە، دیارە شـەوقـیش ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای زمانی تورکییەوە بە بەرنامەی فـارسی کـاتێکراوبووە، لە هەندێ شـوێندا مـۆرکی سۆفیزمی بەسەر هەڵوێست و کەسایەتییەکانیدا دیارە، کە لێرەدا بە نموونە دەیخەینە ڕوو.

١- هەڵوێستی (ورد) مێردی لەیلێ، وەکو کەسێکی پیـرۆز و شکۆدار لێی دەڕوانی، لەبەر ئەوە لێی نزیک نەبۆتەوە، ئەمـەش لەبەر بەرپەچدانەوەی لەیلێ سـەری هەڵنەداوە، بەڵکو خۆشەویستییـەکی سەرمەدی، جا (ورد) لەم ئەڤینە دەدوێ و دەڵێ:

**منذحوت داري ليلى ما خلوت من ندم**
**كانت إطافتي بها كالوثني بالصنم**
**وربما جئت فراشها فخانتني القدم**
**كانها لي محرم وليس بيننا رحم** (٣٦)

٢- هەڵوێستی قەیس کاتێ لەگەڵ کوڕی عەوف بەرەو گەڕەکی لەیلێ دەچن، کە لە ماڵی لەیلێ نزیک دەبنەوە، کەس و کاری لەیلێ چەکدارن و ئامادەن خوێنی قـەیس بڕژێنن، کـوڕی عـەوف هەوڵی دا کـە قـەیس لە ڕەوشـە نالەبار و ترسناکەکە هۆشیـاربکاتەوە، بەڵام قـەیس ئەم شتانەی نەبینی، تەنیا لەیلێ نەبێ، ئەمەش هەڵوێستی ئەوینداری سۆفیـزمـە، کە لە بووندا هیچ شتێ نابینێ، تەنیــا دڵدارەکـــەی نەبێ، لە پێناوی ئەودا هەمـــوو کێشەکانی دنیا بەلاوە دەنێ، ئەمەش دۆخی سۆفیزمە لە یەکێتی بووندا.

قەیس دەڵێ:

**أتبصر يابن عوف حي ليلى**
**تدجج في السلاح ولا نراها**
**فمالي لا أحق غير ليلى**
**وإن كثر السواد لدى حماها**
**لقد ألقى هوى ليلى حجاجا**
**على عيني فلست أرى سواها**
**وبغضت النصيح إلى ليلى**
**وسدد مسامعي عنه هواها** (٣٧)

٣- ڕەبەنی لەیلێ، شـتـێکی ئاشکرایە کـە هەمـوو هۆنینەوەکانی فـارسی و تورکی و کوردی جەخت لەسەر ئەوە دەکـەنەوە کـە لەیلێ شـووی نەکـردووە، ئەمــەش پەیوەستـە بە ڕەوتی سۆفـیـزم، کە چیرۆکـە فـارسی و تورکەکان پێیان بەخشیوە، کەچی دەقێکی عەرەبی نییە، کە لەیلێ مێردکردنەکەی قەدەغە کردبێ، هەمـوو دەری دەخەن کە لەیلێ ڕازی بووە، تەنیا سەرچاوەیەکی عەرەبی نەبێ، کـە لەیلێ مێـردەکـەی قـەدەغـە کـردبێ، ئەویش شەوقییە ئەم هەڵوێستەی شەوقیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـە شـــەوقی بە هۆنینەوەکـــانی فـــارسی و تورکی کاریگەربووە لەو وتووێژە بەدەردەکەوێ کە لە نێوان لەیلێ و هاوسێیەکەیدا (عفراء) ڕووی داوە.

**ليلى: لم تعذب بالحب عذراء قبلي**
**كعذابي ولن تعذب بعدي**
**غفراء: هي عذراء؟ ربي اشهر**
**ليلى: أجل عذراء حتى يضمني ركن لحدى** (٣٨)

(د. مـحـمـد غنيـمي هلال) دەڵێ: بایەخ پێـدانی شاعیرانی فارس و تورک بە بابەتی عەرەبی، هۆکارێکە بۆ سروشتی شاعیرەکانمان، ڕێگا خۆشکەرە بۆ ژیاندنەوەی ئەم کارەساتە لە شانۆگەری عەرەبیدا» (٣٩)

## ئەو شتانەی کە شەوقی بۆ لەیلێ و مەجنوونی زیادکردووە

دیارە پێش ئەحمەد شەوقی، فارس و تورکەکان لەسەر ئەم کـەلەپوورە مللییـە، داهێنان و نوێکارییان بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام لە ئەدەبی عەرەبیدا دەست پێشخەری بۆ شـەوقی دەگـەڕێتـەوە، کـە گـۆڕانکاری نوێکاری تێـدا کـردووە، ئەم چیـرۆکـەی بە شێـوەیەکی هونەری جـوان بە شانۆگەری خستۆتە ڕوو، کە پێشتر شیعری عـەرەبی ئەم هونەرەی بە خـۆوە نەبینیـوە، «شـەوقی سـوودی لە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەرەنسی وەگرتووە، کـاتێ سـەردانی پاریسی کـــردووە، هەمـــوو شـەوێ بۆ شانۆگەرییەکانی فەرەنسی چووە» (٤٠)

شـەوقی سـتـایشی (آل بيت) دەکـات، شـاعـیـر هەڵوێستی میسرییەکان بەرانبەر خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ) بەتایبـەتی حوسێن و زینەبی خوشکی دەردەبڕێ، کە لە قاهرە گلکۆیەکـیـان بۆ کـردووە مـیـسـرییـەکـان بۆ سەردانی دەچن.

**هذا إمام العرب**
**هذا حسين ابن النبي**
**هذا الزكي ابن الزي**
**الطيب ابن الطيب** (٤١)

ئەو شـتـە نوێیـانەی کـە شـەوقی بۆ چیرۆکـەکەی زیاد

کردووه، سەمای جنۆکەکانە، کە لەگەڵ کەشی شانۆگەری دەگونجێ ئەمەش بەهۆی کاریگەری شانۆگەری ئەورووپاوە بووە.

**الرقص يبعث الطرب**
**هلم يا جن العرب**
**هلم رقصة اللهب**
**إذا مشى على الحطب** (٤٢)

لە کۆتاییدا شەوقی مردنی لەیلێ پێش قەیس دەخات، بەمەش شانۆگەرییەکەی بەرەو کۆتایی بردووە، دیارە لێرەدا شەوقی سوودی لە ئەنجامی کۆتایی ڕۆمیۆ و جولێت وەرگرتووە، هەرچەندە شێوەی مردنەکانیان جیاوازە بەتایبەتی لە دابی ئیسلامدا نابێ پاڵەوان بە ژەهر، یان بە خەنجەر کۆتایی بێت، هەروەک لە ڕۆمیۆ و جولێتدا ڕووی داوە.

**سەرچاوەکان:**


**١- عبدالرحمن المصطاوي: مجنون ليلى، دار المعرفة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٥، ص ١٥.**
**٢- نفس المصدر السابق، ص ١٧.**
**٣- نفس المصدر ونفس الصفحة.**
**٤- نفس المصدر، ص ١٦.**
**٥- الدكتور بديع جمعة: دراسات في الأدب المقارن، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠ ص ٢٩٦.**
**٦- نفس المصدر السابق، ص ٢٩٧.**
**٧- عبدالرحمن المصطاوي: مجنون ليلى، ص ١٨.**
**٨- نفس المصدر السابق، ص ١٩.**
**٩- نفس المصدر السابق، ص٢٩.**
**١٠- الدكتور بديع جمعة؛ دراسات في الأدب المقارن، ص ٢٩٨.**
**١١- عبدالرحمن المصطاوي: مجنون ليلى، ص ٢٠.**
**١٢- نفس المصدر السابق، ص ٢٤.**
**١٣- الدكتور بديع جمعة، دراسات في الأدب المقارن، ص ٣٠٠.**
**١٤- عبدالرحمن المصطاوي؛ مجنون ليلى، ص ٢٧.**
**١٥- الدكتور بديع جمعة، ص ٣٠١.**
**١٦- عبدالرحمن المصطاوي، مجنون ليلي، ص ٥٢.**
**١٧- الدكتور بديع جمعة؛ دراسات في الأدب المقارن، ص ٣٠١-٣٠٢.**
**١٨- نفس المصدر السابق، ص ٣٠٢.**
**١٩- عبدالرحمن المصطاوي؛ مجنون ليلى، ص ١٠٥.**
**٢٠- الدكتور بديع جمعة، دراسات في الأدب المقارن، ص ٣٠٣.**
**٢١- نفس المصدر السابق، ص ٣٠٤.**
**٢٢- نفس المصدر السابق، نفس صفحة.**
**٢٣- احمد شوقي: الأعمال الكاملة، الهيئة المصرية العامة لكتاب ١٩٨٤، ص ٢١٦.**
**٢٤- نفس المصدر السابق، ص ١٣٠-١٣١.**
**٢٥- نفس المصدر السابق، ص ١٦٧.**
**٢٦- ابوالفرج الاصفهاني: الأغاني، جـ ٢، وزارة الثقافة والارشاد القومي بالقاهرة، ص ٧٤.**
**٢٧- احمد شوقي: الاعمال الكاملة، ص ١١٨.**
**٢٨- نفس المصدر السابق، ص١٤٣.**
**٢٩-نفس المصدر السابق، ص١٩٤.**
**٣٠- أبوالفرج الأصفهاني: الأغاني، جـ ٢، ص ٢٢.**
**٣١- احمد شوقي: الاعمال الكاملة، ص ١٤٤- ١٤٥.**
**٣٢- محمود شوكت: الفن المسرحي في الأدب العربي الحديث الطبعة الاولى، القاهرة، ١٩٦٣، ص ٩٧.**
**٣٣- محمد مندور: مسرحيات شوقي، القاهرة ١٩٥٦، ص ٩٢.**
**٣٤- د. محمد غنيمي هلال: ليل والمجنون في الأدبين العربي والفارسي، ص ٦١.**
**٣٥- د. محمود شوكت: الفن المسرحي في الأدب العربي الحديث، ص ٩٠.**
**٣٦- احمد شوقي الاعمال الكاملة، ص ١٩٥.**
**٣٧- نفس المصدر السابق، ص ١٤٩.**
**٣٨- نفس المصدر السابق، ص ٢٠٤-٢٠٥.**
**٣٩- د. محمد غنيمي هلال: ليل والمجنون في الأدبين العربي والفارسي، ص ٦٧.**
**٤٠- حسين شوقي: أبي شوقي، القاهرة، ١٩٧٤. ص ١١٠.**
**٤١- احمد شوقي الاعمال الكاملة ، ص ١٤٢.**
**٤٢- نفس المصدر السابق، ص ١٧٥.**

# مەسعوود محەمەد
# ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد


**هەندرێن**
**(سوێد)**


**(٢ – ٢)**

لێرەوە ڕەنگە بە هەند وەرنەگرتنی ئەو زمانە بوونشینە، پێوەندی بەوەوە بێت کە ئەو «ڕۆمان»نووس نەبوو؟! چونکە ئەمڕۆ ڕۆماننووسین کراوە بە پێوەرێک بۆ ژیاریبوونی کورد؛ داهێنانی زمانی شار.

وێڕای ئەمەش، مەسعوود محەمەد بە بەرهەمهێنانی ئەو شێوازاندنەی هزرین؛ داهێنانە لە کردەی گفتوگۆیە دانسقەکانی لەگەڵ یادەوەریی زمانی کوردی و بگرە نووسینەوەی ئەزموونی ژیانەکەی؛ بیرەوەرییە مینا ئەرشیفیە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکەی لە شێوازێکی بێ وێنەدا، ئاشکرا کردنی نهێنی ئەرک، یان کردەی هونەری هەموو بیرکردنەوەیەکە، هەرچەندە، وەک دەڵێن، مەسعوود محەمەد لە نووسینەکانیدا بایەخی بە ڕێسایە ئاکادیمیە باوەکان نەداوە، کە بەدیوێک ئەو کارەشی چەشنە بوێرییەک بوو لە بەرهەڵدانی مەیل و گەردوونە پەنادراوەکانی هزر خودی مرۆڤیش، لێ بەدیوێکی تریشەوە ئەوە جەختکردنەوەیەک بوو لە چۆنیەتییە جیاوازەکانی وێناندنی گەوهەری ژیان و نهێنییە بێ کۆتاییەکانی خودی هونەری هزر و هزراندنی هزر. بە دەربڕینی تر، دەکرێ بێژین، مەسعوود محەمەد یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی کورد، کە توانی بە جوانناسی شێوازاندنی زمانەکەیەوە، دوای تێگەیشتن و وەرچەرخاندنی ڕێسایە بێزارکەرەکانی ئەکادیمی، نووسینی زانستی بشعرێنێ؛ بکا بە چێژێکی هونەری. ئەمەش بە واتای نیتشەیی، وەرگرتن و هاوێژانی ئەو ڕمە فەلسەفەییە؛ ئەو ئەزموونە فەلسەفییانەیە بەرەو پێشتر کە پێشتر فەیلەسووف و هزرڤانەکان وەشاندوویانە. لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بە دەست پێوەگرتنێک لەچەمکەکان



مەسعوود محەمەد

بێژین، کە دەقە هزری و ڕەخنەییەکانی مەسعوود محەمەد، تەرزە ڕاڤەکردنێکن، یان شەبەنگێک لە شێوازی خوێندنەوەکانی فینۆمینۆلۆژی (دیاردەگەرایی)؛ ئیشکردن لە بوونی دیاردەی شتەکان و بە ئاگاییکردنیان لەزماندا، ئاوەڵاکردنەوەی هێما و مانایەکانی وشە، کارایی ئاگایی ڕۆشنبیری لە بەرهەمهێنانی مانا، هێرمێنتیک (تێخوێندنەوە، شرۆڤەکاری)؛ بەرهەم هێنانەوەی ئاگایی مرۆڤ لەمانا و هێمایەکان و بە مێژووبوونی مرۆڤ لە پرۆسەی ئاگاییدا، ڕەخنەی بوونگەرایی؛ سەیرکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازاد و هاوکاتیش گەڕان بەدوای خۆ کردنە خودێکی جیاواز لەگەڵ ئەوانی تردا، بگرە فیلۆلۆگی؛ زانستی زماننانسی؛ شەیدابوون بەدوای مێژووی وشە و ئەدەب. هەر بۆیە بەرهەمەکانی مەسعوود محەمەد گەردوونێکن لە ڕەهەندی مرۆڤگەرایی و خوێندنەوەی، شرۆڤەکردن، گفتوگۆکردن لەگەڵ بەهای پێشهاتەکان بە مرۆڤەوە، هێمای پەیڤ، دیاردەی زاراوە و بن زاراوەکانی کوردی.

لەدەقەکانی مەسعوود محەمەددا چەشنە کەسایەتییەکی شەبەنگی هەیە، کە لێرەدا دەکرێ بە مرۆڤگەرا (هومانیست)ێکی کولتووری خودگەرایانەی کۆنپارێز ناودێری بکەین.

لێرەدا مەبەست لە «کۆنپارێز- کۆنسێرڤاتیزم» بەمانا باوەکەی پاشکەوتوویی نییە، بەڵکو بەو واتایەی کە مرۆ پێی وایە دەبێ گۆڕانەکانی کۆمەڵ بەرە بەرە ڕوو بدەن و لەو پرۆسەیەشدا دەبێ ڕەچاوی تایبەتمەندی ڕەگ، یان پشتێنەی کۆمەڵگا بکرێت. لە دیدی مرۆڤێکی کۆنپارێزەوە خێزان شانەیەکی گرینگی کۆمەڵگایە. ئەوکۆمەڵگایەش دەبێ کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بێ. هاوکاتیش کۆنپارێزەکان بایەخێکی تایبەتی بە مافی کولتووری و سیاسەتی کولتووری دەدەن. لێ کۆنپارێزەکان پێیان وایە پرۆسەی گۆڕانکارییە جڤاکییەکان، بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکانەوە، دەبێ هەنگاو بە هەنگاو، یان لەسەرخۆ بێ. کەواتە دەکرێ مرۆ لەم دیو دەقەکانی مەسعوود محەمەددا ڕەهەندێک لەو جیهانبینییە بخوێنێتەوە. ئێمە لێرەدا بەخوێندنەوەی تیرێژێک لە دیدەکانی مەسعوود محەمەد لەمەڕ پێویستبوونی ڕێنێسانسێکی کوردانە، دەتوانین، وێڕای ڕەهەندە ئاوەزگەراییەکەی، وێنایەک لەو ڕەهەندە کۆنپارێزییە مرۆڤگەرایەی ئەو نمایش بکەین: «پێویستبوونی ڕێنێسانسێکی کوردانە بۆ پێکهێنان و هێز و بینا و کیان و کەینوونەیەکی کوردی... ئامانجی وەها ئەریستۆکرات و بەرز کە زۆر دوورەدەستە بۆ ئێستاکەی کورد،... وەک لە بەهاردا بەتەمای میوەی هاوینە بیت،... هەروەهاش ڕێنێسانسی کورد کە هەبوونێکی potensial بەخۆیەوە دەبیینێ، یان بەجارێ نایبینێ... با بڵێین وەک جەنینی یەک مانگەی لە پزدانی دایکیدا گەشە دەکات، ئەگەر خێراییت لێ کرد بەسێ مانگی و چوار مانگی مردەزاد دەبێت، لەوانەیە دایکەکەشی پێوە بمرێت... هەرەوەزی کوردانە بۆ ڕێنێسانسی کوردانە، هەڵناگرێ وەک لەسەرەتای پایزدا قوتابی دەچنەوە بۆ قوتابخانەکانیان، ئەویش قوڵ و باسکی لێ هەڵماڵێت و بە بەریەوە دانیشێت... پێمان ناکرێ پایسکلێک دروست بکەین، تاکە یەک شەقاممان بە هونەری کورد قیرتاو نەکردووە... ئەوەی پێی دەگوترێ «ژێربینا- ژێرخان» بە مەفهومی سەردەم جارێ لەناوماندا نەزاوە... هەرچی ئەسبابی پێوە ژیان و گوزەرانە بە حازری لە دوورە وڵاتەوە بۆمان دێت، ناشزانین چۆناوچۆنی مامڵەی لەگەڵدا بکەین و چەندی لەو ئەسبابانە هی حکوومەت بێت بەماڵی تاڵانی

دەزانین: یان دەیدزین، یان تێکی دەدەین..» (٧)
مەسعوود محەمەد، وەک ئەو نووسەرە هەرزەگۆیانەی، یان بەواتای مەسعوود محەمەد «سافیلکە و سۆزاوی»یانەی ئەمڕۆ کە دوای خوێندنەوەی چەند وتارۆکەی ڕۆژنامەوانی لەسەر هزرڤانەکانی ڕۆژئاوا خۆیان لێ دەبێتە پسپۆڕ و باس لە گرفتەکانی کۆمەڵگای کورد و گۆڕانەکانی دەکەن، لە ڕێنێنسانس ناپەیڤێ، چونکە ڕێنێنسانس مەرجی خۆی هەیە. ئاخۆ ئەو هزرینە وردبینە، ئەو پێناسە ژێربێژییە لەدیمەنی کورد، کتومت گرفتە سەرەکییەکانی ئێستای کۆمەڵگای کورد نییە، هەرچەندیش زۆرێک لە ئێمە پێمان وایە کوردستان خەریکە دەبێتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی؟

پێشتر وتمان کە مرۆڤ لەدەقەکانی ئەودا هۆکردی هەموو گۆڕانێکە نەک سروشت و دەوروبەرەکەی. هاوکاتیش لەم دیو پەرۆشەکانی زمانی مەسعوود محەمەددا سۆزێکی شاعیرانە بۆ دەست پێوەگرتنی ئاکارە جوامێرەکانی کوردەواری ئامادەیە. لە بۆیە مەسعوود محەمەد لەدەقەکانیدا هەمیشە جەخت لەسەر بەهاگەلێکی وەک شکۆمەندی؛ ڕاستگۆیی؛ ئاکاری چاکە و خەسڵەت گەلێکی لەم تەرزە دەکاتەوە، کە لەناخی مرۆڤی کورددا ڕیشاژۆیە. لە کولتووری کوردیشدا مرۆڤی خودان ئەو خەسڵەتانە وێنای جوامێری و کارامەیی دەنوێنێ. گەڕانەوە هەمیشەییەکەی ئەو بۆ شیعرە پەند ئامێز و هەڵوێستە جوامێرەکانی باوکی و هاوڕێکانی، زادەی ئەو پرەنسیپە ئێتیکی و شکۆمەندییە بوو کە لە ژیانی ئەودا بنەما بوون. مەسعوود محەمەد لە دووتوێی وتارێکیدا ئەو بەها کۆنپارێزیانە دەکاتە سەرشاری کردەی نووسین، لەوێدا دەفەرمووێ: من بەش بەحاڵی خۆم کە بەسەر نووسینی یەکێکی دیکەدا دەچمەوە هەستی ناڕەحەتی دامدەگرێ، ئنجا کوردی گوتەنی دەبێ هەستی خاوەن تەعام چۆن بێ! لەنێوان هاندان و بەرتەکدانەوەی ئەم دوو ماکەی فەرمان و ئێسک قورسییەدا چەند شەفاعەتێک کارێک ڕووی خامە سپی دەکەنەوە: دەست خاوێنی، نیازی پاک، ئەدەبی شێواز.. نووسینێک ئەو مەرجانەی پێوە نەبێ خوێندنەوەی لێ خەسارە،...» (٨)

گەردوونی وێناندنی ئەو خودە شکۆمەندە لە زمانی مەسعوود محەمەددا لەو کەسایەتییە ناوەکییەی ئەودا بەرجەستە دەبێتەوە کە بەمەش دەخوازێ ڕوخساری مرۆڤانەی خۆی نمایش بکا. وەلێ ئاستەنگی ئەو خۆوێناندنە ئەوەیە کە پەرژینێک لەبەردەم ڕاگەیاندنێکی ڕاستەوخۆی بوونایەتییەکەی ئەودا قووت دەکاتەوە کە نەتوانێ پێوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بۆ ئەوەی ئەو هزرینە خودگەرایەش بتوانی هزرینەکەی نیشان بدا دەبێ شێوازێک دابهێنێ، کە ئەمەش چەشنە لێکناکۆکی (پەرادۆکس)یەک لە بوونایەتی ئەودا دەسازێنێ. وەلێ بوونایەتی وەک خۆی بریتییە لە لێکناکۆکی، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بوونایەتی لە تاکە دەربڕینێکدا دەرببڕێ.

لەبۆیە جوانناسی شێوازاندنی هزرینە مرۆڤگەراییەکەی مەسعوود محەمەد لەسەر نیشاندانی کێشمەکێشەکانی نێوان ئەو لێکناکۆکییانەدا، نەک بنەبڕکردنی ئەو لێکناکۆکییانە، چڕ دەبێتەوە، کە لە بوونایەتی ئەودا ئەزموون کراون (تاقی کراونەتەوە)، چونکە بە دیوێکەوە کەسایەتییە ناوەکییەی ئەو بەدەم هزرینەوە یەکسەر بیر لەوە دەکاتەوە کە دەربڕینی ئەو هەقیقەتەی کە ئەو ئاماژەی پێدەکا، شتێکی ئاسان نییە، بە دیوێکی دیکەشەوە بە بڕوایەک دەگا کە ناکرێ خودی هەقیقەت گۆ بکرێ، بەڵکو دەبێ لە شێوازاندنێکدا وێنابکرێ، بەمەش شەپۆلی هزرەکان؛ بیرۆکەکانی دیکە نەتوانن هەقیقەتی زمانەکەی بێ بایەخ بکەن. ئەو پەیبردنەی ئەو بۆ شەپۆلدانی هزرەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە دەقەکانی وەک وێنایەکی سەخت، یان ڕووت (ئەبستراکت) بنوێنن. بەم جۆرە ڕەنگە بەشێک لە گرفتی فەرامۆشکردنەی مەسعوود محەمەد بۆ ئەو وێنایە ڕووتەی بەشێکی زۆر لە دەقەکانی بگەڕێتەوە، کە بۆ ئەو خوێنەر و نووسەرانەی ئەمڕۆی کورد، کە بەگشتی نەک هەر هەمووی، خوێنەری ڕۆژنامە و ناونیشانە نەک خوێنەری هزر، فەلسەفە و دەقی کۆزانیار (ئێپیستمی)، ئاسان نەبێت. سەرچاوەی ئەو تەرزە خوێنەرەش، زەنەی خودی ئەو پێکهاتە سۆزاوی و دەروێشایەتییەی نووسەر و خوێنەر و ڕەوشە کۆمەڵایەتییەی کوردە، کە ئەمەش خەمی ئەم نووسینەمان نییە.

هەرچۆنێک بێ، تاکو وێنای ئەو شێوازەی کە لێی دەپەیڤین ڕاشکاوتر بێ، دەبا پێکڤە ئەم تیرێژە لەم ڕوانینەی ئەو بخوێنینەوە: «ئەو قەڵەمەی کە خستە

پەنجەکانمەوە و گەرمای دەروونمی خستە سەر کاغەز لە ڕێی ئەو شێوازە (لارکردنە هی منە) و ئەو لوغەتەوە پلەیەکی پیپلکەی ڕێزی بۆ ڕەوا دیترا کە هیچ پلەی تر لە ژوورییەوە نییە.. هەروەک لەپیکاسۆ بە عەیب ناگیرێ تابلۆکانی بەلای زۆربەی هەرە زۆری ئادەمیزاد نامەفهوومە، عەیبیش لە نووسینی من ناگیرێ، یان نابێ بگیرێ کە سەخت و خەستوخۆڵە... لە ڕۆژنامەی (العراق) بۆیان گێڕامەوە گوتیان کە گوتاری (تحاور الخواطر في غمرات موت السجادي)م دەرچوو شەوی ڕۆژی دووەمی دەرچوونی کاربەدەستێکی سەفارەتی رووسی هاتبوو دانەیەک لەو ژمارەیە بکڕێت، بەڵام هیچ دانەی لێ نەمابۆوە تەنیا دانەی ئەرشیڤ نەبێ.. کابرا لەبەر ئەو دانەیە سەرلەبەری گوتارەکەی دەستنووس کردبوو.. تۆ بڵێی ئەگەر بەشێوازێکی (لارکردنە هی منە) عادەتی مەیلە و بازاڕی نووسرابایە چ ئیمکان هەبوو سەفارەتێک ئەو زەحمەتە بکێشێت!» (٩)

مەسعوود محەمەد بەو پەرۆشخۆرییە بۆ شێوازی زمانەکەی، هەم بەهای ڕەهەندی شێواز لە نووسین و ژیانی ڕۆشنبیری وێنا دەکا و هەمیش هەستی پێشبینی کردنەکەی خۆی لە فەرامۆشکردنی نووسینەکانی لەلایەن خوێنەری ئەمڕۆدا، دەلاوێنێتەوە.

بەواتایەکی ڕوونتر، کایەی شێوازاندنی هزر لەکن مەسعوود محەمەددا لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە ئەو هزرە خۆکردەی لە چڕترین دەربڕیندا ڕادەگەیەنێ: «چاکترە مرۆ بەبێ تەفسیر بژیت نەک بە تەفسیرەوە بمرێت.» (١٠)

کەچی وێڕای ئەو گرفتەش هەر خودی ئەفراندنی ئەو جوانناسی شێوازاندنەی ئاخاوتن لە بەناوەندکردن، یان بە سەرشاکردنی مرۆڤ لەکن مەسعوود محەمەددا کە توانیویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بوونایەتییە پەنهانەی کە لەم دیو زمان و کەسایەتییەکەیدا ئامادەیە ڕابکێشێ و بەمەش سەرەداوێک لەکلاڤەی بوونایەتی خۆی بداتە دەستی خوێنەر تاکو بەناو گەردوونی دەقەکانی؛ هزرینە خودکردەکەی پەلکێشی بکا. خودی ئەمەش پرسیاری گەوهەری ئەفراندن و نهێنی بوونە. سەبارەت بەوە هۆمیرۆس لەسەرەتای «ئەلیادە»یەکدا باسی ئەوە دەکا کە خوایەکان نەهامەتی بەسەر مرۆڤەکانەوە دەبارێنن بۆ ئەوەی ئەوان باسیان بکەن.

لە بۆیە خوێنەری دەقەکانی مەسعوود محەمەد دەزانن کە ئەو هەمیشە ڕەخنەی لە خەمساردی سیاسەتوان و کە هێڵی خوێنەری کورد دەگرت، کە بیر لە ڕەهەندەکانی ئەم دیو پێشهات و دەقەکان ناکەنەوە، چونکە، بەڕای ئەو، کرۆکی واتایەکان لە ئاکامی هۆکرد و ئەم دیوی شتەکاندا حەشاردراون. مەسعوود محەمەد بە ڕۆچوونەکانی بەناو خاکی شیعرە کۆزانیار ئامێزەکانی نالی، باخچەی شیعرە ڕامانشینەکانی مەحوی و شیعرە بزوێنەر و ڕاساوەکانی حاجی قادری کۆییەوە توانی هەم بۆشایی؛ پەنهانییەکانی قەدەری کورد لەم دیو شیعرەکانی ئەوان ڕۆشن بکاتەوە؛ لەئێستادا وەک فریادڕەسانێک نیشانیان بداتەوە و هەمیش جوانناسی شێوازێک لەهزرین بۆ خۆی دەستەبەر بکا. ئەو خۆ تەرخانکردنە؛ هزرینەی مەسعوود محەمەد لەو پرسیارە شەبەنگییانەی کە لەم دیو دەق، یان «شتەکان» پەنهانن، لە پەرۆشخۆری هایدگەر لە گرفتی فەلسەفە نوێباوی ڕۆژئاوا دەچێ، کە بەڕای هایدگەر هزر لەسەردەمی تەکنیکدا لەم دیوی بوونایەتی ناهزرێ و بەمەش بوونایەتی فەرامۆش کردووە.

بەم جۆرە مەسعوود محەمەد بەو ڕۆچوونەوە بەناو شیعرەکانی ئەوان، خۆشی دەکا بە شاعیرێک لە شەبەنگی ئەواندا. ئەو بەگەڕانەوە پانوپۆڕەکەی بۆ ناو گەردوونی حاجی قادری کۆیی، بەباڵێک لە ڕۆشنایی شیعر و بەباڵێکی دیکەی جوانناسی شێوازاندنی هزرەوە بەرەو ئێستا و داهاتوو دەزڤڕێتەوە و دواجاریش خۆی بەوێنای هزرڤانێکی خۆکرد، ئەو گەڕانەوەی مەسعوود محەمەد وێڕای جیاوازەکان، گەڕانەوەکەی مارتن هایدگەرمان بۆ هۆڵدرلین، تراکل بە یاد دێنێتەوە. مەسعوود محەمەد، وەک هایدگەر، پێی وابوو نالی و حاجی قادر لە کاتێکی زوودا ئەو شتانەیان وت کە ئێمە هەتا ئێستاش بە دەستیانەوە گرفتارین، یان ئەو قسانەی ئێمە تەنیا پەراوێزگەلێکن لە ڕوانینەکانی ئەوان. هەرچۆنێک بێت مەسعوود محەمەد بەم دەربڕینە، ڕۆچوونە پانوپۆڕەکانی بەناو گەردوونی حاجی قادری کۆیی چڕ دەکاتەوە و دەڵێ ئەگەر: «بەراوردییەک بکەیت لەنێوان فەلسەفەی سەربەکوردایەتییەوە لای خانی و شەرەفخانی بەتلیسی و حاجی قادری دوا پلەی ژیانی لە ئەستەمبوڵ دەبینیت خانی لەزانایی و هەستیاری خۆیەوە پەرۆش دەخوات لەنەبوونی حکومەتێکی کورد و

نارەوایی حاڵەتی ئەوتۆیی: لەوەشدا نەکەوتە سەرباری پلان دانان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بەڵام هەمیسان بەقۆناغ پێش ڕۆژگاری خۆی کەوتبۆوە. بەتلیسی لە ڕوانگەی مەسڵەحەت و دژ وەستانی بەرانبەر شیعەگەری هەوڵێکی دا... حاجی قادر لەدیوی کوردستانی ئێران هەستی سوننیگەری و دژەشیعەیی کە لە تەعەسووبی قاجارەکانەوە سواری هەستی دەبوو، قەڵەمەکەی دەبزوات، هەستەکەشی لەگەڵیدا ژیا تا ئەوەی تۆمەتی بێژووەتی دەهێنێتە ناو هەڵبەستی لەڕێی (متعەوە) کە بەلای سوونەوە حەرامە (سەیری دیوانی بکە)... {حاجی} ئەو دوو بەیتە دەنووسێ، کاتێک لەکوردستانی ئێران دەیخوێند:

**«یا ڕەب بەقەدەر حەرفی سیوطی یەک یەک**
**ڕەحمەت لە «مصنف» و لە قاریئی گەلەک**
**ئەمما عەجەم و ئەو کەسە چاپی دانا**
**بیباتە جەهەننەم بە عەذاب و بە کوتەک»**

دواتر لە ئەستەنبووڵ کەوتە سەر فکری کوردایەتی بەو شکڵەی وەها ئاشفتە کە دەیزانێت.»(١١)

ئەو بەو ڕێچوونانەی بەناو خاکی شیعرییەتی هزرینی نالی و ڕۆحی ڕاساوی حاجی قادری کۆیی، لەرینەوەیەکی هزری لەزمان، یادەوەری؛ مێژووی دەمکوتکراوی کورد دەقەومێنێ. وەلێ بەرلەوەی مەسعوود محەمەد بەو هزرینە خودگەرایە؛ خودکردەی خۆیەوە ئەو لەرینەوەیە دەرببڕێ، لەوێ خودی ئەو لەرینەوەیە لە خاکی شیعرەکانی ئەو شاعیرانەدا زایەڵەدار بوو.

بەڵێ، ئەمەیە مەرج و ئەرکی کردەی هزرڤانی خۆکردی فەرامۆشکراوی کورد؛ جوانناسی شێوازاندنی هزر. لێ پرسیار ئەوەیە: چۆن نالی و حاجی قادری کۆیی لەو ڕۆژگارەدا خاوەنی ئەو لەرینەوە، ویستگەراییە؛ ڕامانە؛ جوانناسییەی هزرین بوون؟ مەسعوود محەمەد دوای گەڕان و سووڕانێکی ئەڤینداارانە بەدوای ژیان و سەرهات و نهێنی شیعرەکانی حاجی قادرەوە، ئەوها حاجی قادرمان بۆ وێنا دەکا:«تا من دەنگ هەڵێنم لە خوێندنەوەی دەفتەری ژیانی حاجی لە غەریبی و نێو بێگانانادا دەنگم خۆ نانوێنێ لە تەک نەعرەتەی قارەمانانەی دلێرانەی پاڵەوانانەی حاجی... ژیانی حاجی لە پلەیەکی ئەوتۆی شەرافەتە قەرزدار دەکاتەوە لەمەیدانی بێ عەیبی و فیداکاری و نیشتمانپەروەریدا، گلەیی ئەوەشیان دێنێتە سەر کەوا دەیان ساڵ تێپەڕێ بە دوا خەباتی ئەودا بێ ئەوەی یەکێکی دیکەی وەک خۆی لەناو کورددا پەیدابێ و خۆ بکا بە مەشخەڵی دووەم بە دوا چراکەی حاجیدا.(١٢)

مەسعوود محەمەد بە جۆرێک پەیڤەکانی دەوەشێنێ تاکو بوار بۆ واتا ئاوەڵا بوون؛ لەرینەوە؛ ئامادەکردنی شێوازاندنی هزرین بڕەخسێنێ. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، کە مەسعوود محەمەد بەمەودا گرتن لە ڕوانگە و چەمکگەلی مارکسیزم، هەم بوارێکی بۆ خۆی ڕەخساند کە خۆی بیر بکاتەوە و هەمیش توانی بوارێک بۆ ڕەهەندە شاراوەکانی چەمکگەلێکی وەک: «تەنگ و چەڵەمە»، «پێوەندییە دیالێکتەکان»، «ماددە»... تاد بسازێنێ کە لەو پێناسەکردنە وشکەڕۆیانەی مارکسیستە نەریتگەراکان ئازاد بن.

بەم جۆرە جوانناسی شێوازاندنەکەی هزر لەکن مەسعوود محەمەد دا، چەشنە بوونایەتییەکە بۆ خۆکردن بە هزرڤانێکی خودکردی کولتووری نموونەیی. لێرەوە دەکرێ بێژین کە بەهای ئەو شێوازاندنەی هزر لەکن مەسعوود محەمەددا پێوەندی بە دووبارەکردنەوەی گوتراوەکانی پێشوو؛ لەراندنەوەی یادەوەری؛ زمان؛ مێژووەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، پەرۆشخۆری مەسعوود محەمەد بە گەڕانەوە بۆ ئەو شاعیرە ڕاساوانە بۆ ئەوە بوو تاکو هەم بەهای ئەوان لە ئێستادا دووبارە بکاتەوە و هەمیش بوونی کورد لەو خەونە بەدی نەهاتووە؛ مێردەزمەی بندەستی ڕاچڵەکێنێ. ئەو شێوازاندنەی هزر لە فەلسەفەدا، بەتایبەتیش لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا گرینگی زۆری هەیە. بۆ نموونە لای نیتشە کردەی گەڕانەوە بۆ گرێکی کۆن، جەختکردنەوەیەکە بۆ بەهای ئەو «دووبارە بوونەوەی هەتا هەتایی»ە. نیتشە لەکتێبی «لەدایکبوونی تراژیدیا»دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پلاتۆ (ئەفلاتوون) فەیلەسووفێکی شێواز تێکدەر بوو، چونکە چەندان شێوازی سامناکی تێکەڵاوی یەکتر کرد. لە کن نیتشەدا شێواز دەربڕینی مەرجەکانی بوونی نووسەرە. هەربۆیە بەلای نیتشەوە شێوازە ئۆقرە نەگرتووەکەی پلاتۆ و گۆڕینی تراژیدیا لەلایەن ئوریپیدیسەوە، سەرەتای ئاوابوونی گریکی کۆن و سەرشاری دەست پێکردنی مێژووی ڕۆژئاوایە وەک نیهیلیزمێک. بەڕای نیتشە

ڕەتکردنەوەی شێواز لای پلاتۆ دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی ئاوەزگەرایییەکەی خۆی تاکو بەدژی بوونەکەی خۆی؛ هونەرەکەی بوەستێتەوە؛ کە بەمەش ئاگایانە مەیل، جەستە، خودی ژیان ڕەت بکاتەوە.

هاوکاتیش هایدگەر لە گەڕانەوە هەمیشەییەکەی بۆ سەرچاوەی تەکنیک وەک هونەرسازی و ئامادەیی ئەو بوونایەتییە ئیدیالە لەجیهانبینی فەلسەفەی گریکیدا، بە تایبەتیش لە هونەر و جیهانبینییە فەلسەفییەکانی پارامێنیدس و هێراکلیتۆسدا، بۆ ئەوە بوو تاکو گریکی کۆن دووبارە ئامادە بکاتەوە و بەمەش ڕۆژئاوا، یان ئەڵمانیا لەو داڕمانەدا ڕزگار بکا. لە ڕوانگەی نیتشە و هایدگەرەوە لەو ڕۆژگارە تراژیدیایەی گریکدا هزرینی فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات تەنیا خەمیان ژیان، ڕۆحی دیۆنیستی بوو. لەوێدا ئەوە پارامێنیدیس و هێراکلیتۆس بوون کە هونەریان دەهێنا نەک میتافیزیک. ئەوە شیعرەکانی پارامێنیدس بوون کە بە وشە، موسیک، سەما زەویان ڕازاندەوە تاکو ئەو زەویە لەژیانی مرۆڤدا بلەرێتەوە؛ ببیسترێ. بە بڕوای نیتشە گریکییە کۆنەکان «شێوازێکی مەزن»یان هەبوو، بەم جۆرە تاکو هەموو شتە پەنهان و ئاشکرایەکان بێنە گۆ.

کاتێک ئێمە خوێندنەوە و شرۆڤەکارییەکانی مەسعوود محەمەد لەنالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی و بگرە لە بابەتە هەمەتەرزەکانی دیکەشی دەخوێنینەوە، یەکسەر زەینمان بۆ کایەکانی شێوازاندنی زمان و هزرینی ئەو دەچێ، کە ئەمەش بەنۆرەی خۆی پرسی چۆنیەتی ڕاڤەکردنمان بۆ قووت دەکاتەوە. کاکڵەی ڕاڤەکارییەکانی ئەو لە شیعرە بڕندەکانی حاجی قادری کۆیی و نالی لەوەدا بەرجەستە دەبنەوە کە لەیەک کاتدا هەم زرینگی هزرین و پێشبینییەکانی ئەوان ئامادە دەکاتەوە و هەمیش ژانەکانی ئێستای زمانی کوردی. ئەو پێی وایە کە ئەوانە زیاتربەر لەسەدەیەک نەک هەر دەرکیان بەکۆمەڵێک پەنامەکی برد، بەڵکو دەستیان خستە سەر کاکڵەی گرفتەکانی بوونی کورد، کە تا ئێستاش کورد بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. هەر بۆیە مەسعوود محەمەد لەخوێندنەوەکەی بۆ شیعرەکانی نالی سەرنجمان بۆ بەهای سەرچاوەی کولتووری خۆیەکی ڕادەکێشێ، کە هاوکاتیش نمایشکردنی دیدی مرۆڤگەرا کۆنپارێزییەکەی ئەومان بۆ جەخت دەکاتەوە: «لەم سەردەمەدا کە سەردەمی پشت لە

کەلەپوور کردنە، بەتایبەتی لەنێوان میللەتی کەساسی وەک میللەتی کورد، گەنجان وەک پەروانە لە تاریکایی ڕابردوو هەڵدێن بەرەو گەشایی ئەدەب و هونەری نەوباوی ئەورووپا، نالی قەد و قامەتی بەرزی ئەدەبەکەی لە جەرگەی صەدەی نۆزدەیەمەوە وەک فەنار بەسەر دەریای صەدەی بیستەمدا گەردەن کێل دەکات و گەشتی دەریانەوەرانی شیعر و ئەدەب بۆ تیشکە گەشەکەی ڕادەکێشێت. /.../ هەر دەڵێی خاسیەتە نەمرەکانی بەپێی بڕیاری یاسای سروشت، کە خۆشئامەدی لە هەموو هێزێکی خۆ نوێکەرەوە دەکات.. (١٣)

ئەو بە کردەکردنی ئەو ئەرکەی نووسەر توانی گەوهەری توانست و ویستگەرایی ئەوشێوازاندنەی هزرینە لە یادەوەری زمانی کوردیدا بلەرێنێتەوە و بەمەش بۆشاییەکانی ئێستای زمانی کوردیمان بەیاد بهێنێتەوە، یان ڕاچڵەکێنێ. ئەمەش لەکن مەسعوود محەمەد پەرۆشخۆری ئەو ئێتیکە جوامێرانەیە کە ئەرکی نووسەرە بەهەندی وەربگرێ. نووسەریش ئەگەر پەرۆشی ئەو ئێتیکە نەبێ، ناتوانێ خەم لە بەهای مرۆڤ و بوونی پێناسەیەکی جیاوازی نەتەوەکەی خۆیدا بخوا. وێڕای ئەمەش مەسعوود محەمەد بەئاشکراکردنی بوونی شێواز لە جەم ئەو شیعرانەدا، ئەرکە ئێتیکییەکەی، ڕۆشنبیری؛ زمانەکەی خەتم دەکا.

هاوکاتیش بە بەراوردێک لەنێوان نالی و حاجی قادری کۆییدا، سەرنجمان بۆ بەهای پێشتێنەی ئامادەیی «سروشت» لە شیعری ئەواندا ڕادەکێشێ و دەبێژێ: «لەو شیعرانە لەگەڵێ شوێنی دیکەدا نالی کە ناوی گوڵ و دار و درەخت دێنێ ئەو شاعیرە نییە لە قامووس و کتێبان ناوی دیتوون...نەخێر کابرایەکی دەشتەکی ئەوتۆیە سەدان جار دەستەی لێ بەستوون و لەسەریان نووستووە و ئەم دیو ئەم دیوی کردوون. بە ئاسانی نایەتە مێشکی بوێژەوە تەشبیهی زمان بکا بە «سووسنی تەڕ و پاراو»، یان دوو چاوی خێڵێک، یەکیان بە «نەشکوفتە و وەنەوشە» و ئەوی دییان بە «نەیلووفەڕ» دابنێ، یان بە هەموو دەسەڵات و دیققەت کارییەوە «زار و زبان و ددان و پووک» بکا بە وێنەی ناو ئاوێنە کە لە غونچەیەکی شەونم لێ نیشتوو دووبارە ببێتەوە. «کەچی، بەڕای مەسعوود محەمەد» ئەو زاهیرەیەی «نباتی» بە هەردوو ڕووی «چەند و چۆن»یەوە لە دیوانی حاجی قادردا خۆ

نانوێنێ. بەڵێ گوڵ و گیا و میوە و دەشت و دەر لە شیعری هەموو شاعیرێکدا هەیە، بەڵام هەبوونی تێ هەڵەنگووتن، یان بەدوادا گەڕان و خۆ پێوە ماندوو کردن یەکجار جیاوازە لە هەبوونی «زگماک»ێکی ئاسایی کە دەڵێی پارچەیەکە لە سروشت و دەروونی شاعیر.» لێ بەدیدی مەسعوود محەمەد ئەو جیاوازیانە لەوەوە هاتوون کە ڕەنگە: «... حاجی بە ساوایی، یان لەسەرەتای منداڵیدا لەلادێی ڕانەبواردبێ..» (١٤)

هەڵبەت لێرەدا ڕەنگە خوێنەر لە دوو توێی ئەم وتارەدا چاوەڕێی ئەوە بێ کە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ڕەهەندی ئەو شێوازەی کە پرسیاری بابەتەکەی ئێمەیە بخوێنێتەوە. لە بۆیە ئێمە ناچارین ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنینەوە کە شێواز ئەو چەمکەیە کە لە پێناسەیەکدا کەمۆ ناکرێ: هەروەک بۆ نموونە، گەوهەری مرۆڤ، ئەڤین لە پێناسەکردنێکدا بەرجەستە ناکرێن. کەواتە گەوهەری شێوازەکەی مەسعوود محەمەد لەم تێهزرینەی ئەو بۆ مرۆڤ چڕ دەبێتەوە: «پەرۆش و خەفەتم بۆ سوور بوونی فەیلەسووفان لەدانەوەی «هۆ-ی ڕووداو» بۆحاڵوباری سوود و ماددە، یەکە و هەر لە نادروستی فکرەکەوە دێت، کە من هەموو دەم گوتوومە، نە حاڵوبار و نە بەرژەوەند و نە ماددیات لە کۆمەڵایەتی و مێژوودا وجودی دەبێت بێ مرۆ..» (١٥)

بەکورتی «مرۆڤ» لای مەسعوود محەمەد هۆ و هۆکردە. لێرەدا بوارمان نییە لەوە زیاتر بە دوای گرفتەکانی ئەو بەناوەندکردنەی مرۆڤ لە جیهانبینی مەسعوود محەمەددا شۆڕ ببینەوە.

ئیدی شێوازی مەسعوود محەمەد لەوەدا خۆکردە کە ئەو لە گەردوونی شێوازی «ئەوانی دیکە»دا کە بە ڕاڤەکردنێک لە خودگەرایی، کڵافەی بوونی کوردی تاووتوی دەکا و بەمەش خۆی دەکا بە شاعیرێک؛ ڕووناکبیرێکی خودان شێواز؛ شێوازێکی چێژ نەکراو. هاوکاتیش شێوازی «ئەوانی دیکە»ش پێناسە دەکا. کەواتە تاکو لە ڕەهەندی ئەو شێوازاندنە لە نووسینی مەسعوود محەمەددا دڵنیا بین، دەبێ گوێ لە خودی ئەو بگرین: «لایەنی مەتانەت و هێزی نووسینەکان و قەشەنگی تەعبیر پاسەپۆرتی بێ دەمەتەقەی هێرشە بێوچانەکەی سەر دیکتاتۆریەتیم بوون... هەر ئەو شێوازە دەگمەنە بوو سەرجەمی ئەدیب و مامۆستاکانی عەرەبی عێراقی هێنایە سەر دانهێنانی پاتەوپاتی و بێ زمان گرتن بەرابەرایەتی ئەو نووسینانە.. وا بە ڕاشکاوی لەقەبی «مفکر» بۆ کاکە مەسعوود ڕەوا دەبینن.. ئاپۆرەی خوێندەواری شلک و خەڵقی کووچە و بازاڕ ئەگەر بشخوێننەوە (کە زۆربەیان نەخوێندەوار نین) باشترە بۆ خۆیان و خەڵقیش کە هەر تێی نەگەن، چونکە بێگومان تێگەیشتنیان بەرەواژوو دەبێت... خوێندەواری خاوەن شەهادەی بەرزی ئەورووپا بە گەشە گەشەی ڕوویەوە ڕەزامەندی خۆی لە نووسینەکانم دەردەبڕی کە گۆیا فلانە شەکرم شکاندووە، فیسار مەتەڵی فیکریم هەڵهێناوە: پێم گوت فلان، چی تێی گەیشتووی ئاوەژووی بکەوە ئەوجا ئەوە دەردەچێ کە گوتوومە.. نووسینەکەشم کوردی بوو!» (١٦)

بەڵێ، مەسعوود محەمەد لە ڕاڤەکارییەکانیدا پرسیارە کولتوورییەکان بە گشتی و بە تایبەتیش لەڕاڤەکردنەکانی بۆ شیعری نالی و حاجی و مەحوی، ئەڤینداریکە سەری خۆی بەدوای پێناسەیەکی ئەڤینداریی‌یەکەی خۆی هەڵگرتووە، لێ لە کانگای ئەو سەرهەڵگرتنە؛ ڕۆچوونە پانوپۆڕەدا نەک هەر بەو مرازە ناگا، بەڵکو پێناسەی ئەو ئەڤینە پەنامەک ئامێزتر دەکا. هەر ئەمەشە وامان لێدەکا بە ژارەیەک لە ئەڤین یادێک لە مەسعوود محەمەد بکەینەوە و هەمیش خەمێک لە ڕازاندنەوەی ماڵی زمانەکەمان بخۆین.

کەواتە ڕەنگە هۆیەکی دیکەی پشتگوێ خستن و قورقەپیکردن لەسەفەری زمانەکەی مەسعوود محەمەد پێوەندی بەو ئاکارە ئێتیکییە؛ ڕوانگە کۆنپاریزی؛ هەستە دڵسۆزەی مەسعوود محەمەدەوە هەبێ. ڕۆشنکردنەوەی ئەو گومانەمان بۆ خوێنەری هی دڵی بەجێ دەهێڵین. وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەندەی من تێبگەم، لە کن مەسعوود محەمەددا، زمان و ئەڤین یەک گەوهەریان هەیە: خۆکردن بە شێوازێکی خۆکرد؛ ئەڤینداریکی زمان نموونەیی؛ دروستکردنی زرینگانەوەیەکە لە گەردوونی بوون؛ مرۆڤی کورد کە نادیارە. مەبەست لە خودی دەستەواژەی شێواز تەنیا ئێشکردن نییە لە ڕاڤەکردنی مانای چەمک بەڵگەکان، بەڵکو ئێشکردنیشە لە کردەی دەقدا لەشێوازدا. بەم جۆرە شێواز لەکن مەسعوود محەمەد لەواتایەکدا دەستەبەر ناکرێتەوە، بەڵکو لە دۆزینەوەی ئەو ڕەهەندانە بەرجەستە

دەبێتەوە کە هەمیشە زیندوو و کاران، یان نەبینراو و نەگوتراون. دۆزینەوە و ئاوەدانکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو زمان و ژیانی کوردی لە جوانناسی شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرددا بە کردەی وەرگرتن و بەخشین؛ لە وەرگرتنی ئەو رمە لە دەستی ئەوانەی کە پێشتر هاوێژتوویانە و هاوێژانەوەی ئەو رمە بەرەو پێشەوە، بەرجەستە دەبێتەوە. لەو روانگەیەوە خوێنەر بەدەم خوێندنەوەی دەقەکانی مەسعوود محەمەدەوە، دەبێ نەک هەر بە ئاوەزێکی بێلایەن رەخنەی لێ بگرێ؛ ئەو بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵکو دەبێ لە دانەپەیڤەکانیشی وردبیتەوە و پرسیار بکا.

دەبا ئەو پێناسەکردنەی ئەو لە گرفتی قەدەری کورد بخوێنینەوە کە بەڕای ئێمە، رەنگە بەدەگمەن هزری کوردی دوای ئەو توانیبێتی هێندە بەقووڵی مینا هزرێکی ئەوها بوەشێنێ: «لەهیچ رووێکەوە هەڵکەوتی مادی کورد زەرف و سەرچاوەی ئەو «زانست و مەعنا»یە نەبوو. ئیمکانیش نەبووە ببێ بەو زەرف و سەرچاوەیە. ئەم دیمەنەی لەیەک نەچوونی بوونی «مادی» و بوونی «مەعنەوی و زانسی» کورد هەرچی راستە حیسابێکی لێکدانەوەی مادی هەیە لە بەستنەوەی «فکر» بەمادەوە دەکا بەکارێکی خەیاڵی ئەفسانەیی. نیسبەتی رۆشنبیری و زانست و «معنی»ی کوردەواری لەگەڵ میللەتی کورد و خاکی کوردستان وەک نیسبەتی مێوان وایە لەگەڵ ئەو قۆناغەی لێی دابەزیوە.» (١٧) هەڵبەت شریتەی ئەو بیرۆکە لە کتێبەکەی حاجی قادری کۆیی مەسعوود محەمەددا پەلوپۆدارە، لێ لێرەدا تاووتووکردنی ئەو هەموو لق و پۆپە، لە رەوتی سەفەرەکەمان هەڵەتە دەکا.

کەواتە لەوە بترازێین، بەڵام ئێمە بۆ کردنەوەی کلافەی ئەو بیرۆکەوە، دەبێ لە رەهەندە کولتوورییەکانی ئەو پەیڤگەلەش بهزرین کە ئەو لە رۆچوون بەناو ناوکۆیی، کۆنتێکستی کولتووری کوردیدا جەختیان دەکاتەوە.

لێرەوە حەز دەکەم ئەوە بە یادی زمانی کوردی بهێنینەوە، دەکرێ ئەو پاشەگەردانییە خەمهێنەرەی کە ئەمرۆ زمانی کوردی ئاراستە دەکا، پێوەندی بەو «ئیمکانی نەبوونەی زەرف و سەرچاوەیە» و نەبوونی «فکرە»وە هەبێ. لە ئاکامی ئەمەشدا خوێنەر و نووسەری کورد ئاوێزانی «خەیاڵی ئەفسانەیی» بن و بەلای ئەو تەرزە دەقانەوە نەچن کە هەڵگری خەمی جوانناسی شێوازاندنی هزرن. کەواتە بەواتای مەسعوود محەمەد ئەو دۆخە رۆشنبیرییەی ئەمرۆمان زادەی ئەو «هەڵکەوتی مادی»یەیە کە نەیتوانیوە «زانست و مەعنا» بەرهەم بهێنێ، کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ رەوشی خودی مرۆڤی کورد، نەک «زانست و مەعنا». بەم جۆرە لەژێر رکێفی مەرحەمەتی رێسایەکانی ئەو پاشەگەردانییە بە هەرمێنەشدا، کە شانی خۆی لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا داکوتاوە، دەمراستەکانی ئەمرۆی رۆشنبیری کوردی نەک هەر خەمێک لە ئاکامەکانی ئەو مەیلە لە سادەکردنەوەی زمان و خوێندنەوە ناخۆن، بەڵکو بە «سولحە عەشایر»ییەکانی پاساویش بۆ ئەو دۆخە داهێزراوەی رۆشنبیری کوردی دەهێننەوە. لە ئاکامی ئەمەدا ئەگەر نووسەرێک بە جوانناسییەک لەزمان دەقێکی کەمێک درێژ بنووسێ، دەبێتە نووسەرێکی خوێنتاڵ. لەوەش بترازێ، بۆ ئەوەی ئەو نووسەر و خوێنەرە کەهێڵەی ئەمرۆ لێت بێزار نەبن، دەبێ نووسینەکەت لە زمانێکی رووتەڵەی رۆژنامەییدا لەیەک دوو لاپەرەدا تێپەڕ نەکا.

کەواتە لێرەدا، بە دەست پێوەگرتنێک لە رێزگرتنی دەقە جوانەکانی ئەمرۆی کوردی، لەو رۆژگارەی کە ئەرکی زار و زمانی کوردی بۆتە گوتنەوەی بێ ئامانی قسەیەکی سەرگێژکەری وەک «گەندەڵی»، دەکرێ بە هەڵێنجان، یان چنینەوەی تیرۆژێک لە هزری مەسعوود محەمەدەوە، زمانی ئەو ئەدەبە باوەی ئەمرۆ بە ئەدەبی گەندەڵی ناودێر بکەین، چونکە لەرۆشنبیری کوردی ئەمرۆدا، ئەوە جوانناسی رەخنە و هەبوونی داهێنان نین کە ئەو دەق و خوێندنەوانە بە «داهێنان» و «رەخنە» ناودێر دەکەن، بەڵکو خزمایەتی، هاورێیایەتی و مجێزەکانی شەخسین. ئەم ئەدەبە وەک وێنایەک لەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ژیانی کوردی بێ بەها کردووە، لەسەر بنەمای پێرو وا بەستەییدا دامەزراوە. بەم جۆرە دەمراستەکانی ئەم ئەدەبە لە رێگای قۆرخکردنی گۆڤار و وەشاندنەکاندا، هەموو وزەیەکی زیندوویان لەزمانی کوردیدا پەراوێز کردووە. هاوکاتیش ئەو ئەدەبە گەندەڵە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە وەرگرتن و لە چاوکردنەوەی چەند شاعیرێکی فارس و عارەب و بیانی بوو بە واتای داهێنان. کارەساتیش لەوەدایە کە دەمراستەکانی ئەمرۆی زمان و رەخنەی کوردی، ئەو

نووسەر، شاعیر و ڕۆماننووسە گەندەڵانەش بە «داهێنەر و مەزن»، یان نەوەیەک کە لە ڕۆشنبیری کوردی نموونەیان نەبووە ناودێر دەکەن. بەم جۆرە زمانی ئەو ئەدەبە، لە دۆخە پاشکۆیی و لاساییکارەکەیدا نەک هەر چێژی شیعرییەتی ڕوانین؛ جوانناسی لەگوتنی پەنەماکی شێلووکردووە، بەڵکو گوتنە جیاوازەکانی زمانیشی پەراوێز کردووە. لەوەش زیاتر، زمانی لێکچووی ئەو ئەدەبە نەک هەر توانای خوێندنەوەی خودی خۆشی نییە، بەڵکو بەهای خوێندنەوەشی ئیفلیج کردووە. بە کورتی ئەو ئەدەبە نەک هەر بەدوای دۆزینەوەی ئاسۆیەک نییە تاکو دابڕانێک لەو دۆخە گەندەڵییە دروست بکا کە زمانی کوردی؛ بوونی کوردی سیخناخ کردووە، بەڵکو خۆی دیوێکی تری ئەو گەندەڵییەیە. هەربۆیە زمانی ئەو ئەدەبەی ئەمڕۆ، کتومت وەک زمانی ئەو دۆخە، گەندەڵە، بە پۆشینی ئەو چەمک و کەرەسە باوانەی کە لە دەرەوەی زمانەکەی خۆی بەرهەم هاتوون، بانگەشەی ئەدەبێکی نوێ دەکا، کە ئەمەش جۆرێکە لەو زانیارە چەواشەکارانەی کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەهەرمێنن. بەواتایەکی سادەتر، وێنای ئەو ئەدەبە گەندەڵەی ئەمڕۆ، هەروەک زمانی حیکایەتاندنی پرسە نەتەوایەتییەکان، بریتییە لە حیکایەتاندنی بابەتگەلێکی وەک عەشق، یان «یار»ێکی میتافیزیکی لەزمانێکی بێ چێژ، وێنەگەلێکی سواو و خەیاڵێکی خاودا هەڵبەت ئەو عەشقە لە ژیانی کوردیدا هەرگیز ئەوها وەک ئەمڕۆ ڕیسوا نەکراوە، لەوەش بترازێین کە کوردیش پێشتر هەرگیز وەک ئێستای قەسابخانەی بۆ کچ دانەناوە.

بە کورتی زمانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی، ئامانجی جوانناسی پەنهانییەکانی بوون و خودی زمان نییە، بەڵکو زمانێکی کەرەسەییە و لە خەمی پێرپازی و خۆ دابڕان لە کۆی یەکایەتی زمان، بوونی کوردی دایە. کاتێکیش ئەرکی زمان بوو بە حیکایەتاندنی ژیان و داهێنان، ئیدی لەو کۆمەڵگایەدا هیچ شتێک بەهای نامێنێ. بە هەمەحاڵ شرۆڤە کردنی ئەم بابەتە ئەرکی ئەم نووسینە نییە، بۆیە بۆ «ڕەخنەگر»ەکانی ئەدەبی کوردی بەجێ دەهێڵێن.

ئەو جوانناسی شێواندنەی هزر لەکن مەسعوود محەمەد بریتی نییە لە ڕاڤەکردنی چەمک و ماناکان، بەڵکو بریتییە لە چەشنە چەکێک، بە دەقکردنی خود و دەقگەراییەک. لە جەم ئەو، شێواز وەک کردەیەک لەپرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن؛ گفتوگۆیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەو شێوازە بەدەم ئەو گفتوگۆکردن، یان ئاڵوگۆڕکردنەوە، واتایەک؛ نەگوتراوێک ئاشکرا دەکا، کە ئەمەش وا لە چەمک و مانایەکانی دەکا کایە بەخش بن. هەڵبەت خودی مەسعوود محەمەد لە دوو توێی کتێبی «پەرژینی بێدەنگی»دا ڕۆشناییەک دەخاتە سەر ئەو ئەرکەی شێواز کە ئێمە لەهەوڵی ڕاڤەکردنیداین. کەواتە گەلۆ دەبێ بە کام شێواز لە مەسعوود محەمەد نزیک بینەوە؟ بە کام شێوازیش جوانناسی شێوازاندنی هزر لە دەقەکانیدا بخوێنینەوە؟ ڕاستییەکەی بۆ ئەوەی لە خودی ئەو نزیک بینەوە، دەبێ چەند جار دەقەکانی بخوێنینەوە، هاوکاتیش بۆ ئەوەی لە خودی خۆشی نزیک بینەوە، دەبێ چەند جار ئەو بخوێنینەوە، چونکە دەقەکانی مەسعوود محەمەد گەردوونێک لەو پرینسیپ و هەڵوێستانەی کە لەژیاندا بە ئەزموونی کردن. لەبۆیە خودی مەسعوود و دەقەکانی ئاوێنەیەکی دوو دیون.

مەسعوود محەمەد لە نووسینەکاندا وەک تەلارسازێک تەلارێک بە زمان دەسازێنێ. لەبۆیە لەکاتی خوێندنەوەدا دەبێ بەووردی دیقەت لەهونەی ئەو وردەکاریانە بدەین کە چۆن بەهۆنینەوەی پەیڤەکانی هارمۆنیایەک لەنێوان جیاوازییەکانی بەژن و باڵا و ڕوخساری ئەو تەلارە دروست دەکا. لێرەدا بوارمان نییە بەشێک لەو هونەری تەلارسازییە لە بەشێکی دەقەکانیدا نمایش بکەین. لێ خوێنەر بەدەم خوێندنەوەی ئەو نووسینەوە ڕەنگە ساتمە لەو کۆپلانەی مەسعوود محەمەد بکا، کە لەوێدا دەتوانێ تاوێک بۆ سەرنجدان لەو هونەری تەلارسازییەی ئەو تەرخان بکا، کە بەکردەی ئاڵوگۆڕی نێوان پەیڤەکانی دەیسازێنێ. خودی مەسعوود محەمەد لە مەڕ کایەی شێوازی ئاخاوتنەکەی خۆیەوە بەشرۆڤە کردنی کۆپلەیەک لەکتێبەکەی «لە پەرۆشەکانی ژیان»دا، ئەوها دەبێژێ: «ئەگەر «باطل»ی درۆ نەپووچێنینەوە و بەڵگەکانی بە درۆ نەخەینەوە نیوەی هێزی «حق»ت پەک خستووە، چونکە پووچاندنەوەی باتڵ برینی نیوەی ڕێگەیە بەرەو تەواو بە دەستەوەدنی بەڵگەکان... ئەو دوو دێرە [مەبەستی لەدوو دێری نووسینەکەی خۆیەتی] فەرقێکی نییە لەگەڵ وێنە، یان پەیکەری هونەراوی کە لێ زیاد کردن و کەم

کردنەوەی نرخی پێوە ناهێڵێ.» (١٨)

بەکورتی ئەو دەخوازێ مەودایەک لەو گفتوگۆیە زمان ڕووکەش و سۆز ئامێزانە وەربگرێ، تاکو بەرۆچوونێک بەناو خودی سەرچاوەکانەوە پرسیار و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگارەکەی گەمارۆ بدا. بە واتایەکی دیکە بەکردەی جوانناسی شێوازاندنی زمانەکەیەوە هەوڵی دا خۆی و بەرهەمەکانی نەبنە دیاردەیەک لەجەماوەراندن، کە خەمی سەرەکی زۆرینەی نووسەرە سیاسەتێنراوەکانی کوردە. ئا ئەمەش لە ڕابردوو و داهاتووشدا ئەرکی نووسین و نووسەری داهێنەر بووە و دەبێ. خودی مەسعوود محەمەد لەمیانەی ئاخاوتنەکانیدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو بۆ جەماوەر نانووسێ. ئەوەتا دەڵێ: «من لەسەرەتاوە بڕیارم دا ڕووی وتووێژم لەگەڵ ڕێزی هەرە هەرە پێشەوەی ڕۆشنبیر و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی... من لە تەبیاتمدا ئەسیری چەند بنەمایەکی بنەڕەتیم و لەو بیروڕایی بە نیازی هێنانی قەناعەتی بیسەر و خوێنەر وەدەریان دەنێم: یەکەمیان دەست خاوێنی و نیازپاکی. دووەمیان: ڕوون کردنەوەی بابەت تا ڕادەی کوشتنی کرمی گومان لەدڵی مرۆی حەق سەلێندا. سێیەمیان: تێخوێندنەوەی عوزری کەسانێکی بە نیاز پاکەوە هەڵە دەکەن و بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن و بۆی دەبن بە دەرویش بە مەرجێک زۆر لە خەڵق نەکەن بە زەبری کوتەک، یان چاو زەق لێ کردنەوە هەست و نەستیان بخەسێنن تا ئەوەی لە ئاست ئەو دەستدرێژیەدا گوتوومە و نووسیومە: مرۆڤ بە ئازادی هەڵە بکات بەشەرەفترە لەوەی بکرێتە عەبدی سوخرەکێشی حەقیقەت...» (١٨)

لێ ئەو زۆرجار لە ڕێڕەوی سەفەری نووسینەکانیدا ئاماژە بە ڕەهەندی «حەقیقەت» دەکا کە زمانەکەی ناتوانێ هەموو ئەو «حەقیقەت»انەی کە ئەو دەرکیان دەکا دەرببڕێت. لە دیدی مەسعوود محەمەدەوە هەندێک «حەقیقەت» بەدەق ناکرێن. ڕەنگە ئەمەش هۆکردێک بێ کەوا لە نووسەرێکی هی دڵی؛ خاوەن پڕۆژەیەکی هزری، یان داهێنان بکا لاتەریکی و تەنیایی هەڵبژێرێ. مەسعوود محەمەد بەم جۆرە گۆشەگیرییەکەی خۆیمان بۆ وێنا دەکا: «... من لە گۆشەی گۆشەگیری پڕ لە تەوازوعمەوە لە ماوەی ٤٠- ٥٠ ساڵدا، خەریتەیەکی هەمەگیری جیهانی ماددی و حەیوانی و ئینسانیم پێک هێناوە لەهیچ یەکێک لەناوەڕۆکەکانی جێگە بە جیرانە دوور و نزیکەکەی لەق ناکا... بەڵێ بەتاڵی شتی نەزانراو لەو خەریتەیەدا هەیە، بەڵام بە بەریانەوە هەیە جێگەی هەموو ڕاستییەکی تازە دۆزراوەی زانسی سەردەم لەو خەریتەیەدا بکەنەوە و بایی خۆیان لەو بەتاڵاییەدا پڕ بکەنەوە..» (١٩) بەم جۆرە ئەو لەم لاتەریکییەدا هەوڵی دا پەنامەکی بەشێک لەو «حەقیقەت»ە زانراوانە لەجوانناسی شێوازاندنی زمانەکەیدا بە گۆ بێنێ، بەرجەستەیان بکاتەوە و هاوکاتیش بەو کارە شێوازەکەی زیاتر بخەملێنێ، بەمەش هەمیشە، بەڵام لاتەریک، لەیادەوەری زمانەکەیدا بژی.

بەڵێ، وتووێژەکانی ئەو لەگەڵ نالی و حاجی قادر و ئەوانی دیکەدا کتومت ئاوێنەبوونەوەی ئەو تێگەیشتنەی خۆیەتی لە بەهای «حەقیقەت»ەکانی زمان و خودی نووسەری «حەقیقی»یش. مەسعوود محەمەد خواستی بە خوێندنەوەی ئەو شاعیرانە، وێنایەک لەجوانناسی شێوازاندنی زمانەکەی؛ ناسنامەیەکی جیاواز بۆ بوونی کوردی ڕابگەیەنێ. لێ ئەو دەیزانی کە فەرامۆشکردنی ئەو لەلایەن هاوزمانەکەیەوە، بەشێکە لەو قەدەرە هەژندەی کورد، کە ئەو تا لەژیانیدا بوو پەرۆشی ئەوە بوو کە بە زمانەکەی، دابڕانێک لەو قەدەرە دروست بکا، کەچی بەحەسرەتی ئەوەوە سەری نایەوە.

لەکۆتاییدا جارێکی دیکەش پرسیاری جوانناسی شێوازاندنی هزر قووت دەبێتەوە. بەڵێ، ئێمە لە میانەی ئاخاوتنەکانی ئەم گفتوگۆیە؛ سەفەرەماندا بەناو گەردوونی مەسعوود محەمەدەوە، وتمان مەسعوود محەمەد دەخوازێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بوونایەتییە پەنهانەی کە لەم دیو زمان و کەسایەتییەکەیدا ئامادەیە، ڕابکێشێ و بەمەش سەرەداوێک لە کلافەی بوونایەتی بداتە دەستی خوێنەر تاکو بەناو گەردوونی دەقەکانی؛ هزرینە خۆکردەکەیەوە پەلکێشی بکا. خودی ئەمەش پرسیاری گەوهەری ئەفراندن و نهێنی بوونە.

لە بۆیە ئێمەش لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە ئەو سەرە داوە لە بیرۆکەکەمان؛ جوانناسی شێوازاندنی هزر لەکن مەسعوود محەمەددا بدەینە دەستی خوێنەر. لەوەشدا پەرۆشی ئەو نووسینە بەخشینی ئاکامگیرییەکی حازر بەدەست نییە بەخوێنەر، بەڵکو پەرۆشی ئەو نووسینە ئەوەیە کە خوێنەر تا دەروازە، یان ناخی ئەو گەردوونە تووناوتوونەی زمانەکەی مەسعوود محەمەد داوەت بکا و

وێجا لەوێدا لە دووڕیانێکی ڕاڕەوەکانی ئەو گەردوونەدا خوێنەر دەتوانێ بە مەیلی خۆی ئاقارێکی تری بەرەو ڕۆچوون بەناو ئەو گەردوونە، یان دەرچوون لێی هەڵبژێرێ؛ بە خۆی بیر بکاتەوە. ئاخۆ ئەمەش چەشنە پەرۆشخۆرییەک نییە بۆ جوانناسی شێوازاندنی خوێنەوە؟ گەلۆ ئەو نووسینە ئەو ئەرکەی ڕاپەڕاندووە؟

دواجار دەخوازم بە تەمیانێک لەزمان بێژم کە تا ئەمڕۆش دەقگەلێکی ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەگەلێکی زانستی نوێتر و بەهادارتر لەدوای دەقگەلە ڕەخنەییە هزرپۆش و هەڵکۆڵینە زمانەوانییە زانستییەکانی مەسعوود محەمەد لەماڵی زمانی کوردیدا لەدایک نەبووە. هەروا، ئەوەندەی خەیاڵمان بڕ بکا، تا ئێستاش زمانی کوردی نەیتوانیوە چەند نووسەر و سیاسەتوانێکی بێلایەن لەوێنەی کەسایەتییە ڕاستبێژ و هەڵوێست نەگۆڕەکەی مەسعوود محەمەد بەرهەم بهێنێ. کەواتە دوای مەسعوود محەمەد هیچ گوتراوێکی نوێ، بەتایبەتی لەئاستی ڕەخنە و هزردا، لەژێر ئاسمانی زمانی کوردیدا لەئارادا نییە.

ماوەتەوە بڵێین کە ئاستەنگی بوونە هاوسەفەر لەگەڵ زمانی مەسعوود محەمەددا لەوەدایە، بە دیوێکەوە بەجوانناسی شێوازاندنی ئەزموونی هزرینەکەیەوە، بەناو ئاخاوتنە بازنەییە بەڵگەدارییەکەیەوە میوانداریت دەکا، کە بوونی منی هاوسەفەر؛ خوێنەر لەبری ئەوەی بتوانێ مەودایەک؛ کەلێنێک؛ دەریچەیەک بۆ ڕوانینێکی جیاواز بدۆزێتەوە، کەچی دەبێتە دۆستێکی هۆگری ئەو، بەدیوێکی دیکەوە، ئامادەیی ویستگەرایی شێوازی ئەو ئاخاوتنە بازنەییە بەڵگەدارەی ئەو بۆ بەسەرچاوە کردنی بەهای مرۆڤ و ڕۆڤگەرایی، مەودایەک؛ کەلێنێک؛ دەریچەیەک بۆ گومانکردن ناهێڵێتەوە. ئەمەش تووشی تاسەگیری؛ بێدەنگ بوونت دەکا. بەم جۆرە ڕەنگە هەندێک جار تۆی هاوسەفەر، خوێنەر بەدەم ئەم نیگەرانییەوە لەنێوان دووڕیانی ئەو دۆستایەتییە هۆگرە و تاسەگیرییەدا، یان لێی جیا ببیتەوە و یانیش لە بێدەنگیدا یادی بکەیتەوە.

لێرەوە، بەبڕوای من، ڕەنگە خودی ئەو شێوازە باڵادەستەی مەسعوود محەمەد، یەکێک لەو هۆکردانە بێ کە وای لەو خوێنەر و ڕەخنەگرە بە سەلیقانەی ئەمڕۆی کورد کردووە،- کە هەتا حەز بکەی دەگمەن-، نەخوازن ڕەخنە لە دەقەکانی ئەو بگرن، یان بیخوێننەوە. بەم جۆرە وەک لای نووسەری کورد باوە، ڕەنگە کاتێک بە ڕێککەوت لە ڕەوشێکدا ناوی دەهێنرێت، هەندێک لەو خوێنەرانە بەدەم باسە سەر زارەکییەکانەوە یادی بکەنەوە. لێ بەڵێ ئەمە بابەتێکی دیکەیە.

**ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە**
**بەمەرگی تۆ، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی»**
نالی

**«ڕاستییەکەی ئەگەر بە عەقڵییەتی بژی بڕمێ کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە، هەر خۆی کوردەکە، لەجیاتی ئازەری و ئێران و نازانم کێوە، دەماری خۆی دەردەکێشێت و دەمارەکەش دەکاتە تەقەڵی دەروومانی ئەو کفنەی خۆی بە بەژنی خۆی هەڵبڕیوە... دەڵێن قانوون پارێزگاری ئەحمەق ناکات، ئەشەدوبیللا فریشتەش حەقی نییە پەرۆشی بابایەکی هەبێت کە لکەدارێک دەبڕێتەوە خۆی دوو لینگانەی پێدا شۆڕ کردۆتەوە...»**

**مەسعوود محەمەد، پەرژینی بێدەنگی ل: ٢٨**

**٢٠٠٧ ستۆکهۆلم/ سوێد**

**پەراوێز و ژێدەرەکان:**

**(*) ئەو ناونیشانە ئیحای لە «زڕەخەون لە تەمومژ بەدەوری «مەحوی» تۆقەڵەوە» وەرگرتووە، کە ناونیشانی وتارێکی مەسعوود محەمەدە دەرهەق بە مەحوی.**

**١- مەسعوود محەمەد، «لە پەرۆشەکانی ژیان»، ستۆکهۆلم، ١٩٩٢، ل١٩٧.**

**(**) هانس لارشۆن لەساڵی ١٨٦٢ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە. لە زانستگای لوند، پرۆفیسۆر بوو. یەکێک بوو لە دەمڕاستەکانی ئاکادیمیای سوێد، لارشۆن نووسەرێکی فرە بوار بوو: وێڕای ڕۆمان، وتار، خاوەن زیاتر لە ٣٠ کتێبی هزر و فەلسەفەدا بوو. لارشۆن هزرڤانێکی کولتووری و هومانیستێکی کۆنپارێز بوو. ئەو بە دەسترەنگینی لە نووسین و ئاکارە چاکەکانیەوە بوو بە ڕێبەرێک بۆ زۆرینەی نووسەرانی سوێد.**

هەربۆیە لەناوەندی ڕۆشنبیری سوێددا بە «هانسی زانا» ناسرا بوو.

(***) بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە هەڵوێست و ڕەخنەی نووسەرە ئاکادیمییە چەپڕۆیەکان سەیری کتێبەکەی ئۆسکار ئۆلسۆن لەژێر ناوی «Den potiska tankare- Hans Larsson»، ساڵی ١٩٥١.

٢- مەسعوود محەمەد، «پەرژینی بێدەنگی»، گفتوگۆی هەڵۆ بەرزنجەیی، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوێد- کوردستان، ١٩٩٦، ل٨١.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٤٠.

٤- مەسعوود محەمەد، «لە پەرۆشەکانی ژیان»، ل٤٣.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٤٠ و ٤١.

٦- مەسعوود محەمەد، «حاجی قادری کۆیی»، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٣، ل١٣.شایەنی باسە ئەو وتانە و وتەکانی دیکەمان لە سایتی ئینتەرنێت بەناوی «مەسعوود محەمەد» وەرگرتووە.

٧- «پەرژینی بێدەنگی»، ل٥٧.

٨- مەسعوود محەمەد، «لە ئاوی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک»، گۆڤاری کاروان ژمارە ١٩، ١٩٨٤ساڵی، ل٤٠ ئەم وتەیەمان لە سایتی ئینتەرنێتی «مەسعوود محەمەد» وەرگرتووە.

٩- «پەرژینی بێدەنگی»، ل٨٧ و ٨٨.

١٠- «لە پەرۆشەکانی ژیان»، ل١٤٦.

١١- «پەرژینی بێدەنگی»، ل٤١.

١٢- مەسعوود محەمەد، «حاجی قادری کۆیی»، بەرگی یەکەم، ل٩١.

١٣- مەسعوود محەمەد، «چەپکێک لە گوڵزاری نالی»، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل٧. لە سایتی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

١٤- مەسعوود محەمەد، «مرۆڤ و دەروبەر»، بەشی یەکەم، چاپی کتێبی هەرزان، ساڵی ٢٠٠٠، سوێد، ل١١-١٢.

١٥- مەسعوود محەمەد، «لە پەرۆشەکانی ژیان»، کتێبی هەرزان، ساڵی ١٩٩٧، ل٤٢.

١٦- «پەرژینی بێدەنگی»، گفتوگۆی هەڵۆ بەرزنجەیی، ساڵی ١٩٩٦، ل٨٦.

١٧- مەسعوود محەمەد، «حاجی قادری کۆیی»، بەرگی یەکەم، ل١٠٧.

١٨- «پەرژینی بێدەنگی»، ل٨٥.

١٩- هەمان سەرچاوە، ل٨٩ و ٩٠.

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

# هەندەسەی پەیڤ لە شیعری شێت-دا

«خوێندنەوەیەکی شیعرەکانی یوونس ڕەزایی»

ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

(٢ – ٢)

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، من چەند دەنگی بوونی دەق، هەروەکو کەسایەتی دان بە وشە و فرەلایەن دیتنی ئەو کەسایەتیە بە خەسڵەتی شیعری شێت دەزانم، چونکە کۆمەڵەی دەقەکانی شیعری شێت، بەگشتی خاوەنی مەوجوودیەتێکی زمانین و ئەو دەقانە وەک هەموو بوونەوەرە زمانییەکانی تر، خاوەنی چەشنە هەڵسوکەوتێکن، کە بەشێک لەنیزامی ئەو هەڵسوکەوتە دەکەوێتە دەرەوەی جەغزی ویست و داخوازی و ئاگادارییەکانی داهێنەرەکەی.

(٧)

**«من هەروا لەچاوتا- من هەروا»**
**سەرسووڕمانی حەقیقەت و دارژانی بزە (١)**
**دادەڕژێ سەرسوڕمان وەک بزە (٢)**
**دەبارم وەک ترس لە لەشتا (٣)**
**لەچاوتا من نم نم (٤)**
**وەک سەرسوڕمانی خۆم (٥)**
**ئەوکاتەی دەستی تۆ (٦)**
**ئارامی ئوقیانووس بۆ سەرم (٧)**
**ئوقیانووسی ئارامی لەشت وەک داڵدەی سەرسوڕمان (٨)**
**دادەڕژێ بۆ دوورگەی باوەشم (٩)**
**سەرسوڕمانی حەقیقەت و دارژانی مەرگ (١٠)**
**وەک دوورگەی حەقیقەت لێوڕێژی مەرگم من (١١)**
**تەنیا هەرژانی بزەتە ئاماژەی سەرسوڕمان بۆ دڵم(١٢)**
**لە دوورگەی بزەت دا، تەنیایی لێوڕێژە لە من و (١٣)**
**من هەروا لەچاوتا کە بارین (١٤)**
**لە لەشتا (١٥)**
**کە مردن (١٦)**
**من هەروا (١٧)**

# دەسەڵاتی ئەفسانە

**جۆزیف کامبڵ**
**لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان**
**(هۆڵەندا)**

**(٢-٢)**

کامبڵ: من لە یەتس زیاتر نازانم چی شتێک ڕوو دەدات، بەڵام دوایین بەشی دەورەیەک و سەرەتای دەسپێکردنی دەورەیەکی دیکە، هاوکاتە لەگەڵ دەردو ئازارێکی مەزن. ئەو هەڕەشەیەی کە ئێمە و کەسانی تر هەستی پێ دەکەین، ئەم چەمکەیە چەمکی گەیشتنی ئارماگدۆنە(٢)

**مویرز:** (من بۆ مەرگ دەگۆڕێم، وێرانکەری هەموو دنیا) ئەم وتەیە ئۆپێنهایمەر پاش گوێ لێبوونی تەقینەوەی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی ڕایگەیاند، بەڵام تۆ پێت وا نییە ئەمە کۆتایی کاری ئێمە بێت؟ وا نییە؟.

**کامبڵ:** ئەمە کۆتایی کار نابێت. ڕەنگە کۆتایی ژیانی ئەم ئەستێرەیە بێت، بەڵام کۆتایی کایینات نییە. ئەم تەقینەوەیە لە بەراوردکردنی بەو تەقینەوانەی کە لە هەموو ئەستێرەکاندا ڕوو دەدا، تەقینەوەیەکی سست و نابەردەوامە. جیهان، بریتییە لە کۆمەڵێ کورەی ئەتۆمی تەقێنەرەوە، وەکو هەتاوی ئێمە. بۆیە تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی بە تەواوی لاسایکردنەوەیەکی بچووکی ئەم ڕووداوە مەزن و گشتگیرەیە.

**مویرز:** ئایا دەتوانی تەسەورکەیت کە بوونەوەری دیکە لە جێگای دیکەدا هەبن و دانیشتوون و سەرگەرمی ئەوەبن کە کۆچی خۆیان بەمجۆرە دەلالەتانە پڕکەنەوە کە ئەفسانەو چیرۆکە مەزنەکان پێشکەشمانی دەکەن؟

**کامبڵ:** نەخێر. لە هەلومەرجێکدا وەک دەزانین ئەگەر هاتو پلەی گەرما پەنجا پلە سەرکەوێ و هەر لەو پلەیە بمێنێتەوە، ژیان لەسەر زەوی کۆتایی پێ دێت و ئەگەر هاتو بە هەمان پلەش بڕواتە خوارەوەو بەردەوام لەو پلەیەدا بمێنێتەوە، ئەو کاتەش ژیان لەسەر زەوی بەرەو

کـۆتایی دەڕوات؛ لەهەلومـەرجـێکدا وەک دەزانین ئەم هاوسـەنگیـیـە چەندێ وردە و ڕێژەی ئاو چەندێ گـرنگی هەیە؛ کـەواتە کـاتێک بیـر لەم هەمـوو بارودۆخـە پێویستیەی ژیانی دەوروبەر دەکەیت کە ژیانیان فەراهەم کردووە، چۆن دەتوانی ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆت کە ئەو ژیانەی ئێـمە دەیناسین لەسەر هەر بەشێکی تری ئەم گـەردوونە بوونی هەبێت، سـەرەڕای ئەو هەمـوو ئەسـتێـرانەی کـە بەدەوری ئەم ئەسـتێـرەی ئێـمـەدا دەسوڕێنەوە؟

**مویرز:** ئەم ژیانە لەرزۆکە هەمیشە لەنێو بۆتەی ترس و ئەگـەری لەناوچووندایە، ئایا وێنەی ئەو بووکـە چل پارچەیەی کە لە تەنیـشـتی ڕامبۆی شەیتـان سیـفـەتدا دانراوە ـ ئەو جۆرەی ئێـمە لە ڕێگای ئەفسـانەکـانەوە لە بارەی ژیانەوە دەیزانین جیاواز نییە؟

**کامبل:** نەخێر، جیاواز نییە.

**مـویرز:** ئایا خوازیاری نوێت هەیە، کە دەرکـەوێ و لە حـاڵەتی نەشوڤاکـردندا بێت و ڕاسـتیـیـە کـۆنەکـانی گەردوون بگێڕێتەوە؟

**کامبل:** ئەگەری شێوەگیری خوازیاری نوێ دەکەم، بەڵام پێم وا نییە ئەوانە تا ئەم کاتە بوبێتن بە ئەفسانە.

**مویرز:** بە بڕوای ئێوە ئەو ئەفسانەیە کامەیە کە ئامێر دەخاتە نێو جیهانی نوێییەوە؟

**کامبل:** لە ئێـستادا ئۆتۆمبیلەکـانیش هاتوونەتە نێو ئەفسانەوە. ڕێگایان بەرەو خەونەکان بریوە. فڕۆکەکانیش بە ڕادەیەکی زۆر چوونەتە نێـو خـزمـەتی خـەیاڵەوە، بۆ نموونە فڕینی فڕۆکە ئامانجی خەیاڵ لەو کارەدا بریتییە لە ئازادبوون لە زەوی.. ئەمـەش بە تەواوی تاڕادەیەک ئەو سـیـمـبـولەیە کـە باڵندە ئامـاژەی بۆ دەکـات؛ باڵندە سیـمبـولێکە بۆ خـەڵاسبوونی ڕۆح لە کۆیلایەتی زەوی، هەروەها مـار سـیـمـبـولە بۆ نووسـاندن بە زەوییـەوە، ئێستاش فڕۆکە ئەم ڕۆڵە دەبینێ.

**مویرز:** شتی دیکەی لەم جۆرە هەیە؟

**کـامـبل:** ئەڵبـەتە، بۆ نموونە چەکـەکـان. هەمـوو ئەو فیلمانەی لە میانەی سەفەری هەواییم لە کالیفۆرنیاوە بۆ هاوایی و بە پێچەوانەوە بینیومن. پڕن لە کەسانێک بە چەک نیشانە دەگرنەوە. ئەمەش لۆردی مەرگە کە چەکی خۆی هەڵگرتووە. هەندێک ئامێرو ئەدەواتی دیکە هەیە ڕۆڵی ئەو ئامێرو ئەدەواتە کۆنانە دەبینێت کە چیتر بەکار ناهێنرێن، لەمـەش زیاتر من هیـچی دیکە لەو کـارە نابینم.

**مویرز:** کەواتە ئەفسانە نوێیەکان خزمەت بە ئەفسـانە کۆنەکان دەکـەن. کاتێـک فـیلمی جەنگی ئەسـتێرەکـانم بینی، وتەیەکی پۆڵسی پیـرۆزم وەبیر هاتەوە کـە دەڵێت: (من لەگـەڵ فـریشـتـەو هێـزەکـانا جـەنگیم) ئەم وتەیە پەیوەستە بە دوو هەزار ساڵ پێش ئێـستا. لە ئەشکەوتی ڕاوچییەکـانی سەردەمی نوێش کۆمەڵێ دیمەنی شەڕکردن لەگەڵ فریشتەو هێزەکاندا هەبوو. ئەوا ئێمە لە ئەفسانەی تەکنەلۆژیاشماندا سەرقاڵی جەنگین.

**کـامـبل:** نابێ مـرۆڤ خـۆی بدات بەدەست هێـزە دەرەکـیـیـەکـانەوە، بەڵکو دەبێ بەسەر ئەو هێـزانەدا زاڵ بێت. مەسەلەکەش ئەوەیە چۆن ئەم کارانە ئەنجام بدات.

**مـویرز:** پاش ئەوەی کـوڕە بچکۆڵەکـەم بۆ جـاری دوازدەهەم، یان سیازدەهەم فیلمی جەنگی ئەستێرەکانی بینی پرسـیم، (بۆچی ئەوەندە تەمـاشـای ئەو فـیـلمـە دەکـەیت؟) وەڵامی دامـەوە، (بەو بەڵگەیەی کـە تۆ لە سـەرتاسـەری ژیانت ئەوەندە سـەرقـاڵی خـوێندنەوەی تەورات بوویت.) ئەو لە دنیایەکی نوێی ئەفسانە بوو.

بێگومـان جەنگی ئەسـتێرەکان دیدگایەکی ئەفسـانەیی برەوی هەیە. لەم فلیمەدا دەوڵەت وەکو ماشێنێک نمایش دەکرێت و ئەم پرسیـارە دەخرێتە ڕوو کـە ئایا ئەم ئامـێرە دەیەوێ مرۆڤایەتی نابوود بکات، یان دەیەوێ لە خزمەتی مـرۆڤـایەتیدا بێت؟ مـرۆڤـایەتی لە ئامـێـرەوە سـەرچاوە ناگرێ بەڵکو لە دڵەوە سـەرچاوە دەگرێ. ئەوەی من لە جەنگی ئەسـتێرەکاندا دەیبینم هەمان ئەو مەسـەلەیە کە فاوست Faust دەیخاتە ڕوو: مفیستۆلیس، یان هەمان ئەو مرۆڤە ئامێرە دەتوانێ هەر شـتێکمان بوێ بیـخاتە بەردەستـمان، بەمجۆرە ڕەنگە ئامانجەکانی ژیانیشـمان دەستنیشان بکات. ئەڵبـەتە ئەو تایبەتمەندیەی فاوست کە وای لێ دەکات شایستەی ڕزگاربوون بێت، ئەمەیە کە ئەو بەرەو ئامانجێک هەوڵ دەدات کە ئامانجی ئامێر نییە.

بەڵام کـاتێک کـە لۆک ئسکای واکـەر دەمامک لەسـەر ڕوخسـاری باوکی لادەبات، ئەو ڕۆڵە مـاشـینیـیـەی کـە باوک پێی هەڵدەستێ ڕای دەگرێت. باوک تەنیا جلێکی سەربازییە. ئەمەش تواناو ڕۆڵی دەوڵەتە.

**مـویرز:** ئامـێـرەکـان یارمـەتیـمـان دەدەن تا بیـری دروسـتکردنی جیـهـان بە پێی بنیـادی ڕوانینی خـۆمـان بەجێبێنین، و ئێمـەش وا بیر دەکەینەوە کە جیهـان دەبێ ئەو شتە بێت کە ئێمە دەمانەوێ.

**کامبل:** بەڵێ، بەڵام ڕۆژێک دێت کە ئامێر دەبێ بە فەرمانڕەوات. بۆ نموونە ماشینێکی سەیرو سەمەرەم کڕیوە کە کۆمپیوتەرە، لەبەر ئەوەی زانیارییەکی زۆرم دەربارەی خواکان هەیە، پێم وایە ئەم ماشینە خوایەکی تەوراتی خاوەن فرەیاساییە و هیچ جۆرە بەخششێکی نییە.

**مویرز:** چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشەر هەیە دەربارەی سەرۆک کۆمارو یەکەمین کۆمەڵە کۆمپیوتەر.

**کامبل:** ئایزنهاور دەچێتە نێو هۆڵێکی پڕ لە کۆمپیوتەرەوە، ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی ئامێرەکان دەکاتەوە کە (ئایا خوایەک بوونی هەیە؟) ئامێرەکان هەموویان دەستیان کەوتنە کارکردن، هەموو گلۆپەکانیان داگیرسا، کۆمەڵێ چەرخ دەستیان بە سووڕانەوە کرد و پاش ماوەیەکی کورت دەنگێک وەڵامی دایەوە، (ئێستا بوونی هەیە.)

**مویرز:** بەڵام ئایا ناکرێ بەرانبەر بە کۆمپیوتەرە تایبەتییەکەی تۆ هەمان ئەو هەڵوێستەت هەبێ کە سەرەک هۆزی هیندییە سوورەکە دەریخستبوو کە وتبووی شتەکان هەر هموویان باس لە خوا دەکەن؟ ئەگەر کارەکە بریتی نەبێت لە دۆزینەوەو هۆشی زۆر باڵا، ئەوا دەکرێ بوترێ خوا لە هەموو جێگایەکە لەوانەش لە کۆمپیوتەریشدا.

**کامبل:** بەڕاستی وایە. ئەوەی لەسەر ئەو شاشەیە ڕوو دەدات موعجیزەیەکە. ئایا هیچ کاتێک تەماشای ناوەوەی یەکێک لەوانەت کردووە.

**مویرز:** نەخێر، مەبەستیشم نییە ئەم کارە بکەم.

**کامبل:** ڕەنگە باوەڕ نەکەیت. ئەگەر بڵێم وەکو زنجیرەیەک ڕێکوپێک لە فریشتە وایە، هەموویان خراونەتە سەر ڕووی لەوحەیەک، ئەو لوولە بچووکانە سەرسوڕهێنەرن. لە ڕێگای کۆمپیوتەری خۆمەوە گەیشتمە ئاشکراکردنێک لە بواری ئەفسانەدا. کاتێ بەرنامەیەکی تایبەت دەکڕیت ئەو شێوازەش کۆمەڵێ نیشانەی تایبەتی لەخۆ گرتووە بەرەو ئەو ئامانجەی کە مەبەستە ڕێنوێنیت دەکات. ئەگەر دەست بە گەمەیەکی بێ ئامانج بەو نیشانانە بکەیت کە پەیوەستن بە سیستەمی بەرنامەیەکی ترەوە، ئەو کاتە ئەو بەرنامەیە کار ناکات.

بەمجۆرە، لە تیۆلۆژیشدا ئەگەر ئەفسانەیەکت هەبێت تێیدا باوک، خوازیارەیەکی بێت پەیوەست بێت بە نهێنییەوە ئەوا ئەو کۆمەڵە نیشانانەی کە دەستت دەکەوێ، جیاوازیان دەبێت لەگەڵ ئەو حاڵەتی خوازیارەی پەیوەست بە دایکەوە کە حاڵەتی عەقڵ و نهێنی جیهانە. هەردوو ئەو وەرگێڕاوانە بە تەواوی چاکن، بەڵام هیچ یەک لەو دووانە واقیعی نین. مەسەلەکە بەم جۆرەیە کە لە یەکێکیان هەموو گەردوون وەک باوکمە بۆ یەکێکی تر هەموو گەردوون وەکو دایکمە. عیسا دەڵێ: (هیچ کەسێک لە ڕێگای منەوە نەبێت بەخوا ناگات.) ئەو باوکەی ئەو باسی لێوە دەکرد باوکی نێو کتێبی پیرۆز بوو ڕەنگە ڕاستیش بێت کە تۆ تەنیا لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە بە باوک دەگەیت.لە لایەکی دیکەوە وای دانێ کە تۆ دەتەوێ لە ڕێگای دایکەوە ببزوێی. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە خوای Kali۳ و سروودو شتەکانی پەیوەست بەم خوایەت پێ باش بێت. ئەمەش بە تەواوی ڕێگایەکی دیکەیە بۆ گەیشتن بە نهێنی ژیان. دەبێ بزانی کە هەر ئایینێ جۆرە بەرنامەیەکە وخاوەنی کۆمەڵێ نیشانەی تایبەت بەخۆیەتی و بەو نیشانانە کار دەکات.

ئەگەر کەسێک بڕوای بە یەک ئایین بێت و لە ڕاستیدا لەسەر ئەو ئایینە ژیانی خۆی بنیاد نابێت، چاکتر وایە کار لەسەر ئەو بەرنامەیە بکات کە بۆ ئەوە دروست کراوەو سەری لێ دەردەکات، بەڵام پێدەچێت هەرگیز ئەزموونێکم دەست ناکەوێت لە بابەتی ئەزموونی قەدیسی پیرۆز.

**مویرز:** ئایا ڕووی نەداوە کە گەورەترین قەدیسەکان لە هەر شوێنێک بۆیان کرابێت ئەوەی وەرگیراوە وەریانگرتبێت؛ لەم و لەو شتێکیان وەرگرتووە چوارچێوەیەکی نوێیان بۆ بەرنامە پێکهێناوە.

**کامبل:** ئەمە شتێکە پێی دەوترێ تەواوکاری ئایینی. دەتوانی ئەوە لە کتێبی پیرۆزدا ببینی. لە سەرەتادا خوا بەتەواوی بەهێزترین خوای خواکانە. ئەو تەواو خواییەکی هۆزی ناوخۆییە. پاشان لە سەدەی شەشەم کاتێ کە یەهودییەکان لە بابل بوون، چەمکی ڕزگارکەری جیهان شێوەی گرت و خوایەتی کتێبی پیرۆز مەودایەکی نوێی وەرگرت.

تەنیا لە ڕێگای نوێکاریەوە و بە پێی هەلومەرجی هەنووکەیی دەتوانرێ تەقلیدە کۆنەکان بپارێزرێت. لە سەردەمانی کتێبی پیرۆزی کۆندا، جیهان کێکێکی سێ نهۆمی بچووک بوو، تەنیا لە چەند سەد میلێک بەدەوری

چەقە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوەندەوە پێکهاتبوو؛ کەس ناوی Aztecs نەبیستبوو، کاتێ کە جیهان دەگۆڕێ، دەشبێ ئاییینیش بگۆڕێت.

**مویرز:** پێم وایە ئەمەش کارێکە ئێمە بە ڕاستی ئەنجامی دەدەین.

**کامبڵ:** لە ڕاستیدا ئەمە کارێک بوو باشتربوو ئەنجامان بدایە، بەڵام ترسی ڕاستەقینەم ئەو شتەیە ئەمڕۆ لە بێروتدا دەبینرێ. لەوێدا سێ ئاییینی مەزن یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام هەن، لەبەر ئەوەی هەرسێکیان بۆ خوای کتێبی پیرۆز سێ ناویان هەیە بۆیە ڕێک ناکەون و ناتوانن پێکەوە بژین. ئەوان هەریەکەیان ئەسیری خوازیارەو وەرگیراوەکانی خۆیەتی و درکیان بە سەرچاوەیی خۆیان نەکردووە. ئەوان ڕێگایان بەو بازنەیەی دەوروبەری خۆیان نەداوە کە بکرێتەوە. کۆمەڵی بازنەی داخراو هەن، هەر گرووپێک دەڵێ: (ئێمە گرووپی هەڵبژاردەین و ئێمە خوا دەناسین.)

بڕوانە ئیرلەندا. لە سەدەی هەڤدەهەم گرووپێک لە پرۆتستان لە لایەن کرامۆڵ بەرەو ئیرلەندا هێنران، بەڵام ئەم گرووپە هیچ کاتێ بەرانبەر بە زۆرایەتی کاتۆلیک نەکراونەتەوە. کاتۆلیک و پرۆتستان دوو سیستەمی تەواو جیاوازی کۆمەڵایەتین و نوێنەرایەتی دوو ئامانجی جیاواز دەکەن.

**مویرز:** هەریەکەیان پێویستیان بە ئەفسانەی نوێ هەیە.

**کامبڵ:** هەریەک لە ئێمە پێویستی بە ئەفسانەی خۆی هەیە. دوژمنەکەت خۆش بوێ، کراوەبە. داوەری مەکە. هەموو ئەمانە کۆمەڵی شتی بووداییین. ئەمانە لە ئەفسانەدا بوونیان هەیە. ئێستاش لەوێدا ئامادەن.

**مویرز:** چیرۆکێکت هەیە دەربارەی یەکێک لە دانیشتوانی دارستانە خۆماڵییەکان کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕەبەنی بڵاوکەرەوەی ئاییینی مەسیحی وتووە: (خوای تۆ بێدەنگ لە ماڵەوە دانیشتووە وەکو ئەوەی پیرو پەککەوتە بێت، بەڵام خوای من کاتێ کە باران دەبارێ لە جەنگەڵ و مەزراو کێوەکانە.) من پێم وایە ئەم بۆچوونە ڕاست بێت.

**کامبڵ:** بەڵێ ئەمە مەسەلەیەکە لە کتێبی شاکان و کتێبی سامۆیلدا دەبینی. پاشا جیاوازە عیبریەکان ڕێورەسمی قوربانی لەسەر لووتکەی کێوەکان ئەنجام دەدەن. بە پێی بۆچوونی یەهوود ئەم کارەیان هەڵەیەکە ئەنجامی دەدەن. پەرستنی یەهوود لە کۆمەڵگای عیبرانی بزوتنەوەیەکی تایبەت بوو کە سەرئەنجام سەرکەوت. ئەم سەرکەوتنە جۆرە پێشڕەویەکی خوای دەستبەستراو بە پەرستگا بوو لە بەرانبەر پەرستنی سروشت کە لە هەموو جێگایەک بەرپادەکرا.

ئەم فشارە ئیمپریالییەی شێوە کولتووریێ لە دەروونی گرووپێکی دیاریکراودا، تا ئێستاش لە ڕۆژئاوادا بەردەوامە، بەڵام ئێستا دەبێ بەرووی ماهییەتی شتە داخراوەکاندا بکرێتەوە. ئەگەر بتوانرێ بکرێتەوە، هەموو توانایەکی لەبەردەستدایە.

**مویرز:** بێگومان ئێمەش سروشت لە هەرچی ئاشکراکراوە سروشتیەکانێتی دایدەماڵین، ئێستاش من بیر لە ئەفسانەی کوڕە کورتە باڵاکە دەکەمەوە کە باڵندەیەکی دەنگ خۆش لە نێو جەنگەڵدا دەدۆزێتەوەو بەرەو ماڵەوە دەباتەوە.

**کامبڵ:** داوا لە باوکی دەکات کە نان و ئاو بەو باڵندەیە بدات، بەڵام باوکی نایەوێ نان و ئاو بەو باڵندە بێ نرخە بدات، بۆیە باڵندەکەی کوشت. ئەفسانە دەڵێ، ئەم پیاوە هاوکات لەگەڵ کووشتنی باڵندەکە ئاوازیشی کوشت و لەگەڵ کووشتنی ئاواز خۆشی کوشت. خۆشی گەیشتە حاڵەتی مەرگ و هەرگیز هەڵنەستایەوە.

**مویرز:** ئایا ئەم چیرۆکە پەیوەست نییە بەو موسیبەتانەی کە ڕوو دەدەن پاش ئەوەی مرۆڤ هەڵدەستێ بە وێرانکردنی ژینگەو دەوروبەر و دنیا و سروشت و ئەوەشی کە سروشت دەیدۆزێتەوە.

**کامبڵ:** ئەوان سروشتی خۆشیان وێران دەکەن. ئەوان ئاواز دەکوژن.

**مویرز:** ئایا میتۆلۆژیا بەسەرهاتی گۆرانی نییە؟

**کامبڵ:** میتۆلۆژیا خۆی گۆرانییە. ئاوازی ئەو خەیاڵانەیە کە لە وزەکانی لەشەوە ئیلهامیان وەرگرتووە.

ڕۆژێکیان مامۆستایەکی Zen لە بەرانبەر قوتابیەکانی ڕاوەستابوو دەیویست مەراسیمێ بەدی بێنێت. تەواو کاتێ کە دەیویست زمان هەڵبێنێ، لەو کاتەدا باڵندەیەک دەستی بە خوێندن کرد. مامۆستاکە وتی، (مەراسیمەکە بە ئەنجام گەیشت.)

**مویرز:** خەریک بوو بڵێم ئێمە ئەفسانەی نوێ دادەهێنین، بەڵام ئێوە گوتتان نەخێر، هەر ئەفسانەیەک کە ئەمڕۆ ئێمە دەیگێڕینەوە ڕیشەی لە ئەزموونی ڕابردوومانداية.

**کامبل:** بابەتە بنچینەییەکانی ئەفسانە یەکسانن و هەمیشەش یەکسان بوون. ئەگەر دەتەوێ بزانی میتۆلۆژیا چییە، ئەوا کلیلی وەلامی ئەم پرسیارە ناساندنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تۆ پێوەندیت لەگەڵدا هەیە؛هەر سیستەمێکی میتۆلۆژی لە کۆمەڵگایەکی تایبەت و لە سنوورێکی دیاریکراودا گەشەی کردووە. پاشان دێنە نێو مەیدانی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری و ڕووبەڕووبوونەوەی هاوبەرانبەر، لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبنەوەو خۆت لەبەردەم میتۆلۆژیایەکی ئاڵۆزتردا دەبینیتەوە.

بەڵام ئەمڕۆ سنوور بۆ ئەم مەسەلەیە نییە. تەنیا میتۆلۆژی ڕاستی ئەمڕۆ میتۆلۆژیای ئەم گەردوونەیە، ئێمەش ئەم شێوە میتۆلۆژیایەمان نییە. بە بڕوای من نزیکترین شتێک بە میتۆلۆژیا لەسەرتاسەری ئەم گەردوونە بودیزمە کە هەموو شتەکان وەکو بوونەوەرێکی بودیزمی دەبینێ. تەنیا گرفتێک بریتییە لە گەیشتن بە ناسینی ئەو. پێویست ناکات کارێک ئەنجام بدرێ. ئەرکێک هەیە ئەوەیە کە بزانین ئەوە چییە و پاشان کاربکەیت لە پێوەندی لەگەڵ هەموو برایانی ئەم بوونەوەرانە.

**مویرز:** دەڵێی برایەتی؟

**کامبل:** بەڵێ. بەو جۆرەی کە من لە هەموو میتۆلۆژییەکاندا دەزانم کە برایەتی تایبەتە بە کۆمەڵگایەکی داخراو. لە کۆمەڵگا داخراوەکانا توندوتیژی ئاستەکەی بەرەو دەرەوەیە.

بۆ نموونە، لە فرمانەکە دەڵێ: (مەکوژە) پاشان لە بەشی دووەمدا دەڵێ : (برۆ بۆ کەنعان و هەرکەسێک لەوێیە بیکوژە). ئەمە مەیدانێکی داخراوە. ئەفسانەکانی تایبەت بە عیشق و بەشداری تەنیا پەیوەستە بە گرووپەکانی ناوەوەو گرووپەکانی دەرەوە شتێکی تەواو جیاوازن. ئەمەش مانای وشەی gentile دەگەیەنێ، واتە ئەو کەسەی لە هەمان سیستەمی ناوخۆ نییە.

**مویرز:** ئەگەر جلەکەی من لەبەر نەکەیت، ئەوا تۆ نزیکی من نیت.

**کامبل:** کەواتە ئەفسانە چییە؟ لە یەکێ لە فەرهەنگی وشەکاندا هاتووە، ئەفسانە بە واتای چیرۆکی خواکان. پاشان پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە: خوا چییە؟ خوا بەرجەستەکردنی هێزێکی پاڵپێوەنەر، یان سیستەمێکی ئەرزشیە کە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ و بوونەوەران هەیە – ئەو هێزە هێزی جەستەی خۆت و سروشتە. ئەفسانەکان تەواو ڕووی وەرگیراوی بەهێزی ڕۆحی مرۆڤن و هەمان ئەو هێزەیە گیان دەبەخشێتە ژیانی ئێمەو گیانیش دەبەخشێتە جیهان، بەلام کۆمەڵێ ئەفسانەو خوا هەن تایبەتن بە کۆمەڵگایەکی تایبەت و پارێزەری ئەو کۆمەڵگا تایبەتەن، یان بە شێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین، دوو جۆری تەواو جیاوازی ئەفسانە هەن، یەکێکیان ئەوەیە کە بە تەواوی بە سروشت و دنیای سروشتی خۆت دەبەستێتەوە کە تۆ بەشێکی لەو جیهانە، ئەوی تریان ئەو ئەفسانەیەکە بە تەواوی سۆسیۆلۆژیە، ئێوەش بە کۆمەڵگایەکی تایبەتەوە پەیوەست دەکات. ئێوە بە تەواوی مرۆڤێکی سروشتی نین، ئەندامی نێو گرووپێکی تایبەتن. دەتوانیت لە مێژووی میتۆلۆژیای ئەورووپاییدا ئینتەرئەکشنی ئەم دوو سیستەمە ببینی.هەمیشە کۆمەڵگای سیستەمی ئۆرینیتی سیستەمی هۆزە کۆچکەرەکانە، تاک دەتوانێ بزانێ سەنتەری گرووپەکەی لە کوێوەیە. میتۆلۆژیای شکاندنەوە بەلای سروشتدا پەیوەستە بە کۆمەڵگای جووتیاریەوە.

ئادەتی کتێبی پیرۆز، جۆرێکە لە میتۆلۆژیای ڕوو لە کۆمەڵگا. لەوێدا سروشت بەرتانەوتەشەر دەدرێ. لێکۆڵەرەوانی سەدەی نۆزدەهەم، میتۆلۆژیاو ئایین بە کۆششێک دادەنێن بەرەو کۆنترۆڵکردنی سروشت، بەلام ئەمە جادوویەکە، نەک میتۆلۆژیا، یان ئایین. ئایینە سروشتییەکان، بۆ ئەوە هەوڵ نادەن بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی سروشت، بەڵکو یارمەتی تاک دەدەن تا خۆی لەگەڵ سروشتدا بگونجێنێ، بەلام کاتێک کە سروشت وەکو ئەهریمەن تەماشا دەکرێت، ئەو کاتە خۆی لەگەڵ سروشتدا ناگونجێنێ. بەڵکو هەوڵی کۆنترۆڵکردن، یان کارێک لەم جۆرە دەدات، لێرەوەیە کە هەوڵ و ناکۆکی و بڕینەوەی جەنگەڵ و لەناودانی قەومە بنەڕەتییەکان لە نێو دەستووری کاردا جێگای خۆیان دەگرنەوە. لەم جۆرە حاڵەتەیە کە ئێمە لە سروشت دادەبڕێت.

**مویرز:** ئایا ئەمە هۆی ئەوەیە کە ئێمە دەست بەسەر سروشت، یان سەرکوتی سروشت دەکەین؛ لەبەرئەوەی قینمان لێیەتی، یان شتێکی تری تێدا نابینین لەوە زیاتر کە بیخەینە خزمەتی خۆمانەوە؟؟!

**کامبل:** بەڵێ، هەرگیز ئەو ئەزموونەم لەبیر ناچێت کە لە ژاپۆندا هەمە، ئەو جێگایەی هیچ کەسێک تێیدا نازانێت گوناه کردن و باخچەی ئەدەن چییە. یەکێک لە تێکستەکانی شینتۆ دەڵێ، پرۆسەی سروشت ناتوانێ

شەیتانی بێ. هەر پاڵپێوەنەرێکی سروشتی نابێ چاک بکرێت، بەڵکو دەبێ ئەو پاڵپێوەنەرە جوانکرێت و خۆش بکرێ. گرنگی پێدانێکی جوان بە باڵای سروشت و هاوکاری لەگەڵ سروشتدا هەیە، تەنانەت لە هەندێ لە باخچەکانیاندا ناتوانیت بزانی سروشت کەی تەواو دەبێت و هونەر کەی دەست پێ دەکات - بەڕاستی ئەمە ئەزموونێکی مەزن بوو.

**کامبڵ:** بەڵام جۆی بەڕێز، ئەمڕۆ تۆکیۆ بە شێوەیەکی زۆر ئازاراوی ئەم جۆرە نموونەیە ڕەت دەکاتەوە، تۆکیۆی ئەمڕۆ خەریکە بەتەواوی سروشتی تێدا ون دەبێت، تەنیا هەندێ باخچەی بچووکی تێدایە کە تا ئێستا هەندێ کەس خۆشیان دەوێ.

**کامبڵ:** پەندێک لە یابان هەیە دەڵێ: لەگەڵ شەپۆلەکاندا بلەرزێ و بجووڵێرەوە، یان وەکو ئەوەی ئێمە لە بۆکسێندا دەیڵێین، لەگەڵ بۆکس وەشێنیدا لاربەرەوەو گرژبەوە، تەنیا ١٥٠ ساڵ دەبێت کە پێری دەروازەکانی ژاپۆنی بە ڕووی ئێمەدا کردۆتەوە، لەماوەی ئەم زەمەنەدا بارێکی گرانی لە کاری میکانیکی گرتۆتە خۆی، بەڵام ئەوەی من لە یابان بینیم ئەوەیە ئەوان تا ئێستاش توانای ئەوەیان هەیە پارێزگاری سەربەرزی خۆیان بکەن، ئەوان بۆ خۆیان نوێنەرایەتی دنیای ئامێر دەگەن. کاتێ هەنگاو بەرەو نێو ساختمانێکی یابانی هەڵدێنی، جارێکی تر دەچێتە نێو ژاپۆنەوە. دەرەوەی ماڵەکان لە نیویۆرک دەچێت.

**مویرز:** (پاراستنی سەربەرزیان، سەرنجڕاکێشەرە)، سەرەڕای ئەوەی لەدەوروبەریان شارەکان گەورە دەبن و دەردەکەون، ئەوان لە ڕۆحیاندا لەو جێگایەی کە تێیدا بوونەوەری ناوخۆیی دەژی، ئەوان تا ئەو کاتەش هەروەک تۆ دەڵێی لەگەڵ سروشتدا گونجاون.

**کامبڵ:** لە کتێبی پیرۆزدا ئەبەدییەت پاشەکشە دەکات سروشت گەندەڵ بووەو هەرەسی هێناوە. لە بیری کتێبی پیرۆزدا ئێمە لە تاراوگەدا دەژین.

**مویرز:** لە هەمان ئەم کاتەدا کە ئێمە لێرەدا دانیشتووین و گفتوگۆ دەکەین لە بەیروت ئۆتۆمبیلەکان یەک لەدوای یەک مینڕێژدەکرێن - لە ڕێگای ئیسلامییەکانەوە دژ بە مەسیحییەکان، مەسیحییەکان دژ بە موسڵمانان و مەسیحییەکان دژ بە مەسیحییەکان. بە بڕوای من قسەکەی مارشاڵ ماک لۆهان ڕاست بوو کە دەیگوت تەلەفزیۆن جیهانی بۆ گوندێکی بچووک گۆڕیوە - بەڵام ئەو نەیدەزانی ئەو گوندە جیهانییە بەیروت دەبێ، ئەمە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟

**کامبڵ:** بە بڕوای من ئەوان نەک تەنیا نازانن بڕوا ئایینیەکانیان جێبەجێ بکەن بەسەر گرووپە تایبەتیەکەی خۆیاندا، بەڵکو ئەوان نازانن بڕوا ئایینیەکانیشیان لە ژیانی هاوچەرخ و بەسەر بوونەوەرە مرۆییەکانیشدا جێبەجێی بکەن. ئەمەش نموونەیەکی زیندوو دۆڕاوی ئایینە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەر بە جیهانی هاوچەرخدا، ئەم سێ ئەفسانەیە تا دوایین هەناسە دەجەنگن، ئەوان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی خۆیان لە بۆ ئاییندە لەدەستداوە.

**مویرز:** پێویستمان بە چ جۆرە ئەفسانەیەکی نوێ هەیە؟

**کامبڵ:** ئەفسانەیەک کە تاک بە هەموو گۆی زەوییەوە ببەستێتەوە، نەک تەنیا بە گرووپە خۆماڵییەکەی خۆیەوە. نموونەی ئەو ئەفسانەیەش دەتوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ببینی. لەم وڵاتەدا ١٣ کۆلۆنی بچووک و جیاواز هەبوون بڕیاریاندا لەسەر بناغەی بەرژەوەندی بەرانبەر و بێ هیچ گوێدانە بەرژەوەندی تاکەکەسی کارکەن.

**مویرز:** لەسەر دروشمی مۆری گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شتێکی لەم بابەتە هەیە.

**کامبڵ:** مۆری ڕەسمی، ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو واقیعەیە. نموونەیەکم لە گیرفانە لەسەر ئەو مۆرە ڕەسمییە لە شێوەی یەک دۆلارییەک. لێرەدا ئامانجەکانی شێوەگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاگەیاندراوە. تەماشای ئەم دۆلارە بکە. ئەمە مۆری ڕەسمی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئەگەر تەماشای هەرەمی دەستە چەپ بکەیت. هەرەمەکە چوار ڕووی هەیە. ئەمانە چوار خاڵی بازنەیەکن. کەسێک لەم گۆشەیەو کەسێکی تر لەو گۆشەیەی دی و کەسێکی تر لە گۆشەکەی دیکەیە. کاتێک بچیتە بەشی خوارەوەی هەرەمەکە، ئەو کاتە، یان لەم بەر دەبی، یان ئەوبەر. کاتێ کە دەگەیتە سەرەوە هەموو خاڵەکان بە یەکتری دەگەن و لەوێدا چاوی خوا کراوەیە.



**مۆری ڕەسمی وڵاتە یەکگرتووەکان**

**مویرز:** بە بڕوای ئەوان ئەوەش خوای عەقڵ بووە.

**کامبڵ:** بەڵێ. ئەمە یەکەمین وڵاتە نەک لەسەر بناغەی جەنگ بەڵکو لەسەر بناغەی عەقڵ دروست بووە. ئەوانیش پیاوە شەریف و خواپەرستانی سەدەی هەژدەهەم بوون. لێرەدا دەستەواژەی (پشت بەخوا) نووسراوە، بەڵام ئەو خوایە خوای ئینجیل نییە. ئەو پیاوانە بڕوایان بە دەرکردن لە بەهەشت نەبوو. ئەوان بە گومان نەبوون لەوەی کە زەینی مرۆڤ لە خوا جیا کراوەتەوە. زەینی مرۆڤ، کاتێ لە خەم و پەژارە زەمەنییە نێوەندییەکان پاک دەبێتەوە، بە ڕووناکی ئاوێنەی شۆراو ڕەنگدانەوەییەک لە زەینی خوای عەقڵدا دەبینێ، عەقڵ لەگەڵ خوادا دەتبەستێتەوە. لە ئەنجامدا ئەم پیاوانە هیچ پەیامێکی تایبەتیان لەبارەی هیچ بابەتێکەوە نەبوو، پێویستیشیان بەو پەیامە نەبوو، لەبەر ئەوەی عەقڵی مرۆڤ ئەگەر هاتو لە گوناه پاک بێت، ئەوەندە توانای هەیە بۆ ئەوەی خوا بناسێت، مرۆڤیش هەر هەموویان لە جیهان توانای ئەوەیان هەیە، لەبەر ئەوەی هەرچی مرۆڤ لە دنیادا هەیە توانای ئەوەیان هەیە عەقڵ بەکار بێنن..

هەرچی مرۆڤە توانای بەکارهێنانی عەقڵی هەیە. ئەمەش پرنسیبی بنەڕەتی دیموکراسییە، لەبەرئەوەی عەقڵی هەموو مرۆڤێ توانای ناسینی ڕاستی هەیە، ئەو کاتە پێویست بە دەسەڵاتێکی تایبەت، یان پەیامێکی تایبەت نییە کە پێت بڵێت ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە دەبێ تۆ لێوەی بجووڵێیتەوە.

**مویرز:** ئەم نیشانانەش لە میتۆلۆژیاوە دێن.

**کامبڵ:** بەڵێ، بەڵام لە تایبەتمەندییەکی تایبەتی میتۆلۆژیاوە. سەرچاوەکەیان میتۆلۆژیا، یان پەیامی تایبەت نییە. بۆ نموونە هیندییەکان بڕوایان بە پەیامی تایبەت نییە. ئەوان لە بارودۆخێکدا دێنە قسە کە تێیدا گوێیەکان بۆ گوێگرتنی گۆرانی بوونەوەران و چاوەکان لەبەرانبەر بەهایی عەقڵی خوداوەندا کراونەتەوە. ئەمەش جۆری ئەندێشەی بنیادینی خواییە. ئەگەر هاتو بیری دەرکردنی مرۆڤت لە بەهەشت ڕەت کردەوە ئەوە مرۆڤ لەسەر چاوەکەی دانەبڕاوە.

ئێستاش بۆ مۆری ڕەسمی دەگەڕێینەوە. ئەگەر نهۆمەکانی ئەم هەرەمە بژمێریت دەبینی ژمارەیان ١٣ نهۆمە، ئەگەر بڕوانیتە خوارەوەی هەرەمەکە دەبینی ژمارەی ئەو نهۆمانە بە ڕۆمانی نووسراون. ئەم ژمارەیە هەزارو حەفت سەدو حەفتاو شەشە. ئەگەر ژمارەکانی ئەم ژمارەیە پێکەوە کۆبکەیتەوە، دەبینی دەکاتە ژمارەی بیست و یەک کە ئەویش تەمەنی عاقڵیە. وانییە؟ لە ساڵی ١٧٧٦ بوو کە ئەم سیانزە ولایەتە سەربەستی خۆیان ڕاگەیاند. ژمارەی سیازدەهەم ژمارەی گۆڕان و دووبارە لەدایکبوونەوەیە. لە ئاخرین شیوی مەسیحدا دوازدە پەیامبەرو یەک مەسیح هەبوون، کە ئەویش ئامادەی مەرگ و دووبارەلەدایکبوونەوە بوو. ژمارەی سیازدە دەرچوونە لە سنووری کۆتی دوازدە بۆ مەودایی باڵایی. لە بازنەی بورج و ڕۆژدا دوازدە نیشانەت هەیە. ئەو پیاوانە لە سەرتاسەری کاروانەکەیان سوودیان لە ژمارەی ١٣ وەرگرت وەکو ژمارەی ڕاپەڕین و دووبارە لەدایکبوونەوە و ژیانی نوێ و ڕاوەستانی پەتی.

**مویرز:** بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە لە ڕاستیدا ١٣ ولایەت هەبوون.

**کامبڵ:** بەڵێ، بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە تەنیا دەلالەتێکی سیمبوڵی نەبوو؟ تۆ بڵێی ئەم بابەتە شتێکی سوودفە بووبێ. ئەم سێزدە ولایەتە سیمبوڵی ئەو شتەبووە کە هەبووە.

**مویرز:** نووسینێکی دیکەش لەو خوارەوە نووسراوە ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە Novus ordo seclorum سیستەمی نوێی جیهان.

**کامبڵ:** ئەمە سیستەمی نوێی جیهانە و نووسینەکەی سەرەوە «Annuit Coeptis» بە مانای (ئەو بە دەستکەوت و چالاکییەکانمان پێکەنیوە).

**مویرز:** ئەو ــــــ

**کامبڵ:** بەڵێ، ئەو، ئەو چاوە، ئەوەی بە چاو نیشان دراوە. عەقڵە. لە لاتینیدا پێویست بەوە ناکات ڕاناوی تاکی نێرینە بۆ ئەو بەکاربێنی؛ ئەم ڕاناوە دەتوانێ نێر، مێ، یان نامرۆڤ بێت، بەڵام هێزی ئاسمانی بە کارەکانمان پێکەنیوە. کەواتە ئەم دنیا نوێیە لەسەر بناغەی بنەڕەتی یەکەمجار بنیادنراوە. ڕەنگدانەوەی سەرەتایی خوڵقاندنی خوا لە ڕێگای عەقڵەوە بووەتە هۆی دۆزینەوەی ئەم دنیایە. ئەگەر تەماشای پشتی ئەم هەرەمە بکەین، بیابانێک دەبینین. ئەگەر تەماشای پێشی هەرەمەکە بکەیت بڕێک گیا دەبینی لە حاڵەتی سەوزبووندان. بیابانەکە سیمبوڵی ئەو ئاشووب و شەڕوشۆڕە یەک بەدوای یەکەیە کە ئەورووپای گرتۆتەوەو ئێمەش بە ناوی عەقڵەوە خۆمان لێ هێنایە دەرەوە، نەک بە ناوی هێزەوە. وڵاتێکمان دروست کرد، لە دڵی ئەو

ولاتە ژیانی نوێ دەگەشێتەوە. ئەمەش مانای ئەو بەشەی ئەم هەرەمەیە.

ئێستا بڕوانە لای دەستی ڕاستی دۆلارەکە. لێرەدا چاوت بە هەڵۆیەک دەکەوێ، هەڵۆ بە واتای باڵندەکەی زیوس، ئەو هەڵۆیە لە حاڵەتی دابەزینە لە مەلەکووتی خواوە بۆ مەیدانی زەمەن. ئەم باڵندەیە سیمبولی ئەسڵی بەرجەستەکردنی خواییە. ئەم هەڵۆکەچەڵە، هەڵۆی ئەمریکی، هاوتای هەڵۆی پلەبەرزی خوای مەزنی زیوسە.

ئەو هەڵۆیە دێتە خوارەوەو دێتە نێو دنیای دوولایەنە دژەکان و دێتە نێو بواری کردارەوە. یەکێک لە ڕووەکانی کردار جەنگەو ئەوی تریش ئاشتییە. بۆیە لە یەکێک لە چنگەکانی ١٣ تیری هەڵگرتووە ئەو تیرانە سیمبولی جەنگن، لە پێکەی دیکەشی لقی درەختێکی لیڤسی هەڵگرتووە کە ١٣ گەڵای پێوەیە و سیمبولی ئەسڵی گفتوگۆی ئاشتیخوازانەیە. ئەم هەڵۆیە چاوی بڕیوەتە لقی درەختە لیڤسەکە. ئامانج خوازەکان ئەوانەی ولاتی ئێمەیان بنیادنا حەزیان دەکرد ئێمە بڕوانینە ئەم لایەنە، واتە لایەنی پێوەندییە دیپلۆماتییەکان و ئەو شتانەی بابەتی ئەمەن. سوپاس بۆ خوا کەوا تیرەکانی لە پێکەی تریا هەڵگرتووە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بەکارنەهێنرێ.



**وێنەی هەڵۆی سەر مۆری ڕەسمی و دۆلاری ئەمریکی**

ئێستا ئەم هەڵۆیە نوێنەری چییە؟ ئەو نوێنەری شتێکە کە لەو نیشانە پرشنگدارەی تەوقی سەریەوە دەبینرێ، ڕۆژێکیان لە دەزگای خزمەتگوزاری دەرەوە لە واشینتن، وتاریکم پێشکەش دەکرد دەربارەی میتۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیا و سیستەمی سیاسی هیندییەکان. وتەیەک لە کتێبێکی هیندی لەسەر سیاسەت هەیە دەڵێ : پێویستە لەسەر دەسەڵاتدار لە دەستێکیدا چەکی جەنگ هەڵگرێ، واتە کوتەکێکی گەورەو لە دەستەکەی دیکەشی دەنگی ئاشتی لەمیانەی گۆرانی کاری هەرەوەزیدا. لەوێدا وەستابووم و دەستەکانم ڕێک وەکو وێنەکە ڕاگرتبوو، لەپڕ هەرچی لە هۆڵەکەدا بوون دەستیان بە پێکەنین کرد. تێنەگەیشتم چییە، هەر هەموویان ئاماژەیان بۆ دواوە کرد کاتێ کە تەماشای پشتەوەی خۆم کرد، بینیم ڕاست لە پشتەوەم وێنەی ئەو هەڵۆیە هەڵواسراوە و تەواو وەکو هەیئەتی من وەستاوە. ئەو کاتەی کە ڕوانیم، ئەو سیمبولەی سەرسەری و ئەو نۆ پەڕەی کلکیشیم بینی. ژمارەی نۆ ژمارەی دابەزینی هێزی ئاسمانییە بۆ جیهان. زەنگی مژدەدەری ئانجلۆس لە کلێسای کاتۆلیکی نۆ جار لێ دەدا.

لە سەرووی سەری هەڵۆکەوە نۆ ئەستێرە هەیە کە بە شێوەی ئەستێرەی داود کێشراون.



**نەخشەی ئەنگوستیلەی سلێمان**

**مویرز:** ئایا پێ ناچێت ئەوە ئەنگوستیلەی سلێمان بووبێت.

**کامبل:** بەڵێ. دەزانی بۆچی پێیان وتووە ئەنگوستیلەی سلێمان؟

**مویرز:** نەخێر.

**کامبل:** عادەتی سلێمان وابوو کە گیانلەبەرەکانی لە بابەتی ئەژدیها و دێو و درنجی لە نێو گۆزەڵەدا بەند دەکرد. ئەی هەزارو یەک شەوت وەبیر نایە کە قۆرییەکانیان دەکردەوە جنۆکەیەک لێی دەهاتە دەرێ؟ لێرەدا تێبینی ئەوەم کرد کە ئەنگوستیلەی سلێمان لە سێزدە ئەستێرە پێکهاتووە و پاشان بینیم کە هەریەک لەم سێگۆشانە چوارتایەکی فیساگۆرسییە.

**مویرز:** چوارتایی بوون؟

**کامبل:** ئەمە سێ گۆشەیەکە لە ١٠ خاڵ پێکهاتووە.

خاڵێک لە نێوەندو چوار خاڵیش لە هەریەک لە لاکان بەجۆرێک ژمارەیان دەبێتە نۆ. یەک، دوو، سێ، چوار/ پێنج، شەشە، حەوت/ هەشت، نۆ. ئەمەش سیمبولێ سەرەکی فەلسەفەی فیساگۆرسە، کە توانای ڕاڤەکردنی هەمەچەشنەی لەبابەتی میتۆلۆژی و گەردوونی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە. یەکێکیان ئەو خاڵەیە کە لە سەرەوەیە نمایشکەری سەنتەری ئەخلاقییە کە بوونەوەرو هەموو شتەکانی دیکە لەوەوە هاتوونەتە دنیاوە.

**مویرز:**کەواتە سەنتەری وزەیە؟

**کامبل:** بەڵێ. یەکەمین دەنگێک (ڕەنگە مەسیحییەک بۆ ئەمە وشەی خولقێنەر بەکاربێنێ) لەو دەنگەوە جیهان هەمووی و تەقینەوەی گەورە پەیدابووە، ڕژاندنی باڵاترین وزە بۆ نێو ئەو لە ڕێگای بواری زەمەنەوە. هەر کە دێتە نێو مەرکەزی زەمەنەوە، بۆ جووتە دژبەیەکەکان دابەش دەبن، ئەوەی تاقانە بوو. بۆ دوانەی دژ بەیەک دابەش دەبێت. کاتێک دوو شتمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی پێوەندی لە نێوان ئەو سیانە سێ شێواز هەیە: یەکەم شێواز ئەوەیە کە یەکەمیان بەسەری ئەوی تردا زاڵ بێت؛ دووەم ئەوەیە کە ئەوی تر بەسەر ئەم یەکەدا زاڵ بێت؛ سێیەم ئەوەیە کە لە پێوەندییەکی هاوسەنگدا ئەم دووانە جێگیر بن. لە کۆتاییدا، لە چوارچێوەی ئەم سێ شێوە پێوەندییە هاوبەرانبەریەدایە کە هەموو شتەکان لە چواربەشی فەزادا دەجوڵێنەوە.

لە کتێبی تائو-تە چینگی لائوتسە دا شیعرێک هەیە دەڵێ:

**لە دڵی بوونی باڵاییدا یەکێک دێتە دەرێ.**
**لەدڵی یەکەوە دووان پەیدا دەبێت،**
**لە دڵی دووەوە، سێ پەیدا دەبێت؛**
**لە دڵی سێشەوە هەموو شتەکان پەیدا دەبن.**

کاتێک بۆم دەرکەوت کە لە مۆری ڕەسمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دوو دانە لەم سێ گۆشە سیمبولیانە هەن کە پێکەوە گرێدراون، لەپڕ بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئێمە سێزدە خاڵمان بۆ هەر سێزدە ولایەتەکەمان هەیە، سەرەڕای ئەوەش بەلایەنی کەمەوە شەش سەرمان هەیە، یەکێکیان لەسەرەوە و یەکێکیان لە خوارەوەو چوارەکەی تر لە چوار لایەکەن. وەک من دەیبینم مانای ئەمە ئەوەیە کە لەسەرەوە، یان لە خوارەوە، یان لە هەر خاڵێکی بۆسەڵەکە دەتوانی وشەی خولقێنەرت گوێ لێ بێت، و ئەمەش مەسەلەی بنەڕەتی دیموکراسییە. دیموکراتی وای دادەنێت کە تاک لە هەر گۆشەیەکەوە دەتوانێ قسان بکات و ڕاستی بڵێ، لەبەر ئەوەی عەقڵی ئەو لە حەقیقەت جیانەبووەتەوەو ئەوەشی لەسەر ئەو پێویستە جێبەجێ بکات ئەوەیە کە هەستەکانی ڕۆشن کاتەوەو پاشان بکەوێتە قسە.

کەواتە ئەو وێنەیەی لەسەر ئەم دۆلارە کێشراوە، نیشاندەری ئەم ڕوانینە نایابەیە کە باڵایی تێیدا خۆی نیشانی جیهان دەدات. ئەمەش ئەو شتەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەری بنیادنراوە. ئەگەر دەتەوێ بەڕاستی وڵات بەڕێوەبەری، دەبێ لەسەرووی سێگۆشەکەوە فەرمانڕوایی بکەی، لەوێدا لەسەرەوەیە چاوی جیهان.

لەبیرمە کە نەوجەوان بووم، دەقی وتاری ماڵئاوایی جۆرج واشنگتنیان پێداین و داوایان لێ کردین هەر هەموو ئەو دەقە کورت بکەینەوە. بە تەواوی ئەوەم لە یادە کە واشنتن دەڵێ: (ئێمە لە ئەنجامی شۆڕشەکەمان، خۆمان لە تێوەگلانمان لەو ئاشووبەی لە ئەورووپا هەیە قوتارکرد). دوا وتەیەی ئەوەیە کە ئێمە ناچینە نێو یەکێتیە دەرەکییەکانەوە. تا جەنگی جیهانی یەکەم ئێمە پابەندی ئەم وتانە بووین. پاشان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیمان وەلاوەناو بەشداریمان لە داگیرکردنەکانی بەریتانیا بۆ سەر جیهان کرد.. بەمجۆرە ئێستا ئێمە لەیەک لای هەرەمەکە وەستاوین. ئێمە لە یەکەوە بۆ دوو ڕۆیشتووین. لە ڕووی سیاسی و مێژووییەوە ئێستا ئەندامێکین لە یەک لای یەک مەسەلە. چیتر نوێنەری پرنسیپی ئەو چاوە نین کە لە سەرەوەیە. هەموو سەرقاڵییەکانی ئێمە ئابووری و سیاسەتە، گوێنادەینە دەنگ و دەنگدانەوەی عەقڵ.

**مویرز:** دەنگی عەقڵ - ئایا هەمان ئەو شێوە فەلسەفیەیە کە ئەم سیمبولە میتۆلۆژیانە پێشنیاری دەکەن؟

**کامبل:** ڕاستە. ئێستا ئەو گواستنەوە گرنگەت هەیە کە پێش ٥٠٠ ساڵ پێش زایینی ڕوویداوە. ئەم مێژووە پەیوەستە بە دەرکەوتنی بوودا و فیساگۆرس و کۆنفیسیۆس و لائوتسەوە. - ئەگەر لائوتسەیەک هەبووبێ. ئەم مێژووە مێژووی بێداری عەقڵی مرۆڤە. لەو سەردەمە بەدواوە چیتر هێزە حەیوانییەکان بەسەر مرۆڤدا سەرچاوەی زانیاری و دەسەلات نین. چیتر نە

لێکچوواندنی زەوی کێڵراوو نە جووڵەی ئەستێرەکان ڕێنوێنی مرۆڤ نەبوون، بەڵکو عەقڵی مرۆڤ بووە کە ڕێنوێنی مرۆڤی کرد.

**مویرز:** ئەو ڕێگایەش بریتیە لە...

**کامبل:** ڕێگای مرۆڤ. و ئەڵبەتە ئەوەی کە عەقڵ ویران دەکات سۆزو هەڵچوونە. سۆزی سەرەکی لە سیاسەتدا چاوچنۆکیە. ئەو شتەی مرۆڤ بەرەو ناخ دەباتە خوارێ. لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئێمە لە جیاتی ئەوەی لە لووتکەی هەرەمەکە بین کەچی لەم لاو ئەولای هەرەمەکەین.

**مویرز:** لەبەر ئەم هۆیەشە کە دامەزرێنەرانی ئێمە دژ بە دەمارگیری ئایینی بوون

**کامبل:** ئەم جۆرە شتەش بە هیچ جۆرێک قبووڵ نەکراوە، لەبەر ئەم هۆیەش بوو ئەوان ئەندێشەی کەوتن و گوناهیان ڕەت دەکردەوە. هەموو مرۆڤێ توانای ئەوەی هەیە کە لە زەینی خوا بگات. پەیامێکی تایبەت نییە تایبەت بە کەسانێکی تایبەت بێت.

**مویرز:** ئێستا دەتوانم بەو ڕاستییە بگەم، کە چۆن سالانێک قووڵبوونەوەت لە باس و لێکۆڵینەوەی نێو سیمبوڵە میتۆلۆژییەکان وای لێ کردووی و ئەو توانایەی پێ بەخشیوی کە ئەو ئەنگوستیلە گەورەیە بەم جۆرە بخوێنیتەوە، بەڵام بۆ زۆربەی ئەو پیاوانە نامۆ نەبوو ئەو پیاوانەی کە خواپەرست بوون، هەروەک دەڵێ، مانا نهێنییە ئەفسانەیەکان لەبارەی هەوڵەکانیانەوە ئاشکرا بکەن بە مەبەستی بنیادنانی وڵاتێکی مەزن.

**کامبل:** بەڵام بۆچی سوودیان لەم سیمبولانە وەردەگرت؟

**مویرز:** ئایا بەشی زۆربەی ئەم سیمبولانە سیمبولی ماسۆنی نین؟

**کامبل:** ئەوانە نیشانەی ماسۆنین، مانای چوارتایی فیساگۆرسی لە سەدەکانەوە شتێکی ناسراوە، بێگومان ئەو زانیاریانە لە کتێبخانەی تۆماس جیفەرسۆندا هەبوون. پێش هەموو شتێک ئەو پیاوانە پیاوانی خاوەن زانیاری بوون. جیهانی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەهەمدا جیهانی پیاوانی خاوەن مەعریفە بوو، لە دنیای سیاسەتدا پیاوانی لەم جۆرە زۆر نەبوون. بۆ میللەتی ئێمە فرسەتێکی زۆر دەوڵەمەند بووە کە ئەم جۆرە کەسانە دەسەڵاتیان بەدەست بێ و لە وەزعێکدا بوون کە کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە هەبووبێ.

**مویرز:** چ ڕوونکردنەوەیەک هەیە بۆ پێوەندی نێوان ئەم سیمبولانەوەو ماسۆنیەکان و ئەو واقیعەی کە ژمارەیەکی زۆر لە بنیادنەران سەر بە تیمی ماسۆنی بن؟ ئایا تیمی ماسۆنی بە جۆرێک لە جۆرەکان دەربڕینی بیری ئەفسانەیین؟

**کامبل:** بەڵێ. پێم وایە. کۆششێکە لە باسێکی زانستیەوە دەرچووە بە مەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی سیستەمی پێشڕەوایەتی تا بگات بە ئاشکراکردنە ڕۆحییەکان، بنیادنەرانی پێشوو کە ماسۆنی بوون، تا ئەوپەڕی توانا بڕوا ئایینیە میسرییەکانیان خوێندبووەوە. لە میسردا ئەهرامەکان بە تەپۆڵکەی یەکەم، یان تەپۆڵکەی ئەسڵی دادەنرێن. پاش ئەوەی لافاوی ساڵانەی نیل دەست بە نیشتنەوە دەکات یەکەمین تەپۆڵکەیەک کە لە ئاوەوە سەر دەهێنێتە دەرەوە نیشانەی دووبارە لەدایکبوونەوەی جیهانە. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە ئەو مۆرە دەری دەخات.

**مویرز:** پێدەچێت لە دڵی سیستەمی بڕوای تایبەتی تۆدا ناکۆکییەک هەبێت، هەندێ جار گێژمان دەکات. لەلایەک دەستخۆشی لەو پیاوانە دەکەیت کە ئیلهامبەخش و خوڵقێنەری سەردەمی عەقڵ بوون، و لەلایەکی دیکەشەوە پیرۆزبایی لە لۆک ئیسکای ڤاکەر دەکەیت لەبەر ئەوەی لە فیلمی شەڕی ئەستێرەکاندا ئەم عیبارەتەی ژێرەوە وتووە: (کۆمپیوتەر بکوژێنەوەو پشت بە هەستەکانی خۆت ببەستە.) چۆن هاوپەیمانییەک دروست دەکەیت لە نێوان ڕۆڵی زانست کە عەقڵەو ڕۆڵی بڕوا کە ئایینە؟

**کامبل:** نە، نە، دەبێ تۆ جیاوازی لە نێوان عەقڵ و ئەندێشەدا دانێیت.

**مویرز:** چ جیاوازیەک لە نێوان عەقڵ و ئەندێشەدا هەیە؟ ئایا کاتێ کە من بیردەکەمەوە، سەرقاڵی بەعەقڵ کردنی کاروبارەکان نیم؟

**کامبل:** بەڵێ، عەقڵت جۆرێکە لە ئەندێشەو بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوە دەربارەی شتەکان ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ ئەو شتانەت عەقڵاندووە. دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بڕینی دیوارێک، ئەمە عەقڵ نییە. مشکێک بە مالینی لووتی بەم لاو ئەولادا ڕەنگە ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ مەبەستێک، ئێمەش بە هەمان شێوەیە کە ڕێگاچارەیەک بۆ شتێک دەدۆزینەوە، بەڵام

ئەمە عەقڵ نییە. عەقڵ شتێکە دەبێ خەریک دۆزینەوەی زەمینەی بوون و بنیادی بونیانی سیستەمی گەردوون بێت.

**مویرز:** کەواتە، ئەوپیاوانە کاتێک دەربارەی چاوی خوا دەدوان بەوەی کە ئەو چاوە عەقڵە، ئەوان ئەوەیان دەوت کە بناغەی بوونمان وەکو کۆمەڵگا و کولتوورو نەتەوەکان لە خسڵەتی بنەڕەتی گەردوونەوە سەرچاوەی دەگرێ؟

**کامبڵ:** ئەمە شتێکە کە هەرەمی یەکەم دەیلێ. ئەو هەرەمە هەرەمی جیهانە و هەرەمی کۆمەڵگاکەمانە و هەردووکیان یەک شێوەن. ئەمە کۆمەڵگای ئێمەو ئەویش ئافەریدەی خوایە.

**مویرز:** میتۆلۆژیامان هەیە تایبەتە بە هێزی گیانلەبەران، بۆ شێوەی کێڵان و تۆوکردنی زەویش میتۆلۆژیای تایبەتمان هەیە - بەپیتی و خولقاندن و خوای دایک -. بۆ ڕووناکی ئاسمان و بۆ ئاسمانەکانیش میتۆلۆژیامان هەن، بەڵام لەسەردەمی هاوچەرخدا هێزی گیانلەبەرو سروشتی و زەوی تۆوکراومان تێپەڕاندووە، بەڵام ئەستێرەکان چیتر ئەوەندە گرنگ نین تەنیا ئەوە نەبێ کە کۆمەڵێ هەستی تایبەتن بە شتی سەیرو سەمەرەو ڕووبەرێک بۆ سەفەر لە نێو بۆشاییدا، ئێمە ئێستا لە کوێ وەستاوین؟لە زەمینەی میتۆلۆژیای پەیوەست بە شێوەی ژیانی مرۆڤەوە؟

**کامبڵ:** تا ماوەیەکی دوورو درێژی ئایندە میتۆلۆژیامان نابێت. شتەکان توندتر لەوەی کە ببنە ئەفسانە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

**مویرز:** بەڵام چۆن بە بێ ئەفسانە دەژین؟

**کامبڵ:** مرۆڤ ناچارە ڕوویەک، یان لایەنێک لە ئەفسانە بدۆزێتەوەو پێوە بلکێ و بە ژیانی تاکەکەسی خۆیەوە پەیوەستی بکات. ئەفسانە لە بنەڕەتدا چوار ئەرکی هەیە : یەکەم ئەرکی سۆفیگەرییە- ئەمەش هەمان ئەو ئەرکەیە من قسەم لەسەر دەکرد، لە ڕاستیدا ئەم ئەرکە بریتییە لە درککردنی ئەوەی کە جیهان و مرۆڤ چەند سەرسوڕهێنەرن و هەروەها تاقیکردنەوەی حورمەتە دەربارەی ئەم نهێنییەیە. ئەفسانە، جیهان بە ڕووی مەودای نهێنی و درککردن بەو نهێنییەی کە ژێرخانی هەموو وێنەکانە دەکاتەوە. ئەگەر ئەو نهێنییەت لەدەستدا، ئەوا میتۆلۆژیا لەدەست دەدەیت. ئەگەر لە میانەی هەموو شتەکاندا نهێنی دەرکەوێت، ئەوا گەردوون بۆ وێنەیەکی پیرۆز دەگۆڕێت. لە هەموو بارودۆخێکدا لە جیهانی باڵایدا تۆ هەمیشە قسە لەگەڵ نهێنی باڵاییدا دەکەیت.

ئەرکی دووەم مەودای کوسمولۆجیکەڵە(گەردوونی)، ئەویش مەودایەکە زانست سەرقاڵێتی؛ شێوەی گەردوون چۆنە بۆت دەخاتە ڕوو، بەڵام بەجۆرێک دەیخاتە ڕوو کە نهێنی دیسان لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەمڕۆ ئێمە بەگومانین لەوەی کە زاناکان هەموو وەڵامێکیان لایە، بەڵام زانا مەزنەکان پێمان دەڵێن، (نەخێر ئێمە هەموو وەڵامێکمان لا نییە. دەتوانین بە ئێوە بڵێین چۆن کار دەکات، بەڵام ناتوانین بڵێین چییە؟) کاتێ شخارتەیەک دەسووتێنی، ئەو ڕووناکییە چییە کە پەیدا دەبێت؟ دەتوانی بە من بڵێیی ئەکسیدی ئۆکسیدیسیۆن، بەڵام ئەمە بۆ من هیچ شتێک ناگەیەنێت.

سێیەم ئەرک، ئەرکی سۆسیۆلۆژیە کە بریتییە لە بەرگریکردن لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بەخشینی بایەخ بەو کۆمەڵگایە. لێرەدایە کە ئەفسانە لە شوێنە جیاجیاکاندا جیاوازیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. دەکرێ میتۆلۆژیایەکت هەبێ بە تەواوی دەربارەی فرەهاوسەری بێ و دەشکرێ میتۆلۆژیایەکی تەواوت لە بارەی تاک هاوسەرییەوە هەبێ. هەریەک لەم میتۆلۆژیانە لە جێگای خۆیاندا ڕاستن. پێوەندی بەوەوە هەیە کە لە کوێدای. ئەوەی لە جیهانی ئێمەدا باوە ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتیەی ئەفسانەیە و ئەمەش سەردەمی بەسەرچووە.

**مویرز:** مەبەستان چییە؟

**کامبڵ:** ئاماژە بە یاسا ڕەوشتییەکان دەکەم؛ ئەو یاساو ڕێسایانەی کە دەبێ لە کۆمەڵگایەکی چاکدا هەبن، هەموو سیفەتەکانی یەهوو دەربارەی شێوەی پۆشاکێ کە دەبێ بپۆشرێت، شێوەی ئاکاری کەسەکان لەگەڵ یەکتریدا و هەموو ئەو شتانەی لەبابەتی ئەمانە لە ساڵانی هەزاری یەکەمی پێش زاینیدا هەبوون، کۆن بوون.

بەڵام ئەفسانە ئەرکی چوارەمیشی هەیە، ئەمەش ڕۆڵێکە پێم وایە ئەمڕۆ دەبێت هەمووان پێوەی پەیوەست بین- مەبەستیشم لەو ئەرکە ئەرکی پەروەردەیە، چۆن مرۆڤ لە سایەی هەموو بارودۆخێکدا ژیانی مرۆڤایەتی دەژی، دەکرێ ئەفسانەکان فێری ئەوەت بکەن.

**مویرز:** کەواتە ئەو چیرۆکە کۆنانەی دەیزانین و زار بە زار و وەچە لە دوای وەچە دەمانگێڕایەوە چیتر ئەرک نین

و ئێمەش فێری ئەرکێکی دیکە نەبووین.

**کامبڵ:** ئەو چیرۆکە کۆنەی کە لە ڕۆژئاوادا هەمانبوو، کە لەسەر کتێبی پیرۆزدا بنیادنرابوو، لەسەر ڕوانینێک بۆ گەردوون بنیادنرابوو کە بۆ هەزاری یەکەمی پێش زاینی دەگەڕێتەوە؛ لەگەڵ ڕوانینمان بۆ کەون و لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤدا ناگونجێ، ئەو ڕوانینە بە تەواوی سەر بە جێگایەکی ترە.

لەسەرمانە ئەمرۆ فێربین کە چۆن بۆ گونجاندن لەگەڵ حیکمەتی سروشتدا دەگەڕێینەوە، جارێکی تر هەست بە برایەتیمان لەگەڵ گیانلەبەران و ئاوو دەریا بکەین، وتنی ئەو وتەیەی کە خوایەتی سەرچاوەی ئاگایی جیهان و هەموو شتەکانە، وەکو جۆرێک لە وتنی حەتمیەتی پانتیزمە(یەکێتی بوونە).بەڵام پانتیزم وشەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە. ئەم وشەیە وا دەگەیەنێ کە خوایەک لە شێوەی کەسایەتی لە جیهاندا نیشتەجێیە، بەڵام لە ڕاستیدا بیرێکی ئا لەمجۆرە نەخراوەتە ڕوو، بیرەکە بریتییە لە ترانس تیۆلۆژیکەڵ (لە پشتەوەی خواناسی). ئەمەش بیرێکە پێناسەناکرێت، نهێنییەکە ئاشکرا ناکرێت، جۆرێک لە هێز و سەرچاوەو کۆتایی و زەمینەی بەرگریکردنە لە تەواوی ژیان و بوون.

**مویرز:** نابینی کە چۆن ئەمریکییە نوێیەکان بیری کۆنی سروشتیان ڕەفزکردۆتەوە بەو سیفەتەی ئەم بیرە وێنەیەکە لە خواییەتی؛ لەبەرئەوەی ئەم بیرە ڕێگر بووە لە بەردەمیان بۆ بە ئەنجامدانی پەیداکردنی دەسەڵات بەسەر سروشتدا، بە بێ کووشتنی خوا چۆن دەتوانین درەخت لە ڕەگەوە دەرهێنین و ڕەگی زەوی دەرهێنین و ڕووبارەکان بۆ ناوچەی نیشتەجێبوون بگۆڕین؟

**کامبڵ:** ڕاستە، بەڵام ئەمە بە تەنیا سیفەتەکانی ئەمریکای هاوچەرخ نییە، بەڵکو قێوەزن کردنی سروشت لە کتێبی پیرۆزەوە هاتووە کە ئەوانیش بە میراتی لە ئایینەوە وەریانگرتووە، بە تایبەتیش لە ئینگلتەراوە لەگەڵ خۆیاندا هێنایان. خوا لە سروشت جوودایەو سروشتیش لە لایەن خواوە نەفرەتی لێ کراوە. ئەم بۆچوونەش پێوەندی بە گەشتی پێکهاتنەوە هەیە، کە لەوێدا هاتووە: ئێمە دەبێ گەورەی جیهان بین.

بەڵام ئەگەر بێتو بیر لە خۆمان بکەینەوە دەبینین ئێمە لە زەوییەوە هاتووینەتە دەرەوە، نەک لە جێگایەکی دیکەوە، دەبینین ئێمە لەسەر زەوین و ئاگاشمان لە زەوییە، ـ ئەوەش چاوی زەوی و ئەویش دەنگی زەوییە.

**مویرز:** زانایان، بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لە پرنسیپی Gaia دەکەن.

**کامبڵ:** بەڵێ لەم باسەدا هەموو گۆی زەوی وەکو ئۆرگانیزمێ تەماشا دەکرێ.

**مویرز:** زەوی دایک. ئایا ئەم ڕوانینە نوێیە، ئەفسانەیەکی نوێ ناخولقێنێ؟

**کامبڵ:** ڕەنگە شتێک بخولقێ، تۆ ناتوانی پێشبینی بکەی ئایا ئەو ئەفسانەیە چۆن دەبێت، هەروەها ناشتوانی پێشبیین ئەوە بکەیت ئەمشەو خەون بە چییەوە دەبینی، ئەفسانەو خەونەکان هەردووکیان لە یەک سەرچاوە دێنە دەرێ، ئەم دووانە دەرئەنجامی شێوە تێگەیشتنێکن، پاشان لە قاڵبی سیمبولیدا دەردەبڕێن. تەنیا ئەفسانەیەک کە بەهای هەیە ئەو ئەفسانەیە کە قسە لەسەر ئەستێرەکان دەکات، نەک ئەم شارو ئەو مرۆڤ، بەڵکو قسە لەسەر گشت ئەستێرەو نیشتەجێ بووانی ئەو ئەستێرەیە دەکات. ئەمەش بۆچوونی منە دەربارەی ئەو ئەفسانەیەی کە لە ئایندەدا دەردەکەوێ.

ئەو شتەی کە پێوەی سەرقاڵ دەبیت، بە تەواوی هەمان ئەو شتەیە کە هەموو ئەفسانەکان خەریکی بوون – گەشەکردنی تاک لە کەسێکەوە کە پشتی بە کەسانی دی بەستووە، بۆ کەسێکی باڵغ و پاشان دەرچوون، پاشان چۆنیەتی پێوەندی پەیداکردن لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە و شێوەی پێوەندی ئەم کۆمەڵگایە بە سروشت و جیهانەوە. ئەمان کۆمەڵێ شتن ئەفسانەکان هەر هەموویان لەبارەیەوە دەدوێن، ئەو ئەفسانەیەی دەشمانەوێ بەو جۆرە قسەی لەسەر دەکات، بەڵام ئەو کۆمەڵگایەی قسەی لەسەر دەکات، کۆمەڵگای سەر ئەم ئەستێرەیە دەبێ. تا ئەو کاتەی ئەم ئەفسانەیە دەردەکەوێت، خاوەنی هیچ شتێک نین.

**مویرز:** تۆ ئاماژە بەوە دەکەیت کە ئەفسانەی ڕۆژگاری ئێمە لێرەوە دەست پێ دەکات؟

**کامبڵ:** بەڵێ، ئەمەش ئەو زەمینەو بناغەیە کە دەبێ ئەفسانەی لەسەر بنیاد بنرێت، ئەو ئەفسانەیە بەڕاستی لێرەیە لە چاوی عەقڵدا، لە هاووڵاتێتی مندا نییە، واتە لە چاوی عەقڵەوەیە نەک لە کۆمەڵگای ئایینیماندا، لە چاوی عەقڵدا نەک لە کۆمەڵگای زمانەوانیماندا، دەبینی ئەو فەلسەفەیە بۆ هەموو ئەم ئەستێرەیە دەبێ، نەک بۆ ئەم گرووپ و ئەو گرووپی دیکە.

کاتێک لەسەر مانگەوە تەماشای گۆی زەوی دەکەیت،

دابەشبوونی سنوورو دەسەڵاتەکان نابینی. ئەمە بەڕاستی دەتوانێ سیمبولێک بێت بۆ ئەفسانەی نوێ ئەو ئەفسانەی کە بەڕێگاوەیە. ئەمەش ئەو وڵاتەیە خەریکی وەسف کردنین و خەڵکەکانیشی ئەوانەن ئێمە لەگەڵیان یەک ئەگرینەوە.

**مویرز:** لەو پاشماوانەی کە تۆ کۆتکردونەتەوە، هیچ کەسێک لە سەرۆک سیاتڵ Chief Seattle زیاتر بە ئاشکرا و بە ڕوونی ئەم مانا ڕەوشتیەم لا بەرجەستە ناکات.

**کامبڵ:** سەرۆک سیاتڵ Seattle دوایین وتەبێژ بوو کە لەسەر سیستەمی ڕەوشتی سەردەمی بەردینی کۆن Paleolithic قسەی کردووە. دەوروبەری ساڵی ١٨٢٥، حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خوازیاری کڕینی زەوی خێڵەکان بوو، ئەو زەویانەی بۆ نوێ هاتووەکان بوو، بۆ ئەوانەی تازە ڕوویان دەکردە ئەمریکا، ئەو کاتە سەرۆک سیاتڵ دژ بەو کارە وتارێکی جوانی نووسی ، ئەو وتارەی دەربڕینێکی ڕەوشتانەیە دەربارەی هەموو ئەو قسانەی کە ئێمە دەیکەین.

سەرۆک کۆمار لە واشنتن نامەیەکی بۆ ناردووم تێیدا داوای کڕینی زەوییەکانمان دەکات، بەڵام ئێمە چۆن ئاسمان و زەوی دەکڕین و دەفرۆشین؟ ئەم بیرە بە تەواوی بە ئێمە نامۆیە، ئێمەیەک خاوەنی سازگاری هەواو و درەخشانی ئاو نەبین، چۆن دەتوانیت ئەوانە بکڕیت.

هەرپارچەیەک لەم زەوییە لای مرۆڤی من پیرۆزە، هەر گەڵا سنەوبەرێکی درەخشان، هەر کەنار دەریاریەکی لماوی، هەر تەمێک دەکەوێتە سەر جەنگەڵە تاریکەکان، هەر مورغزارێ، هەر مێرووویەکی وزەوزکەر، هەر هەموویان ئەمانە لە بیرەوەری و ئەزموونی گەلەکەمدا پیرۆزن.

ئێمە بە ئەندازەی ئەو خوێنەی کە لە دەمارەکانمانەوە ڕێ دەکات، ئەو ئاوانە دەناسین کە بە نێو درەختەکانا ڕێ دەکەن، ئێمە بەشێکین لە زەوی و زەویش بەشێکە لە ئێمە، گوڵە بۆنخۆشەکان خوشکی ئێمەن، هەرچی ورچ و ئاسک و هەڵۆیە برامانن. هەموو ئەمانە سەر بە یەک خێزانن، هەر لە لووتکەی تاوێرەکان و گوڵاوی درەخت و گەرمی جەستەی ئەسپەکان و مرۆڤ هەر هەموویان سەر بە یەک خێزانن.

ئەو ئاوە درەخشانانەی بە جۆگەلەو ڕووبارەکانا ڕێ دەکەن تەنیا ئاو نین، خوێنی باوباپیرانمانن. ئەگەر زەوییەکانمان بە ئێوە فرۆشت دەبێ ئەوە بزانن کە ئەو زەویانە پیرۆزن، هەر ڕەنگدانەوەیەکی تارمایی ئاسا لە نێو ئاوی سازگاری دەریاچەکان، باس لە بەسەرهات و بیرەوەریەکانی ژیانی میللەتەکەی من دەکەن. زەمزەمەی ئاو دەنگی پشت بە پشتی منە.

ڕووبارەکان برامانن. ئەو ڕووبارانە تینوێتیمان دەشکێنن، کەشتیەکانمان دێننە جووڵە، خواردن دەبەخشنە نەوەکانمان. بۆیە بە ڕادەی میهرەبانیتان بەرانبەر بە براکانتان، ئەوەندەش بەرانبەر ئەو ڕووبارانە میهرەبان بن.

ئەگەر زەوییەکانمان بە ئێوە بفرۆشین، دەبێ ئەوەتان لەیاد بێت ئاوهەواکەی لای ئێمە پیرۆزە، ئاوهەواش ڕۆحی لەگەڵ هەموو وێنەیەکی ژیاندا دابەش دەکات، ئەو هەوایەی باپیرانمان یەکەمین هەناسەی خۆیان پێ بەخشی، ئەویش دوایین هەناسەی هەڵکێشا، هەوا بە منداڵەکانیشمان ڕۆحی ژیان دەبەخشێ، ئەگەر زەوییەکانمان فرۆشت، پێویستە لەسەرت بەدابڕاوی و پیرۆزییەوە پارێزگاری بکەیت، وەک ئەوەی جێگایەکەو مرۆڤ بۆ چەشتنی تامی هەوا سەردانی دەکات، ئەو هەوایەی کە لە گوڵزارەکانەوە شیرینی خۆی چنگ دەکەوێ.

ئایا ئەو شتانە فێری منداڵەکانتان دەکەن کە ئێمە منداڵەکانمان پێ فێر کردوون؟ ئەوەی کە زەوی دایکمانە؟ ئەو دەردەی زەوی تووشی دێ، بەسەر هەموو مرۆڤانی نیشتەجێی سەر ئەو زەوییەدا تەشەنە دەکا.

ئەوەی ئێمە دەیزانین زەوی سەر بە مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ سەر بە زەوییە، هەموو شتەکان پێکەوە پەیوەستن، هەروەک پەیوەستی خوێن کە پێکمان کۆدەکاتەوە، مرۆڤ تۆڕی ژیان ناچنێت، بەڵکو مرۆڤ تەنیا داوێک، یان پارچەیەکە لەو تۆڕی ژیانەیە، هەر گرفتێ تووشی ئەو تۆڕە بێت، بەسەر خۆشیدا دێت.

تەنیا شتێک هەیە دەیزانین ئەویش ئەوەیە کە خوای ئێمە خوای ئێوەشە، زەویش لای خوا بە نرخە، زیان گەیاندن بە زەوی واتە پێشێل کردن و ئیهانەکردنی ئەو کەسەیە کە دروستی کردووە.

چارەنووسی ئێوە بۆ ئێمە نهێنییەکە. چی ڕوو دەدات کاتێک کە هەموو گاکێوییەکان سەربڕن و ئەسپە کێوییەکان ڕام کرێن؟ چی ڕوو دەدات ئەگەر هاتو هەرچی گۆشە نهێنییەکانی نێو جەنگەڵ هەیە، پڕکرێن لە بۆنی برێکی

زۆر مرۆڤ و چاوئەندازی تەپۆلکە جوانەکان ون بێت و تەلبەندی ئامێرە هاوچەرخەکان دایپۆشێ، ئەو کاتە کوێ دەبێتە بێشە؟ ئایا ئەوانیش لەناودەچن؟ هەڵۆکان بۆ کوێ دەچن، ئەوانیش ون دەبن؟ کێ بە ئەسپە گرگنە توندرەوەکان دەڵێ ماڵئاواو بە شکارچێتی دەڵێ ماڵئاوا؟ ئەمەش کۆتایی ژیان و دەسپێکردنی مانەوەیە.

کاتێ کە دوایین پیاوی سوور بە خۆیی و پێدەشتەکەیەوە لە ناوچێت، بیرەوەریەکانیشی دەبنە تەنیا سێبەرە هەورێک و بەسەر دەخڵەکانا گوزەردەکەن؛ ئایا ئەو کاتە ئەم کەنارو دارستانانە هەروا لە جێگای خۆیان دەمێننەوە؟ ئایا شتێک لە ڕۆحی گەلەکەم دەمێنێتەوە؟

هەروەک چۆن کۆرپەڵە ئەوەندە لێدانی دڵی دایکی خۆی خۆشدەوێ، ئێمەش ئەم زەوییەمان ئەوەندە خۆش دەوێ، ئەگەر زەوییەکانمان پێ فرۆشتن ئەوەندەی ئێمە خۆشمان دەوێن ئێوەش خۆشتان بوێ، چۆن چاوەدێریمان دەکردن، ئێوەش چاوەدێری بکەن، بیرەوەری ئەم زەوییە بەو جۆرەی کە وەرتگرتووە بیپارێزە. ئەم زەوییە بۆ هەموو منداڵان بپارێزە، خۆشت بوێ بە ئەندازەی ئەوەی خوا خۆشمانی دەوێ.

لەبەرئەوەی ئێمە پارچەیەکین لە زەوی تۆش پارچەیەکی زەویت، ئەم زەوییە بۆ ئێمە نرخی زۆرە، بۆ ئێوەش هەر دەبێ بەنرخ بێت. ئێمە تەنیا یەک شت دەزانین ئەویش ئەوەیە یەک خوا هەیە، هیچ مرۆڤێ چ سوور بێت، یان سپی لە کۆتاییدا ناتوانێ دابڕاو بێت، سەرباری هەموو شتێکیش ئێمە برای یەکترین.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئەم شیعرە ڕاگەیەنەری هەستی یەتس، یەتسی شاعیری ئیرلەندی (١٨٦٥- ١٩٣٩) لەسەر هەرەسی شارستانییەتی سەردەمی ئەودا بنیادنراوە، کۆتایی یەکێک لە دەورەکانی مێژوو هاتنی دەورێکی دیکەیە. ئەو هەر یەک لەم دەورانە ناو دەنێت (گویر) واتە بازنە. لەدایکبوونی مەسیح نیشانەی دەورەیەک بوو کە لە ٢٠٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونەوە دەستی پێ کردبوو. سێ بەشەکەی دی ئاماژەیە بۆ شۆڕشی ڕوسیا. وەرگێڕ**

**٢- Armageddon مەیدانی دوایین نەبەردی هێزەکانی خێرو شەڕە کە ڕوودانی ئەو نەبەردە لە کۆتایی جیهاندا پێشگۆیی کراوە.**

**٣- Kali واژەیەکی سانسکریتییە بە مانای ڕەش، لە هیندۆیزمدا کالی یەکێکە لە ترسناکترین خواکان و هاوسەری شیڤایە. هەمیشە ئەو خوایە وا نیشان دەدەن کە ڕەش و ڕووت و پیرو ناشیرینە، ملوانکەیەکی لە کەللەسەری مرۆڤی لە مللە. کەمەربەندەکەی لە ئێسکی دەست و قاڵچی مرۆڤ و زمانێکی خوێناوی هەیە لە دەمییەوە هاتووەتە دەرێ. پەرستکارانی مرۆڤکوژانی پیاوخراپن.**


**سەرچاوە:**

**بۆ وەرگێڕانی ئەم وتارە سوودم لە سێ نوسخەی ئەم کتێبە وەرگرتووە:**

**Joseph Campbell, THE POWER OF MYTH, with Bill Moyers, First anchor books edition :juli 1991.**

**٢- جوزیف کامبل مع بیل مویرز، سلطان الاسطورة، تحریر: ایجي سوفلاورز، ترجمة: بدر الدیب، المجلس الاعلي للثقافة، ٢٠٠٢.**

**٣- قدرت اسطوره، جوزف کامبل، ترجمه: عباس مخبر، تهران، نشر مرکز، چاپ اول ١٣٧٧**

# چۆن شتەکان دەرک دەکرێن؟

زەیتۆ شێخانی

دەرک کـردن لە هەمـوو بابـەتەکـانی تر زیاتر لەلایەن زانـایـانی دەروونـزانـی گـــرنگی پێ دراوە، چونکـە بەشـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆ پێـوەندی بەژیانی ڕۆژانەی خـەڵکەوە هەیە. مـرۆڤ ڕۆژانە مـامـەڵە لەگـەڵ هەزاران ورووژێنەر دەکـات کـە پێـویسـتی بە تێگەیشتن و شـیکردنەوە هەیە، هەندێک جـاریش پێـویسـتی بە وەڵامدانەوەی دەمـودەست هەیە. لەوکاتەی کە پێشوازی لە ورووژێنەرێک دەکەین، هەمـومـان لێی تێ دەگەین، بەڵام ئایا هەمـومـان بەیەک ئاست و یەک ڕێگاو یەک شـێـوە تێی دەگـەین، ئەگـەر چەند کـەسـێک سـەیری تابلۆیەک بکـەن، وا چاوەڕوان دەکـرێت هەر یەکـە بەشـێـوەیەک لێی تێـدەگـات. ئەمـەش بەهۆی جیـاوازی زانیارییەکانی پێشوومانە و شێوەی چارەسەرکردنمان بۆی. واتە ئێـمـە لەو کاتەی هەوڵ دەدەین دەرکی ورووژێنەرێک بکەین سیـسـتـەمـێکی تایبـەتی بەسـەردا دەسـەپێنین و ئەوەی لە ناخماندا هەیە بەسەریدا دەڕێژین.

کرداری دەرک کردن بەشێکی گرنگە لە سیـسـتـەمی چارەسەرکردنی زانیارییەکان، ئەم سیستەمەش لەکرداری هەست کردن بە ورووژێنەرەکانی ژینگە و ئاگالێـبوون و دەرک کـردن پێک هاتووە. بۆیە کـرداری دەرک کـردن بریتـیـیـە لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی زانیـارییـەکان. هەروەها دەتوانین بڵێین زانایان لەسەریەک چەمک کۆکن بۆ دەرک کردن. کە بریتـییـە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشـتنی ژینگەی دەوروبەر، بەهۆی ئەو زانیـاریانەی کـە لە هەسـتـەکـانەوە دەگەنە دەمـاغی مـرۆڤ. تێگەیشـتنیش بریتـیـیـە لە شـیکردنەوە و ڕەمـز بۆ دانان و ئاخنین و وەڵامدانەوە لەکاتی پێویستدا. بەم پێیە هەست کردن سـەرچاوەیەکی سـەرەکی کـرداری دەرک کـردنە.

زانیارییەکانی پێشوومان سەرچاوەی دووەمە.

کرداری دەرک کردن وورووژێنەرەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە چارەسەر دەکات، بەڵام ئاگایی بە چارەسەرکردنی زانیارییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام دەدات. کرداری دەرک کردن بیرکردنەوەیەکی بەرزەو پەیوەستە بە بنچینەی مەعریفی تاک، لەگەڵ ئەوەشدا دەرک کردن سەربەخۆ و بەبێ هەست کردن روونادات. تەنیا لەم بارانەدا نەبێت کە پێی دەوترێت دەرک کردنی سەرەوەی هەست کردن. کە ئیلهام و پێشبینی دواڕۆژ نموونەن بۆ ئەم بارانە. ئەم جۆرە دەرک کردنەش هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەسەر نییە.

## دەرک کردنی کۆمەڵایەتی

لە زۆر کاتدا ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کردارێکی ئاڵۆزە، بۆیە دەبینین خەڵک بە ڕێگای سەیرو چاوەڕوان نەکراو هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش وامان لێ دەکات پرسیار لە بارەی پاڵنەر و جیاوازی ڕەفتارەکانەوە بکەین. قەناعەتی پێشوو لە بارەی خەڵکەوە لەژێر ڕۆشنایی سیفەت و وەزیفەکانیان هۆکارن بۆ جیاوازی ڕەفتارەکان. بۆیە دەبینین هەندێک خەڵک ئەگەر زانیان تۆ پسپۆڕی دەروونزانی، بەشێوەیەک مامەڵەت لەگەڵ دەکەن، وا دەزانن تۆ دەتوانی نهێنییەکانی ناخیان دەربخەی. ئەم هەڵوێستەش بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەمان، لەزۆر کات و شوێندا دووبارە دەبێتەوە. بەم پێیە دەتوانین دەرک کردنی کۆمەڵایەتی پێناسە بکەین و بڵێین بریتییە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی پاڵنەرەکانی ڕەفتاری خەڵک لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زانایان لە بارەی هۆکاری ڕەفتارەکانیان پرسیار دەکەن. هەروەها لەو ڕەفتارانە دەکۆڵنەوە کە پەیوەستن بە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان. ڕێگایەکی تر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گەڕانە بەدوای هەڵچوونەکان، یان دەربڕینەکانی ڕوو، وەک ئاماژەیەک بۆ باری مەعریفییان. تیۆرەکانی دەروونزانی هەوڵ دەدەن ئەو هەڵوێستانە دیاری بکەن کە لەوانەیە یارمەتی خەڵک بدات بۆ تێگەیشتنی ڕەفتاری بەرانبەر، وەک زانینی ڕادەی ئازادی بۆ هەڵبژاردنی تاک، ڕادەی جیاکردنەوە و نوێیی ڕەفتار، زانینی ڕەفتاری نامۆ..تاد.

## گەشەی دەرک کردن و پێوەندی بە هەستەکانەوە

ڕەفتاری دەرک کراو بەندە بە کارەکانی پێنج هەستەکە، جا ئەگەر دەرک کردنەکە پشت بەیەک هەست، یان زیاتر ببەستێت. هەستەکان وەک ئامێری ڤیدیۆ، یان ڕێکۆردەر کاردەکەن، بەڵام دەرک کردن ڕەفتارێکی فێرکراوە لەگەڵ لە دایک بوونی مرۆڤ گەشە دەکات. واتە مرۆڤ کە لە دایک دەبێت توانای دەرک کردنی ئامادەکراوی نییە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی زانیاری پێشوو، تەنیا هەندێک کاردانەوە نەبێت کە هەندێک لە زانایان بەبەڵگەی دادەنێن لەسەر دەرک کردن. هەروەها هەندێک لە زانایان بڕوایان وایە کە فێربوون وەرگرتنی زانیاری دەرک کراوە هەر لەکاتی سک پڕی ڕوودەدات، چونکە کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا گوێی لەشت دەبێت و فێری هەندێک شتی ساکار دەبێت.

چەندین بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کە منداڵ لەگەڵ لەدایک بوونی توانای ئەنجام دانی هەندێک وەڵامدانەوەی سادەی هەیە، کە بەندە بە دەرک کردن و پێویستیشی بە زانیاری ئاخنین کراو نییە. لای گەورانیش ئەم جۆرە دەرک کردنە هەیە. ئەم بەڵگانەش پشت بەوە دەبەستن کە منداڵی تازە لە دایک بوو. لە ڕۆژی یەکەمی لەدایک بوونییەوە کۆئەندامێکی هەستی تەواوی هەیە، تەنیا چەند کەموکوڕیەکی کاتی نەبێت کە دوای چەند هەفتەیەک نامێنێت.

## دەرک کردنی بینین (Visual Percetion)

منداڵی تازە لە دایک بوو بۆ دەرک کردن لەسەرەتاوە پشت بە هەستی تام و بۆن و دەست لێدان دەبەستێت، بەڵام پاش چەند هەفتەیەک هەموو هەستەکانی بەکاردەهێنێت.

چەندین لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو زانیاریانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا دەگەنە دەماغ، سەرچاوەکەی بینینە. ئەگەر زانیاری دژ بەیەکمان پێ گەیشت، زانیاری بیندراو پشتی پێ دەبەسترێت و ئەوی تر پشت گوێ دەخرێت. منداڵ لە تەمەنی (١٠) هەفتەدا دەتوانێت وورووژێنەری سێ لایەنە دەرک بکات و بە ئاسانی جیاوازی لەنێوان ڕووەکان بکات.

## دەرک کردنی بیستن (Auditary Perception)

بیستن شوێنێکی گرنگ لە دەرک کردنی ڕۆژانەی مرۆڤ پێک دەهێنێت، بەهۆی بیستنەوە مرۆڤ دەتوانێت خەڵک لێک جیابکاتەوە و خۆی لە شتە ترسناکەکاندا

بپارێزێت.
زمان بەهرەیەکی خواییە بەمرۆڤی بەخشیوە، بەهۆیەوە دەتوانێت کرداری خۆگونجاندن و فێربوون ئەنجام بدات. زانایان دەڵێن پشت بەستن بە بیستن بۆ مەبەستی فێربوون لە هەموو هەستەکانی تر بەیەکەوە زیاترە. ئەگەرچی زانیاری بیندراو زیاتر لە بیستراو دەگاتە دەماغ، بەڵام بۆ مەبەستی فێربوون زانیاری بستراو لە هەموو هەستەکان بەیەکەوە زیاترە. هەر لەبەر ئەوەشە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چەندین جار وشەی بیستنی پێش بینین باس کردووە. بۆ روون کردنەوەی گرنگی بیستن پێویستە ئەوەش بڵێین کە مرۆڤی نابینا بەشێوەیەکی نیمچە تەواو پشت بە بیستن دەبەستێت. بەهۆی بیستنەوە قەرەبووی بینین دەکاتەوە.

### ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر دەرک کردن

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کار دەکەنە سەر دەرک کردن هەندێکیان پەیوەستن بە سروشتی هەستەکان کە مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، هەندێکی تر تایبەتن بە مرۆڤەکە خۆی. شایانی باسە ئەم هۆکارانە بە تەنیا کارناکەن، بەڵکو هەموویان بەیەکەوە کاردەکەنە سەر دەرک کردن. هۆکارەکانیش ئەمانەن:

### ١ - هۆکارە دەرەکییەکان

ئەم هۆکارانە پەیوەستن بە سیفەتەکانی ورووژێنەر، وەک شێوە و قەبارە و ڕەنگ و جووڵە و توندی ورووژێنەر، هەروەها خاسیەتە ماددی و دەروونییەکانیش دەگرێتەوە. زۆربەی ئەو هۆکارانەش لە (یاساکانی جەشتاڵت) وەرگیراون، کە جەخت لەسەر تێگەیشتنی تەواوی ورووژێنەرەکان دەکەنەوە. واتە ناکرێت ورووژێنەرەکان بەش بەش بکرێن بۆ چەند ڕەگەزێک، لەپاشان یەکەیەکەی ڕەگەزەکان تێبگەین، چونکە لای جەشتاڵتییەکان کۆی ڕەگەزەکانی ورووژێنەر ناکاتە تەواوی ورووژێنەرەکە. یاساکانیش ئەمانەن:

#### وێنە و پاشکۆکەی (Figure and Ground)

ورووژێنەر بریتییە لە یەکەیەکی ڕێکخراو کە پێک هاتووە لە وێنە و پاشکۆکەی. بەم شێوەیە هەر وێنەیەک پێک هاتووە لە تێکەڵاوی ڕەگەزەکانی وێنە و پاشکۆ. وێنە واتادارتر و روونتر و ڕێکوپێکتر و بچووکترە لە پاشکۆکەی. زۆرجار ئەم وێنەیە بەناڕوونی دەردەکەوێت بەهۆی تێکەڵ بوونی لەگەڵ پاشکۆکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرک کردنی ناڕاست و ناتەواو.

#### یاسای لەیەک چوون: (Law of Similarity)

بەپێی ئەم یاسایە ئەو ورووژێنەرانەی کە لە ڕووی ڕەنگ و شێوە و قەبارە و خێرایی و توندی لەیەک دەچن وەک یەکەیەک دەرک دەکرێن، بۆ نموونە زۆربەی خەڵک دیری ئاسۆیی باشتر لە ستوونی دەبینێت.

#### یاسای نزیکی (Law of Proximity)

ئەم یاسایە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ورووژێنەرانەی لە یەک نزیکن، یان لە ڕووی شوێنەوە لەدوای یەک دێن وەک یەکەیەک دەرک دەکرێن.

#### یاسای بەردەوامی (Law of Continuation)

بەپێی ئەم یاسایە ئەو ورووژێنەرانەی کەوا دەردەکەون بەردەوامن بۆ ورووژێنەرەکانی پێش خۆیان وەک یەکەیەک دەرک دەکرێن. بۆ نموونە لای هەندێک خەڵک گرانە یەک ئایەت لە سوورەتێکی قورئان بەبیرخۆیان بهێننەوە بەبێ ئەوەی سوورەتەکە بە تەواوی بخوێننەوە تا دەگەنە ئایەتەکە ئینجا بەبیریان دێتەوە.

#### یاسای داخستن (Law of Closure)

ئەم یاسایە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵک حەز دەکەن ورووژێنەرە ناتەواوەکان تەواو بکەن. بۆ نموونە زۆربەی خەڵک کە دەست نووسێک دەخوێننەوە، بە تەواوی دەیخوێننەوە، ئەگەر چەند پیتێکیشی تێدا کەم بێت، یان ئەو بازنە و سێگۆشەیەی کە ناتەواوە لە ڕووی ئەندازەییەوە خەڵک بە تەواوی دەیبینن.

### ٢ - هۆکارە خۆییەکان

ئەمەش بریتین لە چەند هۆکارێکی تایبەت بەمرۆڤ، کە کاردەکەنە سەر ڕادەی کاریگەری و بابەتی دەرک کردن. هۆکارەکانیش ئەمانەن:

- پلەی زانیاری تاک و ئاشنایی لەگەڵ ورووژێنەرەکان. هەرچەندە زانیاری تاک لە بارەی ورووژێنەرەکانەوە زیاد بێت، توانای زیاتر دەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ورووژێنەرەکان و شیکردنەوە و تێگەیشتنیان.

– پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان و دەروونییەکان. واتە تێر نەکردنی پێداویستییە فسیۆلۆژییەکانی وەک خواردن و خواردنەوە و پێداویستی دەروونی وەک ئاسایش، بەشێوەیەکی سلبی کار دەکەنە سەر دەرک کردن. شتێکی ئاشکرایە تێرنەکردنی ئەم پێداویستییانە دەبێتە هۆی دروست بوونی بارێکی شڵەژان لای تاک و کار دەکاتە سەر دەرک کردنی بۆ شتەکان بۆ نموونە هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مندالە هەژارەکان وێنەی پارەی کانزایی لە مندالە دەولەمەندەکان گەورەتر دروست دەکەن هەروەها تێبینی ئەوە کراوە کە ژمارەی ئیشارەتەکانی پەیوەست بە خواردن زیاد دەکات لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەزموونەکانی خستنە پاڵ (اختبارات الاسقاطیة) لای ئەو کەسانەی کە پاڵنەری برسیەتییان بەهێزە.

– ئامادەیی ئەقڵ و پێشبینییەکان:

ئامادەیی ئەقڵ و پێشبینییەکانی، یەکێکن لەم هۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر دەرک کردنی ئاراستەکان. هەروەها وەک پلانێکی عەمەلی، بیرکردنەوە لە قاڵبێکی دیاریکراو دادەنێن. ئەمەش وا لە تاک دەکات کە چەند سیفەتێکی دیاریکراو ببینێت و ئەوانی تر پشت گوێ بخات ئەگەرچی گرنگیش بن.

– باری میزاج و هەڵچوونی تاک:

هەڵچوونەکانیش وەک خاڵی پێشوو دەرک کردن ئاراستە دەکەن بە شێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ هەست کردنی تاک بەخۆشی و ناخۆشی بۆ نموونە لە هەندێک لە ئەزموونەکانی خستنە پاڵ دەرکەوتووە کە میزاجی تاک کاردەکاتە سەر شیکردنەوەی هەڵوێستە تەم و مژەکان، لەو کاتەی تاک لە میزاجی خۆشیدا بێت شتە تەم و مژاویەکان بەشتی خۆش شی دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر لە بارێکی ناخۆشدا بێت شتەکان بەناخۆشی شی دەکاتەوە.

– ئاراستەکان و بەهاو حەزەکان:

ئەمانە هەموویان کاردەکەنە سەر دەرک کردن، بۆ نموونە خاوەنی بەهای ماددی هەموو شتەکانی دەوروپشتی بەپێی یاسای زەرەرو قازانج شی دەکاتەوە.

## جێگیری دەرک کردن

دەرک کردن مەرج نییە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی وروژێنەرەکانی ژینگە بێت، چونکە ئەم وروژێنەرانە پێش ئەوەی دەرک بکرێن بە زنجیرەیەک لە کرداری شیکردنەوە و بەڕەمز کردن تێدەپەڕن زانای دەروونزانی (فیلدمان) دەڵێت: دەرک کردن بریتییە لە وێنەیەکی تەواو و پێشکەوتوو لە وروژێنەرەکان کە تاک مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەم وێنەیەش بە پلەیەکی بەرزی جێگیر جیادەکرێتەوە، چونکە وێنەی دەرک کراو بە گۆڕانی بارودۆخی ناوخۆ، یان شوێن ناگۆڕێت بۆ نموونە ئەو برادەرەی کە خواحافیزی لێ کردی و لێت دوورکەوتەوە بە هەمان قەبارەی خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەرچی لەسەر تۆڕی چاوت بەرە بەرە بچووک دەبێتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر جێگیری دەرک کردن. دەتوانین جێگیری دەرک کردن لەچەند لایەنێکەو ببینین و سوودی لێ وەربگرین. لایەنەکانیش ئەمانەن:

– جێگیری ڕەنگ: مرۆڤ ڕەنگ وەکو شتێکی نەگۆڕاو دەرک دەکات. واتە لای خەڵک شتەکان ڕەنگە بنەڕەتییەکانیان دەپارێزن، ئەگەرچی بڕی ڕووناکی و شوێن بگۆڕێت. بۆ نموونە خاوەنی ئۆتۆمبیلی شین ئۆتۆمبیلەکەی بەشینی دەبینێت، ئەگەرچی بەهۆی تیشکی فلۆنست ڕەنگی دەگۆڕێت.

– جێگیری شێوە: مەبەست لەجێگیری شێوە ئەوەیە کە جووڵەی شتەکان نابێتە هۆی گۆڕینی شێوەکەی. بۆ نموونە ئەو کەسەی دەرگا لە ژوورەوە دەکاتەوە شێوەی دەرگاکە بە لاکێشەیی دەبینیت، ئەگەرچی شێوەکەی لەسەر تۆڕی چاو دەگۆڕێت.

ئێمە شێوەی ئاڵای شەکاوە بەلاکێشەیی دەبینین، ئەگەرچی شێوەی ڕاستەقینەی وا نییە، بەهۆی جووڵەی با.

– جێگیری قەبارە: قەبارەی جەستەکان لەسەر تۆڕی چاو دەگۆڕێت بەگۆڕانی دووری نێوان وروژێنەری جووڵاوە و چاو. لەگەڵ ئەوەشدا دەرک کردنمان بۆ قەبارەی وروژێنەرەکان بە جێگیری دەمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لەناو فڕۆکە، یان لە شوێنێکی بەرز سەیری خانوو و ئۆتۆمبیل و شتەکان بکەین، زۆر بە بچووکی دەیبینین، بەڵام دەرک کردنمان بۆ شتەکان بە نەگۆڕاوی دەمێنێتەوە بەهۆی زانیاری پێشوومان دەربارەی شتەکان.

– جێگیری شوێن: خەڵک دەرکی شتەکان لە شوێنی تایبەتی خۆیان دەکەن، ئەگەرچی هەندێک جار لە شوێنی تردا دەبیندرێت. بۆ نموونە زۆربەی خەڵک کۆمپیوتەر لە فەرمانگە، یان قوتابخانە...تاد دەبینن، ئەگەرچی هەندێک جار لە شوێنی ئامادەکردنی خواردن ببیندرێت.

- جێگیری کات: خەڵکی دەرکی وورووژێنەرەکان لەکاتی سروشتی خۆیان دەکەن، چونکە هەندێک لە وورووژێنەرەکان لەکاتی دیاری کراوی خۆیاندا دەبیندرێن، ئەگەرچی هەندێک جار لەکاتەکانی تردا دەبیندرێن. بۆ نموونە تیشکی سووری ڕۆژ بەندە بەکاتی ئاوابوونی و دواتری، ئەگەرچی هەندێک جار لە زستاندا دەبیندرێت.

## دەرک کردنی قووڵایی و جووڵە و هەڵخەڵەتاندن

- دەرک کردنی قووڵایی: وێنەکان لەسەر تۆڕی چاو بەپانی و دوو لایەنە دەردەکەون، بەڵام زۆربەی وورووژێنەرەکانی بینین سێ لایەنەن، ئێمە شتەکان بەسێ لایەنی دەرک دەکەین، ئەمەش بەهۆی بوونی دووچاو کە چەند سانتیمەترێک لە یەکتر دەروون و دەبنە هۆی دروست بوونی وێنە لەسەر تۆڕی چاو بەشێوەیەک وەک یەک نەبێت. ئەم وێنەیەش کە دەگاتە دەماغ. دەماغیش هەردوو وێنەکە بەیەکەوە تێکەڵ دەکا، لەگەڵ بایەخدان بە جیاوازی نێوان دوو وێنەکە. بەم شێوەیە شتەکان بەسێ لایەنی دەرک دەکرێن. دەرهێنەرانی تەلەفزیۆنی و سینەمایی سوودیان لەم بیرۆکەیە وەرگرتووە. بۆیە دوو کامیرا بە تەریبی بەرانبەر وورووژێنەردادەنێن، لە پاشان نمایش کردنی هەردوو وێنەکە لەسەر یەکتر ئەنجام دەدەن بۆ دەرهێنانی فلیمی سێ لایەنە. دەتوانین بەهۆی چاویلکەی تایبەت دوو وێنەکە ببینین.

- دەرک کردنی جووڵە:

خەڵک جووڵەی وورووژێنەرەکان بە دوو ڕێگا دەبینین:

أ- جووڵەی خولاوەیی: ئەگەر وورووژێنەرێکی جووڵاوە بەرانبەر چاو تێپەڕی، ئەوا وێنەکە لەسەر تۆڕی چاو چاپ دەبێت، بە دووبارە بوونەوەی چاپ بوونی وێنەکە بە پاشکۆی جیاواز جووڵەی خولاوەیی دەرک دەکرێت. ئەم بیرۆکەیە بۆ دەرهێنانی فلیمی کارتۆنی سوودی لێ وەرگیراوە. لەوکاتەی هەمان وورووژێنەر بە پاشکۆی جیاواز و بە خێرایی دیاری کراو دووبارە دەبێتەوە وێنەکە بە جووڵاوەیی دەبیندرێت.

ب- جووڵەی دیار: لەوکاتەی وورووژێنەر جێگیر بێت و سەر جووڵاوە بێت، ڕێگا بە تۆڕی چاو دەدرێت دووری جوگرافی دیاری بکات، بەشێوەیەک کەوا لە وێنەکە بکات بە جووڵاوەیی لە بەردەم چاو دەرکەوێت، بەڵام لەڕاستیدا وێنەکە وەستاوە و سەر دەجووڵێت. ئەم بیرۆکەیەش سوودی لێ وەرگیراوە لە دەرهێنانی فیلمەکان، کە وێنەگرتنی وورووژێنەرەکان بەجیاکەرەوەی کاتی دیاری کراو ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە جووڵەیەی تێدا ڕووبدات. نموونەش لەسەر ئەم جۆرە جووڵەیە، ئەو کەسەیە کە لەناو ئۆتۆمبیل دایە، خانوو و دارو درەخت و دارتێلی کارەبا و تەلەفۆن و هی تر بە جووڵاوەیی دەبینێت.

## چەواشەبوونی دەرک کردن

چەندین جار بینیومانە، یان بەسەرمان هاتووە کە کەسێک لەناکاو بەدوای یەکێکی تردا ڕادەکات و بە هەموو دەنگی هاوار دەکات، وا دەزانی برادەرەکەیەتی پاشان بەسەرسوڕمانەوە بۆی دەردەکەوێت کە برادەرەکەی نییە و بە هەڵەدا چووە! ئەمە هەڵوێستێکی نامۆ نییە هەموومان لەوانەیە تووشی بین. زانایانیش دوو جۆرە بۆچوونیان بۆ ئەم دیاردەیە هەیە:

- شیکردنەوەی فیزیاوی:

بەپێی ئەم شیکردنەوەیە چەواشەبوونی دەرک کردن بەهۆی قووڵی و تیشکی خۆر و تێک هەڵکێشانی وورووژێنەرەکان ڕوودەدات. نموونەش بۆ ئەمە هەردوو هێڵی ئاسۆیی و ستوونییە کە زۆربەی خەڵک هێڵە ئاسۆییەکە درێژتر لە هێڵە ستوونییەکە دەبینن.

٢- شیکردنەوەی دەروونی:

ئەم شیکردنەوەیە هۆکاری چەواشەبوونی دەرک کردن بۆ خودی تاک دەگێڕێتەوە لەوانە دڵەڕاوکی، شپرزەیی دەروونی، بێبەش بوون لەخواردن و خواردنەوە، ماندووبوونی زۆری جەستە و نەبوونی، یان کەمی ئاسایش. بۆ نموونە کەسێکی برسی هەموو ئەو خواردنانەی کە لە ڕێکلامەکان دەبینێت، بە خواردنی خۆش دادەنێت...تاد.


**سەرچاوەکان**

**١- قورئانی پیرۆز.**

**٢- ویلسون. جلین، سیکولوجیة فنون الأداء، مطابع الوطن، الکویت، ٢٠٠٠.**

**٣- لندال دافیدف، ترجمة د. سید الطواب، د. محمود عمر و آخرون، مدخل علم النفس، ط٤، دار مکجر و هیل للنشر، القاهرة ١٩٨٣.**

# زەردەشت

**فەرەیدوون حەکیم زادە**
**(مەهاباد)**

زەردەشت لەسەر وەزنی سەرمەست، خۆی لە دو وشەی (زەر) بە واتای زێڕ و (دەشت) بە واتای دەشتێکی پانوبەرین بەکار دێ و بەشوێنێکی دوور و چۆڵ و هۆڵ دەگوترێ.

وشەی دەشت بە مەبەستی دەست هاتووە. بۆ ئەوەی کە لە زەمانی کۆن پیتی (شین) ئاسانتر لە پیتی (سین) بێژ دەکرا وەک بیستوومانە عێلی (سام بن نووح) کاتێک لە ناوچەی (شام) بوون بەهۆی باو تۆفان لەناو چوون و تێدا چوون. ئەو ناوچەیە بەناوی (سام) کراوە پاشان ئاوەدان کرایەوە.

بەو پێیە (زەردەشت) واتە (دەست زێڕین). وەکو (سەمۆئێل) لە بێژدا (شەمۆئیل) هاتووە. گوتیان وشەی (موسا) لە (موشا) واتە کوڕی ئاو هاتووە. زەردەشت واتە (دەست زێڕین)، بەڵام مەبەست لە زێڕ بە مانای بازنە کە لە دەست کرابێ، یان کەسێک وەستای زێڕینگەری بێت.

لەناو میللەت و قەومی کورد باوە کە سەنعەت و عیلم وەک دەستبەندی زێڕ وایە کە خاوەنەکەی لە ڕۆژگار دانامێنێ. بەو پێیە زەردەشت جیا لە ناوی پێغەمبەرێتی، دەتوانێ ناوی حەکیم، بیرمەند، ئەدیب و نووسەر، یان ساحێبی کارو پیشە بێ، یان ڕابەر و ڕێ پیشاندەربێت.

کاتێک دینی پاکی ئیسلام هات سروشتییە لەگەڵ بت پەرەستی بەربەرەکانی کرد. چۆن لەو تافە دین لەگەڵ خورافات ئاوێتە بوو، ناچار دەبوو شەڕ بکا. دینی ئیسلام لەگەڵ (مەجووس- ئاورپەرەست) بەربەرەکانی

کرد. تاقمێک لە موسڵمانان بە ڕێگا و شوێنی پێغەمبەری ئیسلامدا ڕۆیشتن وەک پاوان کردنی زێڕ تەنانەت یەک ئەنگوستیلە بۆ پیاوان و ئازادکردنی بۆ ژنان.

بە چەشنێک کە واتای (الذهبیە) بە مانای (زێڕین) ناوێکە بۆ ژنان. دینی ئیسلام لەگەڵ ئاورپەرەستی بەربەرەکانی کرد و ئاتەشکەدەکانی کوژاندەوە بە چەشنێک کە لە نوێژ کردنی ئیمانداران هاوکات لەگەڵ هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر بەرگری دەکات. تا عیبادەتی خوا پەرەستان لەگەڵ خۆر پەرەستان یەک نەبێت. دینی ئیسلام لەگەڵ (ئاهورامەزدا) و (ئەهریمەن) بەربەرەکانی کرد، چۆن ڕەبولنۆع (رب النوع) کردنی ئەم بەخوای (چاکە) و ئەو بە خوای (خراپە) وەک کفر و شەریک نانەوە بۆ خوا وایە.

مێژووی زەردەشتی ئەوەڵ بۆ شەش هەزار ساڵ پێش لە ئەرەستۆ کە مامۆستای یەکەم بە ژمار دێت. ئەو لە ساڵی ٣٨٠ پ.ز لە دایک بووە و شاگردی ئەفلاتوون بووە.

مێژووی زەردەشتی دووەم ناوبانگ بە (هوشەنگ) بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

سێیەمین زەردەشت بەناوی (فەرەیدوون) دوژمنی ئەژدەهاک بوو، دوو هەزار ساڵ پێش زایین ژیاوە.

زەردەشتی چوارەم لەناوچەی سەردەشت لە گوندی (ئەشکان) هەڵکەوتووە. لە مەڕ ژیانی زەردەشتی چوارەم ئاوا باس دەکەن. ئەو کوڕی (پوڕشیسب) و باوەگەورەی ئەو (مامیر) ناوی بوو کە بە چەند نەوە دەگڕێتەوە سەر باپیرە گەورە و بوێر (مەهاباد) کە لە کتێبی ئاوێستا یادی لێ کراوە. ئەو زەردەشتە لە ساڵی ٦١١ پ.ز لەناوچەی ئالان و شوێنی ناوبراو لە دایک بووە. ئەو کاتە ناوچەکە بە ناوی ئالان نەبووە، بەڵکو (نامری) و ناوەندەکەی گوندی (ڕجاکە) بووە. پاشان بەهۆی تاعوون و دوعای زەردەشت وێران بوو. لە درێژایی زەمەندا بەهۆی خراپی و کاول بوونی گوندەکان ناویان گۆڕاوە.

وەکو دەبینین وشەی (بلات) بە ناوچەی (پشتدەر)ی ئێستا دەگوترا و (کەلاس) بە دەوروبەری زێی (زابی بچووک) کە لە زەوییەکانی (کەڵوێ) دابووە. لە زبانی پیران گوتراوە، قەومێک لە نەژادی ئاریایی کە لە سەدەی یەکەمی زایینی لە دەوروبەری تەنگەی داڕیاڵ دەژیان. پاشان هێرشیان کرد سەر قەومی ئەرمەنییەکان و مادەکان. لەو پەلامارە دەوڵەتی ئەشکانی یارمەتی دان، ئالانییەکان سەرکەوتن و پاشەکشە بەشی مادەکان بوو.

ئالانییەکان ماوەیەکی زۆر لەوێندەرێ مانەوە تا مەغۆل هێرشی کردنە سەر، ناچار ناوچەیان بەجێ هێشت و چوونە دەوروبەری پارێزگای (ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا)ی ئێستا سەرهەڵدانی زەردەشت هاوکات بوو لەگەڵ شەڕکردنی دوو عەشیرەتی (ری پاپا) و (ئاسۆس) کە بەرهەمی ئەم شەڕە خراپی و کاول بوونی گوندەکانی ناوچەکە بوو وەک (گەناو) و (قەندۆڵ) و (ئەشکان) و (بێتووش) کە تەفروتونا بوون. لەو شەڕانە دا باوکی زەردەشتی منداڵ (پورشیسب) دەکوژرێ. دایکی زەردەشت منداڵەکەی هەڵدەگرێ و لە تەک تاقمێک لە خەڵکی ناوچەکە پەڕیوەی دەوروبەری گوندی (گاکە) دەبن لە قەراخ زێی (زاب) کە ئەودەم بە ناوی گوندی تائیت (تیبیەت) بوو.

دایکی زەردەشت بۆ گوزەرانی ژیان لە گوندەکانی دەوروبەر کاری پەروەردەکردنی منداڵ و خزمەتی ئەربابان و دەوڵەمەندانی دەکرد. ڕۆژێک دایکی لەسەر کارێ نەگەڕاوە کاتێک زەردەشت (جاموس)ی وەحشی دەبینێ لەو حاڵەتە ترس و شپرزەییەدا دڵی دەتۆقێ و لەناو دەچێ (ئەوە بۆی هەیە) ترس و وەحشەت لە خۆی دوور دەکاتەوە و بۆ گەیشتن بە ئاکاری باوکی ورەی بەرز دەبێتەوە. کاتێک زەردەشت سەری گامێشێک بە چەشنی کابووس دەبینێ زەردەشت دەیەوێ گامێشەکە وەدەرنێ تا لەو کابووسە ڕزگار بێت، بۆیە گامێشەکە بۆ لای کێوێکی سەخت هەڵدێ. زەردەشت بەپێی خواس و ماندوو لەوێ گمەی دەکا و پێدەکەنێ، گامێش سەری سوڕ دەمێنێ و خەریکە لە ترسان بمرێ خوشکەکەی قەرەواشی (کەیکاوس) کەسێک کە لە نێزیک گوندی (مێرگاسە)، دەژی کە (ڕەبەن)ی پێ دەڵێن. کاتێک ئەمیر ئاگادار دەبێ بە شوێن دایک و منداڵەکەی دەنێرێ. خۆشەویستی منداڵ لە دڵی ئەمیر دەکەوێ و داوا لە دایکی منداڵ دەکات لە وێندەرێ بمێننەوە تا منداڵەکە گەورە بێت و لەگەڵ منداڵەکانی خۆی بنێردرێتە قوتابخانە.

کەوڵە کەسکەی ڕەبەنی ڕۆژ و ڕۆژگارێک حەوت برابوون، بەهەر حەوتان خوشکێکیان هەبوو. خوشکە دەرحەق برایان، دایکی دەکرد. هەموو بەیانیان تێروپڕ نان و شیری دەدانێ و براکان بڵاوەیان دەکرد تا ئێوارێ. هەر حەوت برا بە بانگەشەی ئایینیەوە خەریک بوون. خەڵک خۆشیان دەویستن. پیاوچاک و لە خواترس بوون بە دەردومەرگی خەڵکەوە بوون، ئێستاش دوای چەند سەد ساڵ کە لە مردنیان تێدەپەڕێ هەر کانگای خێر و بێر و

خزمەت بەخەڵکن. دەڵێن: کەوڵە کەسکەی خوشکیان وەسیەت دەکا: ئەگەر مردم لە جێیەک بمنێژن هەر حەوت برام لێ دیار بێ کە بە خۆشییەوە وەسیەتەکەی بەجێ هێنرا.

ئێستا کەوڵە کەسکە لەسەر شاخێکی بەرز و ڕەبەنەوە تەسلیم بە خاک کراوە کە دووبەشی ئێران و عێراقی لێ دیارە. گۆڕی براکانی کە بۆتە جێی ڕاز و نیاز و پاڕانەوەی ئەویندارانی ئیسلام و عەشق و تەریقەت، سێیان لەبەشی سوێسنایەتی سەردەشتدان و چواریان لە بەشی عێراقدان، واتە ئالانی عێراق. ئەم حەوت براینە بریتین لە:

١- شێخە سوور: مەولانا ئەلیاس کە بیر سەردەشتی کوڕی شێخ محەمەد کوڕی شێخ ئەحمەد بە بیست و حەوت پشت دەچێتەوە سەر بیلالی حەبەشی ئەسحابەی خۆشەویستی حەزرەتی محەمەد (د.خ). لە دوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی، دەچێتە میسرو لەوێ لە مەکتەبی عەلامە حافز کوڕی حەجەر عەسقلانی بارە دەگرێ.

پاشان دەگەڕێتەوە ئالانی سەردەشت و خەریکی وانە گوتنەوەی ئایینی دەبێ. شێخە سوور شاگردی جەلالەددین سیوتی بووە. خەت خۆش و ئاوەزمەندێکی بیرمەند بووە.

حاشیەیەکی لەسەر (بوخاری شەریف و شەرحی عەقایدی مەلا سەعد)ی هەیە.

لە ساڵی ٩٢٠ی زایینی وەفاتی کردووە. مەرقەدی ئەم مرۆڤە زانایە لە نێوان گوندی مێرگان و گڵە سپی و ئاڵمانی ناوچەی ئالان دایە.

٢- پیر بابا: ئەو کەسانەی نەخۆش، یان بادارن، دەچنە سەر گۆڕی پیر بابا. دەبێ خوێنی بۆ بکرێ. دەڵێن وەختی خۆی فەرموویەتی هەرکەس دەیەوێ بێتە سەر گۆڕی من، لە پێشدا سەرێکی چاکە سواری مەزناوێ- کە برای بووە- بدا، پاشان بێتە لای من.

مەرقەدی ئەم زاتە گەورەیە لە تەنیشت گوندی خوارەمیر و مەیدان لە بەشی کوردستانی ئێراندایە.

٣- شێخ محەمەدی پشتی بێتوشێ: سێیەمین برا شێخ محەمەد بوو پیاوێکی زانا و بلیمەت و لە خوا ترس بووە. وەختی خۆی خزمەتێکی زۆری بە زانست و عیلم و ئایین کردووە. لە پشت گوندی بێتووش نێژراوە. خەڵک بۆ ڕاز و نیاز و پاڕانەوە دەچنە سەر گۆڕی ئەم پیاوە گەورەیە.

٤- نێوکۆمەر (باوزێ): نێوکۆمەر هاتم، لە گوورهاتم، بۆ کوڕ هاتم.

نێو کۆمەری باوزێ چوارەم برایە کە پیاوێکی زانا و بلیمەت بووە لەو پیاوە گەورەیە زۆر شت دەگێڕنەوە، بۆ وێنە دەڵێن هەر ژنێک کە ئارەزووی منداڵی هەبێ دەچێتە زیارەتی نێو کۆمەر و بە تەجروبە دیتراوە نیازی جێبەجێ بووە و دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعەتان بە منداڵی خۆی شاد بووە. ڕەسم وایە ئەوانەی دەیانەوێ بچنە سەر مەرقەدی نێوکۆمەری باوزێ، دەبێ لە پێشدا دەورێک لە دەوری گڵکۆی نێوکۆمەر لێدەن پاشان دەست بە دوعا و پاڕانەوە بکەن. تا خوای گەورە منداڵیان پێ ببەخشێ. دەگێڕنەوە ژنێک کە بۆ نیازی دڵی دەچێتە سەر گۆڕی نێوکۆمەر، لە ئێسترەکەی دانابەزێ و بە سواری ئێستر دەورێک بە دەوری گۆڕی نێوکۆمەر دا لێدەداو دەپاڕێتەوە، دوای نۆمانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعەتان ئێسترەکە دەزێ. مەرقەدی ئەم زاتە لە بەشی کوردستانی عێراقدایە.

٥- شێخ حاجی عەلی ئەشکەنێ: گڵکۆی ئەم زاتە گەورەیە کە تافی خۆی خزمەتگەلێکی زۆری بە ئایین و فەرهەنگی وڵات کردووە، بۆتە شوێنی ئەو کەسانەی نەخۆشی مێشک و ڕەوان دەگرن. زۆر دیتراوە مرۆڤیان بە دەست و لاقی بەستراوە بردۆتە سەر گۆڕی ئەم زاتە لە دواییدا بەپێی خۆی گەڕاوەتەوە. سوورە تێک دەچێ، بە ڕاکێش، ڕاکێش دەیبەنە، سەر گڵکۆی شێخ حاجی عەلی ئەشکەنێ پەلان دەبزێوێ شەقان داوێ، هەڵبەز دابەزێ دەکا. پاش ماوەیەک ئەوانەی لەوێ دەبن دەگێڕنەوە، سوورە دەڵێ: ئەرێ ئاوایی ئێوە مەلای هەیە؟ دەڵێن: نا. دەڵێ: ئەوەنییە ئەمن! ئەم زاتە لە بەشی کوردستانی عێراقدا نێژراوە.

٦- چاکە چکۆلەی نێو دەشتێ: پیاوێکی لە خواترس و ئایینی بووە. مەرقەدی ئەم زاتە بۆتە جێی زیارەتی عاشقانی ئایین. چاکە چکۆلەی نێودەشتێ لەبەشی عێراقدا نێژراوە.

٧- چاکە سواری مەزناوێ: حەوتەمین برا کە لە بەشی عێراقدا نێژراوە. ئەویش بۆبە جێگەی ڕاز و نیاز و پاڕانەوەی عاشقانی دین و تەریقەت.

زەردەشت تافی لاوی تێپەڕ دەکا، غەیب گوێی دەکا و کات و ساتی خۆی لەگەڵ ئەمیران تێپەڕ دەکا. تا ئەوەی کە شەوێک بە هەڵکەوت لەخەو هەڵدەستێ. (ساهرا) دەیەویست لە شوێنی حەسانەوەی بێتە دەرێ، بەڵام

ڕووناکـایی گـەورە لە دوورترین شـوێنی کـێـو لە پشت ترۆپکی (مـشـیکاپا) دەدیتـرا کـە کـێـوی نووریان پێ دەگوت.

بۆیە پێی سـەیر بوو! هاتوچۆ لەگـەڵ خـەڵـک ناکـا و کـۆشکی ئەمـیـر جێ دێڵێ و دەچێـتـە سـەفـەر لە وڵاتی (بێتووش) تێدەپەڕێ، بێ نان و خواردەمەنی و ئامرازی سواری.

تا ئەوەی کە دەگاتە ناوچەی (شینکی) و (قەیوان) و دەگاتە دەوروبەری شاری (سلێمانیەی) ئێستا و دەچێتە گوندی (دۆڵی ئالان) و هاواردەکا (تابچێتە ماڵێک)، بەڵام بەهۆی گرفتێک لە خەڵکی دوور بوو، ئەویش کوڕە مـامـەکـەی (ئەمـیـر) مـەشـهـوور بە (خـوارەمـیـر)ە بەهۆی (گـول) بوونی خـەڵـک لێی دڕدۆنگ بوون. نەخـۆش بوو بۆی پاڕایەوە تا سەلامەتی وەدەست هێنا و دوعا و نزا و عیبادەتی دەست پێ کرد پاشان دەچێتە ئەشکەوتێک لە نزمترین چیای (جبل تالش) کە ئێستاکە بەو جێیە (پیر بابا) دەگوترێ لەوێندەرێ دەمێنێتەوە. وەک خواپەرست و عـابـیـد لە تەواوی ناوچەی دەوروبەر نەخـۆشـەکـانی (گول)ی بۆ تیمار دێننە لای. لەو تافەدا مۆڕتازی هێندی باویان بوو. لە غـەیبـەوە پێی حـاڵی کـرا کـە عـیـبـادەتی (ئاور) چەوتە و ئەرکە لەسـەر شـانی کـە خـەڵـکی ئاگا بکاتەوە تا ڕوو بکەنە خـواپەرسـتی و ئـیـمـان بێنن و بیـانەوێ ئەو شـتـەی کـە دەیانەوێ لەو. لەناو خـەڵـکدا تاقـمـێکی کـەم خـۆشـیـان دەویست، زۆربەی نەوەی (سـامـری) و مـانگاپەرسـتـان ئەویان دەویست جـادووگـەرێک کـە لە بەرزەخ گـەڕابۆوە (ئەهوڕامـەزدا) (ئەترۆن) گۆشتی مانگا حەرام دەکەن. وڵاتەکەی بەجێ ناهێڵێ تا ئەوەی کە دەگاتە دەریاچەی ورمێی (ئێستا) بەهۆی مـوبارەکی ئەو، عـەرزی سـوێرو بێ بەرهەم بە دوعـای زەردەشت و دوای زەردەشت و لەتەک ئەو دایکی و کچی برایەکی دەچنە لای خواوەندی گەورە.

کچە ڕێنوێنی دەکا تا نەزۆک بمێنێیەوە کە هیچ کاتێک شوێنی دانەنا. بۆ ئەوەی کە میللەتەکەی ڕێنوێنی بکا تا لە عیبادەتی مانگا دەست بکێشنەوە دوعای بۆ کردن و بۆوەی کـە بتـوانێ بە ئاوی زێڕ لەسـەر پێـسـتی مـانگا بنووسێ.

نەگـەیشـتـە نێـزیک دەریای ورمێ، بۆیە باشـتـر بوو ڕێگاکە جێ بێڵێ و بۆ (ئەوتان) لای (گوشتاسب) پاشا (بەڵخ) ڕۆیی. لە ڕێگادا دایکی مرد، خوشکی لەگەڵیدا مایەوە و نیشتەجێ بوون، ناوناوبانگیان بە نووسین و ڕێنوێنی خـەڵـک دەرکـرد. ناوبانگـیـان بە گـوێی پاشـا گـەیشت، شـا، وەزیری خـۆی (جـامـاسب)ی بەدزی بۆ کـەندوکـۆژ نارد. وەزیری کـچـەی دیت عـاشقی بوو، بۆیە زەردەشتی بۆ ماڵی خۆی بانگهێشتن کرد زەردەشت کچی وەزیری دیت، کچی وەزیری شەیدای زەردەشت بوو و دڵی بۆی لێدا. بەهۆی ئەو خـۆشـەویسـتـیـیـە دوو لایەنە لە ماوەی چوار ڕۆژدا زەردەشت لە دەربار نیزێک بۆوە و بوو بە کاتبی شا. بەهۆی نووسینی کتێبەکەی لەسەر پێستی خۆش کراو و ساف و بەپێی تێپەڕ بوونی زەمان و هاتنی ئایینەکـان زۆربەی لاپەڕەکـانی کـتـێبـەکە بریتی بوون لە دابونەریت و پەندی پێشینان دەستکاری کران. تاقمێک لە تەوەری کـتـێبـەکە لەمـەڕ پەندی پێشـینیـان لە بارەی خەڵکی کوردستان بوو کە کتێبەکە بە چەند بەش دابەش دەکا. ئەو کـتـێبـە و زەردەشتی ناوبراو، هۆگـرانی زۆری وەدەست هێنا، تەنانەت لە سازکـردنی بێـسـتـان و دار و درەخت شـوێن دانەر بوو. دیتنی سـروشت و عـادەت دروست بوو. لە وانەکانی زەردەشت لێدانی سێ گرێ لە سـەوزی کـە ئێـسـتـاش لەلای کـوردان وەک فـەرهەنگ دەژمـێـردرێ و دەگـوترێ تەواوی ئەو گـرێـیـانە ئامـاژە بە ئامۆژگارییەکانی ئەوە.

١- گـرووپی یەکـەم- گـۆفـتـاری نیک- بریتـیـیـە لە قسەی چاک و بە جێ.

٢- گرووپی دووەم- پنداری نیک- بریتییە لە فکری چاک.

٣- گـرووپی سـێـیـەم- کـرداری نیک- بریتـیـیـە لە کرداری چاک.

ئاخیر کـەلام، سڵاو لەو کـەسەی پێشـوازی لە ڕێگای ڕاست دەکا.


**ژێدەر:**

**(١) بەشـێـک لە نووسـراوەی کـتـێبی خـەتی زەردەشت، چاپ نەکراوە- مەلا مەحموود خاهەرزادەی گەناوی (غەریب).**

**(٢) کتێبی- سردشت درآیینە اسناد تاریخی- چاپ (١٣٨٣ی هەتاوی- ٢٠٠٤ی زایینی)- فەرەیدوون حەکیم زادە**

**(٣) لێکۆڵینەوەی ناوچەیی لە پیـرە پیـاوان و فـۆلکلۆر- بەشێک لە وتەکانی هێرش بێتووشی.**

# هزرەیلی شیعری تی. ئێس. ئیلیەت

تی. ئیس. ئیلیەت نەک هەر پێی وابوو باشترین ڕەخنەگر ئەو کەسانە بوون کە وەک درایدن، جانسن و کالریج خۆیان شیعریان دەهۆنییەوە، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەش بوو، ڕەخنەگرێک کە شاعیرە دەشێ لە نووسراوەگەلی ڕەخنەگرانەیدا، ئەزموونی داهێنەرانەی خۆی بەکاربێنێ. ئەو، ماتیۆ ئارنۆڵد-ی لە سۆنگەی ئەوەی وا نەبوو سەرکۆنە دەکرد. ڕەخنە و ڕاستکردنەوە کاری هەمیشەیی ئیلیەت بوو و سەیر نییە کە ڕەخنەکانی ئەو بە پێچەوانەی ئارنۆڵد، بەردەوام لە ئەزموونی داهێنەرانەیدا پاراو دەبوو.

ئاماژەکانی ئیلیەت سەبارەت بە نووسینی شیعر، جاری وایە، گەر نەمانگوتبێت دژی خۆی، هڵۆڵ و سست دێتە بەرچاو سەرەڕای ئەمە، لەوانەیە دژوازییەکی ئەوتۆ لەودا بەدی نەکرێ، کە تەسلیمی ڕاستکردنەوەی کاری خۆی دەبێ، کارێک کە وێدەچێ جاروبار لە دۆخی بێهۆشیدا دەکرێ. سەبارەت بە هەندێ تێڕوانینی پێشووی کەمتەرخەم بووە.

ئیلیەت ئەوەندەی پیرتر دەبێ، زۆر زیاتر بێزاری خۆی لە خوێندنەوەی نووسراوەکانی پێشینیان دەردەبڕێ. ئەگەر لە باوەڕەکانی خۆیدا تووشی هەڵەیەک بێت زۆرجار پێیدا دەچێتەوە یان وەلای دەنێ، وەک چۆن باوەڕەکانی پێشووی سەبارەت بە میلتۆن و گۆتە و شیلی گۆڕیوە. لە وتارێکیدا سەبارەت بە «گۆتەی فەرزان- ١٩٥٥» بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە لەگەڵ گۆتە ئاشت بێتەوە:

**ستێفن سپێندر**
**لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

«نەک لەبەر ئەوەی کە هەر لە بنەڕەتەوە بێدادی لە لایەن کەسێکەوە کە بەبێ هەست بە گوناح کردن گەلێ بێداد و تاوانی ئەدەبی کردووە قەرەبوو بکەمەوە، بەڵکو بەو دەلیلەی کە ئەگەر وام نەکردبا دەرفەتی خۆپەروەردەکردنم لەکیس دەچوو کە هەڵی دەگرت غافڵ بوون لێیان مایەی سەرکۆنە کردنم بێت.» ئیلیەت لە دەوامی قسەکانیدا پێی وایە کە زاتی خەریکبوون بە هەستێکی لەم جۆرە، لە ڕاستیدا، چەشنە پێداهەڵگۆتنێکە بۆ گۆتە: «دان پیانان بەوەی کە گۆتە یەکێک لە ئەوروپاییە گەورەکانە.»

ئیلیەت لە ڕستەیەکی «دەنگی سێ لایەنەی شیعردا-١٩٥٣» دەڵێ کە لە شیعری«دەنگی یەکەم»دا، بەرفراوانی و بەربڵاوبوونی هاوکاتی شێوە و مادە دەبینرێ. شاعیر، لە کاری نووسیندا، سەرومڕ خوازیاری دۆزینەوەی «واژەکان» بۆ «شت»ێکە کە لەگەڵ سەرهەڵدان و خۆیابوونی واژەکان دەڕەوێتەوە تا جێی خۆی بۆ شیعر چۆڵ بکات. ئەو وەبیرمان دێنێتەوە کە شیعرێکی لەم جۆرە، هەر شێوەیەکی کە هەیبێت، تاقانەیە. سەرەڕای ئەمانە لە وتاری «جانسۆن وەک ڕەخنەگر و شاعیر»دا دەبێژێ: «بە باوەڕی من، پێکهاتە، ڕەگەزێکی گرینگی کاری شاعیرانەیە.» هەر لە سۆنگەی بێ پێکهاتەییش ڕەخنە لە جانسۆن دەگرێ. ئەستەمە بکرێ ئەم واتایە لە بیناسازی گەلاڵە داڕێژراوی دەرەوەیی- کە هەر لە بنەڕەتەوە لەوە پێش ئامادەکراو دێتە بەرچاو- لەگەڵ هزری «بەربەرەکانی سات بە ساتی فریشتە و هەشت پێ» ی «دەنگی یەکەم»ی شیعرەکە بگونجێندرێ. بەڵام تێڕوانینی دووەم بێگومان پتر چاککەرەوەی تێڕوانینی یەکەمە تا ئەوەی دژی بێت. وتوویژێکی بە کەڵک لە نێوان هزری هێما خوازی فەرەنسەیی سەبارەت بە شیعر و بۆچوونی ئیلیەت لەمەڕ پێکهاتەی فیکری شیعر لە ئارادایە.

ئیلیەت «کویرەدێ» ی گۆڵدسمیت بە شیعرێکی بەرزتر لە هەر شیعرێکی «جانسۆن» یان «گێری» دەزانێ. هۆیەکەی ئەوەیە کە گۆڵدسمیت شیعری خۆی بە یارمەتی هەستێکی سریشت ئامێز لە پێکهاتە دەنووسێ، پێکهاتەیەک کە دێر بە دێر لێک دەڕەوێتەوە و تەشەنە دەکات. ئەو (بە قسەی ئیلیەت) «خاوەن لێهاتوویی و پوختەبێژییەکی ئەوتۆیە کە لە «چاسێر» بەم لاوە کەمتر هاوتایەکی بۆ هەڵکەوتووە.»


ئیلیەت

من گومانم وایە، لە نێوان ڕەگەزگەلی ڕۆشنبیرانە و خود ئاگا و ڕەگەزگەلی ناخودئاگا و غەریزی لە شیعردا پێوەندییەکی تایبەت لە گۆڕێدا بوو کە ئیلیەت گەلێ جار بە گرینگی دەزانێ و بەردەوام دەیەویست ڕوونیان بکاتەوە. لە جوملەی ئەم پێوەندییانە، وا بەستەیی نێوان تواناییەکانی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە لە کۆمپۆزیسیۆن و تەرازبەندی کردنی بەرهەم دایە. ئیلیەت «داهێنەرانە» وەک شتێک کە نائاگایانە کار دەکات و «ڕەخنەگرانە» هەڵبەت کەموزۆر وەک ڕاگەیاندنی «ئەرێ» یان «نا» هاوکات لەگەڵ ئەو پێناسە دەکات. ئەو شتەی ئەو زۆر کەمتر لێی دڵنیا بوو، بەشی زەینی بەئاگا لە داڕشتنی گەلاڵەی شیعر بەر لە نووسینی بوو.

پێوەندی نێوان پێکهاتەی فیکری و شکڵی غەریزی و سریشتی، هەر لە بنەڕەتەوە پابەندی دۆخی ناوەڕۆکی شیعرە. ئیلیەت لە ڕەخنەی سەرەتایی خۆیدا پێی وابوو کە دانتی ناچارەکی باوەڕی بە فەلسەفەی تومیستی نەبوو کە بابەت و ناوەڕۆکی کۆمیدی خوایی پێک دەهێنا، بەڵام کە ئیلیەت ڕووی هێنایە مەسیحییەت چیتر لەسەر ئەم بۆچوونە نەما. ئەو هەروەتر دەیزانی کە نەزۆکی هەندێ لە خوێنەرەوانی وتارەکەی لەسەر دانتی، لە قبوولکردنی باوەڕەکانی دانتی-دا، لێیان بۆتە لەم

پەڕی سەر ڕێ. ئەو خوێنەرەوەی کۆمیدی خوایی ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێ کە گەرچی ناتوانێ باوەڕەکانی دانتی وە پشت گوێ بخات، بەڵام چاوەڕوانی لێ ناکرێ باوەڕیان پێ بێنێ. سەرلەبەری ئەوشتەی پێویستە ئەمەیە کە دەبێ لەو باوەڕانە بگەین. خوێنەرەوە بۆ کارێکی وا ئاتاجی باوەڕ نییە، بەڵکو پێویستە بێ باوەڕی خۆی بێدەنگ ڕابگرێ. لە یاداشتێکی تێر و تەسەلدا لەسەر بەشی دووەمی ئەم وتارەدا، ئیلیەت هەندێ پەرچەکردار لە هەمبەر بۆچوونی ئای. ئێی. ڕیچاردز سەبارەت بە پێوەندی شیعر و باوەڕ پیشان دەدا کە لە «ڕەخنەی ئەزموونی»دا هاتووە، خوێنەر دەتوانێ «هەستی لێوڕێژ بووی ئەدەبی یان شاعیرانە»وەدەست بێنێ «بێ ئەوەی لە باوەڕی شاعیردا بەشدار بێت.» ئەگەر وانەبوایە، نە ئەدەبیاتێک لە ئارادا دەبوو، نە ڕەخنەیەکیش. پاشان ئیدیعای خۆی دێنێتە گۆڕێ و دەڵێ «ئێمە دەتوانین بە جیاوازی نێوان باوەڕەکانی دانتی وەک مرۆڤ، باوەڕەکانی ئەو وەک شاعیر بزانین.» بۆ ڕوونکردنەوەی پتریش دەڵێ «ناچارین باوەڕبێنین بەوەی کە پێوەندییەکی تایبەت لەنێوان ئەم دوو شتەدا لە ئارادایە، شاعیر باوەڕی بەو شتە هەیە کە دەیڵێ.»

ئەو دەڵێ: «ئەگەر بۆ نموونە بمانزانیبایە کە سەبارەت بە سروشتی شتەکان (De Rerum Natura) ئەزموونێکی لاتینی هەبووە کە دانتی بۆ زاخاودانی مێشکی خۆی پاش تەواو کردنی کۆمێدیای خوایی هۆنیبوویەوە و بەناوی لوکرتسیوس بڵاوی دەکردەوە، بە دڵنیایی لە چێژ وەرگرتنی هەر تک شیعرەکە بەجارێ بێ بەری دەبووین.» پاشان وەسفی ڕیچاردز لە وێرانە خاک (waste land) وەک شیعرێک کە لەودا «نووسەرێکی دیاریکراو، لەنێوان شیعر و سەر لەبەری باوەڕەکانی، جوداییەکی کامڵی هێناوەتە ئاراوە» ڕەت دەکاتەوە. ئیلیەت دەڵێ بە بڕوای ئەو شتێکی وا، «تەمومژاوی و نادیارە».

ئەو بە هێنانە ئارای سەرلەنوێی ئەم بیرۆکەیە کە خوێنەر بۆی هەیە لە باوەڕی دەربڕاوی شاعیر «تێبگات»، گەرچی تێیدا بەشدار نەبێت، خۆی بە لێکدانەوەیەکەوە سەرقاڵ دەکات کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، مەنتقی ناوەکی سەرلەبەری پەخشان و شیعری ئەو لە جەنگەی بەربڵاوکردنیاندا ئاشکرا دەکات، کارێک کە بەردەوام ئەو بەرەو لای ئەو هەڵوێستانە پەلکێش دەکات کە تێیاندا هەقیقەت بە شێوەیەکی لێبڕاوانە دەردەبڕدرێ و بەهاکان وابەستەی «دوا هۆکار»ن. ئەو دەڵێ:

گەر ئێوە خۆتان باوەڕتان بە ڕوانگەیەکی تایبەت و دیاریکراوی ژیان هەبێت، پاشان ناچارەکی و بەپێداگرییەوە بخوازن کەسانی تریش بە شێوەیەکی کامڵ «تێی بگەن» تێگەیشتنی ئەوان دەشێ باوەڕی لێ بەرهەم بێت. لەوانەیە و جاری وایە پێویستە وای لێک بدەینەوە کە تێگەیشتنی تەواو دەشێ خۆی لەگەڵ ئیمامی تەواو دا بگونجێنێ. لەم سۆنگەیەوە، دەسکەوتی کارەکە تا ڕادەیەکی زۆر، ئەگەر بکرێ بڵێین، وابەستەی مانای هەر ئەم وشە کورتە «تەواو»ەیە.

دەمەقڕە لەسەر مانای وشەی «تەواو» هەندێ گاڵتەجاڕانە دێتە بەرچاو، بە چەشنێک کە گۆیا باسی بارودۆخێکی حاشاهەڵنەگر کراوە. هەنووکە وا باشە دابنیشین و لەمەڕ مانای «حاشا هەڵنەگری» قسان بکەین. ئەگەرچی هەندێ پێداچوونەوە و دەسکاری ئەم باسەی سنووردار کردووە، بەڵام ناوەرۆکەکەی دیار و ئاشکرایە. لە مەودایەکی زەمانی دوور و درێژدا «ئەلف» کە پێی وایە باوەڕی بە ڕوانگەی ژیانی «بێ» هەیە و تێی دەگا، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ تێگەیشتنێکی لەم چەشنە کامڵ بکات کە خۆی باوەڕی بە باوەڕەکانی «بێ» بێت.

هەر شتێکی هاوسەنگی ئەمە، تێگەیشتنی ئەم بابەتەیە کە بۆچی «بێ» باوەڕی بەشتێک هەیە کە «ئەلف» نییەتی. ئەم بابەتە، شیکردنەوەی شکستی «ئەلف» یان حاشا کردن لە تێگەیشتنی ڕوانگەی ژیانە کە بە ڕای «بێ» بە مانای ڕاستەقینەی وشە، ڕاست و دروستە.

باسەکە لەسەر هەڵوێستگەلی باوەڕمەندانەی پێشووی ئیلیەت پێدادەگرێ، چونکی بێگومان، ئەگەر «تێگەیشتن» لێرە بە واتای فام کردنی دیدگاکانی باوەڕمەندانەی دانتی بێت، کەواتە تێگەیشتنی تەواو لە دانتی، یانی بەشداربوون لە تێڕوانینی ئەو بە نیسبەت ژیانەوە. بەشدارنەبوون لەم تێڕوانینەدا بەتەواوی، تەنیا نیشانەی تێنەگەیشتنی تاکە کەسە. بەم چەشنە، وەک چۆن ئیلیەت جارێکیان لێکی دایەوە، باس لەسەر ئەوەی دانتی پێویستی بە باوەڕمەند بوون لەمەڕ فەلسەفە پێشنیار کراوەکەی لە «کۆمێدی خوایی» نەبوو،

تێگەیشتنێکی نیوەچڵی دانتی دەبوو. تێگەیشتنی تەواو و کامڵیش، ناچارەکی بە مانای قبووڵ کردنی شیعر نییە، بەڵکو گەیشتن بەو خاڵەیە کە دانتی خاوەن چ باوەڕێک بوو.

ئەم لێکدانەوەیە، کە تێگەیشتنی تەواو لە هەڵوێستی ئەو کەسەی کە خاوەن باوەڕێکە بە مانای ئەوەیە کە ئێوەش باوەڕتان پێیەتی، هەڵگری ئەو توانایییە بوو بۆ ئیلیەت کە بەرە بەرە بەکاری دەهێنا. لە یادداشتێکدا لەسەر بەشی دووەمی وتارەکەی لەسەر دانتی کە باسمان کرد، دژی تیۆری «ڕاپۆرتە درۆیینەکان»ی ڕیچاردز (واتە ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە هەناوی شیعردا وەک ڕاپۆرتی ڕاستەقینە باسیان لێ دەکرێ، بەڵام لە دەرەوە بە ناڕاستەقینە لە قەڵەم دەدرێن) ڕادەوەستێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «تەواو و کامڵ بوون، هەموو شتێکە»ی شێکسپیر مانایەکی قووڵی سۆزداری لای ئەو هەیە و «لانی کەم بە مانا سەر زارەکییەکەی» بێ هەڵەیە، لە کاتێکدا «ئیرادەی ئەو، هێمنی و ئاسوودەیی ئێمەیە»ی دانتی، حوکمێکی بە لەفز ڕاست و دروستە. ئەگەر وابێت، کەواتە ئەوقەڵشتەی کە «وەهمی واقیع»ی دروستبوو لە هەناوی شیعر و واقیعی هەقیقەتی فەلسەفی دەرەوەی ئەو لێک جیا دەکاتەوە، لانی کەم لە هەندێ شوێن، ڕێگەی دەبەسترێ. ئەو شتەی لە دەرەوەی شیعر بەگوێرەی لەفز ڕاست و دروستە، لە هەناویشیدا بە هەمان شێوە دروستە. وشەی شیعری لەگەڵ وشەی خودا ڕێک یەک دەگرنەوە.

ئیلیەت لە ٢٩ پووشپەڕ ١٩٢٧ لەلایەن کلێسای ئینگلستانەوە وەرگیرا. ئەو گۆڕانەی کە ئەم داگەڕانە نوێیە لە کارەکانیدا، بەتایبەت پەخشان، بەدی هێنا لە کتێبی «بۆ لانسلوت ئاندروز» (For Lancelot Anderwes) دا کە ئی ساڵی ١٩٢٨-ە دیار و بەرچاوە. ئەم کتێبە لە کۆمەڵێک وتار پێک هاتووە کە دڵبەستەیی ئیلیەت بۆ «ڕاست ئایینی» مەسیحی نیشان دەدا. سەروتار، بۆ ستایشی ئەو ڕەگەزی کلێسایە تەرخان کراوە کە لە بیچم گرتنی کلێسای ئینگلستاندا گرینگایەتییەکی فراوانی بوو. هەر لەم کتێبەدا بودلێر لە سەردەمی ئێمەدا بە شێوەیەک کە پتر نوێنەری پەخشانی ئیلیەتە، لە خۆگری چەشنێک بیوگرافی نهێنی ئەو نەوە ئەدەبییەیە کە ئیلیەت خۆی سەر بەو نەوەیە بوو.

ئەو لە هێرشیدا بۆ سەر وەرگێڕانەکانی دەیەی نەوەدی ئارتۆر سیمۆنز بۆ شیعری بۆدلێر، باسی ئەوە دەکات کە «دەیەی نەوەدییەکان بە ئێمە نزیکترن» (کە مەبەستی لە ئێمە دەشێ خۆی و ئیزراپاوند بێ) تا ئەو نەوە ئەدەبییەی کە بریتییە لە برناردشۆ، وێلز و لیتن ستریچی، بیوگرافیستی ئینگلیزی. ئەم نەوەیە، لەباری ڕەگەزییەوە سەرتر لە نەوەدییەکانن: ئەوان لە ڕەگەزی هەکسلی، تیندال و جۆرج ئیلیەت و گۆڵدستۆن-ن. بۆدلێر کاری بەم نەوەیە نەداوە، بەڵام لەگەڵ نەوەدییەکان و هەر وەتر تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئێمە سەروکاری هەیە.»

ئەم بابەتە لە ڕوانگەی مێژووییەوە گرینگە، پاوند و ئیلیەت، ئەو کاتەی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی سەرەتا هاتن بۆ ئەورووپا، بەدوای ئەنجومەنی ئەدەبی ئینگلیسی پێوەندیدار بە پارسییەوە بوون، شاعیرانی ئینگلیسی لەگەڵ سەمبۆلیستەکانی فەرەنسەیی. ئەو شتەی ئەوان دۆزیبیانەوە شاعیرانی سەردەمی جۆرج بوون. بەڕای ئەوان ئەم شاعیرانە هیچ چەشنە پێوەندییەکیان بە سەردەمی نوێوە نەبوو، ڕێک وەک شاعیرانی «دەیەی نەوەد»، بە نوێی خۆی، بە سەرنجدان بە پێوەرەکانی یەکسەرە ڕۆشنبیرانەی شاعیرانی هاوچەرخی فەرەنسە، منداڵانە و ساکار و سانا دەهاتنە بەرچاو ئیلیەت لەم وتارەدا ئەمە دەنووسێ: «ڕاستی گرینگ دەربارەی بۆدلێر هەر ئەمەیە کە ئەو هەر لە بنەڕەتەوە مەسیحی بوو کە لە دەرەوەی ڕۆژگار و زەمانەی شایانی خۆی لە دایک بوو.» هەر وەتر باسی ئەوە دەکات کە سەرچاوەی «داگەڕانی بۆدلێر بۆ لای «دابو دەستوور» بە هیچ کلۆجێک نزیکایەتی ئەو بۆ لای شێوەکانی دەرەکی مەسیحییەت ناگرێتەوە، بەڵکو لە غەریزە ڕۆحییەکان سەرچاوە دەگرێ کە دیارە مەسیحییە.» ئیلیەت لێرەدا وەک کەسێک قەڵەمەکەی هەڵدەسووڕێنێ وەک بڵێی پەیمانەی پیرۆزی خۆی دۆزیوەتەوە.

**ژێدەر:**

**ارغنون، فصلنامەی فلسفی، ادبی، فرهنگی شمارەی، (١٤) زمستان ١٣٧٧ صص ٢٠٧-٢١١**

# ئەو پۆڵ ئێلوارەی من ناسیم

پۆل ئێلوار (١٨٩٥- ١٩٥٢) شاعیرێکی ئایدیۆلۆژیستی هونەرمەندە؛ فەندبازە و باش دەتوانێ ئایدیۆلۆژیا بکاتە شیعر و بیگەیەنێتە ئاستی هونەر، لە هەمان کاتدا دەتوانێ ئەو ئایدیۆلۆژیەت- شیعرە بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەناو هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکاندا ڕەگاژۆ بکات کە خوێنەری پێ مەفتوون بکا.

ئەم چەند دێرەی لێرەدا دەینووسم ئەم تێبینییانەی خۆمن کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی خۆم بۆ پۆل ئێلوار لەلام گەڵاڵە بوون، بەتایبەتیش کاتێک کەوتبوومە سەر وەرگێڕانی گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی لە زمانی خۆیەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

**تەنیایی جیهان**

پۆل ئێلوار، وەک (نازم حیکمەت و پاپلۆ نێرۆدا و عەبدوڵڵا گۆران)ی خۆمان (وەک گەلێ شاعیری جیهانی دیکەش لەکۆتایی ساڵانی سی و چلەکاندا) پێم وابێ مارکسیزم و کۆمۆنیزم و خەباتی سیاسی، زۆر توند و پتەو ڕەگاژۆی دیدی هونەرییان ببوو. لەو زەمانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا شیعر بەگشتی خرابووە خزمەت ئایدیۆلۆژیا؛ بە بیری خەبات و شۆڕشگێری بارگاوی کرابوو.

من لەلای خۆمەوە، هێندە کەیفم بەم ڕوانینە ئایدیۆلۆژییە نایەت کە لەناو شیعر، بەشێوەیەکی گشتیش لەناو هونەردا دەیبینم، بەڵام پۆل ئێلوار هێندە جوان و فەندبازانە ئەم کارە لەناو شیعرەکانیدا دەسازێنێ

---

**فەرهاد پیرباڵ**

که مەفتوونت دەکا: بەتەکنیکی تازە و دەستاوەردی نوێ و فۆرمی سەرنجڕاکێشەوە ئایدیۆلۆژیا دەئاخنێتە ناو وردە دەمارەکانی شیعرەوە. هەر ئەمەش بوو هانی منی دا بڕیار بدەم پۆل ئێلوار وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی.

پۆل ئێلوار چەند ئایدیۆلۆژیست و خەباتپەروەرە، هێندەش شاعیر: ئاخنینی دیدی «خەباتگێڕی» و «شۆڕشگێڕی» و «جەماوەر پەروەری» بە ناو شیعرەکانیدا، هەروەها تێکشێلانی شیعر و ئەم توخمانەی باسم کردن، لە جوانی شیعرەکانی کەم نەکردۆتەوە؛ چونکە زانیویەتی چۆن بتوانێ و بە چ فەند و کارامەییەکەوە ئەم هونەرە ئەنجام بدا.

ڕاستییەکەشی، من زۆر کەم شاعیری کۆمۆنیست دەناسم توانیبێتی وەک ئێلوار لە یەکانگیرکردنی شیعر و ئایدیۆلۆژیادا هێندە سەرکەوتوو بێت: مەگەر تەنیا نازم حیکمەت کەمێک وەک ئەو لەم ئەرک و ئەمەکدارییە سەرکەوتنی وەدەست هێنابێ.

(خۆشەویستی) بابەتی هەرە فراوان و دیاری ناو شیعرەکانی پۆل ئێلوارە، بەڵام باسکردنی ئەو خۆشەویستییە- بەپێچەوانەی کلاسیکەکان و ڕۆمانسییەکان- بەناو ڕێگا گشتییە هاوبەشەکانی خەڵکدا دەتباتەوە سەر ئامانجە هاوبەشەکانی مرۆڤ و گرفتەکانی میللەت و تەنانەت دەتباتەوە ناو غەمە قورسەکانی هەموو جیهانیش. ئەمەیە جیاوازی دیدی ئێلوار، لەچاو دیدی کلاسیک و ڕۆمانسییەکان، بۆ خۆشەویستی.

بەم شێوەیە، ڕوانینی شاعیرانەی ئێلوار، ئەگەرچی زاتی و لیریکیشە، بەڵام بەسەر جیهانی واقیعیانە و ماتێریالیزمدا بەسەر جیهانی پانوپۆڕی کێشە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە.

## زەمین عەینەن پرتەقاڵێک شینە

ڕێبازی سوریالیزم هەر لەسەرەتاوە، ڕەهەندێکی سیاسی و کۆمەڵخوازانە و جەماوەرییانەی وەرگرت. گۆڤاری (شۆڕشی سوریالیستی) کە بەدرێژایی ساڵانی ۱۹۲۰ لە فەرەنسا بڵاودەکرایەوە، خەڵکانێکی کۆمۆنیستی لە دەور کۆبووەوە. گۆڤارەکە بە هەمان هێز و گەرموگوڕی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستانە بەرەو پێشەوە دەچوو. تەنانەت هەر زوو گەلێک لە سوریالیستەکان بوونە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست: لەپێش هەمووشیانەوە ئاراگۆن و پۆل ئێلوار و بروتۆن و پیکاسۆ.

ڕاستییەکەشی، لە ساڵانی ۱۹۲۰ سوریالیستەکان تاقە گرووپێکی ڕۆشنبیران بوون کە ڕۆڵیان لەناو ژیان و گۆڕانخوازییەکان و کاروباری حزبی کۆمۆنیستدا هەبوو.

سوریالیستەکان هێندە شێلگیر و شۆڕشگێڕ و ئەمەکداربوون بۆ پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی.. لە گۆڤاری (شۆڕشی سوریالیست)، ژمارە(۱)دا نووسیان: «پێویستە هەوڵ بدەین بۆ گەڵاڵەکردنی جاڕنامەیەکی نوێ بۆ مافەکانی مرۆڤ».

لە ۱۹۱۹ لەگەڵ ئەندرێ برۆتۆن و فیلیپ سووپۆ و ئاراگۆن یەکەمین گۆڤاری سوریالیستیان بەناوی (ئەدەبیات) بڵاوکردەوە و بووە هۆی کاریگەرییەکی زۆر گەورە بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی نەک تەنیا فەرەنسا، بەڵکو هەموو ئەورووپا. ئێلوار لەو ساڵانەدا لەژێر کاریگەری ئەندرێ برۆتۆندا بوو؛ ئەو شیعرانەی لە ساڵانی ۱۹۱۹- ۱۹۲٤ لە گۆڤاری (ئەدەبیات)دا بڵاوی دەکردنەوە لەژێر ئەو کاریگەرییە بەزەبرە سوریالیستەدا بوون.

ئێلوار هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نیگارکێشەکانی وەک پیکاسۆ و ماکس ئێرنست و مان ڕێی و سەلفادۆر دالی و ئەوانی تر هەبوو. تەنانەت لەناو هەمان گرووپی سوریالیستدا پێکەوە کاریان دەکرد لە ۱۹۱۹ تا سەرەتای جەنگی دووەم.

لە ۱۹۱۷ یەکەم دیوانە شیعری خۆی چاپ کرد. لە ۱۹۱۸ دیوانی (شیعر لەپێناو ئاشتی)، ئینجا لەکۆتایی هەمان ساڵدا سێ شاعیری گەورەی فەرەنسای ناسی: ئەندرێ بۆتۆن و فیلیپ سووپۆ و لویس ئاراگۆن کە هەرسێکیان پێکەوە دەرەنگتر بوونە دامەزرێنەری ڕێبازی سوریالیزم.

لە ۱۹۲۰ تا ۱۹۲٤ چەند دیوانە شیعرێکی سوریالیستی بڵاوکردەوە و ناوبراویان وەک شاعیرێکی سوریالیست بە ئەورووپا ناساند... بەڵام دیوانی (پایتەختی ئازار) لە ۱۹۲٦ شۆرەتێکی زیاتری بۆ پەیدا کرد.

ئێلوار لە ڕاگەیاندنی (۲۷ی ک۲/ ۱۹۲۵) لە ڕێگەی نووسینگەی تۆژینەوەی سوریالیستییەوە لەپاریس. ئیمزای خۆی خستە پاڵ ئیمزای هاوڕێ

سوریالیستەکانی وەک ئاراگۆن، ئەنتوان ئارتۆ، برۆتۆن، میشێل لێیریس، ماکس ئێرنست، ئەندرێ ماسۆن، ڕایمۆن کینۆ، فیلیپ سووپۆ، بنیامێن پێرێ...) بۆ ئەوەی بنووسێ:

– سوریالیزم ڕێگەیەکە بۆ ئازادکردنی سەرتاسەری ڕۆح و هەموو ئەو شتانەی لە ڕۆح دەچن.

– ئێمە بەتەمای گۆڕینی ئەخلاقی خەڵک نین، بەڵام نیازمانە فشۆڵی بیروبۆچوونەکانیان ئاشکرا بکەین و ئەوە نیشان بدەین کە لەسەر چ بنەمایەکی لەق و شلۆق خانووە شەق و پەقەکانی خۆیان دروست کردووە.

– ئێمە بەڕووی هەموو چەوت و چەوێڵییەکی بیری کۆمەڵگەدا دەچینەوە.

– سوریالیزم تەنێ شێوەیەکی شیعری نییە. سوریالییەت هاوارێکی ڕۆحی گەڕاوەیە بۆ خود، زۆر بە بێهوودەیی، سوورە لەسەر تەفروتووناکردنی بەربەستەکانی ناو خۆی ئەگەر بەتەورداسیش بێت.

پاشان دیسان هەر پێکەوە لە ژ(٢)ی گۆڤاری (شۆڕشی سوریالیستی) لە ساڵی ١٩٢٥دا نووسیان:

– سوپا تەسریح بکەن، دەرگای زیندانەکان بکەنەوە!

– شتێک نییە پێی بگوترێ «تاوان دژی مافی گشتی. کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان بەسەرچوون.

– هیچ شتێک نییە (نە دان بەگوناحدا نان، نە بەشداریکردن لەبەرگری نیشتیمانی) کەپێیان بکرێت مرۆڤ ناچار بکەن دەستبەرداری ئازادی بێت.

– ئایا کارەسات نییە جیهان بەردەوام بێت و مرۆڤیش مافی لەچنگ مرۆڤێکی دیکە زەوت کرابێ؟! یەکگرتنی پیرۆز بەدەوری خەنجەر و ڕەشاشەکانەوە! چۆن دەبێ بەهەنجەتی پڕوپووچەوە بەردەوامی بەمانەوەی خۆیان بدەن؟ زیندانەکان ئازاد بکەن، سەربازەکان تەسریح بکەن! ئازادیتان؟! ئازادی نییە بۆ دوژمنانی ئازادی. چاوپۆشی لە جەللادەکان ناکەین.

ئنجا ئێلوار، هەر لەژێر پرتەوە بەهادارە مرۆڤایەتییەکانی هەمان ڕێبازدا، لە کۆنفرانسی (پیشانگای سوریالیزم) لە ڕۆژی ١٩٣٦/٦/٢٤ لە لەندەن گوتی:

– کاتی ئەوە هاتووە هەر شاعیرێک ماف و ئەرکی ئەوەی هەبێ، قووڵ ڕۆبچێتە ناو ژیانی خەڵکی ترەوە و خۆی هەڵقورتێنێتە ناو ژیانی هاوبەشەوە.

– هێزی ڕەهای شیعر مرۆڤ پاک دەکاتەوە، هەموو مرۆڤێک.

– شیعر هەمیشە چەند پەراوێزێکی فراوانی هەیە کە سپی دەمێننەوە، چەند پەراوێزێکی فراوانی ئەوتۆ کە پڕن لە بێدەنگی و یادەوەرییە هەڵایساوەکان تێیدا گڕ دەگرن بۆ ئەوەی ئەندێشەیەکی بێ هاوتا دابهێننەوە.

– سوریالیزم کە ئامرازێکی ناسینە، تەنانەت ئامرازێک بۆ کەشفکردن و ئازادکردن و بەرگری لەخۆکردنیش، کاردەکات لەپێناو ئەوەی کە مرۆڤ هوشیارییەکەی دابگیرسێ! سوریالیزم کاردەکا لەپێناو سەلماندنی ئەوەی کە بیرکردنەوە پێویستە ببێتە کارێکی هاوبەشی هەموو خەڵک.

– تەنیایی شاعیران ئەمڕۆ خۆی دەسڕێتەوە. ئەمەتا شاعیر مرۆڤێکە وەک هەرکەسێک لەناو ئەوانی تردا.

«Paul ELUARD: La vie immediate, NRF, Paris: 1951, p.9- 17»

بەم شێوەیە، ئێلوار سەبارەت بەوەی ماوەیەکی زۆر، بەتایبەتی لە ماوەی ١٩٢٠- ١٩٣٠دا سوریالیست بووە و بەشێوازی سوریالیزم شیعری دەنووسی، دەبینین لە زۆربەی شیعرەکانیدا مێتۆدێکی سوریالیستانەی بەکارهێناوە بۆدروستکردنی وێنە.

گەلێک وێنەی شیعری، لای ناوبراو، ڕەگوڕیشەیەکی سوریالیست و فەزایەکی سوریالیستانەیان هەیە. ئەم سوود وەرگرتنەش لە سوریالیزم داهێنانەکەی جوانتر و دەوڵەمەندتر کردووە.

سوریالیستەکان سیستەمی لێکچواندنیان تێکشکاندبوو، سیستەمێکی تازە و دانسقەیان لەبواری لێکچواندندا هێنابووە ئارا کە تا ئەمڕۆش لەبواری شیعری هاوچەرخ و شێوەکاری ئەمڕۆدا پیادە دەکرێت. پۆل ئێلوار لەم بارەیەوە دەیگوت:

«هەر شتێک قابیلی چواندنە بە شتێکی دیکە. هەموو شتێک ڕەنگدانەوە و لێکچوون و ناکۆکی و ڕوودانی خۆی لەهەموو جێگەیەکدا دەدۆزێتەوە. ئەم ئازادییەی لێکچواندن هیچ سنوور و قەراغێکی بۆ نییە».

هەندێ جاریش دەبینین، بۆ نموونە لە شیعری (گوتنی هەموو شتێک)، شێوازێکی وردچنی ئەوتۆ بەکاردەهێنێ کە هەست دەکەی سوودی لە ڕامبۆ، یان لە سان ژۆن

پێرس وەرگرتبێ: عەینەن جاڵجاڵۆکە چۆن ماڵی خۆی دەچنێ، ئێلواریش لەو شیعرانەیدا بەهەمان شێوە.

ڕەخنەگرە فەرەنسییەکان زۆرجار لە بارەی زمانی شیعری پۆل ئێلوارەوە سەریان سوڕماوە و پێیان وایە پەرجوویەک لەو زمانە پەتییە درەوشاوە شیعرییەی ئێلواردا هەیە. ئێلوار لە زۆربەی شیعرەکانیدا زمانێکی پەتی کریستاڵ ئاسای هەیە کە زۆر جاران بەقەد ڕامبۆ زەحمەتە لەکاتی وەرگێڕاندا.

ئێلوار لەناو شاعیرە سوریالیستەکاندا یەکێکە لەوانەی کە زمان زۆر بەجوانی و کارامانە دەتەقێنێتەوە بۆ دەربڕین: لە ئۆتۆماتیکیەت تێی دەپەڕێنێ و لەزمانی ناهوشیارییەوە داهێنانێکی «ڕۆشن» دروست دەکا.

ئازادکردنی نیگا و ئازادکردنی چاو، بنەمایەکی دیکەی شاعیرە، کە لە شیعرەکانیدا ناوبراو کاری بۆ دەکا. لەم ڕووەوە هەمان تێڕوانینی نیگارکێشە سوریالیستەکانی هەیە. لەم بارەوە ئێلوار دەیگوت:

«پێویستە هەموو هەوڵێک بدرێ لەپێناو ئازادکردنی ڕوانین، لەپێناو لەیەکترمارەکردنی خەیاڵ و سروشت. ئەمەش بۆ ئەوەی هەرچی شتێک مومکینە بەواقیع ببینین و بە واقیع بگەڕێ، بۆ ئەوەی بسەلمێت کە هیچ دووفاقییەک لەنێوان واقیع و خەیاڵدا نییە».

«Evidance Poetique کۆنفرانسی ١٩٣٧»

گرنگترین سیمای ئەفراندنی ئێلوار بریتییەلە تەکنیک.

نیگارکێشێکی هاوچەرخ دێت چەند پەڵەڕەنگێک و چەند فیگەر و هێڵێک- هەر یەکەیان لەلایەک و لەسووچێکی تابلۆکە- پەخش دەکا، بەهەمان شێوە پۆل ئێلوار دێ چەند دیمەنێکی لەیەکتر جیا و چەند سۆزێک و چەند وێنەیەکی جۆراوجۆرمان بۆ دەخاتە ڕوو: وێنە و سۆز و دیمەنەکان پچڕ پچڕ، هەر یەکەی لە شوێنێکەوە و لە مەبەستێکی جیاوازەوە دەهێنێت، بەڵام هەر هەموویشیان پێوەندییان بە بابەتە سەرەکییەکەیەوە هەیە. تەنانەت لە چۆنیەتی دابەشکردنی کۆپلەکانیشدا بەسەر ڕووبەری سپی کاغەزەوە، هەمان کار دەکا، شیعر لای ئێلوار لەم یەکانگیرکردنەی سەرجەم دیمەن و وێنەکانەوە- پێکەوە، دروست دەبێ.

### من لە خۆم دەگەڕێمەوە، لەهەمیشەییەوە

پابەندبوونی سیاسی و ئیلتیزام لە ساڵی ١٩٣٦ بەم لاوە دێتە ناو شیعرەکانی شاعیر. ئەم ڕەهەندە سیاسییە بە دابڕانێک ناژمێردرێت لەگەڵ شیعرە خۆشەویستی و عاشقانەکانی ناوبراو، بەڵکو شاعیر لە هەمان خۆشەویستییەوە دەڕوانێتە کێشە سیاسیەکان و ئەو بابەت و گرفتانەی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی کە بەهی خۆیان دەزانێ.

پۆل ئێلوار (١٨٩٥- ١٩٥٢) لە خێزانێکی هەژار لە (سانت دونیس) لە دایک بووە. لە ١٩١٤ ناچار ڕاپێچ کرا بۆ سەنگەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی. هەر لەو زەمانەدا برسێتی و کلۆڵی کرێکاران و نەخۆشخانەکان و زیندانەکانی زۆر بینیوە کە پاشان لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان دایەوە.

لە ١٩٣٠ کاتێ لویس ئاراگۆن وازی لە سوریالیزم هێنا، ئێلوار هەمان شتی نەکرد.. بەڵام لە ١٩٣٦- ١٩٣٩ کاتێ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و جەنگی دووەم و جەنگی ئیسپانیا کەوتنە هەڕەشەکردن لە هەموو ئەورووپا، بیری ئیلتیزام لای ئێلوار سەری هەڵدا. لە ڕەوتی تاکباوەڕی و سوریالیزمەوە هاتە سەر ڕەوتی کۆمەڵباوەڕی.. قسەکەی لۆتریامۆنی بەکارهێنا و گوتی: «ئامانجی شیعر پێویستە بریتی بێ لە هەقیقەتێکی بەکارهێن».

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا ١٩٣٩- ١٩٤٦ بووە خەباتگێڕ و لەتەک سەربازە فەرەنسییەکانی تر کەوتە بەرگریکردن لەخاکی فەرەنسا. دیوانەکانی (شیعر و هەقیقەت ١٩٤٢)، (ئەوانەی شایستەی ژیانن ١٩٤٤) لەو بارودۆخەی بەرگریکردن لە فەرەنسا نووسراون دژی ئەڵمانیای نازی.

تەنانەت ئێلوار لە ١٩٤٢ بووە ئەندامی ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەرگریکار و شیعری سیاسیشی دەنووسی. هەر بۆیەش هەندێک جار دەبینین جۆرێک لەڕووکەشی و ڕاستەوخۆگۆیی لە هەندێ لە شیعرەکانیدا دیارە، بەڵام دوای کۆتایی جەنگ وازی لە شیعری سیاسی هێنا و تەنیا دیدە ڕیالیست و مرۆڤایەتییەکەی خۆی دەردەبڕی.

شیعرەکانی ئێلوار بینراون و خەڵکی ئاسایی تێیان دەگا. شاعیر خۆی بەهاوخەم و هاوئاواتی میللەت دەزانێ، لە پێناو برایەتی و پێشکەوتن و ئاشتی لەنێوان

مرۆڤدا دەنووسێ. شیعر لای ئێلوار پێوەندییەک بوو لەگەڵ مرۆڤ لەپێناو ئەوەی ئازاد بژی، لەپێناو ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی یەکسانی و برایەتی و ئاشتی بەخۆیەوە ببینێ.

لە ١٩٤٠ پاریس کەوتە ژێر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا. ئێلوار مانگێک لە ماڵ نەهاتە دەرەوە». پاشان دەست بە مەنشووراتەوە (کە حوکمی ئیعدامی لەسەر بوو) هاتە ناو خەباتەوە. شیعری بەرگری بڵاودەکردەوە (شیعر و هەقیقەت) لەگەڵ مەنشورات.

لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩-١٩٤٦) کاتێ سوپای فەرەنسی شکا و فەرەنسا کەوتە ژێر دەستی داگیرکەرە هیتلەرییەکانەوە، فەرەنسا هێشتا هەر بەردەوام بوو لەبەرگریکردن و خەبات لەپێناو پاراستنی ناسنامەی خۆی و دەرکردنی سوپای نازییەکان. لەو جەنگەدا کە چەندین هونەرمەند و نووسەری وەک رۆبێرت دیسنۆس بوونە خۆراکی ئاگر و شەهید کران، چەندێکی وەک پۆل ئێلوار و ئاراگۆن و ڤێرکووریش مانەوە کە شیعر وچ چیرۆکی بەرگرییان دەنووسی ئەو نووسەرە و هونەرمەندانە لەو زەمانەدا هاتن دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیان دامەزاند و بەنهێنی و بە نازناوێکی تر بەرهەمی بەرگرییان بڵاو دەکردەوە. دیوانەکانی (شیعر و ڕاستی)، (کتێبی کراوە)، (لە ژووانی ئەڵمانییەکاندا)، هەروەها (حەوت شیعری ئەویندارانەی سەردەمی جەنگ ١٩٤٣) بەرهەمی ئەو زەمانەی ئێلوارن.

ئێلوار پێش ئەوەی بکەوێتە سەر نووسینی شیعر، ئاگاداری سەردەمی شیعری پێش خۆی بوو: کووبیستەکان و ئەپۆلینێر و ژۆل ڕۆمان و ئوونانیمیزم و نەغمەگەراکان و وێنەگەراکانی خوێندبۆوە، هەروەها واڵت ویتمان و بۆدلێر و لۆتریامۆن و نێرڤاڵ و ڕامبۆ و بەتایبەتیش فەیلەسووفە ماتیریالیستەکانی خوێندبۆوە.

ئێلوار لە ١٥ی مارتی ١٩٢٦ سەری خۆی هەڵگرت و سەفەرێکی درێژی ئەنجامدا بەرەو: ئوستراليا، هیند و چین، سیلان، دوورگەکانی ئەنتیل، پانەما، مالیزی، هیند، نیوزیلاندا. بەهیچ کەسێکی نەگوتبوو کە ئەم سەفەرە دەکا. حەوت مانگ بێ خەبەر ما. ڕۆژنامەکان هەواڵی بزربوونی ئەویان بڵاوکردەوە تا لەکۆتاییدا لە (سینگافوور) دۆزیانەوە. ئینجا کە هاتەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٦ دیوانی (پایتەختی ئازار)ی بڵاوکردەوە کە ڕەخنەگرەکان دەڵێن ئەم دیوانەی ئێلوار نوێنەری شیعری هاوچەرخی فەرەنسییە و شاکاری پۆل ئێلوارە.

سێ قۆناغی دیار لە بەرهەمەکانی ئێلواردا دەبیندرێن: قۆناغی ئوونانیمیزم- Unanimisme کە ڕەوتێکی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو لە فەرەنسا هەوڵی دەدا لەناو ڕۆحی تاکەکەسدا ڕۆحیاتێکی کۆمەڵگەرایی دروست بکا... ئەمەش لەسەرەتای نووسینی ئێلوارەوە دەست پێدەکا تا ١٩١٩، ئینجا قۆناغی سوریالیزم کە لە ١٩١٩ دەست پێدەکا تا کۆتایی سییەکان.. ئینجا وردە وردە دەکەوێتە سەر نووسینی بەپێی دیدی ڕیالیزم.

# له پەراوێزی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا: دارندۆرف: تیۆری کۆمەڵگای دوای قۆناغی سەرمایەداری

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

**١- شۆڕشی زانستی و پیشەسازی**

سەدەی نۆزدەیەم، ئەوەندەی پێوەندی بە پەرەسەندنی شارستانیەت و کۆمەڵگاوە هەیە بەگشتی و دەربارەی بەرەوپێشچوونی زانستەکان، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان Geisteswissenschaften دەکرێ بەسەدەی چارەنووسساز دابنرێت.

لەکایە و بواری زانستدا داهێنانی ئەوتۆ بەرچاو دەکەون کە وێنەی جیهانی زانستی کلاسیکی، یان Weltbild سەرتاپا گۆڕیوە. تیۆری پەرەسەندنی داروین کە لە هەندێ کۆڕ و کۆمەڵە بە داروینزمی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت Sozialdarwinismus هەڵوێستی مرۆڤی بەرچاو ڕوونی بەرانبەر بە بۆچوونی باوی «پەیدابوون و پەرەسەندن و لەناوچوون» گۆڕیوە. فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان و لایەنە میتافیزیکیەکەی دوای کۆچی دوایی هیگڵ ساڵی ١٨٣١ز لە لایەن مەتریالیستەکانەوە بەڕابەرێتی لودڤیگ فۆیەرباخ دەستی جەرگ بڕانەی لێوەشێنرا.

سۆسیۆلۆژی لەلای خۆیەوە پشت ئەستوور بە بنەماو پەیڕەو و میتۆدەی زانستییە پۆزێتیڤیستەکان هەنگاوی بەرچاوی بەرەو پێش ناوە، لەناوەرۆک و ڕوخساردا پەرەی سەندووە. ڕەوش و بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگا گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەرداهاتووە. ئەو بزووتنەوەیەی کە بە ناوی شۆڕشی پیشەسازی (سنعات) ناوبراوە ئەگەرچی لە دوورگەکانی بەریتانیا ڕووی داوە، بەڵام پڕیشکەکەی ئاگری لە دەشت و پاوان و چیاکانی سەرانسەری ئەورووپای ئەوسا بەرداوە، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر ژیان و کۆمەڵگادا هێناوە، بەتایبەتی بەسەر پێوەندییە

کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و جۆری ژیان و گوزەرانی خەڵکدا هێناوە.

کۆمەڵگا بەسەرخان و ژێرخانییەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بە جۆرێکی تر ئەوپەڕی جیا لەسەردەمی پێشوو خەت و خاڵی داوە. سنعات Industrie، پیشەسازی و فابریقە و کارگە لەسەرانسەری وڵاتانی ئەورووپا کەم تا زۆر بڵاوبۆتەوە، کۆمەڵگا پێی ناوەتە قۆناخێکی پێشکەوتووترەوە کە بە قۆناخی سەرمایەداری Kapitalism ناوبراوە.

پێکهاتە و ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان بەدامەزراوە هەمەچەشنەکانیانەوە، پێشکەوتووتر لە جاران مۆرک و سیما و سروشتی جیاوازییەکی بەرچاوی چینایەتیان پێبڕاوە. ئەودوو چینەی وەک ئەنجامێکی ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵگادا هاتوون، پەیدابوون بریتی بوون لە:

- چینی سەرمایەداران Kapitalisten
- چینی پرۆلیتاریا Proletarier

ئەم دابەشبوونە بەم شێوەیە بەرچاوە کە ئەنجامێکی هۆکاری دیاریکراو بێت لەلای خۆیەوە بۆتەوە بە هۆکار و سەرنجی بۆ لای پێوەندی فرە ڕەنگی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ لەلایەک و لەنێوان مرۆڤ و سروشت لەلایەکی ترەوە ڕاکێشاوە، ئەمەش بێگومان دوو دیاردەی لەیەکتری جیاواز، دیاردەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی سروشتی وەک دوو بابەتی ناوەرۆک و ڕوخسار لەیەکتری جیاواز تۆمار دەکات. بۆچوونی ئەنترۆپۆلۆژی دەربارەی مرۆڤ، ئەگەر بشێ ئەو ناوە دەربارەی ئەو سەردەمە بەکاربهێنرێ، تا ڕادەیەک هاتۆتە نێومەیدانی بە پێزی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە. بایەخ بە ڕۆڵی ئایین و زانستی تازە کۆرپەی دەروونناسی (سایکۆلۆژی) و کێشە و بەرە کۆمەڵایەتییەکان دراوە، جگە لەو کۆششەی بۆ توێژینەوەی کێشەی پێوەندی فرە لایەنەی نێوان بوون و Dasein هزر و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دراوە. بەم پێیە دەکرێ سروشتی سەرەکی ئەم قۆناخە لەم خاڵ و ڕەوشانەدا پوختە بکاتەوە.

**یەکەم**: کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئایین لەکۆمەڵگای کولتووری و ئایدیۆلۆژی و زانستی ئەورووپادا. هەوڵ دراوە بۆ چەسپاندن و پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بۆچووە کە گوایە ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ گۆڕانی ڕەوشی کۆمەڵگا ئەویش لەلای خۆیەوە بێ هەڵاوردن، پریشکی ئەو گۆڕانەی بەردەکەوێ.

**دووەم**: پتر بوونی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژی و سیاسەت شان بەشانی درەوشانی ئەستێرەی بابەتی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی). هەروەها بایەخ بەپێوەندی نێوان سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی دراوە.

**سێیەم**: کۆمەڵگا بەچین و توێژی ئەوتۆ دابەش بووە کە بە ئاشکرا ململانێ و خەباتی چینایەتی لەنێوانیاندا هەست پێکراوە.

**چوارەم**: ئەگەر کۆمەڵگا لەچین و توێژی دژ بەیەکتری پێک هاتبێ، یاخود لەچەند چینێک پێک هاتبێ کە جیاوازی ئابووری و خەبات و ململانێی چینایەتی لەنێوانیاندا ڕاستیەکی گومان هەڵنەگربێت، ئەوا پرۆسە و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو بە هەموو لایەنە کولتووری و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییەوە لە پوختەکەیدا لەلایەن پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنانەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت(١). ئەمەش لەلای خۆیەوە دەبێتە مایەی ئەوەی دابەشکردنێکی نوێی ئیش و کار و خاوەندارێتی موڵک و ماڵ و دەسەڵاتی ئابووری بکەوێتەوە، ئینجا دەستبەری گۆڕانی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان دەبێت.

**پێنجەم**: ئەو بۆچوونە پاساو درایەوە کە ئایدیۆلۆژی و سیاسەت، هزری کۆمەڵایەتی و جیهاندیدی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە وەک بەشێکی سەرخانی کۆمەڵ Uberbau توند و تۆڵ بەژێر خانی Basis کۆمەڵگاوە بەستراونەتەوە. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەلای خۆیانەوە سروشت و ناوەرۆک و جەوهەرێکی چینایەتیان هەیە و ئەو خەبات و تێکۆشان و ململانێیەی Konflikt تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە کە لەنێوان چینە ڕقەبەر و دژ بەیەکترییەکاندا دەقەومێ ڕاستی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست و ساخ دەکاتەوە.

**شەشەم**: سەرلەنوێ بایەخ بەبابەتی چۆنیەتی پەیدابوونی نەزم و سیستەم و ڕێژیمی کۆمەڵایەتی درایەوە و چەندین ڕێگا و پەیڕە و میتۆدەی توێژینەوەیان و چارەسەری کێشەکەیان پێشنیاز و پێشکەش کراون.

**حەوتەم**: ئەو پرسیارە بە گەرموگوڕی خراوەتە سەر خوانی باسکردن، کۆمەڵگا چۆن پەیدابووە؟ چۆن کۆمەڵگا بە نەزم و ئارامیەکەیەوە بەرگەی گۆڕانی نەپساوە و بەردەوام دەگرێت و لەبووندا بەردەوام دەبێت و

بەرەو پێش دەچێ؟ کامیان بەر لەویتریان دێت،تاکە کەسان، یاخود کۆمەڵگا، پێوەندی نێوانیان چۆنە و چ سروشتێکی هەیە؟!

**٢- جۆرەکانی تیۆری ململانێ**

تیۆری ململانێ کە بابەتی سەرەکی ئەم نووسینەیە(٢)، ئەوەندەی پێوەندی بەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەیە، بە چەندین جۆر رەنگی رێژراوە و خەت و خاڵی داوە، بەلای ئێمەوە گرنگترینی جۆرەکانی ئەم تیۆرییە ئەم دووانەن:

**یەکەم**: تیۆری ململانێ و خەباتی چینایەتی لەلای کارل مارکس.

**دووەم**: تیۆری ململانێی دوای قۆناخی سەرمایەداری، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر پێکهاتە و پێوەندییە ئابووری و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە، لەلای پرۆفیسۆر داریندۆرف لەشاکاری Glass and Class conflict in Industrial Society. 1959.

واتە: چین و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای پیشەسازی (سنعاتکاردا) خەتوخاڵی داوە.

سەدەی نۆزدەیەم کە بە سەدەی شۆڕشی سەرتاپاگیری زانست دادەنرێت لەکۆمەڵگا و وڵاتانی ئەورووپا گۆڕانی لەڕادە بەدەری بەرپاکردووە، رەوشی کۆمەڵگای ئەوسای بە هەموو لایەن و پێوەندییەکانییەوە بەرەو قۆناخێکی نوێ تەکان داوە. کۆمەڵگای نوێ کە بەکۆمەڵگای سەرمایەداری ناوبراوە وەک ئەنجامێکی شۆڕشی پیشەسازی لەجێگای کۆمەڵگای پەککەوتووی فیودالی Feudalsystem جێگیر بووە. سیاسەت و ئایدیۆلۆژی جێگای ئایینیان گرتۆتەوە، جوتیاری جاران ئامرازی تێکۆشان و ناوەندی خەباتی داوەتە دەست کرێکاری شار و چارەنووسی پاشەڕۆژی بەو چینە سپاردووە کە بە چینی پرۆلیتاریا ناوبراوە. بۆرژوازی Bourgeoisie واتە هاووڵاتی دەستڕۆیشتووی شار و بازێر جێگای میر و ئاغا و دەرەبەگی گرتۆتەوە.

لەو کەشوهەوایە نوێیەدا کە لەژێر سێبەری رەوشی سەرمایەداریدا لەئارادابووە چەندین رێبازی سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی کە چەندین جیهانبینی هەمەجۆریان بەرجەستەکردووە، سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە کە دەکرێ لەنێوانیاندا چەندین تیۆری کۆمەڵایەتی پشت ئەستوور بەبنەمای ئابووری و فەلسەفە و سیاسەت بەدی بکرێن. ئەو تیۆرییانە بەپێی ئەو ئامانجانەی رەنگیان رشتوون و ئەو رێبازانەی گرتوویانەتەبەر لە دوو جیهاندیدا، کە لە چوارچێوەی پەرەسەندنێکی ئابووری پشت ئەستوور بە چەمکی بەهای ئیشوکار بەدەرنەبوون، پۆلێن دەکرێن:

یەکەم: جیهاندیدێک کە بەندە بەهەڵوێستێکی رەخنەگرتنی رادیکالییانەی ئابووری سیاسی سەردەمی خۆی و بزووتنەوەی کۆمەڵگای بە پرۆسەیەک داناوە کە بە قانوونەکانی پەرەسەندن و بنەماکانی ئابووری سەرمایەداری نوێ کە لە چوارچێوەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی مەتریالیستییانەی مێژووە دەستبەکار بوون، لێک داوەتەوە. ئەم جیهاندیدە بەتێکڕایی ئەگەر چی لە باوەشی سەرمایەداریدا خەت و خاڵی داوە، بەکردەوە و بەهۆی ململانێ و خەباتی چینایەتییەوە کە بەهۆکاری پەرەسەندنی کۆمەڵگای داناوە، کۆششی لەناوبردن و گۆڕینی سەرتاپای هەیکەلی رژێمی سەرمایەداری کردووە.ئەم جیهاندیدە ئەگەرچی کورپەی رژێم و کۆمەڵگای سەرمایەداری بووە ویستوویەتی رژێمی سەرمایەداری لەناوبەرێت و لەجێگاکەیدا رژێمێکی نوێی پشت ئەستوور بە پێوەندی نوێی کۆمەڵایەتی و بنەمای ئابووری و سیاسی و فەلسەفەیی و سیاسی...تاد، جێگیر بکات، کارل مارکس رابەرێکی بەرچاوی ئەم رێبازەیە، کە درێژایی ژیانی خۆی بۆ لەناربردنی رژێمی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری داناوە و کۆششی بۆ کردووە.

دووەم: جیهاندیدی دووەم ئەگەرچی وەک ئەوەی مارکس لە باوەشی جیهانی سەرمایەداریدا پێگەیشتووە و بگرە ئەنجامێک بووە لە تێگەیشتن و پەرەسەندنە فرە رەنگییەکەوە کەوتۆتەوە، بەهیچ جۆرێک هەوڵی گۆڕینی رەوشە هەڵکەوتەکەی نەداوە، ویستوویەتی رەوشەکە، سیستەمە سەرمایەدارییەکە- لە چوارچێوە گشتییەکەیدا وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام کەلەبەرە بچووک و هەندەکییەکانی پڕ بکاتەوە، کەموکورییەکانی چارەسەر بکات. گۆڕانێک بکات تەنیا بریتی بێت لە چاکسازی، بەڵام رژێمە ئابوورییە سیاسیەکە دەسکاری نەکرێت، ئەو کەموکورییانەی لە پرۆسەی پەرەسەندن و گۆڕاندا

دەردەکەون بەجۆرێک چارەسەر بکرێن کە ڕێژیمەکە لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتی و لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ و تەبابێت. بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتیەکان لەسەرەتادا ئینجا لەدواییدا تیۆری ململانێ کە پتر بەناوی سۆسیۆلۆژیست و فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵەمان پرۆفیسۆر (رالف دارندۆرف)ەوە ناسراوە R.Dahrendorf ڕابەری ئەم لایەنە دەکەن.

**٣- تیۆری ململانێ و خەباتی چینایەتی:**

١- ئەگەرچی ڕابەری ئەم تیۆرییە کارل مارکس (١٨١٨- ١٨٨٣ز) لەژیانی نووسینی و لە بەرهەمەکانیدا نە وشەی سۆسیۆلۆژی بەکارهێناوە و نە بە ئاشکرا ناوی وشەی ململانێی هێناوە Konflikt ئەوا بەڕابەری ڕاستەقینەی ئەم تیۆرییە دادەنرێ کە ئەو وشەی خەبات و خەباتی چینایەتی پێ ڕاستتر بووە. بەلای مارکس و لایەنگرانییەوە ڕستە و ناونیشانی مەتریالیزمی مێژوویی ئەو تیتر و ناونیشانەیە کە زانستیانە ئەم لایەن و بابەتە دەردەبڕێ. هەروەک لەو ناوەوە دەردەکەوێ لێرەدا لەم تیۆرییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەلسەفەییەدا مێژوو توندوتۆڵ بەکۆمەڵگاوە بەند کراوە و بەجۆرێک لێک دەدرێتەوە کە لەلایەن پرۆسەیەک کەبەدیالێکتیک ناونراوە کۆنترۆڵ دەکرێت. پرۆسەی بەرەو پێش چوونی مێژوو هۆکاری ماددی هەیە، پرۆسەکەش کە جۆرە چالاکییەک بەرجەستە دەکات دیالێکتیکیانە هەنگاو دەنێ، بەپێی ئەم بۆچوون و جیهاندیدەوە لەهەموو قۆناخێکی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا- شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان (Produktionsverhaltnisse) باو و دەستبەکار دەبن. هەروەها تۆڕێکی پێکهاتەی پێوەندی لەنێوان خەڵکدا دەبێت بە جۆرێک لەگەڵ ئەو شێوازەی بەرهەمهێناندا شیاو و گونجاو بێت(٣). هەروەک لە وشەی دیالێکتیکدا دەردەکەوێ، ئەوەندەی پێوەندی بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە (سۆسیۆلۆژی) هەیە، بەردەوام و بێ پسانەوە بەپێی گۆڕانی پێداویستییە ناچارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ گۆڕان بەسەر شێوازی بەرهەمهێناندا دێت، ئیتر بەهۆی پێداویستیەکانی ژیان و ڕەوتی نەسرەوتی کۆمەڵگا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داهێنان و دۆزینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی شتی نوێ دێتە کایەوە، ئەم ڕەوشە نوێیە بەهۆی گۆڕان و پتر بوونی پێداویستییەکان و... تاد، ڕەوشێکی نوێتری بەرهەمهێنان دێتەوە کایەوە بەرانبەر ئەم ڕەوش و دۆخە نوێیەی بەرهەمهێنان پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵک و مرۆڤ کە بە شێوەی کۆن ماوەتەوە جۆرە ناکۆکی و ناتەباییەک Wi-derspruche سەرهەڵدەدەن.

ناکۆکی نێوان پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو شێوازە نوێیەی بەرهەمهێنان کە بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زانستی و تەکنەلۆژی و ئابوورییەوە کەوتۆتەوە، ململانێیەکی گەرموگوڕ لەنێوان چین و توێژە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا، لەنێوان چینی زۆرینەی کۆمەڵگا کە بەرهەمهێنەری شتومەکی پێداویستی کۆمەڵگایە و لەنێوان چینی خاوەن دەسەڵاتی ئابووری دەستبەکار بەرپا دەبێ و هەڵدەگیرسێ، ئەمەیە سەرچاوەی هەموو جۆرە خەباتی چینایەتی و ململانێیەک لەمێژوودا.

ئەم پرۆسە و ڕەوتە کە مارکس وا سەرنجی(٤) داوە کە بریتییە لە جۆرە ناچارییەکی ئابووری، لەوەوە هاتووە کە مێژووی کۆمەڵگا هەر لەسەرەتای پەیدابوونییەوە لەمێژووی ململانێی و خەباتی نێوان چینی ژێردەستەی بەرهەمهێنەر و چینی دەست ڕۆیشتوی خاوەن دەسەڵاتی ئابووری چەوسێنەر بەولاوە شتێکی تر نەبووە، لەم خەبات و تێکۆشان و ململانێی و گۆڕانەشدا هۆکاری ئابووری ئەو فاکتەرە بووە کە بنەڕەتیانە و لەبنج و بناوانەوە بنیاد و پەرەسەندنی کۆمەڵگای دیار و دەستنیشان کردووە.

٢- ئەو جیهاندیدە ئابووری، فەلسەفەیی و سۆسیۆلۆژیەی مارکس بەدوو گرێمانەوە بەندە، هەردووکیشیان بەشێوەیەکی دەستیاوی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، وەک ئەنجامێکی مەنتیقییانە یەکێکیان لەوی تریان دەکەوێتەوە:

**یەکەم**: هۆکاری ئابووری ئەو هۆکارەیە کە بنیاد و پەرەسەندنی کۆمەڵگا و نەزم و دیسپلینی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکات... بەم پێیە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنەکەی کە بریتییە لە بنیادی ئابووری کۆمەڵگا سەر خانی کۆمەڵگا و پێکهاتەی سیستەمی ئابووری و قانوونی و کۆمەڵایەتی و زانست و

ئاکار و فەلسەفە و ڕێژیمی سیاسی دیاری دەکات.
ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان پشت ئەستوور بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی بەرهەمهێنان بەجۆرە پێوەندییەکی ناچاری (حەتمی) خەڵکەوە گرێ دراوە، ئەو پێوەندییەی خەڵکیش کە بۆ بەرهەمهێنانی شتومەک و کەلوپەل پێویستە پرۆسەیەکە ئەندامانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەناچاری بەشداری تێدا دەکەن بەبێ پابەندبوون بەخواستی مرۆڤەوە پەرەدەستێنێ.

**دووەم**: گریمانەکەی تر لەجیهاندیدی سۆسیۆلۆژی مارکس-دا کە بۆچوونێکی فەلسەفەوە بەندە، توندوتۆڵ بە میکانیزمی گۆڕانەوە بەندە(٥). هەموو شتێک لە جیهاندا، لەکۆمەڵگادا بەشی لە گۆڕاندا هەیە و دەگۆڕێ تەنیا قانوونی گۆڕان خۆی لەم پرۆسەیەی گۆڕان بەدەرە. ئەم گۆڕانەش بە سێ قۆناخدا تێدەپەڕێ کە پرۆسە دیالێکتیکییەکە بەرجەستە دەکات و بەم پێیە بەرەو پێش دەچێ و پیادە دەبێت:

- تێزە: These
- دژە تێزە: Antithese
- پێکهاتە لە هەردووکیان: سونتێزە: Synthese

نەزم و سیستەمی بەرهەمهێنانی ئابووری بەڕەوشێکی ئارام دەست پێ دەکات کە لەسەردەمی خۆیدا واهاتۆتە بەرچاو کە پێشکەوتووترین سیستەمی بەرهەمهێنانە، بەڵام بەهۆی گۆڕان و لە ئەنجامی داهێنانی زانست و توێژینەوە و تەکنەلۆژییەوە و لە ئەکامی سوود وەرگرتن لە بازاڕ و بازرگانی نوێ و کەرەسەی خاوەوە ئەم ڕەوشە-تێزەیە دەبێ بەکۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پتر پەرەسەندنی پێشکەوتووانەی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە پێویست بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ لەناوبردنی ئەو سیستەمە و داهێنانی سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنان کە هەردووکیان (تێزە- ئەنتی تێزە) بە کۆن و نوێوە بگرێتە خۆی.

بەم پێیە لە کۆمەڵگادا دوو چینی سەرەکی لە ئارادا دەبن کە یەکێکیان سەر بە سیستەم و نەزمی بەرهەمهێنانی کۆنی لەناوچوو، ئەوی تریان سەر بە سیستەمی نوێ دەبێ کە خەریکی خەت و خاڵدانە و پێکدێت، ململانێ و خەباتی چینایەتیش لەم کایەیەدا ئەو ئامرازەیە کە کۆمەڵگا لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی تر دەبات. ئەو ململانێیە و ئەو خەباتە چینایەتییە لەنێوان چینی سەرمایەداری خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و چینی کرێکار (پرۆلیتاریا)دا دەبێ و ئەم ڕەوشەش شتێکی ناچارەکییە و دەبێتە مایەی گۆڕانی سەرتاپای پێوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا. ڕێژیمی کۆن لەناودەچێ لەجێگای پێوەندییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی کۆمەڵگا پێوەندی نوێ، خاوەندارییەتی بەکۆمەڵ و کۆی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جێگیر دەبێت. Kollektiver Produktion.

ئەگەر فاکتەری ئابووری هۆکاری سەرەکی گۆڕان بێت، ئەوە ساخ دەکاتەوە کە «گۆڕان» دیاردەیەکی نائاسایی و نالەبار نییە و بەرپەرچی ئەوەش ناداتەوە کە نەزم و ڕێکوپێکی و ئارامی لە هەموو کات و شوێنێکدا وەک ئامانج کۆششی بۆ کراوە، گۆڕان، بە باری نالەباریدا لەگەڵ ناڕێکوپێکیش ئەگەرچی واهاتبنە بەرچاو کە گوایە دیاردەی ساتەکی ئەوا هەردووکلایان دوو ڕووی یەک پرۆسە و هەڵکەوت و ڕاستییەکن، ڕێکوپێکی و نەزم و دیسپلین ساخ دەکەنەوە. بوونی نەزم و ئارامی و ڕێکوپێکی هیچ کاتێک بوونی پێچەوانەکەیان ڕەتناکەنەوە، ئاژاوە و هەڕەمەکی و سەرگەردانی و گێرەشێوێنی هەموو کاتێ بوونی پێچەوانەکەیان ساخ و پشت ڕاست دەکەنەوە. مرۆڤ کاتێک هەست بە بوونی ئاژاوە دەکات کە پێشتر لەگەڵ نەزم و لە سایەی ڕێکوپێکیدا ژیابێ. کۆمەڵگا و ژیانی ئاسوودە و ئارام ڕەوشی کۆمەڵایەتی بێ ململانێ و کێشە و بەرە، بەبێ گۆڕان و پەرەسەندن تەنیا لە مێشک و بۆچووندا هەن و لە هەڵکەوت و ڕاستەقینەدا بوونیان نییە. گۆڕان وەک لایەنی لە باری هەیە دەبێ ناچاری ئاسا لایەنێکی تریشی هەبێ کە دەکرێ بە نالەبار ناوببردرێ. لەهەر جێگایەک خۆشی و بەختەوەری هەبێ، دەبێ بێ سێ و دوو کردن ناخۆشی و کلۆڵیش هەبێ، ئەمەیە قانوون و بنەماکانی ژیان.

٣- ئەگەر مێژوو، وەک مارکس و ئینگلز لە مانیفێستدا وتوویانە، لە مێژووی خەبات و تێکۆشان و ململانێی چینایەتی بەولاوە نەبێت، ئەوا لەلایەکەوە گۆڕان و پەرەسەندن کە لەو ململانێیە دەکەونەوە دەبن بە بنەمای ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و شارستانییەت. لەلایەکی تریەوە ئەم خەباتی چینایەتییە ناوەرۆک و

بایەخی خۆی هەیە بریتییە لە بەرەوپێش چوونی بەردەوامی مرۆڤی پێشکەوتنخواز، ئینجا چینەکان کە خەبات دەکەن دەچنە ژێر باری ئەم پێشکەوتنەوە هەریەکە بەپێی ئەو ناوەند و مەڵبەندەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هەیەتی، سوود و قازانجی ئابووری چینەکە خۆی دەستەبەری بەکارخستنی ئەم پرۆسەیە دەبێ.

چینی پێشوو کە لەسەردەمی پێشوودا پێشکەوتنخواز بووە، کۆتایی بە دار و دەستە و پەیوەندییە چینایەتییەکانی پێش خۆی هێناوە، بۆ نموونە سەرمایەداری کۆتایی بەشێواز و پەیوەندی چینایەتی و بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی هێناوە، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بەدەست دەهێنێ و دەبێ بەچینی کاربەدەست ئەو پێشکەوتنخوازەی جاران نامێنێ(٦) و دەکرێ بگوترێ، دەبێ بە کۆنەپارێز (محافەزەکار: konservativ). چینە نوێیەکە بەرانبەر بەو چینە دەسەڵاتدارە کە پێشکەوتنخوازی جارانی کاڵ بۆتەوە ناچاری خەبات و تێکۆشان دەبێ و لەدواییدا بەسەریدا زاڵ دەبێت.

چۆن بابەتەکانی فیزیک، دیاردە سروشتییەکان پابەندی ئەو بنەما و قانوونانەن کە بەقانوونەکانی میکانیک ناودەبرێن، بە هەمان شێوە خەباتی چینایەتی پابەندی چەند قانوونی دیاریکراون کە سروشتێکی ناچارییان هەیە، ئەنجامەکەشی دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگایەکی بێ چینە، یان کۆمەڵگایەکە هیچ جۆرە ناکۆکی و دژایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و دەستبەسەرداگرتن لەنێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانیدا نەبێت.

پەرەسەندن و گەشەکردن و بەرەوپێش چوون Der Fortschritt قانوونی چالاکی مێژوون، مێژووش لەمێژووی کۆمەڵگا و پەیوەندییە فرە ڕەنگییە کۆمەڵایەتییەکان بەو لاوە نییە. سوود و قازانجی ماددی- ئابووری مرۆڤ ئەو فاکتەر و هۆکارەیە کە ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەی کردووە بە قانوونی بزووتنەوە و پێشڤەچوونی نەپساوەی مێژوو(٧).

٤- بیرۆکەی ململانێ و خەباتی کۆمەڵایەتی لەنێوان چین و توێژەکاندا گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی چینی پرۆلیتار لە باوەشی چینی تازە پێگەیشتووی سەرمایەداری Kapita Lism، لەبەریەک هەڵوەشاندنی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕژێمی سیاسی سەرمایەداری لە دوا ڕۆژدا(٨)، ئینجا دیاردەی خاوەندارێتی تایبەتی موڵک و ماڵ و سامان، ئەو چوارچێوەیەیە کە کارل مارکس دید و جیهانبینی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەلسەفەیی خۆی تێدا دارشتووە لەم چوارچێوەیەدا ئەو گریمانەیە پشت ڕاستکراوەتەوە کە دیسپلین و پێکهاتەی ئابووری بەتایبەتی سیستەمی موڵکدارێتی کار لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکات، قانوونێک لە قانوونەکانی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەسترانەوەی دەستیاوی بەرهەمهێنان و ئاستی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە ئاستی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە گرێدراون. مارکس بەم پێیە گریمانەی تێزەیەکی تری کردووە کە بە بنەمایەکی ناچارەکی داناوە؛ Notwendigkeit: ئەگەر ئەو هێزانەی خەبات و ململانێی چینایەتی هەڵدەگیرسێنن لە سروشتی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە پەیدابن ئەوا:

**یەکەم**: ئەو خەباتە، ئەو ململانێیە سروشتی دیالێکتیکی هەیە، ڕێکخراوە ئابوورییەکە خۆی وروژێنەری هۆکار و ئامرازی لەناوبردنی ڕژێمی کۆن دەبێ.

**دووەم**: ئەو ململانێیە، ئەو تێکۆشانە چینایەتییە کە لە نەزمە Ordnung کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن لەدوو جەمسەری دژ بەیەکتری پێکهاتوون، چینی چەوساوە و دەستبەسەرداگیراوی پرۆلیتار و چینی دەستڕۆیشتووی خاوەن سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

**سێیەم**: گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی جارێکی تر دەبێتەوە بەهۆکاری ململانێ و خەباتی چینایەتی بەرپا دەکات.

**چوارەم**: پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لە پسان نەهاتوو لەنێوان ململانێی سوود و قازانج و خەباتی چینایەتی و لەنێوان دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەدا هەیە. هێز و توانا و دەسەڵات لە سامان و دارایی دەکەونەوە، هاوسەنگی و پەیوەندی دەستیاوی لەنێوان سامان و هێز و توانا و دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە،

ئەوی توانا و هێزی ئابووری هەبێ دەسەڵاتی سیاسیش بەدەست دەهێنێ.

**پێنجەم**: مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە (کار) لەبوونەوەرەکانی تر جیای دەکاتەوە. (کار) جەوهەری مرۆڤایەتی مرۆڤ ساخ دەکاتەوە. پێوەندی مرۆڤ بەخۆیەوە بەهۆی پێوەندی بەمرۆڤی ترەوە- دەبێت بە پێوەندییەکی بابەتی ڕاست و ڕاستەقینە. لێرەوە:

**شەشەم**: کۆمەڵگا قەوارە و پێکهاتەیەکی ماددی ڕووت و بێگیان نییە لە بەرانبەر تاکەکەساندا کە لێوەیان پێکهاتووە، بەڵکو ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا ژیانی مرۆڤ بەشێوە کۆ و بەکۆمەڵەکەیەوە لەگەڵ کەسانی تر دووپاتکردنەوە و دەربڕینی ژیانی کۆمەڵایەتییە(٩).

**حەوتەم**: پراکسیس، کردار و ڕەفتاری مرۆڤ ئەو بابەتەیە کە گەرموگوڕی و گیان بەخودی مرۆڤ دەبەخشێ و پراکسیسی کۆمەڵایەتی لەلای خۆیەوە هێزی داهێنانی خودی خۆی مرۆڤ بە مرۆڤ ڕەوا دەکات و دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بوونی کاریگەری خۆی وەک بوونەوەرێکی هوشیار لە کۆمەڵدا پشت ڕاست دەکاتەوە.(١٠)

**هەشتەم**: ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە دڵخۆشکردن بەولاوە هیچ برینێک سارێژ ناکات و هیچ کێشەیەکی ڕاستەقینە نە چارەسەر دەکات و نە بەلایەکی دادەخات بۆیە لە ئەفیونی میللەتان بەولاوە شتێکی تر نییە.

**نۆیەم**: بۆیە پشت ئەستوور بەتێزەی پێشوو مارکس لەگەڵ لایەنگیرەکانی هیگڵ لەو باوەڕەدابووە کە ئایین (لێرەدا ئایینی مەسیحی مەبەستە) ئەو هێزەیە کە مرۆڤ لە خود و کەسایەتی خۆی و لەئازادی بێبەش دەکات. ژیانی ئێستای لەبەرچاو دەخات و دڵی بە جیهانێکی ئەفسووناوی خۆش دەکات.

**دەیەم**: لەناوبردنی موڵکداریێتی تایبەتی -Privateigentum بریتییە لە لەناوبردنی بنەماکانی جیاوازی چینایەتی و تێکۆشان و ململانێی توێژ و چینەکان و دەبێتە مایەی هەڵتەکاندنی بنەمای کۆمەڵگای بۆرژوازی.

**یازدە**: ئەگەر چینی پرۆلیتار و موڵک و سامان یەکەیەکی دژ و ناکۆکی یەکتری بن ئەوا لەناوبردنی ئەم ناکۆکی و ناتەباییە دەبێتە مایەی لەناوچوونی دەزگای دەوڵەت و دەستبەربوونی ژیانی دیموکراتیانە.

**دوازدە**: لەکاتی چەسپاندنی دیموکراتیەتدا بەشێوەیەکی سەرتاپاگیرانە دەوڵەتی سیاسی لەناو دەچێت هیچی تر لە توانایدا نابێ خزمەتی سوود و قازانجی گشت چینەکانی کۆمەڵگا بکات و بگرە خۆی لەدەزگایەکی سیاسی کە خزمەتی سوود و قازانجی چینی دەسەڵاتدار دەکات بەو لاوە شتێکی تر نییە.

**سێزدە**: بەهەند دانانی ژێر ڕێزلێنانی ئازادیە، ئازادی ڕاستەقینەش بریتییە لە ڕزگاربوون لەکۆمەڵگای بۆرژوازی، ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دەزگا و دۆگمەکانی ئایینی عیسایی و دەوڵەت و موڵکداریێتی و سامانی تایبەتی.

### ٤- ململانێ لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا:

١- جۆری دووەمی تیۆری ململانێ، ئەو جیهاندیدە بەرجەستەی دەکات کە پرۆفیسۆر ر. دارندۆرف لە شاکاری چین و ململانێی چینایەتی لەکۆمەڵگای پیشەسازیدا ڕەنگی ڕشتووە:

Class and Class Conflict in industrial Society 1959.

ئەم تیۆرییە وەک لەم بەرهەمەدا خراوەتە ڕوو لە ڕقەبەری کردن و توێ توێ کردنی تیۆری خەباتی چینایەتی مارکس بەو لاوە نییە. دارندۆرف لەوێدا وای نیشان داوە گوایە ئەو هەوڵەی بریتییە لە «پووچەڵکردنەوەی ئیمپریی و ئەزموونیانە و لەبەر یەکبردنی تیۆری مارکسیزم»(١١). بەم هەوڵەی ویستوویەتی تیۆری ململانێ و خەبات بەجۆرێک شەن و کەو بکات بکرێ لە پرۆسەی سیاسی هەردوو کۆمەڵگای سەرتاپاگیر و پیشەسازی ئەم سەردەمە، سەدەی بیستەم کە ئەو بە قۆناخی دوای سەرمایەداری ناوی بردووە پیادە بکرێت Postkapitalist.

جیهاندیدی ئەو کۆمەڵناس و فەیلەسووفە ئەڵمانە پشت بەدوو گریمانە دەبەستێ:

**یەکەم**: دوای قۆناخی مارکس، کە کۆمەڵگا لە سەردەمی ئەودا بەدوو چینی دژ بەیەکتری دابەش ببوو، ئەورووپا بەگشتی جەنگی کاولکار و گۆڕانی سەرتاپاگیری ئەوتۆی بەسەرداهات، پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانی لەو پرۆسە و ڕەوتە لایانداوە کە مارکس

لەسەردەمی خۆیدا و پشت ئەستوور بە ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدەیەم پێشبینی کردبوو. چینی سەرمایەداری لەناوەرۆک و ڕوخساردا گۆڕاوە و هیچی تر کۆسپ نەبووە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنخوازانەدا و هاندەری خەبات و ململانێیەک نەماوە کە ببێتە مایەی شۆڕشی چینی پرۆلیتار و هەڵگەڕانەوە و گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگا. سەرمایەداری قۆناخی پیشەسازی، دوای ئەو گۆڕانەی بەخۆیەوە دیویەتی بووەبە سەرمایەدارییەک کە بە تەواوەتی لەگەڵ کۆمەڵگا و ژیاندا گونجاوە. چینی پرۆلیتاریش لەلای خۆیەوە ئەو چینە یەکڕەنگە و تۆکمە و یەکپارچەی جاران نەماوە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە ناکرێ ئەو ڕۆڵەی جارانی بگێڕێ. کە مارکس پێی سپاردبوو. تەکنەلۆژیا و دابەشکردنی ئیشوکار و بڵاوبوونەوەی مرۆڤی پسپۆر و شارەزا بۆتە مایەی ئەوەی کە نەکرێ لە هیچ ڕێکخراوێکدا هێزی کرێکاران کۆبکرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو هێزە شۆڕشگێڕەی کرێکاران مابێ، وەک گریمانەیەک، نە توانای گۆڕینی کۆمەڵی هەیە و نە دەتوانێ بەرەنگاری هێز و توانای لە ڕادەبەدەری تەکنەلۆژیا ببێتەوە، جگە لەوەی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی دەوڵەت و سەرکردایەتی کردنی گۆڕان و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا ئەوەندە ئاڵۆز و ورد و گرنگ بوون لەتوانای چینێکدا نەماوە بەتوانا و پێکهاتە و ئامرازەکانی خۆی بە تەنیا بەبێ پشت بەستن بە کەسانی زانا و سیاسی و ئابووریناس و تەکنەکرات تێیدا سەربکەوێ. خۆ ئەگەر، دیسانەوە وەک گریمانەیەک، سوود لە هێزی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران وەربگیرێ، بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەم سەردەمەدا پێویستی بەجۆرە تەکنیکێک هەیە کادیری شیاو و لێهاتووی خۆی دەوێ. ستەمە تەکنۆکراتێک ئەگەر لە خێزان و خانەوادەیەکی کرێکاریشەوە پێگەیشتبێ وەک کرێکارێک بیربکاتەوە و ڕەفتار بکات. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خوێندن و زانکۆکان و زانست لەلایەن خۆیانەوە جۆرە بزووتنەوەیەکیان داهێناوە کە جێگۆڕکێی کۆمەڵایەتی پێدەگوترێ (Social mobility). بەهۆی خوێندنەوە کوڕە جوتیارێک، ڕۆڵەی خێزانی کرێکارێک دەبێ بە ئەندازیار، پزیشک، سەرکردە، بەپێچەوانەشەوە ڕۆڵەی خێزانی خانەدانان دەبێ بە دوکاندار و فەرانبەرێکی سادە، بۆیە دیسان ستەمە باسی چینێکی تۆکمە و یەکگرتووی کرێکاران بکرێت. ئەگەر مرۆڤ سەرنجی کۆمپانیا و فابریک و کارگەکانی ئەورووپا بدات، لە نزیکەوە تەماشایان بکات، دەبینێ کرێکارەکانیش لەنێو خۆیاندا توێژ و پلەی جیاوازیان هەیە، ئیتر بەپێی پلە و ڕادەی خوێندن و شارەزاییان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە بۆیە دەکرێ باسی چەند جۆرە مرۆڤێکی کارگەر بکرێت، شارەزا، نیمچە شارەزا، سادە و ساکار ئەم پلە گۆڕی و جیاوازیەی مەڵبەند و نێوەند جیاوازی بۆچوون و ئامانج و هەڵوێستی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ناکرێ چاوەڕێی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە و سەرکردایەتی کردن و بەڕێوبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا لەچینی کرێکار چاوەڕوان بکرێت؟!

**دووەم:** مارکس لە بەشی سێیەمی کتێبی سەرمایەدا Das kapital ویستوویەتی ئەو لایەنەی خاڵی یەکەم، کە خستمانە بەرچاو، توێ توێ بکات، بەڵام کۆچی دواییەکەی دەرفەتی ئەم کارە گرنگەی نەداوە، بۆیە ئەرک و چالاکییەکەی لە تەواوکردنی جیهاندیدە سەرتاپاگیرەکەی لەبەشی سێیەمی ئەم شاکارەدا بە نیوەچڵی ماوەتەوە و باسی ئەو گۆڕانەی نەکردووە کە بەسەر شێوازی بەرهەم هێنان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە- ئابوورییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی دوای قۆناخی سەرمایەداری باو و کلاسیک داهاتووە. ئەم دوو گریمانەیە ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە کە وەک بابەت و بڕیارێکی بەلایەکدا خەرانە دێتە بەرچاو و سیما و سروشتی سەردەم بەسەردەمی کۆمەڵگای پیشەسازی- تەکنەلۆژی قۆناخی دوای سەرمایەداری دیار و دەستنیشان دەکات. ئەنجامەکە بەم جۆرەیە:

– ئەو ململانێ و کێبڕکێ و خەباتە چینایەتیەی مارکس پێی لەسەر داگرتووە لەنێوان چینی کرێکار و سەرمایەداراندا نەماوە. ڕێژیمی دەستبەکاری سەرمایەداری سوودی لە بۆچوونە زانستییەکانی مارکس وەرگرتووە و تاڕادەیەک پیادەی کردوون، تەکنەلۆژی ڕۆڵی چین و تاکەکانی کەم کردۆتەوە. کارگە و فابریکەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرمایەدارانەوە بەڕێوە ناچن، ئەوان ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنیان داناوە نوێنەری کرێکارانیشی تێدایە، بۆیە ئەگەر جۆرە ململانێیەکیش هەست پێ بکرێت، ئەوا ئەو ڕقەبەرییە لەنێوان کرێکاران و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنەوە دەبێت. ئەو گۆڕانە بەرچاوە

بابەتی جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتی(١٢) و یەکسانی و ڕێکخستنی ژیرانەی خەباتی چینایەتی لێکەوتۆتەوە. ژیانی کرێکاران خۆش کراوە، بیمە و دەستبەری کۆمەڵایەتی پاشەڕۆژ و خانەنشینی کارگەران دابین کراوە. کرێکاران ئەو هەست و هۆشەی جارانیان نەماوە کە دەچەوسێنرێنەوە. بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیش لەلای خۆیەوە کێبرکێ و خەباتەکەی بەلایەکی تردا بردووە. لەکۆمەڵگادا ئەوەی دڵ بیخوازێ بەدەست دەکەوێ، بۆیە مرۆڤ بەلایەکی تردا سەرنجی ڕاکێشراوە و ڕادەکێشرێ.

- پەیوەندییەکی ناچارەکی وتۆبزیبیانە لەنێوان سامان و موڵک و مەڵبەند و ناوەندی ئابووری و کۆنتر و حوکم کردندا نەماوە. مەرج نییە سەرمایەدار بێ بەسەرۆکی دەوڵەت. ئەگەر جاران سەرمایەدارێک بە تەنیا کۆمەڵێک فابریک و کارگەی هەبووبێ ئێستا لەو جێگایەدا کۆمەڵە کەسێک تاکە فابریکێکیان هەیە و ئەو هێز و توانایە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی جارانیان نەماوە. ناشتوانن ڕاستەوخۆ ڕەنگی سیاسەتی ڕۆژانەی دەوڵەت برێژن و کاری تێ بکەن. (سەرمایەی تێکەڵاو و بەکۆمەڵ).

- سەرمایەداری نوێ، دوای ئەو گۆڕانەی بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە ناچاربووە ملکەچی هەبوونی بنەما و دامودەزگاکانی دیموکراتی و ئازادی بێت، وەک بوونی پەرلەمان و سەندیکا و ڕێکخراوە جۆر بەجۆرە گەلییەکان، ئەمانە لە بڕیارداندا بەشداری دەکەن و بە تەنیا جڵەوی کار هەر بەدەست سەرمایەدارەکانەوە نەماوە.

- دەوڵەت وەک دەسەڵات و ئامرازی بەڕێوەبردن بە هەرسێک دەسەڵاتەکانیەوە توندوتۆڵ بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بەند کراوە. دەستاودەست پێکردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆتە شتێکی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا و بووە بە بنەمایەکی ژیانی ئازادی و دیموکراتی. ئەو لایەنانەی سەر گەرمی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی هەنگاوی چاکسازی و گۆڕانی دیموکراتی و چاککردنی ڕەوشی ژیانی هاوولاتیان دەکەن بەو پەیڕە و قاڵدرمەیە کە دەیانگەیەنێتە ئامانج و مەبەست.

- دەوڵەت چەندین دەزگای بەناوی باج و باجگرییەوە داناوە، ئیش و کاریان گرتنی باجە لەو کەسانەی داهاتی ئابووری و داراییان هەیە. ئەم باجگرییە لە دوو لاوە کاری خۆی دەکات. لەلایەکەوە بۆ سوود و قازانجی پەککەوتە و پیرو هەژار و خانەنشین و هەتیوان خەرج دەکرێ و مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی پێدەدرێت. لەلایەکی تریەوە جۆرە سانسۆر و چاودێری دانانێکە لەسەر سەرمایەدارە خاوەن فاریک و کارگەکان.

٢- مارکس لەسەردەمێکدا ژیاوە، چینی سەرمایەداری لەڕەوت و دۆخ و ڕەوشی گەشەکردندا بووە، سەرگەرمی جێگیرکردنی پلەو پایەکانی لە کۆمەڵگادا و کۆنترۆڵکردنی دامو دەزگاکانی دەوڵەت و پتەوکردنی دەسەڵاتە سیاسییەکەی بووە. بۆیە ئاسایی بووە کە ئەم بیرمەندە وتبی خەبات و ململانێی چینایەتی Klas-senkampf هۆکاری بنەڕەتی پەرەسەندنی کۆمەڵگایە، چونکە لە هەمانکاتدا چینی پرۆلیتار وەک چینێکی پێگەیشتوو لە باوەشی کۆمەڵی سەرمایەداریدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بازووی خەبات و ململانێی چینایەتی لێ هەڵمالیوە. لەو سەردەمەدا بازرگان و خاوەن کار و پیشە و فابریکە بچووکەکان وردە وردە مایەپووچ بوون و چوونەتە پاڵ چینی تازە پێگەیشتوو پرۆلیتار، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ڕقەبەرییەوە سەرمایەدارە مەزنە خاوەن کۆمپانیا و فابریکە زەبەللاحەکان ئەوانی تریان هەڵلووشیوە.

لەگەڵ توندبوونی ڕادەی ئەم خەبات و ململانێیەی نێوان کرێکار و سەرمایەداران هەست و هوشیاری کۆمەڵایەتی و چینایەتی کرێکاران پتر و یەکگرتووتر بووە. بە مەبەستی چاککردنی ڕەوشی ژیانیان و بەدیهێنانی ئامانجی دواڕۆژیان خۆیان لە ئۆرگانی دیاریکراودا ڕێک خستووە. ئەم خەباتە چینایەتییە، وەک مارکس کاتی خۆی پێشبینی کردووە، بەسوود و قازانجی کرێکاران و بە زیانی سەرمایەداران تەواو دەبێ. کرێکاران کاروباری دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرنە دەست و هەنگاو بە هەنگاو کۆتایی لەکۆمەڵگای فرە چینی دەهێنن.

ڕێ و شوێن، بنەما، قانوون، نەزم لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا سەرپشک بوون، ئەو دەفر و چوارچێوەیە بوون کە تێیاندا نەخشەی گۆڕان و پەرەسەندن داڕێژراوە، بەڵام لە هەموو ڕێ و شوێنێک و قانوونێکدا لە ڕێ

لادان، لادان Ausnahme هەیە کە زۆرجار ئەنجامی وا دەخاتەوە، وادێتە بەرچاو کە یەکی قانوونەکەی خستبێ و هیچی تر دەوری نەمابێ و کاری پێ نەکرێت. ئایا ئەم لادانە پشت ڕاستکردنەوەی دەستبەکاری قانوونەکەیە، یان نا. ئەگەر ئەم قانوونە لە ئارادانەبایە ئەم لادانە دەردەکەوت؟! ئەگەر جەنگی کاولکاری یەکەمی جیهان نەقەومابایە، ئەگەر ئەدۆلف هیتلەر لە ئەڵمانیادا جەنگی دووەمی جیهانی لەسەرانسەری ئەورووپا هەڵنەگیرساندبایە و ئەورووپای بەو مەرەیە نەبردبایە کە پێی چوو، دوور نەبوو ڕێژیمی دیکتاتۆری تۆتالیتاری ستالین بەو جۆرە دەستڕۆیشتوو نەبووایە و ئەو گۆڕانەش بەو جۆرەی ڕووی دا بەسەر ئەورووپادا نەهاتبایە. بۆیە دەکرێ بوترێ گریمانەکانی پرۆفیسۆر دارندۆرف پشت بە هەڵکەوتێک دەبەستن کە دوای گۆڕانێک کە بەهۆی لادان لەبنەما و قانوونە سەرەکییەکانی پەسەرەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دوای ئەم دوو جەنگەی جیهانی و ئینجا دوای شۆڕشی تەکنەلۆژیکە پریشکی ئەو جەنگانەیان بەرکەوتووە، هاتوونەتە ئاراوە. دوور نییە لێرەدا ئەو پرسیارە بەبیردابێت، ئایا فاشیزم لە ئەڵەمانیا بە ڕابەرایەتی هیتلەر وەک ڕێژیمێکی سیاسی و ئابووری ئەنجامێکی پەرەسەندنی سەرمایەداری مۆنۆپول و خەباتی چینایەتی نەبووە؟!. ئەگەر وەڵامەکەی بەسوود و قازانجی مارکس بێت ئەنجامەکەی لەم گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئەورووپا کەوتەوە پێشبینی دارندۆرف پشت ڕاست دەکاتەوە یان نا؟!

ڕاستە مارکس هۆکاری ئابووری بەشا هۆکاری گۆڕان داناوە و هۆکار و دامەزراوەکانی تری شارستانیەتی مرۆڤی پشت گوێ خستووە و لەجیهاندید و بڕیارەکانیدا جۆرە تاک ڕەهەندییەک دێتە بەرچاو، بەڵام ئەو دۆخەی ئەو تێیدا ژیاوە و ئەو پەرەسەندن و گۆڕانەی بەچاوی خۆی دیویەتی دەکرێ بەهاندەری ئەو بۆچوون و جیهاندیدەی دابنرێن. دارندۆرف لە هەلومەرجێکدا ژیاوە لە بنەڕەتەوە لەوەی مارکس جیاواز بووە، بۆیە ئەو جیاوازییە لەجیهاندیدی هەردووکیان دەدیترێ، ئایا ئەم قسەیە بۆچوونەکەی ئەم سۆسیۆلۆژیستەی ئەڵەمان پشت ڕاست ناکاتەوە، ئەگەر مارکس پێشوەخت نەمردبایە و بەشی سێیەمی کتێبی سەرمایەداری تەواو کردبایە جۆرە گۆڕانێک بەسەر جیهاندید و بۆچوونەکانیدا دەهات؟!

٣- تیۆری ملمڵانێ ئەگەرچی لەلایەن چەندین فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژیستی جیاواز و بیروبۆچوون و جیهاندیدی هەمەڕەنگەوە ڕەنگی ڕێژدراوە و داکۆکی لێکراوە، ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان لەو باوەڕەدان، بەپێچەوانەی تیۆری بنیادی ئەرک و فەرمانی پارسۆنزەوە، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای گۆڕان و ڕقەبەری و ملمڵانێ و دەسەڵات و کۆنترۆڵ و خەبات و تێکۆشان دامەزراوە. کۆمەڵگا نەزم و ڕێکخراو و پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە خەڵک و تاقم و کەسان و توێژ و چەند چینێک پێکهاتووە لەنێوانیاندا جۆرە ڕقەبەری و ملمڵانێ و خەباتێک هەیە کە لە پێناوی بەدیهێنانی پێداویستییە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەرپادەبن، ئەو هۆکار و فاکتەرە کە هاندەر و ئاگر خۆشکەری ئەم ملمڵانێیەیە ئەگەرچی لە ڕوخساردا وەک چەند کێشەیەکی ڕێکخیستنی کۆمەڵایەتی بێتە بەرچاو کە بریتییە لە گۆڕانی ڕەوشی دانیشتوان و نەزم و دیسپلین(١٣) و دابەشکردنی ئیشوکار، یان کێشەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی کەسایەتی و...تاد.. ئەوا لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆژییەکی دیار و ئاشکرای لە پشتەوەیە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کاڵایەکی ئابوورییان بە بەردا دەبڕێ، ئەم کاڵا و سروشتە ئابوورییە، زۆرجار بەپێی تێگەیشتن و بۆچوونی بیرمەندەکە و لەچوارچێوەی جیهاندیدەکەیدا لێکدەدرێتەوە و توێ توێ دەکرێ. بۆ نموونە ئەگەر ئەم بابەتە لەلای کارل مارکس بربی بووبێ لەنا عەدالەتی دابەشکردنی داهاتەکانی بەرهەمهێنان لەنێوان کرێکار و خاوەن سەرمایە و سەرمایەدارەکان ئەوا لای پرۆفیسۆر دارندۆرف بەجۆرێکی تر سەرنج دراوە و توێ توێ کراوە.

هاوکێشەیی و تەبایی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بەبێ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نە خۆیان و نە بوونی نەزم و و دیسپلین و ئارامی لێک دەدرێنەوە و نە پشت ڕاست دەکرێنەوە. ئەگەر ملمڵانێ و خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ژیان و مانەوە و بەردەوام بوو لە ژیندا و لەپێناو دابین کردنی پێداویستییەکانی گوزەران و گونجان لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا، بەو هەموو گۆڕانەی بەسەریاندا دێت، ئەوا ئامانجێکی دیار و ئاشکرا بەرجەستە دەکەن کە تایبەتمەندی کۆمەڵگای مرۆڤ لەچاو بوونەوەرانی تر دەردەخات. کۆمەڵگای مرۆڤ کە ئەمە

مۆرک و سروشت و تایبەتمەندییەکەی بێت، یان بەم جۆرە لە سۆنگەی فەلسەفە و کۆمەڵناسییەوە پێناسە بکرێت و ڕەنگی پێکهاتەکەی لەچوارچێوەی جیهاندیدێکی دیاریکراودا بڕێژرێ، ئەو گریمانەیە پشت ڕاست دەبێتەوە کە دارندۆرف کردوویەتی:

بنیادە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان توانای دروستکردنی بابەتی توندوتیژیی و گۆڕان و جیاوازی و دەست بەسەرداگراتن و سەرکوتکردنیان هەیە(١٤). بگرە ئەم لایەنە وەک بنەماو کەرەسە و ڕەگەز پێکهاتەی کۆمەلایەتیان لێوە پێک دێت.

ئەوی لێرەدا جیهاندیدی دارندۆرف لە جیهاندیدی ڕابەرانی تری ئەم ڕێباز و تیۆرییە جیا دەکاتەوە، سروشتی ململانێ و هۆکاری ورووژێنەکەی و ئامرازی بەڕێوەبردنی و ئامانجەکانیەتی. پرۆفیسۆر دارندۆرف ئەگەرچی لەگەڵ مارکس لەوەدا کۆکە کە ململانێ و خەباتی چینایەتی سروشتێکی سەرەکی کۆمەڵ پێک دەهێنن، بەڵام لەو باوەڕەدا بووە کە کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە هەر لە چینی کرێکارەوە تاوەکو چینی سەرمایەداران و ژیان و کۆی ڕێکخراوەکان و ژیان و شارستانیەت و گۆڕان و نەزم و دیسپلینی کۆمەلایەتی دوای ئەو قۆناخەی مارکس تێیدا ژیاوە و لێوەی کۆڵیوەتەوە گۆڕانی ڕیشەییان بەسەرداهاتووە. ئەو گۆڕانە پشت ئەستوور بە شۆڕشی زانست و تەکنەلۆژی لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا بۆتە مایەی ئەوەی ئەو تیۆرییەی مارکس داینا‌وە نەگونجێ و نەکرێ لە کۆمەڵگای سەردەمدا پیادە بکرێت.

ئەم سەردەمەمان دوای ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە دەکرێ بە قۆناخی دوای سەرمایەداری Post-kapita Lismus دابنرێ، سەرمایەداری ئەو چینەی جارانی سەردەمی مارکس نەماوە پرۆلیتاریش ئەو چینە تۆکمە و یەکگرتووە و یەکڕەنگەی جاران نەماوە. ململانێ و کێبرکێ و ڕقەبەری و خەباتی چینایەتی و بەگژداچوونی سەرمایەداران، وەک چینی دەسەڵاتدار، بەهیچ جۆرێک ڕاستەوخۆ لەنێوان کرێکاران و خاوەندارانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کۆمپانیا مۆنۆپۆلە زەبەللاحەکاندا نەماوە. سەرمایەداری هاوچەرخ سوودی لە هەموو گۆڕان و پەرەسەندن و تیۆری و ئایدیۆلۆژیە جیاجیاکان وەرگرتووە و ئەم سوود وەرگرتنەی بۆتە مایەی ئەوەی کە بە ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ و توندوتیژیی و ململانێی، چینایەتی کەم و خاو بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی چینێکی نوێ فرە ڕەنگ و فرە تۆ و فرە بۆچوون کە دەکرێ بە (چینی سێیەم) ناوببردرێت پێگەیشتووە و لەمەیدانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا چالاک و دەستبەکارە. ژیان و گوزەرانی چین و توێژە مام ناوەندی و کارگەران تاڕادەیەک خۆش و چاک کراوە بەجۆرێک مرۆڤ بیر لە خەباتی توندوتیژی نەکاتەوە. ئەگەر لەسەردەمی مارکسدا تاکە خانەدانێک بە تەنیا لە دەڤەرێکدا، لەشار و باژێرێکدا دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو و دەرامەتی فرە و سەروەتمەند بووبێ ئێستا بەدەیان کەس نەک تاکە کەسێک جێگاکەیان گرتۆتەوە و بگرە بە هەموویان ئەوەندەی ئەو توانای دارایی و ماددی و سامان و دەسەڵاتیان نییە، بۆیە دەکرێ ئەم سەردەمە بەسەردەمی سەرمایەی تێکەڵاو و ناوکۆیی و بەکۆمەڵ دابنرێت. ئەوی جاران تاکە کەسێک هەیبوو ئێستاکە تاقمێک پێکەوە نییانە، ئینجا هیچ مەرج نییە ڕۆڵەی سەرمایەدارێک جێگای باوکی بگرێتەوە و وەک باوکی سەرکەوتوو و دەست ڕۆیشتوو بێت. بۆیە قسەکەی دارندۆرف لە ڕاستییەوە نزیکە کە وتوویەتی: هێز و توانای ئابووری و دەست ڕۆیشتنی دارایی و سامان و پارە بەهیچ جۆرێک دەستبەری بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی نابن. خۆ ئەگەر سەرمایەدارێک بتوانێ بەهۆی توانای دارایی و ئەو مەڵبەندەی لە پێوەندی و ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا هەیەتی بگاتە سەر حوکم، ئەوا دەسەڵاتی بڕیاردانی پابەندی پەسندکردنی چەند دامودەزگایەکی دیموکراتی وەک پەرلەمان دەبێتەوە. ئەم قسەیە هیچ لەو گریمانەیە کاڵ ناکاتەوە کە دەکرێ و بریتییە لەوەی کۆمەڵگا هەمیشە لەدوو توێژ پێک هاتووە و پێک دێت لە ڕابردووشدا هەر وابووە:

**یەکەم**: چینی دەسەڵاتدار کە حوکم دەکات و فەرمان دەدات و فەرمانڕەوایە.

**دووەم**: میللەت، یاخود چینی ژێر دەستە کە دەبێ ملکەچ بێ و فەرمانی دەزگاکانی دەوڵەت پەسند و پیادە بکات.

بەڵام ئەو پێوەندییەی دەسەڵاتدار و میللەت لەم سەردەمەماندا سروشتی چەوساندنەوەی نەماوە و بەو جۆرە نییە کە مارکس دیویەتی. ئەگەر لە بوار و کایەی

ئابووریدا ڕقــەبەری و بەگــژداچوون و چەوســاندنەوە و ململانێ هەبێ ئەمــە ڕاستــەوخۆ لەنێـوان سـەرمایەدارە خاوەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و کرێکارانی کارگە و کۆمپانیـاکـەدا نابێ و نییە، بەڵکو لەنێوان کرێکاران و ئەوکەسانەدا دەبێ کە وەک فەرمانبەر و بەڕێوەبەر کارگە و فابریک و دەزگاکانی بەرهەم هێنان بەڕێوە دەبەن(١٥) دووریش نییە ئەم فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و تەکنۆکراتانە لە خێزانێکی کرێکارییەوە بەهۆی خوێندنەوە بەم پلەیە گەیشتبن. بەرهەمـهێنان و داهات و کـار و پیشـە بەو شێوە نەماون کە بەرلە جەنگی یەکەمی جیهاندا باو و لەئارادا بوون.

دامودەزگاکانی دەوڵەت لەو وڵاتانەدا کە کولتوورێکی شارستـانی و دیموکراتیـان هەیە و ڕێز لە مـافی مرۆڤ دەگیرێت، دەوڵەت لەلایەی خۆیەوە و مرۆڤی هاووڵاتیش جۆرە سروشت و تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش نیشان دەدەن:

**یەکەم**: دەوڵەت دەزگایەکی چەوساندنەوەی چینایەتی نەماوە و سوود و قازانجی تاقم و دەستەیەکی دیاریکراو لەسەر حیسابی تاقمێکی تر بەرجەستە ناکات. دەوڵەت نموونەی سـەروەری خـەڵکە و ئەرکی پاراسـتنی وڵات و هاووڵاتی و سـامـان و مـوڵک و مـاڵیـان و پاراسـتنی «ئاسایشی نەتەوەیی» لە ئەستۆدایە. هەر دەوڵەتە خۆی کە دەستـەبەری پەروەردە و خوێندنی ڕۆڵەی هاووڵاتیـان دەبێت. ئینجـا لەو باجـەی کـە هاووڵاتیـان دەیدەنێ سـەرچاوەیەکی تری داهاتی نییـە. ئەوانەی ڕاپەڕاندنی ئیش و کـارە گـرنگەکـانی کـۆمـەڵگا و دەوڵەتیـان پێدەسپێردرێ سەر بە چین و توێژی جیاوازن و بەدەگمەن نەبێ پابەندی سوود و قازانج و جیهـاندیدی ئەو چین و توێژە نین کــە لێـــوەی هاتوون و لـەچوارچێـــوەی دامودەزگاکـانی دەوڵەت وەک فـەرمانبـەر بەپلە و پایەی جـیـاواز پێکەوە کـاردەکـەن. ئەو ڕۆڵەی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێ دوورە لە سروشتی دەستبەرداگرتن و ململانێ و چەوساندنەوە. کاری پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە مرۆڤی لێهاتوو هەیە کە شیاوی ئەم مـەڵبەند و چالاکیە بێت. لەم سەردەمـەماندا کێشەی بابەتی سیـاسی بووە بە کێشـە و بابەتێکی تەکنیکی و شـارەزایی و لێـهـاتوویی و توانای تایبـەتی پێـویست دەکات.

**دووەم**: مــــرۆڤ کــــە هاووڵاتیــــــــە و ئەندامی ئەوکـۆمـەڵگایەیە کـە تێیـدا دەژی و کە دەوڵەت کـار و بارەکـەی بەڕێوە دەبات بەچاوێک تەمـاشـای دەوڵەت دەکات کە سەروەرییە نەتەوەییەکەی بەرجەستە دەکات. ئەو دەوڵەت و کۆمـەڵگایەش کـە ئەو خـۆی بە ئەندام و ڕۆڵەکـەیان دادەنێ ئەنجامـێکی خـواستی ئازادی ئەو و هاووڵاتیـانی ترن. بەوپەڕی هوشیـارییـەوە هەست بەوە دەکات کە پابەندی ڕێ و شوێن و قانوونەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتەکەیەتی و سەر بەو خـاک و نیشتـمانەیە ئیـتر لێـرەوە وشـەی هاووڵاتی بەرانبـەر بەتاکـە کـەسـان بەکاردەهێنرێ.

**سێیەم**: هیچ کەسێک لاری لەوە نییە کە ململانێی هەیە، بەڵام ئەم ململانێیە دەبێ لە چوارچێوەی دیسپلین و نەزمی دیاریکراوی سیستـەمە کۆمەڵایەتییەکەدا تێی بگەیشترێ(١٥) و هەڵبسەنگێنرێ. دابەشکردنی ئیش و کـار، جیـاوازی ئەو ڕۆڵ و پلە و پایەی بە هاووڵاتیـان دەدرێ، دابەشکردنی خـیـروبێـری داهات و چاودێری و سانسۆر کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تاڕادەیەکی زۆر جـۆرە پەسندی و ڕەزامـەندییـەکی لەنێـو هاووڵاتیـاندا دروست کـردووە. کۆمـەڵگای مـرۆڤ و ژیانی بەکۆمـەڵ و پێکەوە گـونجـان و کـێشـە و بەرەو ڕقەبەری و ململانێ شـتی ئاسـایین، ئەوی دەسـەڵاتی سـیاسی دەوڵەت ڕەوا دەکـات ئەوەیە کــە لەلایەن هاووڵاتیـانەوە لە ڕێگای نوێنەرەکـانیـانەوە پێکهـاتبێ و تا چەندە بە تەنگ بنەمـاکـانی مـافی سروشـتییـەوەیە و بڕوای هاووڵاتیان بەدەست دەهێنێ و لەدەستی نادات. لەم سـەردەمـەماندا ناکۆکی و ململانێ و کێشە و ناتەبایی بەهۆی گـۆڕینی دەسـەڵات بەڕێگای هێـزی چەکدار و توند و تیـژییـەوە نابێ. چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە دەکرێ بەڕێگای دیموکراتیـانەی پشت ئەسـتوور و بەوتووێژی هزر و بیـر و ژیر و مـەنتیـقـەوە بێت کـە پشت بە بنەمـاکـانی ئاکـار ببەستێت.

٤- شــۆڕشی زانست و تەکنەلۆژی و ســیـاســەت و خوێندن و پەروەردە و زانکۆ و مـەڵبـەند و پەیمانگاکـانی پەروەردە و پێگەیاندنی کـۆمـەڵایەتی و زانسـتی..تاد، سەرلەبەر گۆڕانیان بەسەر ژیان و پێکهاتەکانی کۆمەڵدا هێناوە، چینی کـرێکار خـۆبشی وەک جـاران نەمـاوە و گـۆڕانی بەسـەرداهاتووە. دوور نییـە ڕۆڵەی کـرێکارێک

بەهۆی خوێندنەوە ببێ بە ئەندازیار و سوود و قازانجی تایبەتی خۆی هیچی تر لەگەڵ هی چین و توێژەکەی کە لێوەی هاتووە تەبا و گونجاو نەبێ.

پەیدابوونی ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە و دامودەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەر لە هەڵبژاردن و سەندیکا و کۆمەڵە و کۆڕی هەمەچەشنەوە تاوەکو پەرلەمان بوونەتە مایەی ئەوەی هیچی تر تاکە چینێک بە تەنیا نەتوانێ کاروباری دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت ڕاپەڕێنێ. دەستاو دەستی کردنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بووە بە سروشتێکی تایبەتی سەردەمی دوای قۆناخی سەرمایەداری و بەهیچ جۆرێک ئەو دەستەواژەیە: ئەوی توانای ئابووری هەیە بەناچاری دەسەڵاتی سیاسیشی دەبێ. بڕ ناکات و گەرم و گوڕی جارانی نەماوە. هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوان ئابووری و هێز و دەسەڵاتدا نەماوە.

ئایا لەم سەردەمەماندا سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و زانست و پەروەردەی سەرتاپاگیر و ڕەوتی تەکنۆکراتی، وەک جاران چینی کرێکار ڕۆڵە شۆڕشگێرییەکەی ماوە؟! ئایا دەکرێ سەرپەرشتی و سەرکرایەتی کردنی گۆڕان لەلایەن پارتیەکەی و نوێنەرەکانیەوە، بکات و کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەت و حکومەت و دەسەڵاتەکانی بکرێتە ئەستۆ؟! ئەگەر مرۆڤێکی تەکنۆکرات لە بنەماڵەیەکی کرێکارییەوە پێ بگات هیچی کرێکار دەمێنێ؟! بەلای پرۆفیسۆر دارندۆرفەوە ئەم پرسیارانە هەموویان بە «نەء» وەڵام دەدرێنەوە.

ئەگەر گۆڕان سەر مەشقی ژیان بێت، هەموو شتێک گۆڕان بیگرێتەوە بۆ دەبێ تیۆری و جیهاندیدی مارکس و دارندۆرفیش نەگۆڕێن و ئەم گۆڕان و پەرەسەندنە نەیانگرێتەوە؟! لاف لێدان گوایە تیۆرییەکی دیاریکراو سروشتێکی ڕەهای هەیە و لە هەموو قۆناخ و سەردەمێکدا دەگونجێ و پیادە دەکرێ، ئەم لافە بە پێچەوانەی بنەمای تیۆرییەکەوەیە کە داوای گۆڕانی کردووە و پێی لەسەر داگرتووە. ئەم سەردەمەمان سەردەمی گۆڕانی تیشک ئاسایە و ماڵ نییە گۆڕان لە دەرگاکەی نەدات و نەدابێ.


سەرچاوە و پەراوێز:

١- كورتو، اوغست، ماركس وانجلز حياتها واعمالها الفكرية. ج٤، ترجمة: الياس مرقص. دارالحقيقة، بيروت، الطبعة الاولى يناير/ ١٩٧٥، ص٢٨٣ فما بعد.

٢- وشەی ململانێ لەجیاتی وشەی Conflict بەکارهاتووە. دوور نییە وشە کوردییەکە پڕ بە پێستی وشە ئەوروپاییەکە نەبێ، بەڵام من لەم وشەیە باشترم بەبیردا نەهات. بەلای منەوە (نیزاع و بەیەکدادان و پێکەڵپڕژان) تارادەیەک لەم وشە ئەوروپاییەوە دوورن.

٣- ليوشتراوس، جوزيف كروبسى،. تأريخ الفلسفة السياسية ج٢. ترجمة محمود سيد احمد. مراجعة: امام عبدالفتاح إمام. المجلس الأعلى للثقافة، مصر- ٢٠٠٥ سلسلة ٨١٠ ص٤٨٠ فما بعد.

4- Munch, R;chard., Soziologische Theorie. Bd.I. Frankfurt- New Yourk. 2002. S.117 ff.

٥- تيما شيف، نيقولا: نظرية علم الإجتماع طبيعتها وتطورها. ترجمة الدكتور محمود عوده وآخرون. مراجعة الدكتور محمد عاطف غيث. دارالمعارف بمصر الطبعة الثامنة ١٩٨٣ ص٨٥ و في اماكن اخرى.

6- Theimer, Walter., Der Marxismus. Bern 1950. S. 62.

7- Theimer, W., Ebenda. S.63.

٨- تيريز، جوناثان، بناء نظرية علم الاجتماع. ترجمة: الدكتور محمد سعيد فرح دارالمعارف بالاسكندرية- مصر ٢٠٠٦ص١٠٤ و في اماكن مختلفة.

٩- زايتلن، إرفج، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع. ترجمة: دكتور محمد عوده و دكتور إبراهيم عثمان. دارالسلاسل، الكويت ١٩٨٩ ص٤٠٥ فما بعد.

10- Israel, Joachim., Der Begriff Entfremdung. Hamburg 1985. S.108.

١١- زايتلن، إرفج، المصدر السابق ص١٥٨.

١٢- زايتلن. ارفج، نفس المصدر السابق ص١٩١-١٩٣ فما بعد.

١٣- فؤاد حجازي، دكتور محمد، النظريات الاجتماعية. القاهرة- ١٩٩٩ الطبعة الثانية ص١٠٩ وفي اماكن اخرى.

١٤- فؤاد حجازي، دكتور محمد، المصدر نفسه، ص١٤٣.

١٥- زايتلن، إرفج، المصدر السابق ص١٨٨ فما بعد.

١٦- برو، فيليب،، علم الاجتماع السياسي. ترجمة: دكتور محمد عرب صاصيلا. المؤسسة العربية للدراسات و النشر والتوزيع بيروت- لبنان ١٩٩٨ ص٢٥٢ فما بعد.

# ماهییەتی سۆز و خۆشەویستی لە سایکۆلۆژیادا

سەعید محەمەد نووری(*)

ئەگــەر دەرفــەتی ئــەوەمــان هەبێت بتــوانین ئامــارێکی تەواوی ئەو نووسین و گــوزارشــتــانە بکەین کــە ڕۆژانە مــرۆڤەکــان لە بارەی ســۆز و خۆشــەویســتــییــەوە دەیخــەنە ڕوو، ئەوا زۆر بە سانایی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی لەم بوارەدا گــوتراوە و دەگــوترێت و دەنووســرێت، یەکجــار زۆرترە لە هەر چالاکییەکی تر لە چالاکییە ویژدانییەکانی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەژارییەکی بەرچاو دەبینین لە بواری شــیــتــەڵکاری زانســتی بۆ ئەم بوارە زەینیــیــەوە. بۆیە لێــرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک مــۆســیــقــا لەســەر تەلەکانی سۆز بچڕین بە هیوای ئەوەی بتوانین دەرگایەک لەسەر ئەم بوارە والآ بکەین.

## چەمکی سۆز

سۆز sentiment ئاماژەیەکە بۆ پەیوەست بوون At-tachment کــە پێک دێن لە هەڵچــوونێکی پۆزەتیڤ ،یان نێگەتیڤ بەرانبــــەر بە کـــەســــێکی تر. یان ئامادەییەکی شاراوەی جێگیرە (بە شێوەیەکی ڕێژەیی) کە لە چەندان جۆرە هەڵچــوون پێک دێت کــە لە زۆربەی کاتەکاندا بەرجەستە بوونی دەرئەنجامێکە بۆ بابەتێکی دیاریکراو.

هەرچی هەڵچوونە Emotion ئەوە بە یەکەی بنەڕەتی بنیــادی کــەســێــتی تەمــاشــا دەکــرێت، کە پێک دێت لە ڕاڤەکردنەکانمان لەبارەی حاڵەتە فسیۆلۆژییەکانمانەوە.

ســۆزەکان دوو کــۆمــەڵە لە هەڵچوونەکان دەگــرنەوە کــە ئەمانەن:

أ- ویژدان Affection، کـــە بە مـــانــای پەیوەست بوونی ســـۆزیش دێت، کــە لە ڕاســتــیــدا لایەنگرانی قــوتابخــانەی شــیــتــەڵکاری دەروونی لە ســایکۆلۆژیای ئەڵمانیاوە وەریانگرت، کە بریتییەلە حاڵەتێکی سۆزی، چ خـــۆش، یان ئازاراوی بێت، ڕوون یان شـــاراوە، یان

بریتییە لە گوزارشتێکی چۆنایەتی لە چەندایەتی وزەی ڕەمەکی و گۆڕانکاییەکانی.

ب- ڕک یان قێز لێ بوونەوە Repulsion، کە پێک دێت لەو وەڵامدانەوە هەڵچوونییەی کە لە لایەنە نێگەتیڤەکانی پێوەندی سۆزیەوە بەرهەم دێت، بەڵام بەهۆی سروشتی ناجێگیری وەڵامدانەوە هەڵچوونییەکان ئەوا ئەستەمە بتوانین مامەڵە لەگەڵ سۆز بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بکەین.

## دەرئەنجامەکانی سۆز

سێ دەرئەنجامی بنەڕەتی هەیە بۆ پەیوەست بوونی سۆزی بە کەسانی ترەوە، بەڵام یەکجار تێکەڵاو و ئاڵۆزن لە نێوان خۆیاندا کە دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ بکەین:

- سۆز وەک پاڵنەرێک:

ئاشکرایە کە لە کاتی پەیوەست بوونمان بە هەر شتێکەوە، ئەو شتە (بابەت یان کەس) جۆرێک لە پاڵنەرمان لەلادا دەوروژێنێت، یان وەک پاڵنەرێک کارمان لێ دەکات. بۆ نموونە تاکەکان حەز بە ویستێکی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکانیان بن، بۆ؟ چونکە هاوڕێیەتییان جۆرێک لە پاداشتیان پێ دەبەخشێ، بۆیە ئامادەبوونیان حاڵەتێکی پاڵنەرمان لەلادا دەوروژێنێت.

- یەکێتی پێوەندییەکان:

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی پەیوەست بوونی سۆزداری ئەوەیە کە پێوەندییەکانمان بۆ دروست دەکات کە لە خاسێتەکانی یەکێتی و یەکانگیرییە، کە مەبەستمان لێی دروست کردنی پێوەندییە لەنێوان تاکەکاندا. بە شێوەیەک تاک وا هەست دەکات کە پشت بە کەسانی تر دەبەستێ و کەسانی تریش پشتی پێ دەبەستن، وەک ئەوەی کە یەکەیەکی یەکگرتوو بن، بەشێوەیەک ئەستەمە بتوانێ بەبێ ئەوی تریان باس لە کەسەکەی دی بکەیت.

- بەختەوەری ئەوانی تر:

بەختەوەری یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی کە جێگایەکی تایبەتی هەبووە لە مێژووی فەلسەفە و بواری دەروونزانی بە درێژایی مێژوو، بۆیە ئەم چەمکە یەکێک بووە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی زانایان. جگە لەوەش مرۆڤ بۆخۆی بە شێوەیەکی سروشتی بەدوای هاوسەنگیدا دەگەڕێت بە ئامانجی بەرجەستە کردنی بەختەوەری، بەڵام ئێمە دەزانین کە لە پەیوەست بوونی سۆزداریدا مرۆڤ کاردەکات بۆ بەختەوەربوونی کەسی بەرانبەری، بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێک لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی سۆزداری بەختەوەری ئەوانی ترە لێرەدا بەختەوەری و شادمانی لایەنێک ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژیان و دەروونی لایەنەکەی دیکە و بە پێچەوانەوەش هەر ڕاستە.

سرنج ڕاکێشی و سۆز:

سرنج ڕاکێشی Attraction بریتییە لەحاڵەتێکی سەرسامی بە کەسێکی دیاریکراو، کە تێیدا ئەو خاسێتانە بەرجەستە دەکەین کە لە لامان خۆشەویستە کلوربیرن ١٩٧٤ وای بۆ دەچن کە ئێمە زیاتربۆ لای ئەو کەسانە کێش دەبین کە پاداشتمان پێ دەبەخشن، جا ڕەنگە ئەم پاداشتە ڕاستەوخۆ بێت (لە خودی کەسەکەوە بێت)، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (لە دەرەنجامی هەڵوێستە سۆزییەکەوە بێت)، هەرچەندە پاداشتەکان زیاتر بێت پلەی کێش بوونمان بۆی زیاتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەی کە پاداشتەکان یەک مانایان نییە بەلای هەموو کەسەکانەوە، بۆیە هەندێک هۆکار هەیە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە سرنج ڕاکێشی لە نێوان تاکەکاندا لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش:

١- نزیکی Proximity

٢- دووبارەبوونەوەی دیدارەکان. Exposure

٣- ئولفەت. Familiarity

٤- لە یەکترچوون.

٥- کەشخەیPhysicalattractivenes .

٦- ئاڵوگۆڕکردنی سۆز Reciporealliking

٧- یەکتر تەواوکردن. Complementarity

٨- لێهاتوویی Competence

لەگەڵ ئەم چەند هۆکارانەشدا چەندان تیۆری تایبەت هەیە کە لێکدانەوەی ئەم بابەتە دەکات کە ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبن بۆ دوو لایەن کە هەر یەکێیان بە ئاراستەیەکدا لێکدانەوە بۆ هۆکارەکانی سەرسام بوونی ئێمە و کێش بوونمان بۆ لای کەسێکی تر دەکەن کە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین.

## تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی سرنج ڕاکێشان

١- تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی:

لایەنگیرانی ئەم تیۆرە وای بۆ دەچن کە پێوەندییە ڕۆمانسییەکانی نێوان تاکەکان لە زۆربەی کاتەکاندا لە نێوان ئەو کەسانەدا دروست دەبێت کە دەتوانن پاداشتی یەکتربدەنەوە بە پلەیەکی هاوشێوە.

هەر لایەنگیرانی ئەم تیۆرە وای بۆ دەچن کە بارودۆخێکی نموونەیی ئێمە لە ڕێگای بەدەستهێنانی هاوبەشێکی نموونەییەوە دێتە دی، چونکە ئێمە بە

سروشتمان خۆپەرستین. لەبەرئەوەی هەندێ جار ئەم ئامانجەمان ئەستەمە بێتەدی،بۆیە بە هەندێ چارەسەری ناوەندی ڕازی دەبین بە باوەڕی لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئێمە کەسانێک هەڵدەبژێرین کە هاوشێوەن بۆمان لە پلەی سرنج ڕاکێشی چ لە ئاستی بەرز، یان ناوەندی یان لاواز. لەم بوارەشدا (برایس و فاندر بیرغ) ١٩٧٩ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە: «دیاردەی لەیەکترچوون (لە ئاستی سرنج ڕاکێشی جەستەی لەلای هاوسەرەکان) دیاردەیەکی سەلمێنراوە لەیەک نەوەدا هەروەک چۆن بابەتەکە هاوشێوەیە لەلای نەوەکانی تریش».

٢- تیۆری دەسکەوت و دۆڕاندن Gain- loss theory:

هەریەکە لە ئارنسۆن و لندر ١٩٦٥ جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کێشمان لەوپەڕیدا دەبێت بۆ لای ئەو کەسانەی کە قسەیەکی باش لەبارەمانەوە دەڵێن لە بۆنەیەکدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە دەڵێت ویستمان بۆ کەسێکی تر کە لە سەرەتادا ڕکی لێمان بووە پاشان حەزی پێ کردووین زیاتر دەبێت لەو کەسەی کە هەر لە سەرەتاوە حەزی پێ کردووین بە هەمان شێوە ڕوانگەیەکی نێگەتیڤ بەرانبەر بەو کەسە دروست دەکەین کە لە سەرەتادا حەزی پێ کردووین و پاشان ڕکی لە نزیک بوونەوە بووە لێمان.

٣- تیۆری پێویستییە تەواوکارییەکان Comple-mentary Needs theory:

ئایا دوو دژیەک کێش دەبن بۆ لای یەک؟ لەم بوارەدا بەڵگەی کەم هەیە لەسەر ئەوەی کە پێوەندییەکان لەسەر بنەمای یەکتر تەواوکردن دروست دەبێت نەک لەیەکترچوون، بەڵام لایەنگرانی ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەوە هۆکارە تەواوکارییەکانن کێشمان دەکەن بۆلای کەسانی تر. لێرەشدا ونش ١٩٥٨تێبینی ئەوەی کرد کە پیاو و ئافرەت حەز بەوە دەکەن کە هاوبەشەکەیان پێویستیان بە سیفەتێکی هەبێت کە لە خۆیاندا نییە. بۆ نموونە دەبینین ئەو ئافرەتانە کە حەز بە چاودێری کەسانی تر دەکەن شوو بە پیاوانێک دەکەن کە پێویستییان بە کەسێکە گرنگیان پێ بدەن.

لێکدانەوەیەک بۆ ئەم تیۆرانە:

بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کە پێوەندییە سۆزدارییەکان بەهۆی لەیەکتر چوون لەنێوان تاکەکاندا دروست دەبن (لەیەکتر چوون لە هزر و بەها و دابونەریت). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بۆچوونی تر بەو ئاراستەیەدا تەماشای پێوەندییەکان دەکەن کە دەرەنجامێکە بۆ جیاوازییەکان نەک لەیەکترچوونەکان، بۆیە لەو باوەڕەدان کە تاک کێش دەبێت بۆ لای ئەو کەسەی جیاوازی هەیە لەو خاسیەتانەی کە بوونی لەلای ئەو بەجۆرێکی ترە.

کەواتە وەک ئاماژەمان بۆ کرد سۆز هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی پێوەندی لەنێوان کەسەکاندا. وەک ڕوونیشە کە سۆز و سرنج ڕاکێشی لە پێوەندییەکی بەردەوامدان، بۆیە دەتوانین بڵێین سۆز Sentiment ئەو هزرەیە کە زیاترین پێوەندی هەیە بە خۆشەویستییەوە، بەوەی کە جۆرێکە لە پەیوەست بوونی هەڵچوونی بەکەسێکی ترەوە. لەبەرئەوەی هەڵچوون پێکهاتەیەکی مەعریفی (هزر)ی و پێکهاتەیەکی دەروونی (هەستەکان)ی هەیە، بۆیە دەتوانین سرنج ڕاکێشی بەوە بناسین کە نوێنەرایەتی لایەنی مەعریفی سۆز دەکات.

چەمکی خۆشەویستی:

خۆشەویستی سۆزێکی مرۆیی بەرزە، کە بەنەبوونی مرۆڤ بەرزترین سۆزی لە دەست دەچێ کە وەک مرۆڤێک جیای دەکاتەوە، جگە لەوەی کە بەبێ خۆشەویستی ژیان بوون و خۆشی خۆی لەدەست دەدات.

لە ڕاستیدا جیاوازی هەیە لەنێوان سەرسام بوون و خۆشەویستی، سەرسام بوون پێک دێت لە ڕێزگرتنی پۆزەتیڤ و ڕێزگرتنی کەسانی تر و هەندێک لە سۆزیش، بەڵام خۆشەویستی سەرسام بوونێکی بەهێز نییە بۆ کەسی بەرانبەر بە تەنیا، بەڵکو جیاوازە لێی جیاوازییەکی چۆنایەتی، لە ڕوانگەی (ڕوبن)ەوە خۆشەویستی پێک دێت لە پەیوەست بوون Attach-ment، و حەمیمیەت Intimacy و گرنگی پێدانێکی زۆر بە کەسانی تر Caring. مەبەست لە پەیوەست بوونی پێویستییە بۆ نزیک کەوتنەوە لە کەسی خۆش ویستراو و پشتگیری کردنی. هەرچی حەمیمیەتە ئەوە مانای ویستمانە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەمان دوور لە چاوی کەسانی تر، و بەشداری کردن لەبیر و بۆچوون و هەستە دیاریکراوەکانی. گرنگی پێدانی زۆر بریتییە لە هەست کردن بە لێپرسراویەتی بەرانبەر بە خۆشەویست و گرنگی پێدانی. هەر لێرەشدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بۆچوونی ڕوبن لەبارەی چاودێری و گرنگی پێدان دەگونجێ لەگەڵ پێناسەی ئیرک فرۆم ١٩٦٢ بۆ خۆشەویستی، کە دەڵێت: «خۆشەویستی بە گرنگی پێدانێکی قووڵ بە ژیانی کەسی خۆش ویستراو و چاودێرییەکی تەواو بۆ گەشەسەندنی دەناسرێتەوە».

خۆشەویستی یەکێکە لە گرنگترین پێویستییە

دەروونییەکان لەلای مرۆڤ و هەندێ لە بوونە تەندروستەکان لەلایەنی هزری و دەروونییەوە. لە کۆنترین بۆچوونەکانیش بۆ چەمکی خۆشەویستی تێگەیشتنی ئەفلاتوونە، کە وای بۆ دەچوو خۆشەویستی بریتییە لە لەزەت وەرگرتن لە جوانی بەو مانایەی کە جوانی حەقیقەتێکی باڵایە.

لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ڕەنگە ئیریک فرۆم (١٩٠٠-١٩٧٩) لە هەموو کەسانی تر گرنگی زیاتری بە خۆشەویستی داوە کە ئەمەش بە ڕوونی لە کتێبی (هونەری خۆشەویستی Art of loving) بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو کە دەڵێت: «ئەم ویستە بۆ لکان بە کەسێکی ترەوە (مانای خۆشەویستییە) کە گەورەترین حەزە لەلای مرۆڤ، خۆشەویستی توندترین سۆزی ناوەرۆکییە، و هەر ئەویش ئەو هێزەیە کەوا دەکات ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و هۆکاری گرێدانی هۆز و خێزان و کۆمەڵگایە. و سەرنەکەوتنی لە بەدیهێنانی ئەم خۆلکاندنە مانای شێتییە، یان وێران بوون وێرانی بۆ خود، یان بۆ ئەوانی تر. بەبێ خۆشەویستی مرۆڤایەتی بۆ یەک ڕۆژ نەیدەتوانی بەردەوام بێت».

خۆشەویستی لە ڕوانگەی فرۆمەوە، مانای گرنگی دانە بە بەختەوەری کەس، و بە پتەوکردنی ژیان و گەشەپێدانی، مەبەستی فرۆم لە بەرپرسیاریەتی سەپاندن نییە، بەڵکو ویستێکی ئارەزوومەندانەیە بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی کەسانێکی تر. مەبەست لە ڕێزگرتن ناسینی کەس و قبول کردنییەتی وەک خۆی نەک وەک ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە. ئەم ڕێزگرتنەش ئەستەمە بەبێ ناسین و تێگەیشتن لەو کەسە.

## جۆرەکانی خۆشەویستی

وەک باوە لە ناو خەڵکیدا کە یەک جۆرە خۆشەویستی هەیە، بەڵام توێژەران و زانایانی بواری دەروونناسی وای بۆ دەچن کە وشەی خۆشەویستی گوزارشتێکە فێردەبین بەسەر چەند حاڵەتێکی وورووژاندنی فسیۆلۆژیدا دەیبەین کە دووچارمان دەبێتەوە، بەڵام خۆشەویستی بریتی نییە لە «نیشانەی» جەستەی توندی بەردەوام، بەڵکو باشتر وایە وەک جۆرێک لە ئاراستەی دەروونی Atritude تەماشای بکەین کە کەسێک هەیەتی بەرانبەر بە کەسێکی تر، بەڵام گرنگترین پرسیارێک لێرەدا ئەوەیە کە ئایا چەند جۆر خۆشەویستی هەیە؟

جۆن لی ١٩٧٣ لە کتێبی (ڕەنگەکانی خۆشەویستی)دا ئاماژە بۆ شەش جۆر لە خۆشەویستی دەکات کە ئەمانەن:

١- هاوڕێییەتییە بەردەوامەکان.
٢- خۆشەویستی کەسانی تر.
٣- خۆشەویستی پشت بەستنی توند بەوانی تر.
٤- خۆشەویستی واقیعی و مەعقول.
٥- خۆشەویستی خود.
٦- خۆشەویستی ڕۆمانسی.

بەڵام بیرشاید و والستر ١٩٧٨ جیاوازی دەکەن لەنێوان دوو جۆر لە خۆشەویستی کە ئەوانیش:

١- خۆشەویستی ڕۆمانسی Romantic Love : کە بریتییە لە «حاڵەتێکی پڕ لە خۆلکاندن بە کەسی بەرانبەرەوە، کە دەناسرێتەوە بە ویستێکی قووڵ، پاڵپشت بە حاڵەتێکی توندی وورووژانی فسیۆلۆژی».

٢- خۆشەویستی هاوڕێیەتی Companionate Love: بریتییە لە «حاڵەتێکی ویژدانی کە هەستی پێ دەکەین بەرانبەر ئەو کەسانەی کە ژیانمان تێکەڵاو دەبێت بە ژیانیان».

خۆشەویستی ڕۆمانسی دەناسرێتەوە بە کۆمەڵێ هەستی توند لە بەرزی و باڵایی و دڵەڕاوکێ و ویستی سێکسی، هەروەک چۆن پێوەندی هەیە بە زیادبوونی چالاکی لقی سمبساوی لە دەزگای دەماری سەربەخۆ Sympathic nervous system.

تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی پێوەندی خۆشەویستی:

١- تیۆری ستیرنبرگ ١٩٨٨: ئەم تیۆرە هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییە سۆزدارییە جیاوازەکان بە پشت بەستن بە هەرسێ ڕەهەندەکەی خۆشەویستی کە بریتین لە ئەڤینداری Intimacy و سۆزداری Pas-sion و پابەندبوون Commitment.

لەم بوارەدا ستیرنبرگ بۆچوونێکی تایبەتی لە شێوەی سێگۆشەیەکدا خستە ڕوو کە بەم شێوەیە بوو:




**هەر سێ جۆرەکانی خۆشەویستی وەک یەکێتییەک بۆ خۆشەویستی بە ڕوانگەی ستیرنبرگ ١٩٨٨**

ئەڤینداری: بەواتای ئەو بەشە هەڵچوونییە لە خۆشەویستیدا، کە پێک دێت لە هەست کردن بە نزیکی و بەیەکەوە گرێدا لەگەڵ کەس تردا.

سۆزداری: بەشی پاڵنەرە لە بەشەکانی خۆشەویستی کە دەبێتە هۆی بەگڕخستنی هەستە ڕۆمانسییەکان و کێش کردنی جەستەی و ویستە سێکسیەکان.

پابەندبوون (پەیماندان): بەشی عەقڵانیەتی جوولێنەری پێوەندییەکان لە کاتی کورتدا، لە ڕێگای بڕیاردان بە قبوڵ کردنی لەلایەن مەبدەئیەوە، و کاتی دووریشدا -وەک پابەندبوون بە بەردەوام بوون لەسەر پێوەندی لە داهاتوودا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە بزانین کە چەندان ئەلتەرناتیڤی تریش هەیە بۆ تیۆرەکەی ستیرنبرگ لە گرنگترینیان شەش جۆرەکەی خۆشەویستی کە هەریەکە لە هندرل و هاوڕێەکانی گریمانەیان کرد لەساڵی ١٩٨٨ کەوا بەدەردەخات خۆشەویستی شتێکی جیاوازترە بۆ خەڵکی بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی کەهاوسەر و هاوبەشی یەکتریشن لەیەک پێوەندیدا.

٢- تیۆری پاڵاوگە Filter Theory:

هەریەکە لە کیرکوف و دیفز ١٩٦٢ کە بە خاوەنی ئەم تیۆرە هەژمار دەکرێن وای بۆدەچن کە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان بە زنجیرەیەک لە فلتەر، یان پاڵاوگەدا دەڕوات. بۆ پشت بەستن بەم گریمانەش هەڵسان بەبەراوردکردنی پێوەندییە تازەکان کە (یەک ساڵی تێنەپەڕاندبوو) لەگەڵ پێوەندییە کۆنەکانی کە (ساتێکی تێپەڕاندبوو) بینیان کەلەیەکترچوونێک هەیە لە پشتێنەی کۆمەڵایەتی و دیموگرافی (وەک ڕەچەڵەک، ئایین، ئاستی کۆمەڵایەتی) کە چەند پاڵاوگەیەک سەرەتایین، چونکە ئەمانە توانای بەیەکتر گەیشتنی کەسەکان دیاری دەکەن بە پلەی یەکەم. بۆیە وا دیاردەکەوێت کە هەڵبژاردنمان بۆ کەسی خۆشەویست و هاوڕێیانمان بەو هەڵانە دیار دەکرێن کە توانیومانە چاومان پێیان بکەوێت، ئەگەریشی هەیە دیاری بکرێت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی.

ئەمەو، خاسێتە دەروونییەکان، بەتایبەت لەیەکترچوون لە بەها بنەڕەتییەکان، بە پاڵاوگەی دووەم هەژمار دەکرێت، لەم بوارەشدا کیرکۆف و دێفز گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە لەیەکترچوون پێشبینی دەکات بە جێگیری پێوەندی زیاتر لە هەر گۆڕاوێکی تر لە حاڵەتی پێوەندییە تازەکاندا، بەڵام هەرچی پێوەندی بە پێوەندییە درێژخایەنەکانەوە هەیە ئەو تەواوکاری لە پێویستییە دەروونییەکاندا بەهێزترین گۆڕاوە کە کاریگەری هەیە لەسەر پێشبینی کردنی جێگیری پێوەندی. لەم بوارەشدا کیرکوف و دیفز گۆڕاوی تەواوکاری لە پێویستییە دەروونییەکاندا وەک پاڵاوگەی سێیەم تەماشادەکەن لە جێگیربوون و هاوسەنگی پێوەندی بە درێژی کات.

٣- تیۆری مۆرسین Mursetens Theory:

مۆرسین وای بۆ دەچێت کە پێوەندییە ئەڤینداریـیەکان بە چەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت کە بە:

یەکەم: کێش بوون لەسەر بنەمای خاسێتە دەرەکییەکانی (وەک جوانی ڕوخسار).

دووەم: قۆناغی بەهاکان کە تێیدا لەیەکترچوون لەبەها و بۆچوونەکاندا زۆر گرنگ دەبێت بۆ خۆشەویستی و دروست بوونی پێوەندی نێوان کەسەکان.

سێیەم: قۆناغی ڕۆڵ، کە ئەو قۆناغەیە پێویست دەکات لەسەر هەر دوولایەکە هەڵسن بەو ڕۆڵەی کە پێویستە ئەنجامی بدەن لە دروست بوونی پێوەندیدا، وەک هەڵسان بە نواندنی ڕۆڵی پیاو یان ژن.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەم سێ هۆکارە کاریگەری تایبەتیان هەیە لەسەر بەردەوام بوونی پێوەندی، بەڵام گرنگی هەریەکیان لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەتایبەتی بەدیاردەکەوێت وەک لەم شێوەیەدا دیارە:



**قۆناغەکانی پێوەندی لە تیۆری مۆرستین**

٤- تیۆری لیڤنگر Levinger’s Theory:
لیڤینگر وای دەبینێ کە پێوەندییەکان بە پێنج قۆناغدا تێپەڕ دەکات کە ئەمان:
١- یەکتر ناسین.
٢- سرنج ڕاکێشانی سەرەتایی.
٣- دروست کردنی پێوەندی.
٤- جێگیربوونی پێوەندی یان بەردەوام بوون لەسەری.
٥- تێکچوون و لاربوونەوە.
٦- کۆتایی
هەریەکێک لەم قۆناغانە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ کاردەکات بۆ پاڵنان بە پێوەندی بەرەو پێشەوە هۆکاری نێگەتیڤیش کە دەبێتە هۆی گەشەنەکردن، یان کۆتایی پێ هێنانی.
٥- تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی:
هومانز ١٩٧٤ بە دانەری بەردی بناغەی ئەم تیۆرە دادەنرێت، وای بۆ دەچێت کە ئێمە تەماشای پێوەندییەکانمان بەکەسانی ترەوە لەژێر ڕووناکی قازانجی بەدەست هاتوو لێوەی، واتا ئەوەی کە لەو پێوەندییە دەستمان دەکەوێت بە دەرهێنانی.
٥- تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی:
هومانز ١٩٧٤ بە دانەری بەردی بناغەی ئەم تیۆرە دادەنرێت، وای بۆ دەچێت کە ئێمە تەماشای پێوەندییەکانمان بەکەسانی ترەوە لەژێر ڕووناکی قازانجی بەدەست هاتوو لێوەی، واتا ئەوەی کە لەو پێوەندییە دەستمان دەکەوێت بە دەرهێنانی تێچوونەکان. جا هەر چەند دەستکەوتەکان زیاتر بێت و تێچوون کەمتر بێت ئەو پێوەندی سرنج ڕاکێشتر دەبێت.
بلاو ١٩٦٤ وای بۆ دەچێت کە تێکەڵاوبوونەکانی نێوان کەسەکان «یەکجار بەنرخە». بەمانای ئەوەی کە ئەوان هەوڵێکی زۆر و کاتێکی زۆر توانایەکی زۆر بەفیرۆ دەدەن، جگە لەوەی کە دووچاری هەست و شارەزای ئازاراویانە دەبن لە پێوەندییەکاندا، بەهۆی ئەمانەوە پێویست دەکات ئەوەی بەدەستی دەهێنن لەو پێوەندییانە زیاتر بێت لەوەی کە بەفیرۆی دەدەن.
هەروەها هەریەکە لەبیرشاید و والستر ١٩٧٨ وای بۆ دەچن کە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە ناواخنیدا هەڵگری پاداشتی ئاڵوگۆڕە (وەک سۆزداری و زانیاری و شوێن پێی کۆمەڵایەتی) بۆیە خەڵکی پێوەندییەکانیان لەسەر بنەمای ئەو پاداشتانە دروست دەکەن کە خەڵکی پێیان دەبەخشن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە ئەمان دەیبەخشن.
تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی وای بۆ دەچێت کە مرۆڤەکان بوونەوەری خۆپەرستن لە سروشتدا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کەسێتی دروست دەکەن.
لەم بوارەشدا فرۆم ١٩٦٢ جیاوازی دەکات لەنێوان خۆشەویستی ڕاستەقینە کە لەسەربنەمای بەخشین دروست بووە لەگەڵ خۆشەویستی شێوەی «بازرگانی» کە پشت بە چاوەڕێ کردنی بەرانبەر دەبەستێ. هەریەکەش لە ملز و کلارک ١٩٨٠ هەڵوێستێکی پشتگیرانە دەگرنە بەر بۆ ئەم ڕوانگەیە، جیاوازی دەکەن لەنێوان پێوەندییە سۆزدارییەکان کە ئەمانەن: پێوەندی کێشکاری Com-munal relationship، کە تێیدا هەردوو هاوبەشەکە گرنگییەکی ڕاستەقینە بەرانبەر یەکتر پێشکەش دەکەن. جۆری دووەمیان پێوەندی ئاڵوگۆڕییە Exchange relationship کە تێیدا هەردوو لایەنەکە تۆمارێکی زێڕین لەنێوانیان دروست دەبێت لە بەخشش و بەخشین.
٦- تیۆری دادوەری (الاصناف) fquity Theory:
تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە ڕوانگەیەکی فراوانتر لە پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان کە ناسراوە بە تیۆری دادوەری. کە بێجگە لە توخمی قازانج و زیان کە تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی گرنگیانەی دەکات، تیۆری دادوەری هزری بەرهەمهێنانیش زیاددەکات.
براون ١٩٨٦ نوێنەرایەتی ئەم تیۆرە دەکات دەڵێت: «وەبەرهێنانەکانی مرۆڤ لەم ژیانەدا تەنیا پارە نییە، بەڵکو هەر شتێک کە زیاد دەکرێت یان لە دەستی دەدات بە بەرهەمهێنان هەژمار دەکرێت. وەبەرهێنان ئەو هۆکارەیە کە ئەگەری هەیە کێشی خۆی هەبێت لە دیار کردنی دادوەری ئەو قازانجانەی کە تاک بەدەستی دەهێنێت، یان ئەو زیانانەی کە دووچاری دەبێتەوە بە مانای ئیساف ڕێژەییەکە لە تێچوون یان بەدەستهێنان لەبەرانبەر وەبەرهێنان و بەدەستەواژەیەکی تر لێرەدا جەخت کردن لەسەر دادوەری دەبێت نەک یەکسانی.

## بەكورتی

ڕەهەندێكی بنەڕەتی هەیە كە دەبێتە هۆی جیاوازبوونی ڕۆشنبیری كۆمەڵگاكان كە ئەویش ڕەهەندی (تاك- كۆمەڵ)ە. بەشێوەیەك ڕۆشنبیرییە تاكگەراییەكان جەخت لەسەر دەستكەوتە تاكییەكان و پشت بەستن بە خود دەكەن، لەكاتێكدا ڕۆشنبیرییە كۆمەڵییەكان جەخت لەسەر كۆمەڵ و بەرژەوەندییەكان دەكات. جیا لەوەش پێویستە ئاماژە بۆ گۆڕانكاری و گەشەی پێوەندییەكان بكەین لەگەڵ ڕۆژگاردا. لەم نێوەندەشدا سۆز و خۆشەویستی ڕێكخستنی هەموو لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ لە ڕووی ویژدانی و ژیرییەوە، هەر سۆز و خۆشەویستیش دوو هۆكارن بۆ ڕێكخستنی سروشتی هەڵچوون و پێوەندییەكانی ژیانی مرۆڤ، بەبێ سۆزیش ژیان و تەندروستی مرۆڤ دەكەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی پاڵنەرە خێراكان و سەرەتایەك دەبێت بۆ نامۆبوون و دووركەوتنەوەی مرۆڤەكان لە یەكتر.

**سەرچاوەكان:**

**- فرويد، سيغموند (١٩٧٧) الحرب، الحضارة، الحب، الموت. ترجمة عبدالمنعم الحفني، مصر مكتبة المدبولي.**

**- فروم، اريك (١٩٨٩) الانسان بين الجوهر والمظهر، ترجمة سعد زهران، الكويت، سلسلة علم المعرفة، العدد (١٤٠).**

**- ستوبس، ماري (١٩٦٣) زواج الحب، ترجمة سمير عبده، بيروت مكتبة المعارف.**

**- غرانبرغر، بلا (٢٠٠٠) الترجمة «دراسة نفسية»، ترجمة وجيه اسعد، دمشق، وزارة الثقافة.**

**- نظمي، فارس كمال، (١٩٩٩) الحب الرومانسي بين الفلسفة وعلم النفس، بغداد، مكتبة الوقت للطباعة.**

**- نوري، سعيد محمد (٢٠٠٦) صورة الجسم وعلاقتها بالأعراض النرجسية لدي المراهقين والمراهقات. (رسالة ماجستير غير منشور) جامعة صلاح الدين - اربيل.**

**- صالح، قاسم حسين (٢٠٠٦) محاضرات الدراسات العليا في علم النفس الاجتماعي، جامعة صلاح الدين، كلية التربية للعلوم الانسانية- قسم علم النفس.**

**- نوری، سەعید محەمەد (٢٠٠٤) خۆشەویستی لە ڕووی پێكهاتەوە. گۆڤاری ڕامان. ژمارە ٨١-٨٢-٨٣.**

*** هەڵگری تێزی ماستەرە لە زانكۆی سەلاحەدین.**

# قوتابخانەی شێوەیی لە دیدی (جۆرج زیمیل)ەوە

کۆمەڵزانی شێوەیی لە تێڕوانینی بۆ چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە تێڕوانینەکەی شێوەییە، ئەمەش واتای ئەوەیە لە دەرەوەی ئەو بوونە مادیەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵزانی هەر لە سەرەتاوە بنەماکانی داڕشتبوو، بۆیە دەبینین ڕوانگەکانی قوتابخانەی شێوەیی لە دەرەوەی ئەو مادیەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەیە.

دیارە کۆمەڵزانی شێوەیی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگی بە مرۆڤ دەدەن و وای دادەنێن کە مرۆڤیش دیاردەیەکە لە دیاردەکانی کۆمەڵگە، هەروەها گرنگی بە پێوەندییەکانی مرۆڤ بە برای خۆی کە مرۆڤە لە دووتۆی پێوەندییە شێوەییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەدات، بۆیە زۆرجار ئەو زانستە واتە کۆمەڵزانی شێوەیی بە (ئەندازەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت.)

ڕیمۆن ئارۆن بە شێوەیەک دەڕوانێتە ئەو زانستە وەک ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی دیکە تەنیا لە ڕووی شێوە دەگۆڕێن، ئەگینا تێڕوانینی کۆمەڵزانی بۆ دیاردەیەک جیاوازە لە تێڕوانینی لێکۆڵینەوەی ئابووریزانێک یان یاساناسێک بۆ هەمان دیاردە، بۆیە لە دووتۆی ئەو بابەتەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی دیاردەکان بەپێی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئایین، یاسا، هونەر، دەگۆڕێن، بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگە لە خودی خۆیدا (چالاکییەکە لە چالاکییەکانی کارلێکردن) لە زۆربەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

---

**لە عەرەبییەوە: شوکر سلێمان**

لە کۆتاییدا دەڵێین قوتابخانەی شێوەیی لە کۆمەڵزانیدا کە جۆرج زیمیل-ی دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە و گەورە لێکۆڵەرانی ئەڵمانی (فۆن فیزو ئەلفرێد فیرکاندت) دەربڕینی لێدەکەن، ڕۆڵێکی بێ وێنەیان لە کۆمەڵزانی ئەڵمانی گێڕا لە دووتۆی لێکۆڵینەوەکانیاندا لە بابەت (شێوەی پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، کە جیاوازییان لەنێوان شێوەی پێوەندی و بنەما هەستەییەکان دەکرد، بۆ ئەوەی جیاوازییەک لە نێوان ئەو و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بکەین.

ئەوقوتابخانەیە لە بەرئەنجامی سووربوون و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوە زانستییەکانیان لە بابەت پێوەندیەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکان و بەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان و ناکۆکی و ململانێ و کێبڕکێوە، وای لە زانایانی کۆمەڵزانی فەرەنسی (دۆرکهایم) و لە ئینگلتەرا (ڕادکلیف براون و ئیفانز بریچارد) کرد، ئەوانیش بخزێنە نێو ئەو قوتابخانەیە و قوڵبوونەوە هزرییەکانیان لەو بوارەدا گەشەپێبدەن.

## ناساندنێکی سەرەتایی قوتابخانەی شێوەیی

قوتابخانەی شێوەیی یەکێکە لە قوتابخانەکانی کۆمەڵزانی کە جەخت لە شیکردنەوەی شێوەیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و لە بابەتەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە ڕووی گۆڕاو و نەگۆڕەوە دەکۆڵێتەوە.

یەکەم کەسێک کە بڕوای بە بنەماکانی شێوەیی لە کۆمەڵزانیدا هێنا، زانای ئەڵمانی (جۆرج زیمیل ١٨٥٨-١٩١٨) (*) بوو، کە خۆی کۆمەڵێک بابەت و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەم ڕووەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەش کرد، وەک پێوەندییە شێوەکییەکانی پەیوەست بە هاوکاری و دژەکییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ناوەندی کاری بەرز و نزم لە دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا.

پاش ماوەیەک کۆمەڵێک زانای کۆمەڵزانی ئەڵمانی وەک (پرۆفیسۆر ئەلفرێد فیرکاندت و پرۆفیسۆرفۆن فیز) پێوەندیان بەم قوتابخانەوەیە کرد، هەروەها کاریگەری ئەو زانایانەی کاریان لە قوتابخانەی شێوەیی دەکرد و ئەوانەی ئەو قوتابخانەیان دامەزراند، پەڕیەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێش کۆمەڵێک زانا دەرکەوتن وەک (ڕۆس و سمۆل) و هەندێکی دیکە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر کەوتنە هاندان و گەشەپێدانی بیر و هزری ئەو قوتابخانەیە کە جۆرج زیمیل و فۆن وێیز دایانمەزرزاند. (١) معجم علم الاجتماع ص ١٤٥.

## کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی بەسەر گۆڕانی کۆمەڵەکانەوە

دیارە کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی کۆمەڵزانی و سەرجەم زاناکانی کۆمەڵزانی گرنگییان بەم بابەتە داوە، یەکێک لەم زانایانەی کە هەڵوەستەی لەسەر کردبێ، زانای ئەڵمانی (جۆرج زیمیل)ە. کە لە تۆژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سوودی لە فەلسەفەی (کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) وەرگرت، ئەو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر پێوەندی نێوان تاک و گرووپ ئەنجام دا بە شێوەیەکی گشتی سەرنجی بەربەرەکانێ و وابەستەیی و دابەشکردنی کاری دا وەک ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە گشت کۆمەڵگەکاندا هەن.

جۆرج زیمیل کاتێ هەڵوەستە لە بابەتێکی وەک کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات، مەبەستیەتی لە بەرەنجامی ئەو کارلێکانەوە چۆنیەتی شرۆڤەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات، چونکە یەکێک لە سروشتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی بوون و ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە مرۆڤایەتی پێی دەناسرێتەوە.

بە کۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکە مرۆڤەکان لەو ڕێگەیەوە بیروباوەڕ و مەیل و بەها و پێوەر و دابونەریتەکان لە کولتووری کۆمەڵگەکەیان وەردەگرن، هەروەها ئەم پرۆسەیە یارمەتی تاک دەدات تا کەسایەتییەکی تایبەتی وەدەست بێنێ، ئاشکرایە کە نموونە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەیەک لە لایەن هەموو تاکەکانەوە بەیەک ئەندازە و یەک شێوە وەرناگیرێن.

گوێزانەوەی کولتوور، هەموو کەسێک لەم ڕێگەیەوە زانیاری و بیروباوەڕی بەها و پێوەر و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی وەدەست دێنێ لە ڕێگەی فێربوون و وەرگرتنی کولتوورەوە مرۆڤ دەتوانێ ناسنامەیەک بۆخۆی بەدەست بێنێ. لە دوو توێی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون، تاک دەتوانێ ببێتە بوونەوەرێکی مرۆیی لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەشدا مرۆڤ

دەبێتە خاوەنی (خود) یان هەستکردن بە ناسنامەی خۆی (٢)

لەم شێوە ژیانەدا ئەرک و پێوەندییە تاکە کەسییەکان لە یەکتر جیانابنەوە و گیانی هاوکاری و یەکێتی زاڵە، کە هەڵبەت لەم ڕەوشەدا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ڕەهەندێکی سنوورداری هەیە. لە بەرانبەر ئەمەدا کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی ژیانی شاری دروست دەبێت و هەستکردنی پێوەندی بە کۆمەڵ لاوازە. جیاوازی خەڵک لە ڕووی ئەزموون و پێشینەی کۆمەڵایەتییانەوە لە لێکچوونیان زیاترە و (پێوەندییەکان لە ژێر دەسەڵاتی (ئەرکەکان) دان. لەو حاڵەتەدا مەرام و ئارەزووە تاکە کەسییەکان ڕۆڵێکی باڵا دەستیان هەیە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان خەسڵەتێکی ئاشکرا و دیاریان هەیە، تەنانەت لەنێو یەک نەوەشدا. لە کۆتاییدا لە (کۆمەڵ)دا پێوەندییەکان حاڵەتێکی تاکە کەسی، نارەسمی، نەریتی سۆزاوییان هەیە و، لە کاتێکدا کە لە (کۆمەڵگە)دا پێوەندییەکان لایەنی ناتاکەکەسی، ڕەسمی و گرێبەندی، بەرژەوەندی خوازانە و ریالیستیانەی هەیە. (٣)

گرووپ لای جۆرج زیمیل دوو جۆرە، یان گرووپی گەورەیە یان بچووک، گرووپی بچووک وەک گرووپەکانی قوتابخانە و پیشەیی و بەرهەم هێنان و هەندێ جار گرووپی ئایینی و ئایینزای واش هەیە دەچێتە هەمان خانەی گرووپی بچووکەوە، ئەو گرووپانەش لە ڕووی پێکهاتە سۆسیۆلۆژییەکانیانەوە لە ڕووی دابونەریت و پێکهاتە و ئولەکانیانەوە (المعتقدات) لە یەکتر جیاوازن.

گرووپی مەزنیش وەک ئاپۆرەی گەورەی جەماوەری کە چەند بیر و ئاوازێکی سەرەتایی ڕابەرایەتییان دەکات و هەوڵی گۆڕان دەدەن، کە لە دووتۆی ئەو ئاپوورەیەوە سیستەم و تێڕوانین و شێوەی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان و گۆڕان لە بەهاکان و دەرکەوتنی هەندێ سونبل لە بەرەنجامی ئەو دیاردەیەوە دێتە کایەوە، لێرەوە کە جۆرج زیمیل ئاخاوتنەکانی لە بابەت وێناندن و هزر و (الافکار) ناکۆکی لەسەر بەها خورد دەکاتەوە، کە ئەمانە هەموویان دەربڕین لە دیاردە دەکەن و لە دووتۆی بوون و بنیادی گرووپەکانە دەردەکەوێت (٤).

زیمیل لە دووتۆی سۆسیۆلۆژیای گرووپەکانەوە دەچێتە سەر چارەسەری ڕەگەزەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی گرووپەکاندا، هەروەها ئاماژەش بە ڕەوشتی کۆمەڵی دەکات، کە ئەو ڕەوشتە هەمیشە قەبارەی ئەو گرووپانە دیاری دەکات، لە ڕووی بەها و بنەما و پێوەر و ڕەوشتە گشتییەکانیانەوە.

تیڕوانینی زیمیل لە جیاوازی پێوەرە کۆمەڵایەتییە گشتییەکانەوە وەک (دابونەریت، یاسا، ڕێسا ڕەوشتییەکان) تێڕوانینێکی بابەتییە، کە ئەو بە دیاردەی (سەرووی کۆمەڵایەتی) دایان دەنێت، یان بنەمایەکی ئاکاری و ڕەوشتییە لە دەرەوە بەسەر مرۆڤدا سەپاوە، کە ئەمەش بنەما و بەرەنجامەکانی بە بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەدیار دەکەوێت، کە وا لە مرۆڤ دەکات پابەند بێت بە یاسا و ڕێسا ڕەوشتی و ئاکارییە گشتییەکان لە لایەک، بوون و سەلماندنی خودی خۆی بە شێوەیەکی ئازاد لە لایەکی دیکەوە (٥).

پابەندبوونی تاکەکەس بە کۆمەڵگەکەی لە دووتۆی ئەو پێوەندییەی کە پێیەوە هەیە، پابەندبوونێکی جەوهەرییە، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەندین شێوەی پێوەندی، کە ئەوانیش پێوەندی ڕەوشتی خێزانی و مێژووییە، کە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەش لە سەرووی هەموویانەوە پێوەندی دەرەکییە کە لە دەرەوە دادەسەپێتە سەر مرۆڤ، بەو واتایەی ئەو پێوەندییە جەوهەرییە لە کۆمەڵگەوە دادەسەپێتە سەر تاکەکەس.

**پەراویزەکان:**

* جۆرج زیمیل: فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە لە ساڵی ١٨٥٨ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩١٨ کۆچی دوایی کردووە، ئەم فەیلەسووفە لە بواری کۆمەڵزانیدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و لەم بوارانەدا گەشەی بە کۆمەڵزانی داوە:

أ- لێکۆڵینەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگدانەوەی بەسەر گۆڕانی کۆمەڵەکانەوە هەیە.

ب- لێکۆڵینەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان.

ج- شیکردنەوەی زانستی کۆمەڵگە.

هەڵبەت جۆرج زیمیل کۆمەڵێک کتێبی نایابی لە بواری

کۆمەڵزانیدا بەرهەم هێناوە وەک: (philosohie des geldes) کە لە ساڵی ١٩٠٠ چاپ و بڵاوی کردەوە، کە باس لە کاریگەری ئابووری نەختینەیی لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەکات و هەروەها لە پێوەندی نێوان ئاوەزی زانست و سیستەمی سەرمایەداری دەکۆڵێتەوە، زیمیل بڕوای وابوو کە دەبێ کۆمەڵزانی وەک زانستێک تەنیا کاری ئەوە نەبێ لە بنەماکان و پێکهاتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە، هەروەها کتێبی (کۆمەڵزانی) کە لە ساڵی ١٩٠٨ز چاپ و بڵاوکردەوە، کە لەو کتێبەدا باس لە سروشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان دەکات و ڕۆڵی هاوولاتی بیانی لە کۆمەڵ و ژیانی مەدەنی نوێ و چینەکانی حکومەت و دەسەڵات و جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە. (د. دینکن میشیل، معجم علم الجتماع، ص ٢٦٨).

١- د. دینکن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، بغداد، سنة ١٩٧٩، ص ١٤٥.

٢- مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، هەولێر ساڵی، ٢٠٠٦، چاپی دووەم، ل ١٣٣.

٣-مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، هەولێر ساڵی، ٢٠٠٦، چاپی دووەم، ل ١٣٣.

٤- قباری محمد اسماعیل، قضایا علم الاجتماع المعاصر، مصر- الاسکندریة، ص ٢٦٢.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٦٧.

**سەرچاوەکان:**

(١) د. دینکن میشیل، معجم علم الاجتماع، ترجمة: احسان محمد الحسن، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشید للنشر، بغداد، سنة ١٩٧٩.

(٢) مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ساڵی ٢٠٠٦، چاپی دووەم.

(٣) قباری محمد اسماعیل، قضایا علم الاجتماع المعاصر، مطبعة الکاتب المصري للطباعة والنشر، مصر- الاسکندریة.

# تیۆرەکانی واتا

سەلام ناوخۆش(*)
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لە شەش تیۆری واتا دەکۆڵێتەوە. تیۆری ناولێنان کە وەک تیۆرێکی واتایی بۆ کراتیلۆس و ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە پێشبینی ئەوە دەکات کە (وشە و شت) لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدان. لەپاش ئەم تیۆرە چەندان تیۆری تر لە مێژووی زمانەوانیدا دەرکەوتن وەک تیۆری سێگۆشەی هێمایی، تیۆری هۆشەکی، تیۆری ڕەفتاری و تیۆری کێڵگە واتاییەکانی، هەروەها تیۆری شیکاری.

ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بە کورتی لە هەریەک لەم تیۆرانە بدوێ و لایەنی چاک و خراپی هەر تیۆرەک بخاتە ڕوو.

## تیۆرەکانی واتا - Theories of Meaning

لەمێژووی زمانەوانیدا چەندان تیۆر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ دیارکردن و شرۆڤەکردنی جۆری پێوەندی نێوان (وشە) و (شت)، یان «واتای وشە» و «بوونی فیزیکی شتەکە» پێشکەش کراون. جیاوازی تیۆرەکان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بووە بە جۆری پێوەندیەکە، یان هەبوونی و نەبوونی پێوەندیەکە. «وشە» و «بوون» دوو یەکەی پڕ ئاریشەن، بەپێناسەیەکی تاکلایەنە شرۆڤە ناکرێن. دەبێ چ وشە بێ و چ وشە نەبێ؟! بەخۆ دوورگرتن لەو هەموو ئاخاوتن و گوتەیەی کە منداڵ گۆی دەکات، یان ئەوەی هەندێ گیانەوەر دەری دەبڕێ، یان لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، وشە وەک یەکەیەکی زمانەوانی چەندان پێناسەی بۆکراوە. لەپێناسەیەکدا هاتووە: «وشە بچووکترین پێکهاتەی ئاخاوتنە کە دەتوانێ بە تەنیا بەکاربێت» (١) بەگوێرەی ئەم پێناسەیە هەر وشەیەک توانای ئەوەی نەبێ بە تەنیا بەکاربێ وشە نییە! ئەم پێناسەیە چەندان وشەی فەرهەنگی و ڕێزمانی بە «وشە» دانانێ. لەپێناسەیەکی تردا هاتووە: «هەر وشەیەک لە

بووندا بتوانرێ گۆ بکرێ و واتای هەبێت، ئەوە وشەیە!». ئەم پێناسەیەش کێماس خۆی هەیە، چونکە تەنیا لایەنێکی زمانی وەرگرتووە تەنیا جەخت لەسەر ئاخاوتن دەکات. لەلایەکی تر پرۆفیسۆر چارلز هۆکێت باوەڕی وایە کە «وشە بریتییە لە هەر بەشێکی ڕستە کە بە چەندان خاڵ دەورە دراوە لە هەر خاڵێکدا کە وەستان Pause مومکین بێت وشەی نێوان دووخاڵەکە وشەیەدا: لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

کە ئازاد هات، نەوزاد کوژرا بوو

شەش وشە هەیە.

لە بەشەکانی ئاخاوتندا Parts to speech وشە چەندان شێوە و ئەرکی هەیە. لە کوردیدا دژوارە شێوەی وشە تاکە هۆکار بێت بۆ ناسنامەی مۆرفۆلۆژی وشەکە. لەم هەموو بەشانەی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، فرمان...تاد.» تەنیا جۆرێکی ناو ئەو توانا واتاییەی هەیە لەگەڵ ئەو شتەی لە بووندا دەینوێنێ. (لەپاشان ئەمە دەردەکەوێ)

بوون خۆی لەچوار جۆر دەردەکەوێ. بوونی عەینی، بوونی بێژەیی، بوونی پیتی، هەروەها بوونی سوننەتی. ئەو هەموو بوونە لە پێوەندیدان. لە ڕوانگەی هەندێ تیۆرەوە پێوەندیەکە لەگەڵ وشە ڕاستەوخۆیە. لە نەزەر هەندێکی ترەوە هیچ جۆرە پێوەندیەکی موتڵەق لە ئارادا نییە. هەندێکی تر جەخت لەسەر هەبوونی پێوەندیەکی ناڕاستەوخۆ دەکەن و «هزر» دەکەنە فاکتەری بەیەکتر گەیاندنێکی ناڕاستەوخۆی ئەو دووە.

## تیۆرە سەرەکییەکان

### ١- تیۆری ناولێنان Theory ot Naming

لە بەرایی ئەفراندنی ئادەمدا، فریشتەکان ترسیان لێنیشت. زەنیان وابوو کە ئادەم و نەوەکانی ئادەم گەردوونی خودا تێک دەدەن. ئەو ئەدگارەی لە ئادەم هەبوو، نە لە فریشتە هەبوو نە لە جنۆکە. ئادەم وا پرۆگرام کراوە کە توانای Competence ناولێنانی شتی هەیە. هەر ئەم توانایەش فریشتەکانی بێدەنگ کرد.

لە تەورات و قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە ڕووەک و گیانەوەر لەپێش هەبوونی ئادەمی مرۆڤدا هەبوون. جا بۆ ئەوەی هەر شتە (ڕووەک، گیانەوەر) ناوێکی هەبێ، خوای گەورە داوای لە ئادەم کرد، کە وشەیەک- ناوێک- بۆ ئەو شتانە دابنێ.(٢)

ئەم پێوەندیە ڕاستەوخۆییەی نێوان «وشە- ناو» و «شت» لە دایەلۆگی گراتیلیۆس ئەفلاتووندا ئاماژەی بۆ کراوە. لە کراتیلیوس-دا ئەفلاتوون ئاوا پێناسەی زمان دەکات: ..... زمان بریتییە لە سیستەمێکی پێوەندیکردن کە لەسەر دوو ڕەگەز کار دەکات ئەویش دال- Siqnifier و Siqnified- مەدلوول «ن».

بەگوێرەی ئەم تیۆرە هەریەک لە «دال و مەدلوول»، یان «هێما» و «واتا» و «ناو» و «شت» «بوونی بێژەیی» و «بوونی فیزیکی لە پێوەندیەکی یەک بەیەکی ڕاستەوخۆ دان.

لەڕوانگەی ئەفلاتوونەوە «دال» بریتییە لە «وشە»ی زمان و هەرچی «مەدلوول»ە بریتییە لەو شتەی لە جیهانی دەرەوەدا وشەکە دەینوێنێ. بە گوێرەی ئەم تیۆرە «وشە» و «ئەو شتەی دەینوێنێ» لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ دان. لە نەزەری (دی سۆسێر) وشە پێک هاتووە لە دوو بەش: (شێوە) و (واتا) بەو پێودانگە، ئاخاوتن دەرئەنجامی پرۆسەیەکی هێماکاریە و واتاسازیش خۆی لەو پێوەندیەی نێوان «هێما» و «واتا» دەدوێ. وێست فرێد (١٩٨٧: ١٤٨) باوەڕی وایە «ئەگەر پێوەندیەکی یەک بۆ یەکی (ڕاستەوخۆ) لەنێوان (هێما- وشە) و (ژێدەر- شت) هەبێت، ئەوا واتاسازی و پێوەندیکردن دەبنە پرسێکی زۆر سادە.»

لەلایەکی تر ئەم تیۆرە «ناوێک» و «شرۆڤەیەکی تر»ی لێبۆتەوە ئەویش سەلماندنی «ڕاستی» و «ناڕاستی»یە هۆرسێی (٢٠٠١: ٧٨) دەنووسێ کرۆکی ئەم تیۆرە «Truth- Conditional semantics» بریتییە بۆ ئەوەی بزانی ڕستەکە مانای چییە پێویستە بزانین کە چ (شت) وەک ئەو وایە هەتا ڕستەکە (دروست) بێ.

ئەم تیۆرە چەندان کێماسی لەخۆ دەگرێ کە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە.

١- ئەم پێوەندییەی نێوان (فۆرم) و (واتا)، یان (بوونی بێژەیی) و (بوونی عەینی- فیزیکی) تەنیا لە هەندێ ناوی تایبەت بەرجەستە دەبێ. بەواتای ئەم تیۆرە هەتا هەموو جۆرەکانی ناویش لەخۆ ناگرێ.

## سەبارەت بەناوی مرۆڤەوە

«بەفرین» وەک ناو بەکەسێک -کچێک- دەوترێ کە جوان و سۆر و سپی بێت. «چاوشین» بە کەسێک دەوترێ کە هەردوو چاوی شین بن. لەمەو زۆری تردا بوونی بێژەیی و عەینی وەک یەکن، یان لەیەک دەچن، بەڵام هەندێ ناوی (نا- تایبەت) ئەو دوو بێژەیان وەک یەک نییە و زۆر لە یەک جیاوازن: «ئاگر» وەک بوونێکی بێژەیی زۆر جودایە لە بوونە عەینییەکەیدا. وێرای ئەمەش ناوی مەعنەوی و هەروەها هەندێ ناوی ناو ئەفسانە و

ئەوانەی لەجیهانی ئێمەدا نابینرێن ناویان هەیە، بەڵام بوونی فیزیکیان لە جیهانی ئێمەی مرۆڤدا نییە، بۆیە ئەم دووە (دال- ناو) و مەدلوول- شت) تەنیا لە هۆش و زەیندا یەکتر دەنوێنن.

٢- ئەوانەی لە بووندا هەن، زیاتر ناون. لەم ڕوانگەیەوە ئەستەمە دەرک بەهیچ پێوەندیەکی فیزیکی لەنێوان بەشەکانی تری ئاخاوتن وەک ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و فرماندا بکرێ. لێرەدا دال و مەدلوول بەدەر ناکەون.

٣- ئەم تیۆرەی ئەفلاتوون زیاتر لەسەر بنەمایەکی سروشتیدا دامەزراوە، چونکە تەنیا دەنگەکانی سروشت لەگەڵ ئەو شتانەی دەینوێنن لەپێوەندیدان، هەروەها سەبارەت بەناولێنانەوە، ئەوە خۆیا دەبێ کە هەبوونی پێشوەختەی شتێک مەرج بووە بۆ ئەوەی ناوێکی بۆ بەکاربێت. تیۆرەکە تەنیا لەمەدا توانای شرۆڤەکردنی هەیە، بەڵام لەمێژووی ناولێناندا «تابو» ئارێشەیەکی تر بۆ ئەم تیۆرە دروست دەکات ئەوەتە لەکولتووری چەندان گەلاندا هاتووە کە باوک و دایکان ناوی ناشیرین و نالایەق بەمرۆڤیان لەمنداڵەکانیان ناوە بۆ ئەوەی لە «چەپۆکی شەوە!» ڕزگاری بکەن.(٣)

## ٢- تیۆری سێ گۆشەی هێمایی

زۆر توێژەر، بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی پێوەندی فۆرم و واتا، یان دال و مەدلوول، چەندان تێرم و زاراوەیان بەکارهێناوە. زۆربەی ئەو توێژەرانەش سێ گۆشەیەکی هێماکاریان بەکارهێناوە. هەرسێ پنتەکەی سێ گۆشە ABC چەندان تێرم و زاراوەی لە یەکتر جیایان بۆ بەکارهاتووە. فارابی ٨٧٠-٩٥٠ لە کتێبی (احصاء العلوم- سەرژمێری زانیاریەکان)دا سێ گۆشەیەکی بەرەواژووی بۆ ئەو پێوەندیە خستۆتە ڕوو. سێ گۆشەکەی فارابی ئاوابووە:




لەلای فارابی (دال) وشە نییە، بەڵکو هزرە هەرچی (مەدلوول)ە ئەوە بێژەیە. جیاوازی نێوان مەدلوول و مەدلوول بۆکراو، کە لە دیوی عەقڵ دەردەکەوێ، وەک جیاوازی گشتێتی و تایبەتێتی وایە. ئەم دیتنەی فارابی هەمان دیتنی و تێگەیشتنی دی سۆسێرو مارتینێ بۆ نیشانە- هێما-یە. عەبدولقادر (٢٠٠٢: ٥٥٥).

لەلایەکی تر ئۆجین و ریچاردز لەساڵی ١٩٢٣ کتێبێکمان بەناوی «واتای واتا» بڵاوکردەوە. ئەم تیۆرەی ئۆجین و ڕیجاردز کە لەسەر بنەمایەکی هۆشەکی دامەزراوە جۆری پێوەندی هێما و چەمک و شت ڕوون دەکاتەوە. زاراوەکانی سێ پنتەکەی سێ گۆشەکەیان ئەوهایە.




ئەم تیۆرە زۆر لەوەی فارابی بەناوبانگترە. ئەم تیۆرە چەند ئەدگارێکی گرنگی لەخۆ گرتووە وەک:

١- پێوەندی نێوان A و C (ناو) و (شتی دەرەکی) (وشە) و (شتی ئاماژە بۆکراو) پێوەندیەکی ناڕاستەوخۆیە. دال و مەدلوول یەکسان نین. لەڕوانگەی Morris-ەوە ئەوە (B)یە نەک (C) کە واتای (A) دەبەخشێ هەرچی (C)یە ئەوە واتای هێمایەتی (A) دەگەیەنێ.

٢- پێوەندی نێوان AB و BC پێوەندیەکی ڕاستەوخۆییە بەتایبەتی پێوەندی نێوان AB وەک پێوەندی نێوان دوو ڕووی شتێک وان هەردووک یەکتر دەنوێنن. لێرەش جارێکی تر کاریگەری دی سۆسێر بەسەر تیۆرەکەوە دیارە.

٣- وشە لەم تیۆرەدا پەیوەستە بە ئەرکێکی هێمایی هەرچی واتایە ئەوە پەیوەستە بە هزر، یان ژێدەرەوە.

٤- لەم تیۆرەدا چەمک، یان هزر ڕۆڵی ناوەندێک دەبینێ لە پێوەندی (وشە و شت)دا.

ئۆلمان ١٩٥٧: ٧١ دیدێکی تری هەیە. ئەو باوەڕی وایە کە وشە خۆی (شت)ێک دەگەیەنێ، بەڵام ئەو گەیاندنە لە ڕێی چەمکەوە فەراهەم دەبێت. سێ گۆشەکەی ئۆلمان ئاوایە:




تۆلمان ١٩٥٧: ٧٢ باوەڕی وایە کە پنتی (C) پێوەندی ڕاستەوخۆی بەکاری واتاسازاندا نییە و ئەو ئەدگارو خەسڵەتانەی شتەکان کە پەیوەستن بە دیارکردنی واتای وشەکان ئەوا لە شتەکان دەرهێنراون و لە (B) کۆکراونەتەوە. ئەوە وەک لیۆنز ١٩٧٧: ٩٨ دەڵێ B، یان C دەکرێ لە سێ گۆشەکە نەهێڵدرێن، چونکە واتای وشەیەک بریتییە لەو شتەی دەینوێنێ، یان لەو شتەی هێمای بۆ دەکات.

ئەم تێڕوانینەش تەواو لەگەڵ دیدی سۆسێر دەسازێ. سۆسێر خۆی باوەڕی وابوو Sign هەر تەنیا وشە ناگرێتەوە، بەڵکو بریتییە لە (وشە و هزر)، یان (B+A) ئەم دووە لە پێوەندیەکی عەقڵیدان، چونکە خۆی واتەنی: ئەگەر گوێم لەناوی «مێز» بێت، ئەوا بیر- هزر لە مێز دەکەمەوە بە هەمان شێوە ئەگەر هزر لە مێزبکەمەوە، ئەوا ناوێک دروست دەکەم ئەگەر پێویست بکات، جۆن لیۆنز ١٩٧٧: ٩٨-٩٩. بەم جۆرە واتا بریتییە لە پێوەندییەکی دوو سەرەیی و دوو لایی نێوان A و B کە وایان لێدەکات کە یەکتر بنوێنین..

### ٣- تیۆری زەین، یان هۆشەکی

شەنگست و بنەماکانی ئەم تیۆرە لایەنی ڕۆحی، عەقڵە. عەقڵ لێرەدا هۆش و چەمک و هزر و هەست دەگرێتەوە. دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە وەک جۆن لۆک، دیکارت و پوتنام باوەڕیان بە ڕۆڵی عەقڵ لەسەر جەستەوە هەیە. ئەوانە باوەڕیان وایە کە زمان نێوەندێکە، یان هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هزر. لەڕێگای زمانەوە دەکرێ دیراسەی هزر بکرێ و هەتا ئەدگارەکانی هزریش پەیوەست بەزمانەوە توێژینەوە لێی بکرێ.

بەشێکی ئەم تیۆرە بنەمایەکی سایکۆلۆژی لەخۆ دەگرێ. بستێنبێرگ (١٩٩١: ٨٩) دەنووسێ: «لایەنگرانی تیۆری هۆشەکی لەسێ پرسی سەرەکیدا لە ڕەفتارناسەکان جودا دەکرێنەوە. ئەوان داکۆکی لەوە دەکەن کە هەر مرۆڤێک زەین و هزر و هۆشی هەیە. ئەو هزر و هۆشە کار لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکات، هەروەها باوەڕیان وایە کە بابەتی سایکلۆژی و زمانەوانی هەر تەنیا بابەتی بابەتیتی و تایبەت لەخۆ ناگرێ، بەڵکو ئەو پرسانەش دەگرێتەوە کە لە سروشتدا بەرجەستە نین.

هەرچی پەیوەست بەواتایە، ئەوە خودی واتا لەم تیۆرەدا هزر، یان هۆش خۆیەتی، هەروەها هزر خۆیشی پەیوەستە بە حاڵەتی ئیدراکی تەسەوری مرۆڤەوە. بێگومان گەیاندنی پەیام Message لەنێوان بنێر sender و نێوەندە هۆشەکییەکە و گوێگر، یان پەیام بۆ هاتوودا بە پرۆسەیەکی عەقڵی مەیسەر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسێسە تەواو پەیوەستە بە هۆش و ئیدراک و عەقڵەوە ئەمانەش هیچ کامیان ڕاستەوخۆ دیراسە ناکرێن، بۆیە لێرەدا پێوەندی نێوان هزر و زمان وەبەر گومان دەکەون. « لە نەزەر ڕەفتارناسەکانەوە ئەم جۆرە پێوەندییە لەنێوان عەقڵ (وەک بوونێکی نابەرجەستە) و زمان و ئاخاوتن کە لە ڕەفتاردا دەردەکەون، زیاتر لە پرۆسەیەکی میتافیزیکییەوە نزیکە نەک سایکۆلۆژی، یان زمانەوانی سایکۆلۆژی- ستێینبێرگ ١٩٩١: ٨٩).

### ٤- تیۆری ڕەفتارناسی

ئەم تیۆرە وەک وەڵامێکی ڕەخنەیی بۆ تیۆری هۆشەکی هاتەکایەوە. ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای میکانیکی نەک هۆشەکی دامەزراوە. تەواوی ڕۆڵی عەقڵ و زەین هزر ڕەت دەکاتەوە، ڕەفتاری دیاری مرۆڤ کە لە زماندا دەبێ جەخت لەسەر ئەو دیاردانە بکرێ کە شیمانەی بەرجەستە بوونیان لێ چاوەڕێ دەکرێ. لێرەدا ڕەفتار جێی هزر دەگرێتەوە.

دەربارەی پێوەندی نێوان ڕەفتار و زمان، بلۆمفیلد لەکتێبی Language- زمان ١٩٣٥: ٢٣ تەواوی کردەی ئاخاوتن لەسەر بنەمای ورووژاندن Stimulus و بەرسڤ Pesponse شی دەکاتەوە. بۆ دەرخستنی پێوەندی نێوانیان چیرۆکێک بەم جۆرە دادەڕێژێ.

«جاک و جیل بە کۆڵانێکدا پیاسە دەکەن. جیل سێوێک بەدارێکەوە دەبینێ و برسیشە، داوا لە جاک دەکات سێوەکەی بۆ بێنێ. جاک بەسەردارەکە دەکەوێ و سێوەکەی بۆ دینێ. جیل سێوەکە دەخوات.»

جۆن لیۆنز (١٩٧٧: ١٢٦) دەنووسێ:«برسیەتی جیل و دیتنی سێوەکە ورووژاندن Stimulus پێکی دێنێت. لە جیاتی ئەوەی جیل بەرسڤێکی ڕاستەوخۆ -Re

spanse دروست بداتەوە و خۆی بچێتە سەردارەکە و سێوەکە لێ بکاتەوە، بەرسڤێکی بەدیل لە شێوەی ئاخاوتنێکی تایبەت دەدرکێنێ ئەم ئاخاوتنەش دەبێتە (وروژاندنێکی بەدیل) بۆ جاک و وای لێ دەکا کە بەرسڤێکی هەبێ بۆ ئەو وروژاندنەی جیل، هەروەها کارێکی وادەکات وەک بلێی خۆی برسی بێ و سێوەکەی دیتبێت. بلۆمفیلد ئاوا بەو هێلکاریە هێماکاریە ڕەوشەکەی دایڕشتووە.

وروژاندن و جۆشدان ـــــ بەرسڤ... وروژاندن ـــــ بەرسڤ

ئەگەر (جیل) بەتەنیا بووایە، (وروژاندن) و (بەرسڤ) لەپێوەندیەکی ڕاستەوخۆ دەبوون، بەڵام چونکە هەردووک پێکەوە بوون، بۆیە زنجیرەی وروژاندن و بەرسڤ ئەم شێوازە وەردەگرن.

وروژاندنی کرداری (برسیەتی و دیتنی سێوەکە) ـــ کاردانەوەی زمانەوانی، وروژاندنی زمانەوانی ـــ کاردانەوەی زمانەوانی لەنێوان وروژاندنی کرداری و بەرسڤی کرداریدا دوو حاڵەتی زمانەوانی هەن. لە دیدی بلۆمفیلد، ئاخاوتنەکەی جیل هۆکاری دروستکەری ئەم پرۆسە میکانیکییە. لێرەدا، ڕەفتار یەکسان دەبێ بەو هەموو بەرسڤانەی وروژاندن کە جیهانی دەرەوەی پێشکەش دەکات. ئەو کردەی وروژاندن و بەرسڤە زمانەوانی و کرداریە هەربەردەوام دەبێت.

لە مێژووی زمانەوانی سایکۆلۆژیدا، چەند خوێندنەوەیەک بۆ پێوەندی نێوان وروژاندن و بەرسڤ کراون. هەر لەو ڕێگایەوەش هەوڵ دراوە لە ڕۆڵ و فاکتەری «هزر» و «جەستە» بدوێن.

لە ڕوانگەی (جۆن واتسن) بنیادنەری ڕەفتارناسی تەنیا جەستە body دەبێتە نێوەندی (وروژاندن و بەرسڤ) هەرچی (هزرە)، یان (زەینە) هیچ بوونێکی بەرجەستەی نییە، بۆیە لە بواری سایکۆلۆژیدا جێی نابێتەوە. ئەم ڕوانگەی واتسن (١٩٢٤: ٢) لەسەر بنەمایەکی ماددی Materialist دامەزراوە:




واتسن مەسەلەی عەقڵ وەک ڕۆح دەبینێ، ڕۆحیش پەیوەستە بە «زەینی ئایینییەوە» و هیچ ڕۆڵێکی بەرجەستە نابینێ لەو پرۆسە میکانیکیە ڕەفتاریەدا.

هەرچی گرووپی Epi phenomental be-haviourism ـە(٤) ئەو دیتنە مەتریالیەی واتسن زۆر بە پەرگیر دەبینن. ئەوانە باوەڕیان وایە کە هەموو ڕەفتارێک و (ڕووداوە عەقڵییەکان) جەستە بڕیاری لەسەر دەدات نەک هۆش. سکینەر یەکێ لەو کەسانەیە کە باوەڕی بە بوونی عەقڵ، یان هزر، زەین هەیە، بەڵام هیچ هێزێک بۆ عەقڵ بڕیار نادات. بلۆمفیلد تیۆرەکەی خۆی لەسەر بنەما تیۆریەکانی سکینەر دامەزراندووە. لە دیدگای ئەمانەوە هاوکێشەی پێوەندی نێوان وروژاندن و بەرسڤ ئاوایە:




لەنەزەر ئەمانەوە ئەوە جەستەیە کار لە عەقڵ دەکات نەک بە پێچەوانەوە.

گرووپی سێیەم کە بە Reductionist(٥) ناسراون. باوەڕیان وایە کە وەک چۆن جەستە هەیە، عەقڵیش (لایەنە هۆشەکیەکەی) هەیە ئەوەی لە عەقڵ ڕوودەدات لە جەستەش ڕوودەدا. هەردووکیان دوو ڕووی یەک بوونن. عەقڵ چونکە بەرجەستە ناکرێ، پێویست ناکات دیراسە بکرێ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ شتێ دەربارەی عەقڵ بزانین، دەبێ دیراسەیەکی قووڵی جەستە بکەین(٦). ئەم تێڕوانینە بۆ پەنهانی عەقڵ و خویایی جەستە هەر هەمان ڕای دی سۆسێر لە بارەی Langue زمان و Parole- ئاخاوتن دەگەیەنێ، هەروەها دیدی چۆمسکیش لەبارەی Competence، توانست و performance بەکارهێنان زمان لەو دیدەوە دوور نییە. دیتنەکەی ئەوان دەکرێ بەم هێلکاریە ڕوون بکەینەوە:



لێرەدا جەخت لەسەر جەستە دەکرێ. هەر لە جەستەدا هەردوو کرداری (ورووژاندنی زمانەوانی و بەرسڤی زمانەوانی) فەراهەم دێن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە قسەیەکی جاکوب یاکوبسن بکەین کە دەڵێ: «زمان بەبێ واتا کارێکی نەکارە و پووچە. دۆزینەوەی فاکتەری درکاندنی هەر وشەیەک، واتای دروستی وشەکە دەردەخا» تیۆرەکەی لیونارد بلۆمفیلد کە لەسەر بنەماکانی گرووپی دووەم Epiphenomentalism دامەزراوە، ئاخاوتن لە ورووژاندنەوە سەرچاوە دەگرێ، ورووژاندنیش لەو پرۆسە میکانیکیەی نێوان (جاک) و (جیل) هێما و وشەکانی (جیل) دەنوێنێ هەرچی بەرسڤە، خۆی لەخۆیدا لە ئاکامی ئەو ورووژاندنەوە فەراهەم دێت. ئەم دووەش لەزماندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتر نییە، چونکە خۆی کردەکە بە نێوەندێکی زمانەوانی تێ دەپەڕێ و لەنێوان بنێرو وەرگر پەیدا دەبێ، نەک تەنیا یەکێکیان خوڵقێنەری بێت.

### ٥- تیۆری کێڵگە واتاییەکان

تیۆری کێڵگە، یان کێڵگە واتاییەکان لەزۆر بواری زمانەوانیدا بەکاردێ. لە واتاسازیدا، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر یەکەزمانەوانییەکان دەکات لە سیستەمێکی پەیوەست بەیەکدا. بە گوێرەی ئەم تیۆرە واتای هەر وشەیەک پەیوەستە بەواتای ئەو وشانەی لە سیستەمێکدا لەگەڵی دێن. ئیلیەت لەو بارەیەوە دەڵێ: «هەر وشەیەک لەماڵی خۆیدا شوێنی خۆی دەگرێ بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەوانی تر بکات». واتای وردی وشەیەک بە بەراورد لەگەڵ ئەو وشانەی لە سیستەمەکەی خۆیدایە دەردەکەوێ. بۆ نموونە لە کێڵگەی واتای ڕەنگدا، ڕەنگێکی وەک کەسک- سەوز- ئەوکاتە مانادار دەبێ کە پێوەندی لەگەڵ ڕەنگەکانی نزیکی خۆی بەراورد بکرێ. کەواتە کەسک بریتییە لە ڕەنگێکی نێوان شین و زەردا- ئایچسن ١٩٩٣: ٨٢.

هەر ئایچسن (٨٣) دەنووسێ: هەر وشەیەک لە کۆمەڵەکەیدا بەهۆی شوێنەکەی لەکۆمەڵەکەی و پێوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی تری کۆمەڵەکەی پێناسەی دەکرێ. خودی مرۆڤ بەچەند قۆناغێکی تەمەندا تێ دەپەڕێ. هەر قۆناغە و «ناوێک» و «ئەدگارێکی» هەیە کە لە ئەوی تر جوودایە:

baby — toddler — child — adolescent— adutt

بەبە __ پێگرە __ منداڵ (هەراش) __ هەرزەکار __ (کامڵە پیاو) بەگوێرەی ئەم کێڵگەیە وشەی «هەرزەکار adolescent» چیتر نە «منداڵە» نە «adult- پیاو»ە.

لەلایەکی تر ڕیچاردز ١٩٨٥: ١٠٤ دەنووسێ: بە گوێرەی تیۆری کێڵگە واتاییەکان وشەیەک لە زمانێکدا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە وشەیە ڕێک دەخرێ کە ئاماژە بۆ هەمان بواری واتا دەکەن... کاتێک وشەیەک واتای دەگۆڕێ، یان کاتێ وشەیەکی نوێ دروست دەکرێ، ئەوا دەبێ واتای وشەکانی دی کۆمەڵەکە، واتایان بگۆڕدرێ، یان واتاکەیان ون بکەن. هەر ڕیچاردز و هاوڕێکانی دەنووسن: لەسەدەی هەژدەیەمدا وشەی «braun»ی ئەڵمانی واتای هەردوو وشەی brown- قاوەیی و Violet- مۆر ئینگلیزی دەگەیاند، بەڵام کاتێ وشەی «Violet مۆر» لەڕێگای زمانی فەرەنسییەوە هاتە ناو زمانی ئەڵمانی، ئەوا وشەی braun ئەڵمانی واتای «Violet- مۆر» ون کرد و ئێستا تەنیا واتای «brown- قاوەیی» ئینگلیزی دەگەیەنێ.

لە کوردیشدا ئەم دیاردەیە زۆر بڵاوە. وشەی «هەنووکە» جاران تەنیا واتای «ألآن»ی عەرەبی دەگەیاند، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین وشەکە لەناو توێژی ڕۆشنبیراندا واتای یەکەمی لەدەستداوە، واتای «ڕاهن current»ی وەرگرتووە، هەروەها بەدەیان و سەدان وشەی کوردی کە لە بنچینەدا عەرەبین وەک «قول، قتل، حرمة...» تەواوی واتا ڕەسەنەکەی عەرەبیان ون کردووە واتای نوێ دەبەخشن:

قەول: بەڵێن، سرودی ئایینی ئێزیدی
قتل: قەتڵ- کوشتنی بە ناحەق
حرمة: حورمە (ئافرەت)، ڕێز.

### دامەزرێنەرانی تیۆری کێڵگە واتاییەکان

بەرایی دەرکەوتنی بیرۆکەی کێڵگە واتاییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم. لە نووسینەکانی گێکیلەردا دەردەکەوێ کە بیروڕایەکانی هەمبۆلدت (١٨٣٦) و هاردەر (١٧٧٢) باس لەو کێڵگە واتاییانە کراوە.

جۆن لیۆنز (١٩٧٧: ٢٥٠) و دەیڤد کریستەل ١٩٩١:١٣٥ باوەڕیان وایە کە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم بیرۆکەی کێڵگەی واتاییەکان فۆرمی تیۆری وەرگرتووە و کاری لەسەر کراوە. توێژەرانی وەک ئاپسێن (١٩٢٤) و جۆلیز (١٩٣٤) و پۆرزیگ (١٩٣٤) و جۆست ترایەر (١٩٣٤) لە دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرەن لە ئەورووپا. هەرچی جۆهان ویزگێربەر ١٨٩٩: ١٩٥٤ لەدوای ئەوانەوە دێت. ترایەر، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم تیۆرەدا هەبووە، وەک تۆلمان ١٩٦٢: ٧ دەنووسێ ترایەر لە بارەی تیۆری کێڵگەوە لەپاش ١٩٣٨ هیچی بڵاو نەکردۆتەوە.

هەرچی ویزگێربەرە، ئەوە لەگەڵ ترایەر گۆڕانێکی زۆریان بەسەر تیۆرەکەدا داهێنا. ویزگێربەر وەک درێژپێدەرو هاوڕێیەکی ترایەر لە بواری تیۆری واتا و زمان و کۆمەڵگەدا بۆتە ڕابەرێکی بزاڤی زمان و کۆمەڵگا. ویزگێربەر زۆر هاوکاری ترایەر بووە لەو بوارەدا، بۆیە لە ئەڵمانیا ئەو تیۆرە ناسراوە بە تیۆری ترایەر و ویزگێربەر.

### لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی تیۆری کێڵگە واتاییەکان

**١- لایەنە پۆزەتیڤەکانی:** تیۆری کێڵگە واتاییەکان چەندان سوودی گرنگی پێشکەش بە بواری واتاسازی کردووە. ئەم تیۆرە بنەمایەکی گرنگە بۆ دروست کردنی فەرهەنگ لەبواری کێڵگە واتاییەکانەوە. فەرهەنگی ڕۆجەری ئینگلیزی کە بەگوێرەی واتا ڕێک خراوە، یەکێکە لەو ڕێگا سەرەکیانەی واتاسازی وەسفی. لەمەدا عەرەبەکان وەپێش ئەورووپییەکانیش کەوتوون. فینچ (٢٠٠٠: ١٧٨) دەنووسێ کە تیۆری کێڵگە واتاییەکان زۆر بەسوودە لە دیراساتی بەراوردکاری نێوان دوو زمان «بەو جۆرە توێژینەوانە دەردەکەوێ کە زۆربەی زمانەکان بە تایبەتی ئەوانەی خاوەن کولتوورو ئایینی جودان، یان دەرهاوێشتەی دوو کۆمەڵگای جودان وەک وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەتا لە لێکسیکە سەرەکییەکاندا بوارێکی واتایی هاوبەشیش جودان. د. عەبدولقادر (٢٠٠٢: ٥٥٩) دەنووسێ: «ئەم تیۆرە گرنگییەکی زۆری هەیە لە دیراسەکردنی سیمانتیکی وەسفی و بەکارهێنانەکانی. ئەم تیۆرە دەتوانێ دیتنێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی وشە زمانەوانییەکان لەسەر ئاستی بینای سیمانتیکی پێشکەش بکات.»

ئەمەو ئەم تیۆرە تەواو ناسنامەی وشە، یان واتای وشە دەردەخات، لە بواری پزیشکیدا ئەو وشەیەی بۆ پزیشک بەکاردێ تەواو پزیشک دەنوێنێ و ناسنامە واتاییەکە و کارەکەی دیارە. بەواتای ئەوەی «پزیشک» بێت، نەخۆشەوان، نێرس، نۆژدار نییە.

**٢- لایەنە نێگەتیڤەکانی، یان کێماسیەکانی ئەم تیۆرە:** ئەم تیۆرەش چەندان کێماسی و کەلێنی هەیە. هەندێ وشە شیانی ئەوەیان هەیە هەر تەنیا لە کێڵگەیەکی واتایی نەبن و بەڵکو دەتوانن ببنە ئەندام لە کێڵگە واتایەکی تر. لە ئینگلیزیدا وشەی «Mad» هەر تەنیا بە «شێت» نایەت، بەڵکو لەهەندێ کۆنتێکستدا بەواتای «تووڕە»ش دێت، کەواتە وشەی «Mad» لەدوو کێڵگە واتایی «شێتی» و «تووڕەیی» دێت. ئەمەو یەکێک لە شەنگستەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە نابێ وشەیەک لە کێڵگەیەک زیاتر بێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی چەمکەکانی پێوەندیە واتاییەکان Sense Relations سنووری کێڵگە واتاییەک دەبەزێنن. لێرەدا توێژەر ناچار دەبێت کە تەنیا جەخت لەسەر یەکێکیان بکات و شەنگستەکانی ئەوی تر ببەزێنێ.

ئایچسن (١٩٩٣: ٨٣) نموونەیەکی تر لەو کەلێنانە دەهێنێتەوە کە دووچاری ئەم تیۆرە دەبێتەوە و دەنووسێ لەبواری شتە مردووەکاندا لە ئینگلیزیدا بۆ لاشەی مرۆڤی مردوو Corpse- کەلەش و بۆ گیانەوەر Carcase- لاک- کەلەخ» هەیە، بەڵام بۆ ڕووەکی مردوو هیچ وشەیەکی تایبەتی نییە. بێگومان لەکوردیدا وانییە. لەکوردیدا بۆ لاشەی مردوو «تەرم- کەلەش» بۆ گیانەوەر «لاک - کەلاک» بۆ ڕووەک «سیس - وەریو» هەیە. ئەو کێشەیەی زمانی ئینگلیزی لە بواری کێڵگە واتای خزمایەتی هەیەتی، لەکوردیدا بەتایبەتی لەکرمانجی سەروودا نییە.

هەرچی تێکچڕژان overlapping کێشەیەکی پڕ ئارێشەیە بۆ ئەم تیۆرە. ئایچسن (١٩٩٣: ٨٣) دەنووسێ وشەی مانگاو شازادە، پڵنگەمێ لە واتا تێکدەچڕژێن، چونکە هەر سێکیان یەک ئەدگاری سیمانتیکی کۆیان دەکاتەوە ئەویش «+ مێ»یەیە،

هەروەها هەر سێ وشەی «گۆڵک» و «تووتک» و «بەبە» یەک ئەدگاری واتاییان هەیە کەچی هەرسێک ئەندامن لە کێڵگە واتایی جودا، ئەویش ئەدگاری «+ گەنج»ە.

بەشێک لەو تێکچڕژانانە دەکرێ لە ڕێگای ئەوەی پێی دەوترێ Componential Analysis شرۆڤەکردنی بەشەکی چارەسەربکرێ. بە گوێرەی ئەم میتۆدە شیکاریە هەر وشـەیەک وەک فـۆنیم لە ڕووی واتاییـەوە لەچەند بەشـێکی سـەرەکی پێک هاتووە. جـا ئەگـەر چەند وشەیەکی کێـڵگە واتایی جودا لە ئەدگارێکدا هاوبەش بن، بێگومـان لە ئەدگـاری تر لەیەک جـودان، بەڵام ئەم ڕێبازەش، چونکە لەسنوورێکی تەسکدا کاری پێ دەکرا، نەیتوانی ئەم کێماسیەی تیۆری کێڵگە واتاییەکان چارەسەر بکات.

## ٦- تیۆری شیکاری Analytic Theory

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای پێوەندی و دەرفەتی سیمانتیکی لە وشە دەدوێت. توێژینەوە لە وشە لە سێ تەوەرەوە دەبێت.

**یەکەم**: شرۆڤەکردنی وشەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان

**دووەم**: شرۆڤەکردنی وشەکانی نێو پێوەندیە واتاییەکان.

**سێیەم**: شیکردنەوەی واتای وشەیەک لە سەر بنەمای پێکهێنەرەکانی Components، یان ڕەگەزەکانی عەبدولقادر ٢٠٠٢: ٥٦٠-٥٦١.

لەتیۆری کێڵگە واتاییەکاندا لە یەکە زمانەوانییەکانی ناو کێڵگەیەکی واتایی دوایین ئەوەمان ڕوون کردەوە کە چۆن وشە سەر بە کێڵگە واتاییەک دەبێ، بەڵام هەرکە پێوەندیە واتاییەکان وەک فرەواتایی، هاو واتایی، هایپۆنیمی و گرتنەوە و.. تاد توێژینەوەیان لەسەرکرا دەسەڵاتی وشە فراوانتر بوو. چەندان وشە هەن کە تەنیا لە کێڵگەیەک جێگیر ناکرێن.

هەرچی وشەکانی ناو پێوەندیە واتاییە فرە دال و مەدلوولەکانە، لەسەر بنەمایەکی هێمایی شرۆڤە دەکرێن. لە تیۆری ناولێنان و سێگۆشەی هێمایی لە جۆری پێوەندی نێوان دال و مەدلوول دواین.

بنەمای سێیەم شرۆڤەکردنی وشە لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانی، یان ڕەگەزەکانی. لێرەدا لە سێ پێکهێنەری ڕستەسازی Syntactic Component و واتاسازی Semantic Component و جیاکەرەوە، یان ڕوونکەرەوەی واتایی دەدوێین. پێکهێنەری ڕستەسازی تەنیا لە ئەرکی وشە دەدوێ. ئەمەش لەبواری واتاسازیدا هێندە بە گرنگ وەرناگیرێ، چونکە ئەو پێکهێنەرە تەنیا (بکەر) و (بەرکار) و (کردار)ی وشە لە ڕستەدا دەخاتە ڕوو. هەرچی بنەمای واتاییە، ئەوە ئەدگارە واتاییەکانی وشە دەردەخات وەک (+ نێر، + لاو، + مرۆڤ) هەرچی بنەمای سێیەمە ئەوە تەنیا واتایەکی تایبەتی وشە ڕادەگەیەنێ و تەنیا لە حاڵەتی هاوواتایی دەردەکەوێ.

ئەو سێ بنەمایە دەکرێ لەو ڕستانە شرۆڤە بکەین

١- ئازاد سێوێکی خوارد.

بکەر بەرکار کردار ــ پێکهێنەری ڕستەسازی

ئازاد (+ نێر، + ژیر + مرۆڤ)

سێو (+ مادده - ژیر - مرۆڤ) پێکهێنەری واتایی

٢- بەختەوەری و کامەرانی لە فەرهەنگی ئەودا نین.

هاو واتا (+ خۆشی و شادی) بنەمای سێیەم.

## ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

١- تیۆری ناولێنان تەنیا لە هەندێ ناو پەیڕەو دەکرێ. (دال و مەدلوول) (وشە و شت) تەنیا لەو بوارەدا یەکتر دەنوێنن، هەروەها هەندێ دەنگی سروشتیش ئەم ئەدگارەیان هەیە.

٢- تیۆری سێ گۆشەی هێمایی زۆر لەوەی یەکەم فراوانترە. لێرەدا پێوەندی نێوان فۆرم و واتا و وشە و شت ڕوون کراوەتەوە ئەوە دەرخراوە کە ئەو پێوەندیە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە چەمک، یان هزر وەک نێوەندێک دەردەکەوێ بۆ پیشاندانی سروشتی پێوەندیەکە. (وشە و هزر) و (هزر و شت) لە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆدان.

٣- تیۆری هۆشەکی جەخت لەسەر پێوەندی نێوان هۆش و جەستە دەکات. ئەوانە هەردووک کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە. هەر لەسەر بنەمای پێوەندی نێوان هۆش و جەستەوە پێوەندی نێوان هزر و وشە ڕوون کراوەتەوە.

٤- تیۆری ڕەفتارناسی تەواو ڕۆڵی هۆش فەرامۆش

دەکات. باوەڕی وایە کە پێوەندی نێوان هۆش و جەستە پێوەندیەتی تەواو میکانیکییە ئەوە ڕەفتارە نەک هۆش پێوەندی نێوان هۆش و جەستە دەردەبڕێ، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە وروژاندن، یان جۆشدان بنەمای بەرایین بۆ گەیاندنی پەیام، یان دروستکردنی بەرسڤ. وروژاندنیش خۆی ئاخاوتنە.

٥- تیۆری کێڵگە واتاییەکان لەسەر بنەمای پێوەندی و پەیوەستی چەند وشەیەکی لە یەک نزیک لە سیستەمێکدا دامەزراوە. بە گوێرەی ئەو تیۆرە واتای هەر وشەیەک لەهەر کێڵگەیەکی واتاییدا بە بەراورد لەگەڵ وشەکانی هەمان کێڵگە دەردەکەوێ. باوک. ئەوکاتە واتای پیاوێکی خاوەن منداڵ دەگەیەنێ کە لە کێڵگە واتایی تایبەت بە خزمایەتی بێت و ئەو کێڵگەیە کوڕو کچی تێدا بێت. ئەم تیۆرە لەبەردەم پێوەندیە واتاییەکان نەیتوانی بنەماکانی خۆی بپارێزێ.

٦- تیۆری شیکاری لەسەر سێ جۆری شرۆڤەکردن دامەزراوە. ئەم تیۆرە لە هەموو ئەوانی تر سەراتاپاگیرترە، بێجگە لەتیۆری ناولێنان دەکرێ زۆربەی ئەوانی تر لە کرۆکی ئەم تیۆرەدا بدۆزینەوە.

*** پرۆفیسۆری یاریدەدەر.**

**پەراوێزەکان:**

**١- دەقی هەر سێ پێناسە لە چەندان کتێبی مۆرفۆلۆژیدا هەن، ئێمە دەقەکانمان لە کتێبی An Intvoductory English Grammar بەشی words وەرگرتووە.**

**٢- سەیری ئایەتی و علم ادم... لەسورەتی (بقرة) بکە.**

**٣- ئەم جۆرە تابۆیە لە کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە. بۆ نموونە لەناو عەرەبەکان چەندان کەس ناوی«ثعلب» وثعلبة» و «کلب» و «کلاب»...تاد هەیە لەناو کوردانیش دیاردەیەکی تر هەیە چەندان کچ ناویان وەک «کاذبة» و «قارعة»، یان لێنراوە!**

**٤- (یاوەری دیاردەیی) Epiphenomentalism مەزهەبێکە باوەڕی وایە کە دیاردەی لاوەکی بەدوای دیاردەی ترەوە دێت، هەروەها لەو پەیدادەبێت.**

**٥- سادەکردن Reductionistn مەزهەبێکە هەوڵ دەدا ڕاڤەی دیاردە و بینا ئاڵۆزەکان بە تێرمی سادە بکات، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە کردە عەقڵیەکان لە ئاکامی یاسا فیزیاویەکان پەیدا دەبن.**

**٦- سنێکبێرگ (١٩٩١: ٨٨- ٨٩).**

**ژێدەرەکان:**


**1- Aitchson, J. (1993) Linguistics, London.**

**2- Cry stal, D.(1991) A Dictionary of Linguistics and phonetics. London.**

**3- Finch, G. (2005). Key Concepts in language and linguistics. New York.**

**4- Lyons, j. (1977). Semantics-1 . London**

**5- R. chards, J., Platt and Webber. (1989). Longman Dictionary of Applied Linguistics. Hongkong.**

**6- Steinberg, D.D. (1991). PsychoLinguistics. London.**

**7- West, f. (1987). The way of Language. London.**

**٨- خالد حربي ٢٠٠٣ الكندي و الفارابي رؤية جديدة.**

**٩- عبدالقادر عبدالجليل ٢٠٠٢ علم اللسانيات الحديثة.**

**١٠- سەلام ناوخۆش ٢٠٠٦ پوختەیەک دەربارەی زمانەوانی.**

# ڕۆڵی شۆڕشی پێوەندیکردن لە بەجیهانیکردنی ڕاگەیاندندا

**لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری**

شۆڕشی پێوەندیکردن، شۆڕشی ڕاگەیاندن، شۆڕشی زانیاری، تەکنۆلۆژیای نوێی پێوەندیکردن... تاد. ئەمانە هەموویان زاراوەی جۆربەجۆرن کە پێوەندییان بە تاکە چەمکێکەوە هەیە، ئەویش وەسفکردنی شارستانییەتی ئەمڕۆیە بە شارستانییەتی ئامیرە تەکنۆلۆژییە نوێیەکان، کە لە توانایاندا هەیە گۆڕان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بهێننە ئاراوە. ئەو چیرۆکە زانستییانەی کە تا ماوەیەک لەمەوپێش وەک چیرۆکی ئەندێشەیی باسیان لێوە دەکرا وا ئەمڕۆ بوونەتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر، لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنیکی ئەلیکترۆنی بەو شێوە سەرسوڕهێنەرەی ئەمڕۆ، ئەوا چاوان هەمیشە لەسەرقاڵبوونیان بەگەڕان بەشوێن زانیارییەکاندا بێدارن. زۆر پرسیار ورووژێنراون لەبارەی بەجیهانیکردنی ئەم شۆڕشەو ڕۆیشتنی بۆ ئەو میللەت و کۆمەڵگا جیاوازانەی لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوەو ناچارکردنیان بە تەسلیم بوون و گوێڕایەڵ بوون و پەکخستنی توانای کارلێککردن و کاردانەوەیان. ئایا مەبەست لە شۆڕشی پێوەندیکردن چییە؟ ئایا ئەمە شۆڕشی سێیەم، یان چوارەم، یان پێنجەمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا؟

بۆ دیاریکردنی مێژووی (شۆڕشی پێوەندیکردن)، دەبێ بگەڕیەوە سەر بەکارهێنانی وشەی (شۆڕش) بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی ڕاگەیاندندا، لە ڕاپۆرتێکدا کە لەلایەن (سیمۆن نورا) و (ئەلین ماین)ەوە پێشکەش بەسەرۆکی فەرەنسی (جۆرج بۆمبیدۆ) کرا، کە باسی لە بەستنەوەی تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەرو تەلەفۆن دەکرد وەک یەک ئامێرو بەستنەوەیان بە ئامێری دیکەی

کۆمپیوتەرەوە کە پێوەندییان بە مانگە دەستکردەکانەوە هەبێت، بە مەبەستی ئەنجامدانی پێوەندیکردنی خێراتر، ئەم پێکەوە بەستنەش بە (تێلیماتیک) ناوزەدکراو بە شۆڕشێکی پێوەندیکردن لە قەڵەم درا. (دانیال بل) ئەم شۆڕشەی بە شۆڕشی چوارەم دانا لە شۆڕشەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، ئەویش دوای شۆڕشی نووسین و چاپکردن، بەڵام بەلای خەڵکانێکی دیکەوە بە شۆڕشی پێوەندیکردنی پێنجەم لە قەڵەم دەدرێ، دوای چوار شۆڕشی بنەڕەتی وەک گەشەسەندنی زمان و نووسینەوەو هاتنەئارای چاپکردن لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەیەمدا بەهۆی داهێنانی کارەباو شەپۆلە موگناتسییەکان و تلیگراف و تەلەڤزیۆن و سەرەڕای وێنەی فۆتۆگرافی و سینەما، دواتریش پەیدابوونی ئێزگەو تەلەفزیۆن لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا. لەگەڵ هەموو شۆڕشێک لەم شۆڕشانەدا سیستەمێکی نوێی تەکنەلۆژیای پێوەندیکردن و زانیاری هاتە ئاراوە، ئەم شۆڕشەش گۆڕانی بەسەردا هات بەیەکگرتنی دیاردەی ئەو زانیارییە زۆرانەو پەرەسەندنی هۆیەکانی پێوەندیکردن و هەمەجۆرییان، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکاندا لە دوورەوە بە بەکارهێنانی زیرەکانەی مانگە دەستکردەکان و خێراتربوونی ڕاگەیاندنی گواستراوە، ئەمانەش هەموویان دەرگایەکی فراوانیان بۆ پێشکەوتن کردەوە.

(ئەلفین تۆفلەر) لە کتێبەکەیدا (شارستانی شەپۆلی سێیەم) باس لەوە دەکات کە مرۆڤایەتی تا ئێستا بە دوو شەپۆلی گەورەی گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە، کە هەریەک لەوانە شارستانییەت و کولتووری ئەوی تریانی سڕیوەتەوەو شێوە ژیانێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە کە لەوەو پێش کەس لە ئەندێشەیدا نەبووە، شۆڕشی یەکەمیان بریتییە لە (شۆڕشی کشتوکاڵی) کە مرۆڤایەتی بە درێژایی هەزاران ساڵ گەشەیان پێداوەو لەساڵی (١٨٠٠)دا کۆتایی پێهات، دوای ئەوە شەپۆلی دووەم دەرکەوت کە (سەردەمی پیشەسازی)یە و سێ سەد ساڵی خایاندو لەکۆتایی شەستەکان، یان سەرەتای حەفتاکاندا کۆتایی پێهات، شەپۆلێکی نوێ لە سەردەمێکی نوێدا جێی گرتەوە کە بە چەند شێوەیەک ناوزەد کراوە لەوانە (سەردەمی زانیارییەکان، سەردەمی شۆڕشی ژمارەیی (digital) سەردەمی زیرەکی دەستکردو سەردەمی ئەندازیاری بۆ ماوەیی.. تاد)، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم سەردەمە خێرا کامڵ بێ و زیاتر لەچەند دەیەیەک نەخایەنێ، چونکە وا دیارە مێژوو لەم سەردەمەدا زۆر خێرا تێپەڕ دەبێ. کەواتە ئەم سەردەمە کاریگەری لەسەر هەموو تاکێکی ئێمە دەبێت، خێزانەکان زیاتر لێک جیا دەبنەوەو بیرکردنەوەی ئابووری جیاواز دەبێت و ڕامیاری، بەهاو تیۆری خۆی دەگۆڕێ، کە سەرجەمیان ڕووبەڕووی هێزە پێشووەکان دەبنەوەو دەسەڵاتداران دەکەونە بەر مەترسییەوە، زەمینەیەکی لەباریش دێنێتەوە ئاراوە بۆ ململانێی هێزەکانی دواڕۆژ. مەبەستی (تۆفلەر) لە (شارستانییەتیی شەپۆلی سێیەم) کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری و زانست و زانیاری تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمەیە، ئەم تەکنیکانەش لە زۆر بواردا هەن بەتایبەتی لە بواری زانیاری و پێوندیکردندا ئەم شارستانییەتە نوێیە ئامێری ئەلیکترۆنی وای داهێناوە کە زۆر بە ڕێکوپێکی توانای بیستن و کارکردنی هەیە، بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ماڵەوە وای کردووە لە جیاتی ڕۆیشتن بۆ ئیش، یان بۆ کارگە مرۆڤ بە ئاسانی بتوانێ هەموو ئیشەکانی لە ماڵەوە ڕاپەڕێنێ.

بێ گومان پەیدابوونی ئەم شۆڕشە نوێیە ڕۆڵێکی مەزنی دەبێت لە گەشەپێدانی ئابووری جیهانیدا، هەروەها ئەم شۆڕشە توانای پێوەندیکردنی تاکەکەس زیاد دەکات و دەرەنجام هەموو کەسێک دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی جیاوازو سەربەخۆ. تا ئێستاش کاریگەری ئەم شۆڕشە ئەلیکترۆنییە نازانرێ لە ئایندەدا لەسەر کەسایەتی مرۆڤ چۆن دەبێ، چاوەڕوان دەکرێ ڕاوبۆچوونە جەماوەرییەکان بەرە بەرە لە داکشان بن و بۆچوونە تاکە کەسی و گرووپییەکان زیاتر گەشە بسێنن. دەرنجام هەمەجۆرییەک لەبیروبۆچوون و دروشم و بەهاکاندا لە هەموو کۆمەڵگایەکی سەر رووی ئەم زەمینە بێتە ئاراوە. (مارشاڵ ماکلوهان) کە لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە لەبارەی گەشەسەندنی شارستانی بەهۆی گەشەسەندنی ئامێرەکانی پێوەندیکردنەوە، لە کۆتاییدا توانی دەستەواژەی (دێیەکی جیهانی) بهێنێتە ئاراوە، کە زۆر لە شارەزایان ئەمە بە پێشبینییەک دادەنێن بۆ بەجیهانیبوونی پێوەندیکردن. ناوبراو ئەم دەستەواژەیەی لە ساڵی (١٩٦٤) داهێنا، دەتوانین بڵێین پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەبواری پێوەندیکردندا لە ئەنجامی کارلێککردنی سێ بواردا هاتۆتە ئاراوە:

١- بواری پێوەندیکردنی تەلدارو بێتەل.

٢- بواری ئامێرەکانی بیستن و بینین.

٣- بواری زانیارییەکان.

کارلێکردنی ئەو سێ بوارە بەهۆی پێنج فاکتەرەوە دەبێت:

١- هەوڵدان بۆ یەکخستنی بەکارهێنانی سیستەمی ژمارەیی لە تەکنۆلۆژیادا، هەروەها یەکخستنی هێما ئەلیکترۆنییەکان.

٢- پێشکەوتنی ئامێرە تەلدارو بێ تەلەکان و گەشەسەندنی تواناکانیان لە بواری گواستنەوەی زانیارییە جۆراوجۆرەکاندا وەک وێنەو دەنگ و دەق و بەیانەکان.

٣- بەکارهێنانی شاشەی تەلەڤزیۆن وەک ئامێرێکی هەمەجۆر کار ئەنجامدەر کە لە خزمەتی خەڵکدایە.

٤- بەهۆی چارەسەرکردن و خەزنکردنەوە دەتوانرێ هەموو جۆرە دەنگ و ڕەنگ و دەق و زانیاری جۆراوجۆر تێکەڵ بکرێ.

٥- هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕێژەی گفتوگۆو کارلێککردن لەنێوان خەڵک و ئەو ئامێرو دەزگا سەرەکییەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، بەم شێوەیە ئەم ئامێرە تەلەڤزیۆنییەی ئێستا دەبێتە ئامێرێکی فرە ئەرک ئەنجامدەر، هەروەها تۆڕی پەخشکردنیش بەرە بەرە دەبێتە تۆڕێکی ژمارەیی (digital) کە دەتوانێت زۆر ئەرک ئەنجام بدات.

کەواتە تەلەڤزیۆن دەتوانێ ڕۆڵی چەندان ئامێر ببینێ لە هەمان کاتدا وەک تەلەڤزیۆنی ئاسایی و سەتەلایت و ڤیدیۆ ئینتەرنێت و فاکس و سەرچاوەی زانیاری و تەلەفۆنی بینراوو ئیمەیل. ئەم کارلێککردنە تەکنۆلۆژیای تازەی هێنا ئاراوەو گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پیشەسازی پێوەندیکردن ئەنجام داو هەوڵی داوە ڕێکخستن و گونجاندنی شیاوتر ئەنجام بدا لەنێوان ئەو هەموو ئامێرانەی کە هەریەکەو ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات.

تەکنۆلۆژیای نوێ چاوەڕێی لێدەکرێ لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامێری پێشکەوتووترو جۆراوجۆرتر بهێنێتە ئاراوە کە تەکنیکی ژمارەی تێدا بەکاربێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو جۆرە زانیارییەکی نووسراوو بیستراوو بینراودا، ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە بووە هۆی پەیدابوونی ئەمانەی خوارەوە:

١- ڕێکوپێکی و چاکتربوونی ئامێری وێنەگرتنی ئەلیکترۆنی و چاکبوونی توانای خەزنکردن و چارەسەرکردنی.

٢- گەشەسەندنی ئامێرەکانی گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ بەهۆی تەکنیکە ژمارەییەکانەوە.

٣- بەهۆی پێشکەوتنی ئامێرەوە توانای پەخشکردن زیادی کرد، هەروەها ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکانیش لە زیادبووندایە.

٤- دوو کەس دەتوانن بەهۆی شاشەی تەلەڤزیۆن لە دوو شوێنی جیا لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکەن، هەروەها بینەر دەتوانێ هەر لە دوورەوە لەگەڵ دەزگای پەخشکردندا گفتوگۆ بکات و شت بکڕێت و فێریش بێت.

٥- ئەنجامدانی ئەرکی ئامێری تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەرو تەلەفۆن و فاکس بەیەک ئامێر.

٦- دەتوانرێ نووسین و وێنە لەگەڵ دەنگی بیستراو لەهەمان کاتدا پەخش بکرێ.

ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە لە بواری پێوەندیکردندا گۆڕانکاری زۆر خێرای هێناوەو دەهێنێتە ئاراوە، بەشێوەیەکی وا کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەمەوپێش بەخۆوەی نەبینیوەو هەموو ئاستێکی ڕامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری و سەربازی گرتۆتەوە. تەکنەلۆژیا تەنیا بریتی نییە لەو ئامێرو کەرەستانەی کە دروست کراون، بەڵکو توانیویەتی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی نوێ بێنێتە ئاراوە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خەڵک بەرەو گۆڕان ببات. زانیاری و زانست بوونەتە گرنگترین سەرچاوەکانی هێزی ڕامیاری و ئابووری و سەربازی، کە بە هۆیانەوە وڵاتان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ، لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن و بیروباوەڕی خۆیانی پێ باڵا دەست دەکەن بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییان، کەواتە (هێز زانیارییە) وەک (میشێل فوکو) دەڵێ، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و سەرمایە تەواوکەری یەکترن، دەتوانین ئەمە بە ڕوونی لە بۆچوونەکانی ئەمریکادا ببینین لەم بارەوە، دوای سەرکەوتنی سەرۆکی ئەمریکی (بیل کلنتۆن) بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ جاری دووەم لە نەوەدەکاندا، بایەخێکی زۆر درا بە بواری پێوەندیکردن و پلانی تایبەتی بۆ دارێژرا لەژێر ناونیشانی (N.I.I)، ئەم سیاسەتە ئابوورییە نوێیە چاوەڕێی قازانجی زۆری لێدەکرا، کە دەتوانێت گرفتی چاودێری تەندروستی و چاکسازی بەرنامەکانی پەروەردەو فێرکردن چارەسەر بکات، سەرەڕای بەهێزکردنی باڵادەستی تەکنەلۆژیای

ئەمریکی لەسەر ئاستی جیهاندا. جێگری سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا (ئەلگۆر) کە خۆی پسپۆرە لە بواری زانیاری و پێوەندیکردندا، ڕاپەڕاندنی ئەم بەرنامەیەی گرتە ئەستۆ کە ڕەزامەندی لەسەر درابوو وەک بەرنامەیەکی ستراتیژی. دەیان بلیۆن دۆلار لە بواری پێوەندیکردندا خرایەگەڕو کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینی، هەروەها وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەمان پرۆژەیان گرتە بەر کە (٨٠) ملیارد دۆلاری تێچوو، لە هەمانکاتدا وڵاتە دەوڵەمەندەکان (٤٠٠) ملیارد دۆلاریان لەم بوارە خستەگەڕ.

بەم شێوەیە شۆڕشی پێوەندیکردن، بەجیهانیبوونی گەیاندۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ، وەک دیارە هێزی ئابووری تەکنۆلۆژی بەشێوەیەکی نایەکسان لەنێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمدا دابەش بووە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو ژاپۆن بەگشتی بەشی شێریان هەیە لە دروستکردن و سوودوەرگرتن لە ئامێرەکانی زانیاری و پێوەندیکردندا، وەک لە بەیانەکانی (ڕێکخراوی هاریکاری و ئابووری و گەشەسەندن- OECD)دا هاتووە، ڕێژەی خستنەگەڕی سەرمایە لەبواری تەکنۆلۆژیای زانیاری لە ئەمریکا گەیشتۆتە (١٢٪)ی سەرمایەی وەبەرهێنراو لەو وڵاتەدا، لە کاتێکدا ڕێژەکە (٨٪)ە لە بەریتانیاو ژاپۆن و کەنەدادا، (٦٪)ە لە فەرەنسا لە ساڵانی هەشتادا. هەندێ لە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سەرمایەی وەبەرهێنراوی هەندێ کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتی لە بواری (تەکنۆلۆژیای زانیاری) و (بەرنامەکان)دا و لە (١٠) ساڵی سەرەتای هەزارەی نوێدا، زیاتر دەبێت لەسەرمایەی وەبەرهێنراو لەبواری ئامێرو کەرەستەی دیکەدا. بەهۆی ئەمەشەوە بوو ململانێی گەورە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کۆمەڵەی ئەوروپی بەسەرکردایەتی فەرەنسا ڕووی دا لە میانەی واژۆکردنی کۆتایی لەسەر ڕێکەوتننامەی (GATT) لە ئاداری ١٩٩٤.

لە ڕووی خاوەنداریەتی بیری و ڕۆشنبیرییەوە، کۆمەڵەی ئەوروپی وای بۆ دەچێ، باڵادەستی ڕاگەیاندنی ئەمریکی لەگەڵ بە جیهانیبوونی ڕاگەیاندندا، بە واتای لەناوچوون و پاشەکشەکردنی بیری ڕەخنەگرانەو لەناوچوونی ناسنامە دێت بەتایبەتی ناسنامەی ئەوروپی لە بەرانبەر هێرشی ڕاگەیاندن و کولتووری ئەمریکیدا، بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی کۆنتڕۆڵکردنی تەواوی هەموو جیهان و میللەتان بەهۆی ڕۆڵی مەزنی مانگە دەستکردەکانەوە، وەک بیرمەندی فەرەنسی (پۆڵ ڤیریلیۆ) دەڵێت: «ئەوەی کە ناسنامەی ئەوروپی دەخاتە بەر هەڕەشەوە برتییە لە بەجیهانیبوون، ئەم وشەیەش بە ئەمریکاریی بوون و لیبراڵبوون دەگەیەنێ، کە بەهۆیەوە هەوڵ دەدرێ بۆ سڕینەوەی کولتوورەکانی دیکەو توانەوەی کولتوورە بچووکەکان و نەهێشتنی تایبەتمەندی و ناسنامەکان و دروستکردنی جیهانی بێ کولتوور». ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پشتەوەی ئەم ململانێیەدایە کە بەهۆی کۆمپانییەکانیەوە سێ لەسەر چواری بەرنامەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا پەخش دەکات، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەوەی وەریدەگرێ ناگاتە (٢٪). لە ساڵانی نێوان ١٩٨٥- ١٩٩٤ هاتنە ژوورەوەی فیلمەکانی ئەمریکا بۆ پازدە وڵاتەکەی ئەوروپا لە (٤٠٠) ملیۆن جار بۆ (٥٥٠) ملیۆن جار زیادی کردووە، بەمەش ڕێژەی فیلمی پیشاندراوی ئەمریکی لە (٥٦٪) بۆ (٧٦٪)ی زیادی کرد. لە لایەکی تر کێبڕکێی ڕاگەیاندنی ئەمریکی بەرهەمە بیستراو و بینراوەکانیشی گرتۆتەوە، ئەوروپا هەموویان پێکەوە دەرامەتێکی کەمیان هەبووە لەم بوارەدا کە گەیشتە چوار ملیارد دۆلار لە ساڵی ١٩٩٥دا. بێ توانایی ئەوروپا لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٩٢دا بایی (٢٥٠) ملیۆن دۆلار بەرهەمی بیستراوو بینراویان بۆ ئەمریکا ناردووە لە کاتێکدا بایی (٣٧٥٠) ملیۆن دۆلاریان لێوەرگرتووە.

ئەگەر مەترسییەکانی بەجیهانیبوون بەو شێوەیە بێ بۆسەر وڵاتە پێشکەوتووەکان وەک وڵاتە ئەوروپییەکان، کەواتە چاوەڕێی مەترسی لە ڕادەبەدەری لێدەکرێت لەسەر جیهانی سێیەم، مەترسی بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن لەوەدایە ئایدۆلۆژیەتێکی ئیمپریالی لە پشتەوەیە، لە لایەکی تر پێکهاتەی ئامێرەکانی پێوەندیکردنیش مەترسی خۆی هەیە، خاوەن شتوومەکە وێنەییەکان تەنیا لە هەوڵی ئەوەدان شتومەکەکانیان بە زووترین کات و بەزۆرترین قازانج بفرۆشن، بازرگانی ڕۆشنبیریش لەم پرەنسیپە بەدەرنییە، هەرچەندە گەر بێ ناوەرۆکیش بێت. تەنیا ئەرکیشی بریتییە لە پڕکردنەوەی کەناڵەکانی ئاڵوگۆڕو پەخشکردن لە میانەی بەکارهێنانی وشەو دەنگوڕەنگ، ئەمەش بە ڕوونی لە بواری تەلەڤزیۆن و

سینەمادا بەرچاو دەکەوێت، کە بەرهەمە هونەرییە ئاست بەرزەکان ڕوو لە بێ بازاڕین، نرخی کاسێتیش تەنیا بەوە دادەنرێ کە ئایا تا چ ڕادەیەک دەستکەوتی ماددی تێدایە، یان بینەری هەیە. بەجیهانیبوون لە هەوڵی دروستکردنی یەک کولتوور دایە کە جیهان هەمووی بەرێوەببا ئەوەش بە بەکارهێنانی ئامرازی ئابووری پێوەندیکردنەوە، چونکە بە جیهانیبوون لە هەوڵی لەناوبردنی دژەکەیدایە، هەمیشە پلان بۆ کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی کولتووری بەرامبەر دادەڕێژێ، بەو پێیەی جیاوازی کولتووری دەبێتە تەوەری ململانێی ئایندە.

یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتە پێکهاتەییەکانی بەجیهانیبوون بریتییە لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی شێوەی بیرکردنەوەو شیکردنەوەو بۆچوونی خەڵک، یان ئەوەی کە پێی دەڵێن (ئەندێشە) کە بە ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دەربڕینی هەموو مرۆڤێک بۆ خودی خۆی و ژیان و بوونی، هەرکاتێک کۆنترۆڵی ئەندێشەی مرۆڤ کرا ئەوا ئەو مرۆڤە بەشێوەیەکی ناتەواوو کۆنترۆڵکراو کەسایەتی خۆی دەردەبڕێت، نەخاسمە (بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن) بەهۆی تەکنۆلۆژیای پێوەندیکردنەوە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی (پرەنسیپی لێکچوون) و پاراستنی ئەو پرەنسیپەیە، بۆ ئەوەی ببێتە واقعێکی حاشا هەڵنەگرو کۆمەڵگا بگۆڕێت بۆ پارچەیەکی هەمان شێوە. کەواتە (بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن) ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١- کۆنترۆڵکردنی ئەندێشەی کۆمەڵ، ڕاگەیاندن و تەلەڤزیۆن کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر چینی منداڵ و هەرزەکار، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی ڕەفتاریان، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو چینێک زیاتر لە لایەن شارستانیەتییەکانی دیکەوە کارتێکراون. چینی هەرزەکارو لاو کە زیاتر بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن لە هەوڵی کارتێکردنیانە، ناتوانێت خۆڕاگر بێت بەرامبەر هێرشی ڕاگەیاندن، هەروەها ناتوانێت خۆی بپارێزێت، لە ئەنجامدا دەبێتە خاوەن هەڵوێستێکی لاوازو نەرێتییانە، کە وای لێدەکات ناچاربێ شێوەی ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت بەو شێوەی کە ئەو ڕاگەیاندنە دەیەوێ.

٢- داڕشتنی ژیانی ڕۆژانە بەشێوەیەک کە ڕوو لە گۆڕان نەبێت، ئەویش بە بەتاڵکردنی مێشکی خەڵک، ئەم جۆرە داڕشتنە ئاڵۆزی و مەترسی خۆی هەیە، چونکە لە هەوڵی بەتاڵکردنی شێوەی بیرکردنەوە کولتووری میللەتانە لەڕێی جەختکردنە لەسەر شتی بێ بایەخ و بایەخ نەدان بەهیواو ئاواتە مرۆڤایەتییە سوودبەخشەکان، جێی سەرسوڕمان نییە گەر بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندنی ئەمریکی و ئەوروپی ببینین جەختی زیاتر دەکەنە سەر کێشەی توندوتیژی لەنێوان دراوسێ و کێشەی کوشت و بڕین و تاوانی ڕێگەوبان و ژن خواستی میرو دەوڵەمەندەکان و بابەتەکانی گواستنەوەی یاریزانەکان لەنێوان تیمە ئەوروپیەکانداو بڕی ئەو پارەیەی کە وەریدەگرن. بەرامبەر بەمەش کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی پشتگوێ دەخەن، سەرەڕای پشتگوێ خستنی بەهاداری شتە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی و دابونەریت و ڕەفتارە ئاینی و ڕەوەشتە بەرزەکانی میللەتان، هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە داڕشتنی ژیانی ڕۆژانەی میللەتانداو گۆڕانی بایەخیان و گۆڕینی ئاستی مرۆڤایەتییان.

٣- ئەرکی دیکەی بەجیهانیکردنی ئەندێشە بریتییە لە داڕشتنی هەستی مرۆڤایەتی و کۆنترۆڵکردنی بەو شێوەیەی کە دەیانەوێ، بۆیە دەبینین مردنی شازادە (دیانا) جێی بایەخی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بوو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، کە گرنگی و بایەخی زیاتری پێدراو لەو شەڕە ناوخۆیی و ڕەگەزی و تیرەیی و برسێتییانەی کە لەسەرتاسەری جیهاندا ڕوودەدەن. کەواتە کۆنترۆڵکردنی هەستی مرۆڤایەتی و بەرنامەکردن و گرنگی پێدانی، کۆنترۆڵکردنی ئەندێشەی کۆمەڵەو لە ئەنجامدا کۆنترۆڵکردنی کولتووری میللەتانە.

٤- ئەنجامێکی دیکەی بەجیهانیبوونی کولتووری بەشێوەیەکی گشتی و بەجیهانیبوونی ئەندێشەیی بریتییە لە پشتگوێ خستن و بێ بەها دانانی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و داهێنراوە مرۆڤایەتییەکان کە دەرامەتێکی ماددی زۆریان لەدواوە نییە، بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، هەموو داهێنانێک کە بەشێوەیەکی کەم، یان زۆر پێوەندی بە بازاڕەوە نەبێت، ئەوا بەبێ بەهاو بێ سوود لە قەڵەم دەدرێ.

٥- بەکارهێنانی بواری هەستی لە گفتوگۆکردنی ڕاگەیاندندا بالادەست بووە بەتایبەتی وتووێژکردنی نێوان کۆمەڵگەی پیشەسازی، لە جیاتی چەمک و بیروبۆچوونەکان بۆ پێوەندی و گفتوگۆکردن شتومەکەکان بەکاردێنن، کەرەسەی جوانکاری و خۆڕازاندنەوەو جلوبەرگ لە جیاتی باسکردنی جوانی ئافرەت و مێیەتی

بەکـــاردەهێنرێ، هەروەها ئەو جـــۆرە دەربڕینە دەتوانێ پێـــوەندیکردن دروست بکات لەنێـــوان ژن و پیـــاوداو پێوەندی سۆزی و جوانی دەرببڕێت.

٦- پرسەکە تەنیا بەکارهێنانی شتومەکەکان نییە، بەڵکو گەیشتۆتە ڕادەیەک کە هەوڵی گۆڕینی بەهاو دابونەریتە کولتوورییەکانی هەموو کۆمەڵگایەک دەدرێ، سینەماو تەلەڤزیۆن و یاریگاکانی تۆپی پێ بەرەبەرە خەریکی گۆڕانی بیروبۆچوون و بەهاو دابونەریتەکانن کە کۆمەڵگاکان لەسەری دەڕۆن.

کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە شۆڕشی تەکنەلۆژی هەموو قۆناغەکانی پێوەندکردن و ڕاگەیاندنی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەویشەوە بەجیهانیبوون گەیشتۆتە ئەم پلەوپایەو کاریگەرییە، چونکە ڕۆڵی ئەم شۆڕشە ڕوون و ئاشکرایە لەسەر کۆکردنەوەی ماددەی ڕاگەیاندن و چارەسەرکردن و بەرهەمهێنانی و دواتر پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی، بەڵکو شێوەو جۆری گوێگرتن و تەماشاکردن و مامەڵەکردنیش لەگەڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن گرتۆتەوە، ئەم هۆیانەی کە بارودۆخ و شێوەی ئیشکردنی گۆڕیوە، هەروەها شێوەو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانیش کە پێیدا تێپەڕ دەبێت ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە، ئایا هاوولاتی لە جیهانی سێیەمدا چ باجێک دەدات لە ئەنجامی کاریگەری ئەو هەموو ئاراستەکردنەی کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدەن لە هەموو کات و ساتێکداو لە ژێر چەندان ناونیشاندا. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە زانیاری و ئامێرەکانی بیستن و بینین و پێوەندیکردن کە کۆنترۆڵی هەموو گۆڕانکارییەکی سەدەی بیست و یەک دەکەن. لێرەشدا هێزی دەوڵەت و کۆمەڵگاکان دەردەکەوێت بەگوێرەی توانایان لە پەخشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکاندا، چونکە زانیاری دەبێتە وزەیەکی ستراتیژی کە پێشی نەوت و هێزی پیشەسازی دەکەوێت.

**سەرچاوە:**

**العولمة الاعلامية، د. مؤيد عبدالجبار الحديثي، عمان، ٢٠٠٢.**

# ڕوانینێک له ڕۆشنبیری دانیشتوانی ئوستانی ئیلام

له فارسییەوە: عەباس سلێمان سمایل

**(١) پێشەکییەک بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ئوستانی ئیلام**

**أ- هەڵکەوتی جوگرافی، سنوور، فراوانی:**

ئوستانی ئیلام لەخۆرئاوای ئێران لەنێوان ٣١ پلەو ٥٨ پلە تا ٣٤ پلە و ١٥ دەقیقەیە پاتی باکووری ٤٥ پلە و ٢٤ دەقیقەیە تا ٤٨ پلە و لە دە دەقیقەیی هێڵی درێژی ڕۆژهەڵات دەبێتە نیوەڕۆی گرینویچ.

فراوانی ڕووبەرەکەی ١٩٠٤٤کم چوارگۆشەیە، لە باکوور ئوستانی کرماشان، لە خۆرئاوا وڵاتی عیراق، لە باشوور بەشێکی ئوستانی خوزستانە و بەشەکەی دیکەی وڵاتی عیراقە، لە خۆرهەڵات ئوستانی لوڕستانە.

بەدرێژایی ٤٢٥کم هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی عیراق ماوەی نێوان شاری ئیلام و تاران ٥٧٣٣کم، نێوان ئیلام و کرماشان ٢٠٨کم، دووری لەگەڵ خوڕەم ئاباده ٤٠٥کم، دووری لەگەڵ ئەهواز ٥١٥کم، لەگەڵ قەسری شیرین ٢٤٧کم، تا ئیسلام ئابادی خۆرئاوا ١٣٤کم، تامێهران ٢٤٧کم تا دێهلوران ٢٣١کم، تا دەشتی عەباس ٢٩٩کم، تاجسر نادری ٣٣٩کم، تا ئەندیمشک ٣٦٠ کیلۆمەترە.

**ب- بەرزاییەکان:**

ئوستانی ئیلام بێجگە لە بەشی سنووری، بەشێکی فراوانی لوڕستانە، چیاکانیشی بە شێوەیەکی گشتی کەوتوونەتە لای باکووری خۆرئاوا و باشووری ڕۆژهەڵاتی، ئەم چیایانە پەیوەستن بەیەک دەوراتی زەوی ناسی و زۆربەیان لەسەدەی، یان لە قۆناخی سێیەمی دروستبوونی زەوی دروست بوون و بەشێوەیەکی تەریب هاوتای کەنارن.

زنجیرە چیای سەرەکی و بنەڕەتی لوڕستانن و تەریب

لەگەڵ ڕۆخانەی ڕاستی ڕووباری سیمرەیە و دیوارێکی بڵندی پێک هێناوە، زنجیرە چیایەکەی دیکە (کە پیرکوە)یە کە بە تەواوی، یان بەدرێژایی ئەم ئوستانە درێژبووەتەوە.

بەشێوەیەک ئەو ناحیانەی کە کەوتوونەتە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی پیشکوە و ناحیەکانی کەوتوونەتە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای پشتکوە بە (ئیلام) ناویان هاتووە. لە هەرێمی ئیلام دەشتی کەم فراوان هەیە، لە هەموویان گرنگتر دەشتی شەهرستانی ئیلامە، کە دەشتی ئیلام، هەیوان، شیروان، چرد ئەوەل و هلیلان دەگرێتەوە، دەشتەکانی دیکەی ئەو هەرێمە بریتییە لە: ساڵح ئاباد، مێهران، موحسن ئاباد، دێهلوران، موسیان و دەشتی عەباس کە لەو جۆرە دەشتانەن لە ئەنجامی داماڵینی زەوی و نیشتنەوەی دروست بووینە.

**ج- ئاووهەوا:**

ئوستانی ئیلام لە نیگای ئیقلیمی بەشێکی ناوچەی گەرمەسێری ئێرانە، بەڵام کاریگەری بەرزبوونەوەی پلەی گەرما گرنگی هەیە لە ڕێکخستن و ڕەوشی ئیقلیمی و پلەی گەرمایی خۆجێی هەیە.

دوندی بەرزی کوێستانەکانی کە پیرکوە و سەردەسێرەکانی بەلای کەمی ١٤ پلەی ژێر سفر تۆمار دەکات.

لەناوچەکانی کەم بەرزی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا، کە دەشتەکانی گەرمەسێری مێهران، دێهلوران و دەشتی عەباس دەگرێتەوە کە بەرزاییەکانیان لە ٣٠٠م کەمترە لە ڕووی دەریاوە هەوا بە لای گەرمی دایە.

لەهاوین بای گەرم و سووتێنەری باشووری ڕۆژئاوایی کە لە عەرەبستانەوە هەڵدەکات، هەوا زۆر بەتوندی گەرم دەبێت و پلەی گەرمایی لە ٤٦ پلەی سەرەوەی سفر تێدەپەڕێت، بەڵام لە زستان هەوا مام ناوەندییە.

ناوچەکانی ناوەڕاست کە بەرزاییەکانی دینارکوە دەگرێتەوە ئاووهەوایەکی جۆراوجۆری هەیە و گەرمەسێر و مام ناوەندییە و بەلای کەمی لە زستان پلەی گەرما دەگاتە ژێر سفر.

**د. ڕووبارەکان:**

بەهۆی هەبوونی چیای بەرز و داپۆشراو بە بەفر بارینی بارانێکی زۆر لەناوچەکە دەبێتە هۆی سەرەوژێر بوونی بەشێکی زۆر لەئاوەڕۆکان بەشێوەی لافاو و ڕووبار دەگاتە دەشتە نزمەکان.

گرنگترین ڕووبارەکانی ئوستانی ئیلام بریتییە لە: سیمرە (=گاماساب، کەرخە)، گدارخوش، کنجان جەم، چنگولە، میمە، دوبر، گاوی.

**هـ- ڕابردووی مێژوویی و دابەش بوونی سیاسی:**

ڕابردووی مێژوویی ئیلام زۆر کۆنە و بەشێکی کۆنترین ناوچەکانی دیرۆکی ئێرانە و دانیشتووانی سەرەتایی ئەم ئوستانە لەهۆزانی ڕاوچی و مەڕدار پێک دەهات، کە بەشێوەیەکی ئیشتراکی و کۆلخۆزی دەژیان.

لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی بەدەست هاتووە ٨,٠٠٠ پ.ز ماسیذات (= پشتکوە= ئیلامی ئەمرۆ) یەکێ لە ویلایەتەکانی ئێرانی کۆن دەژمێردرا و لە ساڵی ٦٤٠ پ.ز کە دەوڵەتی هەخامەنیشی هاتە سەرکار- ماسیذات، لوڕستان و خۆزستان بەناوی ئوج، یان سوزیانا ناوی دەهات و سێیەمین ویلایەت بوو لە ٣٦ ویلایەتی ئەم زنجیرەیە.

ماسیذات لەسەردەمی ئەشکانیاندا لەگەڵ لوڕستان ویلایەتێکی والی نشین بووە.

دانەری مێژووی یاقوبی لە باسکردنی ئوستانەکانی ساسانی ناوی دوو ناوچەی گرنگی ئیلام بەناوی ماسیذات و مهرجاقذق کە لەسەردەمی ساسانیان بەشێک بووینە لە ئوستانی قەهستان ناو هێناوە لەو سەردەمەی کە ئێران لەلایەن عەرەبەوە داگیر کرا، ئیلام و لوڕستان بەشێک لە ئیالەتی جبال، یان کوهستان بووە، لەکاتی لەناوچوونی ساسانیان تا دروست بوونی دەوڵەتی سەفەوی لە دابەش بوونی وڵاتی ئێران لەوانە داگیرکرانی ئیلام گۆڕانی بەسەرداهات. لەسەردەمانی سەفەوی دابەشبوونێکی نوێ لەوڵاتی ئێرانە ڕوویدا و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی وەک: ئەفشاری، زەندی و قاجاری، زیاتر کاریان بەڕێکی بەڕێوە دەبرد و دەرباز دەکرد. ئیلام لە ساڵی ١٣٤٣ تا ساڵی ١٣٥٢ خورشیدی لەشێوەی فەرمانداری بەڕێوەبردن بوو، دواتر بوو بە ئوستان، لەسەر بنەڕەت و دانانی دوایین دابەشبەندی وەزارەت لە ساڵی ١٣٦٥ خورشیدی و دابەش بوو بۆ ئوستانەکانی یەک لەوانە ئیلام بوو کە بۆ یەکەم جار بوو بە ئوستان و (٥) شەهرستان و ١٣ بەخش و ٤١ دەهستان و دەوروبەری ٨١٩ گوندی خرایە سەر.

حوسێن قولی خانی والی پشتکوە لە شاری ئیلامی ئەمرۆ و شوێنی نیشتەجێ بوونی، خانووی خانەدان و

ئۆردوگا و باڵەخانە و پارک (حەرەمسەرا و شوێنی ژیانی والی) تێدا دروست کرد و کردبوویە ناوەندی والیاتی هاوینەی پشتکوە.

ساڵانێک بوو ئەو شوێنە بەناوی (حوسێن ئاباد)ی والی ناسرابوو.

لەمانگی خورداد ساڵی ١٣١٥ خورشیدی لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزا شا ناوی حوسێن ئاباد بە ئیلام گۆڕدرا و کرا بە ئوستان.

بە گوێرەی سەرژمێری میهرماه ساڵی ١٣٦٥ خورشیدی ژمارەی دانیشتووانی ئیلام ٣٨٢٠٩١ کەس بووە، لەوسەرژمێرییەدا (١٥٦٦٥٨) کەس دانیشتووانی شار و ٢١٢٠٩٢ کەس دانیشتووانی گوند و هۆزەکانی پێک دەهێنێت.

**(٢) سەرنج و ڕوانین لە ڕۆشنبیری مرۆڤی ئیلام**

**أ- خو و ڕەوشت و دابونەریت**

زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن هەمیشە کۆمەڵگا پەیوەستە بە دابونەریت و ئادابەکەی. ئەگەر لە مێژووی دێرینی ئەم ناوچەیە بکۆڵرێتەوە، لە هێرشی درندانەی داگیرکەران ڕوون دەبێتەوە کە هیچ یەک لە گەلانی جیاجیا نەیانتوانیوە دابونەریت و خووڕەوشتی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەناوبەرن، ئیتر گەلانی ئوستانی ئیلام بە ڕەسەنی ماونەتەوە و لە زۆر کۆنەوە خۆڕاگر بووینە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئاستەنگێک، هەروەها لە سوخەتەکانیاندا میوانپەروەر و جەنگاوەر و بنیادنەر و ڕاستگۆیی و دەمارگیری مەزهەبیان هەیە.

خەڵکی ئیلام زیرەک و هۆشیارن و لەتیرەندازی و ڕاووشکار و پیادەڕۆیی بێ قسورن، زۆربەی ژنان و پیاوانیان لەش و لارێکی بڵند و ڕێکیان هەیە و جووتیاری بە توانان.

**ب- ئایینەکان:**

لە داب و نەریتەکانی ئەم ناوچەیە کە لەسەدەکانی پێشوو هەیانبوو ڕێزگرتن بوو لە ئاگری نەورۆز و ئاگر کردنەوەی شەوی ئاتەش ئەفروزی چوار شەممە سوورەیە، لەکۆتایی چوارشەممەی هەر ساڵێک دانیشتووانی ئیلام بە منداڵان و گەنجان بە ئەدەبیاتی تایبەتیان و کۆکردنەوەی پووش و سووتەمەنی لە چەند شوێنێک ئاگر دادەگیرسێنن و لەسەری بازدەدەن و دەڵێن سۆری تۆ بۆ من، زەردی من بۆ تۆ، ئەمە چەند جارێک دووبارە دەکەنەوە و بەهەلهەلە و شادی پێشوازی لە نەورۆز دەکەن، تاکو ئەمڕۆش ئاگر ڕێزی هەیە لە ناوچەی پشتکوە (ئیلام) و ئاویش بە ئاگر و ئاگردان داناکەن، مەگەر گەورەی خێزان پف لەئاگر بکات بۆ کوژاندنەوەی، هەروەها سوێند بە بڵێسەی ئاگر و ڕووناکی چرا دەخۆن زۆر بەخۆشحاڵی پێشوازی لە جەژنە ئایینیەکان و جەژنە دێرینەکان دەکەن و یادیان دەکەنەوە.

**ج- هەندێک لەبیر و باوەڕەکانی دانیشتووانی ئیلام**

هەر بەیانییەک خۆر لەچاڵێک لە ڕۆژهەڵاتەوە دێتە دەر و لەچاڵێک لە ڕۆژئاوا دەڕواتە خوارێ، ئەم دووچاڵە یەک ڕێگایان هەیە. خۆر ئافرەتە و ئافرەتیش نابێ نامەحرەم بیبینێ جا بۆیە خۆی وا ڕۆشن کردووە کە کەس نەتوانێ سەیری بکات.

لەبارەی سەرەتای دروست بوونی ئاسمان و زەوی، سەرەتا زەوی لە ئاسمان نزیک بووە، لەدوای چەندین سەردەم پیرەژنێک کە خەریکی نان کردن بوو دەستی لە هەیڤ دا و بە نەرمی لەگەڵی جووڵایەوە و جێگای پەنجەی پیرە ژن لەسەر ڕووی مانگ بەجێما و ئاسمان ئازاری خوارد و دوورکەوتەوە لە زەوی. خۆر و هەیڤ دوودڵیان هەیە، کاتی بەیەک گەیشتنیان لەکۆتایی هەر مانگێکە و لە دەریا دێنە دەرەوە و لەدەریا ئاوادەبن.

زەوی بەلای ئیلامییەکانەوە وەک ئاسمان حەوت چینە و لەسەر شاخی گاو چیا وەستاوە، گا لەسەر پشتی ماسی و ماسی لەناو ئاوە، هەر کاتێک گایەکە نەخۆش بکەوێت زەوی لەسەر قۆچی گایەکە دەجووڵێت و شاخ بەشاخ دەکەوێت و لەرزینی زەوی ڕوودەدات.

پێشبینی بوومەلەرزە لە نائارامی ئاژەڵ و باڵندان دەزاندرێت، ئەو بیروڕایە تایبەت نییە تەنیایە ناوچەیەک لە ئەدەبیاتی فارسی لەم جۆرە نموونانە زۆر دەبیندرێت، لەوانە نیزامی گەنجەوی دەڵێت:

**زمین زیر عنانش گاوریش است**
**وگرچەهم عنان گاو میش است**

ئەگەر لەسەر ڕێگای ڕاوچی قەل بخوێنێت، لەو بڕوایەدان کە ڕاوچی بەدەستی پڕ لە نێچیر دەگەڕێتەوە، ئەگەر ڕاوچی لە ڕێگا کەروێشکی بینی، ئەوا بەدەست بەتاڵی دەگەڕێتەوە، ئەگەر ڕاوچی لەڕێگا ڕێوی، یان قەلی بینی بەرەکەتە و ئەوا ڕاوچی بەدەستی پڕەوە دەگەڕێتەوە.

درەختی هەنجیر و زەیتوون هەردووکیان پیرۆزن بە هەشتین و نابێت ببڕدرێن، داردەستی خدری پێغەمبەر لەداری زەیتوون بووە. درەختی هەنار بە هەشتییە و میوەیەکی پیرۆزە، خواردنی هەنار پاداشتی هەیە هەنار برسی تێردەکات و تێر برسی دەکات لەخێری هەناری شەوی هەینیان مردووان سوود وەردەگرن دانیشتوانی ئیلام لەو باوەڕەدان ڕۆژانی چوارشەممە ڕۆژێکی باش و پیرۆزە، دەڵێن لەو ڕۆژەدا چوار بەردی جیهان واتە پایەی جیهان تەواو بووە.

هەروەها دەڵێن ئەگەر کارێک ڕۆژی شەممە دەست پێ بکەین تا کۆتایی هەفتە کۆتایی نەیەت بەهۆی پیرۆز و بەهای ڕۆژی هەینی دەبێت تەواو نەکەیت و ڕۆژی شەممە تەواوی بکەیت. ڕۆژەکانی سێزدەیەم و بیست و چوارەم و بیست و پێنجەمی هەر مانگێک بە بەدوشووم دەزانن، خێرات و میرات و یارمەتی دانی هەژاران و پاکی، لە خوو ڕەوشتی دێرینەی سەرجەمیان دەژمێردرێت. لەبیروباوەڕەکانیان ئەگەر قەل لە سەربان خوێندی، بەڵگەی هاتنی میوان، یان نامەیە، هەروەها ئەگەر مریشک، یان کەلەشێر لەناوەخت خوێندی، ئەوا پەسند نییە و پێویستە سەر ببڕدرێت ئەگەر مریشک لەبەردەم یەکێکی خاوەن ماڵ باڵەکانی لێک بکاتەوە و دای بخاتەوە، یان سەگی ماڵ لەپشت ماڵ ڕوو لەدیوار وەرکەوێت، یان کچی گچکە ماڵ بماڵێت، ئەوا نیشانەی هاتنی میوانە کاتێ کە پەز لە دەشتی بەرەو گوند دەگەڕێتەوە سەری خۆی ڕاهەژێنێت ئەوا باران دەبارێت.

ئەگەر چۆلەکە لەکاتی ڕۆژئاوا بەشەڕبێن و باڵەکانیان بجوولێنن، لەو شەوەدا، یان بەیانی باران دەبارێت لە وەرزەکانی باران، کاتێ چەند ڕۆژ لەسەریەک باران ببارێت، دواتر ئاسۆ ڕەنگی سوور بوو، بەڵگەی ڕۆژ دەرچوونی ڕۆژی دواییە.

ئەگەر سەگ لە شەوانی زستان وەک گورگ لووراندی ئەوشەوە بەفرێکی زۆر دەبارێت.

**٥- چەند پەندێکی ئیلامی (لوڕی):**

ئایم مارزیە دین سی واسی، ترسە (زلش رو)

مرۆڤی ماران گەستی لە گوریسی ڕەش و سپی دەترسێت. دختر ترشتە (ترشینە) دلش حاس شی بکە ئی سە کەشی کرد، کرلفونە دخیا خاس

کچی ترشا و ئارەزووی شوکردنی هەیە، کاتێ کەشووی کرد داوای جمکی لەخودا دەکرد

دسر خرا وقتا گردو (گردکو) دی.

لەسەر پشتی کەرێ بەربوویتەوە و لە گوێز دەگەڕێ.

**هـ- ژن هێنان:**

لە ڕابردوودا دووبارە ژن هێنان عادەت و ئاسایی بووە. مرۆڤی ئیلام لەم بارەیەوە ئامادەیی زۆری هەبووە، لەم ڕووەوە خانەدانەکان و والیەکان ژنی زۆریان دەهێنا بەگشتی خاوەنی ژمارەیەکی زۆری کوڕ بوون، بەڵام بەرە بەرە فرەژنی کەم بووەوە.

بابەتی ئەوینی نێوان کچ و کوڕ دەگمەن بوو، لەبەر ئەوەی لە دابونەریتی ناوچەکە عادەت وابوو ژن هێنان و کچ بەشوودان بەدەست کچ و کوڕ نەبووە و نەیان دەتوانی یەکتر هەڵبژێرن و بڕیار لەسەر ژن هێنان، یان شوو کردن، بدەن. دایک و باوک بەگوێرەی دەستووری ناوچەکە بڕیاریان لەسەر دەدا.

گرێ بەست و ژن هێنان لە ئیلام بریتی بوو لەم قۆناخانەی خوارەوە:

**١- هەڵبژاردنی دایک و باوک:** کاتێ کچێک لەڕووی کاروباری خێزانییەوە کە بەرابەر و هاوتای کوڕەکەیان بێت هەڵدەبژێرن و بەبێ بڕیاری کوڕەکە و چەند ڕیش سپییەکی پێوەندیدار بە خانەوادەی کوڕەکە بۆ ماڵی باوکی کچەکە ڕەوان دەکەن، خانەوادەی کچەکەش لەدوایی خزمە نزیکەکانی ڕەوان دەکات بۆ ئەوە لەم دانیشتنە هاوبەشی بکەن، واباوە دوای چای خواردنەوە، گەورەی خێزانی کوڕەکە، دوای باسکردنی پێشەکییەک لەسەر کوڕەکە بۆ باوکی کچەکە، داوای کچەکەی لێدەکات ئیتر دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری باوکی کچەکە، یەکێ لە پیاوانی خێزانی کوڕەکە، دەستی باوکی کچەکە ماچ دەکات لە ئەنجام دابونەریتی دەستی ماچ کردن دەست پێ دەکات و ژن هێنانەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

بۆ دڵنیایی پاداشت و دیاری دەگاتە ماڵی کچەکە، هەروەها بەگوێرەی توانا و پایەی کچەکە و باری ئابووری دایک و باوک و کەسانی زاوا هەریەک بە قەد باری ئابووریەکەی هێسترێک، یان هەر شتێکی دیکەی وەک دیاری بۆ دەبەن.

**٢- شیرینی خواردن:** بەر لە کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی داخوازی لە ڕۆژێکی شیاو ژنانی هەردوو خانەوادە لەماڵی باوکی کچەکە کۆدەبنەوە، خانەوادەی کوڕەکە شالێک و ئەنگوستیلەیەک و دەستەجلێک و کەوشێک و (سدبەند و گولبەندی) کە دوو جۆرە خشڵن، لەگەڵ

شیرینی و قەند و ڕۆن و برنج بەدیاری بۆ کچەکە دەبەن.

**٣- دەستگیرانی:** واباوە دوو سێ ڕۆژ بەر لە ڕێوڕەسمی ژن گواستنەوە خانەوادەی زاوا بە قەدەر پێویستی قەند، برنج و چەند سەر مەڕ و هەندێک خۆراک بۆ ماڵی باوکی بووک ڕەوان دەکەن ئینجا لە ڕۆژێکی دیاریکراو ئەندامە نزیکەکانی هەردوو خانەوادە داوەت دەکەن بۆ نان خواردن، لەو ڕۆژەدا دەهۆڵ و زوڕنا لێدەدرێت سەماکردن و شایی لەبەرنامە ڕەسەنەکانی ئەم ئاهەنگەیە، دوای نان خواردن، گەورەکانی خانەوادەکان گفتوگۆ دەکەن دەربارەی مارەیی و شیرینی و جۆری ئەو خشڵەی کە پێویست بوو بۆ بووک بکرێتە دیاری و هەندێک پارە وەک دیاری دەدرێتە ماڵی بووک.

**٤- پارەدانی زاوا:** بەر لە ڕێوڕەسمی دەستگیرانی، زاوا لەماڵی بووک داوەت دەکرێت، وا باوە برای بووک تا ماڵەوە لەگەڵ زاوا دەڕوات، زاوا هەندێک پارە بەدیاری دەداتە خانەوادەی کچەکە، لەکاتی ڕۆیشتنی زاوا خانەوادەی بووک هەندێک پارە بە دیاری دەدەنە زاوا.

**٥- گرێبەست و ئاهەنگی بووک گواستنەوە:**

**یەکەم گرێبەست:** لە ڕۆژی گرێبەست چەند کەسێک لەخانەوادەی زاوا دەچنە ماڵی خانەوادەی بووک و بەر لە وەرگرتنی ناسنامەی کچەکە یەک دوو نوێنەری کچەکە لە دانیشتنەکە ئامادە دەبن، بەر لە کردنەوەی قسەکردن لەسەر گرێبەستێ، دەفتەرێک بۆ واژۆی ئەندامەکانی نوێنەرەکە دەهێنن.

**دووەم ئاهەنگی بووک گواستنەوە (داوەت= سوڕدان):**

دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە باوکی کچ، خزمان و نزیکانی هەردوولا بۆ هاوبەشیکردن لە جەژنی بووک گواستنەوە داوەت دەکرێت.

میوانان بەسواری ئەسپ و هێستر زۆر بە ڕێز و شکۆوە دەچنە ماڵی بووک، دوای ئەوەی کەمێک ڕادەوەستن تا ژنانی خانەوادە کچەکە، ئامادە دەکەن، ئینجا بووک سواری ماینێک دەکەن و بەڕێز و شادی لەنێوان هەڵهەلە و چڕینی ئاوازی ناوچەیی و لێدانی ساز و دەهۆڵ دەیبەنە ماڵی زاوا، لەبەردەم ماڵی زاوا مافوور ڕادەخەن و زاوا لە ڕۆخ مافوورەکە ڕادەوەستێت تا بووکەکە بەر بەرەمیدا بڕوات و بووکەکە لە ماینەکە دابەزێنێت، لەوکاتەدا مەڕێک لەبەرپای بووک دەکەنە قوربانی، دواتر زاوا لە تەک بووکەکە دەڕوات و دەیباتە ژوورەوە.

دوای شیوخواردن و کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمەکە باوکی زاوا، یان گەورەی خانەوادەی زاوا، دەستی زاوا دەگرێت و دەیباتە ژووری بووک دەستیان لەناو دەستی یەکتری دادەنێ و بەجێیان دەهێڵێ. زاوا بڕێک پارە بە ناوی (ڕاهشرمانە= روسرمانە) وەک دیاری دەداتە بووک، دواتر باوکی زاوا ئەوانەی لەدوویان گێڕدراوەتەوە پەرتەی لێ دەکەن.

**و- ڕۆڵی ئافرەت لەکۆمەڵگەی ئیلامدا:**

ئافرەت لەکۆمەڵگای ئیلام شان بەشانی پیاو لە هەموو کارێک ئامادە دەبێت هەروەها پیاو ڕۆڵی بەرز و گرنگ دەبینێنێت لەژیانی خێزانەکەی و بەرهەم هێنان و کەشتوکاڵ و مەڕداری، ئافرەتی ئیلامی زەحمەتکێشن. هەندێک جار لێپرساوی زیاترە لەپیاو سەرەڕای بەرپرسیاریەتی لە کاروباری ماڵەوە و دایکایەتی کاری دیکە...

**ز- هەڵپەڕکێ و یارییەکانی ناوچەیی:**

لەنێو دانیشتووانی ئیلام سێ جۆر شایی و هەڵپەڕکێ باوی هەیە، ئەوانەش ڕەشبەڵەکی و هیچ یەک لەوانە تایبەت نییە بە پیاوان، یان ئافرەتان ئەمانەش بریتین لە: هەڵپەڕکێ، شانەشکێ، سیل سما.

ئەم هەڵپەڕکێیانە بە کەمێک جیاوازییەوە لە هەموو ئوستانەکە دەبیندرێت، بەڵام جیاوازیان لەناوەکانیاندا هەیە، لەوانە هەڵپەڕکێی سیل سمای دێهلوران، لە ئابدانان و موسیان پێی دەڵێن سەنگی سمات.

**وازییەکانی ناوچەیی:** وازیە ڕەسەنەکانی ناوچەیی تاکو ئەمڕۆش لە ئیلام باویان هەیە، ئاماژە بەم دوو نموونەی خوارەوە دەکەین:

**یەکەم: جوزان(١)**

ئەم وازیە یاریزانان دابەشی سەر دوو دەستە دەبن سەرەتا لەئەنجامی تیروپشک دەستەیەکیان لەشێوەی بازنەیەکە کە تیرەکەی لە سێ مەتر زیاتر نەبێت، دادەنیشن دەستەکەی دیکەش ڕادەوەستن و هێرش بۆ سەر دەستەی دانیشتوو دەکەن و بەمست لێیان دەدەن، دەستەی دانیشتوو بەرانبەر ئەوە بەددان هەر شوێنێکی هێرش بەرانیان بکەوتە بەردەم دەیگرن و گوشاری دەخەنە سەر، ئینجا هێرش بەرەکەی وەستاو کە هەستی بە قەمپاری براوەکەی کرد، پێویستە بەدەنگێکی بڵند بڵێت (جوز) واتە خۆم بەدەستەوەدا، ئیتر بەم جۆرە دەستەی دانیشتوو بە براوە دەژمێردرێن هەرچەندە ئەگەر کەسێک

کە بەددان گرتیان و تا ماوەیەکی دیاریکراو بە زمان نەڵێت (جوز) واتە دۆڕاندم، یان خۆم بەدەستەوەدا، ئەوا ئەو بە براوە دەژمێردرێت.

**دووەم: داری زەرد**

لەم یاریەدا یاریزانان دەبنە دوو دەستەی وەکو یەک، دارێکی نزیکەی مەترێک هەڵدەگرن، قزگە دەبێت شوێنێکی بەرزی وەک درەختێک، یان بەردێک، یان هەر شتێکی دیکە بێت و ببێتە نیشانە سەرەتا یەکێک لە ئەنجامی دەرچوونی بەتیرو پشک، دارەکە لە تاریکی شەو دوور لە قزگە فرێدەدەن، ئەندامانی هەردوو دەستە دەگەڕێن بیبیننەوە، هەر دەستەیەک دارەکە بدۆزێتەوە دەیگەیەنەتە قزگەکە و بە براوە دەژمێردرێت، دەستەکەی دیکەش هەوڵ دەدەن لێیان بستێنن.

**ج- دابونەریتی پرسە و سەرەخۆشی:**

لە ڕابردوویەکی یەکجار دوور دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی تایبەت لە ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی لەم سەرزەمینەدا بەڕێوەچووە، کاتێ یەکێک کۆچی دوایی دەکرد، هەموو پێوەندی داران و خزمانی نزیک و دووری کۆچکردوو دەگەیشتنێ و کۆدەبوونەوە بەبێ ئەوەی ڕق و کینی کۆن و ڕابردوو کاریان تێبکات لە هاتنیان، کاتێ کە هەموویان کۆدەبنەوە، سەرەتا ژنانی خانەوادە کۆڕی شیوەن دادەمەزرێنن دوو کەس، دووکەس ڕووبەڕووی یەکتر دەم و چاو و پرچیان دەڕنێننەوە بەدەنگێکی بڵند دەگرین و شیوەن دەکەن هەر جار جارە شیوەن نوێ دەبێتەوە و دەچنەوە نێو کۆڕی شیوەن و دووبارە دەبێتەوە.

دواتر هەموویان کۆدەبنەوە و ئاهەنگ و هەڵبەستی دلتەنگی و تازیەباری دەخوێنن، ئەم جۆرە پرسەیەش پێی دەگوترێت مور، یان مویە، لەهەمان کات دابونەریتی دیکەی ژنان و پیاوان بە تەنیا ئەنجام دەدرێت و بەساز و دەهۆڵ ڕێوڕەسمی پرسە دەگێڕن و جووڵانەوە و هەڵپەڕکێکەیان ڕێکوپێک و خەمباراویە بەم ئاهەنگ و نەریتە دەگوترێت چەمەر، یان چەمەری.

جا بەر لە شووشتن و ناشتنی تەرمەکە، شەوی یەکەم بەناوی شەوشوم (شام شب) مەڕێک دەکەنە قوربانی و نزیکانی کۆچکردوو داوەت دەکرێن، نیوەڕۆکەش هەموو ئافرەتان و پیاوان داوەت دەکرێن و ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی پرسە بەساز و دەهۆڵ بەڕێوە دەچێت و دواتر نان دەخورێت و فاتیحە لێدەدرێت ئینجا خەڵکەکە پەرتەی لێ دەکەن و هەریەکە و بەرەوماڵەکانیان دەگەڕێنەوە.

**ط- خۆراک:**

خۆراکی دانیشتووانی ئیلام جۆراو جۆرە لەژێرەوە ئاماژە بە هەندێک لە مانە دەکرێت.

چێشت، (شولە)شی پێدەڵێن وەک (ئاشی ماست) وایە، جۆرەکانی، ئاشی شیرە، ئاشی ڕشتە، شولە بادام و شولە ناردونگی.

ئاڤکی (شلە) ڕەسەنەکانی ناوچەکە ئەمانەن:

خورش سەبزی، خورش مسما، خورش قیمە و هی دیکە، جۆرەکانی پلاوی وەک: پلاوی نیسک بەگۆشت، پلاوی پاقلە بەگۆشت و هی دیکە.

جۆرەکانی کەباب بەگۆشت گا و مەڕ و ماسی و... کە بەیەکجار لەشیش دەدرێت، بەڵام ئەگەر باڵندەی گەورە بێت، پارچە پارچە دەکرێت و ئینجا لەشیش دەدرێت و سۆردەکرێتەوە.

ئاوگۆشت، یان گۆشتاو باوترین خۆراکی دانیشتووانی ئەم ناوچەیەیە. لەمانگی ڕەمەزانیشدا هەریسە و شیر برنج و فرنی دەخورێن خۆراکی کوارگ: کارگ (قارچک) لە وەرزی بەهار و ناوچەی سەردەسێر (کوێستان) دەڕوێن، جا دوای ئەوەی کوارگ وشک دەکرێتەوە لە وەرزە جیاجیاکان سوودی لێ وەردەگرێت.

**ی- جلوبەرگ (کنج)**

**١- جلوبەرگی پیاوان:** پیاوانی ئیلام جلی ناوچەیی تایبەتیان هەیە، کە لە بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکانیان لەبەری دەکەن. هەریەکەیان گوپاڵێکی سەر خڕی هەبووە، دامەنی جلوبەرگەکانیان بە گولینکە نەخشێنرابوو. جۆرە کەوشێکی تایبەتیان بەناوی (چماڤ) لەپێ دەکرد کە ئەورۆ ڕەواجی نەماوە و ئەو ڕۆکە بەزۆری کەوشی لاستیکی و قایش و گێوە (کلاش) لەپێ دەکەن، شالێک لەسەر دەپێچن کە بە عەمامە ناچێت.

**٢- جلی ئافرەتان:** جلی ئافرەتان کە (تون بون)ی پێدەڵێن، دامەنەکەی تا سەر پێ دێتە خوارەوە، بەرین و چین چین یان لۆچ لۆچە لێوارەکەی بە سامتینی ڕەش و سپی دەدوورن، تون بون لە گۆزینگ تێدەپەڕێت و دەوروبەری (١٥)م پێویستە بۆ دوورینی جاران ڕەنگی کراوە و گوڵداریان هەڵدەبژارد. لەسەر تون بون کراسێک بەناوی «جوما» (٢) لەبەر دەکرێت، لەبن هەنگڵ تا ناوەڕاستی ڕان دەگرێتەوە، ئەوەش چوار مەتری دەوێت بۆ درستکردنی.

جەلیقە کەروەکەی مەخمە لە پارچەیەکی تەنکیش لەژێرەوەی دەدوورن، دامەنەکەی بە سیمێکی زێڕین بەشێوەی حەوت و هەشت لێ دەدوورن، جاران ڕەنگی ئالۆبالۆ هەڵدەبژێردرا، ئەمەش لەسەر جوما لەبەر دەکرێت، هەروەها کڵاویان لە مەخمەڵ دروست دەکرێت و لێوارەکەی بە سیمی زێڕین دەنەخشێنن و ناوەڕاستەکەی بەشێوەی بازنەیی دەبڕدرێت لەسەر هەردوو گوێیەکەی دوو چڕک (قەیتان) دەدوورێت بۆ ئەوەی لەژێر چەناگە گرێ بدرێت بۆ ڕاگرتنی کڵاوەکە. ژنان لەکاتی چاوپێکەوتن و چوونە دەر و هاتن و چوونیاندا چادرێک بەسەر خۆیاندا هەڵدەکێشن، بەڵام دەم و چاویان ناگرێ، ڕەنگی چارشێوی کچان سپیە و هی پیرەژنان تاریکە.

**خشڵەکانی ڕازاندنەوە:**

زۆربەی ئافرەتان و پیاوان و گەنجان ئەنگوستیلەیان هەیە، لێ پیرەمێردان ئەنگوستیلەیان نییە، ئەگەر هەشیان بێت، یان پیرۆزەیە، یان پێنج تەنە.

بۆ ئافرەتان ڕەوایە چەند ئەنگوستیلەیان پتر بێت، کەچی پیاوان لەیەک ئەنگوستیلەیان پتر نییە. جاران ئەنگوستیلەی پیاوان زیو بوو، ژنان هەمیشە بازنی زێڕ لەدەست دەکەن، هەروەها دەستەوانەی زیو، یان زێڕ لەدەستی دەکەن، کابانانی ئیلام گوارەی مۆدێلی تایبەت کە وەک کەشکۆڵ (تورەگەی دەرویشان) وایە لەگوێ دەکەن.

**پەراوێز:**

**١- لەدەشتی هەولێر یاریەک هەیە بەناوی (گێشمانە گێشی، گێی فەقیران ڕانەکێشی)، زۆر نزیکە لەیاری (جوزان)ی ئیلام.**

**٢- جوما هەمان بەرامپیلی ئافرەتانی دەشتی هەولێرە.**

**سەرچاوە:**

**نگرش بر فرهنگ مردم ایلام، مقالات ایران شناسی، ایرج افشار سیستانی، تهران ١٣٦٩.**

# بەرلیناله و فیلمی کوردی

## بیانوویەک بۆ خۆمانیفێست کردن

بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

* ئۆه دۆستەکانم، چ دۆستێک بوونی نییه.
* ئایا کۆیلەیت! کەواته ناتوانیت دۆست بیت. ئایا زۆرداریت! کەواته ناتوانیت دۆستت هەبێت.

**(نیتشه)**

له فیستیڤاڵی ساڵانەی بەرلینالەدا (لەبەرلین/ئەڵمانیا) بۆ فیلمی سینەمایی ئەمساڵ ۲۰۰۷، فیلمی کوردی «دۆڵ» لەدەرهێنانی سینەماکار هونەر سەلیم بۆ ماوەی چوار ڕۆژ پیشاندرا. پەیداکردنی بلیت لەم جۆره بۆنانەدا و لەم جۆره کۆمەڵگایانەدا کە دۆستێکی دڵسۆزی هەموو جۆره هونەرێکن ئاسان نییە گەر پێشوەخت مشوری خۆت نەخواردبێت، بەڵام خۆشبەختانە ئێمە پێشتر بلیتی ئەم فیلمەمان بۆ پاشەکەوت کرابوو. ئەوە بوو ڕۆژی ۲۰۰۷/۲/۱۷ چووین بۆ بینینی فیلمەکە. هەر لەپێش خانەی سینەماکەدا بینیمان جەماوەرێکی چەند زۆر بۆ بینینی فیلمەکە هاتوون، لەوانە ژمارەیەکی زۆر کە بلیتیان دەست نەکەوتبوو کەوتبوونە سۆراغی پەیداکردنی بلیتی زیادە لەم و لەو.. دیار بوو بلیتەکان پێشوەخت هەمووی فرۆشرا بوون، من وای بۆ دەچووم کە ڕەنگبێت هۆڵی سینەماکە بچووک بێت، بەڵام کە چووینە ژوورەوە هۆڵێکی زۆر گەورە و فراوانی دوو نهۆمی پڕ له میوانمان بینی، ئیدی یەکراست زانیمان ئەم هۆڵە لە هەرە گەورەترین خانەی سینەماکانی شاری بەرلین و ئەڵمانیایە. جێی باسکردنە ساڵی پاریش هونەر سەلیم بە فیلمی کیلۆمەتر سفر بەشداری هەمان فیستیڤاڵی کردبوو.

لێرەدا ئەم ئاماژەیەی من بەو ئەتمۆسفێرەی فیلمەکەی تێدا پیشاندراوە بەو مەبەستەیە کە بڵێم، بۆ گەلێکی بێ دۆستی وەک کورد کارێکی ئەدەبی، کارێکی هونەری، کارێکی وەرزشی، کارێکی زانستی گەورەترین ڕۆڵ لە پەیداکردنی دۆستدا دەبینێت، چونکە ئەوەی کە کورد نییەتی دۆستە. هۆیەکەشی ڕەنگە ئەوە بێت کە ئەو ژێردەستە، ئازاد نییە، کۆیلەیە و سەربەخۆ نییە،ماڵێکی سەربەخۆی نییە تاوەکو ئازادانە لێوەی بچێتە ناو جیهانەوە. بەبێ هاتووچۆکردن لەنێوان ئەو هەرێمەی تێیدا دەژیت و دنیای دەرەوە، ستەمە بتوانرێت دۆست پەیدابکرێت، چونکە (بوون) لە جەوهەردا هیچ نییە جگە لە جوولە، زاراوەی ئەکسیستێنشیالیزم، کە ئێمە هەر لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشووەوە بە (بوونی دەرەکی) وەرمان گێڕاوە، کتومت بریتییە لەوەی بوون لەدەرەوە خۆی پیشان بدات، واتە بوون بریتییە لە دەرچوونە دەرەوە، ڕەنگە نوێترین و کورتترین پێناسەش بۆ ئەم دۆخە لەم پێناسەی پیتەر سلۆتەردایک-دا دەربکەوێت کە دەڵێت ئۆتۆنۆمی واتە ئەوتۆمۆبیلیتێت. واتە سەربەخۆیی بریتییە لە جوولەی خۆیی و لەخۆجووڵاندنەوە.

بۆیە لێرەدا من باس لە دۆست و دۆستایەتی دەکەم، چونکە لە مێژە باوەڕی ئەوەم لا چەکەرە بووە کە کورد لە بێ دۆستایەتیدا تائێستا تەنیاترین نەتەوەی ئەم سەرزەمینەیە. هەموو ئەو تراژیدیانەشی کە بەسەریدا دێن لەلایەن دراوسێکانییەوە دێن، لەکاتێکدا بە هەموو پێوەرە ئاسمانییەکان و بە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان دراوسێ دەبێت دۆست بێت نەک دوژمن. فەزیلەی دراوسێیایەتی لەوەدایە کە ڕێزی دراوسێکەی بگرێت. دەستدرێژی نەکاتە سەری، سووکایەتی پێ نەکات، پەلاماری خاک و خەڵکەکەی نەدات. دۆستی ڕاستەقینە، ئەوەی پێی دەوترێت دۆستی برایانە، نابێت ناپاکی لەگەڵ دۆستەکەیدا بکات. دراوسێش بەپێی مانا باوەکان (واتە ئەوەی ئایینەکان و کولتووری باوی سەرەتاییانەی کۆمەڵگای مرۆیی فێرمان دەکات) بە هەمان پێودانگ دەبێت فەزیلەی دۆستایەی خۆی بەرامبەر دراوسێ پیشان بدات، نەک فەزیلەی لووتبەرزی و خۆبەزل زانین و ڕەگەزپەرستی، وەک ئەوەی لەم فیلمەدا دەیبینین گرنگترین دروشمی تورکەکان بریتییە لە: لە تورکیادا بەختەوەر ئەو کەسەیە کە خۆی بە تورک دادەنێت. لە ئەنجامی ئەمەشەوە ئیدی هەموو نەتەوەکانی تر بە بەدبەخت و بەدفەڕ و نەوی تەماشا دەکرێن.

بەڵام ئەفسووس هەموو ئەو کارەساتانەی ئێمە لە دراوسێکانمانەوە بەسەرماندا دێن و تائێستاش تێگەیشتنمان لەسەریان نەک هەر ساغ نەبۆتەوە، بەڵکو کاری سەرەتاییشمان بۆ نەکردوون. ئێمە دەبوو لە ڕۆژگاری گلۆبالگەرایی ئەمڕۆدا لەڕێی سەرزەمین و خاکی دراوسێکانمانەوە بچووینایەتە ناو جیهانەوە، کەچی دراوسێکان ئەم دەرگایەیان بەڕوودا داخستووین، بەڵام ئەمڕۆ کورد زیرەکانە توانیویەتی کەناڵێکی تر بدۆزێتەوە بۆ خۆگەیاندنە جیهان (بێگومان ڕێکەوتی مێژوویی ئەم دەرفەتەی بۆ هێناوەتە ئاراوە)، ئەویش کەناڵی ئاسمانی و هەواییە کە بریتییە لە هەبوونی چەند کەناڵێکی ئاسمانی و هێڵەکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت و دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە کوردستاندا. کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساندووە بتوانێت لەڕێی بەشداری کردنی پێشانگا نێونەتەوەییەکان و فیستیڤاڵەکان و کۆنگرەکانەوە تاڕادەیەک خۆی مانیفێست بکات؛ کە تێکرای ئەمانە بە هەموو کەموکوڕییەکانیانەوە توانیویانە ببنە بەرەیەکی پتەوی بەرگریکردن لە مافی ژیانی مرۆڤی کورد. واتە لەم ئاستەدا کورد بەکاربردنی سەرزەمینیانەی بۆ چوونە ناو جیهانەوە وەرچەرخاندووە بۆ بەکارهێنانی ئاسمان. لێرەوە ئێمە لەمەودوا دەبێت ئاسمانیش وەک زەمین بەو میدیۆمە دابنێین کە دەمانگوێزێتەوە ناو جیهان، میدیۆمێک هەرگیز لەمەوپێش نەمانبووە.

پیتەر سلۆتەر دایک لە کتێبی (گفت بە ئەڵمانی)دا دەڵێت: (زەویناسی بووە بەجۆرێک لە دیسپلینی ئاسماناسی.. ئەوەی ئەمڕۆ بێتە دنیاوە دەبێتە هاووڵاتی ئەستێرەیەکی خۆفۆتۆگراف گرتووی هەوراوی، دەبێتە دانیشتووی ژوانگەیەکی شایستەی نێوان هۆشیاری و گەردوون)، ل٥٧. ئێستا نەوەی نوێی کوردی باشوور لە پرۆسێسی چێکردنی ئەو ژوانگە شایستەیەدایە، بەڵام دەبێت ئەو پارچەیەی کوردستان ببێتە ژوانگەی نێوان خود و جیهان، نێوان جوانی و دادپەروەری، ماف و وجود، هۆشیاری و گەردوون، ئازادی و سەربەخۆیی، شارستانیەت و مەدەنیەت، دیموکراسی و لیبراڵی نەک گەندەڵی و ستەم، نەک هۆزایەتی و قەبیلایەتی، نەک

تەمەڵی و مشەخۆری، نەک گێلێتی و خەوتن، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی کورد ڕێی چوونە ناو جیهان بدۆزێتەوە دەبێت لەمەوپاش بەهەمەوو ئەو هۆکارانەی لەبەردەستیدا هەن هاوکێشەی دۆست/ دوژمن یەکالاکاتەوە و سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە. ئەوەشی ئەو جۆرە کارانە دەتوانن ببنە مایەی پەیداکردنی دۆست و کاریگەرییەکی توند و شوێنەوارێکی توندیش لەناو ویژدانی کۆمەڵگای مرۆییدا بخولقێنن دڵنیام بە هیچ کام لە سەرکردە سیاسیەکان و بزووتنەوەکانیشیان ئەو ڕۆڵەیان پێ یاری ناکرێت. لێرەوە کورد دەبێت ئیتر دەرک بەوە بکات لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە بە سەردەمی میدیا ناسراوە، میدیۆمەکان، بە تایبەتی سینەما یەکێکە لەو میدیۆمە هەرە گرنگانەی ڕێی ڕۆیشتنە ناو جیهانی ئەو ئاسان دەکات. هەڵبەت لە یادمانە لەم ڕێگەیەدا چەند هەوڵێک وەک هەنگاوی سەرەتایی بەو ئاراستەیە دراون کە مایەی ستایشن.

چیرۆکی فیلمی (دۆڵ) باس لە بەسەرهاتی کوردێکی باکوور دەکات، لەگەڵ برێک لە گاڵتە و خەندە و هومۆر، کە پاش ئەوەی سەربازە تورکەکان، بەبێ ئەوەی چ بانگهێشتێکیان بۆ هاتبێت، بەسووکایەتی پێکردنێکی زۆرەوە خۆیان هەڵدەقورتێننە ئاهەنگی زەماوەندەکەی، لە گوندەکەی خۆیدا!، زەماوەندەکەی لێ تێکدەدەن و لە شەڕێکدا جەندرمەیەک بریندار دەکات و ناچار دەبێت بە تەنیا و بەبێ دەستگیرانەکەی هەڵبێت بەرەو کوردستانی باشوور، کە وادیارە لەوێ شەڕ و جەنگ لە ئارادا نییە، بەڵام هێندە نابات پاڵەوانەکە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەگەرچی لەوێ ئازادی هەیە و شەڕ کۆتایی هاتووە، بەڵام هێشتا شوێنەوارەکانی شەڕی لەناوبردنی کورد و دۆزینەوەی ئێسک و پرووسکی ناو گۆڕە بە کۆمەڵ کوژییەکانی قوربانیانی ئەنفال لە سەرەتای سەرەتادایە. ئەوەی دیمەنی تراژیدی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە کاریگەری لە ویژدانی بینەران کرد بڕوا ناکەم هەمەوو ئەو شاهیدانەی (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەمموویان) لە هۆڵی دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفالدا تراژیدیاکانی خۆیان دەگێڕایەوە توانیبێتیان هێندە باس لە ئازادی بکەن، بەڕاستی یەکێک لە دیارترین ئاماژەکانی هەژاری بیری سیاسی کوردی لەوەدا دەرکەوت کە نەیتوانی پەروەردەی زمانەوانی و سایکۆلۆژی ئەو شاهیدانە بکات، ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت شاهیدەکان بە گشتی ئەوەیان پێنەکرا بتوانن ڕۆحی ئەو ئازارە و تراژیدیای ئەو قیامەتە بگێڕنەوە. هیچ شاهیدێک (ڕێزی خۆم بۆ ئازار و فرمێسکەکانیان دووبارە دەکەمەوە) نەیتوانی باسی بێ مانایی ئەو کارەساتەمان بۆ بکات، دیارە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی قوربانییەکان گوندنشین بوون جێی گلەییەکی ئەوتۆ نییە ئەگەر نەیانتوانیبێت گوزارەی کاریگەر بۆ خودگوزارشت کردن داببڕێژن، بەڵام بیری سیاسی کوردی دەبوو ببێتە شاهیدێک بەسەر ئەم شاهیدانەوە و کار بۆ ناساندن و شیکاری زیاتری ئەو قیامەتە لای شاهیدەکان بکات، تاوەکو بتوانن لەپاڵ هەمموو ئەو دۆکومێنتانەدا کە پێیانە زمان و ڕۆح و دەروونی ئەو خەڵکە سادە و ساکارەی گوندنشین و سروشت نشینەی کورد کە ئەو ئەپۆکالیپس و قیامەتەیان بینی بۆ سەربار بخەن. دەبوو چەندان کۆرسیان بۆ شیکردنەوەی (مانا) و (بێ مانایی) ئەنفال سازبکردایە تاوەکو شاهیدەکان و پارێزەرەکانیان لەبەردەم دادگادا کزەڵ دانەمێنن، ئەوە بوو بینیمان تاوانبارەکان توانییان پۆزش و مانایەک بۆ تاوانەکانیان پاساو بدەنەوە، کەچی نە شاهیدەکانمان و نە پارێزەرەکانیان پێیان نەکرا (بێ مانایی) ئەو (مانا)یەی ئەوان بخەنە ڕوو. نیتشە لە شوێنێکدا دەڵێت: «مرۆڤ بەرگەی هەمەوو ئازارێک دەگرێت ئەوانە نەبن کە بێ مانان» ئەگەر کورد بەرگەی ئەنفالی نەگرتبێت دیارە لەبەر ئەوەبووە کە ئەنفال کردەوەیەکی بێ مانابووە. بیری سیاسی کوردی دەبوو مانای ئەم بێ ماناییە بە پلەی یەکەم بۆ شاهیدەکان و پاشانیش پارێزەرەکان و ئێمەی گوێگر و تەماشاکەر شیبکردایەتەوە. بیری سیاسی کوردی خۆ ئەگەر سەرچاوەی یاسایی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و بەندە حقووقییەکانی هاوولاتیبوونی لەبەردەستدا نەبووبێت، ئەوە تەنیا سەرچاوە ئایینییەکان بەس بوون بیهێننەوە بۆ پووچەڵ کردنەوە و بێ مانایی کردنی مانای ئەنفال، لەوێدا بەس بوو ئاماژە بەچەند ئایەتێکی قورئانی بکرێت کە کوشتنی مرۆڤی موسڵمان حەرامە. کە هەم مانایەکی پارادۆکسیانەی ئایینیشی دەخستەڕوو، هەم پۆزشی تاوانباران پووچەڵ و بێ مانا دەبووەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە هەمەوو کایەکانی تریشدا بیری سیاسی کوردی لە ناسینی ڕۆحی خۆیدا هەژارە، ڕووشەرمنە لە خۆپیشاندندا، زمانیشی تەتەڵە دەکات لە وەسف کردنی ئەو ئازارانەی نەتەوەکەی پێوەی

دەتلێتەوە. بیری سیاسی کوردی بۆ تەنیا جارێک ئەوەی نەسەلماند کە ئەو توانای خۆمانیفێست کردنی هەیە. پێدەچێت ئێمە پێویستمان بە جۆرێکی تری بیرکردنەوەی سیاسی بێت، بیرکردنەوەیەک توانای خۆ وەسف کردن و خۆ بیرکردنەوەی سیاسی بێت، بیرکردنەوەیەک توانای خۆ وەسف کردن و خۆ ڕاگەیاندنی هەبێت، ئەم خۆڕاگەیاندنەش بە مافێکی خۆی بزانێت وەک چۆن هەموو نەتەوەیەکی تر ئەو مافەی هەیە.. ئەمەش لەناو داڕشتنی جۆرێکی تری زماندا، زانستێکی تری زماندا، لەناو ئەوەی نیتشە و سلۆتەردایک پێی دەڵێن فیلۆلۆژیایەکی تردا، خۆی شێوەگیر دەکات.

پاڵەوانی فیلمەکە لە گەشتە ئۆدیسییەکەی خۆیدا دەگات بە دیداری چەندان کوردی لێقەوماوی تری پارچەکانی تری کوردستان، لە پەڵە زەوییەکی سێگۆشەییدا کەدەکەوێتە نێوان عێراق و ئێران و تورکیاوە، کە تەنیا وشکایی زەرد دەکاتەوە و وەک بیابانێکی بێ ژیان دەردەکەوێت، دەرهێنەر ناوی ناوە «سێگۆشەی بەرمۆدا» وەک هێمایەک بۆ ئەو سێگۆشە بەرمۆدایەی ناو ئۆقیانووس کە هەر بوونەوەرێک بەلایدا تێپەڕێت لووشی دەدات، واتە سێگۆشەی مەرگ. لە کوردستانی باشوور کوردانی خۆرئاوا و باکوور و ڕۆژهەڵات و ئەوانەی تازە بە تازە لە تاراوگەوە دێنەوە هەن و بەیەک دەگەن. واتە دانیشتوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو دەڤەرە لەمانا سادەکەیدا خەریکی خۆ کۆکردنەوە و خۆگردکردنەوەن، بەمانا سیاسییەکەی سەرقاڵی پرۆسەی داڕشتنی چوارچێوەی هەرێمێکی سیاسین، ئەمە جگە لەوەی خەونی هەموو پارچەکانی تریش لەوێدا بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکدەگرنەوە.

ئەم وتارە لەو پێناوەدا دەنووسم کە مانا میتافیزیکییەکانی ئەو خەونە لێک بداتەوە، ئەو خەونەی لە تۆپۆگرافیایەکدا لەدایک دەبێت لە پێناوی ئەوەی پارچە جیۆگرافییە لێک دابڕاوەکانی تری خۆی گردبکاتەوە. ئەو خەونەی بۆ کورد بیانوویەکە بۆ خۆمانیفێست کردن. واتە دەمەوێت بپرسم ئێمە لەکوێداین کاتێک بەدرێژایی ئەم هەموو سەدەیە بەو خەونەوە دەژین. بێگومان ئێمە ئەوکاتانە لەکایەیەکداین کە بە وێناکردن چێمان کردووە. ڕەنگە ئەم کایەیەش بۆ ئێمە بریتی بێت لە مانای هەبوونمان، واتە ئەو شوێنە سیاسییە کە کورد بە میتافیزیک دروستی کردووە بۆ کورد بریتییە لەو کایەیەی کە ئارامی و ئاسایش دابین دەکات و لەوێشەوە ئیدی وێنای هەبوون و جیهان دەکات. ئێمە ئەم دۆخە لە بیری خۆرئاوادا وەها دەبینین، کەوا لەسەردەمی گریکەکانەوە تاوەکو هایدیگەر یەکێک لە ماناکانی بوون بریتییە لە ئامادەبوون، ئەم مانای بوونەش بووە بە جەوهەری سەرەکی میتافیزیکی خۆرئاوا.

لەمەش بەدەر خوێنەوەیەک بۆ هەقیقەتێک بکەم کە تاوەکو هەنووکە کاری لەسەر نەکراوە، ئەویش بەرگری کردنە لەو سوبیەکت و هێزە نەمرەی لەناو ڕۆحی کورددا هەیە لە پێناوی بە زیندوومانەوەدا، چونکە ئەو دژایەتییەی بەرانبەر بە کورد دەکرێت لەلایەن دراوسێکانی و دوورەکانیشییەوە، ئەو تەنیاییەی کورد وەکو نەتەوەیەک لەمسەر گۆی زەمینە دەیگوزەرێنێت، ئەو ئازار و چەوساندنەوەیەی کورد بە پیلانی دۆست و دوژمنەکانی دەیچێژێت.. ئەو هەڕەشە وجودییەی لەسەر کورد هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە. هیچ نەتەوەیەک وەک کورد دراوسێکەی دوژمنی نییە، وەک چۆن هیچ نەتەوەیەکیش وەک کورد برا هاوئایینەکەی دوژمنی نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مەسەلەی بەزیندوویی مانەوە لە ژیاندا لای کورد وەک ڕەگەزێکی مرۆیی کارایە و ئەکتیڤە. من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە مرۆڤ نابێت تەنیا وەک زیندەوەرێک تەنیا لەڕووی بیۆلۆژییەوە خۆی بپارێزێت، بەڵکو دۆزینەوەی ڕێچکەی هونەرییانەی ژیان ڕەهەندی نەمری و درێژخایەنەکەی ژیان دابین و شیاو دەکات. (لە جێگەی تردا قسەمان لەسەر ئەم ئاستە کردووە).

هەروەها دەخوازم ئەو تێزەش بوروژێنم کە بیری ڕەخنەی نوێی کوردی کەلە ڕاپەڕینەوە لە دایکبووە (با ئەمە وەک دیاگنۆزەیەکی گریمانەیی تەماشا بکەین، ئەگەر نا لە سەدەی بیستدا هەموو بیری ڕەخنەیی کوردی تەنیا لەنێوان بەرەی مارکسیزم و بیریارێکی وەک «مەسعوود محەمەد»دا خولی دەخوارد و هەمیشە هەر توانجی گرتووەتە کەلێنە بوونییەوی و کۆمەڵایەتی و ناعەقلانییەکانی کولتووری کوردی (لێرەدا ئێمە

بانگەشـەی ئەوە ناکـەین کـە دژی ئەم شـەپۆلەی بیـری ڕەخنەیی بین)، بەڵام بیری ڕەخنەی کـوردی هەمـیـشـە بۆ ئەدرێسی کەموکوڕییەکانی دنیـای کوردی پۆست کراوە بەبێ ئەوەی عەقڵانییەتی ئەو بوونەوەرە، ئەو موعجیزەیە هەڵبـخـات کـە توانیـویەتی بەجـۆرێک لە جـۆرەکـان لە پێشدەم ئەو هەمـوو مەترسی و هەڕەشەیەدا «سیـستمێکی بەرگری/ Immunsystem» بۆ خۆی بهێنێتە ئاراوە. واتە تاوەکـو هەنووکـە ئێـمـە چ جـۆرە شـیـکارێکی ئەنتـرۆپۆلۆژی مـرۆی کـوردی شک نابەین. هێندە هەیە هونەر و ئەدەبی کـوردی بەتایبـەت شـیـعـر و گـۆرانی و سروود کـەمـتـەرخـەمـیـیان لەبەرز ڕاگرتنی ئیـرادەی کورد نەنواندووە، بەڵام بیری کوردی لەوپەڕی کەمـتـەرخـەمـیدا کـاروانی خـۆی ژیاندووە. من لە یادمە لە هەشـتـاکـاندا هەندێ برادەری مـارکـسی و کـۆمـۆنیـست هەبوون، کـە تاوەکـو ئێـسـتـاش لەم جۆرە کـەسـانە لە کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵاتدا بەداخـەوە زۆرهەن، پێیـان شـەرم بوو باس لە کـورد بکرێت، ئەوان پێیـان وابوو باس کـردنی کـورد غـەدرکردنە لە ئومـەمـیـەت. کۆمیدیا و تراژیدیای هەمـوو بیـری کـوردی ئا لەم بیـرۆکـەیەدا دەبینـمـەوە. ئەگـەرچی هەمـان ئەم بیـرۆکەیە ئێـسـتـا فـۆرمـێکی تری بۆ خـۆی پەیداکردووە کە بریتییە لە دۆگمای دینی، لەم دۆگمایەدا نابێت باسی نەتەوە بکرێت، بەڵکو تەنیـا دەبێت بـاسی موسڵمان بوون بکرێت.

ڕەخنەی کوردی هەمیشە ڕەخنەی لە خود و سروبیەکتی کوردی لەناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا گرتووە کە ئەمەش بووەتە مایەی پشتگوێ خستن و چاوپۆشی کردن لە خودی ئەو هەڕەشانەی لە ئۆبیەکتە دڕندەکانی دەرەوە دێن. هەڵبەت لێرەدا ئێمە کورد وەک کایەیەکی وجوودی تەماشا دەکەین نەک وەک کۆلێکتیـڤێکی کۆمەڵایەتی، کـایەی وجـوودیش هەمـیـشـە ڕووبەڕووی هەڕەشـەکـانی دەرەوە دەبێتەوە. وجوود لە جەوهەردا بریتییە لە چوونە دەرەوە، بۆیە تەنیا کـایەی وجوودی لەبەردەم پەیداکدنی دۆست و دوژمن بۆ نـاو کـۆیـیـە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـان چالاک دەبێت، بەڵام ناسینی ئێمە لەسەر جەوهەری ئۆبیەکت و سـوبیـەکـتـمـان زۆر درەنگ کـەوتووە، زۆر درەنگ وا خەریکە ئەم ناسینە لێرەو لەوێ چەکەرە دەکات، بێ هۆ نییـە کـە تاوەکـو هەنووکـە ئێـمـە لە تێکڕای ئەدەبیـاتی ڕەخنەییماندا وتارێک لەسەر ماهیەتی چەمکەکانی وەک دۆست/ دوژمن، دراوسێ/ دوور ناخوێنینەوە.

شۆبنهاوەر بەجوانترین ڕستە پێناسەی سوبیەکتمان بۆ دەکات و دەڵێت: (سوبیەکت لە بارەی هەمـوو شتێکەوە دەزانێت، کەچی چ شـتێک لە بارەی ئەوەوە نازانرێت). لێـرەدا من ئەم ڕسـتـەیە بۆ پاسـاوی تێکڕای تێـزەکـەم دەهێنمـەوە. واتە بۆ پتـەوکـردنی ئەو ڕایەم کـە پێ مـوایە ڕەخنەگرتن بە تەنیا لە ناوەوە، لە قووڵایی، لە کۆمەڵگا، لەخود بەبێ ڕەخنەگرتن لەدەرەوە، لەڕووکەش، لە بابەت و لە ئەویـتـر نـاتوانێت چ دەرئەنجـامـێکی لۆژیکی بەدەست بهێنێت. گەر بشمانەوێت (زانستی شاد/ نیتشە) لەبری (زانســتـی نـاشـاد) لەدایک بێت نابێت لاسـاری لەو ڕاستییە بکەین.

فیلمەکە لە پێناسەکردنیدا دەتوانێ شوناسی ڕیالیزمی پێ ببـەخـشێ، واتە پیـشـاندانی واقـیـعـیـانەی ژیانی سیـاسی و کـولتـووری، کـە دواجـار بریتـیـشـە لە ژیانی بەردەوام و ڕۆژانەی خـەڵکی بێ مـاڵ و بێ نیـشـتـمـان کـراوی کـورد. خـەڵکانێک بێ ئەوەی چ گـوناهێکیـان کردبێت بە گوناهبار دادەنرێن، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن. کورد لەو وڵاتانەی دابەش کراون بەسەریاندا بە دزێوترین دوژمن سەیریان دەکەن، بەڵام کورد تەنیا لەبەردەمی کورد خۆیدا دۆست و جوانە وەک لە فیلمەکەدا چەند هەڵوێست و دیمەنێکی لەو جۆرە دەبینین کە چۆن کوردانی باشوور بە هەمـوو شـێـوەیەک دۆسـتـایەتی ڕاسـتـەقـینە و برایانە بەرانبەر کوردانی تر پێشکەش دەکەن.

کورد نیشـتمانێکی گەورەی لێ داگیرکراوە لەکاتێکدا کورد یەک ژووری کەسی داگیر نەکردووە. ئیدی لەڕووی ســایکۆلۆژییــەوە ڕۆحی کــوردی زامــدارە بەم تـراومــا (صدمة)یە کـە هیچ شـتـێک نیـیـە چارەسـەری بکات خەونی سەربەخۆیی نەبێت واتە دەوڵەت. ئەمەش یەکێکە لەو خـەسـڵـەتە هەرە گرنگانەی کورد کـە سیـسـتـمێکی بەرگری بۆ خۆی پێ چێکردووە، چونکە با ئەوە بهێنینە پێش چاومـان، گـەر کورد وەک نەتەوەیەکی داگیـرکـراو هەڵگری خەونێکی وەها نەبێت چۆن دەتوانێت بەرەنگاری ئەو هەمـوو هەڕەشە لەناوبەرانە ببێتەوە. نیتشە دەڵێت: ئێمە بۆ ئەوەی بەرگەی واقیع بگرین دەبێت بە چاوێک لە چاوەکانمان تەماشای وەهم بکەین. پێمـوایە ئەم ڕسـتـەیە یەکـێکە لەو ڕسـتــە هەرە دروسـتــانەی بە تەواوی دەستنیشـانی ئەو چاوە وەهمـییـەی کورد دەکات، لەبەر

ئەوە هەڵە دەکەین گەر پێمانوابێت ڕاست نییە کورد شوێن ئەوە وەهم و خەونە بکەوێت، بەداخەوە لەم دواییانەدا تاڵەبانی گوتەیەکی وەهای درکاندبوو.

کورد لەوکاتەوەی لە پەیمانی زەهاودا لە ١٧ی مایسی ١٦٣٩دا بەپێی ڕێککەوتن نامەیەک لەلایەن هاوسێکانییەوە خاک و خەڵکەکەی دابەشکرا لە بزووتنەوەیەکی کرۆنیکی چەکداری و سیاسیدا ژیانی دەیان نەوەی بەسەربردووە لەپێناوی ئەوەی مانای وا نییە ئیدی هەموو ڕابردوومان بێهوودەیی توانیویەتی بەوە قەڵغانێکی ڕۆحی بۆ بەرگری کردن لە هەبوون بگرێت بەدەستییەوە. کورد توانیویەتی سوبیەکتێکی تر بۆ مانەوەی خۆی لە جیهاندا بدۆزێتەوە.

لەو کاتەوەی داگیرکەران کوردستانیان پارچە پارچە کردووە و نەخشەکەیان گۆڕیوە ئیدی خۆیان بە ئاغای هەموو بوونەوەرێکی ئەو سەر زەمینە دادەنێن، ئیدی خۆیان بەسەروەری هەموو سامانی کولتووری و سروشتی ئەو دەڤەرە دەزانن، فەیلەسووف پیتەر سلۆتەردایک ڕاست ئەم بۆچوونەی پێکاوە کە دەڵێت: «ئەوەی نەخشەی وڵاتێکی کێشا ئیدی خۆی بە خاوەنی ئەو وڵاتە دەزانێت». ئەم ڕستەیە هەموو کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستێک دەگرێتەوە.

بۆیە لە خۆڕا نییە ئەوەی کورد شەڕی بۆ دەکات بریتی بێت لە گەڕاندنەوەی ئەو سەروەرییەی کە دوژمن زەوتی کردووە، خەباتی کورد خەباتە لەپێناوی بەدەست هێنانەوەی ئەو هەقیقەتە دزراوەدا. لەم ڕێگەیەشدا کورد بە لایەنی کەمەوە توانیویەتی شوێنێکی ڕۆحی بۆ کۆکردنەوەی پەرتەوازەیی و بۆ دنەدانی خولیای ڕۆحی خۆی لە یەکگرتنەوەی جیۆگرافیاکەیدا پەیدا بکات. کورد بەمە توانیویەتی لەڕووی ڕۆحییەوە بکاتە خەباتی نەپساوی ئەو بۆ سەربەخۆیی، بکاتە ئیشی وجوودیانە و سیاسیانە و کۆمەڵایەتییانەی ئەو لە ژیاندا. ئەگەر هەر ئیش کردنێکیش بەرهەمێکی هەبێت، ئەوە بەرهەمی ئیشی کوردی بەلای کەمەوە دەشێت لەبەرگری و خۆپاراستن و مانەوەی لەبوون و لە نەفەوتاندا بەرجەستە بکەین.

ئەو شەڕەی کورد کردوویەتی و دەشیکات بریتییە لە جەنگی خۆپاراستن لە فەوتان، بریتییە لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەیەک لە ژێردەستی، بریتییە لە ئیش کردنی کورد لە نەبوونەوە بەرەو بوون، لەبەرجیهانەوە بۆ ناو جیهان، بەڵام ئەوەی دوژمنان بەرانبەر کورد دەیکەن بریتی نییە لە شەڕ، یان لە جەنگ، بەڵکو ڕاستییەکەی بریتییە لە کوشتار، ئەوان تەنیا مەشقی کوشتارگەلییانەی کورد جێبەجێ دەکەن.

سلۆتەردایک دەڵێت: «ئەڵمانی بیت واتە نادڵنیا بیت لەوەی دەشێت چ گفتێک بە خۆت و بە جیهان بدەی. گفت بە ئەڵمانی» ل٧٦ لەمەدا فەیلەسووف مەبەستێتی بڵێ (نادڵنیایی گفتدان) ڕێگرە لەبەردەم ڕۆڵی ئەڵمان لەجیهاندا، ڕێگرە لەوەی چۆن جارێکی تر، پاش هەڵگیرساندنی ئەو جەنگە کاولکاریانە، ئەڵمانی بشێت بچێتە ناو جیهانەوە، بشێت جارێکی تر بەو هەموو گومانەوە ئەڵمانی گفت بە خۆی و بەجیهان بدات. من ئەم ڕستەیە بە جۆرێکی تر دەبەستمەوە بە دنیای کوردییەوە، واتە کورد بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە بوونێکە لەناو جیهاندایە پێویستی بەو چاوە خەیاڵاوی و وەهمییەیە. کورد پێویستی بەوەیە لە خەیاڵدانیدا، لە ڕۆحیدا شوێنێک چێ بکات بۆ خۆی تاوەکو هەست بکات لەوێ لەماڵی خۆیدا بە ئاسایش و بەدڵنیایی دەژی و هەر لەوێشدا دەتوانێت گفت بەخۆی و بەجیهانیش بدات، دواجاریش هەر لەوێوە دەرفەتی ئەوەی دەبێت بچێتە ناو جیهانەوە. کەواتە بە هەبوونی ئەو شوێنە وەهمییە کورد توانیویەتی ئەو گومانە بڕەوێنێتەوە کەوا ئەو بوونەوەرێک نەبێت لەناو جیهاندا. دیارە ئەمەش لەو باوەڕەی کوردەوە هاتووە کە شوێنێکی نەتەوەیی، دەوڵەت، وەزیفەی سیاسیانەی ئەوەیە ببێتە پەناگەی هەموو تاکەکانی نەتەوە. واتە بەلای کوردەوە وەک چۆن نیشتمان بریتییە لە «دایکێکی ڕۆحی» هەموو نەتەوە، ئەوە دەوڵەتیش بریتییە لە «دایکێکی سیاسیانە» کە هەموو نەتەوە لە ئامێز دەگرێت. ئەم تراومایە لە ئەدەبیاتی کوردیدا تەنیا شیعر خۆی لە قەرەی داوە، لەکاتێکدا بیری کوردی نەک ئەو مەسەلەیەی هەر لەیادکردووە، بەڵکو زۆرجار تفیشی لێ کردووە.. لێرەدا من دەڵێم بیری کوردی لە ئێستاوە بەرەو داهاتوویەکی نادیار پێویستی بە لۆژیکێکی تری بیرکردنەوەیە؛ بیرکردنەوەیەک خەمی ئەو بێ ماڵی و بێ نیشتمانییەی کوردی بێت لە جیهاندا. بیرکردنەوەیەک خولیای پەیداکردنی دۆستی ڕاستەقینەی بێت و سۆراغی ئەوە

بکات و بپرسێت بۆچی لەم جیهانەدا مرۆڤ گەلێک هەن تووشی چارەنووسێکی موزمنانەی بێ نیشتمانی بوون؟ لە بیری ئەڵمانیدا مارتن هایدیگەر هەڵگری ئەو خەمە بوو بۆ ئەڵمانییە بێ ماڵەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم، بێ هۆ نەبوو چەند وانەیەکی تەرخان کردبوو بۆ «بیناکردن و نیشتەجێبوون و بیرکردنەوە»؛ جگە لەوەی کە چەند وانەیەکی لەسەر هۆڵدەرلین تەرخان کردبوو بۆ توێژینەوەی ئەو خەمەی کە شاعیر بەر لە بیریار هەڵگریەتی.

پاڵەوانی فیلمەکە لەپاڵ ئەوەی کە دۆستایەتییەکی باش لە باشووور دەبینێتەوە، هەمووو لایەک بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێ دەکەن؛ دەگاتە ئەو بڕوایەی بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی لە باکوور بۆ هێنانی دەستگیرانەکەی، بەڵام کە دەگاتە ئەوێ، جەندرمەکان خۆیان بۆ مەڵاسداوە و لە بۆسەکەیاندا لەبەرچاوی دەستگیرانەکەی و هەموو خەڵکی ئاواییەکەدا بەر گوللەی دەدەن و ئەویش لەگەڵ مۆسیقایەکی کوردیدا و لەگەڵیشیدا دەستگیرانەکەی بەدەم سەماوە لوول دەخۆن و گیان دەبەخشێت و بەردەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە پشتەوەی ئاواییەکەوە باڵۆنێکی زل بە ڕەنگی سوور بە تورکی لەسەری نووسراوەگ بەختەوەر ئەو کەسەیە کە خۆی بە تورک دادەنێت. بەرەو ئاسمان بڵند دەبێتەوە..

فیلمەکە پێشوازییەکی زۆری بە چەپڵەڕێزان لێکرا، پاش نمایشەکە دەرهێنەر و ئەکتەرەکان هاتنە سەر شانۆ و چەند پرسیارێکیان لێکراو چەند وەڵامێکی زیرەکانەیان دایەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا دەرهێنەر گوتی لە پاڵ مەرگدا بۆیە من موزیک و سەمام هێناوەتەوە تا بیسەلمێنم کە کورد ئارەزووی ژیانی خستۆتە پێشەوەی ئارەزووی مەرگەوە. هەروەها گوتی ئەو موزیکە بەلای منەوە بۆ ژیانی کورد وەک (ڕێنسانس)ێک وایە، واتە مەبەستی بوو بڵێت موزیک ڕۆڵی بەرگری دەبینێت لە جێیەکدا کە چ فۆرمێکی تری بەرگری لە ئارادا نییە، کتومت ئەوەی ئێمەش لە جێگەی تردا و لێرەشدا گوتوومانە کە کورد بە عەقلانیەتی خۆی جۆرێک لە سیستمی بەرگری دارشتووە. لەکۆتاییشدا حەز دەکەم ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە.

دەگێڕنەوە کە: «ئەسکا بەرخێک بووە هەر لە زووەوە کەمێک جیاوازتر بووە لەنێوان بەرخەکانی تردا، لەوەش پتر حەزی کردووە بچێت بۆ خوێندنگەی باڵێت و فێری ئەو سەمایە بێت. ڕۆژێکیان ئەم بوونەوەرە بەستەزمانە لە دارستاندا وێڵ دەبێت و تەواو وەک چۆن باوانی بۆی دەچوون کە گورگێک پەلاماری دابێت وەها بوو.. ئەگەرچی ئەسکا کەوتبووە ناو ترسی مەرگەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چ پەشێوییەکی پێوە دیار نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دەستیکرد بە نمایشی ئەو سەمایەی لە خوێندنگەی باڵێتەکە فێری ببوو. وەک حیکایەت خوانەکە دەیگێڕێتەوە، سەماکردنەکەی ئەو موعجیزەیەکی زۆر ڕاستەقینە بوو کە بووە مایەی دەرکەوتنی موعجیزەیەکی تر. ئەوەبوو گورگەکە لەبەردەم ئازایەتی بەرخەکەدا سەرسام ببوو. ئەسکای بەرخۆلەش لەناو خۆیدا هەستی بە سەد ژیان دەکرد و ئەم سەد ژیانەی لەو پێناوەدا بەکارهێنا کە ئەو تاکە ژیانەی خۆی پێ درێژ بکاتەوە کە وایدەزانی لە کیسی دەدات...»

ئێمە نازانین هەر بوونەوەرێک لەناو خۆیدا چەندێک هێز و چەندێک توانای هەڵگرتووە، ئێمە بێئاگاین لەوەی کە تەواو توانای چیمان هەیە، ئێمە هەین و دەژین و بەسەردەچین بەبێ ئەوەی بزانین دەتوانین چی بکەین و دەتوانین ببین بەچی. مرۆڤ ئەم نهێنییەی تەنیا لە دۆخ و لە ساتەوەختە گەورە و ناوەختەکاندا بۆ دەردەکەوێت و لەحزەیەکی لەو جۆرەش ئەوە بوو کە ئەسکا لەپێناوی ئەو ژیانەی لەکیسی دەدات سەمای تێدا کرد.

«بەڵام خەڵکی ئاواییەکە بە پەلە دێن و دەکەونە فریای ئەسکا و گورگەکە دەکوژن.» ساتەوەختی ئەسکاو دۆخی کورد کتومت هەمان شتن، ئەسکا بە سەما درێژەی بەژیانی دا بۆیە باڵێتەکەی خۆی ناونا بە «سەما لەپێناوی ژیاندا» لەکاتێکدا لای ڕەخنەگران بە «سەما لەپێناوی مەرگدا» ناوبانگی دەرکرد بوو.

بەڵام کورد بە خەبات بۆ شوێنێکی نەتەوەیی، کە پێی دەوترێت خەباتی مانەوە، درێژەی بە هەبوونی خۆی لە جیهاندا داوە.

**(بەرلین)**

# گرۆتۆفسکی
# وەڵام بۆ ستانیسلافسکی

**لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم**
**(بەلجیکا)**

**(١-٢)**

هەندێ پرسیار لە مانا و مەبەست بەدەرن. وەکو ئایا ستانیسلافسکی گرنگی و مانایەک بە شانۆی نوێ دەبەخشێ؟ من نازانم. ئەمڕۆ شتی نوێ گەلێک زۆرن، وەکو ئەو گۆڤارانەی لەسەر مۆدە دەردەچن. شتی نوێش هەن، بەڵام هێندەی سەرچاوەکانی ژیان کۆنن. بۆچی دەپرسی ئایا ستانیسلافسکی کاریگەری بەسەر شانۆی نوێوە هەیە؟ وەڵامەکەت بە ستانیسلافسکی خۆی بڵێ، وەڵامێک نەک لەسەر بناغەی نەزانینی شتەکان بنیاد نرابێ، بەڵکو لەسەر زانیارییەکی پراکتیکانەبێ. وەکو بوونەوەرێک کراوەو ڕاشکاوبێ. تۆ، یان داهێنەریت، یان داهێنەر نیت. ئەگەر داهێنەربیت، ئەوا بەشێوەیەک لە شێوەکان ستانیسلافسکی تێدەپەڕێنی، ئەگەر نا وەفاداریت، بەڵام نەزۆکانە. پێویست ناکات بپرسی: ئایا ستانیسلافسکی ئەمڕۆ گرنگە؟ ئەگەر بۆ تۆ گرنگ بێ لە خۆت بپرسە بۆچی؟ مەپرسە ئایا گرنگە بۆ خەڵکی تر، یان بۆ شانۆ بەشێوەیەکی گشتی؟

ئایا کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) کتێبێکی بەکەڵکە بۆ ئەمڕۆمان؟ ئەم پرسیارەش هەر لەبەر هەمان هۆ هیچ مانایەکی نییە. کاری ئەمڕۆمان مانای چییە؟ کاری ئەمڕۆ بەحوکمی شتەکان بوونی هەیە و جیاوازە لە کارەکانی دوێنێ، بەڵام کاری ئەمڕۆ بەلای هەمووانەوە هەمان شتە؟ لەیەک دەچن؟ تۆ وەکو شانۆکار کاری تایبەتی خۆت هەیە، کەواتە دەتوانی لە خۆت بپرسی ئایا ئەو کتێبە بۆ تۆ، بۆ کارەکانت گرنگە؟ بەڵام ئەو پرسیارە لە من مەکە. ناتوانین لە جیاتی کەسێکی تر وەڵام بدەینەوە.

یەکێک لە بەدحاڵیبوونە پێشوەختیەکان کە پەیوەستن بە کێشەیەکی لەم چەشنەوە، سەبارەت بە زۆر کەس، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاسان نییە جیاوازیەک بکەن لە نێوان تەکنیک و ئێستێتیکادا. بەم جۆرە، من مێتۆدی ستانیسلافسکی بە یەکێک لە هاندەرە هەرە گەورەکانی شانۆی ئەورووپی دادەنێم، بەتایبەتی کتێبی ئامادەکردنی ئەکتەر، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست دەکەم دوورم لە ئێستێتیکای ئەوەوە. ئێستێتیکای ستانیسلافسکی بەرهەمی ڕۆژگاری ئەو، وڵاتی ئەو، کەسایەتی ئەو بووە. ئەمانە شتێکن کە ناتوانین لە جێگایەکەوە هەڵیان گرین و لە جێگایەکی تر موتوربەیان بکەین، بێ ئەوەی نەکەوینە داوی لە قاڵبگرتن و کلێشەکاریەوە، بەتایبەتی شتگەلێ لە دوای لە دایکبوونیان گیان لەدەست دەدەن. ئەمە هەمان شتە سەبارەت بە ستانیسلافسکی و سەبارەت بە خودی خۆشمان و هەر کەسێکی تر بێ.

لە بواری پسپۆڕییەوە، من لە لە ستانیسلافسکییەوە دەستم پێکرد و خۆم پێک هێنا. بە هەندێ شێواز باوەڕم بە پسپۆڕی هەبوو، بەڵام هەنووکە هیچ باوەڕم پێ نییە.

دوو شێواز هەن بۆ ڕاکردن و هەڵاتن، دەتوانین لە نێو ناجددییەت و خۆشی کات بەسەربردندا هەڵبێین و ناوی (ئازادی) لێبنێین، یان دەتوانین لەنێو پسپۆڕیدا، لەنێو تەکنیکدا هەڵبێین. ئەم دوو شتە دەتوانرێ وەکو بروبیانوو بەکاربهێندرێن. جاران بروام بە پسپۆری هەبوو، ئەوکات لەو بوارەدا ستانیسلافسکیم وەکو مۆدێلێک بۆ کارکردن وەرگرتبوو. کاتێک دەستم بەکارەکانم کرد تەکنیکی ئەو لە خزمەتی خاڵی دەست پێکردنمدا بوو، بەڵام پێش هەموو شتێک بنەمایەکم بەدی کرد لەنێو ئەو شێوازەیدا، ئەویش ئەوەبوو کە لەهەر قۆناغێکی ژیانیدا شتێکی تازەی کەشف کردووە.

ستانیسلافسکی هەمیشە بەردەوام بوو. پرسیارە بنچینەییەکانی بواری پسپۆری خستەڕوو، بەڵام سەبارەت وەڵامەکان وەها هەست دەکەم کە جیاوازی لە نابەینماندا هەبێ. ڕێزێکی بێ پایانم بۆ ئەو هەیە. کاتێک دەبینم کە چ هەڵەو سەرلێشێواندنێک دەخولقێنرێن، بیر لەو دەکەمەوە. لە موریدەکان... قوتابییەکان!

وا دێتە پێش چاوم کە هەمان شت لە منیش ڕوویدابێ.

قوتابییە ڕاستەقینەکان هەرگیز قوتابی نین. مایەرهۆڵد قوتابییەکی ڕاستەقینەی ستانیسلافسکی بوو. بەشێوازی قوتابخانەیی سیستەمەکەی ئەوی جێبەجێ نەدەکرد. وەڵامی تایبەتی خۆی پێبوو. ڕکەبەرێکی ئەو بوو نەک گوێڕایەڵێک کاتێک قایل نەبێ تەنیا ناڕازیبوون دەربڕێ و هیچی تر. مایەر هۆڵد خاوەن بیرو باوەڕی خۆی بوو، هەر بۆیە باجەکەی دا. قوتابییەکی تری ڕاستەقینەی ستانیسلافسکی فاختانگۆف بوو. ئەو دژی ستانیسلافسکی نەدەوەستا، بەڵام کاتێک سیستەمەکەی لە پراکتیکدا جێبەجێی دەکرد شێوازێکی زۆر تایبەتمەندی خۆی هەبوو. (ئەویش لە ڕێگای ئەو پێوەندیانەی لەگەڵ ئەکتەرەکان هەیبوو، هەروەها لە ڕێگای کاریگەری سەردەمەکەی و ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویان دەدا وایان لێکردبوو بەشێوازێکی جیا بڕوانێتە نەوەی نوێ)

دەرئەنجامی کارەکانی فاختانگۆف زۆر جیاوازبوون لە نمایشەکانی ستانیسلافسکی. ستانیسلافسکی حەکیمێکی پیر بوو، فاختانگۆفی لە هەمووان زیاتر بە قوتابی خۆی قبووڵ دەکرد.

لەکاتی جەنەراڵ پرۆڤەی (تیوناردۆت) زۆر کەس لەو باوەڕەدابوون کە ناکرێ ستانیسلافسکی بتوانێ ڕازی بێ لەسەر پێشکەشکردنی ئەو نمایشە کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ستایلی کارەکانی خۆی، بەڵام بە پێچەوانەوە هەڵوێستێکی سینگ فراوان و حوکمێکی پۆزەتیڤانەی پێشان دا. ئەو تێگەیشتبوو کە فاختانگۆف هەمان شتی دەکرد کە خۆی لە ڕابردوودا کردوونی.

فاختانگۆف وەڵامی تایبەتی خۆی دەدایەوە سەبارەت بەو پرسیارانەی لە باوەڕیەوە سەریان دەردەهێنا. ئەو پرسیارانەی پێویستی بە بوێری هەبوون لە خودی خۆی بکات و لەهەمان کاتدا دوورکەوێتەوە لە قاڵب بەستن و کلێشەکاری تەنانەت لە ڕووی کارەکانی ستانیسلافسکیش.

لەبەر ئەو هۆیانە، کاتێ بوارم بۆ دەڕەخسێ دووبارەی دەکەمەوە، کە من ناخوازم (قوتابی)م هەبێ. دەمەوێ هاوکاری کارام هەبن، دەمەوێ هاوبیرو هاوپەیمانم هەبن، گەرچی دووریش بن، ڕەنگە گوژمی هاندان لەمنەوە وەرگرن و لە ڕێگای سروشتی تایبەتی خۆیانەوە بزوێن. پێوەندییەکانی تر نەزۆکن، تەنیا، یان پێوەندییەک لە

چەشنی جڵەوکردن کە ئەکتەر دەستەمۆ دەکات، لەژێر ناوی مندا، دێنەبەر، یان پێوەندییەک لەشێوەی کات بەسەربردن و ناجددی لەپشت ناوی منەوە خۆی قایم دەکات.

لە ڕاستیدا من تەنیا دەتوانم ئەفسانەی تایبەتی خۆم سەبارەت بە ستانیسلافسکی ئاشکرابکەم، هەر وەکو ئەوانەی تاوەکو ئێستا کردوویانە، بێ گوێدانە ئەوەی ئایا تا چ ڕادەیەک ئەو ئەفسانانەی تر بناغەی خۆیان لەواقیعدا دەبیننەوە. کاتێ لە قوتابخانەی شانۆ دەستم بە خوێندن کرد، لەبەشی نواندن، زانیارییەکانم لەسەر بنەماکانی ستانیسلافسکی بنیاد دەنا. وەکو ئەکتەرێک زۆر لەژێر کاریگەری ئەودابووم. زۆر توندڕەو بووم.

لەو باوەڕەدا بووم کە کلیلی دەرگای هەموو داهێنانەکان لەلای ئەون. دەمویست چاکتر لە کەسانی تر لێی تێبگەم. زۆرم کاردەکرد بۆ ئەوەی لە ئەگەری کردنی هەموو ئەو شتانەی ئەو وتوونی و ئەوانەی سەبارەت بەو وترابوون تێبگەم. ئەو کارە ڕێک و ڕەوان منی بەرەو تیۆری شیکاری دەروونی کێش کرد. بەرەو قۆناغی سەرەتای فێربوونی یاخیبوون، واتا گەڕان بەدوای پێگەی خۆم.

لە بواری پسپۆڕیدا، بۆ ئەوی ڕووبەڕووی ئەوانی تر گەمە بکەم، درکم پێکرد کە ستانیسلافسکی لەبری من هەمان ڕۆڵی بە ئاکام گەیاندووە....

دواتر تێگەیشتم کە ئەمە کارێکی ترسناک و هەڵەیە. بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە مەسەلەکە تەنیا پێوەندی بە داهێنانی ئەفسانەیەکی تازەوە هەبێ و هیچی تر.

کاتێک گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە کێشەی پێکهێنانی ئەو سیستەمەی من وەهم ئامێزە و هیچ سیستەمێکی ئیدیال لە توانایدا نییە کلیلی داهێنان دەستەبەر بکات، ئیتر لەو کاتەوە وشەی (میتۆد) لەلای من ماناکەی گۆڕا.

سیستەم ورووژانێک دوور دەخاتەوە کە هەر یەکێک پێویستە وەڵامی تایبەتی خۆی بەرانبەری هەبێ. هەریەکێک دەبێ بەرانبەر بە ژیانی تایبەتی خۆی ڕاستگۆیی بنوێنێ. ئەمە هەوڵ نادات کەسانی تر پەراوێز بکات بەپێچەوانەوە ئەوان زیاتر لە ئامێز دەنێ. ژیانی ئێمە لە کۆمەڵێ پێوەندی لەگەڵ کەسانی تر پێک هاتووە. ئەو کەسانە دەبنە کەرەستەی مەیدانی کارکردن و کردەی ئێمە، لەنێو جیهانێکی زیندوودا. لەنێو ئێمەدا چەندان پێداویستی جۆراوجۆرو چەندان ئەزموونی جۆراوجۆر هەن. هەموو هەوڵێکی خۆمان دەخەینەکار بۆ ڕاڤەکردنی ئەو ئەزموونانە کە وەکو جۆرە پەیامێک لە قەدەر و لە ژیان و لە مێژوو و لە ڕەگەزی مرۆیی یان خواوەندییەوە ئاڕاستەمان دەکرێن. (لەگەڵ ئەوەش گشت ئەو ناوانە گرنگ نین) بەهەرحاڵ، ئەزموونی ژیان لەنێو دڵسۆزی و ڕاستگۆییدا دەبێتە پرسیارو داهێنان، ئەمە هەموو وەڵامێکە. ئەمەش بە هەوڵ و کۆششێک دەست پێدەکات لە پێناو ئەوەی خۆت حەشار نەدەیت و درۆنەکەی. لەم حاڵەتەدا میتۆد بە هەموو واتاکانییەوە بوونی نییە. تەنیا وەکو ورووژێنەرێک و فریودەرێک دەتوانێ بوونی هەبێ. هەرگیز ناتوانین پێشتر بزانین چ وەڵامێک لەلایەن یەکێکی ترەوە دەدرێتەوە. زۆر گرنگە پێشتر خۆمان ئامادەکردبێ بۆ ئەوەی وەڵامەکەمان جیاواز بێ لە وەڵامی ئەوانی تر. ئەگەر ئەو وەڵامە هاوشێوە بوو بە دڵنیاییەوە وەڵامێکی درۆیە. ئەمە خاڵی پێودانگە و دەبێ تێبگەین.

چەمکی پسپۆڕی، ئەمیش هەر سنووربەندە. ڕەنگە لەنێو جەرگەی شانۆدا جێگایەک بوونی هەبێ بۆ پیادەکردنی چالاکییەکی پاکژ و بێگەرد، بەڵام ئەمە هێندە گرنگ نییە بۆ ئەوەی تێکڕای ژیانی بۆ بکەین بە قوربانی؟ لەگەڵ ئەوەش ئەگەر ئارەزووی کردنی ئەو کارەمان هەبێ، دەبێ هەموو ژیانی خۆمانی پێ ببەخشین. جارێ بەتەنیا، ئایا شانۆ شتێکی هێندە گرنگ و بنەڕەتییە کە شایستەی ئەوەبێ هەموو ژیانی بۆ بکەین بە قوربانی؟ لەو باوەڕەدام کە دەبێ وەکو ماڵێکی چۆڵکراو مامەڵە لەگەڵ شانۆدا بکەین، وەکو شتێک کە لە ڕاستیدا گرنگی لە دەستدابێ. ئێمە ئێستا هێشتا باوەڕناکەین کە ئەو شانۆیانە تەنیا کەلاوەن. لەبەر ئەم هۆیەشە جارێ هەر لە کارکردندان، بەڵام لە ئێستادا بوار و مەیدانی تر هەن بۆ چالاکییە مرۆییەکان، کە جێگای شانۆیان گرتۆتەوە، مەبەستم تەنیا سینەما و تەلەڤیزیۆن و میوزیک- هول نییە. مەبەستم ئەو بوار و مەیدانەیە کە بە بەرچاوی خۆمانەوە دەبینین شانۆی تێدا دەپووکێتەوە کە لە ڕابردوودابوونێکی بەرچاوی هەبووە.

ئەگەری ئەمڕۆ سەردانی شانۆ بکرێ، زیاتر بەهۆی ئۆتۆماتیکییەتی کولتوورییەوەیە لەوەی لە

پێداویستییەکەوە بێ. مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان دەزانن کە پێویستە بچن بۆ شانۆ. بەگشتی، ئەوان لەبەر ئەرکێکی کولتووری دەچن بۆ بینینی شانۆ نەک بۆ خودی شانۆکان. سەرباری ئەوەش هەوڵ دەدرێ ئەو هۆکارانە بەدەست بهێنرێن بۆ کۆکردنەوەی زیاتری بینەر، شێوازە هەرە کاریگەرەکان بەکاردەهێنرێن بۆ پەلکێش کردنیان، بۆ ناچارکردنیان بێن، لێرە سیستەمی (ئەبونمێنت) بەشداری کردن لە داشکاندنی نرخی بلیت و لەوێ پۆرنۆگرافی بەکاردێ. ئیتر چۆن بتوانرێ و بەهەچ نرخێک بێ بینەر مسۆگەر بکرێ؟ لەو باوەڕەدام هۆشمەندانە ترە باس لە شانۆ بکەین وەکو ئەوەی باس لە ماڵێکی چۆڵکراو و شێوە کەلاوەیەک بکەین.

لەسەرەتای ئەم سەدەیە، ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا وێڵ بوون، بەدوای شوێنە چۆڵ کراوەکان دەگەڕان بۆ بە ئاکام گەیاندنی پەیامەکانیان. یان ڕوویان لە بیابان دەکرد. (بڕواناکەم کە ئەمە چارەسەرێکی سروشتی بێ، بەڵام هەندێ جار لە هەندێ قۆناغی ژیاندا وا ڕوودەدات کە پێویست بکات بڕۆیت و دوورکەویتەوە بۆ ئەوەی دواتر بگەڕێتەوە)، یان ئەو کەسانە دەچوونە نێو خانووە چۆڵەکان، ڕەنگە بەوە مەحکوم کرابوون کە هیچ بەدەست نەهێنن، یان لەلایەن بەشێکی زۆری خەڵکی ئاساییەوە بەشێت لە قەڵەم درابێتن.

چەمکی پسپۆڕی ماوەیەکی زۆرە لە من بەدوورە. لە یەکەم قۆناغی چالاکییەکانم لە بواری دەرهێناندا، تێگەیشتم کە ئەو پەردەیەی ئەکتەر لە پشتییەوە خۆی دەشارێتەوە بۆ ئەوەی دوورکەوێتەوە لە ڕاستگۆبەکی هەست پێکراو و کۆنکرێت پێی دەوترێ ناجددییەت، کات بەسەربردن. لەوکاتەدا هیچ ناکەین، بەڵام باوەڕمان هەیە کە شتێک دەکەین. سەبارەت بەو بابەتە تاکو ئێستا ڕام نەگۆڕیوە، بەڵام تەکنیکیش دەکرێ وەکو پەردەیەک بەکاربهێنرێ. لەسەر ڕێنومایی سیستەمەکان و شێوازەکان و هۆکارە جۆراوجۆرەکان دەتوانین مەشق و ڕاهێنان بکەین، دەتوانین ببین بە مامۆستای کاراو لێهاتوو و ئەو میتۆدانە هەڵسووڕێنین بە مەبەستی پێشاندانی تەکنیکەکانمان، بەڵام نەک بە مەبەستی خۆدامالین، خۆپێشاندان. پێچەوانەی ڕای باو، دەبێ تەکنیک و ناجیددییەت تێپەڕێنین. ناجیددییەت بە واتای نەبوونی توندوتیژی دێ. توندوتیژی هەوڵێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیلیزیون (وەهم). کاتێک هەست ڕاست نەبێن یان وێنای ئەوە بکەین کە کردەیەک بە ئاکام دەگەیەنین، شتێکی نامەفهوم و ناتەواو دەکەین. دەبێ تەنیا ئەوەی خزمەت بەرپێرەوی گەشەی مرۆیی دەگەیەنێ لە تەکنیکەوە وەرگرین.

بێگومان ڕێزێکی گەورە و بێ پایانم بۆ ستانیسلافسکی هەیە. ئەو ڕێزە لەسەر دوو هۆکار بنیادنراوە. یەکەمیان: خۆڕاست کردنەوەو هەمیشە چاکسازی لە پرۆژەکانیدا. ئەو بەردەوام کارەکانی ڕابردووی دەخستە ژێر گومانەوە. تێنەدەکۆشا بۆ ئەوەی مۆدێرن بێ. بەتەواوی ڕقی لە تازگەری دەبووەوە ئەمە درێژکراوەی لۆژیکی ئەو بوو لەگەڕان بەدوای ڕاستیدا. بەڕوون و ئاشکرایی تازەگەرێتی قبوول نەبوو. ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی لە ئاستی میتۆدی (کرداری فیزیکی) بوەستێ و کۆتاییان پێی بێ، لەبەر ئەوە نییە کە ئیتر گەورەترین ڕاستی دۆزیبێتەوە لە بواری پسپۆڕیدا و تەواو، بەڵکو لەبەر ئەوەی مەرگ ڕەوتی گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی ڕاگرت. هۆکاری دووەم: ئەو هەوڵی دەدا لەسەر بنچینەی پراکتیکی و کۆنکریتی بیربکاتەوە. چۆن بتوانێ دەست بدات (لمس) لەوەی هەست پێکراو نییە؟ دەیویست ڕێچکە کۆنکریتەکان بدۆزێتەوە کە دەچنە نێو پرۆسەی شتە نهێنی ئامێز و هەست پێنەکراوەکان. ئەو هەوڵی دەدا ڕێچکە گەلێ ببینێتەوە، نەک بە تەنیا ئەو هۆکارانەی کە دژیان دەوەستایەوە و بە کلێشەکاری ناوزەدی دەکردن.

میتۆدی کرداری فیزیک: میتۆدێکی نوێ و لە هەمان کاتدا ئەو دوا قۆناغە بوو کە ستانیسلافسکی زۆربەی داهێنانەکانی پێشووی تێدا خستنە ژێر گومانەوە. بە دڵنیاییەوە، بەبێ کارەکانی ڕابردووی نەیدەتوانی میتۆدی کردارە فیزیکەکان داهێنێ.

بەڵام تەنیا لەو قۆناغەدا داهێنانێک ئەنجام دەدات کە دەکرێ بە جۆرە کەشف کردنێکی مەزن دابنرێ. هەستەکانمان پەیوەست نین بە ئیرادەمانەوە. لە قۆناغەکانی پێشتر، شتەکان بۆ ئەو هێشتا بەو شێوەیە ڕوون و ئاشکرا نەبوون.

ئەو لەسەر (یادەوەری سۆز ئامێز) گەڕان و توێژینەوەی دەکرد.

ئەو هێشتا لەو باوەڕەدا بوو بە پەنابردن بۆ یادەوەری

سۆزە جیاوازەکان دەتوانرێ ئەو سۆزانە جارێکی تر بهێنرێنەوە کایە. هەڵەکە لێرەدا بوو. کاتێک بڕوابکەی کە هەستەکانمان پەیوەستن بە ئیرادەمانەوە. لە ژیاندا بە پێچەوانەوە، دەتوانین بیسەلمێنین کە هەستەکان ئازادن لە ئیرادە. هەستەکان لەژێر ڕکێفی ئیرادەدا نین. بۆ نموونە نامانەوێ کەسێکمان خۆش بوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش خۆشمان دەوێ. یان بەپێچەوانەوە دەمانەوێ کەسێکمان خۆش بوێ، بەڵام ناتوانین ئەو خۆشەویستییە بە ئاکام بگەیەنین.

هەستەکان لە ئیرادەوە ئازادن. بەڕاستی لەبەر ئەو هۆکارە لە دوا قۆناغی چالاکییەکانی دەیوست لە کارەکانیدا زیاتر جەخت بکات لەسەر ئەو شتانەی پەیوەستن بە ئیرادەوە. بۆ نموونە لە قۆناغی یەکەمدا ئەو پرسیارانەی لە خۆدەکرد کە پەیوەست بوون بەو سۆزو هەستانەی کە تووشی ئەکتەر دەبن لە ڕەوتی گەشەکردنی بینراوە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها لەسەر چەمکی (ویستن)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بمانەوێ (ویستن بکەین)، کەچی هەمان شت نییە لەگەڵ خودی کردەی ویستندا.

لە قۆناغی دووەمدا زیاتر پێی دادەگرت لەسەر ئەو شتانەی ئیمکانی کردنیان هەیە، ئەنجام بدرێن. لەبەرئەوەی ئەو شتەی دەیکەین پەیوەستە بە ئیرادەوە، بەڵام چی دەکەین؟

خودی کردار چییە؟

ئەوانەی ڕووکەشانە مامەڵەیان لەگەڵ چەمکی کردارە فیزیکییەکان کردووە، لەوباوەڕەدابوون کە کردنی کردارێکی فیزیکی واتا بۆ نموونە، پیاسەیەک بکەی، جگەرەیەک بکێشی بەم جۆرە تا دوایی. ئەمە ئەوە دەردەخات کە کردارە فیزیکییەکان بەلای ئەوانەوە بریتین لە کردارە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە.

ئەمە زۆر ساویلکەییە. کەسانێکی تر کە ستانیسلافیسکیان لە قۆناغی پێشووتری بە چاکتر هەڵبژاردووە، کە بۆچوونەکانی لەسەر کردە فیزیکییەکان لەنێو چەمکی سۆزداریدا، هەمیشە دووبارە دەکەنەوە. بۆ نموونە، ئێستا کچەکە ئەوی خۆش ناوێ، کەواتە دەیەوێ دژی کوڕەکە بوەستێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵەکانی دەخاتەکار: پێویستە لەم حاڵەتەدا چی بکات؟ ئیتر بەم شێوەیە. ئەمانە کرداری فیزیکی نین. یان کەسانی تر هاتوون (گەمە- تەمسیل) کردنیان لەگەڵ کرداری فیزیک تێکەڵ کردووە.

بەپێی تێگەیشتنی ستانیسلافسکی کردارە فیزیکییەکان بریتیبوون لە بنەماکانی جوولە، لە کردارە سەرەتاییە فیزیکییەکان، بەڵام گرێدراوی کردەی کاردانەوە بوون لە بەرانبەر کەسانی تر. - من سەیری دەکەم- سەیری نێو چاوی دەکەم، هەوڵ دەدەم زاڵ بم بەسەریدا چاودێری دەوروبەر دەکەم بۆ ئەوەی بزانم کێ لەگەڵمدایە و کێ دژمە، یان سەیری ناکەم لەبەرئەوەی ئەو هۆکارانە لە خۆمدا نابینمەوە بۆ ئەوەی تەماشای بکەم. هەموو هێزو وزە بنەڕەتییەکانی جەستە ئاڕاستەی کەسێک، یان خودی خۆت دەکرێ. گوێگرتن، سەیرکردن، کاروکاردانەوە لەگەڵ شتێک، تەنێک، دۆزینەوەی پنتی پاڵپشت. گشت ئەمانە کرداری فیزیکن. سەیر دەکەین و دەبینین، نەک وەکو ئەو ئەکتەرە خراپەی لە نمایشە خراپەکاندا کە سەیر ناکات و نابینێ وەکو کەڕوکوێر وایە لەبەرانبەر هاوڕێکەی و لەبەرچاوی ئەوانی تر، تەنیا هەندێ حیلە دەزانێ بۆ ئەوەی ئەم شتانە بشارێتەوە. دەتوانرێ بەهۆی (کاریگەری میتۆدەوە) ئەو ئەکتەرە لە هەست ڕاستییەکی ڕووکەش و دروست کراوە (متصنع) بگوێزرێتەوە بۆ هەست ڕاستییەکی نیوە- ڕاست. لە گۆشە نیگای ڕامانی نمایشەوە ئەمە زۆرە. ئەگەر دەرهێنەر وەستای کاریگەری بێ لەم حاڵەتەدا دەتوانێ یارمەتی ئەکتەر بدات.

دەمەوێ بڵێم لەوەتەی لە جۆش و خرۆشی پسپۆڕی دووڕکەوتوومەتەوە چەمکی کاریگەریش لەلام گۆڕاوە.

هەموو ژیانی ستانیسلافسکی لەنێو هونەردا بەشێوەیەکی نموونەیی ئەوە پیشان دەدات کە دەبێ پێشوەخت ئامادەکاری و ڕێکخستن بکەی بۆ ئەوەی بە چاکی کارەکەت ئەنجام بدەی، بەڕاستی هەر ئەو پێویستی کاری نێو تاقیگای هێنایە کایەوە، هەروەها هەر ئەو پرۆڤەکردن وەکو قۆناغەکانی گەشەکردنی خوڵقاندن بەبێ بینەر داهێنا. بەهەمان شێوە پێویستی مەشق و ڕاهێنانی ئەکتەر. هەموو ئەمانە کاری پڕ بەها و گرنگن.

لەکاتی ڕاهێنانەکانی ئەکتەردا، لەنێو مەشقەکاندا دەتوانرێ خاترجەمی و ئاسوودەییەکی تەواو ساختە و نادروست هەست پێ بکرێ و ئەزموون بکرێ کە لە کردەی

ڕاستگۆیی کەسێتی ئەکتەر دووربکەوێتەوە. دەکرێ بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ خۆمان ئەشکەنجە بدەین. دەتوانین لەو باوەڕەدابین کە ڕاهێنانەکان بەهایەکی گەورە لە خۆدەگرن.

هەروەها دەتوانین پاساوێک لەنێو ڕاهێنانەکان ببینینەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە کردارەکە نەگەیەنێ بە کۆتایی.

بەپێچەوانەوە، لە چوارچێوەیەکی کولتووری تردا، جەخت کراوە لەسەر جڵەوکردنی بەکۆمەڵ.

لەم سەردەمەی ئێمەدا، لەم بوارەدا بەدوای خۆشی و ئاسوودەییەکی ناجۆردا دەگەڕێن. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کە مەشقەکان دەبێ ناخۆش بن، بەڵام کاتێک دەبینن کە نەرجسیەت لەنێو گەڕان بەدوای خۆشی و ئاسوودەیی تاکگەرایی و تەنیاییدایە شتێکەو تەنانەت ئەگەر بەگرووپیش ئەوکارە بکرێ و کاتێ دەبینین ئەو شتەی ناخۆش نییە، لەبەر ئەوەیە کە لەسەر بڕوایەکی بنچینەیی و شێتانەی سروشتی خۆمان پێک هاتووە شتێکی ترە. لەم حاڵەتەدا باسکردن لە شتێکی خۆش هیچ مانایەکی نییە. دەکرێ کلۆڵی مرۆڤی هاوچەرخ لەوەدا خۆی ببینێتەوە کە وازی هێنابێ لە گەڕان بە دوای بەختەوەریدا لەسەر حسابی گەڕان بەدوای چێژو خۆشیدا.

کاتێک ڕاهێنانەکان وەکو ڕاحەتییەکی ڕۆحی بەکاردەهێنین.... هەست دەکەین تەواو دڵخۆشین کە زەمەنی خۆمانمان لە دەست نەداوە. بڕوایەکی قووڵمان هەیە کە لە ئاسۆیەکی نوێ نزیک دەبینەوە. زۆرباس لە دروون دەکەین لە ڕۆح هەروەها لە دەروونناسی. لە دوو ڕوویی. ستانیسلافسکی لەو باوەڕەدابوو کە ڕاهێنانێکی ئەرێنی و پێویست دەبێ لە چەند جۆرە مەشقێکی جیاواز پێک بێ و هەموویان گرێدرابن بەیەک ئامانجی هاوبەشەوە.

بەپێچەوانەوە، لە تێڕوانینی سنووربەزاندنی پسپۆڕیەوە، تەنیا کردارە کە هەمەلایەنی و گشتگیری مرۆڤ لە ئامێزدەگرێ.

ئەگەر پشت ببەستین بە سنووربەزاندنی پسپۆڕی، بەگشتگیری مرۆیی، لەبەرانبەر هەندێ ناکۆکی ناتوانین دەربازبین.

لەبەرئەوەی زۆرجار کە هەست دەکەین شتێک دەکەین، بەڵام لە ڕاستیدا شتێکی تر، شتێکی جیاواز دەکەین.

شیکردنەوەیەکی وردی ئەو کردارانەی لەو جۆرەن لەگەڵ فرۆید دەستی پێکرد.

بەڵام پێشتر لە (گەمژە)ی دیستۆفسکیدا، بۆ نموونە چیرۆکی کەسێکمان بەرچاودەکەوێ کە دەڕوانێتە جامخانەی دوکانێک و لەناو جامخانەکەش دەڕوانێتە چەقۆیەک. شتێک دەکات تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەیکات.

بەشێوەیەکی نەستی، سروشتی ئەو خۆی ئامادەکردووە بۆ شتێکی جیاواز لەو شتەی ئاگایی ئەو دەیویست شیکاری بۆ بکات. بەم شێوەیە، کاتێ بە ئاگاییەوە شتێک دەکەین، ئیتر ئەمە هەموو شتێک نییە. لەبەر ئەوەی ئەو ئاگاییە گشتگیری لە ئامێزنانێ لەوکاتەدا. تەنانەت بەپێی ئەو دیاریکردنەش کە دەڵێ نەست چ شتێکە، ئەمەش پڕ ئاگایی نییە. ستانیسلافسکی دەیزانی کە ئەم دیلێمە هەیە، بۆیە بەشێوازی خۆی، دەگەڕا بەدوای ئەوەی چۆن بتوانێ ناڕاستەوخۆ دەست بدات لە نەستەوە.

پێویستە گەڕان و توێژینەوە بکرێ لە چۆنێتی ئازادکردنی وجوودی تایبەتی خۆت کە ڕووبەڕووی کەسانی تر دەبێتەوە.

بۆ نموونە دەتوانرێ لەو بوارەش کە پێی دەوترێ تەکنیکی دەنگ ئەم کارە بکرێ، بەڵام باس کردنی ئەم بابەتە بەکورتی و بەسەر پێیییەوە ناکرێ و دروست نییە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێ بەدحاڵیبوون دەخولقێنێ. بەهەرحاڵ بریتییە لە کارێکی دوورودرێژ و پڕووکێنەر و گران. گرانی ئەو کارە لە هەوڵ و کۆششەکاندا نییە، بەڵکو لە بوێری و سووربووندایە. گشت ئەو مەشقانەی دیاریمان کردن و هێشتمانەوە، بەبێ جیاوازی، ئەوانە بوون کە ئاڕاستەکرابوون بەڕووی سڕینەوەو لابردنی بەرگرییەکانی پێش جەستە و لەکار وەستانی و هەروەها کلێشە ئامێزی لەلای خودی تاکەکەس و لەکاری پسپۆڕی. ئەوانە مەشقی لابردنی بەربەستەکان بوون. بۆ تێپەڕاندنی ئەو مەشقانەی وەکو تەڵەن پێویستە کاروەستانەکانی کە تایبەتن بە خودی خۆت کەشف بکەی. لە ڕاستیدا هەموو ئەو مەشقانە کارەکتەرێکی نەرێنیان هەبوو، واتا لە خزمەتی کەشفکردنی گشت ئەو شتانەدا بوون کە نەدەبوو بکرێن، بەڵام ئەی ئەو شتانە چی بوون کە دەبایە بکرابان و چۆن چۆنی بکرابان و هەمیشەش پێوەندیان هەبوایە بە

ڕێچکەکەی ئێمەوە.

ئەگەر ئەو مەشقانە زۆر جلەوکێش بکرابان و تەواو بەسەریان زاڵبووینایە، یان دەمانگۆڕین، یان وازمان لێدەهێنان. ئەگەر بەردەوام بووینایە لەسەریان، ئەوا دەکەوتینە نێو بواری تەکنیک لە پێناوی تەکنیک و (زانینی چۆن چۆن)یەکان.

کاتێک هەستمان دەکرد کە سەرچاوەکان ئیتر لە ناخماندا نابزوێن (یان کاریگەریان بەسەرمانەوە نییە) و کە بەرگرییەکان بلۆکمان دەکەن ڕاماندەوەستێنن، دامانەخەن، کە ڕێڕەوی گەشەی خولقاندنیش بەردەوامە، بەڵام بەشێوەیەکی نەزۆکانە، ئەوکات دەگەڕاینەوە بۆ مەشقەکان و تەنیا هۆکارەکانمان دەدۆزییەوە، نەک چارەسەرەکان، بە تەنیا هۆکارەکان.

لە هەندێ قۆناغدا، ڕاهێنانی ڕۆژانە پێویست بوون، بەڵام لە هەندێ قۆناغی تردا تەواو تەرکیزمان دەکردە سەر گەشەی خولقاندن. نەک لەبەر ئەوەی کاتی یەکەم نمایشکردن (جەنەڕاڵ پرۆڤە) نزیک دەبۆوە. یەکەم نمایش کاتێ پێشکەش دەکرێ کە نمایش بکرێ، لە ڕاستیدا هەرگیز پێشکەش نەکراوە لای ئێمە. واتا ئێمە هەمان نمایشمان پەنجا جار گەمە دەکردو لە هەمان کاتدا بەردەوام کارمان تێدا دەکرد. زۆرجار پرۆڤەکان دوای سەدان جار پێشکەش کردن پڕ جۆش و خرۆشتر دەبوون و بۆ ئێمە بنەڕەتیتر دەبوون. بەم شێوەیە دەگەڕاینەوە بۆ مەشقەکان یان کارمان لەسەر دەکردن یان وازمان لێدەهێنان، بەڵام هەمیشە لە هەمبەر ئەوەی کە هەرە بنەڕەتی بوو لەنێو کارەکەدا.

تێگەیشتنێک و مانایەک بۆ مەشقەکان بوونی نییە گەر بڵێ ئەو مەشقانە بۆ خودی خۆیان گرنگن. سەرباری ئەمەش زۆرجار مەشقەکان گرنگن، بۆ نموونە کاتێک ئەکتەرێک لە نمایشێکدا هەست دەکات زیاد لە ڕادە دەسەڵاتێک بەسەر ڕۆح و دەروونی بینەر پیادە دەکات، یان لەو کاتەدا کە دەگاتە حاڵەتێکی (بەرزەفڕ) کە دووردەکەوێتەوە لە دیقەت و لە ڕوون و ئاشکرایی لە گوزارشتدا. لەو کاتەدا پێویستە دەسبەجێ بگەڕێنەوە بۆ مەشقەکان. بۆ ئەوەی زیاتر بەجددیتر کاربکەین، بۆ ئەوەی هەست بکەین لەسەر ئەم زەویە، کە ڕەنگ هەندێ شتی پەرجووی تێدا بەدی نەکەین، بەڵام هەندێ شتی سەرسوڕهێنەری تێدابێ. لە کارەکانی مندا مەشقەکان بەردەوام لەژێر کاریگەری گەشەکردن و گۆڕاندا بوون.

زۆرجار چاودێری ئەو خەڵکانەم دەکرد کە سادەییەکیان بە مەشقەکانم دەبەخشی، بەناوی ئەوەی گوایە شێوازی تایبەتی خۆیانی دەدەنێ. لە کاتێکدا لە هەموو ماناو مەبەستێک دایاندەماڵین و لەتەک ترس و شڵەژاوی خۆیان دەیانگونجاندن.

لەتەک تەمەڵی و بێدەسەڵاتی خۆیان دەیانگونجاندن. ئەوکات دەیانوت بەڵێ ئێستا ئەوە ستایلی تایبەتی خۆمە لەو مەشقانە. سیستەمی مەشقە تایبەتییەکانی خۆت بەپێی هەموو پێوەرەکان کاتێک بونیان دەبێ کە ئەو مەشقە قورس و گرانانە داهێنرێن کە تا ڕادەی وازهێنان بێ لەو بەربەستانەی جێ دەگرنەوە و لەو پەردانەی کە خۆ ئاسانکارییەکانی خۆت پێشنیاریان دەکەن.

مەشقەکان تایبەتین بەخۆت لەبەر ئەوەی وەکو تاقیکردنەوەیەک وەکو تێستێک کاردەکەن بۆ ڕووتکردنەوەی (پێشاندان) خودی تاک.

کەواتە دەبێ بۆ خودی خۆمان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر قورس و گران بن وەک بۆ خەڵکی تر.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**حاجی قادری پەڕەکار و مام عەلی سەمەنێ**

سەرەتا پرسیم و گوتم: حاجی قادر، ئێوە کاتی خۆی ئەم گۆرانییانەتان، لە چ شوێن و بۆنەیەکدا دەگوت؟ گوتی: من بەش بەحاڵی خۆم ئەو گۆرانییانەم وەرگرتووە، (سمایلە خڕە) هەبوو خزممان بوو، بەستەکانم لەو وەرگرتووە (مەبەستی لەوەوە، فێریان بووە) کەسێکی دی بە ناوی (حاجی محەمەدی عەلەی) ئوستادمان بوو، دیسان کاک (سەید ئەحمەد) بابی شێخ جەمالی، هەم شاعیر بوو هەم: (ئسووڵ، مەقام، نزم) زانیش بوو، شارەزایی ئەو شتانەمان لەو زاتانە وەردەگرت، بەشەوق و زەوقەوە دادەنیشتین و ڕامان دەبوارد، لەو مەجلیسانەدا حەکایەت و بەیت دەگێڕدرایەوە، کتێب دەخوێنرایەوە، مەقام دەگوترا، کاتێکمان دەزانی مەلابانگ دانە! لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەماندا، گوتی: ئەو زاتانەی کاتی خۆی ئەو مەقام و گۆتنانەیان لێ فێردەبووین، خەڵکی کۆیە بوون، (ئەحەی ناسر)م نەدیوە، بەڵام لە کۆیە (ڕەفیقی چارچاوی) هەبوو لە دنیاییێدا زۆرم ناوی دەنگخۆش و مەقام و غەزەل خوێنان بیستووە و گوێ بیستیان بوومە، بەڵام کەم کەسی وەک (میرزا ڕەفیق)م دیوە، جگە لەوەی لاوچاک بوو، دەنگیشی لە ڕادەبەدەر خۆش بوو. وەستا (غەفوور)ێکیش هەبوو دیسان دەنگی زۆرخۆش بوو. جارێکیان (مەلائەسعەد)و (سمایلەخڕە) لە مەجلیسێک لای (شێخ کەریم)دادەنیشن خەڵکێکی زۆریش ئامادەدەبن «عەجەم ئۆغلی» (*) دەست پێ دەکا و (غەزەل)ێک دەخوێنێتەوە، بەڵام چۆن دەسپێکردنێک؟ چەهچەهەی دەنگی لە هەموو شاری کۆیەدا دەنگ دەداتەوە، کاتێک تەواو دەبێ ئامادەبووان داوا لە (مەلا ئەسعەد) دەکەن، تا ئەویش (غەزەل)ێکیان بۆ



**حاجی قادری پەڕەکار**

بخوێنێتەوە، کەچی مەلا ئەسعەد لە وەڵامدا دەڵێ: ناتوانم! بەڵام سمایلە خڕە غەزەلێک دەخوێنێتەوە، ئینجا عەجەم ئۆغلی ڕوو دەکاتە مەلا ئەسعەد و دەڵێ: ئەتۆ گۆیندە نیت! سمایلە خڕە بە ڕادەی خۆی شتێکی گۆت بەڵام تۆ نەت توانی بیلێیت! جارێکی دی (ڕەفیقی چارچاوی) لە ناو دۆلابێ دەنێن و دەیشارنەوە! (ئەحەی ناسر)یش بۆ ئەو مەجلیسە داوەت دەکەن، ئەحە مەقامێک دەخوێنێت، لە ناکاو ڕەفیق لە ناو دۆلابێ دێتە دەرێ و لە سەر چۆک بۆی دادەنیشێت و دەست دەخاتە بنا گوێی و هەمان مەقامەکەی پێش تۆزیک (ئەحەی ناسر) خوێندبووی لەو چاکتر دەیخوێنێت! ئەحەی ناسر کە دیارە بەم کارە نارِحەت بووە، دەڵێت: ئای کۆیینە.. چەندین شار گەڕام تا دواجار ئەو چەند مەقامە فێربووم، ئێوە بە پارووە (پڵاوەکی) لێتان دەرهێنام، وەڵڵاهی جارەکی دی گوێتان لە دەنگم نابێت. حاجی قادر و (وەستا باقی سەرتاش) کە ئەو شەوە لەو دانیشتنەماندا ئامادەبوو، بۆیان باس کردم و گوتیان) :شەهابەی هەولێری) لێرە لە (سەر تەمتەمان)ەوە، مەقامی دەگۆت لە (قۆنگرێ) گوێیان لێ دەبوو! لێرەدا باقی سەرتاش (ئەمان ئەمان)ەکی گۆت، دوای مەقامەکەش بە هەمان هۆنراوەوە کردی بە بەستەی: (چوومە خزمەت یارەکەم دوێنێ).

**مەقام و گۆرانی: (چوومە خزمەت یارەکەم دوێنێ)**

هۆنراوە: ؟

ئاواز: کۆن

**چوومە خزمەت یارەکەم دوێنێ**
**گوتم: شەرعم هەیە ئیمڕۆ**
**گوتی:ڕاستە یانە درۆ**
**گوتم: وەڵڵا گوتی: هەیڕۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: دەردی دڵم زۆرە**
**گوتی: ئاشق دەبێ وابێ**
**گوتم: ماشووقە چی قوربان**
**بە غەمزە و ناز گوتی: هەیڕۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: تایێ لە زولفی خۆت**
**گوتی : چیت بۆ ئەکا جانا**
**گوتم: بۆ زەخمی دڵ چاکە**
**گوتی: بگرە ئەوەش بۆ تۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: ڕووت سوور مەیی ساغە**
**گوتی: وسکت بە یاساغە**
**گوتم: سینە گوتی : باخە**
**گوتم: مەمکت گوتی: لیمۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: خۆ ئاگرە ڕووی تۆ**
**گوتی: هەی دێ دەسا بە تۆ**
**گوتم: بۆچ قەلبت سووتاندم؟**
**گوتی: کوانێ دێتێ بۆ سۆ؟**
**ئەمان ئەمان**

**لە قاپییەکەی تۆ لاناچێ**
**هەوایێ بۆ ئەرێ ناچێ**





مام عەلی سەمەنێ

**گوتی: مەترە گوتم: ماچێ**
**گوتی: لەو قەندە تۆ مەیخۆ**
**ئەمان ئەمان**

پرسیم و گوتم: جگە لەو کەسانەی ناوتان بردن ئەو سەردەمە کێی دی هەبوو، لێرە لە کۆیە گۆتنێ بلێت؟ (مام عەلی سەمەنێ گوتی): (سۆفی عەلی برای سمایلە خڕەی) و (وەستا غەفوور) و (ئەمینی سەمەنێ). گوتم: ئەو هۆنراوانەی ئەو کاتە ئەم گۆرانییانەی پێ دەگوترا، هی چ کەسێک بوون؟ گوتیان: هەر هەمووی هی (ئەمین ئاغای ئەختەر)ن! گوتم: حاجی قادر (حەنیلە خڕە)ت دیوە؟ گوتی: گوێم لە گوتنیشی بووە، گۆرانی (کەپر) و (کراسی شەنگ مێرەم) و (نیوەشەو) و گۆتنەکانی دیکەی (سێوە)ی دەگۆتن، سێوە شاگردی ئەو حەنیلە خڕەیە بووە، لێرە مام عەلی سەمەنێ، دەستی بە گوتنی مەقامی (نیوەشەو) کرد. بۆ گۆرانی (جەبارە و جەبارە) گوتیان: ئی (باپیرە کەڕ)ە!

**گۆرانی (جەبارە و جەبارە)**

تێکستی ئەم گۆرانییەم لە کتێبی (مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا) نووسینی مامۆستا (کەریم شارەزا) وەرگرتووە، لە لاپەڕە (٥٠)ی ئەو کتێبەدا دەربارەی ئەم گۆرانییەوە نووسراوە: (ئەم گۆرانییەش مەقامی شایی (ڕۆیینە)یە، سێوەی هونەرمەند لە نەورۆز و سەیرانی بەهارانی کۆیە، شایی دۆست و یارانی پێ دەگێڕا) لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەشدا هاتووە: (دەقی ئەم مەقامە لە ڕۆژی (٤/٢/١٩٧٩)دا لە کاک (شەعیەی مام مەڕبێن)م وەرگرتووە بە ئاوازەوە لە کۆیە تۆمارم کردووە.)

**جەبارە و جەبارە**
**جەبارە و جەبارە**
**جەبارە و جەبارە**
**هەرچی ساحێب یارە**
**لە چاوان ڕا دیارە**

**جەبارە و جەبارە**
**جەبارەی نەورۆزی**
**چەندە قیت و قۆزی**
**لە چاوان ئارۆزی**

**جەبارە و جەبارە**
**جەبارەی نەدیە**
**نەکرێم قیمە قیمە**
**بێ مەمکان ناژیە**

**خوایە قەت واناکەی**
**باغان بەرهەڵلاکەی**
**پیران لە گڕی ڕاکەی**
**جوانان پێکدی شاکەی**

مام عەلی گوتی: من منداڵ بووم (سۆفی عەلی و ئەمینی سەمەنێ (واتە کاکم) و (عەبدەی ئاوڕەحمان ئاغای) ئەو شێوەگوتنە تایبەتییانەی کۆیەی وەک:





باقی سەرتاش

ئەوەیان کە بە ناوی (شەمار)ە و ئەوی تریشیان کە بە ناوی (کەللەی سەر)ەیان دەگۆت. لە تاوانا خۆت پێ نە دەگیراو وەخت دەبووشێت ببیت. لێرانەدا (مام عەلی سەمەنێ) شتێکی لەو شتە تایبەتمەندانەی کۆیەی گۆت زۆر بەتام بوو، حاجی قادریش غەزەلێکی ئایینی خوێندەوە و مەقامی (سەبا)شی بەدوادا خوێند (ئەو شەوە بۆم دەرکەوت کە حاجی قادر شارەزای هەندێ لە مەقامەکانیش بوو)، پرسیم: شایی چۆن دەکرا؟ حاجی قادر گوتی: جاران ئەگەر کەسێک ڕایەخی ژێرخۆی بفرۆشتایە دەبوایە شایی ڕەشبەڵەک لە حەوشێکی گەورەدا بگێڕێت! پرسیم: شاییەکان چی بوون؟ گوتی: (سێ پێ یی، چەپەیی، ئایشۆکێ، سووسکەیی، گوڵ شێنی، شێخانی) و جوولەکەکانی کۆیەش شایی تایبەتی خۆیانیان هەبوو، هەر بە کوردیش گۆرانییان بۆ شایی خۆیان دەگۆت (حەمەد بەگی ئەسعەدە سووری) نەوەی وان بوو، (ساسۆنە) جوو هەبوو، کوڕی (مام ڕەحمینی) ئارەقی خواردەوە و بەندەکی (شەمار) هەستا، وەک کەو خوێندی ئەمن ئەو شەوە پێم نەدەگۆترا، کاتێک ئەو پەکی کەوت ئەوجا ئەمن دەستم پێکرد! پرسیم زۆرتر لە چ شوێنێک گۆرانیتان گوتووە؟ مام عەلی گوتی: نە ئەمن نە حاجی قادر، لە (مەولوودان) بترازێت نەمان گۆتییە! لە مام عەلیم پرسی: زەمانی گەنجیت، لە کۆیە گۆرانی بۆ چ مەبەستێک دەگوترا؟ گوتی: بۆ نموونە (مام حەوێز) بابی مامۆستا (عەلی)یە گۆج، گۆرانی دروونەی دەگۆت. بۆ مێژوو دەیڵێم من - وریا ئەحمەد - سەردەمی منداڵی خۆم ئەو مام حەوێزەم دیتووە، لە ماڵی خۆمان کە ماڵی (بابە گەورە)مان پێ دەگۆت، لە پایزاندا (مام حەوێز) بە خۆی و کوتکەکەیەوە دەهات، ساواری ساڵانەی ئەو خێزانە گەورەیەی، بۆمان دەکوتایەوە و لەگەڵیدا بە دەنگێکی خۆش گۆرانی دەگۆت، یەکێک لەو گۆرانییانەی تا ئەمڕۆش چ وەک ئاواز بێت یا هۆنراوە، بیرم ماوە ئەمەیە کە دەڵێت:

**گۆرانی (ساوار کوتانەوە)**

**گەنمی پارە و بۆ ئەو سارە**

**یاڵلادەی بیکوتە دەی .....تاد**

گوتم: مام عەلی ئەدی سەمەنی؟ گوتی: سەمەنی دەکراو شایی (ڕۆیین)ی بۆ دەکرا، سەمەنی لە سلێمانی زۆرتر بەربڵاوبووە، تا لە کۆیە (ئەمەیان قسەی (قەدری خانی) هاوسەری (غازی ئامۆزام) بوو، دیارە ئێمە وەک زووتر باسم کرد لە ماڵی ئەواندا بۆ ئەم مەبەستە میوانداری کرابووین. گوتم: مام عەلی ئەدی دروونە؟ گوتی: دروونە هەبوو بە (نەزم ـ ئاواز)ەوە دەگوترا و دەکرا و ئەوانی دی بۆیان دەگێڕایەوە، ئەو سەپانەی گازی لێ دەدا، ئەمەیان دەیگوت و ئەو سێ چوار سەپانەی دی، گوتنەکەیان بۆ دووبارە دەکردەوە، مەبەستم لەوسەری بە گۆتن دەگەڕانەوە. مام عەلی گوتی: باوکت (ئەحمەدی حەمە مەلا) و (کاک عومەر عەبدوڵڵا)ش گۆتنی چاکیان دەگوت، گوتم: ئەی ئەوان بە ڕای تۆ لە کوێوە فێری ئەو گوتنانە ببوون؟ حاجی قادر گوتی: ئەوان مەجلیسی تایبەتی خۆیان هەبوو، من بەش بەحاڵی خۆم لە مەجلیسی ئەوان دانەنیشتووم. مام عەلی گوتی: میوانداریییەک لە ڕەزی (مام عەلی) لە کۆیە کرا، لەبەر ئەوەی میوانەکان زۆر بوون، لە ڕەزی ئێمەدا جێگەیان نەدەبووەوە، پێم گوتن: با بچینە ڕەزی مام عەلی، لەوێ





**شەعیەی مام مەڕێن**

لەبیرمە باوکت و کاک عومەر بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕێک گۆرانییان دەگۆت، لێرە (باقی سەرتاش)یش هاتە قسە و گوتی: باوکت و کاک عومەر بە شێوەیەکی زۆر جوان و هەم بە ئسووڵ و وەستایانە گۆرانییان دەگوت، هەروەها شێخ ئەنوەریش. مام عەلی گوتی: شێخ جەمال و ئەنوەری برای جارێ ئێمە دەستمان پێ نەکردبوو، ئەوان زۆر جوان و بە ئسووڵ مەقامیان دەگوت، حاجی قادر هاتە قسە و گوتی: شێخ جەمال نا! شێخ جەمال دەنگی نەبوو، ڕاستە شێخ ئەنوەر لە مەقامەکاندا ئسووڵ زان بوو، بەڵام ئەویش دەنگی خۆش نەبوو. لێرەدا باقی سەرتاش باسی (شەهابەی هەولێری) کرد و گوتی: دەنگ نەبووە وەک دەنگی شەهابە کە لە ماوەی زۆر دوورەوە ببیسترێ! حاجی قادر گوتی: سەردەمی گەنجیم لەم (سەرتەمتەمان)ەدا، گۆرانی و مەقامم گۆتییە لە دیوەخانی (جەمیل ئاغای) مانای شیعرەکانیان لێک داوەتەوە.

* عەجەم ئۆغلی: هەرچەندە ئەو نازناوی (عەجەم)ەی دراوەتە پاڵ ناوەکەیەوە، بەڵام بە ڕەگەز کوردی ڕۆژهەڵات بووە و بە کوردیش گوتوویەتی.

ئەم چاوپێکەوتنەی سەرەوە لە شاری کۆیە شەوی (٢)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٠) لە گەڕەکی (سەرتەمتەمان) لە ماڵی مامۆستا (غازی) ئامۆزام ئەنجام دراوە کە بە سوپاسەوە بۆ ماوەی چەند شەوێک، خۆی و مامۆستا (قەدری خان)ی هاوسەری میوانداری ئێمە و میوانەکانمانیان گرتە ئەستۆی خۆیان، (شایانی باسە ئەو کاتە من دانیشتووی هەولێر بووم).

# جیهانێکی نوێ

زەوی و هەمـوو جیـهـان (گەردوون) کـە لە بۆشـاییـدا ڕەهایە لەبەر چاو بگرن. بە گەورەکردنێکی سەد بەرانبەر، کەناری وڵاتی فەرەنسە و بەشێک لە ئیسپانیا و زۆربەی بەشـــەکـــانی دوورگـــەی بەریتـــانیـــای دەبینن و بە گەورەکردنێکی سەد بەرانبەر زیاتر دوورگەی «سیلی» و «کـورن وال» دەبیندرێت و ئەگـەر دیسـانیش وێنەکـە (دیمەنەکە) سەد بەرانبـەر گەورەتر بکەین دەتوانین تەنیا هەندێ بەشی دوورگەیەک ببینین.

ئێـسـتـا وێنەکـە دە بەرانبـەر و دە بەرانبـەر گـەورەتر دەکەین و لە بابەتەکە نزیکتر دەکەوینەوە.

کەنارێک دەبینین کە خەڵکەکەی (مرۆڤەکانی) ناوی وەک مـێروسـتـان و وەک خـاکێک دێنە بەرچاو. دیسـان بەرەو پێشتر دەڕۆین، دنکەکانی زیخ دەبینین کـە لەسەر یەکـتـریدا کـۆبوونەتەوە و لە کـۆتاییـدا بەکـتـریایەکـان دەبیندرێن کـە لە مـاوەیەکی زۆر کـورتدا ئەو قـەوزانە دەخۆن کە دەنکەکانی زیخیان داپۆشیوە.

ئەمە ئەو جیهانەیە کە بە تەکنیکە سەیر و سەمەرەکانی وێنەگرتن (وێنەگری) پێشان دەدرێت.

جـیـهـانێک لە دەوروبەرمـانە کـە هێـشـتـا بە چاوی سروشتی نابیندرێت. جیهانێک لە کاکێشانەکانی دوور دەست بگرە و تاکو ئەو بەکتریایانەی کە لەسەر پێستی لەشی مرۆڤدا دەژین.

لەم وتارەدا بە کـورتی نەک تەنیـا لێکۆڵینەوە لەسـەر جـیـهـانی پانوبەرین و مـیکرۆسکۆپی دەکرێت، بەڵکو هەندێ لەو وێنانەی کە لەم جیـهانە پڕ ڕەمز و ڕازەی کە

**لە فارسییەوە: کەمال عەبدوڵڵا حەسەن**



له ماوەی دەیەکانی ئەم دواییە، بەهۆی پێشکەوتنە گرنگەکانی وێنەگرتن (وێنەگری) بینراون پێشان دەدەین.

ترمۆگرافی گەرمای بەشە جیاوازەکانی شارێک، یان ڕوخساری مرۆڤ بە ڕەنگە جیاوازەکانی کە هاوسەنگە لەگەڵ پلەی گەرماکەیان پێشان دەدات، وێنەگرتنی کرلیان ئەو ترووسکە ڕووناکیانەی کە هەموو گیانلەبەرانی لەبەر دەگرێت پێشان دەدات. وێنەگرتنی شیلرن جووڵەی هەوا دەست نیشان دەکات. وێنەگرتن بەخێرایی زۆرەوە، ئەو شتانەی کە بەخێرایی دەجووڵێنەوە دەوەستێنێت (ڕادەگرێت). لە وێنەیەکدا گوللەیەک لەنێوان سێوێک تێپەڕیوە، لە وێنەیەکی تردا گوللەیەک کە لە نێوان کۆمەڵە دەبدەبەیەک دەرچووە لە شوێنی (مەسیری) جووڵەکەی خۆیدا ڕاوەستاوە.

لە سێ وێنەی بەنرخدا گوللەیەک دەبیندرێت کە دەچێتە ناو شووشەیەکی گلۆپی داگیرساو کە لەناویدا جووڵە دەکات و لە کۆتاییدا لێی دەردەچێت.

لێرەدا وێنەگرتن شتێک پێشان دەدات کە چاو هەرگیز ناتوانێت بیدۆزێتەوە.

بەر لەوەی گوللە دەرفەت پەیدا بکات لە لایەکی تری شووشەکە دەربچێت، گازی ئارگۆن کە لە ناو شووشەکە دایە دەکەوێتە ژێر گوشار و وردە شووشەکان وەک تەقینەوەیەکی بچووک بۆ دەوروبەر پەرت و بڵاو دەکرێن.

ئێستاش هەندێ وێنەی وا دەبینین کە لەو جیهانەی کە لە ناویدا دەژین جیامان دەکاتەوە و بەرەو بۆشایی دەمان بات.

ئەم کۆمەڵە وێنەیە لە بۆشایی دەرەوەی خۆر، لەلایەن پیاوانی بۆشاییگەری کە چوونەتە سەر مانگ گیراون. ئەوان تەنانەت بەهۆی دەزگای «وایکینگ١» توانیویانە هەندێ وێنەی ڕوون و ئاشکرا لە هەسارەی مەریخ بگرن.

هەرچەندە سەبارەت بە تەکنیکە تایبەتییەکانی وێنەگرتن باس بکەین، دیسانیش شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە وشەکان بەتەنیایی ناتوانن وەسفی زۆربەی زۆری ئەم وێنانە بکەن بۆیە لێرەدا بەکورتی سەبارەت بەم وێنانە قسە دەکەین.

٢- مرۆڤی ئەندازیار سروشت پێوانە دەکات: چزووی ژەنگە سوورەیەک لە کونی دەرزیدا.

٤- ڕادیۆ گرافی نیوترۆنی لە تەلەفۆنێکدا

٩- وێنەگرتن بە خێراییەکی زۆر، گوللەیەکی سێ ملم ناوەندی (ناوەڕاستی) سێوەکە پارچە پارچە دەکات، ئەم وێنەیە نیو چرکە بەر لە پارچە پارچە بوونی سێوەکە گیراوە.

٨- لەوانەیە هەموو مێروستانەکان لەیەک بچن، بەڵام، بەچاولێکردنێکی وردبینانەتر لە ژێر میکرۆسکۆپی ئەلیکترۆنی دەبیندرێت کە ئەوان جیاوازن.

٦- جۆرێکی تر لە وێنەگرتنی کرلیان: وێنەگرتن لە گەڵای بەڕوو، زۆربەی خەڵک لەو باوەڕەدان کە ئەم جۆرە وێنەگرتنە ڕووناکی هەموو گیانلەبەرەکان پێشان دەدات، قسەکانیشیان لەسەر ئەم بنەمایە دەوەستێت کە دەڵێن تەنانەت ئەگەر بەشێکی کەم لە گەڵاکە کەمێک بەر لە وێنەگرتن لێی بکرێتەوە، دیسانیش ئەو ڕووناکییەی کە دەوروبەری گەڵاکەی داپۆشیوە بە گۆڕانکارییەکەوە دەبیندرێت.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری عکس، ژ (١١)، سالی چوارەم- ١٩٩٠.**

# ڕۆژە خۆشەکانی ڤیلێت

هاشم سەڕاج




ڕۆمانی «ڤیرۆنیکا بڕیار دەدات بمرێت» هەڵگری بنیادێکی هیستیری ئاوێتە بە پرشنگە چێژ بەخشەکانی جیهانی ئیرۆسە، بەتایبەتی ئەو چرکە ساتانەی تەزووەکانی چێژ و ترس و شیزۆفرینیا و سێکس لە کەشوهەوایەکی ڤیلێتیدا ئاوێزانی یەکدی دەبن و لەناکاو هەودا نادیارەکانی تۆڕە ئاڵۆسکاوەکانی عەقڵ و هۆش دەپرووکێن و هێدی هێدی هەیبەتی عەقڵگەرایی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی خۆی لەدەستدەداو ئاواتە شاراوەکانی خود لە شکڵ و شێوەی تەنکە ئاگرێکی تژی لە لەنجە و نیگەرانییدا دەردەکەوێ، ئاگرێک هەڵگری شارێکە لە دەلالەکانی ئازار و لەززەت، ئەگەرچی ڤیلێت لە دوو توێی ڕۆمانەکەدا چوون نەخۆشخانە و شێتخانە و ئاسایشگەی دەروونی باسی لێوە دەکرێ، بەڵام مانا پەنهان و شاراوەکەی دەلالەت لە جیهانی ناخود ئاگایی ئینسان دەکا، دنیایەکی ڕەهای دیۆنیسۆزی کە هەمیشە بەگیانێکی کەرنەڤاڵ ئامێزەوە گوزارشت لە چرکە خۆشەکانی ژیان دەکا، ڤیرۆنیکا کاتێ بڕیاری خۆکوژی دەدا کۆمەڵێک هۆکار لە پشت ئەم کردە مەرگەساتاوییەدا بە حەشاردراوی ڕێگەیان بۆ ئەم کارە خۆکوژییە فەراهەم کردووە.

لەوانە کێشەی فەلسەفی و بیرکردنەوە لە ژیان و دواجار کۆتایی هاتنی هەموو شتەکان بەمەرگ، دووبارەبوونەوەی ساتە هاوشێوەکانی ژیان و هەستنەکردن بە گۆڕانکارییەکان، هێرشی ناوادەی پیری و گۆڕانی سیماو ڕوخسار، هێدی هێدی لە دەستدانی دۆست و هاوڕێیان، نەمانی عیشق و مەحەبەت.. تاد. ڤیرۆنیکا.. لە ژوورێکدا دەژیا کە لەکڵێسای بەکرێ گرتبوو، ڤیرۆنیکا چوار بەستەحەبی خەوی لەبەردەمی خۆی داناو دەستی کرد بە قوتدانیان، کاتێ دانە دانە حەبەکانی قوتدەدا، بیری لە جوانییەکانی ژیان دەکردەوە، بەتایبەتی ئەو چرکەساتەی کە دڵی تێکدەچوو و هێڵنجی دەدا، کوڕێکی لاو بە بەر پەنجەرەکەی تێپەڕی و ئاوڕی لێ دایەوە، ڤیرۆنیکا لە پڕ هۆشیاری خۆی لە دەستدا، سەرەتا هەستی بەوە کردبوو کە «لەم جیهانەدا هیچ شتێ بەڕێکەوت نییە».. ئەی سلۆڤانیا لە کوێیە؟.. «بەڕاستی هیچ کەس نازانێت سلۆڤانیا لەکوێیە؟».. ئایا دوای مەرگ ژیانی تر هەیە؟.. ئەم دوو دڵی و ڕاڕایی و نیگەرانییەش پاژێکە لەو هۆکارانەی تر کە پێشتر خرانە ڕوو، سلۆڤانیا پایتەختەکەی لیوبلیانایە، ڤیرۆنیکا بەدوای ئازادییەکی ڕەهادا دەگەڕا،

ئازادییەک سەرلەبەری کۆتوبەند و ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم جوانییەکانی ژیان تێک بشکێنێ.. ڤیرۆنیکای تەمەن بیست و حەوت ساڵ دوایین جار ئەم ئازادییە لەززەتدارە لە ئاوازەکانی پیانۆ و لە گەمە ئیرۆتیکییەکانی جەستەدا دەدۆزێتەوە، ڤیلێت، یان جیهانی نائاگایی ئینسان باشترین مەفتەنی حەوانەوە و زاگەی دەربڕینی ئاواتە شاراوەکانی مرۆڤە، ئەو سەرەتا لە ڕێگەی گۆڤارە زانستییەکانەوە بەدوای «ئۆم»دا دەگەڕا، واتا گەیشتن بە دوا چرکە نێرڤاناییەکانی بودا، هەروەها بەتاڵکردنی زەین لەسەرجەم حاڵەتە هزرییەکان و دیدەنی کردنی شتگەلەکان وەک خۆی، یان بەپێی دەرکەوتنیان، ئەم ڕەوشی «زن»ی بووداییە لەچاوەکانی ڤێرۆنیکادا بەرجەستە کراوە، ڤێرۆنیکا دوای قوتدانی حەبگەلەکان هەمیشە شەیدای چرکە خۆشەکانی ژیانە و باوەڕی تەواوی بەڕۆح و جەستەی خۆی هەیە و کەوا زوو سەرنانێتەوە و دووبارە دەگەڕێتەوە شەقامە جوانەکانی «لیوبلیانا» و سەردانی گۆڕەپانی سەرەکی و پردە قەشەنگەکان و سینەما و یانەی شەوانە دەکا، یان لەگەڵ هاوڕێکانیا لە کەنار دەریاچەدا پیاسە دەکەن و چێژ لە چرکە خۆشەکانی زیندەگی وەردەگرێ، زۆرجاریش لەمەڕ بێ دادوەری و کێشەکانی جیهان مشتومڕ دەکەن و ڤێرۆنیکا هەڵوەدای عیشق و ژیانە، حەز دەکا جارێکی تر لە دارستانەکاندا بخولێتەوە و هاوڕێیەک بدۆزێتەوە هەتا بەردەوامی بەچێژ و جوانی بدەن، بەڵام ئەم هاوڕێیە کێیە کە ڤیرۆنیکا چاوەڕوانی دەرکەوتنی دەکا؟.. حەز دەکا دووبارە کاری کتێبخانەکەی بۆ بگەڕێتەوە، هاوکات و هەردەم هەست بە بێزارییەک دەکا کە بەردەوام خۆی لەودیو چێژ و خۆشییە کەمخایەنەکانی زیندەگیدا شاردۆتەوە، دوای کۆتاهاتنی ئاگرەکانی چێژ و هەوەس و لەززەت هەمیشە شەکەتی و بێزارییەکی پڕاوپڕ لە بێهوودەیی سەرەتاتکێ لەگەڵ گیانمان دەکا.. ئەو بێزارییە بەشێکە لە بوونی مرۆڤ و گەوهەری گەردوون، دوای تەواوبوونی چێژ و شەوقی ڕۆژە خۆشەکان پێویستە بگەڕێتەوە ئەو ژوورەی کە لە کلێسا بەکرێی گرتووە، بەڵام لەوێ لەکەشوهەوای شێتخانەکەدا، ڤێرۆنیکا دەگاتە دوایین ترۆپکی ئازادی و هەست بە کەرنەڤاڵی گیانی وجوود دەکا،... دنیای پەرستار و پیانۆ و خوێندنەوەی کتێب و چرکە هیستیری و شیزۆفرینییەکان.. خەسڵەتی خەمۆکی و شەیداکان، «بەڵام خۆ من شێت نیم، هەموویان وا دەڵێن».. «دەبێ واتای شێتی چی بێت؟». «هەرکەس لە جیهانی تایبەتی خۆیدا بژی، شێتە».. ڤیرۆنیکا.. لەسەرەتاوە بڕیاری داوە کە دەبێ هەمیشە گوێ بۆ مۆسیقاکانی گیان و غەریزەکانی هەڵبخا و بەردەوامی بەچێژە نائاگاییەکان بدا، دوور نییە کاراکتەرو کەسایەتی ڤیرۆنیکا گوزارشت لە لایەنی «سۆفیا» و کێشە و ململانێی «ئەنیما و ئەنیمۆس»ی خودی «پاولۆ کۆیلۆ» بکا، بەڵام ئەم ڕۆمانە تەنیا گێڕانەوەی سەربهووردی ساتە سەیرو سەمەرەکانی شێتخانە نییە، کە پاولۆ کۆیلۆ وەک نەخۆشێک لە قۆناخەکانی ژیانیدا داخڵ بەشێتخانە و ڤیلێت کرابێ، بەڵکو تێکستێکی ئاوەڵا و ئاڵۆزی ئەدەبییە و لەبنیادی قووڵدا چەندین مانا و دەلالەی شاراوە و خەتەرناکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە ڤیرۆنیکا تا دوایین چرکەساتی ژیان لە بڕیار و هەڵبژاردنە خودییەکەی خۆی پاشگەز نابێتەوە.. «حەز دەکەم هەر بەو شێوەیە بەردەوامی بدەم بە شێتی خۆم و بەپێی خەونەکانم بژیم، نامەوێت بەو شێوەیە بژیم کە خەڵکی لێم داوا دەکەن».. ڤێرۆنیکا لەوێ لە شێتخانە و ڤیلێتدا کاتێ پیانۆی لێدەدا، چێژی لە دیمەنی مانگ و ئەستێرەکان وەردەگرت و شەوانە سەیری تەشقی ئاسمان و پانتایی باخچەی دەکرد و هاوکات ئاوازی دەربڕینی واژەی شێتەکان بە پێکەنینی دەهێنا، چونکە هەمیشە ترووسکاییەک لە ئارەزووی ژیان لە دەروونیدا دەدرەوشایەوە، کەچی ئەو بڕیاری تەواوی دابوو، کە لە کردەی خۆکوژییەکەی پەژیوان نەبێتەوە، دەقی ڤیلێت لەسەر بابەت گەلێکی جیاجیا و کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی و ئاوەزی کاری کردووە لەوانە، شیزۆفرینیا، هیستریا، لە هۆش چوون، فێ لێهاتن، ئانۆریسم، خەمۆکی، هەستی بێهوودەیی، دوودڵی و نیگەرانی، ڕەشبینی، نەمانی ماددەی سیرۆتۆنیف لە لەش و کەمکردنی ماددەی ئەنسۆلین و نەخۆشی «دیایت- شەکرە».. لاسەنگی دەروونی و لەدەستدانی هاوسەنگی ئاوەزی و بەکاربردنی شۆکی ئەلکتریکی و دەرزی ئەنسۆلین و حەبی خەو و کەپسوولی ئارامبەخش، هەروەها تێکستی

ڤیرۆنیکا مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ ماددەی «ویتریۆل»دا کردووە.. ویتریۆل.. ماددەیەکی ژەهراوییە و لە هەلومەرجێکی ترسناکدا دەتکێتە ناو جەستەی مرۆڤ، هاوکات ویتریۆل ژەهرێکی کوشندەیە پادشا و ئیمپراتۆرەکان بۆ لەنێو بردنی کەسانێک کە بە دوژمن و نەیار لە قەڵەمیان دەدا بەکاریان دەهێنا، «خزمەتکارەکەی لە دوو پەرداخی زۆر بە نرخدا خواردنەوەیانی بۆ دەهێنا، یەکێک لەو دووپەرداخە ئاوێتەی ویترۆل دەکرا» تێکست ئەوە دەدرکێنێ کە ئێستا بەدەست هێنانی ئەم ژەهرە زۆر سەختە و نرخ و بەهاکەشی زۆر گرانە، بەڵام بۆ کوشتن و لەنێوبردنی مرۆڤەکان لە بری ژەهری «ویترۆل»... بۆمبی ئەتۆمی و موشەکە بەکترییاییەکان بەکاردەهێنرێن.. لەڕوویەکی ترەوە «ویترۆل» وەک چەمک و مانا، دەلالەی مۆرکی ئەو تاڵییە دەگەیەنێ کە لەنێوان ژن و مێرددا دروست دەبێ، وەڕسی و بێزاری و لەدەستدانی چرکە خۆشەکانی عیشق و مەحەببەت، «ماری» لە ژیانی هاوسەرێتیدا دووچاری ئەم حاڵەتە تاڵییە هاتووە و بۆیە بەدوای یەکێکی تردا دەگەڕێ، هەروەها دەقی ڤیرۆنیکا.. بایەخێکی زۆری بە سرووت گەلێکی بوودایی داوە، بەتایبەتی کردەی تێڕامان و «زن»ی بوودایی، ئەمەیش لەکۆڕی «ئەنجومەنی برایان» و کۆڕە سۆفیزمەکاندا کە چۆن عەقڵ و هۆش لە هزرە پێشینەکان خاڵی دەکرێ، [پیاوی چاکەت و پانتۆڵ لەبەر داوای لێکردن بێ دەنگ بن و وردبنەوە لەو گوڵە سوورە لەو ڕێیەوە هزری خۆتان خاڵی بکەن]

ئیتر مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی تێڕامان و چرکە ئارامیەکانی گیان و هەستی ئێستێتیکییەوە، هەوڵی ئاشکراکردنی خودی ڕاستەقینەی خۆی بدا و چێژ لە کەرنەڤاڵە شاراوەکانی ژیان وەربگرێ،.. ڕۆژانی ڤیلێت کە پەیوەستە بەدنیا ڕەهاکەی نا ئاگاییەوە، پڕیەتی لە عیشق و ترس و شەیدایی و نەفرەت و پشکنین و ئارامی و نیگەرانی و ئارەزووەکانی ژیان، لەوێ لە ڤنیلێتدا مۆسیقای ئارامی بەگیان دەبەخشێ کابرای چاکەت و پانتۆڵ لەبەر دەسی کرد بە فلوت لێدان، «وردبوونەوە لەو گوڵە سوورە دەرمانی ئارام بەخشییە» تۆ بە ئازارەکانی دڵەوە لەو گوڵە جوانە بڕوانە، دوایین جار مەلەکووتی جوانی هەمووممان لەخشتە دەبا ئەی خودا، مەرگ لە ڕێگەی تیشکی جوانییەوە بێ چەنێ لەززەتدارە، ئازارەکانی دڵ و ڕاڕایی گیان، لەپای جیایی و دابڕان و دووری کەڤاڵی حوسنی مەعشووقە،.. زووکە وەرە دەبا پێکڤە بەرانبەر ئەو ئەڵقە ئاهوورایییە دانیشین و بە ئارامی لە پێکهاتەی ئەو گوڵە سوورە بڕوانین. «مەولانا» گوتی تۆ دەتوانی سەرلەبەری باغی ئیرەم لە تاقە گوڵێکدا ببینی وەرە [هزرت خاڵی بکە و دەست لە بیستنی هەر شتێک هەڵگرە، تەنیا هەست بە بوونی خۆت بکە].. ماری وزدکا و ڤێرۆنیکاو دکتۆر ئێگۆر و ئیدوارد.. کاراکتەرە سەرەکییەکانی جیهانی ڤیلێتن.. هەست و ترس و شێتی و ئاوازەکانی فلوت و پیانۆ و ئارەزووەکانی ژیان و تراژیدیای مەرگ، ڤێرۆنیکا لەم کەشوهەوا و بارودۆخەی ڤیلێتەدا خەریکە دووبارە دەگەڕێتەوە باوەشی ژیان و وەڕسی و بێزارییە کوشندەکان وەلادەنێ، ڤێرۆنیکا [«دەستی لە پیانۆ لێدان کێشایەوە و تەماشای ماری دەکرد، ماری لەو هەوا ساردەی شەودا تەنیا پاڵتاوێکی ناسکی لەبەر کردبوو، مەگەر دەیویست بمرێت، «نەخێر من ئەو کەسەم کە دەیویست بمرێت» ماری لە سینەما ترسابوو، ماری بیری لە هاوڕێکەی دەکردەوە کە بەهۆی «ئانۆریسم» ، یان لە ڕێگەی دەمارەکانی مێشک، لە سینەما گیانی لەدەستدابوو، دەقی ڤیلێت سوودی لە تیۆر و زانستە دەروونییەکانی «سیگمۆند فرۆید» وەرگرتووە، بەتایبەتی ڕۆڵی «لیبیدۆ» و ئەنگێزەی ئارەزووە سێکسیەکان، لێرە لەم ڤیلێتە هستیرییەدا، دکتۆر ئێگۆر وەک دەروونشیکارێکی کارامە و سوپەر ئێگۆیەک بە عیشق و شەیداییەوە چارەسەری ئەو هەموو نەخۆشانەی ڤیلێت دەکا و هیواو ئاوات و ئارەزووی ژیان و چرکە خۆشەکانی گوزەرانیان پێدەبەخشێ، «ئیدوارد» وەک نیگارکێشێکی هەستیار و تلیاکی چێژی لە ئاوازی پیانۆکەی ڤیرۆنیکا وەردەگرت و و زۆرجار بە نەغمەی فۆنیمەکانی ڤێرۆنیکا سەرمەست دەبوو و بیری لە دەلالەی ڕەنگەکان و کەرنەڤاڵی دنیای شێوەکاری و هێرشی تیشک و ڕووناکییەکانی جوانی لەش و ڕوخسار دەکردەوە، ڤێرۆنیکامانەندی گەڕیدەترین جوانێکی بێ پەروا دەتگوت دیاری و خەڵاتی فیردەوسی ئاهورایە و قەدەر لە ڕێگەی ڤیلێتەوە بۆ ئیدواردی ناردووە، تا ڕەنگە کێوییەکانی گەردوون ڕووە و لیریک

و هارمۆنییەت و کۆنسێرتی تایبەتی بەرێ و لەودیو گەمەی ڕەنگەکانەوەش شارێک لە دەلالە و گۆشەنیگای نۆژەن و جیاواز گوزارشت لە بوون و گەردوون و جوانییە ئارام بەخشەکان بکا، ئیدواردی نیگارکێش هێندە بە کشوماتی و سەرسامی بەرانبەر ڤیرۆنیکا وەستابوو، ڤێرۆنیکا بە ڕووتوقووتی چوون پەیکەری «ڤینۆس» ئیرۆسیترین گەمەی بە لەشی خۆی دەکرد و حەزی دەکرد لە مەزنترین و بالاترین چرکەی تەقینەوەی چێژ و ئۆرگازمی لەززەتدا بمرێ، ڤیرۆنیکا لەو گەمە ئیرۆتیکییەیدا جار جار دەگەیشتە دوا پلەکانی چێژ «چەند خۆشە بتوانم عەشق لە هەموو شتێکدا ببینم، بگرە لەچاوی کەسێکی شیزۆفرینێشدا بیبت» ئەم تەقسە سێکسییەی ڤێرۆنیکا تۆزێ لە دنیای «ماریا»ی یانزە خولەک نزیکە، «نیاه» لە باری «کۆپاکابانا»دا پێی گوت: سبەینێ شۆرت و سوخمە و ستریچی ڕەش لەبەرکە.. داکەندنی جل تەنیا شتێکی بۆماوەییە.. «مانای ڕاستەقینەی ئازادی ئەوەیە گرنگترین شتی ئەم جیهانەت هەبێ بەبێ ئەوەی خاوەنی بیت» «ڕاڵف هارت»ی شێوەکار بە «ماریا» دەڵێ: «تۆ ڕووناکییەکی تایبەتیت هەیە لانی کەم بهێڵە با سکێچێکت لێ بکێشم».. تێرێنس پێی گوت: «سێکس و ئازار و خۆشەویستی هەموو ئەزموونی مەزنن».. «گەورەترین چێژ لە سێکسدا نییە، بەڵکو ئەو سۆزەیە کە پێی ئەنجام دەدەیت» «ڕاڵف»ی نیگارکێشی تلیاکی «ماریا»ی لە باوەش گرت و لەبەر دەروازەی پەرستگای «ڤیستا»دا شیعرێکی کۆپیکراوی «بابل»ی بە «ماریا» نیشاندا..

**کاتێک لەبەر دەرگای مەیخانە دادەنیشم**
**منی خوای عەشتار**
**لەشفرۆشم، دایکم، ژنم، خواوەندم**
**من ئەوەم کە خەڵک پێی دەڵێ ژیان و**
**تۆش پێی دەڵێی مەرگ**
**من ئەوەم کە خەڵک پێی دەڵێ یاساو**
**تۆش پێی دەڵێی ناتەواوی**
**من ئەوشتەم تۆ بەدوایدا وێڵێ و دەیدۆزیتەوە، من هەمان ئەو شتەم**
**تۆ وردو خاشت کرد**
**من ئەو پارچانەم کۆیان دەکەیتەوە.**

بەڵام ئیدواردی شێوەکار لەبەردەم هێرشە ئیرۆتیکیەکانی ڤێرۆنیکادا بەرگە دەگرێ و بە هیچ شێوەیەک سالاری و شکۆمەندی خۆی لە دەستنادا، [ڤێرۆنیکا بەڕووتی و لەسەر ئەژنۆ بەرانبەر ئیدوارد... داوای لی دەکرد دەست بۆ جەستەی بەرێ، حەزی دەکرد زدکاش لەوێ بایە، هەستی بە چێژ دەکرد، حەزی دەکرد لە مەزنترین تەقینەوەی چێژدا بمرێت».. ڤێرونیکا لە یارییە ئیرۆتیکییەکەیدا ئافەریدەگەلێکی هەمەچەشنی ئامادە دەکرد و لە ڕێگەی فەزای ئازادی زەین و خەیاڵەوە پێوەندی پێدەکردن و دەیویست بگاتە دوایین پلەکانی چێژ، هەندێ جار دەچووە نێو حەزو هەوەس و جیهانە سێکسیەکانی هەریەک لە ژن و شاژن و سواڵکەر و سۆزانی و کە نیزەک و پاکیزەکان... و ئیدواردیش بەهۆی نەشئەی حەشیش و شێواندنی هەست و هەڵچوونی گیانەوە چێژی لە جەستەو هانکە هانک و فۆنیمی دەنگی وەردەگرت، لەو لاشەوە جەنگ لە یوگوسلافیا دەستی پێکردبوو، بەڵام ئەگەر بهاتایە ئیدوارد دەستی لەماددەی بێهۆشکەر و یارییەکانی شێوەکاری هەڵگرتایە، ئەوا هیچ شتێکی تر لەم جیهانەدا نەیدەتوانی هەستی شادی و جوانی و چێژی پێ ببەخشێت، ڤیرۆنیکا خۆی تەسلیمی دوایین چرکەی چێژ کردبوو لەو حاڵەتە ئۆرگازمییەدا بە ئیدواردی گوت «ماوەم بەتۆدا تا ڕوخسارم لەسەر ڕۆحت هەڵکۆڵی»... جیهانی نائاگایی، یان ڤیلێت لەم ڕۆمانەی پاولۆ کۆیلۆدا، ئازادترین دەڤەری کردەی نووسینە، ئا بەمجۆرە نووسین دەتوانێ لە ڕێگەی عیشق و پاشخانی مەعریفی و بەهرە و هەستی تلیاکییەوە سەرلەبەری کۆسپ و لەمپەر و ئاستەنگە ئەقلانی و دابونەریتاوییەکان تێکبشکێنێ و لە دیو سیستم و تۆڕی پێوەندییەکانی زمانیشدا چەپکێک هزر و گۆشەنیگای نوێ نوێ دەرببڕدرێ..


**سەرچاوەکان:**

**– ناوی کتێب: ڤێرۆنیکا بڕیار دەدات بمرێت.**
**بابەت: ڕۆمان.**
**نووسەر: پاولۆ کۆیلۆ.**
**لە فارسییەوە: عمران هاواری سلێمانی ٢٠٠٥.**

**– ناوی کتێب: یانزە خولەک.**
**بابەت: ڕۆمان.**
**نووسەر: پاولۆ کۆیلۆ.**
**لە ئینگلیزییەوە: ئەیوب نووری.**
**خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی «قانیع».**

# کۆتایی بەشێک لە کتێبی مێژوو

## نامەکانی
## گۆنتەر گراس و کنزا بوروا ئووئە

لە فارسییەوە: بەدرەدین ساڵح
(نەرویج)

لەوێوە کە کارەساتە ترسناکەکانی شەڕی دووەمی جیهانی هێشتا کارتێکردنی چڕیان لەسەر ڕەوان و لەشی گۆنتەرگراس–ی نووسەری پابەندی ئەڵمانی بەجێ هێشتووە، هێشتا ئەو نووسەرەی وەکو هەزاران مرۆڤی شەڕ دیتوو، لەگەڵ هەزاران «کابووس»ەکانی ڕەوانی و جەستەیی ڕووبەڕوو کردووەتەوە. هاتووەتە سەر ئەوەی کە ئەگەر بۆ ئارام کردنەوەیەکی کاتیش بێت، تۆزقاڵێک لەوەی کە بەسەری هاتووە، بۆ هاوکارو هاوخەمێکی تری وەکو «کنزا بووروا ئووئە» نووسەری ژاپۆنی خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی (١٩٩٤) بنووسێت.

یادداشتەکانی «گۆنتەراگراس»، وەک نامەی کراوە، هاوکات لە چەند بلاڤۆکێکی ئەڵمانی، ئەوروپایی (بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسایی) چاپ دەبن. وەڵامەکانی «کنزا بووروائووئە»ش هەر بەوشێوەیە چاپ دەبن.

کۆی نامەکانی ئەم دوو نووسەرە ناسراو و خاوەن ڕایەی جیهان، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە گۆنتەرگراس لە سەردەمی شەڕدا سەربازبووەو «ئووئە»ش قوتابییەکی دە ساڵە خوێندنەوەی ئەم نامانە، خوێنەران بە وێنەی دوور، دڵگیر و پڕاوپڕ لە هەستی پاک و ئەندێشەی مرۆڤ دۆستانە ئاشنا دەکەن. هەروەها ئەو زانیارییانەشی دەداتێ کە لەوانەیە کەمتر کەسێکی مێژووزان یان شارەزاو ئاگادار لە ڕووداوەکان توانایەکی ئەم جۆرەی هەبێت.

ئەم نامانە، دەتوانن زانیاری و ئاگاداری دڵگیر، سەبارەت بەشەڕو بەتایبەت بارودۆخ و شوێنگەی دوو حکوومەتی وەکو ئەڵمان و ژاپۆن بدا بە خوێنەران.

**گۆنتەرگراسی ئازیز:**

کاتێک شەڕ تەواو بوو، من تەنیا دە ساڵ بووم. بەبێ ئەوەی کە وەکو ئێوە بەشداریم لە شەڕدا کردبێت، هەواڵی تێکشکانی وڵاتەکەم بەهۆی ئاگادارییەکی ڕادیۆیی، لە یەکێک لە دوورگەکانی ژاپۆن، لە گەلییەک لە ناوجەرگەی شەڕدا بیست. لە ڕادیۆوە دەنگێک لە (Tenno) هات،

دەنگێکی زۆر بەهێزی خوایی.. و ئەو ڕۆژە، بەڵام ئەو بە چریکەیەکی مرۆڤانەوە دەئاخڤی.

ئەو ڕۆژگارە کە بەم جۆرە ڕۆژانە دەستی پێکردبوو، بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی نوێ کۆتایی پێ هات و دەوڵەتێکی دیموکراتی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوێتیی من، لە ڕاستیدا باشترین سەردەمان لە تەواوی ژیانی مندا. بەهۆی خوێندنەوەی نامەکەی تۆ، بیری بیرەوەرییەکم کەوتەوە کە تا چەند ساڵ دوای شەڕ، هزری منی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

کوڕێژگەیەک؛ کە من بووم بە درێژایی شەڕ پێگەیشت و گەورە بوو، هەردەم دەکەوتە ژێر کاریگەریی هەستە کاتییەکان، لەلایەکەوە حەزم دەکرد کە بەسڵامەتی لە شەڕەکە ڕزگارم بێت و هەروەکو سەربازی «تەنوو» بکوژرێم و هەر لەو کاتەشدا ترسم لەو جۆرە مردنە زۆر بوو.

دڵەڕاوکێی من لەسەر ئەوەی کە ئیتر درەنگ بووەو شەڕیش بەبێی من کۆتایی پێ دێ و هیوای ئەوەی کە وجوودی من لەشەڕدا هیچ پێویست نەبێت، لەرزو سستییەکی ترسناکی لە دەروونی مندا دروست کردبوو.

کاتێک شەڕ بە تەواوەتی کۆتایی هات، تا ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر پێم وابوو کە دەبێ کۆمەڵەی وا هەبن خۆیان شاردووەتەوەو تێکشکانیان پەسند نەکردبێ و هەر ئەوانە ڕۆژێک لە ئێمە، ئێمەی کە هەلی بەشداری لە شەڕمان نەبووە، داوا بکەن تا قەرزی خۆمان بدەینەوەو بە پەیڕەوکردن لەوانەوە شەڕ بکەین.

لە وڵاتی ئێمەدا، هیچ جۆرە خۆڕاگرییەکی چەکدارانە لە دژی هێزەکانی سەرکەوتووی هاوپەیمانان لە ئارادا نەبووە، من منداڵ بووم و بە تەواوەتی نەمدەزانی کە گەورەترەکان، لەو بارودۆخانەدا، چ گیروگرفتێکیان هەبوو. تەنیا بەوەوە نووسابووم کە نەخشەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی نوێ دانرا بوو، ئەو یاسایە بنەڕەتییە، ئیتر پەیوەستە بە ئێمەو ئەمڕۆ تا لە بچووکترین لادێکانیش گەیشتووەتە قۆناخی جێبەجێ کردن و کارابوون، ئیتر کوڕە لاوێکی وەکو من دڵی بەوەوە خۆش بوو کە سیستەمێک کە دیموکراسی پێ دەوترێ، دەتوانێ پارێزگایە دوورە دەست و لاتەریکەکانیش، بە تۆکیۆوە ببەستێتەوە کەسوکارەکانی من لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە، لە نێو دڵی گەلییەک لەناوجەرگەی لێرەوار ڕەگوریشەیان هەیە و ئەو فەرهەنگەی کە ئەوان پێیەوە دەژین، بووە بە خووڕەوشتیان. من یەکەم ئەندامی بنەماڵە بووم کە لەو گەلییە هەنگاوم وەدەرناو گواستمەوە بۆ تۆکیۆ. ئەدەبیاتی فەرەنسام خوێندەوەو بووم بە نووسەر، لەو ڕۆژگارەیدا کە بووم بە ڕۆماننووس و ژیانی نووسەریم دەست پێکرد، لەگەڵ کارەسات و جنایەتەکانی لەشکری ژاپۆن لەگەڵێک وڵاتی ئاسیایی و بەتایبەت لە چین ئاشنایەتیم پەیدا کرد، لە بابەتی ئافرەتە کۆرییاییەکان کە بەدرێژایی شەڕ، بەناوی (پەڕمای Ianfu) (قۆندەڕەی ئاسوودەیی) بە زۆردارەکی ناچار بەبێ ناموسی دەکران، ئاگادار بووم. تێگەیشتم کە مەسەلەی زوڵم و زۆری و جیاوازی سەبارەت بە کۆرییاییەکان، کە ئازارو ئەشکەنجەدانی ژنانی کۆریایی بەردەوامییەکەیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا.

واتە ساڵی (١٩١٠) کە وڵاتی ژاپۆن کۆریای بە بەشێکی جیانەکراوەی خاکی خۆی دەزانی، هەروەها ئەوەشم چنگ کەوت کە ڕوانگەی ژاپۆن سەبارەت بە ئاسیا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی وڵاتەکەمانەوە هەیە. دوای ئەمانە، لەگەڵ لایەنەکانی کارەساتی هۆکارەکانی بۆمبابارانی ئەتۆمیی هیرۆشیماو ناکازاکی، زیاتر ئاشنا بووم، ئەمە کێشەیەک نییە کە بڵێین پێوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و کۆتایی پێ هاتووە.

بە وردبوونەوە لە ژمارەی ئەو قوربانییانەی کە بەهۆی کارتێکردنی ئەتۆمی و میکرۆبی کە دواتر نیشانەکانی وەدیارکەوتن و وەدیار دەکەون، دەتوانین بڵێین کە کارەسات هێشتا تەواو نەبووەو هەر ساڵ دوای ساڵیش زیاتر، زیانەکانی دەردەکەون، هەروەها ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە کە ئێمە بەخاتری خۆمان و بەخاتری قوربانییەکانی بۆمبای ئەتۆمی، دەبێت ئەوە بسەلمێنین و داوای هاوڕێکییەکی جیهانی بکەین کە بە هاوئاستی و هاوڕێکی ترس و تۆقاندن ڕێکبخرێ.

ئێستا کاتێک بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، ساڵەکانی سەرەتای سەردەمی نووسەریم، ئەو کات کە مرۆڤێکی لاو هەروەکو (ئۆسکار) جارێکی تر لەبەرچاوم پەیدا دەبێت- «ئۆسکار» لە کتێبی «تەپڵی تەنەکە» (١)دا- بەهای ئەم ڕۆمانە بۆ من بە ڕادەی یەکێک لە باشترینەکانی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەیە. ئەو (ئۆسکار) بەبێ ئەوەی هەرگیز توانیبێتی لەگەڵ بێ تاوانییەکانی سەردەمی لاوێتیی خۆی مەودایەک بپارێزێ و خۆی دوور ڕابگرێ، برینێکی ڕەوانی و جەستەیی ترسناک بە خۆیەوە دەگرێ. برینێک کە هەرگیز دەرمانی بۆ نییە. سەرەڕای ئەمە، ئەو زۆر بە باشی دەزانێ کە هەست کردن بە بەرپرسیارییەتییەکی هاوبەش دەتوانێت ئەو ئەوکەسانەی کە ئەویان تووشی ئەم ڕۆژە کردووە، دڵیان یەک بکاو یەکگرتوویان بکا. ئۆسکار هاواری دەکردو هاوار دەکا بەبێ ئەوەی بزانێ هاوارکردنی ئەو کارتێکردنی دەبێت یان نا.

دیسان لە سەرەتای ڕۆژگاری نووسەرێتیم - تەواو ئەو سەردەمەی کە چاوەکانم لەسەر قوربانییەکانی ترسناکی بۆمبای ئەتۆم و بەهایەکانیان کرانەوە - بووم بە خاوەنی کۆرپەیەک کە بەوپەڕی پاشکەوتوویی زەینییەوە هاتە دنیاوە. ساڵەکانی یەکەم تەنیا ئاوازەکانی چۆلەکە بۆوی

واتای هەبوو. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ، ناکرێ بڵێین کە ئەو دەتوانێ بە ڕادەی پێویست لەتەک هەر مرۆڤێکی تردا، جگە لە مەیدان و بواری مۆسیقا، پێوەندی ببەستێ، بەڵام من لە ڕێگای ژیان دەگەڵ ئەودا، توانیم لەگەڵ ئۆسکاردا کە گیانی ڕزگار ببوو، هەست بە هاودەردی بکەم، بۆچی؟ چونکە من ئەوم لە دەروونی خۆمدا هەڵدەگرت و ئەویش هەر ئەو بابەتە بوو کە من بە درێژایی ئەو ماوەیە هێنامە سەر کاغەز.

گۆنتەر گراسی ئازیز، ئەگەر قەرار وابێت، ئاماژە بە بابەتێک بدەم کە وەک نموونەیەک بتوانێت دەربڕی بارودۆخی سیاسی لە بارودۆخی ئێستای وڵاتەکەم بێت، دەبێت بڵێم کە پەرلەمانی ئێمە، لە ساڵڕۆژی پەنجایەمین ساڵی کۆتایی هاتنی شەڕ، دەمەوێ بەیاننامەیەک پەسند بکەن کە تێیدا شەڕ لە سیاسەتی میللی جیا دەکاتەوەو وەلاوە دەنێ. ئامانجی ئەم بەیاننامەیە داڕێژراوە، هەروەها هوشیارکردنەوەی زەینەکانە سەبارەت بە دوایین جەهەننەمی شەڕی جیهانییەو بەو شێوەیە بۆ جیهان ڕادەگەیەنێ کە ژاپۆن ئیتر هەرگیز هەڵگیرسێنەری شەڕ نابێ، بەڵکو لە جیاتی ئەوە، دەبێ بە پارێزەری ئاشتی.

لە وڵاتی ئێمەدا، لا باڵی ڕاستی حکوومەت، بە ئاشکرا ئەو کارەساتانەی کە ژاپۆن لە ماوەی شەڕی داگیرکاری خۆی، لە ئاسیا قەوماندوونی و دواتر لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانەوە پێی سەرکۆنە کرا، ڕەت دەکەنەوە. ئەم کەسانە کە شوێن پێی سەردەستەکانی خۆیان دەکەون و دان بە هیچ داگیرکارییەکیان نانێن، بێ گومان باوەڕیان بە ڕێگای خۆیان هەیە. هیچ کام لەمانە، تا دوای ئەوەی کە لە دەسەڵات دوور خرانەوە، یان بە بیروباوەڕی خۆیاندا چوونەوە، لە کارو کردەوەی ڕابردوویان، لەسەر داگیرکاری پەشیمان نەبوونەوە. هەر ئەوانەش هەر لەو کاتەدا کورسییەکەی خۆیان لە پەرلەمانیش نەدۆڕاند. بەڵێ ئەوانە ماکی سەرەکیی ئەو هێزانە پێکدێنن کە لە دژی ئەو ڕێکەوتننامەیەی ناومان هێنا، تێدەکۆشن.

هەر بەو هۆیەوە من لەسەر ئەو باوەڕەم کە تێپەڕین لەو سنوورەی بێ باوەڕی کە ئێمە لە ئاسیادا دەیبینین و شاهێدین، کارێکی زۆر سەخت و دژوارە. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا تا بە دڵەڕاوکێیەکی تایبەتی، سەبارەت بە بنەماڵەی قوربانییەکان و بیروباوەڕی ئەوان، سەبارەت بە ئەو کەسانەی لە شەڕدا سەرکەوتوون، وتارو بابەت دەنووسن. بۆ ئەوانە داننان بەو بابەتەی کە ئامانجی شەڕ شتێک جگە لە داگیرکاری نەبووە، دژوارو سەختە. لە ڕوانگەی منەوە، ئەمە کێشەیەکی سەرەکییە، بۆچی؟ چونکە تا وەکو قوربانییەکانی شەڕی جیهانیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە قوربانیانی شەڕی داگیرکاری بوون. داخی ئێمە دەبێت تاکو ئەو تاوانبارانەش بگرێتەوە کە لەو شەڕەشدا کوژراون. بەتایبەتی کاتێک بیر لەو سیستەمە سیاسییە دەکەینەوە کە لەپشت ئەو شەڕەوە خەوتبوو، بەڵام من لە خۆم دەپرسم کە ئایا ئێمەی ژاپۆنی نەدەبووایە، جەزای تێکشکانمان لە دەوڵەت وەربگرتایەوە. ئایا ئەم کوژراوانە دووبارە ئابڕووی خۆیان دەست کەوتۆتەوە یان نا؟ کەواتە لەم کاتەدا، ئایا نابێت ئێمە بە جۆرێک بتوانین داخی گران و قووڵی خۆمان سەبارەت بەو مرۆڤانەی کە بە زۆری و وەکو تاوانبار لە شەڕێکی داگیرکارانەدا کوژراون، دەربڕین؟

لەو کاتەدا لەوانەیە هیوایەک بۆ پێکهاتنێکی ڕاستەقینە لەنێوان بنەماڵەی قوربانییانی شەڕ لە ئاسیاو سەربازە زیندووە تێکشکاوەکانی شەڕی داگیرکاری دروست ببێت.

لە ڕووداوێکدا بێوەژنێکی ژاپۆنی لەبەردەم بەرپرسانی دەوڵەتی ژاپۆنی وەستا. ئەو ژنە لە ڕێوڕەسمی بێزارکەرو فەرمی بەخاک سپاردنی مێردەکەی کە لە شەڕدا کوژرابوو، نارازی بوو. مێردی ئەم ژنە مەزەبی کاتولیکی بوو و لە گۆڕستانی «Yasukuni - Jinis» کە پەیوەستە بە «Shintoist»ەکان. ئایینی فەرمی کۆن لە وڵاتی ئێمەدا – بەخاک سپێردرا. ئەم خاتوونە بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایی خۆی لە هیچ هەوڵدانێک سڵی نەکردەوەو بەو هۆیەوەیە ئێمە لە بەرانبەر خۆڕاگریی ئەودا، سەری ڕێز دادەنوێنین. ئێمە دەتوانین دەنگی ئەو ژنە ببیستین کە هەوڵی دەدا، جەستەی مێردەکەی کە لە شەڕدا کوژرابوو و ڕژێمیش بۆ بەرژەوەندیی خۆی، سوودی لەو جەستەیە دەبینی، وەربگیرێتەوەو هەروەکو مرۆڤێکی ئاسایی و بە پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی بەخاک بسپێرێ. من هیچ گومانم لەوە نییە کە دەنگی ئەو ژنە، بەسەر هەموو سنوورەکانی هەموو ئایینەکان ڕەت بووەو لەگەڵ دەنگی زیندووەکانی دوای شەڕی جیهانی، دەبێ بەیەک دەنگ. ئەگەر کارەکانیش هەر بەو ئاقارەی کە هەیە بەرەو پێش بچن، هاتوهاواری پارێزگارانیش، بەهیچ کوێ ناگاو پشتیوانانی بەیاننامەکە بەرهەڤ نین کە بەهۆی هەست و سۆزی زیندووەکانی دوای شەڕ، شەڕەکە بە شەڕێکی داگیرکارانە بزانن.

گۆنتەر گراسی ئازیز، لە نامەی داهاتوودا، دەمەوێ سەبارەت بە چەند ڕێبازێکی نوێ لە وڵاتەکەمدا بۆت بنووسم.

**لەگەڵ ڕێزو دڵسۆزیمدا**
**کنزا بوروا ئووئە**

**(١) تەپڵی تەنەکە؛ ناوی ڕۆمانە ناودارەکەی گۆنتەر گراس–ە.**

**سەرچاوە: گۆڤاری ئادینە – ژمارە (١٣١)، ساڵی (١٩٩٨)، ل ٢٦، ٢٧.**




# دوو کۆڕی زمانەوانی

عەباس عەبدوڵلا یووسف



کۆڕی زانیاری کورد، یان بە ناونیشانی ئێستایدا کۆڕی زانیاری کوردستان، دەزگایەکە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی دامەزراوە. ئەگەر زاراوە داتاشین و دانانی فەرهەنگ و فەرهەنگۆکە لە بوارە هەمەجۆرەکانی رۆشنبیری و هونەرو کارگێڕی و زانستدا کارێکی سەرەکی ئەم دەزگایە فەرمییە بێت، ئەوا لە پێشدەم و پاشدەم و لەسەردەمی ئەودا کۆڕێکی تری نافەرمی هەیە، لێرە ناوو نیشانێکی دەدەینێ و پێی دەڵێین: (کۆڕی زانیاریی میللی)یان گونجاوتر (کۆڕی زمانەوانیی میللی).

پێم خۆشە بە گشتی بەراوردێک بکەین تا کارو سیمای هەردوو لامان لێ دیاربێت:

١- لە کۆڕی زانیاری فەرمیدا کەسانی زاراوەساز ناویان دیارە، لە کۆڕی نافەرمیدا، کەس نازانێ ئەم وشانە بەرهەمی چ کەسێکن، بشزانرێ، ئەوا زۆر دەگمەنە.

٢- تەمەنی ئەندامەکانی کۆڕی فەرمی لە قۆناغی کامڵبوونە، یان هەر لە دەوروبەری ئەو قۆناغەدا، تەمەنیان لێک نزیکە، کەچی تەمەنی ئەندامانی کۆڕی نافەرمی جیا جیایە، بە نێرومێوە: منداڵی بچووک و لاوو پیرو هەرە پیری تێدایە

٣- ئەندامانی فەرمی مووچەو پاداشت وەردەگرن، کاری ئەندامانی نافەرمی بەلاشە.

٤- فەرمییەکان لە نووسینگە و لە بارەگادا و هەندەجار لە کتێبخانەیماڵەوە، وشەو زاراوە دادەنێن و دادەتاشن، نافەرمییەکانیش لە هەموو شوێنێک لە کاتی یاری و لە ماڵ و لە کاتی کاری پیشەیی خۆیاندا، چ لە گوند بێت چ لە شار.

٥- بەشێکی کەم لە وشە و زاراوەکانی کۆڕی فەرمی و بەشێکی زۆری نافەرمی دەکەونە بەر رەزامەندی خەڵک و باو پێ دەبن.

٦- شاعیرانی میللی و شاعیرانی پۆست مۆدێرن، هەروەها چیرۆکنووسانی واقیعی و هەندە نووسەری فۆلکلۆرخواز وشە و زاراوەی نافەرمی زۆر بەکار دێنن.

٧- هەندە وشەو زاراوەی فەرمی  تەنیا لای نووسەران بەکار دێن، بەڵام لەلای خەڵکی بەکار نایەن.

٨- هەندە وشە و زاراوەی نافەرمی، گەلێک لە هی فەرمییەکە رەسەنترو باوترن.

٩- بەرانبەر بە وشەی بێگانە، نافەرمییەکە لە (کارگەی دەمودوو)ی خۆیدا ئەو وشە و زاراوانە دەکوردێنێ. فەرمییەکەش ئەگەر بەرانبەرێکی کوردییان بۆ نەدۆزێتەوە، ئەوا هەوڵ دەدات وەک خۆی بیانهێڵێتەوە.

١٠- زاراوەکانی کۆڕی فەرمی بەپێی دەستووری زاراوەسازی دادەڕێژرێن، ئی نافەرمیش ئەگەرچی ئەوانیش بە هەمان دەستووری زمانەوانی کار دەکەن، بەڵام زۆرجارە رێکەوت و مگێز و دەمودووی تایبەت دەستی تێدا دەبێت.

١١- لە (کارگەی دەمودوو)دا سیماو پیت و دەنگی هەندە وشەی بێگانە بە تەواوی ون دەبێت و دەبێتە خۆماڵی و بە زەحمەت رەسەنەکەی دەبیندرێتەوە وەک: عەنتەرناش لە(INTERNATIONAL)ەوە وەرگیراوە.

١٢- بەپێی ساڵ و تەمەن، لە زمانی کوردیدا، وشەی نافەرمی کۆنترن.

١٣- بە تۆمارکردن، زاراوەی فەرمی لە پێشترە، گەلێک هۆنراوەی چاپکراو و دەستنووسی شاعیرانی کۆنمان ماوە.

١٤- لەگەڵ زێدە چەسپانی زمانی یەکگرتوودا، وشەی نافەرمی زەقتر دەبن.

١٥- ئەگەر وشەی فەرمی و نافەرمی خۆیان لێک نزیک بن، یان لێک نزیک بکرێنەوە، ئەوا بۆ زمانی یەکگرتوو ئاسانترە.

١٦- کارێکی پەسندە، ئەگەر کۆڕی فەرمی، هەندە جار پەنا بباتە بەر وشەی باوو بڵاوی نافەرمی و بیانکا بە فەرمی.

١٧- لە رووی هەڵوێستی نەتەوەخوازییەوە، فەرمییەکان وشەی خۆمانە پەسند دەکەن. نافەرمییەکانیش بە (سەلیقە) و (دەموودوو) دەیکوردێنن.

١٨- زۆرجار وشەی فەرمی دەکەوێتە ناو بەکارهێنانی نافەرمییەوە، بەڵام بە دەمودوویەکی نەختێک جیاواز.

١٩- کۆڕی فەرمی هەندە وشەو زاراوە دادەتاشێ خۆی کەم بەکاریان دێنێ، لەوانەیە ئەو وشەو زاراوانە بکەونە سەر زاری خەڵک و لەلای ئەوان زیاتر بەکاربێ.

٢٠- لە بواری ئۆتۆمبێل و فیتەرچیاتیدا، زاراوەی نافەرمی زاڵە.

٢١- بەشێک لە وشەی نافەرمی، مۆرکی گاڵتەجاڕی هەڵدەگرن.

٢٢- لە ناونانی شت و رەفتاردا، کۆڕی نافەرمی خێراترەو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ئەرکەی جێبەجێ دەکات. بە پێچەوانەوە، کۆڕی فەرمی لە ئەنجامی خۆئامادەکردن و کۆڕبەستنێک بڕیاری ناونان دەردەکات.

٢٣- کارو ئەنجامی کۆڕی فەرمی دەڕژێتە ناو (زمانی نووسین)ەوە، ئی نافەرمیش دەڕژێتە نێو ئاخاوتنی رۆژانەو فۆلکلۆرەوە.

٢٤- نووسین مەیدانێکی سەرەکییە لە بۆ زمانی فەرمی، ئاخاوتنیش مەیدانی سەرەکی نافەرمییە.

٢٥- هەر دوو لا لە بۆنە و هەڵوێستی جیاجیادا بەچاوێکی (گومان، فیز، رق، پسپۆرانە، ئایدیۆلۆژیا، گاڵتەجاڕی) دەڕواننە یەکتر، بە پێچەوانەش هەیە، واتە بە چاوی دۆزینەوەی گەنجینە و سەیروسەمەرەی زمان.

٢٦- ئامرازی (ەر) لە زاراوەی فەرمیدا زۆر بەکار دێت.

وەک: نووسەر، بکەر، بێژەر

بەرانبەر بەمەش لە نافەرمیدا (چی) زۆر بەکار دێت وەک:

خانچی، حەمامچی، چایچی